رێبازی بانگەواز

کتێبی دووەم

دینی خۆی

نووسینی سید قطب

ڕێکخستنەوەی أحمد فائز

وەرگێڕانی: ئازاد نجم الدین

چاپی یەکەم

٢٠١٩-١٤٤٠



ڕێبازی بانگەواز

کتێبی دووەم: دینی خۆی

نووسینی: سید قطب

ڕێکخستنەوەی: احمد فائز

وەرگێڕانی: ئازاد نجم الدین

بۆ پۆلی دووەمی ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی

ساڵی: ٢٠١٩ز-١٤٤٠ك

ماڵپەری زادی

www.zadyreman.com

فەیسبووک

www.fb.com/zadyreman

تویتەر

twitter.com/zadyreman

ئیمەیل

Zadyreman@gmail.com

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أَنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنّ إلاّ وأنتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجَالاً كَثيرَاً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقِيبَاً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديدَاً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزَاً عَظيماً

أَمَّا بعدُ : فإنَّ أَصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالةٍ في النَّارِ.

ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ

تەوەری دیدو تێڕوانینی سید قطب (رحمه الله): ئیستیخلافە (بریکاریی مرۆڤ بۆ خوای پەروەردەگار لەسەر زەوی، کە روونکردنەوەیەکی زۆر دووررودرێژیی (خوایەتی) و (عەبدێتیی)یە)، ئەم تەوەرەش دوولقە: لقی تیۆریی (نظري) و لقی کردەوەیی (عملي)..

_تیۆرییەکە سێ ڕوکنی سەرەکی هەیە:

١. خواناسیی (الربوبية): کە باسەکانی خاوەنێتیی و خەلقکردن و رۆزییدان و سوودپێدان و زیان لێلادان و ژیاندن و مراندن و دەیان سیفات و بواریتری سەرپەرشتیارێتی هەموو بوون و سرەوت و بزاوتی مەخلووقات دەگرێتەوە.. زۆرینەی ئایەتەکانی قورئان _بەتایبەتی کۆتایی ئایەتەکانیان_ باس لەم سیفاتە زاتیی و کردەوەییانەی خوای تاکوپاک دەکەن.

ئەمە هەر ئەو دوو بەشەی پەروەردگارێتیی (الربوبية) و ناووسیفات (الاسماء والصفات)ە، کە سەلەفیەکان لە ئیبنوتەیمیە رحمه الله وەریانگرتووە کە لە لای ئیبنولقەیم رحمه الله پێی دەوترێت (توحيد المعرفه والاثبات).

٢. خواپەرستیی (الالوهية): کە بریتییە لە سەلماندن و چەسپاندنی پەرستن بۆ خوای تاکوپاک، بێ ئەوەی لە هیچ رادو بڕو چۆنیەتیی و شێوازێکدا هاوبەشی بۆ بڕیاربدرێت، جا خواپەرستییەکە بە دڵ بکرێت وەکو خواویستیی (اخلاص)، کە پێچەوانەکەی ریایە. یان بە زمان بکرێت وەکو شوکرانەبژێریی کە پێچەوانەکەی کوفرانەکردنە. یان بە کردەوە بکرێت وەکو سوجدەبردن بۆ خوای گەورە، کە پێچەوانەکەی چەمانەوەی مەزنێتیی و گەورەیی دانانە بۆ غەیری خوای گەورە. ئەمەش لە دەیان و سەدان رەفتاردا دەنوێنرێت.

ئەمەشیان هەر (الالوهیة)ەکەی لای ئیمامی ئیبنوتەیمیە و (توحید القصد والارادة) ەکەی لای ئیمامی ئیبنولقەیمە، کە بەگشتی کەس لەمەدا راجوێ نییە، مەگەر فەیلەسوفە سەربەتاڵەکان.

۳. حاکمێتیی (الحاکمیة): کە شاهیدییدان و بڕیاردان و ئەنجامدانی سەروەرێتییە (دەسەڵاتی باڵای وڵات) بۆ شەریعەتی خوای گەورە، لە بوارەکانی: (یاسادارشتن: التشریع) و حوکمڕانیی: الحکم)و (داوەریی بردنەلای شەریعەتەکە: التحاکم).. ئەمە لە بازانەی سیاسەتی شەرعییدا نییە، تا بواری ئیجتیهادی تێدا بێت، بەڵکو وەکو دوو جۆرەکەی تری تەوحیدەکەیە (خواناسیی و خواپەرستیی)، چونکە حاکمێتییەکەش هەر ئیعتیرافکردنە بەوەی کە ئەم مافە (لە هەرسێ بوارەکانییدا) مافی خوای گەورەیەو (وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا)الکهف/۲٦.

ئەمەشیان هەر ئەوەیە کە سید قوطب رحمەاللە زۆرجار پێی دەفەرموێ (التشریع والسلطان) وە هەندێکیتر لەم سەردەمە پێی دەڵێن (توحید الحاکمیة).. سەرانی سەلەفی سەردەم لەم جۆرە تەوحیدەدا راجوێبوون. هەیانە دەفەرموێ بەشێکە لە (الربوبیة) و هەیانە دەفەرموێ بەشێکە (الالوهیة) وە هەشیانە دەفەرموێ بەشێکە لە (الاسماء والصفات).. ئێمەش لاریمان لەوە نییە بەشێکی سەربەخۆی (تەوحید)ە کەبێت، تا زیاتر بایەخی پێبدرێت

کۆی ئەم دیدو تێڕوانین و پێناسانە دەبنە تیۆرێکی ژیانبینیی، کە سەلماندن و چەسپاندنی کردەوەیی (عملي: پراکتیزەکردن) دەخوازن، ئەمەش تیۆرێکیتری جیهانبینییە کە بۆ گۆڕانکاریی و ئاڕاستەی کۆمەڵگەو پێکهێنان و ئیدارەی دەسەڵاتی سیاسیی دێتە پێشەوە، کە ئەمیش سێ روکنی هەیە: (بەرنامە) و (کۆمەڵ) و (بزاڤ):

١.بەرنامە (المنهج): کە سەید رحمەاللە زۆرجار هەر بە (دین)ەکە یان بە (تەوحید)ەکە دەفەرموێ مەنهەج، واتە ئەو بەرنامەیەی شوێنکەوتووانی دینەکە دەیکەنە پرۆگرامی کۆمەڵکاریی عەقائیدیی ئەندامان و ئەو تەوحیدەی دەبێتە مایەی بەستنیی پەیوەندیی نێوان ئەندامانی تاکوکۆی کۆمەڵ و کۆمەڵگەو دەولەتی موسوڵمانان. ئەمە هەمووی دەبێتە مەنهەجی بانگەوازو جیهادو بزاوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەکەیان.

٢. کۆمەڵ (الجماعة): کە جاری وا هەیە بە (ئوممەت) ناوی دەهێنێت، دیارە ئەمەشیان مەبەستی لێی (الأمة المسلمة)ەکەیە کە لە قورئاندا هاتووەو واتای کۆمەڵکاریی عەقیدەتیی دەگەیێنێت، نەک (الأمة الاسلامیة) کە واتای جوگرافیایی گشتی موسوڵمانان دەگەیێنێت، کە لە دوای هاتنی هێزە ئیستیعمارییەکانەوە کرایە زاراوەی بەدیل بۆ (ئوممەتی موسوڵمان)ەکە! ئەم کۆمەڵە ئەو مەنهەجە خوایی وەردەگرن، خۆی پێ پەروەردە دەکەن و سەرکردایەتییەکەیان _کە هەر لە خۆیانە_ کۆمەڵکارییەکە بەو مەنهەجە ئاراستە دەکات، ئینجا بە هەمووانیان بزاوتێکی شایستەو شیاو پێکدەهێنن بۆ گۆڕانکارییە داواکراوەکە.

٣.بزاڤ: (الحرکة): واتە ئەو بزاوت و هەڵوێستەی تاکوکۆی کۆمەڵکارییە عەقیدەتییە مەنهەجییەکە لە واقیعی ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیاندا پێکیدەهێنن، ئەمە ئەو ئالییەتەیە کە کۆمەڵکارە ئوممەتییە عەقائیدییەکە دەیکاتە هۆکاریی گۆڕینی کۆمەڵگە جاهیلییەکە بە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی و دەستووری وڵات و سیستمی حوکمەکەشی دەگۆڕێت، تا دەیکاتە دارولئیسلام. ئاوا دەوڵەتی ئیسلامیی دروستدەبێت، ئاوا سەروەرێتیی (دەسەڵاتی باڵای وڵات) بۆ شەریعەتەکەی خوا دەبێت. کە ئەم کۆمەڵگەو دەوڵەتە دادەمەزرێت، ئیتر هەوڵی ئەوە دەدات کە خیروبێری سەرزەمین بۆ بەختیاریی و کامەرانیی دانیشتوانەکەی _کە مەرج نییە هەموویان موسوڵمان بن_ دەخاتەگەڕ،

ئەو کاتە هەر یەکە لە تاکو کۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتەکە (ماف) و (ئەرک) و _دەسەڵات)یان دیاریدەکرێت و هەر هەموویان بەقەدەر پێداوویستی خۆیان و خێزانەکانیان پشکیان لە بەیتولمال _کە موڵکی هەموویانە_ بەردەکەوێت..

کۆی ئەم رەنجەی تاکوکۆی ئوممەتە عەقائیدییەکە _کە بۆتە دامەزراندنی دارولئیسلام_ بریتییە لە هێنانەدیی بریکاریی (ئیستیخلاف)ەکەی خوای گەورە لەسەر زەمین، ئەمەشە ئەو ئەرکەی مرۆڤی بۆ خەلقبووەو بۆی هێنراوەتە سەرزەمین..

ئەمە دیدو تێروانینی سەید قوتبە رحمەالله کە لە یەکەمین کتێبییەوە _بە شێوەیەکی سەرەتایی سەتحیی_ باسی لێوە کردووەو دواتر لە (في ظلال القرآن) و (معالم في الطریق) و (مقومات التصور الاسلامي)ەکەیدا _کە کۆتا کتێبی بوو (تەواوییشی نەکردووە)_ شەرحی دوورودرێژیان دەکات..

ئەم کتێبەی بەردەست بەشێکیتری کتێبی (طریق الدعوة في ظلال القرآن)ە، کە نوسەری سوریایی ئەحمەد فائیز خوا پاداشتی خێری بداتەوە، ئەو باسانەی کە پەیوەندییان بەو زاراوانەوە هەبووە، لە (في ظلال القرآن)ەکەی دەرهێناوەو کردوونی بە دووبەرگ کتێب. منیش سوپاس بۆ خوای تاکوپاک کردوومن بە کوردی.. پێش ئەم بەشە بەشێکیترمان جاپکردو بفەرموو وکردەوە، کە دەشێت وەکو پێشەکیی و رێڕەوی ئەم دوو بەرگەیتر بێت. ئەم کتێبەو کتێبی دواتر هەر یەکەیان لە پێنج سەد لاپەڕە زیاتر دەرچوون.. ئەم حەوت زاراوەی تیۆری سەیدی رەحمەتیی: (ئیستیخلاف، خواناسیی، خواپەرستیی، حاکمێتیی، بەرنامە، ئوممەتی عەقائیدیی، بزاڤی شیاوی گۆرانکاریی) لە هەموو ئەم بەشەکانی ئەم کتێبەدان، بەڵام من هەوڵمداوە باسەکان وا رێک بخەم کە لە هەر بەرگێکدا تیۆرییەکە نیشانبدرێت، بەڵام هەرجارەو تەرکیزی

زۆرتر خراوەتە سەر چەند زاراوەیەک تا بە چڕو پڕی دەرکەون و ڕۆشن و راشکاوانە خوێنەر بەرەو مەبەستی تیۆرییەکە ئاڕاستە بکەن..

ئەم کتیبە دوو بەشە. بەشی یەکەم: چوار بەندە:

بەندی یەکەم : ناسینی خوای گەورە : پێنج باسە.

بەندی دووەم : پەرستنی خوای گەورە : پێنج باسە.

بەندی سێیەم : حاکمێتیی خوای گەورە : چوار باسە.

بەندی چوارەم: باسی دۆستایەتی و دوژمنایەتی (الولاء والبراء) دێت کە چوار باسی کورت و گرنگی دۆستایەتیە، کە تەنهاوتەنها لەڕوانگەی ئەم تەوحیدەوە دێت. دیدو هەڵوێستی ئێمەش بەرامبەر هەر هەموو کەسێک لەسەر (باوەڕمەبوون و نەبوون یان نزیکیی و دووریانەوە لەم دینە) دامەزراوە والحمدلله رب العالمين.

بەشی دووەمی کتێبەکە: سێ بەندە:

بەندی یەکەم: دیدو ڕێی بانگەوازی خواوویستییە، کە (بەرنامە)کەیەو حەوت باسە.

بەندی دووەم: کۆمەڵکاریی ئوممەتی عەقائیدییە، کە نۆ باسە.

بەندی سێیەم: بزاڤی ئوممەتی عەقائیدییە، کە پێنج باسە.

کەوابوو _وەکو دەیبینیت_ خودی ئەم بەرگەی کتێبەکە ئەو دیدو تیڕوانینە ژیانبینیی و جیهانبینییەی سەید قوتبت بۆ ڕووندەکاتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە بەرگەکانیتر وێناکەت لا کامڵ دەبێت ان شاءالله.

خوای گەورە لە سەید قوتبی بەڕێز خۆشبێت و ئەم کتێبەشی بۆ بکاتە خێری جاریی. بیشیکاتە مایەی هیدایەتدانی زیاتری ئێمەو هۆکاری لێک نزیکبوونەوەمان و بەگەڕخستنی ووزەکانمان لە پێکەوەنانی ئوممەتێکی عەقائیدیی و بزاڤێکی شیاوی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەکەمان، بۆ هێنانەوەی سەروەرێتیی شەریعەتی خوای تاکوپاک و بنیاتنانەوەی دارولئیسلامەکەی کوردستان.. ئامین.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما

بەندی یەکەم

ناسینی خوای گەورە

باسی یەکەم

هیچ غەیری خوای گەورە کردگار نییە

(لا خالق الا الله)

نهێنی ژیان:

خەلقبوون _کە هاتنەکایەوەیە لە نەبونییەوە_ موعجیزەیەکە کە هیچ کەسێک پەی بە نهێنییەکانی نابات، چجای ئەوەی بوترێت غەیری خوای گەورە لە توانایدا هەیە بخولقێنێت.. هەر خوای گەورەیە کە کردگاری ژیان و گەردوونە، بۆیە دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَىٰ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ) الانعام/٩٥ ؛ خوای گەورە کردگاری دانەوێڵەو ناوکی هەموو بەرهەمەکانی چاندن و ڕواندنە، ئەو زیندوو لە مردووەوە دەهێنێت ومردووش لە زیندوو، ئائەوە خوای پەروەردگارتانە، ئیدی بۆچی لەحەق لادەدەن؟ بۆچی وا ئیفتیرا دەکەن و درۆی بە ناوەوە هەڵدەبەستن؟!

خەلقبوون دەسپێک و بزاوتی موعجیزەی ژیانە.. لەهەر هەموو ساتەوەختێکدا هەیە، لە هەموو چرکەو کەمتردا هەیە، کە دانەوێڵەکی هێدیی و سرەوتوو، لە ڕوەکێکی پێگەیشتووەوە بەرهەم دێت! هەروەکو کەدانە بەرهەمێکی هێدیی و سرەوتوو لە درەختێکی قەدوباڵا بەرزەوە سەردەردەهێنێت. ئەم ژیانە شاراوەیەی ناو دان و ناو ناوک و بەرهەمەکە، ئەو ژیان و بزاوتەی ڕووەک و درەختەکە، وەکو یەک نهێنییەکی وجوودن و غەیری خوای گەورە درکی پێناکات و پەیپێنابات، بۆیە غەیری خوای گەورە هیچی وای لێنازانن! کەسیش سەرچاوەی ئەم ژیان و بزاوت و سرەوتنە نازانێت.

مرۆڤایەتی لەوەتەی فامیکردۆتەوە بە واقوڕماوییەوە لەبەردەم هەر هەموو دیاردەکانی ژیاندا حەپەساوو دۆشداماوو ئەبڵەق وەستاوە. لە هەموو چۆنیەتیی و شێوازی ژیان و بزاوت و سرەوتەکان سەرنجدەدات، دوای ئەم هەموو خوێندن و توێژینەوەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوانەی خۆی کە کردوونی، هەروەکو یەکەمین کەسی مرۆڤایەتی و یەکەمین جار بەو پەڕی تاساوییەوە، بەدۆشداماوییەوە، وەکو یەکەمینجاریی سەرنجدەداتەوە، ووردەبێتەوە، بیردەکاتەوە، بەڵام لە هیچ لایەکەوە ناگاتە سەرەداوێکی نهێنییەکە!! هەموو ئەوەی لێوەی دەردەکەوێت هەر ئەرک و دیمەنی بزاوت و سرەوتنەکانن.. هەر سیمای بزاوت و سرەوتەکەن نەک ژیانەکە! ئیتر بەردەوام عەوداڵانە دەکەوێتەوە دیراسات و توێژینەوە و سەرنجدان.. ژیانیش هەروا بەردەوامەو ئەم موعجیزەی دەستپێک و ژیانە لە هیچ کات و شوێن و حاڵەتێکدا بۆ هەزاران بەشی چرکەیەکیش ناوەستێت!

لەسەرەتادا خوای گەورە زیندووی لەمردووەوە هێنا. ئا ئەم گەردوونە _لانی کەم ئەم زەمینە_ هەبوو، بێئەوەی ژیانی تێدابێت. پاشان ژیانی تێگەڕا. خوای گەورە لە مردووییەوە هێنای! چۆن؟ نازانین! لەم سەردەمە دوورەی دەستپێکەوە تا ئەم ساتە، چرکە بە چرکە ژیان لە مردووەوە دێت. ملیۆنەهاو ملیارو ترلیۆنەها گەردو گەردیلەی مردوو لە رێی زیندوانەوە دەبنە کەرەستەی زیندوو، ئەو ملیۆنەها مردووە هەر بەوەندەی دەچنە ناو گیانلەبەرێکەوە زیندوانە دەکەونە بزاوت!

لە هەزاران بەشی چرکەدا ملیۆنەها سێڵ دروستدەبێت و ملیۆنەها سێڵی زیندوو دەمرن! ئەو تریلۆنە گەردیلانەی چوونە جەستەی گیانلەبەرەوە گەشەیانکردو گەشەیان بە جەستەکەدا. هەر هەموو دوای رۆڵبینینەکەیان خۆیان و گیانلەبەرەکان بەرەو مردن دەچنەوەو جەستەکەش دەمرێت و دەبێتەوە بە تریلۆنەها گەردیلەی کۆن

و نوێ: (يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ)! غەیری خوای گەورەش پەی پێنابات! غەیری خوای گەورەش خەلقناکات!! تەنها خوای تاک و کردگاری زاناو بەتوانایە ژیان لە مردنەوە دەهێنێت. غەیری خوای گەورە دەسەوسانن لەوەی شتێک وەکو گیانلەبەر لێبکەن، کە ئەو هەموو گەردیلەو مردووانە لەخۆگرێت و زیندووانە بیانخاتە گەشەو گەڕ! کەسیش تا ئێستا سەری لەوە دەرنەکردووە کە دەسپێکی ژیانی ئەم سێڵە چۆنە، چجای دەسپێکی یەکەمی خودی ژیان! هەرچی هەیە، هەر تیۆرە، بیرکردنەوەو توێژینەوەیە.. پێشەکیی و دەرچەی ئەگەرەکانە!

هەموو ئەو هەوڵانەی دەخوازن نهێنی ژیان _بەدەر لە ویست و خواست_ بناسێنن، دەسەوسان کەوتوون. دوای پوکانەوەی دەیان ئەگەری بزاوتێک، دێنەوەسەر هەمان گومان، دەکەونە تاوتوێکردنی ئەگەری نوێ. خوای گەورە دەفەرموێ: (ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ) الانعام/١٠٢ ؛ ئەوە خوای پەروەردگارە، کردگار و داهێنەری ئەو موعجیزەیەی ژیانەیە کە بەردەوام دووپاتدەبێتەوە و هەموو نهێنییەکانیشی هەر پەنهانماوە! ئەوە خوای پەروەردگارتانە کە هێچ خوایەک غەیری ئەو نییە، کردگاری هەر هەموو شتێکە، دەی سا تاکوپاک بیپەرستن و بەندایەتیتانی بۆ بسەلمێنن، ئەو سەرپەرشتیارێتیی هەموو شتێکی گرتۆتەدەست..

موعجیزەی سەرهەڵدانی ژیان لە مردنەوە زۆرجار لە قورئانی پیرۆزداو بەزۆر شێوەو چۆنیەتیی جیاواز هاتووە، هەروەکو کە زۆرو بەزۆر شێوەو چۆنیەتیی باسی گەردوون کراوە، کە لە هەموویاندا هزرو هۆش و ژیریی ئاڕاستەی حەقیقەتی خواناسیی و خواپەرستیی دەکات، روو بە مرۆڤ دەکاتە دیاردەکان و ئاسەواری کردگارێتیی خوای گەورە، تا یەکخوایەتیی بسەلمێنێت و تاک و بێوێنەیی خوای گەورە بچەسپێنێت، تا

ئەوەیان لا دروستببێت کە خوای تاک و کردگار دەبێت بکرێتە تاکەخوای پاک و پەروەردگارو هەموو پەرستنێک بۆ ئەو ئەنجامبدرێت. تا هەموو مرۆڤایەتی بگاتە ئەو قەناعەتەی کە هەروەکو چۆن کردگارێکیتر نییە، بەدڵنیاییەوە هیچ پەرستراوێکیتری غەیری خوای کردگاریش نابێت هەبێت. نابێ هیچ جۆرە خواپەرستییەک -بەهیچ شێوەو چۆنیەتییەک- بۆغەیری خوای تاکی کردگارو پاکی پەروەردگار ئەنجامبدرێت. دەبێ ملکەچیی تەنها بۆ ئەو دەرببڕرێت. دیدو تێڕوانین و پێناسەو ڕێبازو بەرنامەی ژیان هەر لەوەوە وەربگیرێت و بەس. ئەوەی کردگار، خوای حەق و پەرستراوی حەق.. دەبێ تەنها شەریعەتە حەقەکەی ئەویش بکرێتە یاساو ڕێسای ڕیکخستنی بزاوتی ژیانی مرۆڤایەتیی.

کە مادام خوای گەورە خەلقیکردوون، لە نەبووەوە ئیجادیکردوون، ئیتر چۆن دەشێت هاوبەش بۆ خوای کردگار دابنێین؟! چ لە پەروەردگارێتیدا (کردگارێتی و ڕۆزیدان و مراندن و.. هتد) و چ لە خوایەتییدا (جۆرو شێوازو چۆنییەتەکانی پەرستن).. ئاخر مەخلووق چۆن دەشێت ببێتە هاوبەشی خالق؟! ئاخر خۆ حەقیقەتی کردگار هیچ سیفەتێکی لە حەقیقەتی مەخلووق ناچێت، ئیتر چۆن دەکرێتە هاووێنەو هاوتاو هاوبەش؟! (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) الانعام/١٠١ هەموو شتێکی خەلقکردووەو بە هەموو شتێکیش زانایەو بەئاگایە.

ئەوەی کە دەپەرسترێت و ملکەچیی و گوێڕایەڵێتیی بۆ دەردەبڕدێت، ئەوەی ئیعتراف بە دەسەڵات و تواناو سەوەرێتیی دەکرێت، ئەوە خوای کردگارە، کە هەرهەموو شتێکی خەلقکردووە. کەوابوو هەروەکو کە کردگاریتر نییە، پەروەردگاریتریش جگە لەو نییە ونابێت: (ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ) ٢ الانعام/١٠٢.

کردگارێتی خو ایەتیی دەخوازێت:

تاکێتیی خوای گەورە لە کردگارێتییدا، تاکی خاوەنێتیشە. ئەوەی کردگارو تاکە، هەرخۆی خاوەنی هەموو شتێکە. هەر ئەویش تاکوتەنهای رزق و رۆزیی بەخشینە. ئەوەی خوای گەورەیە، _کە تاکە کردگارەو تاکە خاوەنی بوونەو لە موڵکی خۆی بژێوی هەرهەموو مەخلووقاتەکانی دەدات_ نە کەس و نە هیچ شتێک هەیە لە هیچ سیفەتێکی کردگارێتیی و خاوەنێتیی و رۆزیبدانییدا هاوبەشی بێت. جا کە ئەم حەقیقەتە بەڵگەنەویستانە روونبوونەوەو چەسپان، بە تەئکید ئەوەشی بەدوادادێت کە تەنها خوای گەورەشە کە خوایەتیی شایەنەو بەهیچ کلۆجێک و لەهیچ سیفەتێکی خوایەتیەکەیدا نەکەس و نە هیچ شتێک هەیە هاوبەشی بێت. کەوابوو سیفەتی پەروەردگارێتیی کە رۆزییدان و دەسەڵات و ئاڕاستەکردنە، کە ملکەچیی و گوێرایەڵیی بۆکردن و تەسلیمبوونە پێی، کە وەرگرتنی بەرنامەو رێبازو شەریعەتەکەیەتی، کە تەسلیمبوونی تەواوو دەربڕینی عەبدێتیی تەواوە بۆی، هەر دەبێ بۆ خوای کردگار و خاوەن و رۆزیبدەر بێت و بەس..

عەرەبەکان لە جاهیلییەتیاندا نکووڵی یان لەوە نەدەکرد کە خوای گەورە کردگاری ئەم گەردوونەیە، کردگاری مرۆڤەو رۆزیبدەری هەموویانەو بژێوی هەمووشیان هەر لە موڵکی خۆی دەدات. لەوە دڵنیابوون کە موڵکێکیتر غەیری موڵکی خوا لە وجووددا نییە، هەرچی دەیخۆن و چێژی لێدەکەن و دەبنەخاوەنیشی، هەر لە خوای گەورەو لە موڵکایەتییەوەیەتی. جاهیلییەتەکانیتریش نکووڵی ان لەوە نەدەکرد، جگە لە هەندێک فەیلەسوفانی یۆنانی. لەبەر ئەمەیە کە ئەوەی ئیسلام لە جاهیلییەتی عەرەبەکاندا رووەورووی دەبۆوە، ئەو لادان و گۆڕانەبوو کە لە دروشمەکانی پەرستندا تێی کەوتبوون، کە پەرستنیان بۆ کۆمەڵێک بت تەرخانکردبوو، بەو سیفەتەیان کە گوایە لە خوا نزیکن و ئەوانەی پەرستیاریان دەبن ئەم بتانە لەو خوای کردگارو خاوەن و

ڕۆژییدەرە نزیکیاندەکەنەوە. لادان و گۆڕانەکەیتریشیان لەوەدابوو کە ڕێساو دابونەریتی خۆیان لەجیاتی شەریعەتی خوای گەورە کردبووە یاسای ئیدارەو ئاڕاستەی کۆمەڵگەکەیان. واتە عەرەبەکان _وەکو هەندێ زۆربڵێ و چەنەباز دەڵێن_ مولحید نەبوون، نکووڵییان لە هەبوونی خوای کردگارو خاوەن و ڕۆژییدەر نەبوو. لادانەکەیان لە خواپەرستیی و حاکمێتیی و سەروەرێتیی خوای گەورەدا بوو. لە ڕاستیدا ئەوانەی ئەمڕۆ لافی بێباوەڕی بەخوا لێدەدەن هەر کەمینەنن، هەر واش بە کەمینەیی دەمێننەوە. بۆیە ئەو ئینحرافەی کە ئەمڕۆش هەیەو زەق و دیارە هەر لە جۆری ئینحرافەکەی جاهیلییەتی عەرەبەکانە، کە بریتیبوو لە وەرگرتنی ڕێساو ڕێبازو بەرنامەی ئاڕاستەکردنی لە غەیری خوای گەورەوە. ئەمە بنەمای جاهیلییەتی پێشوو و جاهیلییەتی سەردەمە، لە هەموو شوێنێک: (اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ. لَّهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ) ١ الزمر / ٦٢ – ٦٣ ؛ خوای گەورە کردگاری هەموو شتێکەو سەرپەرشتیارو پارێزگاری هەموو شتێکە. کلیلی گەنجینەی ئاسمان و زەوی هی ئەون و بەدەست ئەوەوەن. ئەوانەی باوەڕیان بە نیشانەو بەڵگەکانی خوای گەورە نەهێنا خۆیان زەرەرمەندبوون.

تا ئێستا کەس لافوگەزافی ئەوە لێ نەداوە کە گوایە شتێکی لە نەبووەوە ئیجادکردووە، یان بڵێ خاوەنی ڕاستەقینەی شتێکم (کە لێم ناسەندرێت). هەر کەسێکیش هزرو و ژیریی بەکاری هەبێت ناتوانێت بڵێت ئائەم بوون و گەردوونە بێکردگار _هەر لەخۆیەوە_ ئیجادبووە، چونکە هەرچی هەست پێدەکرێت، نیشانەی تواناو زانین و دەسەڵات و تەگبیرە.. هیچ شتێکی تێدانییە بوترێت و بسەلمێنرێت کە هەر لە خۆوە یان بە ڕێکەوت پەیدابووە..

دەستپێکی خەلق راستیەکە کەس ناتوانێت نکووڵی لێبکات، ناشکرێت کردگارێکیتری غەیری خوای گەورەی بۆ دیاریبکرێت. ناشکرێت هاوبەشێکیش لە کردگارێتییدا بۆ خوای کردگاری تاکوپاک دابنرێت: (أَمَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ) النمل/٦٤؛ بفەرموو: ئەوە کێیە ژیان دەستپێدەکات و (دوای نەمان) سەرلەنوێ دەیهێنێتەوە وجوود؟ کێیە لە ئاسمانەکان و زەوییەوە بژێوتان بۆ دابیندەکات؟ چما خوایەکیتر وەل خوای کردگار و پەروەردگاردا هەیە؟ بفەرموو: دەی ئەگەر راستگۆن بەڵگەکانتان بهێنن و بیسەلمێنن.

بەڵێ، بەراستی کەس ناتوانێت هۆکاری هەبوونی ژیان _دەستپێک و بەردەوامبوونی_ بۆ غەیری خوای گەورە بسەلمێنێت، چونکە هەبوون و بەردەوامێتیی ژیان و گەردوون ناچاری تەسلیمبوون بە هەبوونی خوای کردگاری دەکات.. هەموو ئەو تیۆرو تێڕوانین و پێناسانە فەشەلبوون لە سەلماندنی کردگارێکیتری غەیری خوای گەورە بۆ گەردوون و ژیان و ڕێکیی تەگبیرو ئاڕاستەی بەردەوامی ساتبەساتی بوونەوەرانی. کە لەهەموو لایەکەوە یەکبوونی کردگارو ئاڕاستەی دەسەلمێنێت. ناشێت بوترێت کردگارێکیتر غەیری خوای گەورە هەیە، کە ئەم هەموو بوونەوەرەی بەو هەموو وردەکاریی و نەزم (سیستم)ەی ڕێکخستن و یەکبوونی ئاڕاستەو بەڕێوەبردنەوە دروستکردووە. بۆیە پێناسەو تیۆرەکان تا ئێستا هەر پێکدادەتن و ئەگەری ئاڵۆزو دیدی لێڵن. تەسلیمبوون و قەناعەتکردن بە دەستپێک و سەرەتاو بەردەوامێتیی خەلق بەو شێوە ووردو نەزم و ئاڕاستەی زیندوانەو بەردەوام و بە مەبەست، هەموو خاوەن هزێک دەگەێنێتە قەناعەتکردن بەسەرلەنوێ دروستبوونەوە دوای مردن. بە زیندووبوونەوەی نوێی مەبەست.. تا لەکاتی زیندووبونەوەی نوێدا لێپرسینەوە لەگەڵ مرۆڤدا بکرێت، ئەوەی شایەنی پاداشتە پاداشت بدرێتەوەو ئەوەشی شایەنی سزادانە سزا وەربگرێت، چونکە ژیانی دنیا شوێن و کات و حاڵەتی ئەو لێپرسینەوە و پاداشت و سزادانانە نییە.

ئەگەرچی جاری وا هەیە پاداشت یان سزای زووتر دەدرێنەوە. کەوابوو هەر دەبێت زیندووبوونەوەش هەبێت. موشریکانی عەرەب لە جاهیلییەتیاندا عەقیدەپشێوبوون، نکووڵیان لە هەبوونی خوای گەورەو دەسەڵاتی خاوەنێتی ئاسمانەکان و زەوی و رۆزیدان و کارگێڕیی ژیان و گەردوونیان لەلایەن ئەوەوە نەدەکرد، بەڵام هاوبەشیان بۆ دادەنا و دەیانوت: ئەمانە لە خوای کردگاری ئاسمانەکان و زەویمان نزیکدەکەنەوە: (قُل لِّمَنِ الْأَرْضُ وَمَن فِيهَا إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ. سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ. قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ. سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ. قُلْ مَن بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ. سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ) ١ المؤمنون/ ٨٤–٨٩ ؛ بفەرموو: ئەو زەویە و هەرکەسێکی تێدیە، موڵکی کێن؟ حەتمەن دەڵێن : موڵکی خوای گەورەن، بفەرموو: دەی سا بۆچی یادیناکەن؟ بفەرموو: کێ خاوەنی ئاسمانەکان و عەرشی مەزنە؟ (کە ئاسمانەکان و زەوی لەچاو ئەودا وەکو ئاڵقەیەکی فڕێدراون لە بیابانێکدا) هەر دەڵێن: خوای گەورە خاوەنیانە. بفەرموو: دەی سا بۆچی سەرراستانە نایناسن و ناپەرستن و بە دینەکەیەوە پابەندنابن؟ بفەرموو کێ دەسەڵاتی بەسەر هەمووشتێکدا هەیەو داڵدەدەدات و هەر کەسێک بخاتەکەناری خۆی ئیدی کەس نییە تینی بۆ بێنێت، ئەگەر پەی بەمە دەبەن، ئەمە کێیە ئەو دەسەڵاتە رەهایەی هەیە؟ دەڵێن: خوای گەورەیە. بفەرموو: دەی سا بۆچی ئەوەندە دیدلێل و چەواشەکراون بتدەپەرستن، کە نە هیچیان خەلقکردووە و نە داڵدەشدەدەن؟

عەرەبەکان عەقیدەو باوەڕێکی دینییان هەبوو کەوا دەزانین لە پاشماوەی خواوویستییەکەی ئوممەتی سیدنا ئیبراهیم بوو علیه السلام، بەڵام زۆ کاڵبووبۆوەو خراپ لایدابوو، بەڵام ئەوەی کەمابووی ئەوەبوو کە سروشتی خەڵکەکەی وا راگرتبوو کە نکووڵی لە هەبوونی خوای گەورەو کردگارێتیی و خاوەنێتیی و رۆزیدەرێتیی خوای

گەورە نەکەن و ئەوەیان لا بەڵگەنەویست بێت کە ئەم گەردوونە ناشێت و نامومکینە بەبێ کردگار خەلقبووبێت، نامومکینیشە غەیری خوای گەورە کردگاری هیچ بەش و پارچەو کات و شوێن و حاڵەت و چۆنیەتییەکی بێت: (وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ) الزخرف/ ٩ ؛ ئەگەر لێیان بپرسیت: کە کێ ئاسمانەکان و زەوی خەلقکردووە؟ بە تەئکیید دەڵێن خوای بەدەسەڵات و شارەزا خەڵقیکردوون.

مەحاڵە غەیری خوای گەورە هیچ شتێکی لەم گەردوونە خەلقکردبێت.. عەرەبەکان لەمە دڵنیابوون، چونکە ئەمە شاهیدیدان و بڕیاردانی خودی سروشتی مرۆڤە.. بەڵام لەم باوەرە سەرەتاییەدا وەستابوون و کۆمەڵێک دیدو بۆچوونی هەڵەو پەڵەی خۆیانیان بۆ ئیزافەکردبوو..

بەڵێ بێگومان ئەوە خوای گەورەیە کە ئەم گەردوون و ژیانەی لە نەبووەوە ئیجادکردووەو هەموو شتێکی خەڵقکردووەو ئەندازەگیرییەکی بێوێنەی بۆ هەموو پێکهاتەو بزاوت و سرەوتێکی دیاریکردووە: (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا. وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَاةً وَلَا نُشُورًا) الفرقان / ٢_٣ ؛ خوای گەورەیە کە هەر هەموو شتێکی خەلقکردووەو ووردەکارانە ئەندازەگیریی بۆ هەموو شتەکان کردووە. بەڵام ئاوان (موشریکەکان) لە جیاتی خوای کردگار خوایتریان بۆ خۆیان دانا، کە هیچ شتێکیان خەلقنەکردووەو خۆشیان خەلقکراون، کە تانانەت زیان و سوودیان بۆخۆشیان نییە، نە مردنیان لەدەستدایەو نە زیندووکردنەوە..

ئاوا خوای گەورە هەموو سیفەتێکی خوایەتیی لەبەر خواکانیان دادەماڵێت کە دروستناکەن: لَّا يَخْلُقُونَ شَيْئًا) و خۆیان خەلقدەکرێن ! (وَهُمْ يُخْلَقُونَ). هیچ

سوودێک بەخۆیان ناگەیەنن تا بتوانن سوود بە پەرستیارانیان بگەێنن. هەرکەسێکیش سوودی بۆخۆی نەبوو حەتمەن زیانی بۆخۆی و دەوروبەری دەبێت. بەڵام ئەوەش هەر لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە. نە سوود دەهێنن و نە زیانیش دووردەخەنەوە! نە مردنی گیانلەبەرانیان بەدەستە نە ژیاندن و زیندووکردنەوەیان.. ناتوانن بژێنن، ناشتوانن سێڵکی مردوو بژێننەوە، چونکە ئەوان خوانین، کردگاری خاوەن دەسەڵاتدارنین..

قورئان بەردەوام ئەوەی دەخستنە بەرچاو کە لە جاهیلییەتدان، گومران، دیدو هەڵوێستیان مونحەریفانەیەو بەرامبەر خوای گەورە زۆر چاوقایمن! چۆن دەشێت کە خوای کردگار بەو سیفەتە بێوێنانەیەوە ئاوا بناسن و بناسێنن، کەچی ئاوا دژوارترین و خراپترین هەڵوێست بەرامبەر خوای گەورەو دینەکەی و پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەنوێنن! ئەمە دیدو هەڵوێستێکی زۆر نەفامانەو بێشەرمانەیە. چۆن دەشێت ئەو بتانە بکەنە هاوبەشی ئەو خوا گەورەیەی هەر خۆشیان ئیعتراف بە سیفەتە رەهاو بێسنورەکانی دەکەن؟!

(خالق) و (مەخلووق) چۆن وەکو یەک دەبن؟!

پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کرد: (أَيُّ الذَّنْبِ عِنْدَ اللَّهِ أَكْبَرُ، قَالَ: أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ) [1] ؛ چ گوناحێک لەهەمووان گەورەترە؟ فەرمووی: ئەوەیان کە هاوبەش بۆ خوای گەورە دابنێیت لە کاتێکدا کە ئەوە خوای گەورەیە کە خەلقی کردوویت.

---

١ بوخاری (٤٢٣٧)، موسلیم (٨٦).

چی لەوە خراپترو گومڕاترو سەرلێشێواوانەترە کە غەیری خوای گەورە بپەرسترێت، لە کاتێکدا باوەڕیشیان وایە کە خوای گەورە کردگارەو هیچ شتێک و هیچ هێزێکیتر نییە هیچی خەلقکردبێت! بۆیە بەردەوام لەم ڕوانگەوە هەوڵیان لەگەڵدەدات تا دیدو هەڵوێست و پێناسەی هەڵەو چەوت و ناڕێکیان ڕاستکەنەوە: (هَٰذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ..) لقمان/١١ ؛ ئائەمە ئەوانەن کە خوای گەورە خەلقیکردوون، ئادەی ئەوانەم نیشاندەن کە خواکانی ئێوە خەلقیانکردوون! هەروەها: (وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ) لقمان /٢٥؛ کە لێیان دەپرسیت: ئەدی کێ ئاسمانەکان و زەوی خەلقکردووە، یەکسەر دەڵێن: خوای گەورە، بفەرموو سوپاس بۆ خوای گەورە، بەڵام زۆرینەی ئەمانە پەی بەوە نابەن و نایزانن..

موشریکانی عەرەب لەو سەردەمەدا لە وەڵامدا ڕارانەبوون، منجەمنجی خۆگێلکردنیان نەبوو. ڕاست و ڕاشکاو ئەو وەڵامەیاندەدایەوە کە قەناعەتی ناخی خۆیان بوو. لە وەسفی کردگارێتیی و خاوەنێتیی و ڕۆزیییدان و سیفاتی خوایەتییدا. هەردەیان وتت: (خوای گەورە).

بەراستی جێی سەرسوڕمانە کە خەڵکی دەستی خوای گردکار لەهەموو شتێکدا دەبینن و دەزانن کە هەر ئەو کردگاری هەموو شتێکەو هیچ هزرو هۆشێکی پارسەنگ و ئازاد نییە بڵێ کردگار نییە و ژیان و گەردوون هەر لەخۆیەوە دروستبوون! سەیرە هیچ کەسێک تا ئێستا لافی ئەوەی لێنەداوە کە ئەو ژیان و گەردوونی درووستکردبێت، کەچی کەسانێک هەن ناخوازن ئیعتراف بە هەبوونی کردگاری ئەم ژیان و گەردوونە _کە خوای گەورەیە_ بکەن! ئەمەش قسەیەکی زۆر نابەجێ ولافوگەزافێکی بێبەڵگەیە، کە بڵێ ژیان و گەردوون بەم هەموو بوونە سەرسوڕهێنەوە، کردگاری نەبووەو نییە!

بەراستی نکووڵیکردنی کردگارێتیی خوای گەورە سەیرە.. سەیرە خەڵکانێک بێبیرکردنەوەو سۆراغکردن و بەدواداچوون پشت لە ئیمانداریی بکەن و خۆ لە ئیعترافکردن بە هەبوون و تاکوپاکیی خوای گەورە ببوێرن ! (ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ) غافر/ ٦٢ ؛ ئا ئەوە خوای پەروەردگارتانە کە هەموو شتێکی خەلقکردووە، کە هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتیی بێت جگە لەو، دەی سا بۆچی لە حەق لادەدەن؟

خوای گەورە کردگارو دەسەڵاتدارو بەڕێوەبەری گەردوون و ژیان و بوون و نەبوونی مەخلووقەکانێتی: (إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) الاعراف/٥٤ ؛ پەروەردگارتان ئەو خوایەیە، کە ئاسمانەکان و زەوی لە ماوەی شەش ڕۆژدا خەلقکردو پاشان لە عەرش باڵاتر بوو، شەو ڕۆژ دادەپۆشێت و (ڕۆژیش شەو رادەدات) و هەریەکەیان خێراو بێسرەوتن بەدوای ئەویتریانەوەیە، خۆرو مانگ و ئەستێرەش هەموو بە فەرمانی ئەو دێن و دەچن، لە راستییدا هەر ئەو ماف و توانای خەلقکردن و فەرماندانی هەیە، پاک و پیرۆزیی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان.

ئەوە ئەو پەروەردگارەتانە کە شایەنی ئەوەیە خواتان بێت، لایەقی ئەوەیە لەسەر بەرنامەی خۆی پەروەردەتانبکات، بە ئاراستەی خۆی گۆشتانبکات، لەسەر بەرنامەی خۆی گردتانبکاتەوە. ئەوە کە شیاوی خوایەتیتانە، شیاوی دارشتنی دەستوورتانەو دادوەری حکومکردنی نێوانتانە، چونکە ئەو توانای خەلقکردن و مافی فەرماندانی هەیە(فەرمانی پەرستنیی و فەرمانی حوکمڕانیی). کردگارێکیتری ماوتای نییەو هیچ هاوبەشێک هیچ سیفەتێکییدا نییە. لە فەرماندانیشیدا هەر بێ ماوتایە، کەسیش

ناکاته هاوبەشی لە فەرماندەرکردنییدا، نە کەم و نە زۆر، بەهیچ شێوەو چۆنیەتییەک. (فەرمانی پەرستن بێت یان فەرمانی حوکمکردن)..

قورئان کە لەو سەردەمی هاتنەخوارەوەیدا ئاوا نیشانەو بەڵگەی خەلقکردن و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورەی نیشانی خەڵکی سادەو ساویلکەی ئەو جاهیلییەتەی کۆن دەدا، هەر هەمان شێواز نیشانە و بەڵگەی خەلقکردن و تواناو دەسەڵاتەکەی خوای گەورە نیشانی خەڵکی جاهیلییەتی سەردەم دەداتەوە! چونکە جاهیلییەت و پەپی پێنەبردنی ئەوساو ئێستا هەریەکە، ئەو زەمانە بتیان دادەتاشی و دەیانبردنە مەنزیلەی خوای کردگارو پەروەردگار. ئێستاش هەروایە، خوایتر هەیە دادەنرێت، خوایتر هەیە دەپەرسترێت، خوایتر هەیە فەرماندەردەکات و ملکەچیی و گوێڕایەڵیی بۆ دەردەبڕدرێت. ئێستاش ئەهلی جاهیلیەتی سەردەم خۆیان، یان ماڵ و منداڵیان (گەورەو بیرمەندیان) دەکەنەوە هاوبەشی خوای گەورە، لە کاتێکدا ئەوانیش _وەکو خەڵکە ساویلکە جاهیلییەتە کۆنەکە_ دەزانن کە ئەم بتانەی ئەمانیش هیچیان خەلقنەکردووەو توانای خەلقکردنیشیان نییە، بەڵام مافی فەرمانکردنیان داونەتێ! بەناوی ئەم بتە نوێیانەوە ئەمانیش دەدوێن، هەروەکو خەڵکە ساویلکەکەی جاهیلییەتی کۆن بەناوی بتە پیرۆزەکانیانەوە دەدوان و یاسا و رێسایان دەردەکرد..

بۆیە پرسیارە کۆنەکە کە لە جاهیلییەتە ساویلکەکان دەکرا، ئێستا لە جاهیلییەتە ئاڵۆزەکەی سەردەم دەکرێتەوە: کێ و کام لەو خوایانەی ئێوە _کە مافی فەرمانکردنتان داونەتێ_ شتێکیان لە ئاسمان و زەویدا دروستکردووە؟ (أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ. وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ) الاعراف/١٩١_١٩٢ ؛ چما ئەوانە دەکەنە هاوبەشی خوای گەورە کە هیچ شتێکیان خەلقنەکردووەو خۆیان

خەلقکراون؟ کە ناتوانن بە هیچ جۆرێک سەرکەوتن بۆ کەسێک مسۆگەرکەن و خۆشیان سەرکەوتوو نابن!

کام بتەی کۆن یان هی نوێ سەرکەوتنێک بۆ خۆی یان بۆ پەرستیارانی دابیندەکات؟ ئەوەی خەلقیکردووە شایانی پەرستنە، هەرهەموو خواکانی جاهیلییەت ناتوانن شتێک خەلقبکەن، ئەوان خۆیان مەخلووقن.. چۆن دەشێت ئەمانە بکرێنە هاوبەشی خوای کردگارو پەروەردگار لە خاوەنێتیی و ئاراستەی خۆیان و ئەولادو سامانیاندا؟!

تەنها پەروەردگارتان شایەنی فەرماندەرکردن و پەرستنە، چونکە کردگارتانە، کردگاری هەموو ئاسمانەکان و زەوییە: (إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ) الاعرف/٥٤ ؛ : پەروەردگارتان ئەو خوایەیە، کە ئاسمانەکان و زەوی لە ماوەی شەش ڕۆژدا خەلقکرد.. ئەوە خوای گەورەیە کە ئاسمانەکان و زەوی خەلقکردووە خوای کردگارو پەروەردگارو دەسەڵاتدار، کە شایەنی فەرمانرەوایە. تەنها ئەو شایەنی حاکمێتیی و یاساورێساداڕشتن و بەرنامەو ڕێبازدیاریکردنەو بەس.. کەس لەم سیفەتەشیدا هاوبەشی نییە، چجای هاووێنەو هاوتاو یەکسانێتی!

ئیعترافکردن بە کردگارێتی خوای گەورە حەتمەن دەبێت ئیعترافکردنی ئەوەی بەدوادابێت کە تاکەپەرستراوە، کە ئەم ناسین و پەرستنەش چەسپان، بەدڵنیایەوە سیفەتی حاکمێتیی و دەسەڵاتدارێتیی و فەرمانرەوایەتیی بەدوادادێت، کە تەنها خوای گەورە مافی داڕشتنی بەرنامەو یاساورێسای هەیەو بەس.. ئەمەیە یەکخواناسیی. باوەرهێنان و دڵنیابوون و لەوەی کە تەنها خوای گەورە کردگارە، تەنها خوای گەورە دەسەڵاتدارو فەرمانرەوایە، سەروەرێتیی (دەسەڵاتی باڵا) و حاکمێتیی هەر مافی ئەوە.. چۆن دەشێت کردگارو خەلقکراو وەک یەک بکرێن؟ چۆن دەشێت سیفاتی بێوێنەیی کردگار بکرێت بەبەر یەکێک، یان بەبەر جۆرێک لە مەخلووقەکانییدا؟ (أَفَمَن يَخْلُقُ

كَمَن لَّا يَخْلُقُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ) النحل/١٧؛ چما یەکێک لە نەبووەوەو شتی خەلقکردووە، ئەمە وەکو ئەوەیە کە هیچی خەلقنەکردووە؟! ئێ بۆچی تێنافکرن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە (ئیستینکارییە)ش تەنها یەک وەڵامە کە (نا، نەخێر)ە. چما شیاوە لە هەست و هۆش و هزری مرۆڤێکی پارسەنگی ئاساییدا ئەوە بچەسپێت کە (خالق) و (مەخلووق) وەکو یەکن؟ ئەوەی ئەم هەموو ئاسمانەکان و زەوی و مرۆڤ و ژیان و مردنی خەلقکردووەو لە نەبووەوە هێناونێتیە وجوودەوە، وەکو یەکێکە کە میچی (خەلق) نەکردووەو خۆی مەخلووقێکی بێتواناو لاوازو نەزانە؟ ئایا بەراوردکردنیان لەنێواندا هەیە.. کوێی ئەم مەخلووقە وەکو خالقە؟ تا ئەو ماف و سیفەتانەی کردگارێتیی و پەرستراوێتیی و فەرمانرەوایێتیی (حاکمێتی)یەی خوای گەورەی بدەنێ؟! (خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ تَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ. خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ) النحل/ ٣_٤ ؛ خوای گەورە ئەو ئاسمانانەو زەوی لەسەر حەق و راستیی دروستکردووە، پاکیی و بڵندیی بۆ ئەو، لەو هاوبەشێتییەی بۆی بڕیاردەدەن. خوای گەورە مرۆڤی لە دڵۆپە ئاوێک خەلقکرد، کەچی ئەوەتا شەڕانیی و شەڕەنگێزێکی سەخت خۆی نیشاندەدات! هەموو شتێک بە حەقیانەت دروستبووە. هیچ شتێک نییە بەناحەق خەلقبووبێت، هەموو شتێک راست و دروست و شیاو خەلقبووە، حەقەو لەپێناوی حەقدایەو دەبێت بۆ چەسپاندنی حەق بەکاربێت، بەپێی بەرنامەی حەقی خوایی.. ئیتر چۆن دەشێت ئەم حەقە زەوتکەن و بیکەن بە مافی هاوبەشەکانتان؟! سوبحانە الله لە چاو قایمی و بەرەڵاییتان، لە نەزانیی و نەفامیتان، لە ستەمکاریی و دەستدرێژییتان. خوایەک کە ئاسمانەکان و زەوی و گەردوون و ژیانی خەلقکردووە، مرۆڤی لە نەبووەوە ئیجادکردووە، کە هیچ هاوبەشێکی لە خەلقکردنیدا نەبووەو نییە، هیچ شتێک لە هیچ سیفەتێکییدا هاوبەشنییە، ئیتر ئەم شیرکدانانەتان بۆی چۆن پی حەقەو بەراست و

ڕەوای دەبینن و دەناسێنن؟ خوای گەورەی کە کردگارو پەروەردگارە بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ سیفەتێکییداو بە هیچ رادەو بڕێک (شەریک)ی نییە..

بە هەمووتان دەرەقەتی مێشێک نایەن!

خوای گەورە نموونەیەک لەسەر مانای خەلقکردن دەهێنێتەوە، کە چەند گەورەو گرنگ و کاریگەرە، کە چ نهێنییەکی سەرسوڕهێنەری لەخۆگرتووە دەفەرمویٚ : (يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَن يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِن يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ) الحج/ ٧٣؛[١]

ئەم نموونەیە ڕێسایەکی نەگۆڕو حەقیقەتێکی زۆر ڕۆشن دەخاتەبەردەست، ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی ئێوە بەخواتان داناون و هاناو هاواریان بۆ دەبەن، ناتوانن مێشێک دروستبکەن، ئەگەرچی هەر هەمووشیان هاوکاری یەکتریش بن..

هەموو ئەوانەی ئێوە بەخواتان داناون، بتی دارو بەردن، یان بتی دابونەریتن، یان بتی کەسانی زیندوو و مردوون[٢]. هەموو ئەمانەو هەموو مەخلووقاتیتر، کە هاواریان بۆ ببەن و داوای یارمەتی و سەرکەوتنیان لێبکەن، داوای زانیاری و تواناو پلەو مەنزیلەیان لێبکەن، ئەگەر هەر هەموویان سەرجەم کۆببنەوە (کە مەحاڵیشە) ناتوانن مێشێک خەلقبکەن.. مێشێکی بچووک و بێبایەخ، با هەرچی مەخلووقات هەیە کۆببێتەوەو هاوکاری یەکتری بن، بەئومێدی خەلقکردنی مێشێکی گچکە کۆببنەوە، داخۆ دەتوانن خەلقیبکەن. خەلقکردنی مێش و گامێش فەرقی نییە، خەلقکردنی مێشێکیش هەر وەکو خەلقکردنی فیلێکە، یان یان حوشترێک. هەموویان نهێنییە

---

١ ماناو لێکدانەوەی ئایەتەکە وا لە پاشکۆی ژمارە یەکدا.

٢ یان بتی فەلسەفەی کۆن و نویٚ و زانستی سەردەم!

سەرسووڕهێنەرەکەیان لەخۆگرتووە، نهێنی ژیان. مێشێک چۆن لە گەراوە ژیانی تێگەڕاوە، هەر وەکو فیلێکە کە لە هێلکۆکەیەکەوە ژیانی تێگەڕاوە! بەڵام قورئانی پیرۆز کە کێبڕکێیان لە خەلقکردنی مێشێکدا لەگەڵ دادەکات، لاوازیی و دەسەوسانیی خۆیانیان دەخاتەوەبەرچاوو چاویان دەشکێنێت، وورەیان دەڕوخێنێت، هۆشیان بەبەردادێنێتەوە، کە ئەوەتا ئێوە بە هەر هەمووتان و خواکانتان بە بتی دارو بەردو کەس و شەخس و دابونەریت و زانست و زانیاریتانەوە، مات و مەلول کەوتوون و مێشێکتان پێ دروستنەکراوە و پێ دروستناکرێت! (ئیتر بۆچی تەسلیم بە بانگەوازی دینەکەی خوا نابن و پەیامی پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم وەرناگرن؟).

قورئانی پیرۆز بە شێوازی خۆی (بۆ ئەوەی تەعبیرەکانی لە ئاستی ڕەوانبێژی بهێنێتەخوارەوە) باس لە خەلقکردنی مێشێکیان دەخاتەبەرچاو، تا ببێتە خولیای سەریان، بێئەوەی خەلقی فیلیان بۆ باسبکات، تا لەناخیاندا هەستبکەن کە لە خەلقکردنی مێشێکدا ئەوەندە دەستەپاچەو کۆڵەوار کەوتوون، بە دڵنیاییەوە لە خەلقی فیلێکدا، یان لە خەلقی چیایەکدا زۆر دەسەوەسان و کۆڵەوارترو مەلوولتر دەکەون.. پاشان لەم خرۆشانی هەستی لاوازێتییەیانەوە بەرە و لاوازییەکیتریان دەیانهێنێت، سەرسوڕهێنەتر، کە دەفەرموێ: (وَإِن يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ). ئەگەر هەموو خواکانیان بەهەموو جۆرێکیانەوە ببرێنە یەک شوێن و هەموو پەرستیارەکانیان لێیان کۆببنەوە _کە مەحاڵە_ ناتوانن تەنانەت ئەوە لە مێشەکە بسەننەوە کە دەستی بەسەرداگرتوە و بردوێتی!

هەر مێشەکە دەتوانێت هەزاران خۆشەویست لەناو کەسوکارو پاسەوانانی دڵسۆزیدا رافرێنێت و تەسلیم بە مەرگی بکات.. هەر هەمووشیان ناتوانن ببنە بەربەستی هەڵمەتی ئەو مێشە بچووک و بێنرخە! ئەو مێشە بچووک و هیچوپوچە! بە

ملیۆنەها میکرۆب دەگەیەنێتە کەسی نیشانکراویی و بەنرخترین و گرنگترین و کاریگەرترین شتی لێدەسەنێت کە ڕۆحێتی، گیان و ژیانێتیی! ئەم مێشە گچکە ئەو کەسە زەبەللاح و گەورەو گرنگە دەدات بە زاویداو تەسلیم بە مردنی دەکات! ملیۆنەها میکرۆبی سیل و گرانەتا و تەراخوما لە خوێنی دەپەستێت (کە وەکو شرینقە پێستەکەی کوندەکات و هەڵیدەڕێژێتە خوێنییەوە!).. هەرشتێکیش لەگەڵ فڕینەوەیدا هەڵگرێت و بیبات ناتوانن لێی بسەننەوە (بە کوشتنیشی لێیناسەندرێتەوا!).

دەبی (تەوحید) زۆر بەچاک و پاکیی وەربگیرێت:

قورئانی پیرۆز یەکەمین بایەخی _لە بانگهێشتی خەڵکیدا بۆ ئیسلام_ بە قەناعەتی ناخی دڵ و دەروونی کەسەکانە، بە باوەڕهێنانی چەسپاوو قایم و هەست و هۆش و فامی ئەوەی کە وەریگرتووە حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستی ژیان و بوونە. ئەوەیە کە لە ناخیدا ئیمانداریێتیی تەوحیدییانەی لەسەر دادەمەزرێت.. ئەم قەناعەتەی مرزو ئەو هەستەی هۆش و باوەرهێنانی بەو حەقیقەتە رەهایانەی خواناسیی هەموو دەبنە زەمینەیەک و دیدو تێڕوانین و مومارەسەی دینداریان لەسەر بنیاتدەنرێت. سەرەتا کە ئەو قەناعەتی بێڕاڕایی و دوودڵیی و گومان دادەمەزرێت، ئەوەی لا دەچەسپێت کە پەروەردگارێتییەکی تایبەت و بێوێنە هەیە کە هەر سیفەتی خوای گەورەیە. ئەم خواناسییە تاکە، خواپەرستیی پاکی لەسەر دادەمەزرێت، یان بەدوادادێت. خواپەرستیەکەش تەنها لە درووشمەکانی پەرستندا نین (لە نوێژو رۆژوو و حەج و زەکات و زیکرەکاندا) بەڵکو ژیانی عەبدێتیی هەموو گۆشەو کەنارو سات و کات و حاڵەتێکی بزاوت و سرەوتی مرۆڤەکان دەگرێتەوە.. بەوەش ژیانیان دەبێتە (عیبادەت) و عیبادەتەکەش تەنها بۆ خوای تاکە پەرستراو ئەنجامدەدرێت، کە کردگاری مرۆڤ و گەردوون و ژیانە، کە (خەلق) و (ئەمر) هەر لەوەوە دەرچووە: (أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ..)

الاعراف/٥٤ ؛ ئەریٚ، هەر هەموو خەلقکردن و فەرماندەرکردنەکان مافی خوای گەورەن.

ئیسلام بایەخێکی ئێجگار زۆرو گرنگی بەو حەقیقەتەی (تەوحید) داوە، کە دەبێ بێڕاراپی و گومان و گریٚ و گۆڵ ئەوە لە دڵ و دەروون و هەست و هۆشدا بچەسپیبێت کە خوای گەورەی تاکوپاک و بێخەوش و بێهاوبەش، بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت هاوبەشێتیی (شیرک) تێکەڵ بە هیچ لایەن و سیفەت و جۆرێکی (تەوحید)ەکە بکرێت. نابێت موسوڵمانی خواناس بەهیچ کلۆجێک (شیرک) بکەوێتە دیدو تێڕوانین، یان مومارەسەی بزاوت و سرەوتیەوە.. چونکە خوای گەورە هاوەڵ و هاوتاو هاووێنەو هاوبەش و هاوڕاو هاوڕێی نییە.. هیچ مەخلووقێک هیچ سیفەتێکی خوایی لە هیچ شتێکداو بە هیچ رادوە بڕێک نییە.. چونکە هیچ شتێک وەکو خوای گەورە نییە: (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ) الشورى/ ١١.

لەسەر ئەم خواناسییە پاک و راستە حەقیقەتێکیتری بیناکردووە کە بریتیە لە پەیوەندی مەخلووقەکان بە خوای کردگارو پەروەردگارو پەرستراوی خاوەن دەسەڵات و حاکمێتیی و فەرمانرەواییەوە. پەیوەندی هەموویان پەیوەندی عەبدێتییە.. مەخلووقەکان هەرهەموویان عەبدی خوان و خوای گەورەش پەرستراویانە، هیچ پەیوەندیەکیتری غەیری عەبدێتیی و خوایەتیی لەنێواندا نییە.. قورئان ئەوەشی هەروا بەهەندگرتووەو زۆری جەخت لیٚ کردۆتەوەو بەردەوام لە هەموو لایەنەکانییەوە نیشانیداوە، روون و راشکاو، بە شێوەیەک کە بواری لێتێکەڵبوون و گومانبردن و هیچ ئەگەرێکی ناحاڵیبوون نەماوەتەوە.

ئیسلام ئەم حەقیقەتانەی کردۆتە کرۆک و تەوەرەی بانگەوازی هەرهەموو پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێ) ئەمانە کۆلکەی هاوبەشی بانگەوازی هەموویانن.

تەوەرەی بانگەوازی هەریەکەشیانە بە جیا، لەسەردەمانی نوحەوە سەلامی خوای لێبێ تا سەردەمی پێغەمبەری کۆتا صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یەک باسێکی هاوبەشی نەگۆڕ هەیە کە جێبایەخی هەمووان بووەو هەمووشیان ئاشکرا و راشکاوانە رایانگەیاندووە، کە ئێمە بۆ ئەو ناساندنە هاتووین: (اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ) الأعراف/٥٩ و ٦٥ و ٧٣ و٨٥، هود/ ٥٠ و٦١ و ٨٤، المؤمنون/٢٣، هەموو هەر وا دەفەرموون.

خوایەتیی خوای پەروەردگارو عەبدایەتیی مەخلووقاتەکانی، ئەمە هاوکێشەی حەقیقەتی بوون و گەردونە. ئەمە ئەو رێسایەیە کە هەموو دیدو تێڕوانین و بۆچوون و پێناسەو بزاوت و سروەتێکی لەسەر بینادەنرێت.ئەمە تاکە حەقیقەتەو ئەمیش هاووێنەو هاوشێوەو لێکچووی نییە،چونکە سیفەتی خوایەتیی خوای گەورەیە.. نە دیدو تێڕوانین، نە هۆش و هەست، نە بزاوت و سرەوت، لە هیچ تاکوکۆیەکی مرۆڤایەتییدا پارسەنگ نابێت، ئەگەر لەم ڕوانگەوە نەهاتبێت و لەسەر ئەم رێسا حەقیقەتە دانەمەزرابێت. هەموو شتێکی تاکوکۆ کاتێک پارسەنگ و راستە، کاتێک گەشەو نەشونما دەکات، کە ئەم حەقیقەتەی تێدا هاتبێتەدیی، حەقیقەتی خوایەتیی خواو عەبدێتیی خۆیان بۆی. کە ئەو کردگاریانەو ئەمان مەخلووقی ئەون، ئەو خاوەنیانەو ئەمان موڵکی ئەون، ئەو حاکمی دەسەڵاتداریانەو ئەمان رەعییەتی ئەو.. جوداییان لە نێواندا ناکات، هەموویان بە عەبدی خۆی دەناسێنێت، ڕێی هیدایەتیی بۆ هەموویان وەکو یەک کردۆتەوە، بەڵام سەربەستی داوەتەوە خۆیان کە کامیان دەیەوێت ئەو ڕێگایە بکاتە شاڕێ و بەتەقواو چاکسازیی لە خوای گەورە نزیکتر ببێتەوە، ئازادەو کامیشیان دەیەوێت ئەو ڕێگایە بکاتە کوێرەڕێ، یان پشتبەست بە گوناح و سەرپێچی خوای گەورەو دورتر دەکەوێتەوە هەر ئازادە.. گرنگ ئەوەیە خوای گەورە هەموویانی وەکو یەک بە عەبدی خۆی قبووڵکردووەو کەسیانی نەکردوەتە کوڕ یان کچی خۆی.. خوای گەورە بۆ هەمووانی ڕونکردۆتەوە کە ژیان و پەیوەندی و

ئەرک و مافتان لەسەر ئەو عەبدێتییە دامەزرێنن و بە پێی بەرنامەو تەعلیماتی وەحی خۆم سەرفرازدەبن، سەرکەوتوی دنیاو ڕووسووری قیامەت دەبن.. تا هەموویان ئەو باوەڕو قەناعەت و هەست و ئینتیمایەیان بچەسپێت، کە هەموویان وەکو یەک عەبدی یەک خوان و هەڵوێستی خوای گەورە لە خەڵقکردنی هەموویان و پێناسەیاندا یەکسانبووەو هەمووشیانی وەکو یەک ڕێنماییکردووە، یان هۆشداریی خۆی وەکو یەک داونەتێ، هەمووشیان بە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بێجیاوازیی بە خوای خۆیانەوە هەیەو نەیفەرمووە هەندێکتان ببنە واسیتەو تکاکارو وەکیلی من!

نا.. هەرهەموو ڕاستەوخۆ بێواسیتەکاری نێوان، دەتوانن و بۆیان هەیە ڕوو لە خواکەن و ڕاستەوخۆ بیپەرستن و داوای لێبکەن. هەرکەسێک بڵێت من ئاڵقەی پەیوەستی نێوان ئێوەو خوای گەورەم و دوعاکانتان دەگەیەنم، پەرستنەکانتان بەرزدەکەمەوە، من لای خوای گەورە دەستمدەڕوات و تکاتان بۆ دەکەم، زەمانەتتان دەکەم، من لێتان خۆشبم خواش لێتان خۆشدەبێت، وەرن پسووڵەی لێبوردنتان پێبفرۆشم و بەهەشتتان بۆ مسۆگەرکەم! ئەمانە چەواشەکاریی و فریودان و ڕێ پێبزرکردنن.. ئەمە خراپ بەکارهێنانی تێگەیشگنە لە دین و مومارەسەکردنی فێڵکارین بەناوی دینەوە خوای گەورە هەمووانی وەکو یەک دروست کردووە و هەمووشیان عەبدی ئەون و بۆیان هەیە ڕاستەوخۆ لە خزمەتییدا بدوێن..

لەم ڕوانگەوەیەکە پەیوەندی عەبدێتیی بە خوای کردگارەوە هەر بریتی نییە لە عەقیدەیەکی ڕووتی مەعریفیی و ویژدانیی، کە لە دڵ و دەروون دا بەشێوەیەک لە شێوەکان جێگیربووبێ و بەس. نا.. لە ئیسلامدا هەموو پەیوەندییەکانی تاکوتاک و

تاکوکۆی گەلان لەسەر ئەم عەبدێتییە دادەمەزرێت، بۆیە پەیوەندی نەوەکانی موسوڵمانان ئاوا بەیەکترییەوە بەهێزە[1]..

هاتنی ئیسلام لەدایکبوونەوەی نوێی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، لەدایکبوونەنەوەی مرۆڤی ئازادە، لە پەرستنی عەبدی وەکو خۆی و شادبوونەوەیەتی بە عەبدێتیی بۆ خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتداری ڕەهای. لەبەر ئەم لەدایکبوونەوەو ئازادبوونەوەیەی مرۆڤایەتییە کە نابینیت لە ئیسلامدا (کڵێسا)و (دەسەڵاتی پیاوانی کڵێسا) دروستبووبێت،کە بەناوی دینی خواوە گەردنی خەڵکی بۆ خۆی کەچکات! کە گەلان ژێردەستەکات، بەو سیفەتە ساختەیەی کە گوایە (نوێنەری کوڕی خوا)یە! لە ئیسلامدا نابینی کە دەسەڵاتێکی حوکمڕانیی (پیرۆز)بێتەکایەوەو بڵێ (مافی خوایی)مان دراوەتێ! گوایە مافی یاساو ڕێسادارِشتن وحوکم و داوەریکردنیان پێدراوە، چونکە شەریکی خوای گەورە و خزمی(کوڕی خوا)ن نەعوزوباللە، کە گوایە کڵێساو پیاوانی (سێبەری خوا)ن و لەولاشەوە ئیمپراتۆرەکانیش بڵێن ئێمەش دەسەڵاتی خواین لەسەر زەوی و کڵێسا حوکمی ئێمەشی پیرۆزکردووە. لەئیسلامدا، لە مێژووی موسوڵماناندا نە دەسەڵاتی (حەقی خوایی) درایە مزگەوت و مەڵبەندێک، نە دەسەڵاتی (سێبەری خوا) درایە دەسەڵاتداران.. ئەوروپا کەوتبووەدەست ئەو دووهێزە دەسەڵاتدارە لە سنوربەدەرەی حوکمڕانیی. کە خەڵکیان چەوساندەوەو لەناوخۆشیاندا لە ململانێی دژواردا بوون، ئەمە هەر ئاوا دەڕۆیشت تا ئەو سەردەمەی خاچپەرستان حەملە داگیرکارییە ڕقنەکانیان کردەسەر خاکی ئیسلام، بەڵام کە لە نزیکەوە ئیسلام و موسوڵمانانیان بینی، تۆوی گۆڕانکاریی دیدو هەڵوێستی (دینی)یان لەگەڵ خۆدا

---

١ دەبینیت وەلائمان بۆ سەیدنا نووح علیه السلام و موسوڵمانە شوێنکەوتووەکانی هەیە ئەگەرچی نێوان نەوەی ئێستای ئێمەو نەوەی شوێنکەوتووانی سەیدنا نوح و ئیبراهیم علیهم السلام هەزاران ساڵی نێوانە.

بردەوە، کە بووە چەکەرەی شۆڕشەکانی (مارن لۆثەر)و (کاڵفن)و (زەنجلی)کە دواتر بەناوی (بزافی ئیسڵاحسازیی) ناسرا، کە دیاربوو چەند کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئیسلامەوەو دیدرۆشنیی بیروهۆشی ئیسلامیی زۆر دیدو هەڵوێستی پێ گۆڕیبوون، لەوانەی بە پیرۆزو نەگۆڕیان دادەنان، لە ئیسلامەوە فێربووین کە نە مرۆڤێک و نە دەسەڵاتێک هەیە پێی بوترێت (کوڕی خوا)و (نوێنەری خوا)و (سێبەری خوا). لە ئیسلام و موسوڵماناندا حەقیقەتی پەیوەندی نێوان (خالق)و (مەخلووق)یان بینی.. لە ئیسلامەوە فێربووین کە ئەستەمە (مەخلووق)ێک سیفەتی خوای هەبوبێت.. ئەم بیروهۆشە نوێیە بووە هەوێنی ئەو شۆڕشە کاریگەرەی کە کیانی کاتۆلیکی هەڵوەشاندو پرۆتستانتی هێنایەکایەوە، کە پێشتریش شەڕی پەیکەر (ئەیقونە)ەکانی لەناو بیزەنتەدا بۆماوەی هەشتاساڵ دروستکرد..

تەوحید بانگەوازی ئازادییە:

خوای گەورە کە بڕیاری ئەبەدیی و حەقی بەڵگەنەویستیی رەهای خۆی داوە، کە (مەخلووق)ەکان ئەرکی عەبدێتییان لەسەرەو دەبێت بیپەرستن، چونکە خوایانە، دەبێ ملکەچی فەرمانەکانی بن، چونکە دەسەڵاتدارو حوکمڕانیانە، لەبەر ئەوە نییە کە خوای باڵادەست پێویستی بەو خواپەرستییەی ئەوان هەبیت،چونکە هەموو مەخلووقاتەکانی لە یەک کات و ساتدا سوجدەی بۆ ببەن، هیچ لە موڵکی خوای گەورە زیادناکەن، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەر هەموویان لە خوای گەورە یاخیبن، هیچ لە موڵکی خوای گەورە کەمناکەنەوەو نابنە مایەی سوودو زیان بۆ خوای گەورە.[1]

١ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢)لەکۆتایی ئەم باسەدایە، فەرمووده (قودسی)یەکەی لەسەر ئەم ڕوانگەیە دەدوێت.

_خوای گەورە فەرمانی بە مرۆڤ کردووە تا عەبدێتیی خوای گەورە قبووڵکات و لە دیدو ڕەفتاریدا مومارەسەی،بکات تا خۆی و خەڵکیتر ئازادبکات.. خوای گەورە دەخوازێت مرۆڤ ئەم تەوحیدە وەربگرێت تا لە عەبدێتیی غەیری خوا ڕزگاری بکات و ئازادانە ببێتە عەبدی خوا.. ئەوەش:

١_ بەروون کردنەوەی دیدی لێڵ و روانگەی چەوت و تێڕوانینی پشێوو پێناسەی هەڵەو هەست و هۆشی مونحەریفی دەبێت.

٢_ کە دیدو تیڕوانینی روونبووەوە باروو دۆخ و حاڵەتەکانی بزاوت و سرەوتیشی پارسەنگدەبن.. بارودۆخی فیکریی و ماددیی پارسەنگ نابن لەسەر غەیری ئەم تەوحیدو عەبدێتییە کە بۆ خوای گەورە دەبن و بەس..

٣_ ئەمانە هەمووی بە هەنگاوی یەکەم دەستپێدەکەن کە باوەڕبوونە بە تاکێتیی کردگارێتی خوای گەورەو پاکێتیی پەرستراوێتیی و مەزنیی حاکمێتیی خوای گەورە.. ئەم حەقیقەتە دەبێت لە سەرەتاوە لە دڵ و دەروون و هۆش و هزردا بچەسپێت، تا دواتر لە هەڵوێست و ڕێبازو بەرنامەدا دەردەکەوێتەوە.. لە داب و نەریت و قیەمدا دەدرەوشێتەوە..

خوای گەورە دەیەوێت ئەم حەقیقەتە _بە هەموو ڕەهەند و لایەنەکانییەوە_ لە دڵ و دەروندا بچەسپێت، تا لە ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەکەشدا بچەسپێت، بەوەش مرۆڤایەتی لە عەبدێتیی بەندەکان قوتاردەبیت و ئازادانە دەکەوێتە ناو کاروانی عەبدەکانی خوای گەورەوە. کە لە دیدو هەڵوێستیاندا لە داب و نەریتیاندا، لە کۆمەڵگەو دەسەڵاتیاندا ئەو عەبدێتییە بۆ خوای گەورە مومارەسەدەکەن و خۆشیان قەناعەتدەکەن و بەکردەوە بانگەوازەکە ڕووندەکەنەوە، کە ئەوی کردگاری گەردوون و ژیان و مرۆڤە، هەر ئەو پەروەردگارو خاوەنە، هەر ئەویشە کە دەبێ دروشمەکلانی

پەرستنی بۆ ئەنجامبدرێت، دیسان هەر ئەویشە کە دەسەڵاتی باڵاو سەروەریی هەیەو دەبێ تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتی موسوڵمانان تەسلیم بە بەرنامە و شەریعەتەکەی ئەو ببن و بەس.. ئائەمە ئەو تەحیدەیە کە لە هەموو مرۆڤ داواکراوە.

ئاوا ئەم مرۆڤە قوتاربوانەی عەبدێتیی خوای تاکوپاک مومارەسەدەکەن و تەنها ئەو بە دەسەڵاتداریان دەزانن، خوادەپەرستن و ملکەچیی بۆ هیچی غەیری خوا دەرنابڕن، شەریعەتەکەی ئەو رادەپەڕێنن و یاسای هیچ کەس و دید و تیۆرێک وەرناگرن، خوای گەورەش ئاوای دەوێت..

خوای گەورە دەیەوێت بەم دیدو دینە ئەوە روون کاتەوە کە مرۆڤەکان هەر هەموویان عەبدی ئەون و ئەوانەی دین و دیدەکەیان وەرگرتووە، سوجدەیان بۆ خوایەو سەریان بەرامبەر هەموو دەسەڵاتدارێکی طاغووتی بەرزە، لەو کاتەی خەڵکی کۆیلەیی نارەوایەتیەنن، ئەمانە ئازادن و عەبدی غەیری خوا نەماون. بۆ غەیری خوا ناچەمێنەوەو سوپاس و ستایشی عەبدانە بۆ غەیری خوا راناگەیەنن و ناوچەوانیان بۆ غەیری خوای کردگارو خاوەن و پەرستراویان دانانەوێنن..

خوای گەورەش ئەوەیان لێ داوادەکات، بەوەش لە خوای باڵادەست نزیکدەبنەوە، چونکە ئەمە تەقوای چاک و دینداریێتیی سەرراستانەیە.. ئەمانە بەو عەبدایەتییەیان بۆ خوای گەورە شیاوی ئەوە بوون ببنە مایەی ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی.. کردەوەی چاک دەکەن، تا زیاتر لەخوای گەورە نزیکببنەوە، خوای گەورەش ئاوای دەوێن.. خوای گەورە دەزانێت کەبەم زانین و تێگەیشتن و باوەڕهێنانە بە حەقیقەتی خوایەتیی و حەقیقەتی حاکمێتیی خوای گەورە، ئەمانە دەبنە ئەهلی تەوحیدو غیرەت و بوێریی و جورئەتیان بۆ بەرگریکردن لە دەسەڵاتی خوای گەورە تەرخاندەکەن و بۆ دینەکەی لێدەبڕێن.. ئاوا بەم عەبدایەتییە پاڵفتەدەبن و کەسیان لافوگەزافی (سێبەری خوایی) و

(دەسەڵاتی پیرۆز) لێنادات.. ئاواش تاکوکۆی کۆمەڵگە چاکدەبن و بارودۆخ و قییەمیان پارسەنگ و ژیانیان پێشکەوتووانە دەچێتە ئاستی ڕاقێتیی..

قبووڵکردن و باوەڕکردن و مومارەسەکردنی ئەم حەقیقەتانەی تەوحیدو ڕوولەخواکردنی پاک و سەرراستانەی دینداریّتیی، پەیوەستبوونی دڵ و دەروون بەتەقواوەو رەفتارکردن بەپێی فەرمانی خوای گەورەو پابەندبوونی قییەمی کۆمەڵگەو سیستمی دەوڵەت بەشەریعەتی خواوە، هەموو دەبنە گەنجینەی خێر بۆ مرۆڤایەتیی بۆ چەسپاندنی ڕێزو ماف و ئازادی و یەکسانیی و پارسەنگیی و دادی کۆمەڵایەتیی و ئیزافە دەبنەسەر ڕەنجی مرۆڤایەتیی لە ژیانی دنیادا، کە دەبنە مایەی خێرو خۆشیی و کامەرانیی مرۆڤایەتیی و مایەی زەخیرەی قیامەت و پاداشتی بێحسابی لای خوای گەورە، کە لە لوتف و ڕێزو میهرەبانی خوای کردگارو خاوەن و دەستەڵاتداریانەوە بەسەریاندا دەبارێت..

دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەم حەقیقەتانەی تەوحیددا، لە ڕووانگەو پێناسەی ئیسلامەوە، بڕوانینە مەسەلەی باوەڕهێنان بە خوای گەورەو بەو شێوە روون و بەرفراوانەی قورئان شەرحیکردووە، بەو چۆنیەتییە گشتگیرەی ئیسلام راشکاوانە بەیانیکردووە. تەوحید بەم پێناسەو سیفەتەیە کە ڕێساو زەمینەی هەموو پەیامەکەی ئیسلامە. ئەوە ئەو تەوحیدەیە کە بانگەوازی هەموو پێغەمبەرانی خوا بووە علیهم السلام. ئەوە تەوحیدە راست و پاکەکەی خوای گەورەیەو سەرچاوەی پاکیی و سافیی یەکخواناسییە، کە دواتر بە کاریگەریی نەزانیی و ئینحراف و هەواوهەوەسی نەوەکانی دوای ئەوان، پشێوو ئاڵۆزو لێڵبوو. دەبێت ئەو تەوحیدە ئاوا وەربگیررێتەوە.. ئەوە ئەو خواناسییەیە کە بووە مایەی لەدایکبوونەوەی مرۆڤ و ناساندنەوەو دابینکردنەوەی ماف و ڕێزو ئازادی و دادو چاکسازیی.. بەو تەوحیدە قوتاردەبنەوەو لە عەبدێتیی

غەیری خوای گەورە ئازاددەبن و دێنەوە سەر ڕێبازی عەبدایەتیی خوای تاکوپاک، لە ناسین و لە پەرستن و لە حاکمێتیی خوای گەورەو چەسپاندنی دین و شەریعەتەکەی، لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکوکۆدا..

ئەو کەسانەی لوتبەرزانە خۆ لەعەبدێتیی خودا دوورەپەرێزدەگرن، زەلیلی عەبدێتییترن.. نەک یەک جۆری یەک کەس، زەلیلی عەبدێتیی دەیان بت و کەس و داب و نەریت و بەرنامەو ڕێبازو سیستم و قییەمن.. ئەوانە ناچارانەو زەلیلانە دەبنە عەبدی هەواوهەوەس، عەبدی ئەفسانەو وەهم، عەبدی کەسانی وەکو خۆیان، کە لەبەردەمیاندا کزو کڵۆڵ و نەبوو، رادەوەستن، بۆیان دەچەمێنەوە، لێدەگەڕێن تەحەککوم لە ژیانی تاکوکۆیاندا بکەن، ڕەفتارو ڕەوشتیان بۆ دیاری دەکەن، یاساو ڕێسا و سیستم و تەعلیماتیان بەسەردا دەدەن، بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان بەسەردا دەدەن و ناچاریاندەکەن لێیان وەرگرن و پێشیەوە پابەندبن! ئا ئەوەیە عەبدێتیی بۆ غەیری خوای گەورە، ئەم کەسانەی ئاوا خۆیان لە عەبدێتیی بۆ خوای گەورە ڕاپسکاندووە ناچارو زەلیل و بێدەسەڵاتانە کەوتوونەتە ژێر تین و فشاری دەیان کەس و داب و نەریت و هۆش و هزر و ڕێبازو ئینتیمایتر، کە هەریەکەیان شتێکی لێ دەخوازێت بیکات، کە ئازادی و ماف و ڕێزو کەرامەتی پێ دەدۆڕێنێت! چونکە لە سەرەتاوە رازیببوو ئەوانەی لێ ببن بە خوا!! هەروەکو کە بتی جاهیلییەت لە عەرەبەکان کرابوو بە خوا.. ئەمە باجی عەبدایەتییە بۆ غەیری خوای گەورە، کە هەر دەبێ بدرێت.. ئەوە ناسۆری ژیانیانەو لە ڕۆژی دواییشدا هەر دەکەونە بەر غەزەبی خوای گەورە. خوا لاماندات: (وَأَمَّا الَّذِينَ اسْتَنكَفُوا وَاسْتَكْبَرُوا فَيُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا)النساء/١٧٣؛ ئەمما ئەو کەسانەی کە خۆیان بەگەورەتر دەزانی لەوەی خوابپەرستن و لووتبەرزانە هەڵوێستی دژیان لە بانگەوازی خوایی گرت، ئەوانە حەتمەن خوای گەورە سزای زۆر بەژان و سەختیان دەدات، جا

دەبینن کە لە ڕۆژی دواییدا کەسیان نابێت خەمخۆریان بێت یان پشتیوان و سەرخەریان بێت.

قورئان بنبڕانە بڕیاریداوە کە حوکمکردن بە پەیامی خوای گەورە یەعنی وەرگرتنی ئیسلام و چەسپاندنی، بەڕاپەڕاندنی ئەحکامەکانی حەرام و حەڵاڵ لەناو خاڵکیدا.. ئەمە وەرگرتنی (دین)ە کە پیادەکردنێتی، ئەمە ڕاگەیاندنی خوایەتیی خوای گەورەیە کە هیچ هاوبەشێکی لە هیچ سیفەتێکی پەروەردگارێتیی و کردگارێتیی و خاوەنێتیی و حاکمێتییدا نییە. ئەمە ڕاگەیاندنی تەوحیدەکەیە. کەوابوو راگەیاندنی (لا اله الا الله)کە لە چەسپاندنی ئیسلامەکەدایە، وەکو: باوەڕ بەدڵ و دەروون و پەرستن لە درووشمەکانی پەرستنداو پابەندبوون بە ئەحکامی شەریعەت لە ئاڕاستەکردن و ڕاگرتنی پارسەنگی ڕەفتاری دەستەجەمعی کۆمەڵگەو دەسەڵاتدا..

_ سەلماندن و چەسپاندنی تەوحیدەکە ئەوەیە کە خوای گەورە تاکە کردگارەو بەهیچ شێوەو سیفەت و چۆنێتییەک لە خەلقکردندا هاوبەشی نییە.. سەلماندن و چەسپاندنی ئەوەیە کە خوای گەورە تاکە خاوەنەو دەسەڵاتدارەو بەهیچ شێوەو سیفەت و چۆنیەتییەک لە خاوەنێتیی و دەسەڵاتدارێتیی و حاکمێتییدا هاوبەشی نییە.. ئەمەش یەعنی داوەریی و یەکلاییکردنەوەی هیچ کێشەو ناکۆکییەک بە غەیری شەریعەتەکەی خوای گەورە نابێت بکرێت. چونکە خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتدار خۆی ئەو شەریعەتەی دیاریکردووە کە حوکمڕانیی خەڵکی پێبکرێت، دەبێت فەرمانی خوای گەورە قبووڵبکرێت و شەریعەتەکەی ئەو پیادەبکرێت. ئەگەر نەکرا هەر نەکردن و ئەنجامنەدانەکەی ئینحراف و گوناح و تاوانە، سەرپێچیی و یاخیبوون و کوفرە.. چونکە تەنها و تەنها خوای گەورە زاناو دانایەو مافی ئەوەی هەیە باوەڕی راست و دروست دیاریبکات، تا لەدڵدا بچەسپێت و تەنهاوتەنها هەر ئەویشە

کە مافی ئەوەی هەیە شەریعەتی راست و پارسەنگ دیاریبکات، تا لە کۆمەڵگەدا بچەسپێت.. فەرمانی ئەو لە هەردوکیاندا تەوحیدەو وەلکردن و وەرنەگرتنی فەرمانی ئەو، لە هەردووکیاندا وەکو یەک کوفرو لەخواهەڵگەڕانەوەیە.. بۆیە موسوڵمان هەروەکو کە عەقیدەکەیان لە دڵدا چەسپاندووەو دروشمەکانی خواپەرستییان بە مومارەسە سەلماندوە، سیستم و شەریعەتەکەشیان لە واقیعی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا چەسپاندووە.. هەروەکو کە خوا پەرستیی بەدروشمەکان (نوێژو ڕۆژوو ئەوانیتر) دەکەن، بە راپەڕاندن و چەسپاندنی شەریعەتەکەشی هەر خواپەرستییدەکەن، چونکە هیچ جیاوازیەک لە نێوان فەرمانی (عیبادەتی) و فەرمانی (شەریعەتی)دا نییە. هەردووکیان هەر فەرمانی خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتدارن، کە بە هیچ شێوەو چۆنیەتییەک هاوبەشی لە هیچ سیفەتێکیدا نییە.. خوا تاکوپاکەو کردگارو خاوەن و شارەزای ئاسمانەکان و زەوییەو چەسپاندنی دین و شەریعەتەکەی _ دینی هەموو پێغەمبەرانی بووە علیهم السلام_ تاکە دین و بەرنامەو رێبازە و هیچ دین و بەرنامە و رێبازێکیتر قبووڵناکات..

تەنها خوای گەورە خوایە، تەنها ئەو کردگارە. تەنها ئەو خاوەن وجوودە. تەنها ئەو دەسەڵاتداری تەواوەو مافی حاکمێتیی هەیە. تەنها خوای گەورەیە کە مافی بەحەڵاڵدانان و بەحەرامدانانی هەیە. تەنها ئەویشە کە فەرمانی رەتناکرێتەوەو دەبێت فەرمانەکانی ببنە یاساو رێساو دەستوورو حەتمەن دەبێ رابپەرێزێن. هەروەکو کە تەنها خوای گەورەیە کە پەرستراوی راست و حەقەو تەنها ئەو مافی ئەوەی هەیە هەموو جۆرە پەرستنێکی بۆ ئەنجامبدرێت و هاوبەشی لە هیچ سیفەتێکیدا بۆ دانەنرێت.. خوای گەورە بەیعەتی لە عەبدەکانی وەرگرتووە، کە ئاوا خوا بناسن و ئاوا بیپەرستن و ئاوا حاکمێتیی و شەریعەتەکەی قبووڵکەن و ملکەچانە گوێڕایەڵیبن. داواشی لێکردوون کە بەرامبەر ئەم بەیعەت و پەیمانەیان بەوەفابن و پێوەی

پابەندبن،چونکە گرێبەستی عەبدێتییانە، هۆشداری و هەڕەشەشی خستونەتە پێش، کە ئەگەر پێوەی پابەندنەبوون و لێی یاخیبوون، یان ئیهمالیانکردو خستیانە کەنارەوە، وەکو کە بەنوئیسرائیلیەکان وایان کرد، ئەمانیش ئەو سزا سەختەی دنیا قیامەتیان بەسەردا دەچەسپێنرێت:

_ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ)المائده/١؛ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە ئەو گرێبەستانەتان بهێننەدی کە بەستووتانن.

_ هەروەها:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحِلُّوا شَعَائِرَ اللَّهِ وَلَا الشَّهْرَ الْحەرام وَلَا الْهَدْيَ وَلَا الْقَلَائِدَ وَلَا آمِّينَ الْبَيْتَ الْحەرام يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَانًا)المائده/٢ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە ئەو شتانە حەڵاڵمەکەن کە خوای گەورە حەرامیکردوون، ڕێزی مانگە حەرامەکان (زولقیعدەو زولحیججەو موحەڕەم و ڕەجەب)یش بگرن و قوربانیکردنتان لە مەککە _کە بۆ مەزن دانانی کەعبەیە، کە ماڵی خوای گەورەیە_ وازلێمەهێنن و بەردەوامبن لەسەری و هەرچییەکتان بۆ قوربانی دیاریکرد هیچی بۆ خۆتان لێهەڵمەگرن و لەبەرخاتری خوای گەورە بیکەنە قوربانی. مەشبنە مایەی ترس و تۆقاندنی حاجیان و زیارەتکارانی ماڵی خوا، کە لەبەرخاتری خواو بە ئومێدی فەزڵ و ڕەحمەت و لێبوردنی خوا دێنە حەج و عومرە..

_هەروەها: (وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمِيثَاقَهُ الَّذِي وَاثَقَكُم بِهِ إِذْ قُلْتُمْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ) المائده/٧ ؛ یادی نیعمەتەکانی خوای گەورەو بەیعەت و پەیمانەکەیتان هەمیشە لەیادبێت، کە کردیە گرێبەستی پەیوەندیتان (کە ئەم دینەی بۆ کردنە ڕێبازو شەریعەتەکەی بۆ کردنە دەستوورو پێغەبەری خۆی صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ناردن و بەوەحی ئاڕاستەی کردن و پەیمان و بەڵێنی لێ وەرگرتن کە دینەکەی وەرگرن و پێوەی پابەندبن و جێبەجێیبکەن و

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و دین و شەرعەکەی بپارێزن و بانگەوازی خواناسییەکەی بگەیێنن بەخەڵکی و لەناوخۆتاندا پیادەیبکەن. یادتانبێت کە ئێوە بەیعەتتان بەخوای گەورە لە ڕێی پێغەمبەرەکەیەوە صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا، وتتان بەسەرچاو گوێڕایەڵ و ملکەچین. دەی سا لەخوابترسن و سەرراستانە دینداریەکە بکەن و سووربن لەسەر دین و دینداریی و پێوە پابەندبوونی. بشزانن کە خوای گەورە شارەزای هەست و نەست و ختوورەی دڵ و دەروونیشە[1]..

لەم روانگەوەبوو وتمان: (تاکێتیی خوای گەورە لە کردگارێتییدا، تاکی خاوەنێتیشە. ئەوەی کردگارو تاکە، هەرخۆی خاوەنی هەموو شتێکە. هەر ئەویش تاکوتەنهای رزق و رۆزیی بەخشینە. ئەوە خوای گەورەیە _کە تاکە کردگارەو تاکە خاوەنی بوونەو لە موڵکی خۆی بژێوی هەرهەموو مەخلووقاتەکانی دەدات_ نە کەس و نە هیچ شتێک هەیە لە هیچ سیفەتێکی کردگارێتیی و خاوەنێتیی و رۆزیدانییدا هاوبەشی بێت. جا کە ئەم حەقیقەتە بەڵگەنەویستانە روونبوونەوەو چەسپان، بە تەئکید ئەوەشی بەدواداد‌یێت کە تەنها خوای گەورەشە کە خوایەتیی شایەنەو بەهیچ کلۆجێک و لەهیچ سیفەتێکی خوایەتیەکەیدا نەکەس و نە هیچ شتێک هەیە هاوبەشی بێت. کەوابوو سیفەتی پەروەردگارێتیی کە رۆزییدان و دەسەڵات و ئاراستەکردنە، کە ملکەچیی و گوێرایەڵیی بۆکردن و تەسلیمبوونە پێی، کە وەرگرتنی بەرنامەو رێبازو شەریعەتەکەیەتی، کە تەسلیمبوونی تەواوو دەربرینی عەبدێتیی تەواوە بۆی، هەر دەبێ بۆ خوای کردگار و خاوەن و رۆزیدەر بێت و بەس..).

ئەو خوایەی ئەم گەردوونە بەرفراوانەی بەو هەموو دیققەت و ووردەکاریەیەوە خەلقکردووە، کە هەموو مرۆڤێک بەشێکی لێدەبینێت و واقی لێی وڕدەمێنێت. ئەو

---

١ تەفسیری ابن کثیر /چاپی یەکبەرگی/ ل ٤٧٨.

خوایەی ئەوەندە دەسەڵاتدارو بەتواناو زاناو دانایە کە ئیدارەی ئەم هەموو گەردون و ژیان و وجوودە ئاوا مەحکەم و ڕێک و راست دەدات و کارگێڕیی ئانبەئانی دەکات و لە هیچ بزاوت و سرەوتێکی وجوود بێئاگانابێت، ئا ئەم خوایە کە کردگارو خاوەن و دەسەڵاتداری رەهایە، شایانی پەرستنە، شایانی خوایەتییە: (إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ)الاعراف/٥٤؛ خوای پەروەردگارتان ئەوەیە کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش رۆژدا خەلقکرد، پاشان بۆ سەر عەرشی خۆی بەرزبۆوە.

ئەو خوایەی کە (خەلق)و (ئەمر)بەدەستی خۆی بووەو بەس. چونکە کردگارو پەروەردگارو خاوەن و ژێنەرو مرێنەرو سیستمی کارو گەشەو بزاوت و سرەوتی بۆ هەرهەموو مەخلووقاتەکانی داناوە. کە شەریعەتێکیشی بۆ ئاراستەکردن و ئیدارەی ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو ئیدارەی دەوڵەت لە ژیاندا داناوە. هەر ئەو خوایە حاکمەو پەروەردگارە.. بە دینەکەی پەروەردەدەکات، بەسیستمی حوکم و دەستووری شەریعەتەکەشی فەرمانرەوایی و داوەرییدەکات، چونکە خۆی خاوەن (خەلق)ەو هەردەبێت خۆشی خاوەن (ئەمر)بێت، وەکو کە مومکین نییە کردگارێکیتر هەبێت و هاوبەشی بێت، مومکینیش نییەو ناشێت و نابێت (ئامر)ێکیتر هەبێت کە هاوبەشی حوکم و ڕێسادانان و داوەرییکردنی ببێت: (أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) الاعراف /٥٤ ؛ ئەریّ، هەر هەموو خەلقکردن و فەرماندەرکردنەکان مافی خوای گەورەن.

ئەگەر سەربەستانەو سەرپشکانە ئیختیارات بخرێتە بەردەستی هزرو هۆش و سروشتی مرۆڤ، دوور لە تەماعکاریی و حەزو هەواوهەوەس، دوور لەسەر لێشێوان و فریودان و چەواشەکاریی، دوور لەهێزو زۆرو ناچاریی، بەتەئکید هەر ئەم

خواناسییەی لا دەچەسپێت و بە حاکمێتیی خوای گەورە رازیدەبێت و تەنها شەریعەتەکەی ئەو دەچەسپێنێت و خۆی بە ئاراستەی ئەم دینە گۆشدەکات. هەروەکو کە پێش هەزاروچوارسەد ساڵ لەمەوبەر خوای پێناسیووەو خوای پێپەرستووە. ئەگەر هزرو هۆشی مرۆڤەکان ئازادو سەربەستبوونایە، بەدڵنیاییەوە دوای چواردە سەدە خەڵکانێک ئاوا نەدەگەڕانەوە سەر جاهیلییەتەکەی پێش چواردەسەدەو ئەم جاهیلییەتەی سەردەمیان بەسەردانەدەمات، چونکە خواناس و خواپەرست دەبوون و نەدەکەوتنە شیرکەوە.. ئاوا سەرلەنوێ بتی دارو بەردو بتی کەس و شەخس و بتی دیدو فیکرو بتی هەست و ئینتیما و بتی دەسەڵاتی قەهریان نەدەکردەوە بەخواو خۆیانیان بە قوربان بکەنەوە.. لەوە دڵنیادەبوون کە بتەکانی سەردەمیش وەکو بتەکانی جاهیلییەتی پێشوو داتاشراون و بێدەسەڵات و کزو کڵۆڵن:

_ (وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ) الاعراف/١٩٢؛ نە دەتوانن پەرستیارەکانیان سەرخەن و نە خۆشیان سەردەکەون!..

_ (وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَاةً وَلَا نُشُورًا) الفرقان/٣ ؛ موشریکەکان لە جیاتی خوای کردگار خوایتریان بۆ خۆیان دانا، کە هیچ شتێکیان خەلقنەکردووەو خۆشیان خەلقکراون، کە تەنانەت زیان و سوودیان بۆخۆشیان نییە، نە مردنیان لەدەستدایەو نە زیندووکردنەوە..

پاشکۆی(١)ی باسی یەکەم

هەی خاوەن مێشکینە! مێشێک لە ئێوە بەهێزترە..

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَن يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِن يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ. مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ) الحج/٧٣-٧٤).

مانای گشتی ئایەتەکە

هۆ خەڵکینە نموونەیەک هێنراوەتەوە باش گوێی بۆ هەڵخەن و گوێبیستی ببن، ئەوانەی ئێوە هاواریان دەکەنێ و مانایان بۆ دەبەن _کە لەجیاتی خوای گەورە داتانناون_ هەتا دنیادنیایە ناتوانن مێشێک خەڵقبکەن، باهەر هەمووشیان بۆی کۆببنەوەو هاوکارو یارمەتیدەری یەکتریش بن. تەنانەت ئەگەر مێشێک شتێکیان لێ زەوتبکات ناتوانن لێی بسەننەوە، چونکە داواکارو داواکراو هەر لاوازو دەسەوسانن، بەراستی ئەوانە ڕێزی خوای گەورەیان لا نەبوو کە دەبوو بەراستیی و وەکو شایانێتی قەدری بگرن، خوای گەورە بەهێزو خاوەن دەسەڵاتە..

لێکۆڵینەوەیەکی کورتی ئایەتەکە

١-ئایەتەکە هەموو خەڵکی بانگهێشتدەکات، تا راستەوخۆ بیاندوێنێت،(یا) بۆ بانگکردنە وەکو(هۆ) لە زمانی کوردییدا.. (ها)ی (آيها)کە بۆ ئاگادارکردنەوەو سەرنجڕاکێشانە بۆ لای دەنگەکە تا لابکات بەلایەوە.

٢- (ضُرِبَ) (مبني للمجهول)ە واتە نموونەیەک هێنراوەتەوە.. هەر خوای گەورە خۆی نموونەکە دەهێنیتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی مەنزیلەی مەزنێتی خوای گەورەیان بخاتەوە

پێش، نەک هەر باسی خەلقکردنی مێشەکە ناکات، بەڵکو نموونە هێنانەوەکەش پێی، وا باسدەکات کە بکەر (فاعل)ەکە _کە خوای گەورەیە_ لەو باسە بچوک و سادەو نموونەی سووک و بێنرخ (تافە و حقیر)ەدا نەهێنێتەوە، چونکە خوای گەورە خەلقکردنی ئاسمانەکان و مرۆڤ و ژیاندن و مراندن و ژیاننەوەی پێئاسانەو دەربارەیان دەفەرموێ: (وَهُوَ الَّذِي يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ وَلَهُ الْمَثَلُ الْأَعْلَىٰ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) الروم/٢٧ ؛ ئەوە خوای گەورەیە کە دەست بەخەلقکردن دەکات (کرداریی ڕانەبردووە) پاشان خەلقکردنەوەکەی بەلاوە ئاسانترە.. جا کە ئەمەی لا ئاسان و ئاسانترە، ئیدی خەلقکردنی مێشێک چییە؟ بەڵام بۆ بەربەرەکانێ و بەزاندن! با ئەوە کەرەستەی نێوان بێت.

٣- (فَاسْتَمِعُوا لَهُ) باش گوێی بۆ بگرن، نەک (فاسمعوا لە: گوێی لێ بگرن). چونکە دەشێت بە بازاڕدا بڕۆیت و گوێت لە گۆرانی یەک بێت، بەڵام کە خۆت گۆرانییەکەت لێداوەو کاتت بۆ بیستنی تەرخانکردووە، گوێی لێدەگرێت.. واتە بەتایبەتی هزر و هۆشت داوەتێ..

دەفەرموێ: دەی سا خەڵکینە وا نموونەیەک هێنراوەتەوە باش گوێی بۆ شلبکەن تا بیبیستن و لە هزرو هۆشتان بچەسپێت و ببێتە مایەی بیرکردنەوەو سەرنجدانتان لێی..

٤- (إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ) هەموو ئەوانەی لە مەنزیلەی خوادا داتاناون و سیفەتی خواتان داونەتێ، لە سیفەتی(الە) کە بۆ سوودهێنان و زیان لادان و پشتگرتن و سەرخستنە. وەکو لە قورئاندا باس لە هەر چواریان کراوە:

أ- (قلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا)المائدە/٧٦ ؛ بفەرموو چما لەجیاتی خوای گەورە خوایانێک دەپەرستن کە خاوەنی هیچ سوودێک و هیچ زیانێک نین تا پێتانی بگەیێنن؟!

ب- (وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لِّيَكُونُوا لَهُمْ عِزًّا) مريم/٨١ ؛ لەجیاتی خوای گەورە خوایانێکیان دانا بەو ئومێدەی پشتیانبگرن و ببنە مایەی بەهێزبوون و دەسەڵاتدارییان.

ج-(وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ)يس/٧٤ ؛ لەجیاتی خوای گەورە خوایانێکیان دانا بەو ئومێدەی سەرکەوتنیان بۆ دابینبکەن.

ئەو کەسانەی کە بتیان لەجیاتی خوای گەورە داناو پەرستیانن، تا ئەو هیواو مەبەستانەیان بۆبهێننەدی.. لێرەدا خۆیان و بتەکانیان بانگهێشتی بەربەرەکانێ و (بیرشکاندنەوە)ی یەکتریی کراون، تا نیشاندەن کەکێ لاوازە و دەبەزێت..

ئەوانەی جێئومێدی موشریک و کافران بوون و مەن و کراون بە خوا، لە بتی داروبەرد، یان خۆرو مانگ و ئەستێرە، یان خوای جەنگ و ئاشتیی و جوانیی، خوای کارەسات و وێرانکاریی و خراپەکاریی!! یان فەلسەفەو زانستی کۆن و نوێ، کە موشریکانی کۆن و نوێ کردویانن بە جێئومێدی سوودهێنان و زیان لادان و پشتیوانی و سەرخستن، وەکو لە جاهیلییەتی سەردەمدا دەیانبینین، گاڵتەیان بە ئەقڵی ئێمە دێت کە (هێشتا) باوەڕمان بە خواو نادیار ماوە!

ئەم بتانە: بتی پەیکەردارو بتی پەیکەر، لە فەلسەفەو بیروباوەڕو زانست، خۆیان و پەرستیارو شوێنکەوتووەکانیان بانگهێشتی (کێبڕکێ)و بیرشکاندنەوە (لەجیاتی دەسشکاندنەوە)کراون کە باسی دروستکردنی مێشێکە!

بەرەی ئیمان کە خوواویساتانن، دەفەرموون (إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَن يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ):

-(لَن) واتە هەتاهەتایە، تا ئەبەد، تا ژیان مابێت. ئەمە کاتی کراوە،کە یەکەمین مەرجی تەحەدداکردنە. هەموو تەحەدداکردنێک کاتێکی دیاریکراوی هەیە، ئەوە تۆپێن، بۆکسێن، جۆدۆ.. هتد. لێرەشدا بەرەی ئیمان کاتێکی کراوەی داوەتە بەرامبەر، کە هەتاهەتایە! کەی تواناتان جەمکردو ئامادەبوون وەرنە مەیدان.

- (يَخْلُقُوا) تا دنیادنیایە خواکانتان ناتوانن (خەلق)بکەن. واتە لەنەبونەوە ئیجادیبکەن.. ئەمەش مەرجی دووەمی بەربەرەکانێ (تەحەددا)یە، کە ماددەی ماوبەش لە نێواندا هەیەو هەردوو لایەن دەڵێن ئێمە سیفەتی خوایەتیمان لە خواکەماندا دیووە. بەرەی ئیمانداران دەفەرموون: باشە ئەوە خوای ئێمە ئەو هەموو مەخلووقاتانەی لە نەبوونەوە هێناوەتەوجوود، ئێوەش مێشێک دروستبکەن لە نەبوونەوە بیهێنن.. خۆ زانستتان پێشکەوتووە..

- فەرمووی: (لَن يَخْلُقُوا) واتە؛ تاماون ناتوانن خەلقیبکەن، خۆی تەحەدداکردنێکیترەو زیاتر فووی ڕق و گیانی دژایەتی لەبەرەی کوفرو کافراندا دەخرۆشێنێت، کە هەموو وزەو توانایان خێراو دڵنیایانە بخەنەگەڕ..

- (ذُبَابًا) نەزانراو (نكرة)ە و یەک دانەیە، زانستی سەردام دەڵێ: (٦٤.٠٠٠ شەست و چوار هەزار) جۆر مێش هەیە، ئەوە بازنەی تەحەدداکە بەرفراوانتردەکات.. بڕۆن لەو هەزاران جۆرە، لەکام جۆرەیان ئاسانە، مێشێک خەڵقبکەن.. تەحەددای خۆتان و خواکانتان دەکەین کە هەتاهەتایە ناتوانن مێشێک دروستبکەن.. ئامادەن؟ فەرموون ! ئەوە ئەرز ئەوە گەز..

- روکنەکانی تەحەدداکە تەواوە: تەحەدداکار، تەحەدداکراوانیش هەن و زیندوون و ئامادەن، کەرەستەی تەحەدداکە لەبەر دەستدایەو کات کراوەیە، بۆ زیادەی تەحەدداکەش:

- (وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ) با هەموو خواکانیشتان کۆببنەوە.. جاران دەتانووت ئاخر ناکرێت زانایەک لە تاقیگەیەکی مۆسکۆدا خەریکی دروستکردنی سێڵێکە، دەستی یارمەتیدانی بگاتە زانایانیتری ئەمریکاو ئەوروپاو ژاپۆن.. دەی خۆ ئەمڕۆ لە (چرکە/ثانیە)یەکدا دوو ملیار گێگابایت (داونلۆد) دەکرێت و زانایان و خەڵکی عەوامی کوردیش لەهەموو دنیادا بە (سکایپ)یەکتری دەبینن و لەگەڵ یەکتری دەدوێن.. جا خۆ ئێستا پزیشکێکی سویدی هاوکاری عەمەلیاتکردنێک لە ئوستراليا _هەر لە کاتی عەمەلیاتکردنەکەدا_ دەدات، چونکە لە سویدەوە ناو ریخۆڵەی نەخۆشەکەی بەردەست دکتۆرەکانی ئوستراليا دەبينێت!!

دەی هەمووتان لەگەڵ خواکانتاندا کۆببنەوە، زانستی پزیشکییتان و تەکنۆلۆژیای سەردەمتان و بتە داتاشراوەکانی زیمبابووی و ئەنگۆلاش بهێنن با مێشێک دروستبکەن..

ئەگەر مێشێک شتێکی لێ زەوتکردن :

ئەمەش نهێنییەکی تری سەرسورهێنەرو تەحەددایەکی ئاسان و قورسترا!

- ئیبنوکەثیر دەفەرموێ: ئەگەر مێش (بۆن)ێکیان لێ بستێنێت، ناتوانن لێی بسەننەوە. ئیبنوکەثیر ساڵی (٧٤٤ک/١٣٤٥ز)ی کۆچی دوایی کردووە.

- دوای شەش سەد ساڵ لەو سەید قوتب رحمەاللە کە لە (١٩٦٦/٨/٢٩) ئیعداکرا دەفەرموێ: ئەوەتا مێشێک جۆرەها نەخۆشی تەراخوماو گرانەتاو سیلیان تووشدەکا ت و لە خوێنیان وەردەگرێت و ناتوانن هیچی بەرامبەر بکەنەوە !

- بەڵام ئەوەتا زانستی دوای پەنجا ساڵ لە سەید قوتبیش رەفتاری سەرسوڕهێنەرتری سەلماندووە، کە چۆن مێشێک شتێک زەوتدەکات و لە موختەبەریش ناتوانرێت لێی بسەندرێتەوە!

زانستی زیندەوەرزانیی و ئەزموونی تاقیگە دەڵێت: مێش کە بۆ خۆراکێکی دەچێت (بۆ نموونە شەکر) لە دوورەوە دیاریدەکاط و گلاند (هۆرمۆن) ێکی تایبەت بەوجۆرە خواردنەی بۆ ئامادەدەکات. هەرکە دەگاتە شەکرەکە لە لمۆزیەوە ئەو گلاندە شلە دەڕێژێتە سەر شەکرەکە (یان خۆراکەکە)و یەکسەر کارلێکردنێکی کیمیایی پێدەکات و بەهەرسکراوی هەڵیدەلوشێتەوە! بۆیە ئەگەر مێشەکە بگرن و هەوڵبدەن خۆراکەکەی لێ بستێننەوە تازە لەتوانادانەماوە، چونکە لە دەرەوە هەرسیکردووە، کە خواردویەتی چەندین کارلێکردن (تەفاعول)یتری بەسەردا هێناوە..

تۆ کاتێک مێشەکە دەردەکەیت، کە چاوت لێیەتی و نەنیشتۆتەوە، کە گەیشتە خۆراکەکە هەڵیشفرێنیت تازە ئەو پشکی خۆی بردووەو هەرسیشیکردووە، کەوابوو با بتەکانی جاهیلییەت و جاهیلییزمەکان هیوابڕاوبن، کە تازە بۆشیان لێناسێندرێتەوە، چجای ئەوەی مێشێکی سەرمایەداری مونافیسی بۆ دروستکەن !

بۆیە خوای گەورە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: (ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ) زانا سووددیی موفەسیر دەفەرموێ (الطَّالِبُ) پەرستیارەکانن (الْمَطْلُوبُ) پەرستراوەکانیانن، کە ئاوا یەک لەویتر دەسەوسانتر کەوتووە!

پاشان لەئایەتی دواتردا دەفەرموێ: (مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ) بەراستی وەکو کە پێویستە قەدری خوای گەورەان نەگرت.. بەتەئکید ئەمەش راستە.. ئەوجاهیلییانە بەحساب باوەڕیان بەخوای گەورە هەبوو، کەچی بتیاندەپەرست، باوەڕیان گوایە بەخوای گەورە هەبوو، کەچی دینی خوایان وەرنەدەگرت و خۆیان یاساو رێسای ژیانی خۆیانیان _وەکوجاهیلییەتی سەردەم_ دادەڕشت ! گەر بشتووتایە ئێوە کافرن، لەمانەی سەردەمی ئێمە تورەتردەبوون: چۆن بەکافرمان دادەنێن؟! خۆ ئێمەش باوەڕمان هەیە، کە خوا هەیە!! جاهیلییەتی کۆن لەمان زیاتریش باوەڕی بە

هەبوون و کردگارێتیی و خاوەنێتیی و دەسەڵاتی خوای گەورە هەبوو، بەڵام ماوبەشیان لە پەرستن و یاساو رێسادا دادەڕشتندا بۆ دادەنا. هەروەکو سەرۆک و پەرلەمانەکانی سەردەم. ئایەتی قورئانیان لە پشتسەریانەوە داناوەو سوێند بەقورئان دەخۆن، کەچی یاسای خۆیان بەباشتر دەزانن لە ئەحکامی قورئانەکە!

قورئان سوو و زیناو شەراب حەرامدەکات، ئەوان حەڵاڵیدەکەن و دەڵێن ئابوریی بە بێ بانکی سوودار بەڕێوەناچێت. زیناش ئەگەر بە رەزامەندی هەردوولابوو، جائیزە. شەرابیش مادام لە دوکان و شوێنی مۆڵەتپێدراو کڕراوە حەڵاڵ و زوڵاڵە!!

کەوابوو جاهیللیەت ئەهلی کوفرو شیرک بن، یان ئەهلی فیسق و دووڕوویی و ئەعراب، کە مادام بەراستی بۆ خواپەرستیی و حاکمێتیی خواو سەروەریی شەرع لێنەبڕاون، مادام بانگەوازی خوای گەورەیان وەلکردووەو شەریعەتەکەیان خستوەتەکەنارەوە، قەدری خوای گەورەیان نەگرتووەو لە دینداریتیاندا درۆدەکەن. بەڵام ئایا خوای گەورە چ باکێکی بە خواپەرستیی ئەوانە هەیە؟! هیچ.. بۆیە دوای ئەوە دەفەرموێ (إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ) بەڵام خوای گەورە بەتەئکید بەهێزەو خاوەن توانای ڕەهایەو هەرشتێکی بوێت هیچ هێزێک نییە بوێرێت یان بتوانێت رێی لێ بگرێت.. دەسەڵاتداریشە، هەموو وجوودی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی و هیچ شتێک لە وجوودا نییە بۆی هەبێت یان بتوانێت لەژێر دەسەڵات و ڕکێفی ئەو دەرچێت..

لاباسێکی پەیوەندیدار :

ئەوی لەسەر مێشولەشەوەیە

ئیبنوکەثیر رحمەاللە لە قەتادەو پێشەوایانیتری ئەهلی تەفسیرەوە دەگێڕێتەوە، کە کافرو دوڕووەکان بە موسوڵمانانیان دەووت: چۆن دەشێت قورئان لە خواوە بێت و

باسی جاڵجاڵۆکەو مێش بکات؟ کە ئێمە لە کۆڕی خۆماندا بەعەیبەی دەزانین باسیانبکەین. ئیتر خوای گەورە لە بەرپەرچیاندا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە، کە دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّـهَ لَا يَسْتَحْيِي أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا)البقره/٢٦ ؛ خوای گەورە پێی شەرم نییە نموونە بە مێشوولەو _ئەوەش کە لەسەروویەوەیەتی_ بهێنێتەوە.

مێشوولەش لەمێش گچکەترە..

ئیبنوکەثیر رحمه الله لە تەفسیری (فَمَا فَوْقَهَا) دا دەفەرموێ:

ئەهلی تەفسیر لە لێکدانەوەیدا دووبۆچوونیان لا دروستبووە:

- بۆچونی یەکەم: واتە لەمێشولەش بچوکتر و بێنرختر. ئەمە بۆچونی کیسائی و ئەبوعبدالله و رازیی و زۆرینەی توێژەرەوەکانە. دەفەرموون چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئاماژەی بەبچوکتر لە مێشولە کردووە، کە باڵێتی. فەرموویەتی: (لَوْ كَانَت الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللَّه جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْها شَرْبَةَ مَاءٍ)[1] ؛ ئەگەر دنیا لای خوای گەورە کێش و قەدری باڵە مێشولەیەکی ببوایە قومێک ئاوی لێ نەدەدا بە کافرێک..

- بۆچونی دووەم: واتە لە مێشولە گەورەترو گرنگتر: ئەمەش بۆچونی قەتادەو پەسەندکراوی ئیبنوجەریرەکە دەفەرموون: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نموونەی بە دڕکێک هێناوەتەوە کە لە مێشولە سوک و بێنرخترە کە فەرموویەتی: (مَا يُصِيبُ الْمُسْلِمَ مِنْ نَصَبٍ وَلاَ وَصَبٍ وَلاَ هَمٍّ وَلاَ حَزَن وَلاَ أَذًى وَلاَ غمٍّ، حتَّى الشَّوْكَةُ

١ ترمذی (٢٣٢٠) دەشفەرموێ: (حديث حسن صحيح). ئەلبانیش رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ب٢ ل٢٩٩ ژ/٦٨٦)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

يُشَاكُها إِلاَّ كفَّر اللَّه بِهَا مِنْ خطَايَاه)[1] ؛ هەر موسوڵمانێک کە تووشی هیلاکیی و ماندوویی دەبێت (با بەکاری دنیاییشیەوە بێت مادام جائیز بێت)، یان تووشی نارەحەتیی و یازارێکی بەردەوام دەبێت، یان خەفەت دایدەگرێت، یان پەژارەی شتێکێتی، تەنانەت ئەگەر درکێکی پێدا بچێت و ئازاری پێبگات، حەتمەن خوای گەورە دەیکاتە مایەی سڕینەوی گوناحەکانی. کەوابوو نموونەهێنانەوە بە هەرشتێک شیاوە، با لای خەڵکی سووک و بێڕێزیش بێت.

ئەمە بۆچوونی ئەهلی تەفسیر بوو لەسەلەف و خەلەف دەربارەی (فمافوقها)، بەڵام زانستی سەردەم شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەری بۆ کەشفکردووین، کە بۆچوونی زۆرینەی توێژەرەوەکانی بۆچووونی یەکەم زۆر بەهێزتردەکات. ئەویش ئەوەیە کە لەسەر پشتی مێشوولە گیانلەبەرێکیتر دەژی!! هەر دەڵێی خوای گەورە تەحەدداکەی گرنگترو توندترکردووەو ئاڵاکەی داوەتەدەست نەوەی ئێمە کە بڵێین: ئادەی فەرموون ئەوە تەحەددا.. نەک مێشێک و نەک مێشولەیەک، فەرموون خۆتان و خواکانتان لە فەلسەفەو زانست و تەکنەلۆژیاتان زیندەوەرێکی وا خەلقبکەن، کە لەسەرپشتی مێشوولە دەژی..

١ بوخاری (٥٣١٨)، موسلیم (٢٩٩٩).

پاشکۆی ژماره (٢)ی باسی یەکەم

لەفەرموودەیەکی قودسیدا[1] کە ئەبوذەڕ خوا لێی رازیی بێت دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا صلی اللهعلیه وسلم له خوای پەروەردگاریەوە دەگێڕێتەوە، فەرموویەتی :(يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فَلَا تَظَالَمُوا. يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلَّا مَنْ هَدَيْتُهُ، فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ. يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ جَائِعٌ، إِلَّا مَنْ أَطْعَمْتُهُ، فَاسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ. يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ عَارٍ، إِلَّا مَنْ كَسَوْتُهُ، فَاسْتَكْسُونِي أَكْسُكُمْ. يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ، وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا، فَاسْتَغْفِرُونِي أَغْفِرْ لَكُمْ. يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّي، فَتَضُرُّونِي، وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي، فَتَنْفَعُونِي. يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ، مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا. يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئًا. يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُونِي، فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مَسْأَلَتَهُ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِي، إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ الْبَحْرَ. يَا عِبَادِي إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا، فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا، فَلْيَحْمَدِ اللهَ وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ، فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ)[2] ؛ ئەرێ عەبدەکانم، من ستەم و دەستدرێژییم لەخۆم حەرامکردووەو بۆ ئێوەشم لەناوخۆتاندا حەرامکردووە، لەبەرئەوە ستەم لەیەکتریی

---

١ فەرمودەی قودسی (الحديث القدسي) ئەوەیە کە لەفزەکەی لەپێغەمبەری خواوەیە صلی الله علیه وسلم و ماناکەی لەخوای گەورەوەیە. لەگێڕانەوەیدا دەوترێت: خوای گەورە _وەکو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم گێڕاویەتیەوە لێیەوە_ دەفەرموێت:.. یان دەوترێت: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەخوای گەورەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

٢ موسلیم (٢٥٧٧).

نەکەن. ئەرێ عەبدەکانم هەمووتان گومڕان، مەگەر ئەوانەتان کە ڕێنماییم کردوون، دەی سا داوای ڕێنمایی لە من داوابکەن، تا ڕێنماییتانبکەم. ئەرێ عەبدەکانم، هەمووتان برسین، مەگەر ئەوانەتان کە رۆزیم پێداون، دەی سا داوای رۆزی لە من بکەن. ئەرێ عەبدەکانم هەمووتان ڕووتن مەگەر ئەوانەتان کە پۆشیومن، دەی سا داوای پۆشاک و پۆشین لە من بکەن، تا داتانپۆشم. ئەرێ عەبدەکانم ئێوە شەوورۆژ دەکەونەهەڵەوە (گوناح و تاوان دەکەن) بەڵام من لە هەموو گوناحێک خۆشدەبم، دەی سا داوای لێخۆشبوون لە من بکەن، تا لێتانخۆشبم. ئەرێ عەبدەکانم، ئێوە ناگەنە زیان تا ئەوەی زیان بە من بگەیێنن، ناشگەنە قازانج تا قازانج بەمن بگەیێنن.. ئەرێ عەبدەکانم ئەگەر سەرەتاو کۆتاتان (ئەوەڵ و ئاخیرتان)مرۆڤ و جنۆکەتان، وەکو کەسێکی بەتەقواکاری ناوخۆتان بن، هیچ لە موڵکی من زیادناکات. ئەرێ عەبدەکانم ئەگەر سەرەتاو کۆتاتان، مرۆڤ و پەریشتان وەکو کەسێکی گوناحکارو تاوانبارتان بن، ئەوە هیچ لە موڵکی من کەمناکات. ئەرێ عەبدەکانم ئەگەر سەرەتاو کۆتاتان، مرۆڤ و پەریتان، هەر هەموو لە یەک کات و شوێنەوە لێم بپاڕێنەوەو داوام لێبکەن، بەدەنگ داوای هەر یەکێکتانەوە بێم و داواکەی بۆ بهێنمەدیی، هیچ لەوەی لای من کەمناکات، مەگەر بەقەدەر نوکەدەرزییەک کە بخرێتە دەریایەکەوە (کە چەند ئاو لە دەریاکە کەمدەکاتەوە، هێنانەدیی داواکانی ئێوەش هەر ئەوەندە لەموڵکی من کەمدەکاتەوە).. ئەرێ بەندەکانم، هەرچی هەیە هەر کردەوەکانی خۆتانەو من بۆتان هەژمارو تۆماردەکەم، تا دوایی حسابتان لەگەڵدا بکەمەوە لەسەریان.جا هەر کەسێک چاکەی زۆری تێدادی، با سوپاسی خوای لە سەربکات، هەر کەسێکیش شتی تری دی، با گلەیی لە کەسیتری غەیری خۆی نەکات.

باسی دووەم

هیچ غەیری خوای گەورە خاوەن نییە

(لا مالک الا اللّه)

خوای پەروەردگار تاکە کردگاری هەموو وجوودە، بە هەمان شێوەش تاکە خاوەنی هەموو وجوودە،خاوەنێتیەکی گشتگیرو خاوەنێتییەکی رەهای بێسنوری چەندو چۆن: (لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ) الشوری/٤ ؛ هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدان موڵکی خوای گەورەن. ئەم خاوەنێتیە هیچ سنورێک لە رادەربڕیندا نییەو هیچ مەرج و بەندێک نەیگرتۆتەوە، نەکەس تێیدا و لە هیچیدا هاوبەشە، نەهیچ شت و کەسێکیش لە شێوەو چۆنیەتیی و رادەربڕییدا هاوشێوەی ئەو موڵک و خاوەنێتیەی هەیە.. ئەمەش چەمکێکیتری خوایەتییە، کە شیاوی هیچی غەیری خوای کردگار نییە. خوای گەورە تاکوپاکە. تەنهاو زیندووە. بەئاگاو هەڵسوڕێنەری هەرهەموو مەخلووقاتەکانی وجوودە، چونکە هەرخۆی خاوەنی هەر هەموویانەو کەس لە هیچ بڕو رادەو سیفەتیکی ئەم خاوەنێتییەدا، هاوبەشی نییە. ئەم نەفیکردنەی هاوبەشێتی لە خاوەنێتی خوای گەورەدا هەموو جۆرە هاوبەشبوون و بەخاوەنبوون و موڵکدارییەک دەگرێتەوە، کە لە دیدو هەڵوێست و رەفتاری ژیانی خەڵکیدا هەیە.. کاریگەرێتیی ئەم خاوەنێتییەی خوای گەورە لەندیدو رەفتاری موسوڵماندا زۆرە. وەکو کاریگەریی کردگارێتیی و دەسەڵاتدارێتیی و سیفەتەکانی تری خوای گەورەیە، چونکە لەسەرەتای باوەڕهێنانەکەوە بە خوای گەورە ئەم حەقیقەتە رەهایەی خاوەنێتییش لە دڵ و دەرون و لە هەست و هۆش و هزرو ویژدان و هەڵسوکەوتدا جێدەگرێت. چونکە ئەوە لە قەناعەتدا دەچەسپێت کە لە سەرەتادا کەس هیچی نەبووە. کەس خاوەنی

هیچ موڵکێک نەبووە. ئێستاش کە موڵکیان بەناوەوەیە، خاوەن خاوەنێتیەکی مەجازیی واتایین. دەناحەقیقەتی خاوەنێتییەکە لای خوای کردگارو تاکوپاکە، چونکە ئەو خاوەنی حەقیقی شتەکانی بەردەست و نادیارە. کەوابوو خەڵکی لە حەقیقەتی حاڵیاندا بریکارو وەکیلن، بۆیە نابێت بە پێی حەزو بەرژەوەندی خۆیان مامەڵەی موڵکایەتیی بکەن. دەبێ بە پێی تەعلیماتی خاوەن موڵکەکە رەفتاربکەن. مەرجەکانی ئەو بگرنەبەر، کە هەموویانی ئاشکراو راشکاوانە لە شەریعەتەکەیدا روون کردۆتەوە. هەر کەسێک ئەو مەرج و ئەحکامانەی شەرع بخاتەلاوە، ئەوە لە وەکالەتەکە دەرچووەو گرێبەستەکەی بریکاریی (ئیستیخلاف)ەکەی هەڵوەشاندوەتەوەو هەر رەفتارێک بە موڵکی خواوە بکات، باتڵە. چونکە نە خاوەنەو نە مۆڵەتدراو، نە وەکیلەو نەبریکار، نە سەرپەرشتیارەو نە راسپێراو.. دەبێ خۆی و رەفتارو موڵکایەتیی و مامەڵەکانی بخرێتەوە بەردەست موسوڵمانان، کە بە پێی شەرعی خوا داوەرییدەکەن.. ئاوا دەبینین باوەڕهێنان بەحەقیقەتی خاوەنێتیی _کە بەشێکە لە عەقیدە ئیسلامیەکە_ کاریگەری سەرەکیی لە بیرو تێڕوانین و لە ئەحکامەکانی شەرعدا هەیە. کەوابوو کاریگەرێتی لەسەر واقیعی ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەت هەیە.. خوای گەورە دەفەرموێ: (لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ) البقرة/١١٦ هەر روونکردنەوەی حەقیقەتی خاوەنێتیی و بەیانکردنی عەقیدە ئیسلامیەکەی نییە،بەڵکو داڕشتنی رێسایەکی دەستووریی ژیانی مرۆڤایەتییە، کە جۆری پەیوەندییەکانی لەسەر بینادەکرێت : (وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُ وَلِيٌّ مِّنَ الذُّلِّ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًا) الاسراء/١١١ ؛ بفەرموو: سوپاس و ستاییش بۆ ئەو خوایەیە کە نە لە کەس بووەو نە کەسی لێبووە (کەهیچ ئەولادی نییە) وەکو کە دیان و جولەکەکان دەڵێن. هیچ هاوبەشێکیشی لە موڵکایەتیی وخاوەنێتییدا نییەو هیچ

هێزێکیش پاسەوانی لێناکات، تا ژێردەستەبێت، وەکو کە سابیئەکان دەڵێن : ئەولیاکان لە دەورین و دەسەڵاتەکەی دەپارێزن!

جێگیربوونی ئەم حەقیقەتە عەقاعیدییە، کە خوای کردگار خاوەنی هەموو وجوودەو ئەوەی لەبەردەستی خەڵکییدایە بە شێوەی کاتیی دراوە پێیان، تاوەکو بریکارو وەکیلی خوای گەورە بن و بە پێی شەریعەت و ئاراستەی خاوەنەکەی رەفتاری پێوە بکەن.. جێگیربوونی ئەم حەقیقەتە لەناخی تاکوکۆی کۆمەڵگەدا، جێگیربوونی ئەم حەقیقەتە لەهۆش و هزردا، کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە موڵکی خوای کردگارن و کەس هاوبەشی خاوەنێتییەکەی بە هیچ شێوەو چۆنیەتیی و لە هیچ برِو رادەیەکیدا نییە. جێگیربوونی ئەم بەڵگەنەویستە ئیمانییە وا لە مرۆڤەکان دەکات قەناعەت و هەستبکەن کە ئەوەی بەناویانەوە تۆمارکراوەو بەحساب هەیانە، لە حەقیقەتییدا پێیان سپێرراوەو لایان دانراوە، تا شەرعییانە رەفتاری پێوە بکەن و لە کاتی دیاریکراودا _کە خاوەنەکەی دیاریکردووە_ لێیان وەردەگیرێتەوە.. هەر جێگیربوونی ئەم حەقیقەتە لە ناخی دڵ و دەرون و هۆش و هزرو هەست و ویژدانی تاکەکاندا، خۆی بەسە بۆ کەمکردنەوەی هەڵپەو شەرەپاڵ و سوربوون و رِەنجدانی بێ پسان بۆ کۆکردنەوەی سامان و بەخاوەنبوونی! جێگیربوونی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە خۆی لەخۆیدا بەسە بۆ دارِشتنی کەسایەتی خاوەن قەناعەت و رازیی بەبەش و دڵفراوان و سەخیی و سینەفراوان، کە لە ناخی خۆیدا ئاسوودەیەو پلەی کامەرانی و خۆشحاڵیشی بە بەخشین و یارمەتییدان و بوارکردنەوە بۆکەسانیتر بەرزتر دەبێتەوە.. کەسانی وا کە خەم لەوە ناخۆن کە لەدەستیانچووەو ئەو سیفەتە پارسەنگەی دنیا نەویستن کە لە ئەندامانی کۆمەڵگەیەکدا زۆردەبن و دەبنە سیمای رەوشت بەرزیی و خۆشرەفتاریی، بەدڵنیاییەوە گیانی دنیاویستیی و هەڵپەو ماددەپەرستیی لە کۆمەڵگەکەیاندا دەپوکێتەوەو وادەکەن کە پیسکەیی و چاوچنۆکیی

و پارەسەریەکنان، ببنە سیفەتی قێزەون و بوغزێنراو،کە بەغیل و حەسوودەکانیش ناچار ببن خۆی لێ لادەن!

ئەم حەقیقەتەش هەر لە حەقیقەتە ڕیشەییەکەی یەکخواناسییەوە دێت،کە لەسەرەتاوە باوەڕی لە ناخدا دەچەسپێت، کە خوای تاکوتەنها کردگارەو لە خاوەنێتیی وجووددا تاکوتەنهایەو هاوبەشی لە موڵکایەتییدا نییەو هەرچی بەدەست خەڵکیشەوە هەیە، لە ماڵ و سامان و پلەو پایەو ناوو ناوبانگ، هەمووی هەر خوای گەورە بەخشیونی: (قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) آل عمران/٢٦ ؛ بفەرموو: ئەی خوای گەورە تۆ خۆت خاوەنی دەسەڵات و موڵکیت (هەم خاوەن و هەم دەسەڵاتداریت)،هەموو مەخلووقات موڵکی خۆتن، تۆ دەبەخشیت و تۆش دەگریتەوە، موڵک دەدەیتە دەست هەر کەسێک خۆت بتەوێت و موڵکیش دادەڕنیت لە هەر کەسێک بتەوێت، هەر کەسێکت بوێ دەسەڵاتداری بکەیت، دەیدەیتێ و هەر کەسێکیشت بوێ زەلیلیبکەیت بێدەسەڵاتی دەکەیت.. هەموو خێرو چاکەیەک لەدەست خۆتدایەو تۆ توانات بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.. ئەوە خوای گەورەیە کە (مالک الملک)ە لەم سیفەتەشیدا هیچ هاوبەشێکی نییە، بە هیچ شێوەو چۆنیەتیی و بڕو رادەیەک. هەر کەسێکی بوێت_ئەگەر وویستی_ دەیکاتە خاوەن موڵک.. خاوەن دەسەڵات موڵک و دەسەڵاتەکەی وەکو سپێرراو (العارية) پێدەدات و هەر کاتێکیش _بەهەرچۆنیەتییەکیش_ وویستی، لێی وەردەگرێتەوە.. لەم ڕوانگەوەیە کە خەڵکی بۆیان نییە بە کەیفی خۆیان و بە پێی ئارەزوو حەزو بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان و یاساو رێسای پێچەوانەی شەرع رەفتار بەماڵ و دەسەڵاتەوە بکەن.. چونکە ئەوان خاوەنی ئەسڵی موڵک و دەسەڵاتەکە نین. دەبێت بەتەعلیمات و مەرجی گرێبەستەکەوە پابەندبن، کە خاوەن موڵک و دەسەڵاتەکە بۆی دیاریکردوون. ئەگەر

پێچەوانەی ئەو تەعلیمات و مەرجانە رەفتاریانکرد، رەفتارەکەیان باتڵە. ئەرکی سەرشانی موسوڵمانانە هاوکێشەکە راستبکەنەوە، موڵک و دەسەڵاتەکەی لەدەست دەربهێنن و بیدەنە کەسانێکی سەرراست و پابەند بە شەرعەکەی خوای گەورەوە.. ئەمە حوکمی دنیایە. ئەمما لە ڕۆژی دواییدا ئەوە حساباتێکی ووردتری لەگەڵدا دەکرێت، کە بۆچی ئاوا پێچەوانەی شەرع رەفتاریکردو لەبەرچی گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوەو کەوتە رەفتاری خودسەریی؟!

بەهەمان شێوەی موڵک و سامان، دەسەڵاتدارێتیش هەر وایە. خوای گەورە بە کەسانێکی دەسپێرێت، کە بە پێی تەعلیمات و مەرجەکانی ئەو (کە شەریعەتەکەیەتی)دەبێ رەفتاربکەن، خوای گەورە بە مەحزی ئازادی خۆی ئەو دەسەڵاتەی داوەتە ئەم و لەویانی گرتۆتەوە، یان لەویانی داڕنیوەو بەخشیویەتی بەمیان. ئەوە زانایی و دانایی و حیکمەتی خوای گەورە خۆیەتی و کەس بۆی نییە ئاڵوگۆڕی تێدابکات! یان ڕەخنەی لێ بگرێت، چجای هەوڵدانی گۆڕینی، بە هێزێکی طاغووتی ناشەرعی!

ئەوەی کە دەبێت بەڵگەنەویستێکی عەقائیدی چەسپاو بێت، ئەوەیە کە خوای گەورە _تەنها ئەو_ خاوەنی ئەم مافی خاوەنێتیی موڵک و دەسەڵاتەیە.. تەنها خوای گەورە، چونکە شارەزاو ئاگاداری هەرهەموو بزاوت و سرەوت و ختورەیەکە.. پەی بە هەموو شتێکی هەموو شتێک دەبات، غەیری خوای گەورە وانین: (وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُّحِيطًا) النساء/١٢٦؛ هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدان موڵکی خوای گەورەن،خوای گەورە پەی بەهەموو شتێک دەبات و ئاگای لە هەموو شتێک هەیە..

تەوحیدی ئیسلامی هەر ئەوەندە نییە باوەڕی وا بێت کە خوای گەورە تاکو بێوێنەیە، بەڵکو تەوحیدێکی بکەری کاریگەرە لەسەر گەردون و ژیان و مرۆڤ، چونکە تەوحیدی کردگارێتیی و خاوەنێتیی و پەروەردگارێتییە.. تەوحیدی خواپەرستییە، تەوحیدی ئیعتیرافکردنە بە دەسەڵاتدارێتیی تاکو بێوێنەی خوای گەورە.. بۆیە هەر کاتێک دڵ و دەرونێک ئەو حەقیقەتە لە خۆ دەگرێت کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدان موڵکی خوای گەورەن و خوای گەورەش پەی بە هەر هەموو وجوود دەبات و هیچ شتێک بە هیچ شێواز و چۆنیەتییەک و بە هیچ برو رادەو ئاستێک لە خوای گەورە شاراوەنابێت و لە دەسەڵاتی دەرناچێت.. کاتێک ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانە دەچەسپێن، ئەوەندەیتر هەر خۆیان دەبنەوە بە بەڵگەنەویستیتر، بۆ سەلماندن و چەسپاندن و جێگیربوونی تەوحیدەکە، بۆخواناسیی و خواپەرستیی و ئیعتیرافکردن بە حاکمێتیی خوای گەورەو وەرگرتن و ڕاپەڕاندنی شەریعەتەکەی و گەیاندنی بانگەوازەکەی، بەو ئومێدەی رازیببێت.

خوای کردگار خاوەنی هەموو شتێکە، هەموو شتێک وا لەژێر زانین و توانینی ئەوداو بەس.. هەموو وجوود : (لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) المائدە/١٢٠؛ خاوەنێتیی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی تێیاندایە هی خوای گەورەیە، خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە. ئەوی خاوەنە هەر ئەو حوک دەردەکات.. کەوابوو کێشەی حوکمکردن بە پەیامی خوا (بما انزل الله) هەر وەکو کێشەی خواناسیین و خواپەرستیە.. کێشەیەکیتری تەوحیدە، لە لایەنی حاکمێتیی خوای گەورەدا.. دەبێت حوکم بە پەیامەکەی خوای گەورە بکرێت و بەس، تا تەوحیدەکە بچەسپێت. سامان و گیان هەر وەکو ئاسمانەکان و زەوی، هەر وەکو ژیان و مردن، هەر وەکو پشتگرتن و سەرخستن، بەدەست خوای تاکوپاکەو بەس.ئەمە حەقیقەتی عەقیدەیە و دەبێت لای موسوڵمان بەڵگەنەویست بێت: (إِنَّ اللَّهَ لَهُ مُلْكُ

السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ) التوبه/١١٦؛ موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هی خوای گەورەیە، ئەو دەژێنێت و دەمرێنێت، ئێوە غەیری ئەو کەستان نییە، ببێتە سەرپەرشتیارو پشتیوانتان.. خوای گەورە دەسەڵاتی رەها بێسنوری بەسەر ئاسمانەکان و زەویدا هەیە: (لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا) الفرقان/٢ ؛ خاوەنێتی ئاسمانەکان و زەوی هی خوای گەورەیە، خوای گەورە نە مداڵی هەیەو نە هاوبەش لە خاوەنێتی و دەسەڵاداریێتییدا، چونکە هەر خوای گەورە هەموو شتێکی خەلقکردووەو ئەندازەگیریی هەموو شتێکی بۆ هەموو شتێک کردووە..

ئەمە هەموو جۆرو شێوەو چۆنیەتییەکی دەسەڵاتە، دەسەڵاتی خاوەنێتی و موڵکداریی، دەسەڵاتی باڵادەستیی و (کۆنترۆڵ)کردن، دەسەڵاتی رەفتارپێکردن، دەسەڵاتی ئیجادو نەهێشتن، یان ئاڵوگۆڕو گۆڕین و گۆڕانکاریی.. پاکو بێخەوشیی بۆ خوای گەورەو خاوەن و باڵادەست، بۆ خوای دەسەڵاتداری رەهاو بێسنور: (فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ)يس/٨٣ ؛ دەی سا پاکو بێخەوشیی (بێ عەیبیی)بۆ خوای پەروەردگار، کە خاوەنێتیی هەموو شتێک هەر هی خۆیەتی و هەمووشتان بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.. ووشەی (مەلەکوت)ەکە بەو شێوازە دارِشتنەی، وێنەی مەزنێتیی و گەورەیی و گرنگیی و کاریگەرێتیی موتڵەقی ئەم خاوەنێتیی و دەسەڵاتدارییە دەکێشێت، لەگەڵ روونکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەموو وجوود، بە خوای کردگارو خاوەنییەوە، لەگەڵ هەبوونی دەسەڵاتی تەواو بەسەر ئەم هەموو موڵک و سامان و وجوودەدا:(ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ) الزمر/٦ ؛ ئائەوەیە خوای پەروەردگارتان، کە هەموو موڵک هی ئەوە، هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتیی بێت جگەلەو.. ئیتر بۆچی ئەقڵتان پەکخستووەو غەیری ئەوتان بەخواداناوە؟! یان (لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ)الشورى/٤؛

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدان هی خوای گەورەن، خوای گەورە باڵادەست و مەزنە.. ئەمە حەقیقەتێکیتری عەقائیدییە کە دەبێت بەڵگەنەویستانە لە دڵ و دەرون و هۆش و هزردا بچەسپێت، کە خوای گەورە خاوەنی هەموو ئاسمانەکان و زەوییەو ئەوەش کە تێیاندایەو تەنها هەر خوای گەورە باڵادەست و مەزنە: (الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ)..

خەڵکانێک هەن کە لەم حەقیقەتانە دوورن، یان غافڵبوون، هەر بەوەندەی پشکێکیان لە موڵک یان سامان دەکەوێتەبەردەست، بە هەڵە وا بەکاریدەهێنن کە خۆیان حەزدەکەن، بە گوێرەی دیدو پێناسەو بەرژەوەندی خۆیان رەفتاریان پێوە دەکەن. ئەمە نەفامییە،چونکە ئەو موڵک و دەسەڵاتە (سپێرراو)ن و دراونەتەدەستیان.خاوەنی حەقیقیی موڵک و دەسەڵات هی خوای گەورەیە، کە دەتوانێت لێی ببەخشێت و وەریبگرێتەوە. ئەوە ببەخشێت بە مرۆڤ، کە خۆی دەیەوێت، لێشیان بسەنێتەوە، هەرکاتێک ویستی.. ئەوە خوای گەورەیە کە دەشتوانێت دەستیان لە موڵک و دەسەڵاتێکدا والاکات، یان ببەستێت. بەڵام زۆر کەس لەم حەقیقەتە بێئاگان، یان خۆگێلدەکەن!

ئەم سیفەتە بێوێنەیەی خوای تاکوپاک هەر خاوەنێتیەکە نییە، سیفەتی باڵادەستیشی پێوەیە، سیفەتی مەزنیی و گەورەیی خوای گەورەی پێوەیە، بە شێوەیەک کە دیسان بێوێنەییەکەی خوای تاکوتەنها نیشاندەدات.. خاوەنێتییەکەو هەرچی لە خواریەوەیەتی، وا لەوەدا.. سوبحان الله. کاتێک ئەم حەقیقەتە سەرراستانە لە دڵ و دەرونێکدا دەچەسپن، ئیتر کەسەکە دەزانێت بۆ ڕزق و رۆزی خۆی ڕوو لە کوێ دەکات، چونکە قەناعەتی تەواویی بۆ دروستبووە کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە موڵکی خوای تاکوپاکەو ئەو دەسەڵاتدارەو بەخشینەکەش هەر لەخۆیەوەیەتی : (هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلَامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ

الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ) الحشر/٢٣ ؛ ئەوە ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێک نییە بە حەق بپەرسترێت جگە لەو، خوای گەورە خاوەن دەسەڵاتە، پیرۆزە، کامڵەو هیچ نوقسانییەکی نییە، هەموو مەخلووقاتەکانی لە ئەمنییدان، چونکە دڵنیان ستەمیان لێناکات، چاودێرو شاهیدە بەسەریانەوە، باڵادەستە وتوانای ژێربارکردنی هەموو مەخلووقاتەکانی هەیە، بەرزیی و مەزنیی هەر هی ئەوەو بەس.. پاکیی و بێخەوشیی بۆ ئەو لەوەی کە ئاوا هاوبەشی بۆ دادەنێن!

ئەمە لەو رێسا سەرەکیانەیە کە تەوحیدەکەی لەسەر دامەزراوە.. وەکو کردگارێتییە.. ئەگەر لە ناخدا چەسپی، کە موڵکایەتیی و خاوەنێتیی سیفەتی تایبەت و بێوێنەی خوای کردگارن و هیچ کەس و شتێک هیچ شتێکی بە هیچ شێوەو چۆنیەتییەک، یان برو رادەیەک نییە، ئەگەر لەوە دڵنیابوو کە تەنها خاوەنێکی هەیە، نەک دوان و سیان، سەری لێ ناشێوێت کە ئایا روو لەکوێ بکات.. وەکو ئەو کۆیلەیەی دوو کەس خاوەنین! ئەم ناکەوێتە ئەو پشێویەوە کە ئایا وەلائی بدات بە کێ و خزمەتی کێ بکات و کێی خۆشبوێت؟ خۆ هەر دڵێکیشی هەیەو ناکرێت بیدات بە دوو: (مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ) الاحزاب/٤ ؛ خوای گەورە دوودڵی بۆ هیچ کەسێک لەسینەیدا دروستنەکردووە، تا هەر دڵەو بۆخۆشوویستنێکی تەرخانبکات!

کاتێک ئەم حەقیقەتە لە دڵ و دەروونیدا دەچەسپێت، ئیتر ئاراستەی کەسەکە نەگۆڕانە دیاریدبێت، رووی لە غەیری خوا پێ وەردەگێڕێت، چونکە لەوە دڵنیادەبێت کە تەنها خوای گەورەیە کە خاوەنەو دەسەڵاتدارەو بێهاوبەشە.. بە پێی زانایی و دانایی و توانای بێسنوری خۆی دەبەخشێت و هیچ هێزێکیش رێی لێ ناگرێت.. دڵنیادەبێت کە ئەوە تەنها خوای گەورەیە، کە لەوەشدا بێوێنەیەو تاکوپاکە.. ئیتر بەم ناسینە راستە زیاتر دەکەوێتە خواپەرستیی راست و دروست و دوور لە ریابازیی و تەمەلووق و

خۆبردنەپێشەوە لەوانەی کە نە خاوەنن و نە دەسەڵاتدارن، بەڵکو ستەمکارو چەواشەکارو گومڕاکەرن..

ئاوا ئاراستەی نەگۆڕی خواویستیی دەگرێتەبەر.. رووڵەخوادەکات.. خوای کردگارو دەسەڵاتدار، کە هیچ هێزێک نییە ویستی بوەستێنێت، هیچی لێ بزرنابێت، هەرچی بیەوێت دەیکات، هەر کەسێکی بوێت پێی دەبەخشێت و لە هەر کەسێک بگرێتەوە کەس نییە دەستیبگرێت..

کاتێک ئەم حەقیقەتە لە ناخی دڵ و دەروندا دەبێتە بەڵگەنەوویستی قەناعەت، ئیتر خاوەنەکەی لە تین و فشاری وەهم و ترس و خەمخۆریی قوتاردەبێت.. لە ناخدا دامەزراوو لە دەرەوەیدا پارسەنگ دەبێت.. ئاوا دەبێتە خواناس و خواپەرست و پابەند بەشەریعەتەکەی خواو هەڵگری بانگخوازی دینەکەی و ڕەنجدەری سەروەریی شەریعەتەکەی.. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەم حەقیقەتە لە دڵ و دەرون و هۆش و هزردا جێگیرنەبوو، یان کاڵبۆوە، یان خاوەنەکەی لێی بێئاگابوو، یان غافڵگیرانە کەوتەوەناو دیدو مومارەسەی خەڵکانیتری غافڵ، ئەمیش دەبێتە دیلی نەریت و خوو، بەندی کۆتی کۆمەڵگە و پابەندی هەڵپەکاریی خەڵکی دنیاوویست. ئەگەر زوو بە هۆش نەیاتەوە، ناگەڕێتەوەسەر ئەو حەقیقەتە عەقائیدیە، کە دەبێت پشت بە خوای خاوەن و دەسەڵاتداری ببەستێت و خۆی لەو واقیعە ماددیە راپسکێنێتەوە کە خەریکە جارێکیتر بیخاتەوە ناو گێژاوی جاهیلییەت..

باسی سێیەم

هیچ غەیری خوای گەورە ڕۆزیدەر نییە

(لا رازق الا الله)

خوای گەورە سەرپشکانە ئەوەی لەسەر خۆی پێویستکردووە کە ڕۆزی هەموو زیندوویەک دابینبکات: (وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ) هود/٦ ؛ هەرهەموو ئەوانەی بەسەر زەویدا دێن و دەچن (بەڕۆیشتن بێت یان بەفڕین، یان خشان و خزان) ڕۆزیی هەموویان لەسەر خوای گەورەیە، کە دەزانێت بازنەی بزاوتیان کوێیەو مۆڵگەی نیشتەجێ و سکونەتیان کوێیە، کە بژێوی هەر یەکەیان لەو دووشوێنەدا بۆ مسۆگەردەکات.. هەموو ئەمانەش لە تیانوسی تایبەتدا تۆمارن.. ئائەوەی لەسەر زەوی دەژی لە مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندەو خشۆک و حەشەرات و.. هتد. هەموو ئەو گیانلەبەرانەی لە ناو توێژاڵی خاک و چینەکانی ئاوو هەوادا دێن و دەچن، هەرچی زیندەوەران هەن، کە ئێمە دەیانزانین و نایازانین، کە هەرخوای گەورە دەزانێت چەند جۆرو پۆلن و ژمارەیان چەندە، هەموویان وان لەژێر چاودێریی خوای میهرەباندا، دەزانێت لە کوێن و پێویستییان چییەو چەندەو بۆ کوێ دەبێ بچن تا بژێوییان پەیدابکەن و گەشەو نەشونماو زاووزێیان و بارودۆخی ژیان و چۆنیەتیی مردنیان.. هەمووی وا لەژێر سەرپەرشتیارێتی خوای کردگارو پەروەردگارو ڕۆزیدەردا، هەر پەیبردن بە هەبوونیان لە توانای غەیری خوادا نییە، چجای شوێن و بزاوت و سرەوتیان، چجای گەشە و نەشونماو زاووزێیان، خۆیان و نەوەکانیان.. زانینی ئەمانە لە توانای غەیری خوادا نییە، ئەدی ڕۆزیدان و مسۆگەرکردنی بژێوی هەموویان و دابینکردنی ئەم هەموو بژێوییە لەکات و شوێنی خۆیاندا؟! بە خەیاڵداهاتنی مەحاڵە چجای زانین و چاودێریی و ڕۆزیدانیان!

خوای گەورە لە کردگارێتیی و میهرەبانیی خۆیەوە، لە زانایی و توانایی و دانایی خۆیەوە.. لە خوایەتیی تاکوتەنهایی خۆیەوە، سەرپشکانە _بێداواو تین و فشار_ رۆزییدانی ئەم هەموو زیندەوەرە بەخەیاڵدانەهاتووانەی لەسەرخۆی فەرزکردووە، بژێویی تەمەنی دانەبەدانەیانی لەم سەر زەمینەدا دابینکردووە، کە وەڵامی پێداویستییەکانی کات و شوێن و حاڵەتی ئانبەئانی هەریەکەیان بێت، خۆراک و خواردنەوەو ئاوو هەوای هەرهەموویانی لەو جێیانەدا داناوە بۆیان، کە بەئاسانی دەیگەنێ و واشی بۆ پۆلێنکردوون کە هەریەکەیان لە نێوان ئەو ملیۆنەهاجۆر خۆراکەدا هەر ئەوە پەیدابکات کە خۆراکی پێویستی خۆیەتی! ملیۆنەهایان بە کاڵیی دەیخۆن، ملیۆنەهایان دوای چاندن و پێگەیشتنی، ملیۆنەهایتریان بەدروستکردنی خۆراکیتر لێی، ملیۆنەهایان بە شیکردنەوەو جوێکردنەوەی پێکهاتەکانی هەر یەک لەو خۆراک و خواردنەوەیە! بە هەزاران جۆری پەیداکردن و جۆری خواردن و شێوازی سوودوەرگرتن لێیان! ئەمە وێنەی شیاوی کردگارێتیی و رۆزیدەرێتیی خوای گەوریە.. ئەمە شایانی تاکوتەنهایی سیفەتەکانی زانین و توانین و میهرەبانین.. ئەمە نیشانەی بەزەیی و ڕەحمەت و پەرۆشبوونی خوای تاکوتەنهایە. ئەم خەلقکردن و رۆزیدان و سەرپەرشتیاریکردنەی مەخلووقات ئا بەو شێوە موعجیزەیە، لایەقی تواناو دانایی خوای تاکوتەنهایە.. کە هەر یەکێک لەم مەخلووقاتانەی وا خەلقکردووە، بۆ خزمەتی زیندەوەران بشێن و هەمووشیانی بۆ ژیانی مرۆڤ دەستەبەرکردووە.. مرۆڤی لەناو هەمووااندا بەشێوەیەکی وا خەلقکردووەو چاودێریی و ئاودێریی و ئاڕاستەیکردووە، کە توانای توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو شیکاریی هەبێت، توانای دۆزینەوەو داهێنان و سازکردنی هەبێت، توانای بەرهەمهێنان و برەوپێدان و گەشەکاریی هەبێت، تا بتوانێت سوود لە زۆرترین کەرەستەی سەرزەمین وەربگرێت و بۆ خێر و خۆشی و بەختەوەرێتیی ژیان و مرۆڤایەتیی و ئاوەدانی تەرخانبکاتەوە.. بەرپرسێتیی ئەم مرۆڤە لە ژیاندا

خەلقکردن و مسۆگەرکردنی ژیانی مرۆڤایتیی و زیندەوەرانیتر نییە، ئەوە خوای گەورە دابینیکردوون، بەرپرسێتی ئەم، لە هەوڵدانی بەدەستهێنانییدایە، نەک بەدەستهێنانیی خۆراک و خواردنەوەی تاکەکەسیی خۆی و ئەوانەی بەخێویاندەکات، نا.. بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیی و ڕەنجدان بەپێی ئاڕاستەی خوایی، بۆ چەسپاندنی قییەمە بەنرخەکانی لە ئازادیی و یەکسانیی و دادی کۆمەڵایەتیی و هاوبەشبوونی هەمووان لە نان و ئەماندا.. (هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولًا فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ) الملک/١٥ ؛ ئەوە خوای گەورەیە کە ئەو زەوییەی ئاوا ئاسان بۆ دەستەبەرکردوون، دەی سا پێیدا هاتوچۆ بکەن و رزق و رۆزیی خۆتانی لێ پەیدابکەن، بشزانن کە چارەنووستان گەڕانەوەتانە بۆ لای خوای گەورە.. مەبەست لێرەدا ئەوە نییە کە بژێوی تاکەکەسەکە مسۆگەرەو خوای گەورە بۆی دابینکردوون، ئەگەر هەوڵی بەدەستهێنانیشی نەدا بۆی دێت، ئەم تەمبەڵیی و پشتلێکردنەوە سلبییە مەبەست نییە، ئەمە دیدلێڵییەو هەندێک کەس بە هەڵە لە پشتبەخوابەستن (التوکل) و پشتکردنەوە(التواکل) تێگەیشتوون و لێیان تێکەڵبووە، بۆیە پێیانوایە ئەگەر هۆکارەکانی رۆزی پەیداکردنیش نەگرێتەبەر، بژێوی مسۆگەری خۆیی بۆ دێتە بەردەست! ئەمە هەڵە حاڵییبوونە، ئەدی ئەو هۆکارانە کوان کە خوای گەورە فەرمانیداوە بگیرێنەبەر، تا رۆزیەکە بەدەستبێت؟ خوای گەورە هۆکارەکانی هەوڵدانی پەیداکردنی ڕزق و رۆزیی کردووە بەبەشێک لەڕێسا و سیستمی وجوود.. ئەگینا حیکمەت لەم هەموو تواناو جۆروزادەی ووزەیەی مەخلووقاتەکان چییە؟ کە خوای گەورە لە هەر یەکەیاندا بەقەدەر پێداویستی خۆی بۆ رەفتار لەگەڵ دەوروبەریدا پێی بەخشیوەو کردوویەتی بە ووزەیەکی شاراوەی زاتیی.. مەگەر بۆ ئەوە نییە لە خێرو خۆشیی و سوودهێنان و زیان لەخۆدوورخستنەوەی خۆیدا بیانخاتەگەڕ؟! بەڵێ، بە تەئکید بۆ ئەوەیە.. هەموو مرۆڤێک بەرپرسە لە بەکارهێنانی

هەموو وزە شاراوەکانی خۆیدا، تا بەووزەی هەمووان مرۆڤایەتی لە ئاستەکانی راقیبووندا بگاتە پلەکانی باڵا.. خوای گەورە ئەم مرۆڤەی بۆ ئەوە خەڵقکردووە، بۆ ئەو ئاستانەی راقیبوون، دینی بۆ ناردووەو ئاڕاستەیکردووە..

هەموو مەخلووقێک رۆزی خۆی مسۆگەرە.. ئەمە حەقیقەت و راستی و بەڵگەنەوویستە، ئەم رۆزییە لە شوێنێکی ئەم گەردوونەدا دانراوە، بە پێی هاوکێشەی خوایی دانراوەو بە هەوڵدان پەیدادەکرێت، ناشێت کەسانێک دانیشن و هەوڵەکەنەدەن، خۆ ئاسمان زێڕوزیو نابارێنێت، بەڵام ئاسمانەکان و زەوی پڕن لە رۆزی مەخلووقات، بەرادەی (بەس)ێتیش تێیاندایە، ئەگەر هەموو بەپێی تەعلیمات و شەرعی خوایی رۆزی پەیداکەن و بیگەیەنن بە یەکتریی، لەهەمووان زیاددەبێت.. ئەمەش رێسای سوودوەرگرتنە لە رزق و رۆزی ئاسمانەکان و زەوی. هەوڵدانیش رێسایەکیترێتی. ئەم رێسایانە خاترو خۆتری بۆ کەس تێدانییە، بۆ هەمووان وەکویەکە، پەیداکردنیان دەبێ بەو شێوەیە بێت کە خوای گەورە رێسای بۆ داناوە، کە حەڵاڵە، دەنا پێچەوانەی رێساو شەرعی خوایە، کە حەرامە، هەردووکیشیان هەر بەپێی رێسای هەوڵدان و گەڕان لەدواو پەیداکردنن، بەڵام لە سیفەت و چۆنیەتییەکانیاندا جیاوازن، بۆیە حەڵاڵ یان حەرامدەبن و حوکمی شەرعیشیان جیاوازدەبێت..

خوای پەروەردگار تاکەزانایە، کە پەی بەهەموو شتێکی مەخلووقاتەکانی دەبات. رۆزی هەر هەموویان دەدات، بێئەوەی کەسیانی لێ مەحروومبکات.. ئەمەش حەقیقەتێکیتری عەقائیدییە کە لە دۆزینەوەو زانینی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کردگارەکەیدا دەردەکەوێت. ئەمەش گرێبەستێکیترە کە خوای کردگاروخاوەن و رۆزیدەر مرۆڤەکان دڵنیادەکاتەوە کە ئەو لە لایەنی خۆیەوە پابەندی تەواویی ئەم

گرێبەستەیەو رۆزی هەموویانی دابینکردووە، مەرج و رێسای پەیداکردن و چۆنیەتیی رەفتارپێکردنیشی بۆ دیاریکردوون، لەبەرامبەردا مرۆڤەکانیش دەبێت _وەکو لایەنی دووەمی گرێبەستەکە_ پێوەی پابەندبن و عەبدێتیی لە رۆزیپەیداکردن و بەکارهێنانەوەیدا ڕەچاوبکەن و حەزو هەواوهەوەس و خەیاڵپڵاوییان وایان لێنەکات خۆ لە عەبدێتیی بۆ خوای گەورە ڕاپسکێنن و وا بزانن ئەوەی دەستیانکەوتووە بەرەنجی شانی خۆیانە.

خوای گەورە رۆزی هەموو انی دیاریکردووە :

خوای گەورە خۆی ئەندازەگیری رزقی هەمووانی کردووە، بە قەدەری خۆی، بە وویست و زانست و توانای خۆی پشکی ئەمیانی زیاترو پشکی ئەویانی کەمترکردووە. ئەوە دانایی خۆیەتی، کە لەگەڵ خوایەتیی خۆیدا دەگونجێت: (اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ وَفَرِحُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مَتَاعٌ) الرعد/٢٦ ؛ خوای گەورە ڕزق و رۆزی بۆ کەسانێک _کە خۆی حەزبکات_ بەرفراوان دەکات و زۆریان دەداتێ، بۆ هەندێکیتریشیان _بەپێی زانایی و دانایی خۆی_ کەمیاندەداتێ و لێیاندەگرێتەوە، بەڵام کافرەکانیان پێی خۆشحاڵن، نازانن ئەوە چێژێکی کاتیی دنیاییە. ژیانی دنیاش _کە دواتر ڕووندەبێتەوە_ غەیری کەرەستەیەکی سادەی چێژ نەبێت، هیچیتر نەبوو.. رزق ورۆزیی وەکو هەموو شتەکانیتری وجوود، لە زانستی خوای گەورەدا دیاریکراون، رادەو برِو چۆنیەتییان، کات و شوێن و حاڵەتیان، چۆنیەتیی پەیداکردن و بەرهەمهێنان و سوودلێوەرگرتنیان، هەموو سیفەتێکیتریان لە قەدەری خوای گەورەوە هاتوون، خوای گەورە فەرمانی بە بوون و دابەشکردن و دیاریکردنیانداوەو ئەو رەفتاریان تێدادەکات: (وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ) الحجر/٢١؛ هیچ شتێک لە وجووددا نییە گەنجینەکەی لای ئێمە نەبێت. ئێمە بە پێی ئەندازەگیرییەکی زانراوو تۆمارکراو دەینێرینەخوارێ.. بەڵام خوای

گەورە ڕێساو مەرجی بۆ پەیداکردن و بەخاوەنبوون و ڕەفتارکردن لەگەڵدا بۆ داڕشتوون، تا خەڵکی بە پێی ئەو ڕێسایانە هەوڵدانەکانیان ڕێکخەن، نەک بە پێی حەزو ئارەزوو بەرژەوەندیی خۆیان. کەوابوو هیچ مەخلووقێک نییە توانای خۆی بەسەر شتێکدا بشکێت و ببێتە خاوەنی حەقیقیی. هەرچی دەبینرێت و هەستپێدەکرێت ئەوە بڕێکێتیی، گەنجینەکەی لای خوای باڵایە، سەرچاوەو واریدات و تیانووسی ئەندازەگیرییەکەی هەموو لای خوای گەورەیەو هەموو شتێک بەرادەو بڕو چۆنیەتیی و سیفەت و کات و شوێن و حاڵەتی تایبەت _کە قەدەری خوا دیاریکردوون_ دێتەخوارەوەو دابەشدەبێتەوە بەسەر مەخلووقاتەکانی خوادا.. هیچ شتێک نییە هەر لە خۆیەوەو بێئەندازەگیریی هاتبێتەخوارەوە. هەموو شتێک بە پێی فەرمان و ڕێسای خوای کردگارو خاوەن و ڕۆزیدەرە.. ڕۆزیی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، بەڵام پەیوەستە بە دەسپێکی ژیان و ژیانەوەی نوێ. ڕۆزیی مەخلووقاتی سەرزەوی _لەوانەش مرۆڤ_ زۆر جۆرو شێوازو چۆنییەتە: ڕووەکیی، ئاژەڵیی، ئاویی، هەوایی.. خۆراکە؟ یان خواردنەوە؟ یان هەڵمژین؟ یان کانزاکانی زەوییە؟ گەنجینەکانی دەریایە. یا نیعمەتەکانی چۆنێتیی موگناتیسیی و کارەبایی و ئەلیکترۆنییە؟! یان جۆرو چۆنیەتیی هێزو نیعمەتیتر؟ کە غەیری خوای گەورە ڕادەو بڕو ماهییەت و چۆنیەتیی و کات و شوێنیان نازانێت، کە جارجارە شتێکیان لە مرۆڤەوە دەردەکەوێت! (وەکو بەرهەمهێنانی پرۆتین لە نەوت و دەرمان لە ژەهری مارو چارەسەر بە تیشک وهیتر..).

ئەمما ئەو ڕۆزییانەیان کە لە ئاسمانەوەیە، لەوانەی بۆ ژیانی دنیایانە، وەکو تیشک و گەرمایی و باران و هاوشێوەیان، کە سەدان جۆر وزەو هێزی ڕۆزییترەو جارجارە شتێکی نوێیان لێ کەشفدەکرێت، ئەوە کە خەمی ڕۆزیی و بژێوی لە لای تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتان دروستدەکات لە دید و تێڕوانین و پێناسەی جاهیلییەتەوە هاتووە، نەک لە دیدی دین و هزری دینداریيەوە.. هۆکارەکانی پەیداکردنی ڕۆزیی _کە

دەگیرێنەبەر_ئاشکراو دیارن، بژێویەکە مسۆگەر دەکەن (ئەگەر لەژێر تاقیکردنەوەدا نەبێت پێی). خوای گەورە رۆزی ئەو هەموو مەخلووقاتە دەدات، کە زۆرینەی هەرە زۆریان هەر نازانن بژێوی خۆیان چۆن پەیداکەن: (وَكَأَيِّن مِّن دَابَّةٍ لَّا تَحْمِلُ رِزْقَهَا اللَّهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ ۚ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ)العنكبوت/٦٠ ؛ چەندان گیانلەبەر هەیە کە پەی بە رۆزیی خۆی نابات، بەڵام خوای گەورە رۆزی ئەوانیش و ئێوەش دەدات.. ملیۆنەها زیندەوەر هەیە لە جێی سوکنای دێتەدەرەوەو بە دوای بژێویی ئەو ساتەیدا وێڵە، نازانێت لە کوێیە؟ چۆنی پەیداکات؟ چۆن هەڵیگرێت؟ چۆن بیپارێزێت؟ لەوە بێئاگایە کە خوای گەورە (پێش خەلقکردنی) هەموو رۆزی ژیانەکەی بۆ دابینکردووە، لە بازنەی دەوری خۆی بێت، یان دوورتر، بۆی دانراوە..

رزق و رۆزیی و بژێویی مرۆڤیش هەر وایە، هەمووی بۆ دابینکراوە، هەرچەندە لە خوا غافڵەکان وا دەزانن ئەوە خۆیانن کە بژێوی خۆیان مسۆگەردەکەن! لەوە بێئاگادەبن کە هۆکارو ئاسانکاریی و چۆنیەتیی پەیداکردنەکان، هەمووی هەر لە ئەندازەگیریی پشکە رۆزییەکەیەوەیەتی.. خوای گەورە هەمووی دیاریکردووە. ئەوە خوای گەورەیە کە لە دەستخستنیدا سەرکەوتوویکردووە (خۆ کەسانێکیتریش وەکو ئەون و هەمان هۆکارو ئاسانکاریی و چۆنیەتیی پەیداکردنەیان گرتەبەرو هیچیشیان وەکو ئەو دەستنەکەوت! خوای گەورە هەرچییەکی خەلقیکردووەو رۆزی بۆ دیاریکردووەو رێساو چۆنیەتیی پەیداکردن و رەفتارپێکردنی بۆ دیاریکردووە، ئیتر خەمی رۆزی و بژێویی بۆچی لەبەرە؟ ئەوە جاهیلییەت و ئەهلی جاهیلییەتە کە ئەوەندە لە خەمی رۆزی و بژێوییدان و تا زیاتریان دەستبکەوێت، هەوڵی زیاتر دەدەن و کەچی هەر لە خەمخۆریدان! بەڵام دیندارانی خواناس و دڵنیا لە حەقیقەتەکانی عەقیدە دڵنیان لە هاوکێشەکە.. دڵنیان تا لە ژیاندامابن رۆزیشیان مسۆگەرە، خوای گەورە بۆی دابینکردوون، بەڵام خوای گەورە بۆ ئەوەی ئەوانی دینداریش دیدیان لێڵنەبێت و

نەکەونە ژێر تین و تەوژمی دید و ڕەفتاری خوانەناسان، بەردەوام لە هاوکێشەی حەقیقەتەکان ئاگاداریاندەکاتەوە کە بێخەمبن:

_ (اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ وَفَرِحُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مَتَاعٌ) الرعد/٢٦ ؛ خوای گەورە پەیداکردنی رزق و ڕۆزیی بۆ ئەو کەسانەی خۆی مەبەستێتی ئاساندەکات، بەڵام ئەوان (کافرەکان) هەر بەوەندەی کە لە دنیادا دەستیان دەکەوێت وا خۆشحاڵ دەبن کە ڕۆژی دواییان بیر دەچێتەوە، لە کاتێکدا هەر هەموو ژیانی دنیا لەچاو ژیانی دوارۆژدا کاڵایەکی کەمی چێژەو بەس..

_ (وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ. فَوَرَبِّ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ لَحَقٌّ مِّثْلَ مَا أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ) الذاريات/٢٢-٢٣ ؛ ڕۆزیتان لە ئاسمانەوەیە هەر وەکو کە بەڵێنتان لە ئاسمانەوە بۆ هاتووە (لە ڕوانگەی حەقیقەتە عەقائیدیەکانتانەوە، لەوانەش دابینبوونی ڕۆزیی) سوێند بەخوای ئاسمانەکان و زەوی، ئەمە حەقەو ڕاستییەکی بەرچاوە، هەروەکو کە خۆتان دەدوێن.. وەک چۆن گومانتان لە قسەکردنی خۆتان نییە کەڕاستەو دەدوێن، ئەم بەڵێنانەش ئاوا حەقیقەتن.

دابەشکردنی ڕۆزی هەر وەکو خەلقکردنەکەی موعجیزەیە، چونکە حەقیقەتێکیتری عەقائیدییە. لەگەڵ ئەوەدا کە هۆکارە دیارەکانی پەیداکردنی ڕۆزی لەسەرزەمیندا زانراوە، کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات و ڕەنجی لەپێناودا سەرفدەکات و چاوەڕێیە لە ئەنجامدا ڕۆزییەکەی دەسکەوێت، بەڵام خوای گەورە دەیەوێت ئومێدی موسوڵمانەکە بە حوکمی ئاسمانەوە پابەندبکات و هیوای بخاتەسەر چۆنیەتیی دابەشکردنە قەدەرییەکەو ڕادەو بڕو کات و شوێنی لێدانانی، تا لەم ڕوانگەوە سەرنجبداتە ئەو هێڵەی لە ئاسمانەوە کێشراوەو ئاماژە بۆ ڕۆزیەکەی لەسەر زەوی دەکات! بەڵام ئەمە هێڵێکە غەیری موسوڵمانان نایبینن،دینداره سەرراستەکان

هەستدەکەن ئەو هێڵە نیشانەو بەڵگەو ئاماژەیە (سیگناڵ)ە، بۆیە دڵی تەقواکاران لەو هێڵە لانادات، چونکە لە دڵنیایی تەواودایە، کە جەمسەری ئەولای وا لە شوێن و کات و پشکی رزقەکە.. ئەم هێڵە وەکو تیشکی لایتە کە خوای گەورە لە ئاسمانەوە خستوێتیە سەر پشکە رۆزیەکەت و تۆش رەنجدەدەیت بۆ بەدەستهێنانیی و سوپاسی خوای لەسەردەکەیت، کە نەک هەر بۆی خەلقکردویت و پشکی خۆتی لێ داناوە، بەڵکو پێشت دەفەرموێ لە کوێیەو چۆن دەیگەیتێ.. ئاوا ئیمانداران هەستدەکەن کە (خەلق)و (رزق) هەمووی لە خوای کردگارو خاوەن و رۆزیدەرەوەیەو بەس.. ئاوا دڵ و دەرون و رۆحی پاک بەرەو خوا دەشنێت و ئومێدی رۆزیی و بژێویی هەر بەخواوە دەبەستن و بەس.. ئاوا هزرو هۆشی ئیماندار لە تین و فشاری ژیان و هەڵپەی کەسابەت و قورساییەکانی سووربوون و چاوچنۆکیی ماددەوویستیی قوتاردەبێت.. لە هەمان کاتیشدا وەنەبی هۆکارەکانی رۆزی پەیداکردنەکەی ئیهمالکردبێت، نا، رەنجی تەواوییش بۆ پەیداکردنی پشکە رۆزیەکەی دەدات، بەڵام چاوی لەسەرچاوەی نوورە خواییەکە ناتروکێنێت و هزرو هۆش و رۆحی شەیدای، بە غەیری حەقیقەتەکانی تەوحید ستارناگرن.. ئەمەیە جیاوازی نێوان رۆزیی پەیداکردنی موسوڵمان و رۆزی پەیداکردنی کافر.. موسوڵمان رووی لە کردگارو خاوەن و رۆزیدەرەکەیەو کافریش هەر چاوی لە لەوەڕگاکەیە! دڵی ئیماندار پەی بەم حەقیقەتە دەبات و لێی حاڵییەو زوو دەکەوێتە رەفتار لەگەڵیدا.. لەگەڵ ئەوەشدا لەو راستییەش غافڵنییە کە ناشێت سەرزەمین ئیهمالبکرێت، ناشێت هۆکارەکانی ئاوەدانکردنەوەی وەلکرێن، چونکە دەزانین کە مرۆڤی دیندار بەرپرسێتی ئاوەدانکردنەوەی سەرزەمینی لەسەرە، بەدەرهێنانی خێرو خێراتەکانی و خستنییە خزمەتی مرۆڤایەتییەوە، چونکە خوای گەورە ئەم هەموو نیعمەتانەی هەر بۆ ئەو مەبەستە خەلقکردووەو لەسەر زەمیندا گەنجینەیکردووە، بەڵام خوای گەورە نایەوێت خەڵکی دڵ و دەروون و هزرو هۆشیان

هەر بچێتە سەر ئەو نیعمەت و ڕۆزیانەو لەخواغافڵبن.. نا، نابێت.. بڕۆن سەرزەمین ئاوەدانبکەنەوەو ڕووتان لەئاسمان بێت.. هۆکارەکانی ڕۆزیی و بژێویی و ئاوەدانکردنەوە بگرنەبەر، بەڵام وانەزانن کە ئەوانە سەرچاوەی ڕۆزییەکەن.. نا، ڕۆزییەکە لە ئاسمانەوە ئەندازەگیرییکراوەو لە کات و شوێن و حاڵەت و چۆنیەتیی خۆیدا دەستتاندەکەوێت، ئەمە بەڵێنی خوای گەورەە : (وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ) الذاريات/٢٢).. ئەمە فەرمایشتی حەقی خوای گەورەیە. حەتمەن بەڵێنی خوای گەورەش ڕاست و دروستەو لەکات و شوێنی خۆیدا دێتەدیی.. ئاوا دڵی ئیماندار لە تین و فشاری هۆکارەکان قوتاردەبێت و ناکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆی ژیانی ماددەپەرستان.. ئاوا ئیمانداران هۆکارەکانی ڕۆزی پەیداکردن دەکەنەوە بە هۆکاری بەرەوخواچوون (هۆکاری چێژی جەستەو ئاسوودەیی دەرون و گەشەی ڕۆح).. ئاوا هۆکارەکان دەبنەوە بەڵگەی (دیدی مەلەکوتیی).. ئاوا موسوڵمان لەوە دڵنیادەبێت کە هۆکارەکان نیشانەو بەڵگەو ئاماژەن و بەرەو خوای کردگاری دەبەن، ئاوا لەسەر زەوی دەژی، پێی لەسەر زەوییەو ڕووی لە ئاسمان دەبێت.. خوای گەورە ڕۆزیدەرە: (أَمَّنْ هَٰذَا الَّذِي يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُ بَل لَّجُّوا فِي عُتُوٍّ وَنُفُورٍ) الملک/٢١ ؛ ئادەی ئەوە کێیە کە دەتوانێت ڕۆزیتانبدات، ئەگەر خوای گەورە ڕۆزیی لێتان گرتەوە؟

ڕۆزیی مرۆڤ هەر لە یەکەمین هۆکاریەوە، لە یەکەمین بڕیاری خەلقکردنی گەردوون و ژیان و مرۆڤەوە، بە بڕیاری خوای گەورەوە بەندبووەو ئێستاش و تا قیامەتیش، هەروا دەمێنێت. خوای گەورە لە دەستپێکی ژیانی مرۆڤەوە بڕیاریداوە کە ڕۆزی مرۆڤ لە ئاسمانەکان و زەویدا دەستەبەربێت، هەردوو شوێنەکەش (ئاسمانەکان و زەوی) مرۆڤ ناتوانێت بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و مەخلووقاتیتری لێ مەحرومبکات، یان هەندێک مرۆڤ مرۆڤایەتی لێ مەحرومبکات. ڕۆزیدان پەیوەندی بە مرۆڤەوە نییەو

خوای گەورە نەیخستۆتە بەردەستی مرۆڤ خۆی[١].. خەلقکردنی رۆزیی و دابەشکردنی پێش خەلقکردنی مرۆڤەکانە. رۆزیی لە وزەو توانای هەر هەموو مرۆڤایەتی گەورەترە، بۆیە نامومکینە مرۆڤایەتی هەموویان (ئەگەر پێکەوەش هاوکاربن_ ناتوانن رۆزی لە مەخلووقات بگرنەوە. (ئیتر چۆن ساویلکانە ئەو گومانە دەبرێت کە کۆمەڵێک سەرمایەداری خاوەن هێز، دەتوانن رۆزی دانیشتوانی وڵاتێک بگرنەوە، چجای مرۆڤایەتی). رۆزیی لەدەست خوای گەورەدایە.. باشە ئەگەر خوای گەورە ئاو لە مرۆڤ بگرێتەوە، کێ ئاویان بۆ دابین دەکات؟ (قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَاؤُكُمْ غَوْرًا فَمَن يَأْتِيكُم بِمَاءٍ مَّعِينٍ) الملک/٣٠ ؛ بفەرموو ئادەی ئەگەر خوای گەورە ئاوی سەرزەوی بەناخدا رۆببات، کێ ئاوی دەریاو زەریاو ڕوبارو کانیاوتان بۆ دەهێنێتەوە سەرێ؟!.. یان ئەگەر خوای گەورە هەوا لە گیانلەبەران بگرێتەوە، یان توخمە سەرەکی یەکانی پێکهاتەی توخمێک لە توخمەکانی ژیانیان نەهێڵێت، چییان لێ دێت؟!

<u>رۆزیی هەر خۆراک نییە:</u>

واتای رۆزیی زۆرزۆر لەوە بەرفراوانترو قوڵترو گشتگیرترە، کە لە سەرەتای بەرگوێکەوتنیدا بیری لێ دەکرێتەوە، رۆزیی لەوە زیاترو کۆنترو دوورترە کە بەخەیاڵدادێت، چونکە هەموو نیعمەتێکی گەورەو بچوکی خوایی دەگرێتەوە. هەروەها دابەشکردن و چۆنیەتییەکانی پەیداکردن و پاراستنی.. هەموومان دیارو ئاشکراکان بازنەیەکن لە واتا بەرفراوانەکەی رۆزیی، کە مرۆڤی نەزانن وا دەزانێت بە رەنجی شانی خۆی پەیدایکردووە، وا دەزانێت کارکردن و داهێنان و بەرهەمهێنانەکەی زۆریان بۆهێناوەتەدیی! وا نازانێ کە ئەمانە هۆکاری دۆزینەوەو هێنانێتی، نازانێ کە رۆزی لە

---

١ ساتێک بیر لەوە بکەرەوە کە ئەگەر بۆ نموونە: ئۆکسجین بەدەست دەسەڵاتدارانی مرۆڤایەتییەوە بوایە، مرۆڤایەتی چی لێ دەهات؟!

لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای خەلقبووونی، لە لایەکیتریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەندازەگیریی خوای گەورەو بەشکردنی. ئێستا زانستی سەردەم دەڵێت ئەوەی ئاوی لەسەررِووی زەمین راگرتووە هێزی ڕاکێشانی مانگ (هەیڤ)ە، کە چوار سەد هەزار کیلۆمەتر لە زەمینەوە دوورە. باشە ئەگەر چەند هەزار کیلۆمەترێکیتر دوورکەوتەوەو مەداری گۆڕا، مانای وایە هەموو ئاوی سەرزەمین ڕۆدەچێت! هەموو هەناسەیەک پشکەرۆزییەکە، نابینیت کابرا لەسەرەمەرگدایە، خۆراکی پێناخورێت و هیچ شلەمەنییەک _تەنانەت شرووبەدەرمانیش_ ناخواتەوە جەستەی وەریناگرێت و دەریدەداتەوە، بەڵام هەناسەدانی بەردەوامە، چونکە پشکی رزقەو بۆدیاریکراوی خۆیەتی.کە ئەمیشی تەواودەبێت ئینجا دەمریت، باساڵێکیش لە لەهۆشخۆچوون (کۆما)شدابیت! هەموو بزاوتێکی ئەم مرۆڤە پشکەرۆزییە. لە سووتانی مادەیەکەوە هاتووە، تا ببێتە ووزە (ئینەرژی)و بزاوتەکەی پێ بێتەدیی.. هەموو بیرکردنەوەو سەرنجدان و تێفکرینێکی مرۆڤ، رۆزییەو لە خوای گەورەوەیە.. هیچ چالاکیەکی جەستەیی نییە نەگەڕێتەوە بۆ پشکێکی رزقی ماددیی.. هەر هەمووشی خەلقکراوو ئەندازەگیروو بەخشراوی خوای کردگارو خاوەن و رۆزیدەرە.. هۆکارەکان گەردوونی بن، وەکو تیشک و گەرما و.. هیتر، یان مرۆڤین بن، وەکو رەفتارەکانی بەرهەمهێنان، هەموویان لەسەرەتاوە لە رۆزی خواییەوە هاتوون. ئیتر چۆن دەشێت هەندێک مرۆڤ ئەوانیتر بکاتە عەبدی خۆی.. چۆن دەشێت خەڵکانێک بۆ دەسخستنی رۆزییە دیاریکراوەکەی خۆیان ببن بە کۆیلەی زەلیلیی بەردەستی کەسانێکی طاغووتیی، کە خۆیان لەوان کردۆتە خوا؟!!

چەسپاندنی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە لەدڵ و دەروون و لە هۆش و مزرو، بزاوت و هەڵوێستی خەڵکییدا کاریگەری سەرەکی لەسەر ژیانیان دەبێت، کە رۆزیدەرێتیی خوای کردگارو خاوەنیان لا دەبێتە بەڵگەنەوویست و دڵنیادەبن کە رۆزییان بەدەست

غەیری خوای گەورە نییە، بۆیە ئازادو ئازایانە رەفتاردەکەن، چونکە لە رۆزیگرتنەوەیان ناترسن و دڵنیان کە: (اللَّهُ لَطِيفٌ بِعِبَادِهِ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ) الشورى/١٩؛ خوای گەورە میهرەبان ونەرمونیانە بەرامبەر بەندەکانی خۆی، کە خۆی بیەوێت رۆزیی هەموو کەسێک دەدات، خوای گەورە بەهێزو بە دەسەڵاتە.. هەروەیا دەفەرموێ: (وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ) البقرە/٢١٢ ؛ خوای گەورە بێ هەژماردەکردن رۆزی ئەوانە دەدات کە خۆی حەزدەکات.

قورئانی پیرۆز لە باسی رۆزیشدا کێشەی ململانێی تەوحیدو شیرک دەخرۆشێنێتو ئەوە دەخاتە دیدو زەینی موشریکانەوە کە خوای پەروەردگار (خەلق)یکردووەو (رۆزیی)شیداوە، دەتانمرێنێت و زیندووشتاندەکاتەوە، دەی سا ئەمە بە سیفەتی خواکانی خۆتان (بتەدارو بەردە داتاشراوەکان) بەراووردبکەن، بزانن دیدو هەڵوێستی چ لایەنێک راستەو ژیرێتییە، تا بگیررێتەبەر؟: (اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ هَلْ مِن شُرَكَائِكُم مَّن يَفْعَلُ مِن ذَٰلِكُم مِّن شَيْءٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ)الروم/٤٠؛ ئەو خوایەی خەلقیکردن و پاشان رۆزیدانێ، کە دواتر دەتانمرێنێت و زیندووتاندەکاتەوە، ئایا ئەو بتانەتان _کە کردوتانن بە هاوبەشی خوایەتیی خوای گەورە_ دەتوانن هیچ کام لەوانە بکەن؟ پاک و بێخەوشیی و مەزنیی و بڵندیی بۆ ئەو خوایە کە ئاوا هاوبەشی بۆ دادەنێن.. خوای گەورە سەرنجی موشریکەکان بۆ واقیعی کۆمەڵگەو ژیان و حاڵی خۆیان رادەکێشێت، کە ناتوانن نکووڵیبکەن کە خوای گەورە هەموو مەخلووقاتێکی دروستیکردووە، خەلقکردنێک کە هیچ کەس و هێزێکیتر هاوبەشی نەبووە، نە لە ئیجادکردنی واقیع و نە ئیجادکردنی ژیانیاندا. ئاوا قورئان دەیانخاتە بەردەم واقیعێک کە تاتوانن بڵێن خوا خەلقینەکردوین، ناشتوانن بڵێن خۆمان یان غەیری خوا رۆزی بۆ دەستەبەرکردوین، چونکە رۆزییەکەش دەبینن کە چۆن خوای گەورە خەلقیکردووەو پشکی ئەوانیشی لێ

دیاریکردووه. جا خورمای بەردەستیان بێت، یان حوشترەکانیان و بەرهەمەکانیان، یان ئەو ماڵ و سامانەی بە هۆی کەعبەوە بۆیان دێت.چ وەکو قوربانیکردن، چ وەکو مەڵبەندی بازرگانی، ناتوانن بڵێن بتەکانمان خۆمان و خورما و حوشترەکانمانی خەلقکردووە. ناشتوانن بڵێن بتەکانمان رۆزیمانی مسۆگەرکردووە بۆیە قورئان بۆ ئیحراجکردن و قەناعەتپێکردنیان دەفەرموێ: (هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ) فاطر/٣ ؛ ئایا کردگارێکی تر غەیری خوای گەورە هەیە رۆزیتان لە ئاسمان و زەویەوە بدات؟ هیچ خوایەک نییە شایانی خواییەتی بێت جگە لە خوای پەروەردگار، ئیتر بۆچی ئەو بوختانانە هەڵدەبەستن کە گوایە خوای گەورە هاوبەشی هەیە!

لە ساتوئانی هەموو چرکەیەکدا، لە ئاسمانەکان و زەوییەوە نازو نیعمەتی خوای گەورە بەسەر مرۆڤدا دەڕژێت، کە خوای کردگارو خاوەن و رۆزیدەر لە میهرەبانی خۆیەوە بەسەر مەخلووقاتدا بەگشتی و بەسەر مرۆڤدا بەتایبەتی دەبارێنێت، دەی سا خوایەکیتر هەیە ئاوا رۆزی خەلقبکات و بەسەر مەخلووقاتدا دابەشیبکات؟ دەی کەسێک هەیە ماڵ و سامانی خۆی ئاوا لە خەڵکی دابەش بکات؟ ئێ ئەگەر نییە ئیتر بۆچی ئەو بتانەتان کردووە بە خواو سیفەتەکانی خوای تاکوپاکیان بەبەردا دەکەن؟! جاهیلییەکانی ئەو سەردەمەو(جاهیلییەکانی ئەم سەردەمەش) ناتوانن بڵێن: بەڵێ هەیە، چونکە نییە. ئەمە دەیخستنە بەر پرسیارو وەڵامێکی واقیعی، کە ئایا خوایەکیتر هەیە ئاوا رۆزی و بژێویی دابینبکات؟ وەڵامیان بەتەئکید هەر (نەخێر) دەبێت، با بە لەفزیش نەیڵێن.. ئەوەش یەعنی ئێوە لەوە گومڕاترن کە بەخەیاڵیشتاندا نایەت، چونکە دەزانن کە خوایەکی کردگار و رۆزیدەر هەیەو نازونیعمەتتان بەردەوام پێ دەبەخشێت، کەچی لەولاوە بتتان داتاشیوەو دەڵێن ئەمانەش خوان! سەیرە! کە لەگەڵ ئەم حەقیقەتە واقیعیە بەڵگەنەویستەشدا غەیری خوا دەپەرستن: (لَهُ مَقَالِيدُ

السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) الشورى/١٢؛ کلیلی گەنجینەکانی رۆزیی -کە لەئاسمانەکان و زەویدان_ مولّکی خوای گەورەن و وان لەدەست ئەودا، خوای گەورە ڕزق و رۆزیی دەداتە کەسانێک و بۆیان بەرفراواندەکات، کە خۆی دەیەوێن و لە کەسانێکیشی دەگرێتەوە کە نایەوێن. خوای گەورە خۆی مەسەلەی رۆزیدانانی گرتۆتەدەست: بە دروستکردن و بەخشین، یان نەهێشتن و گرتنەوەی. خوای گەورە رۆزیدەرە، بەخشەری خۆراک و خواردنەوەیە، کەفالەتی بژێوییە، ئیدی بۆچی روویان لە خوایەکیترە؟ بۆچی عەبدایەتی غەیری خوای کردگاریان دەکەن؟ بۆچی کە ناکۆکدەبن لەسەر رۆزی و دابەشکردنی ناگەڕێنەوەسەر شەریعەتەکەی خوای رۆزیدەریان؟ ئەدی بۆچی تەمەلوق بۆ یەکتریی دەکەن، تا بەمنەتەوە شتێک بۆ یەکتریی هەڵدەن؟!

عەقیدە لە ئیسلامدا یەکپارچەیە، ناشێت پێکهاتەکانی لێکدابڕێن. قورئانی پیرۆز بڕیاری خوای گەورەی روونکردۆتەوە کە خوای گەورە یەکە، خاوەنی وجوودە، رۆزیدەرو بەخشەری بژێوی مەخلووقات هەر ئەو خوا تاکوتەنهایەیە، ئیدی چۆن دەشێت و دەلوێت، چۆن دەکرێت و دەگونجێت بووترێت ئەو خوای کردگارو خاوەن و رۆزیدەرو بەخشەرە وەکو ئەو بتەیە کە نە کردگارە و نە خاوەنەو نە رۆزیدەرەو نە بەخشەرە؟ چۆن بە هەردوکیان هەر دەوترێت خوا؟

رۆزی داواکردن لە خوای گەورەو ئومێدبەبەشکردنی ئەوو دابینکردنی بژێوی مرۆڤ، هەر ئەوەندە نییە کە دینداریتیی لە موسوڵماندا بگەشێنێتەوە، نا، پێش هەموو شتێک رۆزیدەرێتیی خوای گەورە یەکێکە لە حەقیقەتەکانی عەقیدە، رۆزیدەرێتیی خوای گەورە بەڵگەنەویستێکی وجوودە، هەر وەکو کە خاوەنێتیی و کردگارێتیی خوای گەورە بەڵگەنەویستێکی وجوودە.. ئەم سیفەتەش وەکو سیفەتەکانی کردگارێتیی و

خاوەنێتیی، عەبدێتیی دەخوازێت: (إِنَّ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَابْتَغُوا عِندَ اللَّهِ الرِّزْقَ وَاعْبُدُوهُ وَاشْكُرُوا لَهُ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ) العنكبوت/١٧؛ ئەوانەی کە ئێوە لەجیاتی خوای گەورە دەیانپەرستن خۆ دەسەڵاتی دابینکردنی رۆزییەکیان نییە بۆتان! دەی سا داوای رۆزی لە خوای گەورە بکەن و ئومێدتان بەو بێت بژێویتان دابینبکات.. ئەو بپەرستن و سوپاسی بکەم، هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێنەوە..

کردگارو رۆزیدەر هەر خوای گەورەیە، خۆی خاوەنی وجوودە، کە هیچ هێزو کەس و مەخلووقێک بۆی نییە لەخۆیەوە رەفتار لە هیچ برگەیەکی رۆزییدا بنوێنێت، بە بێ رەزامەندی خوای گەورە، ڕەزامەندیشی وا لە شەریعەتەکەیدا.. شەریعەتەکەشی هەموو ئەوەیە کە پێغەمبوری خوا صلى الله عليه وسلم بە بڕیارو گوفتارو کرداری خۆی چەسپاندوویەتی.. قورئانی پیرۆز ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە بە زۆر شێوە نیشاندەداتەوە، تا ئەوە لە ناخی دڵ و دەرون و هزرو هۆش و دیدو رەفتاردا بچەسپێنێت کە تەنها خوای گەورە بۆی هەیە رەفتار لە رۆزی خەڵکییدا بکات. بۆ ئەوەی ئەوە لە ناخ و واقیعی تاکوکۆی موسوڵماناندا بچەسپێت کە حوکمڕانێتیی ژیانی ئابووریی خەڵکی مافی خوای تاکوتەنهایەو بەس، خوای کردگارو خاوەن و رۆزیدەری خەڵکی، هەر ئەو مافی حاکمێتیی و دەسەڵاتدارێتیی و یاساورێسادارشتنی لە بواری ئابووریشدا هەیە. (هەر وەکو کە مافی یاساورێساداڕشتنی لە لایەنەکانیتری ژیانی تاکو کۆیکۆمەڵگەو دەوڵەتیشدا هەیە).. ئەمە بواری موناقەشەکردنی تێدا نییە: (قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ) يونس/٣١ ؛ بفەرموو: کێیە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەوییەوە رۆزیتاندەدات و بژێویتان بۆ دابیندەکات؟! ئەدی ئەوە کێیە کە ئەم هێزی بیستن و بینینەی پێتانبەخشیوە؟ ئەدی ئەوە کێیە کە زیندوو لە مردوو ئیجاددەکات و مردوو لە زیندوو ئیجادەکات؟ کێیە کە

تەگبیری ئەم گەردوون و ژیانە دەکات و ئیدارەی هەموو وجوودی لەدەستدایە؟! بۆ وەڵامی هەر هەموویان دەڵێن: ئەوە خوای گەورەیە کە ئەوانەی کردووەو دەیکات. دە پێیان بفەرموو: باشە ترسێکی خواتان لەدڵدا نییە؟

(قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ)؟ خۆ ئەوان نکووڵییان لە هەبوونی خوای گەورە نەبوو، ئینکاری زۆرینەی سیفەتەکانیان نەدەکرد، نەفی رەفتارکردنیان لەو کارە گەورانەی گەردون و ژیاندا نەدەکرد، بەڵام ئەو ئینحرافەی لە سروشت و دیدو تێڕوانینیاندا روویدابوو، خستبوونییە سەرشیرک، شیرک لە بواری پەرستن و شیرک لە بواری یاساو رێساداڕشتندا، کە خوای گەورە نە خواپەرستییەکەیانی قبووڵبوو، نە یاساورێساکانیشیانی پێ پەسەندبوو.. لە هەردوو بووارەکەدا بە موشریکی ناساندبوون و رەفتارەکەشیانی بە پەرستنیی موشریکانەو یاساداڕشتنی موشریکانە ناساند.. عەقیدەی راست و پاک قەڵای پاراستنی دیدو رەفتارە، لەو بوارانەی شیرک. رۆزیدانیش کە بەدەست خوای گەورەیەو رۆزی هەمووان دەدات و کەس غەیری ئەوەی بەرناکەوێت کە بۆی نوسراوە (و کەسیش نامرێت تا ئەوە نەخوات کە بۆی تەرخانکراوە)، ئیتر چۆن دەبێت شوکرانەی بت بکرێت لەسەر ئەمە؟! چۆن دەشێت پەرستن بۆ غەیری خوا دەرببڕرێت، کە نە کردگارەو نەخاوەنەو نە رۆزی بەکەس داوە؟: (وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ شَيْئًا وَلَا يَسْتَطِيعُونَ) النحل/٧٣؛ زۆر شت لە جیاتی خوای گەورە دەپەرستن کە لە هەموو ئاسمانەکان و زەویدا خاوەنی هیچ رزق و رۆزییەک نین و ناشتوانن هیچ بژێوییەک بۆ کەس دابینبکەن! سەیرە کە سروشتی مرۆڤ ئەوەندە ئینحرافبکات و ئاوا سەرلێشێواوبێت، کە پەرستن بۆ شتێک ئەنجامبدەن کە نە پێشتر رۆزیداون و نە چاوەڕوانیشدەکرێت لەداهاتوودا بژێوی کەسێک دابینبکات! لەولاوەش وازلەپەرستنی خوای گەورە دەهێنن کە خۆیان ئیعتراف بەوە دەکەن کە خوای ئەوانیشەو کردگارەو

خاوەنەو دەژیێنێت و دەمرێنێت و رۆزی هەمووشیان هەر لەدەستئەودایە.. بەراستی سەیرە.. لەوکاتەدا کە لە نازو نیعمەتی خوادان، عەبدایەتیی بۆ خوایانێکی دەستکردی خوایان دەکەن!

ئینومەسعود خوای لێ رازی بێت دەگێڕێتەوە : (إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا نُطْفَةً، ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذلِكَ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذلِكَ، ثمَّ يُرْسَلُ إِلَيْهِ الْمَلَكُ فَيَنْفُخُ فيهِ الرُّوحَ، وَيُؤمَرُ بأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ: بِكَتْبِ رِزْقِهِ وَأَجَلِهِ وَعَمَلِهِ وَشَقِيٌّ أَوْ سَعِيدٌ) متفق عليه[1]؛ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم _کە راستگۆو راستگۆیانە ناسراوە_ بۆمان دوا، فەرمووی: هەریەکەتان لەسکی دایکیدا تا وادەی چل رۆژ تۆوە (کە لەگەڵ هێلکۆکەدا یەکیگرتووە)، پاشان بەقەدەر ئەو ماوەیە دەبێتە زەروویەکی هەڵواسراو (علقە)، پاشان بەقەدەر ئەو ماوەیە دەبێتە گۆشتپارەیەک، کە بەقەدەر پاروویەک گۆشتی جویراو دەبێت، پاشان فریشتەی بۆ دەنێردرێت، کە رۆحی بەبەردا بکات و چوار وشەی بۆ بنوسێت: نوسینی رۆزی و بژێویی، و نوسینی ئاکامی مەرگی (کۆتایی ژیانی)، و رەفتار لە گوفتا و کرداری، و ئایا لە ناڕەحەتییدا دەبێت یان بەختەوەردەبێت.

---

١ بوخاری (٣٠٣٦)، موسلیم (٢٦٤٣).

باسی چوارەم

هیچ شتێک ــبێ مۆڵەتی خوای گەورەــ زیانبەخش و سوودبەخش نییە

(لا ضار ولا نافع الا بإذن الله)

خوای پەروەردگار بنەماکانی دیدو تێڕوانینی جیهانبینیی ئیسلامیی روونکردۆتەوە بەوەی کە هیچ بزاوت و سرەوتێک بەبێ قەدەر (ویست و زانست و توانا)ی خوای گەورە نابێت: (.. وَمَا هُم بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ..)البقره/١٠٢؛ ئەو دوو فریشتەیە نەیاندەتوانی زیان بەهیچ کەسێک بگەیێنن، بەبێ مۆڵەت و ڕێپێدانی خوای گەورە. هەموو هۆکارەکانیش بە ئیزنی خواو بە مۆڵەت و ڕێپێدانی ئەو کاریگەردەبن، بە ویستی ئەو ئەنجام و ئاسەوار دروستدەکەن. ئەمە حەقیقەتێکیتری عەقائیدیی و بەڵگەنەویستێکیتری ئیمانداریتییە کە ئەو ئەنجام و ئاسەوارە دروستدەکات. ئەمە حەقیقەتێکیتری عەقائیدیی و بەڵگەنەویستێکیتری ئیمانداریتییە لە ئیسلامدا، کە ناشێت هیچ موسوڵمانیک لێی بێئاگابێت، چجای ئەوەی نەیزانێت.

رۆشنترین نموونە کە ئەم حەقیقەتە وێنابکات ئەمەیە کە دەستت دەخەیتە ئاگرەوە دەسوتێت، بەڵام سوتاندنەکە بە بێ قەدەر (ویست و زانست و توانا) ی خوای گەورە رووناداات. خوای گەورە وای داناوە کە ئاگر توانای سوتاندنی هەبێت، دەستی تۆش توانای سوتانی تێدایە، بەڵام خوای گەورە دەتوانێت _ئەگەر بیەوێت_ سیفەتی سوتاندن لە ئاگرەکەدا بوەستێنێت، یان بەرگرییەک بۆ دەستی تۆ دابنێت، ئەوەش بۆ حیکمەتێکە کە رەنگە لەو کات و شوێن و حاڵەتەی خۆتدا نەزانیت.. هەموو هێزێکی کاریگەریتر لە گەردووندا وەکو ئاگرەکەیەو توانای کاریگەرێتیی تێدایە، بەڵام خۆبەسەر

بێ قەدەری خوای گەورە ناتوانن کاریگەریی لەسەر هیچ شتێک دروستبکەن. بڕوانە چۆن خوای گەورە کاریگەری سوتاندنی لەو ئاگرە گەورەیەدا وەستاند کە سەیدنا ئیبراهیمیان علیه سلام فڕێدایەناویەوە، چونکە خوای گەورە قەدەری وابوو نەسوتێت وەک دەفەرموێ: (قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ)الانبیاء/٦٩؛ ووتمان: هۆ ئاگر، ساردو سەلامەت بە بەرامبەر ئیبراهیم علیه سلام، نەک هەر سارد، بەڵکو ساردێکی بێزیانیش..

هەموو هێزدارێک جۆرێک کاریگەریی خۆیی تێدایە، بەڵام بەبێقەدەری خوای گەورە کاریگەرنابێت، ئەو هێزە کە رەفتاردەکات خوای گەورە رێی پێداوە بەو شێوەیە رەفتاربکات، هەر خوای گەورە خۆی ئەو کاریگەرێتییەی پێ بەخشیووە، دەشتوانێت لێی وەربگرێتەوە. هەموو رەفتارێکی نادیار(غەیب)یش وایە.. هیچ کەسێک نادیار نازانێت چۆنە، تەنها خوای گەورە دەزانێت (کە بەربەستی کات و شوێن و ماهییەت بۆی نابنە بەربەستی زانین) وەکو کە دیوار و سبەینێ و چۆنیەتیی پێکهاتەی دەرمانێک بۆ ئێمە بەربەستی زانین و نەتوانینە، کە هیچ کەسێک ناتوانێت نادیارانە کاریگەریی لەسەر کەسانیتر دروست بکات. (نە مردوو لە زیندوو، وە نە زیندووش لەسەر یەکتریی لە حاڵەتی دوورو نادیارییدا). خوای گەورە دەفەرموێ: (قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) الاعراف/١٨٨؛ بفەرموو: من خاوەنی هیچ سوودێک نیم کە بەخۆمی بگەیێنم هەروەها دەسەڵاتی زیانێکم نییە کە لە خۆمی دووربخەمەوە (ئیتر چۆن دەتوانم سوود بە ئێوە بگەیێنم یان زیانتان لێ دووربخەمەوە) مەگەر بە مەشیئەتی خوای گەورە (کە بیەوێت و رێم پێبدات کاریگەر بم). من ئەگەر نادیارم بزانیایە (کە لەداهاتوودا چیم بەسەردێت) کردەوەی خێرم زۆرتر دەکرد (شتێکم

نەدەکرد کە بمزانیایە زیانی هەیە) یان ڕەفتاریتر، یان نەمدەهێشت خراپەم بێتەڕێ (خۆم لێ لادەدا) من هەر مۆشدەرێکم خەڵکانێک _کە موسوڵمانن_ ئاگاداردەکەمەوە..

نادیار لە زانستی خودایەو بەس، دەشێت کەسانێک هەڵوێستێک بگرنەبەر، لەبەرئەوەی وا دەزانن زیان لە خۆیان دووردەخەنەوە پێی، کەچی چارەنووسە نادیارەکە بە هەڵوێستەکە دەبێت بە زیان، یان زیانەکە هەر دێتەسەریان، بێئەوەی هەڵوێستەکە کاریگەری هەبووبێت، یان بە پێچەوانەوە، دەشێت هەڵوێستێک بگرنەبەر لەبەرئەوەی وادەزانن سوود بەخۆیان دەگەیەنن، کەچی چارەنووسە نادیارەکە پڕاوپڕ دژی هەڵوێستەکەیەو زیانە بۆیان، یان هەڵوێستەکەیان کاریگەر نەبوو: (كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) البقرە ٢١٦؛ کوشتار دژی کافران (جیهاد) کە حەزی پێناکەن لەسەر فەرزکراوە، بە تەئکیید دەشێت حەزتان لە شتێک نەبێت، لە کاتێکدا ئەو خێری ئێوەی تێدایە. هەروەها دەشێت حەزتان لە شتێک بێت، لە کاتێکدا ئەوە خراپەی ئێوەی تێدایە، خوای گەورە دەزانێت، و ئێوە نازانن..

ئەمە دیدو هەڵوێستی مرۆڤانەیە بەرامبەر نادیار کە نەزانراوە. مرۆڤ هەرچەند بزانێت، مرۆڤێتییەکەی بەردەوام دەیهێنێتەوەدواوە، چونکە لاوازیی و نەزانین و نەتوانینی خۆیی دێتەوە ڕێ. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەو هەموو پەیبردن و خواناسییەیەوە، بەو هەموو نزیکییەوەی لە خوای گەورە و کردگاری نادیار، لە بەرامبەر نادیار(غەیب)دا دەوەستاو بە خەڵکەکەشی رادەگەیاند کە من مرۆڤێکم و لەبەرامبەر نادیاردا وەکو ئێوەم، نە سوودم بۆ خۆم هەیە، نە بۆ ئێوە، نە زیانم بۆ خۆم هەیە، نە بۆ ئێوە، چونکە نازانم غەیب چۆنەو چی دێنێتەڕێمان، ناشزانم خۆم

چیم لێ بەسەردێت، نازانم ئەنجامی ڕەفتارەکانم چی و چۆن دەبێت، بۆیە ناشزانم پاداشتیان لەسەر وەردەگرم، یان سزادەدرێم لەسەریان، بەڵام هەر ئەوەندەم پێدەکرێت ئەو هەڵوێستانە بگرمەبەر کە وا دەزانم خێرو چاکەیەو خوای گەورە پێیخۆشە. لەو هەڵوێستانەش دووردەکەومەوە کە وا دەزانم خوای گەورە پێیناخۆشە.. ئاوا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەفتاری دەنواند، ئاوا کاریدەکردو چاوەڕوانی قەدەری خوای گەورە دەبوو، کە لە نادیارەوە دەهات.. ئەمەش حەقیقەتێکی عەقائیدیی تری ئیسلامە، بەڕاگەیاندنی ئەم حەقیقەتە، هەموو سیفەتێکی بۆخوالێبڕان و لەشیرک تەبەڕاکردن ڕووندەبێتەوە، کە تەوحید جەختی لێدەکاتەوە. تەوحید لە ئیسلامدا لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی شیرک و جۆرو چۆنیەتییەکانی شیرک دەدات، تا وەکو لە دڵ و دەروون و هۆش و هزرو واقیعی خەڵکییدا ڕایدەدات، ئاسەواریشی نامێڵت (وەکو هەڵکێشانی دڕکوداڵ لە بێخەوەو پاشان سوتاندنی).. تەوحید لە ئیسلامدا شوێنکەوتوەکانی ئاوا بۆخوا ساغدەکاتەوە، تا وەکو لە ناخیاندا ئەوە بچەسپێت کە خوایەتیی خوای گەورە دەبێت ئەوەندە پاک و بڵندو پیرۆز ڕابگیرێت بە هیچ شێوەو چۆنیەتییەک هیچ شتێکیتر لە سیفەتەکانی خوای گەورەدا هاوبەشنەبێت.. تەنانەت ڕێزو قەدری کەسایەتی کۆتا پلەی پەسەندێتیی پێغەمبەری خواش پێغەمبەری خواش صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە خۆشەویستی خوای گەورەو هەڵبژاردەی تایبەتێتی، نابێت موسوڵمان بە هیچ ختورەیەکی دڵیش _چجای ڕەفتار (گوفتار یان کردار)_ توخنی شیرک بکەوێتەوە.. تەنانەت ئەم زاتە بەڕێزو پێشەوایەی پێغەمبەران سەلامی خوا لە هەموویان بێ ئاوا ڕایدەگەیەنێت کە منیش بەرامبەر نادیار (غەیب) دەسەوسانم و غەیری چاوەڕوانی قەدەری خوای گەورە هیچم پێناکرێت. منیش وەکو هەر یەکێک لە ئێوە مرۆڤم و بازنەی زانیارییم لە سنوری مرۆڤێتیی دەرناچێت: (قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا)

الجن/٢١؛ بفەرموو: من خاوەنی هیچ زیان و هیدایەتدانێک نیم تاوەکو بە ئێوەی بگەیەنم..

هەروەکو بە هەموو مرۆڤێک و بە هەموو مەخلووقێک دەوترێت: خوا بەسیفەتە تاکوتەنهاکانییەوە بناسەو تەنها ئەو بپەرستەو لە هیچ سیفەتێکی ئەوو خواپەرستییەکی خۆتدا هاوبەشی بۆ بڕیارنەدەیت. بەهەمان شێوە بەو پێغەمبەرە نازدارەشی صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ئاگاداربە، هۆشت لەخۆت بێت، وریابە.. نەکەویتە شیرکەوە.. فەرمانی پێدەدا کە بۆخوا لێببڕێت و بەس، ناخ و کردارو گوفتاری بۆ خواناسیی و خواپەرستیی پاکبکاتەوە، ڕایگەیەنێت کە بە هیچ شێوەو چۆنیەتییەک، لە هیچ کات و شوێن و حاڵەتێکدا، بە هیچ رادەو بڕێک هیچ سیفەتێکی خوای نییەو ناومکینشە بیبێت، چونکە جەنابیشی صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر عەبدەو ئەرکی عەبدێتیی بۆ خوای گەورە لەسەرەو بۆی نییەو بە هیچ کلۆجێک ناشێت هاوبەش بۆ خوای گەورە دابنێت، چونکە هەر خوای گەورە کردگاری تاک و خاوەنی تەنهاو رۆزیدەری بەتواناو ژێنەرو مرێنەرەو هەموو جۆرێکی سوودو زیان بەدەست و فەرمانی ئەوەو بەس.. ئاوا عەبدێتیی سەرراستانەی بۆ خوای گەورە ئاشکرادەکات، ئاوا بۆ هەمووان ڕووندەکاتەوە کە توانای گەیاندنی هیچ جۆرە سوودو لادانی هیچ جۆرە زیانێکی بە نادیاریی بۆ کەس نییە. هەرچی شتێک بتوانێت بیکات، هەر بەنسیفەتی مرۆڤێتییەکەیەتی، کە هەر یەکێکیتریش لە مرۆڤ دەتوانێت بیکات. ئاوا ئەم تەوحیدە پاکە لەسەر حەقیقەتە عەقائیدییەکانی خۆی دادەمەزرێنێت، ڕوون و ڕۆشن، ئاشکراو راشکاو: (قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ) الأعراف/١٨٨؛ بفەرموو: من توانای ئەوەم نییە هیچ سوودێک بەخۆم بگەیێنم، هەروەها دەسەڵاتیشم نییە تا زیانێک لە خۆم دووربخەمەوە (ئیتر چۆن دەتوانم سوود بە ئێوە بگەیێنم، یان زیانتان لێ دووربخەمەوە) مەگەر بە مەشیئەتی خوای گەورە (کە

بیەوێت و ڕێم پێبدات کاریگەر ببم). جا کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لوتکەی خواناسیین و خواپەرستنە ئاوا ڕایگەیێنێت کە خاوەنی هیچ جۆرە زیان و هیچ جۆرە قازانجێک نییە، تاوەکو بە نادیاریی بەخەڵکی بگەیەنێت، کەوا نامومکینە غەیری خوای گەورە ئەم توانایەی هەبێت، بە هیچ شێوەو چۆنێتییەک و لەهیچ کات و شوێن و حاڵەتێکدا.. لەوەش ڕۆشنتر ئەوەیە کە هیچ کەس و هێزو یارمەتیدەرێک نییە بتوانێت سوودێک لە یەکێک بگرێتەوە، لەوانەی خوای گەورە بە کەسێکی دەگەیەنێت، یان زیانێک لەوانە دووبخاتەوە کە خوای گەورە لە چارەی نوسیوون: (وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) الاعراف/١٧؛ وە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت زیانێک بێنێتەڕێت، هیچ هێزێک نییە، بە هیچ کلۆجێک بتوانێت لەسەرتی لادات، یان نەهێڵێت. ئەگەر بشیەوێت خێرێک بێنێتەڕێت، (ئەوە حەتمەن دەبێت) چونکە خوای گەورە توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت..ئەم ئایەتە و هاوشێوەکانی جگە لەوەی حەقیقەتە عەقائیدییەکان ڕووندەکەنەوەو لە دڵ و دەروون و هۆش و هزرو بیرو ڕەفتاردا دەیچەسپێنن، بەدووی گومان و دوودڵیی و ڕاڕایی و دڕدۆنگیەکانی نەفسیشەوەن، ناهێڵن ختوورەیەکی گومانیش بەدڵیدابێت، ناهێڵن گرێ و گۆڵێک لە ناخدا بمێنێت، ناهێڵن ترس و حەزو ئینفیعالات کاریگەریی لەسەر دابینبوون و جێگیربوون و قایمبوونی تەوحیدەکە دروستبکەن، چونکە ئەم ئایەتە و هاوشێوەکانی بەردەوام نووری ئیمان لە تاریکی دڵدا بڵێسەدارتردەکەن، ئەو دڵنیاییەی لە ناخدا دەیچەسپێنن، توانای هەڵاوێردنی خێرای کوفرو ئیمان و شیرک و تەوحیدو هەواو تەقوا بە خاوەنەکەی دەدەن، کە ختوورەی هەر گومانێک بزوێت، ڕۆشنیی و توانای لەبننەهاتووی ئەم حەقیقەتە عەقائیدیانە ریشەکێشیدەکەن.. ئەم حەقیقەتانە پاسەوان و چاودێری خواوویستی دەکەن..

بۆچی خەڵکانێک غەیری خوای گەورە بەسەرپەرشتیارو خەمخۆری خۆیان دادەنێن؟ بۆچی خۆدەخەنە داوی ئاڵۆزکاوی شیرک و گۆنگەڵی دژواری ماوبەشدانانەوە بۆخوا، لە کاتێکدا خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتداریان ئاوا ڕێی لێگرتوون؟ لە کاتێکدا کە ئەوە دژایەتیی لەگەڵ ئیسلامدا هەیە! دیارە هۆیەکی ئومێدمێنانی سوودو دوورخستنەوەی زیانە.. ئومێدی پشتیوانی لێکردن و لەسەرکردنەوەو سەرخستنە، ئومێدی بەهاناوەهاتنی کاتی نارەحەتیی و پاراستنێتی لە کاتی خۆشیی و کامەرانییدا.. بەڵام خۆ ئەمە هەمووی لەدەست خوای گەورەدایەو بەس.. تواناو دەسەڵاتی ڕەهاو بێسنووریی، بەسەر ئەمەدا هەیە. هەموو وجوود ژێردەستەو زەلیلی بەردەستی ئەون. هەموو مەخلووقات بە فەرمانی ئەو پەیدابوون و ماون و لە بزاوت و سرەوتدان.. خوای گەورە تاکوتەنهاشە لە زانایی و توانایی و داناییدا، شارەزاو پسپۆڕی بێوێنەی بەخشین و گرتنەوەیە، ئیتر بۆچی خۆی تەسلیمی ئەم خوایە ناکات؟!

دەبێ داعیی و موجاهید لەم حەقیقەتە بێئاگا نەبن:

ئەو کەسەی لە رووبەروبونەوەی جاهیلییەتدایە، ئەوی بەرەنگاریی مێژو دەسەڵات و مەکرو کەللەرەقی جاهیلییەت دەکات و بە رووی تواناو چەواشەکاریی و پلان و پیلانی طاغووتاندا راستبۆتەوە، ئەوی بە ویست و ئیرادەو عەزمەوە ئامادەی راگرتنی لافاوی فەسادو ستەم و دەستدرێژیی ستەمکارانی رِقن و دەستەو دایرەی دووروویانن، لەهەموو کەسێک زیاتر پێویستیان بە چەسپاندنی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە هەیە، کە ئومێدی تەنها بە خواوە بەنددەبێت، هیوای بە خوای دەسەڵاتدار دەبێت.. خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتدار.. خوای خاوەنی سوودو زیان.. دەسەڵاتداری ژیاندن و مراندن.. ئای ئەو کەسەی دژی خراپەکاریی جاهیلییەت و دەسەڵاتی طاغووتان راپەڕیوە چەند پێویستی بەم حەقیقەت و ئومێدە تاکوتەنها بە بەرەمەە هەیە.. ئەو کەسەی لە جاهیلییەت یاخیبووەو سوورە لەسەر بەزاندن و لادان و رادانی شیرکی

جاهیلییەت و ستەمی طاغووتان دەبێت ئەم حەقیقەتە عەقائیدیانەی خواناسین ی بەتەواویی لا بووبێتە بەڵگەنەویست و لە دڵ و دەروون و هۆش و مزرو دیدو هەڵوێستیدا چەسپابن و ئازادانەو ئازایانە دەرکەوتبن.. ئەم داعیە ئازایە دەبێ زۆر لێبڕاوانە بۆ ئەم تەوحیدە _بەو حەقیقەتە عەقایدیانەوە_ ساغبووبێتەوە، تاوەکو لە قەڵای مەحکەمی ئیماندا بێت، نەبادا شلببێت و کزو لاواز دەرکەوێت، یان نەفس رایکێشێتە ناو گوناح و طاغووتیش رایکێشێتە ناو بازنەی تەنازولات و دۆستایەتی ئەهلی جاهیلییەتەوە.. دەبێ بەردەوام هۆشی لەوە بێت کە حەتمەن گوناحکاران و بەزیوان و شکستخواردووەکان دووچاری سزای سەختی خوای کارزان و بە دەسەڵات دەبن.. بۆیە دەبێت پێ قایم و دڵ مەحکەم بێت و لەوە دڵنیابووبێت کە ئەوی سووددەگەیەنێت و زیان لادەدات هەر خوای گەورەیەو بەس، چونکە سوودو زیان لە دەست ئەودان و بەس.. بە پێی قەدەری (زانست و ویست و توانای) ئەو بۆ ئەم دێن و بۆ ئەو دەچن، خوای گەورەش باڵادەستەو هەموو مەخلووقات زەلیلی بەردەستی ئەون.. خوای گەورە بڕیاردەدات، کە بڕیاریشیدا بەهیچ شێوەیەک هیچ دەسەڵاتێک نییە خۆی لە بڕیارەکەی لادات، چجای ئەوەی بیوەستێنێت یان ڕەتی بکاتەوە، یان بیگۆڕێت..

دڵێک ئائەم بەڵگەنەویستەی تێدا نەچەسپێت، ئەم حەقیقەتە عەقائیدیانەی بۆ نەبووبێتە قەناعەتی ناخ و شنەی هۆش و هزرو مێژی ئینتمای بانگەوازی خواویستیی لە بەرامبەر جاهیلییەتدا خۆناگرێت، کۆڵی ئەم جوهدو جیهادەی ئیسلامەتی پێهەڵناگیرێت، شایان و قاییلیەتی ئەوەی تێدانابێت لە رووی جاهیلییەتدا بوەستێت و قەڵای ئیسلامەکە سەرلەنوێ بیناکاتەوە.. ئەمەش ئەرکێکە چیا شانی تێیدا نەویدەبێت و لوتکە تێیدا دەچەمێتەوە.. بەڵام دینداریی لەسەر راستیی لەو بەهێزترە، بۆیە ئەم مرۆڤە پەیمانی بە خوای گەورەدا کە بەڵێ بانگەوازەکەت دەگرمەئەستۆ!

حەتمەن دەبێت هەڵوێستی موسوڵمان، بەرامبەر ئەو جاهیلییەتەی سەر زەمینی گرتۆتەوە ئاوابێت، حەتمەن دەبێت بانگەوازی حەقی خواویستیی بەکۆڵدابدات، حەتمەن دەبێت ئەم تەوحیدە پاکە بەو حەقیقەتە عەقائیدییانەیەوە ڕاگەیەنێت و بە جورئەتەوە بەرگری لێ بکات، پێویستە بە دەنگێکی دلێرەوە رایبگەیەنێت کە تەنهاوتەنها خوای گەورە _کە کردگارو خاوەن و ژێنەرو مرێنەرە_ بەهەمان شێوە دەسەڵاتداری ڕەهاو حاکمی بێسنورەی هەموو زیان و سوودێکیش بەدەستی ئەوەو خوای گەورە وەکو کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو مرۆڤدا هەیە، هەر دەبێت دین و شەریعەتەکەشی باڵادەست بن و سەروەریی بۆ دینەکەی بێت و بەس.. رابگەیێنن کە خوای گەورە بەدەسەڵاتەو هەموو مرۆڤەکان _بەطاغووتە دڵڕەقە ستەمکارەکانیشەوە_ لاوازو بێدەسەڵاتن، چونکە هیچیان خەلقنەکردووە، تەنانەت مێشێکیش، ئەگەر مێشێک شتێکیان لێ بستێنێت بەهەموویان ناتوانن لێی بسەننەوە! طاغووتان و دەسەڵاتدارانی جاهیلیی ناتوانن زیان بەکەس بگەیێنن، ئەگەر خوای گەورە نەیەوێت، ناشتوانن سوود بەکەس بگەیێنن، ئەگەر خوای گەورە نەیەوێت، خوای گەورەو بەدەسەڵات زاڵە بەسەر فەرمانی خۆی و هەموو وجووددا، بەڵام زۆرکەس ئەوە نازانن، یان لێی غافڵن، بۆیە خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ رایبگەیەنە کە ئەمە وایە: (قُلْ أَنَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰ أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَانَا اللَّهُ..)الانعام/٧١؛ بفەرموو: چما _دوای ئەوەی کە خوای گەورە هیدایەتی داین و رێی خواناسیی نیشانداین_ دەخوازن رووبکەینە ئەو بتانەی لەجیاتی خوای گەورە داتاننناون، کە نەسوودمان پێدەگەیێنن و نە زیان..

ئەی موحەمەدصَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێیان رابگەیەنە، نکووڵی دیدو هەڵوێستیان لە تەوحیدەکە بکەو دژی ئەو عەبدایەتییەیان بوەستەرەوە کە بۆ بت دەیکەن! کە

هاواریاندەکەنێ و داوای یارمەتییان لێدەکەن، کە خۆیانیان تەسلیمکردوون و ئومێدیان بەوانە سوودیان پێبگەیێنن و زیانیان لێ دووربخەنەوە، لەکاتێکدا ئەو بتانە سوودو زیانیان بۆ کەس نییە، هەر جۆرە بتێک بن لە دارو بەرد بن، یان درەخت و چیا، جن بن یان مرۆڤ، زیندوو بن یان مردوو، هەموویان لە نەگەیاندنی سوودو زیاندا یەکسانن، هەموویان لەوە لاوازو کزو داماوترن بتوانن سوود بەکەس بگەیێنن، چونکە ئەوانە نە ئاگایان لە بزاوت و سروشتی مرۆڤەو نە ئاگایان لەکات و شوێن و حاڵەتی شوێنکەوتووەکانیانە.. ئەوە تەنها خوای پەروەردگار ئەوەی پێدەکرێت، چونکە ئاگادارو بەتواناو دەسەڵاتدارەو زاناو دانایەو هیچ بزاوت و سرەوتێک لە هیچ کات و شوێن و حاڵەتێکدا لە هیچ مەخلووقێکەوە ئەنجام نادرێت ئەگەر خوای گەورە رازی نەبێت پێی.. هیچ شتێک بە بێ رێپێدانی خوای گەورە نابێت.. هیچ..

نەفسی مرۆڤ، هۆش و هزری کاتێک کە لە رێی حەق لادەدات، سنورێک بۆ گەلۆرێتییەکەی نامێنێتەوە، ئاواساویلکەو گەمژانە دەکەوێتە عەبدایەتیکردن بۆ غەیری خوای گەورە، کە نە زیاندەگەیەنن و نە سوود؛ (وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ) یونس/١٨؛ بانێک لە جیاتی خوای گەورە دەپەرستن کە سوودیان پێدەگەیێنن و نە زیانیان لێ دووردەخەنەوە، دەڵێن ئەم بتانە تکاکارمانن لای خوای گەورە! بفەرموو پێیان: چما ئێوە سرەوت و بزاوتی شتانێک بە خوای گەورە دەڵێن کە ئەو حاڵی ئەانەی نەزانیبێت کە لە ئاسمانەکان و زەویدان؟! پاک و بێخەوشیی بۆ ئەو خوا باڵایە لەم هاوبەشانەی بۆی دادەنێن.. ئەم نەفامانە ئەو داروبەردو جنۆکەو رۆحیانەتەیان دەپەرست، چونکە وایاندەزانی سوودیان پێدەگەیەنن و زیانیان لێ دووردەخەنەوەو لای خوای گەورە دەبنە تکاکاریان.. چما خوای گەورە نەیزانیووە کە تکاکارانێکی لە خزمەتدایە؟! چما

ئێوە هەواڵی دەدەنێ یان وەبیریدەهێننەوە؟! ئەمە شێوازێکی گاڵتەئامێزە.. گاڵتەکردنە بە هزرو هۆشیاریی ئەوان، کە بەهەمووو ئەقڵێکیانەوە وادەزانن ئەم بتانەیان لای خوای گەورە تکاکارن! ئاخر ئەمە لە خوای گەورە ناوەشێتەوە، ئەمە نەفامی موشریکەکانە، بۆیە خوای گەورە لە ئایەتەکەدا دەفەرموێ: (سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ). سوودو زیان لە دەست خوای گەورەدان و بەس، کەوا بوو ناشێت ئومێدی سوودکردن و زیان لابردن بە غەیری خوای گەورە ببەسترێتەوە. هەروەها نابێت ئومێدو هیوایەک بە غەیری خوای گەورەوە ـچ بۆ سوودهێنان بێت چ بۆ زیان لادانـ ببەسترێتەوە، چونکە شیرکەو خوای گەورە قبووڵیناکات. بە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ) یونس/١٠٦؛ لەجیاتی خوای گەورە هاوار نەکەیتە شتێک کە نە سوودت پێدەگەیێنێت و نە زیانت لێ دووردەخاتەوە، ئەگەر واتکرد، ئەوە بە تەئکیید لەریزی ستەمکاراندا دەبیت! ئەوە موشریکەکانن کە بە نەفامیی کاری وا دەکەن، ئەگەر جەنابیشت ئومێدت بە غەیری خوای گەورەبێت، جەنابیشت دەچیتەریزی ئەو موشریکانەوە. پێوەرو حیساباتی خوای گەورە کەس نابوێرێت و حوکمی لەبەرخاتری کەس ئاساننناکات:

ـ(وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ) یونس/١٠٧؛ ئەگەر خوای گەورە بیەوێت زیانێک بێنێتەرێت، هیچ هێزێک نییە، بە هیچ کلۆجێک بتوانێت لەسەرتی لابدات، یان نەهێڵێت، مەگەر هەر خۆی. ئەگەر بشیەوێت خێرێک بێنێتەرێت هیچ هێزێک نییە، بە هیچ کلۆجێک بتوانێت فەزڵی خوای گەورە رەتکاتەوە..

(ئەمە هاوکێشەیەکە، ئەمە ئەنجامێکە، کە پێشەکیەک هۆکارێتی) بە پێی ئەم ڕێسا خواییە نەگۆڕە ئەگەر هۆکارەکانی زیانت گرتەبەر، تووشی زیان دێیت. ئەگەر لەسەر رێ و مەرج و هۆکاری خێرخوازیش بیت، خێرت دێتەڕێ و قازانجدەکەیت.. ئەگەر لەم رێسایەوە تووشی زیان هاتیت ئومێدت بە هیچ کەس و هێزێک نەبێت زیانەکەت لەسەر لادات، جگە لە خوای دەسەڵاتدار..

ئەگەر زیانت لێکەوتووە؟ هۆکارەکانی مەگرەبەر.. بگەڕێوە سەر هاوکێشە خێرخوازییەکە. بگەڕێوە سەر بەرنامەی خوای گەورە، تا دیدو هەڵوێست و مومارەسەت راستبێتەوەو کۆتایی بە زیان لێکەوتنەکەت بێت.. روو لە خوای گەورە بکە تا قوتارتبکات، تا بە لوتفی خۆی دەستتبگرێت و بەرەو خێرخوازییەکەت بهێنێت. بەهیوای غەیری خوای گەورە نەبیت.

ئەگەر خێر و خۆشیت دەستکەوتووە، ئەوە بزانە کە _دوای یارمەتیدانی خوای گەورە_ لە ئەنجامی گرتنەبەرو پابەندبوونتەوەیە بە پێشەکیی و هۆکارو مەرجی خێرخوازیی. بزانە کە هیچ کەس و هێزێک نییە لێتی بگرێتەوە، ئەگەر خوای گەورە لێتی نەگرێتەوە. ئەمە فەزڵی خوای گەورەیە. ئەنجامی سروشتی پێشەکیە خێرەکەشە کە گرتتەبەر. ئەمە رێسایەکە لە رێساکانی وجوود. بەم هۆکارو رێگاو مەرجانە دەگەیتە ئەو جۆرە ئەنجامە.. بەڵام لەوە دڵنیابە کە ئەوەی خوای گەورە لە چارەی نووسیویت، سوود بێت یان زیان، هەردێتەڕێت. ئەمیشیان کەس توانای ڕێلێگرتن یان گۆڕان و گۆڕی، یان رەتکردنەوەیی نییە: (قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا)الاسراء/٥٦؛ پێیان بفەرموو: ئادەی داوا لەوانە بکەن کە لافی خوایەتیان بۆ لێدەدەن، کە ناتوانن زیانتان لێ دووربخەنەوە یان بیگۆڕن، یان وا بکەن کە نەتانگرێتەوە، یان بۆتان بەخێر بگەڕێت؟.

چما خواکانی ئێوە هیچیان خەلقکردووە ؟

هیچ کەس و هێزێک لەم وجوودەدا نییە بۆی هەبێت یان بتوانێت زیانێکت لەسەر لادات، یان بیگۆڕێت، ئەوە ماف و توانای خوای گەورەیەو بەس، کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو وجووددا زاڵەو خاوەنی هەموو شتێکەو هەموو مەخلووقات زەلیلی بەردەستین: (قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قُلِ اللَّهُ قُلْ أَفَاتَّخَذْتُم مِّن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ لَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ نَفْعًا وَلَا ضَرًّا قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِي الظُّلُمَاتُ وَالنُّورُ أَمْ جَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ خَلَقُوا كَخَلْقِهِ فَتَشَابَهَ الْخَلْقُ عَلَيْهِمْ قُلِ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ) الرعد/١٦: بفەرموو: کێ خوای پەروەردگار خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییە؟ بفەرموو خوای گەورەیە، بفەرموو دەی چۆن ئێوە لەجیاتی خوای گەورە سەرپەرشتیارانێکیترتان بۆ خۆتان کردووە بە خوا؟ کە خاوەنی سوودو قازانجێک نین بە خۆیانی بگەینن، بفەرموو: ئایا نابیناو چاوساغ وەک یەکن؟ تاریکیی و روناکیی وەک یەکن؟ یان دیارە ئەو هاوبەشانەی بۆ خوایان داناون ئەوانیش شتیان خەلقکردووەو خوای گەورەش (ئەم گەردوون و ژیان و مرۆڤەی) خەلقکردووە. ئیتر لەم نێوانەدا ئەمانە لێیان تێکچووە نازانن ئەو مەخلووقەیان کە خواکانیان خەلقیان کردووە کامانەن و ئەوەی کە خوای گەورە خەلقیکردوون، کامانەن!! بفەرموو: خوای گەورە هەموو شتێکی خەلقکردووە.

پێیان بفەرموو، لێیان بپرسە(بۆ ئیحراجکردن و هۆشهێنانەوە بەریان) کە مادام غەیری خوایان بە سەرپەرشتیارو خەخمۆری خۆیان داناوە، هەرچەندە باسەکە رۆشنە و هەقی تێدا ئاشکرایە، بەڵام لێیانە بپرسە داخۆ خواکانیان _کە توانای خەلقکردنیان نەبوو_ ئایا توانای سوودگەیاندن و زیان دوورخستنەوەیان هەیە؟ بێگومان نەخێر. لێیان بپرسە، هەرچەندە حەق لەم بەراووردەدا ڕۆشنەو ناهەقی تێیدا

رسوایە، خۆ جیاوازییەکە دیارە، هەروەکو جیاوازی کوێرو چاوساغ وایە، یان تاریکیی و رووناکیی!

چما ئەو خوایانەی ئەوانیش مەخلووقاتیان درووستکردووەو زۆرن؟! هەروەکو خوای گەورە مەخلووقاتی زۆری خەلقکردووە. ئیتر گوایە نامەقیان نییە کە لێیان تێکبچێت کە کام مەخلووقە خواکانی ئەوان درووستیانکردوون و کامانەیانە کە خوای گەورە خەلقیکردوون. ئەگەر ئاوایەو لێیانتێکەڵبووە، ئەوە نامەقیان نییە سەریان لێتێکبچێت، بەڵام خۆ مەسەلەکە وانییە.. ئەوەتا خوای گەورە ئەو هەموو مەخلووقاتەی خەلقکردووەو خاوەنیانەو ئاگای لێیانەو سوود پێگەیاندن و زیان لێ دوورخستنەوەیان لە دەست خوای گەورەدایە، بەڵام خواکانی ئێوەچی؟! کوا چییان درووستکردووە؟ خاوەنی چین؟ سوودیان بە کێ گەیاندووە؟ زیانیان لە کێ دوورخستۆتەوە؟ بێگومان لە کەس! جا کەوایە بۆچی دەیانپەرستن، بۆچی عەبدێتییان بۆ دەکەن؟ بۆچی کردووتانن بە هاوبەشی خوای کردگار و خاوەنی تاکوپاک؟! کەوابوو هیچ گومانێک لە مەسەلەکەدا نییە، هیچ هەنجەت و بەهانەیەکتان لەم شیرکەتاندا نییە..

ئەمە شێوازی قورئانە لە گاڵتەکردن بە ئەقڵیان و سووکایەتیکردن بە هۆش و هزریان.. چونکە ئەوانیش و ئێمەش زۆر لەم هەموو مەخلووقاتانەی وجوود دەبینین (گەورەترین بتی کۆن (لات و عوززا و مەنات) و بتی نوێی سەردەم (فەلسەفەو زانست و دیدی نوێ) دەبینین، کە نەیانتوانیووە مێشێک خەلقبکەن).. ئەم شێوازی دوواندنەی قورئان و ئیحراجکردنیان لەوانەیە بیانخاتە پێداچوونەوە (موراجەعە)ی دیدو هەڵوێست و رەفتاریانەوە.. لەوانەیە بەخۆدابچنەوە ببینن کە دیدو هەڵوێست و رەفتارێکی زۆر گەوج و گەوێلانەیە کە بەدیار بتێکەوە دانیشتوون و وا دەزانن خێرو

شەڕی بەدەستە! وا دەزانن سوود و زیانی بەدەستە، کە واقیعیشیانە دەیبینن وا نییە: (وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ)الفرقان/٥٥؛ لەجیاتی خوای گەورە شتی وا دەپەرستن کە نە سوودیان پێدەگەیێنیت و نە زیانیان لێ دوور دەخاتەوە.

کاتێک پرسیاریان لێدەکرا کە کێ کردگاری ئاسمانەکان و زەوییە، دەیانووت خوای گەورە کردگارێتی. چونکە سروشتی پاک و ژیری ساغ ناشێت وا وەڵامنەداتەوە: (وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلْ أَفَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ) الزمر/٣٨؛ ئەگەر لێیان بپرسیت کێ ئاسمانەکان و زەوی خەلقکردووە؟ دەڵێن: خوای گەورە، بفەرموو: دەیئەگەر خوای گەورە بیەوێت زیانێک بە من بگەیێنێت ئەو خوایانەتان _کە لە جیاتی خوا هاواریان بۆ دەبەن_ دەتوانن ئەو زیانە لە من دووربخەنەوە؟ یان ئەگەر خوای گەورە بیەوێت خێرێک بهێنێتەڕێی من، خواکانی ئێوە دەتوانن رێ لە رەحمەتی خوای گەورە بگرن؟ بفەرموو من خوای خۆمم بەسە، پشت بەستووان دەبێ پشت بە خوای گەورە ببەستن. ئەمە وەڵامی هەموو کەسێکی ژیرو پارسەنگە.. پاشان ئەم گەردوون و ژیان و مرۆڤە کە خوای گەورە خەلقیکردوون و خۆی خاوەنیانەو کارگێڕو چاودێرو هەڵسوڕێنەری کاروبارو سەرپەرشتیاری بزاوت و سرەوتیانە، چۆن دەشێت خەڵکانێک لەو باوەڕەدابن کە هێزێکیتری غەیری خوای گەورە، یان مرۆڤێک، یان بتی داروبەرد ماف و تواناو دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت رەحمەتی خوای گەورە دابەشبکات! لەمیان بگرێتەوەو بەویانی بدات! بێئەوەی پرس بە خوای گەورە بکات، چجای ئەوەی لە دەسەڵاتییدابێت سوودو زیان بهێنێتەڕێی خەڵکی.. چۆن دەشێت خەڵکێک ئەوەندە سادەو ساویلکە بێت وا بزانێت غەیری خوای گەورە سەرپەرشتیاری رەحمەتی بێسنوری خوای گەورەدەکات؟! یان هێزێکیتر هەیە کە بتوانێت زیان بە مەخلووقات

بگەیەنێت، لەوەی کە خوای گەورە لە دەسەڵاتی تاکوپاکی خۆیدا هێشتویێتیەوە؟ چما کەس ئەم ماف و دەسەڵات و موڵکەی هەیە؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر.. نەخێر کەس نییەتی.. کەس بۆی نییە زیانێک لە کەسێک بدات یان سوودێک بە کەسێک بگەیەنێت بێ وویست و زانستی خوای گەورە.. جا کە ئەم حەقیقەتە عەقائیدیە ئاوا بەڵگەنەوویستە ئیتر کابرای داعی ئیسلامی لە چی دەترسێت؟ ئومێدی بە چی (غەیری خوای گەورە) هەیە، تا زیانی لێ دووربخاتەوە، یان سوودی پێبگەیەنێت؟! ئەگەر ئەم راستییەی _بێ گومان و دوودڵیی و راڕابوون_ لە دڵ و دەروون و هۆش و هزر چەسپیووە، ئیتر چۆن وا گوماندەبات کە غەیری خوای گەورە دەتوانێت کێشەکانی لەسەر سووکبکات، یان ناڕەحەتییەکانی سەر ڕێگای نەهێڵێت؟! ئەو کە ئەوەندە لە کردگارێتیی و خاوەنێتیی و توانای ژیاندن و مراندن و سوودگەیاندن و زیان دوورخستنەوەو دەسەڵاتی خوای باڵادەست دڵنیابووە، ئیتر خەمی چییەتی؟ سڵ لە چی دەکاتەوە؟ بۆچی دەترسێت؟ کێ دەتوانێت رەحمەتی خوای لێ قەدەغەبکات ؟.. کێ؟!

کاتێک ئەم حەقیقەتە عەقائیدییەش لای موسوڵمانی دیندارو سەرراست دەچەسپێت و لای دەبێتە بەڵگەنەوویست، ئیتر هەموو شتێکی لا دەگاتە کۆتایی.. موناقەشە لەسەر ئەم بەڵگەنەوویستەش ناکات، چونکە موناقەشەکردنی، نیشانەی دانەمەزراوێتییەتی، ئومێدی بە هیچ هێزێک نامێنێت، کە زیانی لێدووربخاتەوە یان سوودێکی پێبگەێنێت، چونکە قەناعەتی لە سەداسەدی بۆ درووستبووە کە هێزێکیتری غەیری خوای گەورە هیچ شتێکی لەم دوو مەیدانەدا پێناکرێت.. هەرچی هێزی باتڵ و لەرزۆک هەیە پێی بڵێن غەیری خواش کاریگەرە، لاناکات بەلایانەوە، چونکە دەزانێت ئەوە دیدو تێڕوانینی موشریکانە.. ئەوان وا دەڵێن، بەڵام ئەم، ئەم حەقییقەتە عەقائیدییە دەخاتەڕوو.. ئەوان دەڵێن: دەبێ سڵ لە فلان هێز بکەیتەوە (و

لێی بترسیت) ئەم دەڵێ: (أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِن دُونِهِ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ) الزمر/٣٦؛ مەگەر خوای گەورە بەس نییە بۆ عەبدەکەی خۆی؟ بۆ پاراستن و سەرخستنی؟ بۆ سوود پێگەیاندن و زیان لێ دوورخستنەوەی؟ ئەوان بە غەیری خوای گەورە دەتترسێنن، ئاخر ئەگەر یەکێک خوای گەورە گومڕاییبکات ئاوایە، ڕێنیشاندەرێکی دەستناکەوێت ڕێی راستی نیشاندات (حەقیقەتی بۆ روون بکاتەوە). ئەوی خوای گەورەی ناسیووە دڵنیایە لەوەی کە خوای گەورەی بەسە. بۆیە وێردی سەر زمانی هەر ئەمە دەبێت: (حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ) التوبة/١٢٩؛من خوای گەورەم بەسە، پشتم بەو بەستووە.. دوای چەسپاندنی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییەو دوای لا بەڵگەنەوویستبوونیان، دوای دڵنیایی و یەقین، سوکنایی دێت، هێمنیی و ئارامیی و ئاسوودەیی(الطمأنینة) دێت، کە ئیتر ترس ناوێرێت توخنیکەوێت! ئەم دڵنیایی و یەقینەیە کە متمانەی تەواو بە جەنابی خوای کردگارو باڵادەست دروستدەکات، کە وای لێ دێت هەموو هێزی دنیا ئەستەمە چاوی بترسێنێت[١].

١ هەر یەکێک لەم حەقیقەتە عەقائیدییانەی تەوحید بە حەقیقەتەکانیترەوە بەندە.. کردگارێتیی خاوەنێتیی پێوەیە، خاوەنێتیی دەسەڵاتدارێتیی پێوەیە، ئینجا هاوکات و لەگەڵیدا خاوەنێتیی زیان و سوود بەوانەوە بەندە.. ئینجا هاوکات و لەگەڵیاندا حاکمێتیی و چاودێریی و سەرپەرشتیارێتیی.. وەکو مۆلکیۆلەکانی پێکهاتەیەکی کیمیاوین، لە هەموو لایەکەوە بە یەکترەوە پەیوەستن و بە هەموان تەوحیدەکە پێکدەهێنن. ئەو کەسەی بە ئیماندارێتیی ئەم حەقیقەتانەی لا دەبێتە بەڵگەنەووسیت ئیتر زۆر ئاسان تەسلیمیان دەبێت و بەوپەڕی دڵنیاییەوە رەفتاریان وەلدا دەکات.. خوایە بە رەحمەتی خۆت بمانگەێنەرە ئەو ئاستە.. بە لوتفی خۆتمان وەلماندابە.. ئەگەرچی شیاوی ئەوەش نین، بەڵام مەرحەمەتێکی تۆ دەمانگەێنێ.. ئامین.

حەقیقەتێکیتری عەقائیدی تواناو دەسەڵاتدارێتیی ڕەهاو بێسنووری خوای گەورەیە بەسەر وجوودداⁱ[1]: (مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ. لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ)الحديد/٢٢؛ هەموو بەڵاو موسیبەتێک کە لە سەرزەمین و لەناوخۆتاندا ڕوودەدات، هەموویانمان پێش خەلقکردنتان بڕیارداوەو نووسیووە، ئەوەش بۆ خوای گەورە ئاسانە، بۆ ئەوەی بزانن کە هەموو شتێک بە قەدەری خواوە بەندەو خەم لەوە نەخۆن کە لە دەستتان دەچێت، بەوەش دڵخۆشنەبن کە دەستتان دەکەوێت، خوای گەورە هەڕاڵ و لووتبەرزو شانازییکاری خۆشناوێت.. ئا بەم شێوە دڵ و دەروون و هزرو هۆش جێگیرو دابین دەبێت، ئاوا دینداری سەرراست بەرەو خوای گەورە دەڕوات و لە خێرو شەڕ دڵنیادەبێت.. دەڕوات و ئاسوودەو بێخەمە.. هەرچی بێتەڕێ هەر لە خواوەیە، کە خێرێکی دێتەڕێ، لاسەنگنابێت پێی، دەزانێت نیعمەتەو لە خواوەیە، بۆیە سوپاس و ستایشی زیاتر دەکات، کە زیانێکی پێدەگات، هاوار و سکاڵای لێ بەرزنابێتەوەو لاسەنگ نابێت پێی، دەزانێت تاقیکردنەوەیەو لە خواوەیە، بۆیە خۆگرو ئارامگرانە سوپاسی خوای گەورە دەکات لەسەر ئەوەی کە گەورەتر نەبوو، لە دینەکەیدا نەبوو.. لە هیچ حاڵەتێکیاندا ناکەوێتە شیرکەوە، چونکە لەوە دڵنیایە کە هەموو شتێک لەم وجوودەدا بە ئەندازەگیریی خوای کردگارو زاناو دانا بەڕێوەدەچێت. هیچ شتێک بە بێوویست و زانست و توانای خوای گەورە نابێت و هەمووان هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە: (قُلْ فَمَن يَمْلِكُ لَكُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ بِكُمْ ضَرًّا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًا بَلْ كَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا) الفتح/١١؛ بفەرموو: ئەگەر خوای گەورە وویستی زیانێکتان بێنێتەڕێ، کێ هەیە شتێکی بۆتان بەدەستبێت لای خوای گەورە؟ یان ئەگەر تووشی خێرێکتان بکات، کێ هەیە توانای ڕێگرتنی هەبێت

---

١ بەسەر کات و شوێن و حاڵەت و ماهییەتی ماددەو وزەدا.

لێی؟ خوای گەورە شارەزای کارو کردەوەکانتانە و ئاگای لێیەتی. کێ هەیە غەیری خوای گەورە ماف و توانای هەبێت شتێکتان لە زیان و سوود بهێنێتەڕێ؟! کێ؟ پرسیارەکە داوای وەڵام ناکات، داوای تەسلیمبوون بەخوای گەورە دەکات، داوای باوەڕهێنان بە کردگارێتی و خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارێتیی و هەبوونی توانای زیان و سوود گەیاندن دەکات، کە سیفاتی خوای تاکوپاکن. پرسیارەکە بۆ ئەوەیە کە یەکسەر تەسلیم بە فەرمانی خوا ببێت و ملکەچیببێت، بێڕاڕایی و بێسستیی نواندن، ڕاڕابوون و سستیی نواندن هیچ دادێک نادەن، نابنە بەربەستی تووشنەبوونی زیان و سوودەکە. کە بڕیاری لەسەر دراوە. بەهانە هێنانەوەش لە خوای گەورە شاراوە نابێت و ڕۆڵێک بۆ خاوەنەکەی نابینێت، کە وا دەزانێت بە بەهانەو بیانوو خۆی قوتاردەکات! خوای گەورە ئاگاداری هەموو رەفتارێکە؛ (بَلْ كَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا).

ئەو دڵ و دەروونەی یەکبوونیی خوای گەورەی بەم سیفەتانەوە تێدا چەسپیوە، ئەستەمە مل بۆ دید و ڕێبازێکیتری غەیری دینەکەی خوا کەچبکات، نا مومکینە بۆ غەیری خوای تاکوپاک بچەمێتەوە، داواش لە غەیری خوای خاوەنی ناکات، ئیعتیمادناکاتە سەر غەیری خوای دەسەڵاتدار، چونکە تەنها خوای گەورەی لا خاوەن و بەهێزە، تەنها ئەوی بەلاوە دەسەڵاتداری باڵاو رەهایە، هەرچی مەخلووق هەیە لاوازو کزو بێهێزە، هیچ مەخلووقێک نییە توانای زیان دوورخستنەوەو سوودگەیاندنی سەربەخۆیانەی خۆیی هەبێت، ئیتر چ مەجبورە لەبەردەمی مەخلووقێکی لاوازو بێدەسەڵاتدا بچەمێتەوە. خۆ ئەوانیش وەکو ئەمن. کەسیان توانای زیان و سوودیان لە خۆیاندا نییە، ئەوە خوای گەورەیە کە دەبەخشێت و ڕێ لە زیان دەگرێت. بۆیە ئیماندار پێویستی بە کەس نییە ڕوویتێبکات وەکو خوا.. تەنها خوای گەورەو بەتواناو زانایە کە بێنیازو بێباکە لە خەڵکی.. خەڵکی موحتاجی ئەون، نەک ئەو موحتاجی ئەمان بێت. هەر بەم شێوەیە ئاسەواری ئەم حەقیقەتە

عەقائیدیانەی تەوحیدەکە _کە لە دڵ و دەروون و مۆش و مزردا چەسپیوون، لە ڕەفتار و ڕەوشت و بزاوت و سرەوتیشدا دەردەکەون_ وێنایەکی تەواوبی بەرنامەیەکی گشتگیرو جیاوازو تایبەتی ژیان و مرۆڤایەتی عەکسدەکەنەوە، ئەو کاتە شایەتمانهێنان نابێتە قسەیەکی سەرزارەکیی..

ئەو هەموو تەرکیزکردنەی قورئان لەسەر تەوحیدو ڕوونکردنەوەو نیشاندانی جیاوازو دووپاتکردنەوەی هەمووی، لەبەر گەورەیی و گرنگیی و کاریگەرێتییەتی، بۆیە هەموو کەسێک دەبێت بە ئەرکی ئیمانیانەی خۆی بزانێت، کە دیراسەیبکات، لێی ووردبێتەوەو سەرنجیبدات، پاشان لە کیانییدا بیچەسپێنێت و لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکدا پێوەی بناسرێت، چونکە تەوحید ئەو مانا بەرفراوانەیە، کە بە دیدو هەڵوێستی قورئانی هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەت دەگرێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە تێگەیشتنی ڕاست و دروست لێی ڕەنجێکی ڕاست و دروست و سەرەکیی دەوێت.

باسی پێنجەم

هیچ غەیری خوای گەورە ژێنەرو مرێنەر نییە

(لا الە الا هو یحي ویمیت)

ژیان و مردن :

خوای گەورە کە لە هەموو سیفەتەکانی خوایەتییدا تاکو بێوێنەیە، تەنها ئەو شایانی ئەوەیە هەموو مەخلووقات بیپەرستن. ئەو کە تاکە کردگارو خاوەن و دەسەڵاتدارو رۆزیدەرەو توانای دورخستنەوەی زیان و گەیاندنی سوودی هەیەو ئەمەش موڵکەو هەر هی ئەوە، توانای ژیاندن و مراندنیش هەر هی ئەوە، ئەمەش سیفەتێکیتری پەروەردگارێتیی و خوایەتیی خۆیەتی و شایانی ئەوەیە کە مرۆڤەکان هەموو عەبدێتیی خۆیانی بۆ ڕابگەیێنن. بە ناسین و پەرستنی، بە وەرگرتنی دینەکەی و پیادەکردنی وەکو بەرنامەی ژیانیان، بە شاهێدییدانی (لا الە الا اللە)، جگە لەوەی کە موسوڵمانێتیی _کە بڕیاری خوایەتیی خوای گەورەو عەبدێتیی عەبدەکانێتی_ بە دامەزراندنی (ئیمان) و (ئیسلام) نەبێ نابێت. موسوڵمانبوون ئەوە دەگەیێنێت کە حەقیقەتەکانی عەقیدە لای ئەم کەسە بوونەتە بەڵگەنەوویست. بۆیە شاهێدییدەدات کە تەنها خوای گەورە ژێنەرو مرێنەرە، هەروەکو کە کردگارو خاوەن و دەسەڵاتدارو رۆزیدەرو گەیێنەری زیان و سوودە: (الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيت) الأعراف/١٥٨؛ ئەو خوایەی کە خاوەنێتی ئاسمانەکان و زەوی هەر هی ئەووەو بەس، هیچ خوایەک نییە بە حەق بپەرسترێت جگە لەو، ئەوە کە زیندوودەکاتەوەو دەمرێنێت. شایەتمانهێنان ئەمەیە، کە باوەڕ بەم سیفەتانەی خوای گەورە بهێنێت، کە بێوێنەن، کە ڕەهاو

بێسنوورن، کە هیچیان لە هیچ شتێکدا لە سیفاتی مەخلووقات ناچن، هەروەکو هیچ سیفەتێکی مەخلووقات لە هیچ شتێکدا لەم سیفەتانە ناچێت، ئەمانە حەقیقەتە عەقائیدییەکانی خواناسین، لەوانەش ئەم دوو سیفەتە جمکەی ژیان و مردنە.

ژیان و مردن دوو رووداون لە هەموو سات و ئانێکدا روودەدەن، غەیری خوای گەورەش هیچ شتێکی ئەم دوو روداوەی بە دەست نییە، ئەم مرۆڤەی کە راقیترین مەخلووقی خوای تاکوپاکە مات و مەلوول و دەسەوسانکەوتووە لەبەردەم خەلقکردنی سێڵێکی زیندوودا، یەک سێڵ، مات و مەلوول و دەسەوسانیش کەوتووە لەبەردەم ماراندنی حەقیقی زیندەوەرێکدا، هەرچەند گچکەش بێت، چونکە پەی بەوە نابات کە ژیان و مردن خۆیان چین؟! ئەوی ژیان و مردنەکەی لە وویست و زانست و توانادایە، ئەو خوایەیە کە زانای رەهایە. دەزانێت نهێنی ژیان چیەو چۆنە.. کە تەنها ئەو بۆی هەیەو لە توانایدایە ژیان ببەخشێت و وەریبگرێتەوە کەس لە مەخلووقات، لە حەقیقەتدا ژیان لە زیندوویەک ناسەنێتەوە، ئەوە خوای گەورەیە کە دەیبەخشێت و وەریدەگرێتەوە: (وَهُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ) المؤمنون/٨٠؛ ئەوە خوای گەورەیە کە دەژێنێت و دەمرێنێت..

خوای پەروەردگار دەیەوێت دیدو تێڕوانینەکان دەربارەی ژیان و مردن راستکاتەوە، چ هۆکارە دیارەکانیان، چ حەقیقەتە نادیارەکانیان، تا هەموو رەفتارپێکردنێک بگێڕێتەوە بۆ قەدەری خوای تاکوتەنها (بۆ وویست و زانست وتوانای خوای گەورە)، تا ئیمانداران لە تواناو دەسەڵاتی بێسنووری خوای گەورە دڵنیابن و لە هەڵگرتنی بەرپرسێتیی دینەکەیدا ئاسوودەبن و لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەرشانیاندا بێخەمبن، نەبادا تووشی گومان و راڕایی و دڵەڕاوکێ ببن. تا بەردەوام ئەو (یەقین)ەیان لە دڵ و دەروون و هۆش و مزردا بچەسپێت کە هیچ شتێک بەبێ قەدەری خوای

گەورە نابێت و هەرچی شتێکیش لە قەدەری ئەودا نوسرابێت دێتەدی. بەرهەمی ئەمەش ئەوەیە کە یەقینی لا دروستببێت کە مردن، یان بەردەوامبوونی ژیان و تەمەن هەر لەدەست خوای دەسەڵاتداری رەهادایە. تا لەوەشدا بگەنە (یەقین) کە ترس و بیم و هۆشداریی و ئاگایی، مردن دواناخەن و خۆشاردنەوەو خۆدەربازکردن لە مەرگ، خۆفریوودانەو هیچ کاریگەرییەکی لە کورتکردنەوەو درێژکردنەوەی تەمەندا نییە. هیچ رەفتارێک قەدەری خوایی ڕەتناکەنەوەو ئاڕاستەو کات و شوێن و چۆنیەتییشی ناگۆڕن. (ئەگەرچی گرتنەبەری هۆکاری خۆپاراستن شەرعییەو داواکراوە)، چونکە ئەوی ژیانەکەی داوە، مردنەکەش لەدەست ئەودایە. لە هەردوو حاڵەتی ژیاندن و مراندندا ئەو خاوەنی لوتف و رەحمەت و بەزەییە، چونکە بە زانایی و دانایی خۆی هەردووکیان بڕیاردەدات، هەردووکیشیان هەر لە بەرژەوەندی خەڵکیدان، بەڵام ئەوان حیکمەتی هیچیان پەیپێنابەن، ترسوبیم و دڵەڕاوکێ، یان خەم و پەژارەو هۆشداریی بە هیچ شێوەیەک چارەنووسی ژیان و مردن ناگۆڕن، مەرگ لە کەس دوورناخەنەوە، قەزاوقەدەر ڕەتناکەنەوە، جا کەوابوو خۆگریی و نەبەزیی و دلێریی چاکترە، ترسوبیم نە ژیان دەپارێزێت و نە مەرگ دووردەخاتەوە، ئیتر کە هەموو شتێکی ژیاندن و مراندن لە قەدەری خوادایە، دڵەڕاوکێ و خۆتۆقاندن مانای چییە؟ یاخوا ترسنۆک قەت خەوی لێنەکەوێت!

ژیان و مردن، یان حەقیقەتی ژیان و مردن یەکێکیترن لە حەقیقەتەکانی عەقیدە لە ئیسلامدا، بەڵگەنەویستێکی دیدو تێڕوانینی ئیسلامن، کە دەیەوێت شوێنکەوتووەکانی وەکو خۆی وەریبگرن و لە دڵ و دەروون و هۆش و مزریاندا بچەسپێت و لە دیدو رەفتاریاندا، لە واقیعی تاکوکۆیاندا عەکسببێتەوە، تا ژیانەکە لە سیفاتی حەقیقی خۆیەوە ببینن، هەموو قۆناغ و حاڵەت و چۆنیەتییەکیان ڕۆشن لەبەرچاو بێت و پێناسەی راست و دروستی ژیان و مردنەکەیان لا چەسپابێت، کە لە

ڕوانگەی ئیسلامدا نابێت لەسەر غەیری دڵنیایی (یەقین) دامەزرابێت. دڵنیاییەکی تەواویی ئاسوودەدار. ئەم ڕوانگەو دیدو پێناسەیەی تەوحید، حەقیقەتە عەقائیدییەکان _لە ناویشیاندا پێناسەی ژیان و مردن_ دەسەلمێنن و دەچەسپێنن، ئاوا عەقیدەکە دەبێتە زەمینەی ئەو قەڵا مەحکەمەی ئیسلام لە ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتدا، لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا دایدەمەزرێنێت. دەبێت ڕەگ و ڕیشاڵی رەفتارو ڕەوشت و ئاداب و ماف و ئەرک و دەسەڵاتی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتی موسوڵمانان لەسەر ئەم حەقیقەتە بەڵگەنەویستانەی عەقیدەکە دامەزرێن.

حەقیقەتی ژیان و مردن، لەگەڵ حەقیقەتە عەقائیدییەکانیتری تەوحیدی ئیسلامدا دەبنە سەرچاوەی دیدو تێڕوانین و پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ. شتێکی نامومکینە، ئەستەمە، مەحاڵە ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر غەیری ئەم بنەماو ڕێساو بناغانە دابمەزرێت، چونکە ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانەن کە جیهانبینیی موسوڵمان پێکدەهێنن و وەکو عەبدی خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتداری ژێنەرو مرێنەر دەیانناسێنن. قورئانی مەککی (ئەو ئایەتانەی لە مەککە هاتنەخوارەوە) لە هەموو لایەکەوە تەرکیز لەسەر ئەم حەقیقەتانە دەکاتەوە، ڕێساکانی جیهانبینیی ئیسلامیی دەناسێنن، دیدو تێڕوانین و پێناسەکان دەچەسپێنن، ئەوە لەبەر گرنگیی و کاریگەرییانە (کە ئەو هەموو ساڵ و رووبەرەی قورئانی گرتەوە). بۆیە دەبینیت، هەر هەموو قورئانی مەدەنیش (ئەو ئایەتانەی لە مەدینە هاتنەخوارەوە) کە یاسا و ڕێسای کۆمەڵگەو لایەنەکانی ئاراستەی ژیانن، لەسەر هەمان بنەماو ڕێساو بناغە عەقائیدییەکان دامەزران، بۆیە ئایەتە مەدەنییەکانیش بەردەوام باسی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانە دەکەنەوەو بەردەوام لەبیرخستنەوەیاندان..

ژیاندن و مراندن یان ژیان و مەرگ دوو مەسەلەن لای هەموو کەسێک ڕۆشنن، چونکە هەموو سات و کاتێک دەبینرێن، لەهەمان کاتیشدا ئەوەشیان بەڵگەنەویستە لای هەموو کەسێک کە بەدەر لە تواناو پەیپێبردنی مرۆڤن. ئەم حەقیقەتە ڕەهایە بە ئاسانترین شێوە نیشاندراوەو بە سادەترین سەرنجدان لە ناخی هەر هەموو کەسێکدا چەسپاوە! دیمەنی مردن وەکو دیمەنی ژیانە، لە هەموو لایەنێکەوە وەکو یەکن، بەڵام دیمەنی مردن زووترو کاریگەرانەتر دڵ و دەروون و هۆش و هەست دەهەژێنێت، لە ناخەوە دەیانووروژێنێت، ئامادەی هەموو جۆرە خرۆشان و ئینفیعالەکانیان دەکات، لە خەم وترس و دڵەڕاوکێ و هۆشداریی و وریایی و.. هتد، تا هەموو کیانی کەسەکە ئامادەی قبووڵکردن دەکات، کە ئەمە حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستی ژیانەو تەسلیمی بە!! لەبەر ئەم کاریگەرییە نەبڕاوەیەتی ئەوەندە لە قورئاندا باسکراوە، چونکە بیرخستنەوەی زەروورییە[1]: (لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ) الدخان/٨؛ هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتیی بێت جگە لە خوای گەورە کە پەروەردگاری خۆتان و باوک و باپیرانی پێشووتانە. ئەمە خوای تاکوتەنهایە، تەنها لە هەموو سیفەتێکی خوایەتییدا، کە ژیان و مردنی بەدەستە: (اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا) الزمر/٤٢؛ خوای پەروەردگار گیانی ئەو کەسەش دەکێشێت کە نۆرەی مردنی دەگاتێ و ماوەی تەمەنی کۆتاییدێت.

---

١ ئەوەش جێی سەرنجە کە ژیان و مردن لە قورئاندا پێکەوە باسکراون، بەڵام مردنەکە بیرخستنەوەی زەروورییە، چونکە خەڵکی _لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر دژوارو کاریگەرەو کۆتایی بە هەموو ڕەفتارێک دەهێنێت_ لێی بێئاگادەبن!

مردن حەقیقەتێکی ڕەهایە[1]:

مردن بازنەیەک بە دەوری دڵ و هەست و هزری مرۆڤدا دەکێشێت و قەناعەتی پێدەکات کە ناتوانێت لە دەستی دەرچێت! ئەم راستیە سەختە ترسناکە (کە مردن ڕێ بە هەموو کەسێک دەگرێت و کەس لەدەستی قوتارنابێت) ڕووەوڕووی هەموو زیندوویەک دەبێتەوە، کە ناتوانێت بەرەنگاریی بکات. کەس ناتوانێت دەریبکات. لە هەموو ئان و ساتێکیشدایەو کەسیش نازانێت کەی دێت[2]. دێتەڕێی گەورەو بچووک، دەوڵەمەندو هەژار، بەهێزو لاواز، دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات، هەموو کەسێک لە بەرامبەریدا یەکسانە! هەموو کەسێکیش ملی بۆ شۆڕدەکات و تەسلیمیدەبێت، نەهێز بەریدەگرێت، نە تکاکاریی تێدا قبووڵدەکرێت، نە بە پارە لە کۆڵدەبێتەوە، نە رازیی دەکرێت کە دواتر بێت، هەر کە هات بەرامبەرەکەی چۆکدادەدات! ئەم هێزی مەرگە دیارە کە مەخلووقی هێزی ڕەهای بێسنووری خوای گەورەیە، بە فەرمانی خوای تاکو بێوێنەیە، بۆیە بەوشێوەیەش بێ وێنەیە. ئەمە لە خواوە دێت بۆیە هیچ مەخلووقێک

---

١ لە دیدی فەلەسەفەو دنیای زانیندا دوو جۆر راستی (حەقیقەت) هەیە: یەکێکیان راستی ڕێژەیی (الحقيقة النسبية) یە، کە هەموو راستیەکە کە کێش و قەبارەو چۆنییەتیی و سنورو رادەو بڕی هەیە لە ئاست و شوێن و کاتێکدا کۆتایی پێدێت، یەکەیەکی پێوان و کێشان و حسابکردنی هەیە. وەکو قەبارە، قورسایی، درێژیی، پانیی، بەرزایی، قووڵایی، زانین، توانین، زیرەکیی، ئازایەتیی. گەورەیی، بچووکیی.. هتد، تۆ دەزانیت، لە تۆ زاناتر هەیە، ئەو قورسە، تۆ قورستریت، ئەو دەزانێت بەڵام ئەوان زاناترن، ئەوە درێژە، ئەویان درێژترە.. بەمە دەوترێت: راستی ڕێژەیی. دووەمیان: راستی ڕەهایە (الحقيقة المطلقة): کە رادەو بڕو سنوری نییە وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ (كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ) آل عمران/١٨٥؛ هەموو خاوەن نەفس (رۆح)ێک مردن دەچێژێت.. ئەمە حەقیقەتێکە نکووڵی لێناکرێت، ڕێژەییش نییە. لەم روانگەوەیە کە دەڵێین سیفەتەکانی خوای گەورە بێ رادەو بێ بڕو بێسنوورن، چونکە راستی ڕەهان.

٢ حەسەنی بەصریی رحمەاللە دەفەرموێ: راستییەکم نەبینیووە گومانی تێدابێت وەکو مردن، گومانێکیشم نەبینیوە راستییەکەی بزانرێت وەکو مردن.

ناتوانێت _دەستبەجێ بێچەندوچوون_ تەسلیمنەبێت، چونکە تەسلیمبوون بە مەرگ، تەسلیمبوونە بە خوای تاک و بەتوانا: (كَلَّا إِذَا بَلَغَتِ التَّرَاقِيَ. وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ. وَظَنَّ أَنَّهُ الْفِرَاقُ. وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ. إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ) القيامة/٢٦_٣٠؛ نەخێر ئەوە تا کە رۆح لەکاتی گیانکێشاندا دەگاتەگەروو (لە غەرغەرەی مردندا دەبن)، دەوترێت: ئادەی کێ شیفایدەدات؟ کێ رێی مردنەکەی لێدەگرێت؟ ئیتر دەزانێت کە ساتی جیابوونەوەیە، قاچوقولی تێکباەهەڵدەدرێن و رۆحی دەکێشرێت و حەواڵەی لای خوای گەورە دەکرێت.

ئەمە دیمەنی مردنە، ئەو قۆناغ و حاڵەتەی کە هەموو زیندوویەک دەبێ بیگاتێ و بەسەریدا بێت، کە هیچ کام لە زیندووانی دەوروبەری ناتوانن نەهێڵن بمرێت، هەردوولا دەبینن وا مردن لێکیان جودادەکاتەوە.. چەندیان یەکتر خۆشدەوویست، مەرگ دێت، رۆحی ئەم دەبات و دەچێتە لای یەکێکیترو رۆحی ئەویش دەکێشێت و لەویشەوە بۆ لای هەزاران هەزارانیتر.. هەروا لە گیانکێشان بەردەوامەو ناوەستێت. لەسەر کەس راناوەستێت، گوێ بەکەس نادات، لا بە لای ناڵەو هاوارو ژانی کەسدا ناکاتەوە، ئاوڕ لە شین و شەپۆڕی خەڵکی ناداتەوە، چاوی لە خەم و پەژارەی ئەم و ئەو نییە، ماتەم و پرسەو عەزای کەسی بەلاوە جێبایەخنییە، هەقی نییە تۆ حەزت لە مردنە، یان دەیبوغزێنیت، ئەو ئیشی خۆی دەکات، بەرپرسێتی ئەدادەکات، فەرمان رادەپەڕێنێت، سەیرە کە مەرگ گیانی دەسەڵاتدارانی خاوەن هێزی فشەو فشەڵ وەکو گیانی نابووت و گرگن، ئاسان دەکێشێت، مەرگی هەموویان وەکو یەکە، سەردەستە و ژێردەستە، حاکم و مەحکوم، جەللادو داماوەکەی بەردەستی، کە مەرگدەبینن چۆکیاندەشکێت و هەر لەو جێیەدا کڕدەبن، خپدەکەون، متقیان لێ دەبڕێت. بەڵێ.. ئەمە مەرگەو نێردراوی خوای زاناو تواناو دانایەو هەر کە هات هەموو دەبێت دەستهەڵبڕن و تەسلیمبن.. نێرراوانی خوای گەورە کەمتەرخەمیی ناکەن، سڵ لە

ڕۆحکێشان ناکەنەوە: (حَتَّىٰ إِذَا جَاءَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ) الأنعام/٦١؛ هەریەکێکیان نۆرەی مردنی گەیشتێ، یەکسەر نێردراوەکانمان گیانیدەکێشن، کەمتەرخەمیی تێدا ناکەن.

کەوابوو هەموو کەسێک هەناسەکانیشی دیاریکراون، بە ژمارە (بە بڕو رادەی ئۆکسجین).. هەموو کەسێک تەمەن و ژیانی دیاریکراوەو لە کات و شوێن و حاڵەتێکدا کۆتاییان پێ دێت، کەسیش نازانێت کەیە؟! لای ئەم نەزانراوەو لای خوای گەورە تۆمارکراوە.. نە چرکەیەک پێشدەکەوێت نە چرکەیەک دوادەکەوێت، نە دێتەنوا نە دێتەدوا، دیاریکراوە، نوسراوە، راستەوخۆیە، نزیکە، دواناکەوێت، لێی غافڵنابن، ئیهمالناکرێت، بیرناچێتەوە، فریشتەی خوا بەرپرسی گیانکێشانین، چاوەڕوانی ساتی فەرمانڕاپەڕاندنەکەن، دەستەو مەرگ وەستاون! لەگەڵ ساتی دیاریکراوی کۆتاهاتنندان، لەو کاتەی کەسەکە سەرقاڵی ژیانە، مەشغوولە، بێهۆشە، ساغە، نەخۆشە، لە شارە لە چۆڵە، لە شاخە لە دۆڵە، لە هەرکات و شوێن و حاڵەتێکیدابێت، ساتی کۆتا، گیانی دەکێشرێت، فریشتەکان فەرمانەکەیان پێدراوەو دەسبەجێ رایدەپەڕێنن، لە چرکەیەکی فاسڵدا.. ڕەنگە کەمتریش، ژیانی دەکوژێتەوەو تەمەنی کۆتاییدێت.. ئەوەتا کەوتووە، بێهەستە، بێبزاوتە، مردووە! پێش ئەم چرکەیە هەستیدەکرد، دەبزوا، زیندووبوو.. بەڵام ئێستا لە هەموو شتێک کەوتووە.. ئەوو تەختەیەک وەک یەکن!! هەستکردن بەم کات و ساتە خۆی لە خۆیدا ترسناکە، خەمهێنە، داچڵەکێنەرە، کیانی مرۆڤ دەخاتەلەرزە، چونکە مردن زۆر لەناکاو دێت، نادیارە، نازانرێت، گیانکێشەکە ناناسرێت، نابینرێت، نازانرێت لە کوێیەو کەی لە پڕێکدا قوتدەبێتەوە.. لە سات نزیکترە (لە ڕەگی مل نزیکترە)!: (عَسَىٰ أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ) الأعراف/١٨٥؛ لەوانەیە ئەجەلیان نزیکبووبێتەوە، هاکا مردن!

خوای گەورە دڵی کەسەکان بەوەدا دەخورپێنێت کە دەشێت مردنەکە نزیکبێت و لێی غافڵبێت، ئەو لە نادیاردا خۆی قایمکردووە (ئەم دەیبینێت و ئەم ئەو نابینێت، ئەمە رووبەڕووبوونەوەیەکە کە بەزین و تێکشان تێیدا حەتمییە!) ئەم چوزانێت ئەو ئاوا لێی نزیکبۆتەوە، ئەم ئەوەندە غافڵ و بێئاگایانە رەفتاردەکات هۆشی لەو جەنگە حەتمیە نییەو خۆشی بۆ ئامادەنەکردووە، هاکا بە چاوتروکانێک پڕپێداکردوو و بەمردوویی فڕێیدایە کەنارەوە! ئا ئەم دیمەنە لە نادیارێتی و کاریگەرێتی و حەتمێتی مەرگدا دەخوێندرێتەوە.. هەرکەسێک هەستبکات مردنی ئاوا نزیکبۆتەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی بۆ ئامادەدەکات، ئەمما ئەو کەسەی ئیماندارو دینداری سەرراستە ئاگایانەتر خۆی بۆ ئامادەدەکات (بە باوەڕی پتەو، بە بەجێهێنانی فەرزەکان و دوورکەوتنەوە لە گوناح و تەقواکاریی و خێرو خێرات و چاکسازیی، بۆیە تا رادەیەک خۆی ئامادەی دیداری خوای گەورە دەکات، هەر نەبێ نەبێ بە تۆبەیەکی راستگۆیانەوە ئامادەیە)..

خوای کردگارو زاناو داناو شارەزای کەینوونەتی ئەم مرۆڤە دەزانێت کە ئاوا بە باسی مەرگی ناکاو نادیار وا لە دینداران دەکات دڵیان زیندوو و هۆشیان وورياو رۆحیان ئامادەدەبێت، بەڵام بێگومان زۆرینەی مرۆڤیش دڵڕەق و بێئاگاو لەخواغافڵ دێن و دەڕۆن و ئاگایان لەوە نامێنێت کە مەرگێکی ناکاو ڕایاندەفڕێنێت، مردن کۆتایی تەمەنی هەموو زیندەوەرێکەو ئەوی دەمێنێت و نامرێت خوای تاکوپاکە، پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێت تەشریفیانهێناو بردو کۆچیدواییانکرد: (إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ. ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ) الزمر/٣٠ ؛ جەنابت دەمریت و ئەوانیش مردوون، پاشان هەر هەمووتان لەڕۆژی دواییدا لە لای خوای پەروەردگارتان دەکەونە سکاڵاکردن و داکۆکیی و ناکۆکیی!!

ئاوا له مردندا هەرهەموو یەکسانن، ئەو پێغەمبەره نازدارو خۆشەویستەش صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچیدواییکردو وەک هەر مرۆڤێکیتر مرد، ئەمەش حەقیقەتێکیتره له حەقیقەته عەقائیدییەکانی ئەم ئیسلامه. بەشێک له پێکهاتەی ئەو تەوحیدەی که قورئان ئەوەندەی جەخت لێدەکاتەوه. بەڵام ئەمەش له هەستی موسوڵماندا دەچەسپێنێت که مردن کۆتایی رێ نییه، بەڵکو فاسڵی نێوان قۆناغه، ئاڵقەیتری بوونی بەجۆریتر بەدوادا دێت، زیندووبوونەوەیەکیتری دیاریکراو و ووردەکارانەیتر که بەدوای ئەویشدا قۆناغیتر دێت، هەموو ڕوداوێک نیشانەی کۆتاییه، هەرچی شتێک سەرەتای هەبێت کۆتاییشی هەیه، ئەمه رێسای وجووده، ئەمه رێسایەکه ریزپەڕێتی (شاذ)ی تێدانییه: (وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ الْخُلْدَ أَفَإِن مِّتَّ فَهُمُ الْخَالِدُونَ. كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ..) الأنبياء/٣٤_٣٥؛ پێش جەنابت نەمرییمان بۆ کەس دابیننەکردووه (بۆ تۆشی دابینناکەین، چجای کەسانیتر)، چما ئەوان وا دەخوازن جەنابت بمریت ئەوان به نەمریی بمێننەوه؟ هەموو خاوەن نەفس (رۆح)ێک دەبێت مردن بچێژێت..

چەند ژیرانەو لەجێی خۆیدایه، که هەموو زیندوویەک حسابێک بۆ ئەم (چێژتن)ه بکات، چێژتنی مردن، که کۆتایی به ژیانی هەموو زیندوویەک دەهێنێت، که قۆناغی گەشته کورتەکەی سەرزەمین کۆتا پێ دەهێنێت، پاشان هەموو بەرەو خوای گەوره دەگەڕێنەوه..

جیهانبینیی ئیسلامیی و کاریگەریی لەسەر رەفتار:

لەو خاڵه جەوهەرییانەی که ئەم عەقیدەیه شوێنکەوتووانی لەسەر پەروەردەدەکات، ئەوەیه که خۆیان هیچیان بۆ نەفسی خۆیان پێ نییه، چونکه ئەوان هی خۆیان نین، موڵکی خوای گەورەن، عەبدی ئەون، رەفتاریان هەموو لەبەرخاتری ئەو دەبێت، ئەوان که لەپێناوی خوادا دەچنەجیهادو جەنگ و کوشتاردەکەن،

هیچیان بۆ خۆیان و لەبەرخاتری خۆیان نییە، ئەوان هی خوان و بۆ خوان و لەبەرخاتری خوای گەورە جیهادو غەیری جیهاددەکەن، هیچ مەبەست و ئاوات و ئامانجێکیان بۆ خۆیان تێدانییە، بۆیە خۆشیان بەتەواویی تەسلیم بە قەدەری خوای گەورە دەکەن و هەرچی شتێکیش لە قەدەری خوای تاکوتەنهاوە بێت پێیان قبووڵەو بێجەنگ و جیدال و بێبۆڵەو خوتەخوت، بێسکاڵا و ئاخوئۆف وەریدەگرن، هەرچییەک و هەرچۆنێک بێت، پێی رازیین. ئەمما ئەو کەسانەی تەوەری رەفتاریان نەفسی خۆیانە، دەبزوون تا بەرژەوەندیی خۆیان بهێننەدیی. ئەوانە بەردەوام هۆشیان لە قازانجی خۆیان و خۆلادانیانە لە زیان، ئەوانە باوەڕیان هێشتا بە تەواویی دانەمەزراوە، بە تەواویی بۆ خوا لێنەبڕاون و حەوقیقەتەکانی عەقیدەیان لە ناخدا نەچەسپیووە: (الَّذِينَ قَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُوا لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا قُلْ فَادْرَءُوا عَنْ أَنفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ) آل عمران/١٦٨؛ ئەوانەی کە کە حەوانەوەیان پێ خۆشتربوو وەک لە جیهادکردن _دەربارەی ئەو یاوەرانەی کە جیهادیانکردو شەهیدبوون_ دەیانووت: ئەگەر بە قسەی ئێمەیان بکردایەو گوێڕایەڵمانبوونایە، نەدەکوژران! دەی سا ئەگەر راستگۆن با مردن لەخۆیان دووربخەنەوە.. ئەمە ختورەی دڵ و گازاندەی سەرزاری کەسانێکە کە بۆ خواناسییەکە ساغنەبوونەتەوەو تەوحیدەکەیان بە تەواویی لە دڵ و مزردا نەچەسپیووە، بۆیە هەر کە دووچاری شکست دەبن زوو دەبەزن و ئاوا دەکەونە بۆڵەوخوتە! ئەمانە وایان باوەڕهێنابوو کە هەر دەبێت سەربکەون، ئەمما ئێستا کە بەزینیان بەسەرداهاتووە، ئاوا لە ژێر تین و فشاری بەزینی دەروونیی و بەزینی واقیعییدا هاواریان لێ هەڵدەستێت، وا هەستدەکەن کە نرخی دینداریی و مسوڵمانێتیی زۆر گرانە! تاڵاوی بەزین و شکست زۆر لەوە زیاترە کە بیریان لێدەکردەوە، بەڵێ بیریانکردبۆوە کە دەشێت لە جەنگێکدا ببەزێن، بەڵام تەسەوریان نەدەکرد ئەوەندە پێی بێنەدواوە! ئەمانە ئەگەر سەرراستانە

بەخۆدابچنەوەو بڕواننە چەسپاوێتیی حەقیقەتەکانی عەقیدەکە دەیبینن ئەوان خۆیان جێگیرنەبوون، کاریگەریی دینداریيان بە تەواويی لەسەرخۆیان درووستنەکردووە. ئەمانە لە نەفامیی و ساویلکەییدان، کەوا دەزانن سەرکردایەتی تووشیکردن! سەرکردایەتی بەرەو فەوتانی بردوون، ئەگەر ئەم لە جیاتی سەرکردایەتی ئاڕاستەیبکردایە، ئەگەر بە قسەی ئەمیان بکردایە کەس نەدەکوژرا!! ئەگەر بە پلانی ئەم بجەنگینایە سەرکەوتنیان مسۆگەرکردبوو، ئەم جۆرە دەروونە نەخەملاوانە لەم حاڵەتانەیاندا نامومکینە هەست بە دەستی قودرەتی خوای گەورەو زانایی و توانایی پەروەردگارو حیکمەتی رووداني بزاوت و سرەوتەکان بکەن، ئەم کەسە دانەمەزراوانە هەر هۆشیان لای (زیان)ەکەیانە، کە بە دۆڕان و فەوتانی دەزانن، بەڵام خوای کردگارو خاوەن، خوای هەڵسوڕێنەری تاکوپاک ئەم دیدو هەڵوێستانە راستدەکاتەوە، کە ئەم قسانە وەهمن، ئەم بۆچوونانە زۆر لارێن، لەوەوە دێن کە ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنەکەی خوای گەورەیان بۆ ژیان و مردن چاولێنییە، ئەمانە حیکمەتی شاراوەی ڕوداوەکان نابینن، شیکاریيان بۆ فەرمانی قەدەری خوایی نییە.[1] : (قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ) آل عمران/١٥٤؛ بفەرموو: باشە ئەگەر لە ماڵەکانی خۆتاندا بوونایەو بە فەرمانی سەرکردایەتی نەهاتنایەتەدەرەوەو بەشداریی جەنگەکەتان (ئوحود) نەکردایەو هەموو کاروبارێک لەدەست ئێوەدا بووایە، خۆ مردنەکەتان هەر دەهاتەڕێ، ئەوانەی تەمەن و ژیانیان کۆتایی هاتووە هەر دەمرن، چونکە ئەجەلی هەموو کەسێک نوسراوە، مەرگی هیچ کەسێک پاش و

---

١ زۆر کەسی بەرسێبەری طاغووتانیشمان دی کە بە ئێمەمانانیان دەووت: ئەگەر کاروبارەکە (نەخشەسازیی و ڕاپەڕاندن و ئاڕاستەکردنەکەی) بەدەست ئێمە بوایە نەدەکوژران و ئاوا بێ ناوو بێ ئەسەر نەدەڕۆیشتن!

پێشناکەوێت، هەموو کەسێک (کات و شوێن)ێکی بۆ دیاریکراوە کە لەو کات و شوێنەدا دەبێت بمرێت و دنیا بەجێبهێڵێت! هەر کەسەو بەپێی خۆی دەبێت لەو کاتەدا بگاتە ئەو شوێنە، کەس بەپاڵ نایهێنێت، پاڵنەرێکی ناخی خۆی دەیبات، بێئەوەی خۆشی بزانێت خۆی خۆی کێشدەکات بۆ ئەو شوێن و چارەنووسە! بە پاڵنەرێکی شاراوە کە خۆشی نازانێت چییەو بۆ چی وا دەیانڕەتێنێت و ئەو کات و شوێنەیان لا جواندەکات، ئەمان هیچیان پەی بەو پاڵنەرە نابەن، بەڵام پاڵنەرەکە ڕایاندەکێشێت، رەفتاریان بەرەو کات و شوێن و حاڵەتی مردنەکە پێ ئەنجامدەدات، بۆیە هەر دەبێت تەسلیمبن، دواتر دەردەکەوێت کە ئەوە لەبەرژەوەندییان نەبووە، خوای گەورە حەقیقەتی قەدەری خۆی لە مەسەلەی مردن و ژیاندا ڕووندەکاتەوەو دیدی چەوت و لێڵی کافرو دووڕووەکان دەردەخات و هۆشداریی دەداتە موسوڵمانان کە نەکەن ئێوەش بکەونە ژێر دیدو تێڕوانین و پێناسەی چەوت و لێڵی ئەوان: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ كَفَرُوا وَقَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ إِذَا ضَرَبُوا فِي الْأَرْضِ أَوْ كَانُوا غُزًّى لَّوْ كَانُوا عِندَنَا مَا مَاتُوا وَمَا قُتِلُوا لِيَجْعَلَ اللَّهُ ذَٰلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ)آل عمران/١٥٦؛ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، وەکو کافرەکان مەبن، کە بە براکانی خۆیانیان دەووت: ئەگەر لای ئێمە بمانایەتەوەو نەچوونایە بۆ جەنگ نەدەمردن و نەدەکوژران، وا مەڵێنەوە تا نەبێتە مایەی خەم و خەفەتی کەسوکاریان.

ئەم قسەیەی دووڕووەکان کە دەیانووت: ئەگەر لەلای ئێمە بوونایە نەدەمردن و نەدەکوژران، جیاوازییەکی سەرەکی نێوان دیدو تێڕوانینی موسوڵمان و دیدو تێڕوانینی کافران نیشاندەدات، جیهانبینیی هەردوولایان لە ڕوانگە عەقائیدییەکەوە نیشاندەدات، کە چۆن دەڕواننە گەردوون و ژیان و ڕێساکانی وجوود؟ چۆن شیکاریی بۆ ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان دەکەن؟ خاوەن عەقیدە ئیسلامییەکە ڕێساکانی خوای گەورە پەیپێدەبات و شیکارییەکانی لە ڕوانگەی حەقیقەتە عەقائیدییەکانییەوە

دەخاتەڕوو، هەست بە ویستی خوای گەورە دەکات، دەستی قودرەتی دەبینێت چۆن لە پشت روداوەکانەوە دەبزوێنێت، بۆیە دڵی هێمن و ئاسوودەیە، چونکە لەوە دڵنیایە، ئەوەی کە بەسەری دێت بە ویست و زانست و توانای خوای گەورەیەو مەبەستی نییە تووشی شکست و زیانی بکات، ئەوەی کە تووشیدەبێت هەر دەبوو تووشیببێت و خۆلادان لێی ئەستەمبوو، بۆیە ئەم دینداره خواناسە سەرراستە دیدروون و عەقیدەچەسپاوە لەکاتی بەڵاو کارەساتدا نابینرێت بڕوخێت، ناکەوێتە سکاڵاو خوتەخوت و بۆڵەبۆڵ، لە کاتی خۆشیی و سەرکەوتن و دەرکەوتنیشدا بوغرانابێت، هەڕاڵ و لووتبەرزانە رەفتارنانوێنێت، لەخۆرازییبوو شانازییکردنی نابێت، ناڵێ ئەگەر وامبکردایە یان وام نەکردایە، یان وا بچوایەو وا بهاتایاتەوە، چونکە دڵنیایە کە ئەنجامە قەدەرییەکە هەروا دەبوو.

جیهانبینیی ئیسلامیی و کاریگەری لەسەر رەفتار:

لە ریزی ئەوانەی کە ئەم عەقیدەیە شوێنکەوتووانی لەسەر پەروەردەدەکات ئەوەیە کە خۆیان هیچیان بۆ نەفسی خۆیان پێنییە، چونکە ئەوان هی خۆیان نین، موڵکی خوای گەورەن، عەبدی ئەون، رەفتاریان هەموو لەبەرخاتری ئەو دەبێت، ئەوان کە لە پێناوی خوای گەورەدا دەچنە جیهادو جەنگ و کوشتاردەکەن، هیچ بۆ خۆیان و لەبەرخاتری خۆیان نییە، ئەوان هی خوان و بۆ خوان و لەبەرخاتری خوای گەورە جیهادو غەیری جیهاد دەکەن، هیچ مەبەست و ئاوات و ئامانجێکیان بۆ خۆیان تێدانییە، بۆیە خۆشیان بە تەواویی تەسلیم بە قەدەری خوای گەورە دەکەن و هەرچی شتێکیش لە قەدەری خوای تاکوتەنهاوە بێت پێیان قبووڵەو بێجەنگ و جیدال و بێبۆڵە و خوتەخوت، بێسکاڵاو ئاخ و ئۆف وەریدەگرن و پێی رازیین، هەرچیەک و هەرچۆنێک بێت. ئەمما ئەو کەسانەی تەوەری رەفتارەکانیان نەفسی خۆیانە، بۆیە دەبزوون تا بەرژەوەندی خۆیان بهێننەدیی، ئەوانە بەردەوام هۆشیان لە قازانجی

خۆیان و خۆلادانیانە لەزیان، ئەوانە باوەڕیان هێشتا بە تەواویی دانەمەزراوە، بە تەواویی بۆخوالێنەبڕاون و حەقیقەتەکانی عەقیدەیان لە ناخدا دروست نەبووە: (لَّذِينَ قَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُوا لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا قُلْ فَادْرَءُوا عَنْ أَنفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ) آل عمران/ ١٦٨.. ئەمە ختورەی دڵ و گازاندەی سەرزاری کەسانێکە کە بۆ خواناسییەکە ساغنەبوونەتەوەو تەوحیدەکەیان بە تەواویی لە دڵ و مزردا نەچەسپیووە، بۆیە هەر کە دووچاری شکست دەبن زوو دەبەزن و ئاوا دەکەونە بۆڵەو خوتەخوت، ئەمانە وایان باوەڕهێنابوو کە هەر دەبێ سەرکەون، ئەمما ئێستا کە بەزینیان بەسەردا هاتووە، ئاوا لەژێر تین و فشاری بەزینی دەروونیی و بەزینی واقیعییدا هاواریان لێ هەڵدەستێت، وا هەستدەکەن کە نرخی دینداریی و موسوڵمانێتیی زۆرگرانەو تاڵاوی بەزین و شکست زۆر لەوە زیاترە کە بیریان لێدەکردەوە. بەڵێ بیریان کردبۆوە کە دەشێت لە جەنگێکدا ببەزێن، بەڵام تەسەوریان نەدەکرد ئەوەند پێی بێنەدواوە ئەمانە ئەگەر سەربەستانە بەخۆدابچنەوەو بڕواننە چەسپاوێتی حەقیقەتەکان، دەبینن ئەوان جێگیرنەبوون، کاریگەری خۆیان زۆر دروستنەکردووە، ئەمانە لە نەفامیی و ساویلکەییياندایە کە وا دەزانن سەرکردایەتی تووشیکردن، سەرکردایەتی بەرەوفەوتانی بردوون. ئەگەر ئەمانە لە جیاتی سەرکردایەتی ئاڕاستەیان بکردایە، ئەگەر بەقسەی ئەمانیان بکردایە، کەس نەدەکوژرا، ئەگەر بەپلانی ئەمان بجەنگینایە، سەرکەوتنیان مسۆگەربوو. ئەم جۆرە دەروونە خەڵەفاوانە، لەم حاڵەتانەیاندا نامومکینە هەست بەدەستی قودرەتی خوای گەورەو زانایی و توانای پەروەردگارو حیکمەتی ڕوودانی بزاوت و سرەوتەکان بکەن. ئەم کەسە دانەمەزراوانە هەر هۆشیان لای (زیان)ە کەیانە، کە بە دۆڕان و فەوتانی دەزانن. بەڵام خوای کردگارو خاوەن، خوای هەڵسوڕێنەری تاکوپاک، ئەم دیدو هەڵوێستانە ڕاستدەکاتەوە، کە ئەمانە وەهمن، لەوەوە دێن کە ڕێکخستن و

ئاڕاستەکردنەکەی خوای گەورەیان بۆ ژیان و مردن چاولێنییە، ئەمانە حیکمەتی شاراوەی روداوەکان نابینن، شیکارییان بۆ فەرمانی قەدەری خوایی نییە، ناشزانن کە هەڵبژاردنی هەل و بوارو کاتی تەگبیرو حاڵەتی پلاندانان و هەڵسەنگاندنی نەخشەو شیکاری هێزو چۆنیەتیی هێرشبردن و بەرگرییکردن. هەمووی کاتی پێش دەسپێکی جەنگ و تێکچڕژانە. ئەمما ئەگەر دوای نەخشەو راوێژو تەگبیر، هێرش یان بەرگرییکرا، ئیتر ئەنجامەکەی هەر چیەک و هەر چۆنێک بێتەوە، ئەوە حەتمەن لە قەدەری خوای داناو زاناوەیە، مادام ئەمان لە سنوری زانین و توانین و تەگبیرو ڕاوێژکردندا نەخشەی خۆیان دارشتووە، ئیتر ئەنجامەکە هەر چیەک بێت، ئەمانە گلەیی و گازندەیان نابێت، پێیان وا نابێت کە بە پێی نەخشەو تەگبیرە چاکەکەی خۆیان دەبوایە سەرکەوتووبن، نا، دەزانن کە هەردوو حاڵەتی ئەنجامەکە، بڕیاری قەدەرییانەی خوای گەورەیەو حیکمەتی ئەوە، هەر دەبوو وا بێتەوە، هەر چۆنێک هۆکار بگیراياتەبەر، ئەم ئەنجامە حەتمیبوو، هەر دەبوو وابێتەوە.. ئەمەیە قەدەری بڕیاردراوی خوای زاناو بەتوانا، با دڵی ئیماندار هێمن و ئاسوودەبێت و ئەگەر وا، یان ئاوا دەرنەچێت.. ئەم پارسەنگێتیەی رەفتارکردن و تەسلیمبوون، ئەم پارسەنگیەی نێوان پشتبەخوابەستن و هۆکارگرتنەبەر، دەبێتە مایەی هەنگاو هەڵهێنانەوەی راست و پارسەنگ، ویژدانیش ئاسوودە دەبێت پێی. ئەمما ئەو کەسەی کە ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانەی لە دڵ دەروون و هۆش و هزردا نەچەسپیووە، ئەو کەسەی کە ئاوا باوەڕی بە کردگارێتیی و خاوەنێتیی و دەسەڵاتدارێتیی و ژیاندن و مراندن و هەڵسوڕاندنی وجوود لە لایەن خوای گەورەوە نییە، ئەوی ئاوا خوای گەورە نا ناسێت، ئەوە هەر لاسەنگ و دید لێڵ و راڕاو خەمبارە، چونکە هەر ئاخ و ئۆفێتی، هەر حەیف و ئامێتی، ئای ئەگەر وا نەبوایە، خۆزگە ئەمە نەدەبوو، حەیفێ ئاواچوو، ئاه ئەگەر وا نەدەهاتەوە... وە هەروەها.

خوای گەورە هۆشداریی دەداتە موسوڵمانان کە نەکەن بکەونەژێر کاریگەری دیدو تێڕوانین و شیکاری کافرانەوە، نەکەن ئەو قسە پووچەڵە (جەدەل) و (پشێویی) بخاتەنێوانتانەوە. ئەوان لە حەقیقەتەکانی ئەم دیدو تێڕوانین و پێناسانەی تەوحید غافڵن، ئەوان هێزی کاریگەری وجوود ناناسن، ئەوان بەدەر لە هۆکارە دەرەکیەکان پەیپێنابەن و زۆر سەتحییانە لە روداوەکان دەڕوانن، ئەوان لە خوای گەورە دوورن قەدەری خوای گەورەیان لەبەر چاونییە و ناشزانن هێزی حەقیقی کارتێکردن کامەیە..

ئەگەر هۆشتان لەم قسە پووچە لانەیان نەبێت و رێ بە موناقەشەو شیکاریی ئەوان بدەن، خۆتان تووشی خەم و پە ژارە و حەسرەت دەبن: (لِيَجْعَلَ اللَّهُ ذَٰلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ).. چونکە ئەوان دیدو تێڕوانین و قەناعەتیان وایە کە ئەگەر براو کەسوکارەکانیان هەر لەماڵەوە بوونایەو نەچوونایە بۆ سەفەر، لە رێ نەدەمردن. ئەگەر نەچوونایە بۆ جەنگ، نەدەکوژران! چونکە ئەوان ئا ئەمانە بە هۆکاری مردنیان دەزانن، نەک هاتنی ئاکامی مەرگ و ڕۆژ تەواوبوون و کۆتایی هاتنی تەمەنی دیاریکراو.. ئیتر ئاوا دەکەونە خەم و پەژارەی ئەوەوە کە بۆچی هێشتیان لە ماڵ بڕۆنەدەرێ؟ بۆچی لای خۆیانیان نەهێشتنەوە! چونکە لە سوننەتی خوای گەورە غافڵن، حەقیقەتەکانی تەوحید نازانن، بۆیە ئاوا مردنی کەسەکانیان، یان کوشتنیان، بۆیان دەبێتە خەفەتێکی زۆر، بەڵام نابێت وا بن، ئێوە باوەڕتان بە خوای کردگارو تاکوتەنهایە، بە سیفەتەکانی خاوەنێتیی و رۆزیدان و ژیاندن و مراندنە، ئێوە دەزانن کە خوای گەورە تاکە هەڵسوڕێنەری وجوودە، دەزانن کە ژیان و مردن بە بڕیاری قەدەری خوای گەورەن، کەس نامرێت تا ڕۆژی کۆتایی نەیەت، کە رۆژیشی کۆتاییهات کەس ناتوانێت ئەجەلی دواخات، ئێوە لەوە دڵنیان کە هەموو کەسێک لە کات و شوێن و بەوچۆنیەتییە دەمرێت کە ئەجەلی پێی دێت. بۆیە حەتمەن دەبێت ئێوە بە سینەی فراوان و رازیبون بە قەدەری خوای گەورە رووەوڕووی مردنی عەزیزانتان ببنەوە،

چونکە تەنها خوای گەورە دەژێنێنت و دەمرێنێت: (وَلَئِن مُّتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لَإِلَى اللَّهِ تُحْشَرُونَ) آل عمران/١٥٨؛ بمرن یان بکوژرێن حەتمەن هەر بۆ لای خوای گەورە دەگەڕێنەوە.. ژیان و ژیاندن وا لە دەست خوای گەورەدا، مردن و مراندن وا لە دەست خوای گەورەدا، خۆی رۆحەکەی بەخشیوە و خۆشی مافی وەرگرتنەوەی راسپاردەکەی خۆی هەیە، لەو کاتەشدا وەریدەگرێتەوە کە دیاریکردووە، جا ئەو کەسەی سپێراوەکەی پێدراوە لە ماڵەوە بێت یان لە دەرەوە، لە جەنگدابێت یان لە ئامەنگدا، لە کاسپیدابێت یان لە سەفەر، کە بەڵێنی وەرگرتنەوەکەی هات لێی وەردەگیرێتەوە، بخوازێت یان نەخوازێت، نا توانێت بەربەستی رێی گێڕانەوەی ڕۆحی بێت، هەموو کەسێکیش دەگەڕێتەوە لای خوای خاوەن و پەروەردگارو دەسەڵاتدار، جارێ رۆحەکانیان لێ وەردەگرێتەوە، کاتی رۆحوەرگرتنەوەکە گرنگە، کە دیاریکراوە. ئەمما شوێنەکەی کە ئێوە وا دەزانن ئەگەر لە جەنگدا نەبێت ناکوژرێت، ئەگەر لە فلان شوێندا نەبووبێت، وا نابێت. ئەوە حساباتی ئێوەیە، حساباتی قەدەری خوایی کە دیاریکراوەو تۆمارکراوە (کات و شوێن و حاڵەت و چۆنیەتیی) و هەموو ئەو حساباتانەی قەدەر نەگۆڕن، ماڵ و مەیدان، یان ساغیی و نەخۆشیی، یان سەفەرو نیشتەجێبوون، یان دەسەڵات و بێدەسەڵاتی وەکو دەوڵەمەندی و هەژاریی یان گەورەیی و بچووکیی، یان نێرینەیی و مێینەیی، کاریگەرییان بە هیچ شێوەیەک لەسەر ژیاندان و ژیان لێ سەندنەوە نییە، دەسپێک و کۆتایی وەکو یەک دیاریکراون، نە دەسپێک پێشدەکەوێت و نە کۆتایی دوادەکەوێت، بەڵێنی دەسپێک و کۆتایی بۆ هەمووان وەکو یەک دیاریکراوە، هەر وەکو چارەنووس و گەڕانەوەی هەمووان بۆ لای خوای خاوەنیان، ئەوەی جیاوازە نییەت و رەفتاریانە، هەموو دەچنەوە بەردەستی خوای دەسەڵاتدارو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت: یان سەرفرازیی و ڕووسوریی یان سەرشۆڕیی و ڕووڕەشیی، کە حەتمەن لە ڕەزامەندیی یان غەزەبی خوای گەورەوەدێن،

لەوەو دواش یان بەهەشت و نیعمەتەکانی، یان دۆزەخ و ژان و ناسۆرەکانی. گەلۆرو کەللەپووت ئەو کەسەیە کە چارەنووسی سەر شۆڕیی و رووڕەشی قیامەتی پێچاکترەو ئەو ڕێگا چەوت و پڕهەڵدێرە دەگرێتەبەر، خاوەن هزرو ژیریش ئەو کەسەیە کە رێی سەرفرازیی و ڕووسووریی دەگرێتەبەر، هەردووکیشیان لە ژیاندان و هەردووکیشیان هەردەمرن، مردنەکە بۆ هەردووکیان هەروەکو ژیانەکەیە کە بۆ هەر دووکیان بوو. هەردووکیشیان لە مردنەکەدا ناچا و زەلیلن، هەر وەکو کە لە ژیانیاندا ئازادو سەرپشکبوون، سەربەستبوون لە هەڵبژاردنی دیدو ڕێیاندا.. کەوابوو چارەنووسەکەیان ئەنجامی رەفتارەکانیانە: گوفتارو کردارو بڕیار، یان دیدو تێڕوانین و باوەڕو بزاوت و هەڵوێستیان، چییان چاندووە هەر ئەوە دەدوورنەوە.

ئەجەل بە دەست خوای گەورەیەو بەس :

حەقیقەتی ژیان و مردن کاتێک ئاشکراو راشکاو لە دڵ و دەروون و هۆش و هزرو دیدو رەفتار دەچەسپێت کە حەقیقەتی قەدەری خوای گەورە لە دڵ و دەروندا چەسپیبێت، ئاوا دڵ هێمن و دەروون ئاسوودەدەبێت و هەرچی شتێک قەدەر دەیهێنێتەپێش جێی رازیبوون و تەسلیمبوونی سینەفراوانە دەبێت، چونکە دڵی ئیماندار هەستدەکات کە دانایی خوای گەورەو بەزەیی و چاودێریی خوای گەورە وا لە پشت قەدەرەکەوە. ئەمە پێویستە لە ناخی دڵ و دەروون و هۆش و هزرو لە دیدو رەفتاری موسوڵماندا بووبێت بە بەڵگەنەویست، دەنا واتەواتی دووڕووەکان دەیخاتەسەر خەم و گلەیی و نارازییبوون، کە دەڵێن: (لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا)؛ ئەگەر

بەقسەی ئێمەیان بکردایا نەدەکوژران[1].. بەڵام خوای گەورە موسوڵمانەکان رادەگرێت و لەبەرچاوی خۆیان رەد لە دووڕووەکان ددەاتەوەو دیدو تێڕوانینی هەمووان راستدەکاتەوە، کە ئەگەر ئەوە راستە، نەدەبوو ئەو سەرکردەو سەربازو شوێنکەوتووە دووڕووانە کەسیان بمرن! بۆیە دەفەرموێ:(قُل فادرءُوا عَن أَنفُسِكُمُ الموتَ ان كُنتُم صادِقِين) آل عمران/١٦٨.. مردن بەسەر موجاهیدو دانیشتوودا دێت، ئازاو ترسنۆک دێتەرێیان، نە بەحەزەربوون و سڵکردنەوەی ترسنۆکەکە رێگرە، نە هەڵمەتبردنی جوامێرانەی موجاهیدەکەش پێشیدەخات، نە ترسنۆکی مەرگدوادەخات، نە هێرشبردن پێشیدەخات، ئەوەش واقیعی ژیانە لە هەموو شوێنێک دەیان بەڵگەمان دەخاتە بەردەست، دڵ و دەروون بەم دیدو تێڕوانینە هەقە سوکنادەبێت، ویژدان و ناخ بەم حەقیقەتە عەقائیدیە ئاسوودەدەبێ. ئیماندار هەستدەکات کە ئەمەش حەقیقەتێکیتری بەڵگەنەویستی تەوحیدەکەیەتی، بوون و ژیان و رێساکانی گەردوون ئاوا دەڕۆن، هەموو یان بە پێی قەدەری خوای مەزن دەبزوون، دانایی خوای میهرەبانە کە بە تەگبی و تەقدیرو تەدبیر هەڵیاندەسوڕێنێت، ژیان بە پێی قەدەر دەستپێدەکات و بە پێی قەدەریش لە کات و شوێنی خۆیدا کۆتایی پێ دێت، دانیشتن و وەلکردنی جیهاد، مەرگ دواناخات، جەنگ و جیهادو هەڵمەتبردنیش پێشیناخات، ترسنۆکیی و سڵکرنەوەو هەڵاتن مردن دواناخات، ئەمە حەقیقەتێکی عەقائیدییە، ئەوەتا خوای گەورە بۆ روون کردنەوەو چەسپاندنی دەفەرموێ: (قُل لَّن يَنفَعَكُمُ الْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ الْمَوْتِ أَوِ الْقَتْلِ وَإِذًا لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلًا. قُلْ مَن ذَا الَّذِي يَعْصِمُكُم مِّنَ اللَّهِ إِنْ أَرَادَ

---

١ بەخوا قەسەم ئەمەمان لە یەکگرتووی ئیخوانی کورد دەبیست کەبە باوکی شەهیدەکانی ئێمەیان دەووت ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا بوونایە نەدەکوژران و ئاوا ژنیان بێوەژن و منداڵیان هەتیوو جێ نەدەهێشت! هەر خوای گەورە دەزانێت ئەوە چەندی خەم و خەفەت بۆ ئەو خانەوانەدە بەرێزانەو بۆ ئێمەش دروستدەکرد !!

بِكُمْ سُوءًا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا) الأحزاب/ ١٦؛ بفەرموو: هەڵاتن سوودی نابێت بۆتان، ئەگەر وا بزانن کە ئەگەر هەڵێن لە مردن قوتاردەبن و ماوەیەکیتریش چێژەکانی دنیاتان دەمێنێت! بفەرموو: کێ هەیە لە بڕیاری خوای گەورە بتانگرێتەخۆو نەهێڵێت تووشی کێشەببن، کە بخوازێت بهێنێتەرێتان؟ هەروەها کێ دەتوانێت رێ بگرێت و نەهێڵێت رەحمەتی خواتان بگاتێ؟ کاتێک دەخوازێت پێتانی بگەیێنێت... ئاوا دەردەکەوێت کە کەسیان دەستناکەوێت _جگە لە خوای گەورە_ ببێتە سەرپەرشتیارو پشتیوانیان!

قەدەری خوای گەورەیە کە بەسەر ڕووداوو چارەنووسەکاندا زاڵە، بەرەو ئەو کات و شوێن و حاڵەتەیان دەبات کە بۆیان دیاریکراوە. بەو رێ و شوێنانەشدا دەیانبات کە بۆیان کێشراوە. ئاوا دەیانگەیەنێتە کۆتاییە حەتمیەکەی مردن، یان کوشتن، کە کۆتایی ژیانێتیی و قەدەرێکی حەتمییەتی، هەر دەبێت بیگاتێ و لەوێ کۆتایی پێ بێت. لە هەمان کات و شوێندا بێپاش و پێشکەوتن. نە هەڵاتن و نە خۆشاردنەوەو نە خۆڕاپسکان لەم رێ و شوێن و چارەنوسەدا هەیە. ئەوی هەڵدێت (خۆی وا دەزانێت خۆی دووردەخاتەوە)، دەنا لەراستیدا لەو کات و شوێنەدا ئەجەلی نەهاتووە، ئەجەلی لە هەر کات و شوێنێکدا بێت هەر دەبێ بچێتە ئەوێ. ئەمە دنیا لای گرنگترە وەک لای خوای گەورە. تەمەن و ژیان لای ئەو درێژو بە نرخن، نەک لای خوای گەورە! ئەو هەڵدێت، بەڵام کێ لە دەست خوای گەورە هەڵدێت؟ و بۆ کوێ؟ و چۆن و کەی؟ ئەمە خەیاڵلێکردنەوەشی مەحاڵە. لە هەرشوێنێک بێت قەدەری خوای گەورەی بەدوایەوەیەتی. ئەسڵەن ئەو بە قەدەری خوای گەورە ئێستا لەو کات و شوێنەیدایە. قەدەری خوا زاڵە تووشی خێریان بکات یان شەڕ[1].. کەسیش نییە قەدەری خوا _نە لە

١ ئەوەش کە شەڕە لە پێناسی مرۆڤ خۆیدایە کە شەڕە، چونکە دانایی خوای گەورەی تێدا نابینێت..

خۆی و نله کەسیتر_ ڕەتکاتەوە. هیچ بەربەستێک لە ڕێی قەدەری خوادا نییە (نەکات، نەشوێن، نەحاڵەت). کەوابوو تەسلیمبوون حەقەو ملکەچبوون ڕاستەو لە خۆشیی و ناخۆشییدا قبووڵکردنی قەدەری خوای گەورە دیدو هەڵوێستێکی ڕەوایە، چونکە ڕازیبوونە بە فەرمانی خوای گەورەو پشت بە ستنە پێی..

باوەڕهێنان بەم حەقیقەتە عەقائیدییە یەکێکە لە ڕێسا نەگۆڕەکانی تەوحیدی ئیسلامیی، چونکە مردن حەقیقەتێکی ڕاست و ڕەوایەو کەس لێی قوتار نابێت: (قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ) الجمعة/٨؛ بفەرموو ئەو مەرگەی لە دەستی هەڵدێن و دەخوازن نەیەتەڕێتان، بە تەئکید پێتاندەگات و دەمرن، پاشان دەگەڕێنەوە خزمەت خوای گەورە، کە شارەزای دیارو نادیارەو ئاگای لە هەموو وجوودە، جا هەموو ئەوانەتان دەخاتەوە بەردەست کە کردوو تانن. ئەمە یەکێکە لە شێوازە سەرنجڕاکێشەکانی قورئان، کە حەقیقەتێک دەخاتەوەڕوو، کە زۆرکەس بیریاندەچێتەوە، یان نایانەوێت هۆشیان لێی بێت، بەڵام ئاگاداربن لێی، یان بێئاگا، هەر بەدوایانەوەیە. تەمەنیان هەرچەند بێت کۆتاییەکەی حەتمەن مردنە. دوورکەوتنەوەیان لە خوای گەورە نابێتە بەربەستی هاتنەوەیان بۆ بەردەستی، چونکە پەنایەک نییە خۆیانی لە خوای گەورە بشارنەوە لێی. هەر دەگەڕێنەوە لای خوای گەورەو بە دڵنیاییشەوە لەسەر هەموو باوەڕو گوفتارو کردارێکتان موحاسەبەیاندەکات و حساباتیان وەلدادەکات و هەموویان دەخاتەوە پێشچاو، ئینجا پاداشت، یان سزایان لەسەریان بۆ دیاریدەکات. موعازی کوڕی محمدی هوذەلی لە یونسەوە لە حەسەنی بەسرییەوە لە سەمورە خوا لێی ڕازیی بێت بە (مەرفوع)ی دەگێڕێتەوە؛ (مَثَلُ الَّذِي يَفِرُّ مِنَ الْمَوْتِ كَمَثَلِ الثَّعْلَبِ تَطْلُبُهُ الأَرْضُ بِدَيْنٍ، فَجَعَلَ يَسْعَى، حَتَّى إِذَا عَيِيَ وَانْبَهَرَ دَخَلَ جُحْرَهُ، فَقَالَتْ لَهُ الأَرْضُ: يَا ثَعْلَبُ

دِينِي، فَخَرَجَ، وَلَهُ حُصَاصٌ، فَلَمْ يَزَلْ كَذَلِكَ حَتَّى انْقَطَعَتْ عُنُقُهُ، فَمَاتَ)[1]؛ ئەو کەسەی لە مردن رادەکات وەکو ڕێوییەکە قەرزاری زەوی بێت و لە دەست زەویەکە هەڵبێت، تا ماندوودەبێت، ئینجا کە بۆخۆشاردنەوە خۆدەکات بە کونێکدا، زەوی پێی دەڵێ: ئەرێ ڕێوی کوا قەرزەکەم؟! دیسان دەردەپەڕێت و رادەکات، ئیتر هەر ئاوا تا دەپسێت و دەمرێت!

ژیان و مردن بە دەست خوای گەورەیە، دوای ژیانەکەش هەر خوای گەورە دەمێنێت: (وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَنَحْنُ الْوَارِثُونَ)الحجر/٢٣؛ بە دڵنیاییەوە ئێمە دەژێنین و دەمرێنین و ئێمە دەبینە میراتگری نیشتەجێیانی سەرزەمین..

هەروەها: (لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) الحديد/٢؛ خوای گەورە خاوەنی ئاسمانەکان و زەویە، ئەو دەژێنێت و دەمرێنێت، خوای گەورە توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت..

خوای گەورە ژیان خەلقدەکات و مردن دەخولقێنێت، بێئەوەی کەس بەشداری هیچ شتێکی بکات. ژیانی هەر هەموو زیندوویەک دیاریدەکات و مردنی هەر هەمووشیان لە کات و شوێنی خۆیاندا دادەنێت، کەسیش بەشداری وەلداناکات. ئەوەی ئەو فەرمانیپێدا تەنها ئەو جێبەجێدەبێت و هیچ بڕیارو فەرمانێکیشی رەتنابێتەوە. ژیانیش

---

١ نووسەری رەحمەتی هەر ئەوەندەی نووسیوە)طەبەرانی. راستە لای طەبەرانی وا لە (المعجم الأوسط ژمارە ٦٤٩٧)دا.. بەڵام ئەلعوقەیلی لە (الضعفاء/٢/٢١١)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

فەرموودەی مەرفووع: ئەو ریوایەتەیە کە یاوەرێک یان تابیعینێک یەکسەر دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وای فەرموو، یان وایکرد، یان وای بڕیاردا، یان سیفەتی وابوو. مەرفووع دەشێت ئەگەر سەنەدی پەیوەست بێت، سەحیح بێت، ئەگەر یاوەر لە سەنەدەکەدا نەبوو (واتە مورسەل بوو) ئەوە زەعیفە، ئەگەر دوو کەس لە راویەکانی نەبوو ئەوە مونقەطیعەو زەعیفترە والله اعلم.

هێشتا وەکو سەرەتاو دەسپێکی هەر نهێنییەکی سەرسوڕهێنەرەو کەس نازانێت چۆن و لە کوێوە هاتووەو دێت؟ چجای ئەوەی کەسێک بزانێت ژیانەکە خۆی چییە و چۆن شتێک دەژی و چۆن دەمرێت؟ ئەمە نهێنییە، دەقە قورئانییەکە دەفەرموێ کە خوای گەورە دەژێنێت و دەمرێنێت: (لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيت)؛ ئەوە خوای گەورەیە کە ژیانی بە زیندووەکان بە خشیوە، کەس ناتوانێت نکووڵی لەمە بکات و شتێکیتری غەیری ئەمە بسەلمێنێت. مردن وەکو ژیان نهێنییەکی داخراوە کەس نازانێت سروشتی مردن چییەو چۆنە؟ کەس ناتوانێت مردنێک بهێنێتەدیی، چونکە کەس ناتوانێت ژیانێک خەلقکات، تا مردنێکیشی لەدەست بێت ئیجادی بکات! هەمووان ژیان و مردنەکە وەکو دیاردەیەکی وجوود دەبینن و بەس. موسوڵمانیش یەقینی هەیە کە تەنها خوای گەورە رێ بە ژیان دەدات و فەرمان بە مردن دەکات: (وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُّؤَجَّلًا)آل عمران/١٤٥؛ هیچ کەسێک بەبێ فەرمانی خوای گەورە نامرێت، مردنەکەشی بەڵێنێکی نوسراوەو کات و شوێن و چۆنییەتەکەی تۆمارکراوە..

ترسوبیم و سووربوون لەسەر سەلامەتیی و دوورەپەرێزیی و خۆدواخستن لەجیهاد، ئەجەل دواناخات، ئازایەتیی و خۆگریی و رووبەڕووبوونەوەو هەڵمەتبردنی مەیدانی جەنگ مردن پێشناخەن. ئەجەل نوسراوە، رۆژێکی لێ کەموزیادنابێت. ئا ئەمە حەقیقەتی رێگاگرتنەبەرەکەیە. بەڵام ترسنۆک خۆی تۆقاندووە! یا خوا خەو بەچاویدا نەیات..

ئەم حەقیقەتە زۆرڕۆشنە پێویستە حەقیقەتی ئومێدو مەبەست لە ناخدا جێگیربکات و نەهێڵێت جیهانی ماددیی و هۆکارەکایی کیانی ئیمانەکە داپۆشێت. ئیمان پێویستە بە جورئەتەوە لە کۆت و زنجیری ترس و بەخیلیی و سووربوون لەسەر ژیان دەرچێت. ئاوا ئیماندار خۆدەگرێت، ئاوا کەندو کۆسپەکان دەبڕێت و جوامێرانە ئەرکی

ئیمانیانەی خۆی جێبەجێدەکات. ئاوا بە ئارامیی و پارسەنگیی و بێباکانە هەنگاوهەڵدەهێنێتەوەو ڕێگای حەق دەگرێتەبەر. ئاوا شارەزاو دڵنیاو پشتبەخوای گەورە. ئاوا دڵنیا لە حەقیقەتە عەقائیدیەکان:

_(قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ)آل عمران/١٥٤؛ بفەرموو: ئەو کەسانەی کە لە چارەیان نوسرابوو کە بکوژرێن، هەر دەبوو لە ناوجەرگەی ماڵەکانیانەوە بە پێی خۆیان بجنە شوێنی کوشتنەکەیان..

_ (قُل لَّن يَنفَعَكُمُ الْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ الْمَوْتِ أَوِ الْقَتْلِ) الأحزاب/١٦؛ بفەرموو: هەڵاتن (ئەگەر لە تواناشتاندا بێت هەڵێن_ هیچ دادتان نادات و حەتمەن مردنەکە یان کوشتنەکەتان هەر دەبێت بە تووشەوە..

_ (هُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ فَإِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ)غافر/٦٨؛ ئەوە خوای گەورەیە کە دەژێنێت و دەمرێنێت، کە فەرمانێکی دەرکرد، هەر ئەوەندە بفەرموێ: ببە، دەبێت.

قورئانی پیرۆز ئەم هەست و ئینفیعالاتانەی لەسەرچاوەکانیانەوە چارەسەردەکات. ئەو دیدە لێڵە ڕووندەکاتەوە کە حەقیقەتی مردن و ئەجەل، مردن و ژیان نازانێت. هەروەها پەیوەندی نێوان ئەو ئینفیعالە هەڵەو چەوتانەی ترس و تۆقان –کە لە بەرامبەر جەنگ و جیهاددا دروستدەبن_ تا خەڵکی نەترسن و ڕەفتارەکانیان لەگەڵ حەقیقەتە عەقائیدیەکاندا ڕێکخەنەوەو ئەوەندە لە ترس و دڵەڕاوکەدا نەبن و بزانن کە مردن کات و شوێنی هەیەو بە پێی قەدەری خوایە، کە کاتی کۆتایی ژیان هات، مردنە کە حەتمیە؛ (أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ) النساء/٧٨؛ لەهەر کوێیەک بن مردنتان دەگاتێ، با لە قەڵاو قوڵلەی زۆر مەحکەمیشدابن..

کەوابوو مردنەکە حەقیقەتێکەو کەس گومانی لە روودانیدا نییە. نابێت موسوڵمان ئەوەشی لا حەقیقەت نەبێت کە مردن بە پێی ئەجەلەو ئەجەلیش بە پێی قەدەری خوایەو قەدەری خواش نەگۆڕەو ڕەتکردنەوەی نییەو مردن و ئەجەلەکەش لە دوورو نزیک پەیوەندییان بە جەنگ و ئاشتیەوە نییە. پەیوەندیان بە مەحکەمیی و قایمی جێگاو ڕێگا، یان سادەیی و ئاسانیی جێگا و ڕێگاوە نییە. پەیوندییان بە قەرەباڵغیی دەوروبەرو دەسەڵات و هێزی زامیرییەوە نییە. فەرمانی چوونەجیهادەکەش ئەجەلی کەس ناهێنێتەپێش، دواکەوتنیشیان لە جیهادو خۆدزینەوەیان لە رووبەڕووبوونەوە ئەجەلیان دواناخات. تەقدیراتی مردن و ئەجەل شتێکەو فەرمانی جیهادکردن و کوشت و کوشتار شتێکیترە، هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە. پەیوەندییەکە لە نێوان مردن و ئەجەلەکەیدایە، نەک مردن و جیهادکردن. چونکە مردنەکە فەرمانی خوای گەورەیەو ئەجەلەکەشی فەرمانی جێبەجێکردنێتی. ئیتر چەند شتێکی بێماناو نابەجێیە موسوڵمانان لە بەرپاکردن (شۆڕش)و بەردەوامبوونی جیهاددا سستیبنوێنن. قورئانی پیرۆز بەم شێوازە قورئانیانە حەقیقەتە عەقائیدییەکان بە نەرمونیانی لە دڵ و دەروندا دەچەسپێنێت و بەو شێوە واقیعبینییە لە مزرو هۆشدا جێگیریاندەکات. لە هەموو چرپەچرپ و دزەگومان و هەڵەحاڵیبوونێک چارەسەردەکات، کە ترسی بەرەنگاریی و بەشداریی جیهادو رووبەڕووبوونەوەی دوژمن دروستیدەکات.

مردن هەقە بەڵام بە حەزەربوونیش پێویستە:

قەناعەتکردن بەم حەقیقەتە عەقائیدیانە کە دەربارەی ژیان و مردن و ئەجەل و قەدەرن، مانای ئەوە نین کە موسوڵمان نابێت خۆ لە کارەسات لادات، یان هۆشدارو بەحەزەر نەبێت، یان هۆکاری خۆپاراستن و خۆلادان و بەرگریی نەگرێتەبەر. نا، خۆ هەر خوای گەورە ژیان و مردن و ئەجەل و تەمەنی دیاریکردووەو فەرمانیشی بە موسوڵمانان داوە کە بەحەزەربن. تەنانەت شێوازی تایبەتی بۆ نوێژکردن لە شوێن و

کاتی جەنگدا دیاریکردووە، کە نوێژی ترس (صلاة الخوف)ە. هەر وەکو کە فەرمانی (واجببوونی) بۆ خۆئامادەکردن و ئامادەسازیی ئامێرو هۆکارەکانی جیهاد دەرکردووە. ئەمانە هەموو لە لایەکن و مردن و دیاریکردنی ئەجەلیش لە لایەکیتر، فەرمانی ئامادەسازیی و بەحەزەربوون پێویستە جێبەجێبکرێت، کە دیارە سوودو حیکەمەتی ئاشکراو نهێنی تێدایە، کە دانایی خوای گەورە دەردەخەن، بەڵام زانین و رەفتارکردنی راست و دروستیش لەگەڵ مردن و ئەجەل و پەیوەندی نێوانیاندا لەگەڵ خۆپاراستن و ئامادەسازیی و بەحەزەربوونەکەدا دەبێت بەهەمان شێوە ملکەچێتی تێدا بنوێنرێت، چونکە ئەمیشیان سوودو حیکمەتی ئاشکراو نهێنییان تێدایە، کە دانایی خوای گەورە دەردەخەن. دیدو هەڵوێست و رەفتاری موسوڵمان پێویستە دەربارەی هەردووکیان و مامەڵەکردن لەگەڵ هەردووکیاندا بارسەنگانە بێت و دیندارانە هەر دووکیانی لەبەرچاو بێت. ئەمە ئیسلامەتیە.. ئیسلام ئاوا تاکوکۆی شوێنکەوتووانی پەروەردەکات.

قورئانی پیرۆز ئاڕاستەی کۆمەڵی موسوڵمانان و کۆمەڵە ئیسلامیەکەیان وا دەکات کە سووربن لەسەر پاراستنی بەها دینییەکانیان و خۆیان لە پێناویدا بەختبکەن. ئەمەش حەقیقەتێکیتری عەقائیدییەو پێویستە لە دڵ و دەروون و هۆش و هزریاندا بچەسپێت و لە واقیعی ژیانی تاکوکۆشیاندا رەفتاری لەگەڵدا بکەن.. ژیانی ئەم دنیایە کورت و کۆتایە، تەمەن بە ئەجەل کۆتایی دێت، پیاوچاکان و پیاوخراپان دەمرن، موجاهیدان و دانیشتوان هەر دەمرن، گیانفیدایانی عەقیدەکە دەمرن، بەزیووە زەلیلەکانیش هەر دەمرن. ئازاو جوامێرەکان کە ستەم و دەستدرێژیی و مەحرومبوون رەتدەکەنەوە دەمرن و ترسنۆکە شرەخۆرەکانیش هەر دەمرن، کە بە هەموو جۆرە ژیانێکی کۆیلەیی و ژێردەستەیی و سوکایەتیی رازیبوون.. ئەوانەی خاوەن بایەخی گەورەو هیمەتبەرزن هەر دەمرن و ئەوانەش کە هیچ شتێکی گەورەو گرنگ جێبایەخیان

نییەو حەپۆلن هەر دەمرن. (هەریەکە یان مردنێک قەرزارە).. ئەم حەقیقەتە لەبەرچاوی هەمووانیانە: (كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ) هەموو خاوەن نەفس (رۆح)ێک دەبی مردن بنۆشێت. هەر هەموویان دەبێ ژیان جێبهێڵن. کەسی لێ نابوێررێت. بەڵام لە شتێکی سەرەکیتردا جیاوازیان هەیە، (راستە هەموو دەمرن، بەڵام هەیانە مردنەکەی سەرمایەی قیامەتێتی و هەشیانە مایەی سزای سەختێتی). هەموو دەمرن بەڵام لە پاداشت و سزایاندا وەکو یەک نین. هەندێکیان سەرفرازو سەرکەتوو و رووسوری ئەو دنیایە: (كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ) آل عمران/١٨٥؛ هەموو خاوەن نەفس (رۆح)ێک دەبێت مردن بچێژێت، ئیتر پاداشتی کاروکردەوەکانیشتان لە رۆژی قیامەتدا وەردەگرنەوە، جا هەر کەسێک لە ئاگری دۆزەخ کەنارخرا، ئەوە سەرفرازیی دەسکەوتووە.. پاداشت و سزا لە ڕۆژی قیامەتتدا دەدرێتەوە، هەر کەسێک لە ئاگری دۆزەخ کەناردرا و خرایە بەهەشتەوە ئەوە بە دڵنیاییەوە سەرفرازو سەرکەوتووە. ئەمە خاڵی سەرەکیی جیاوازی مردنەکانی مرۆڤە. ئا لەم چارەنوسەدایە کە مردنی فلان و فیسار جیاوازیان هەبوو. ئەمە ئەو بەهایەیە کە دەمێنێتەوە. ئەمەیە کە شایانی گیانبەختکردنە لەپێناوی خوای گەورەدا، تا بە لوتفی خوا ئاوا خەڵاتبکرێت. ووشەی (زُحزِحَ) کە خۆی وێنای دیمەنەکە دەکێشێت، هەر وەکو ئەوەیە کە ئاگرە بێوێنەکەی دۆزەخ مێزی راکێشانی هەبێت و هەرکەسێک کەوتە رێکی خولگەی کێشکردن و بازنەو بواری موگناتیسییانەی راکێشانی، قوتارینابێت، مەگەر لا درێت، مەگەر راکێشرێتەوە کەنارەوە! بە شێوازی (مبنی للمجهول) دەفەرموێ: (زُحزِحَ: کەنارخرا) مانای وایە هەرکەسێک کە دەگاتە ئەوێ موحتاجە لایدەن، خۆی ناتوانێت، خۆی هەوڵدەدات، بەڵام پێویستی بەهێزێکیترە رایفرێنێت و رایکێشێتەوە تا کەناریدات! ئەم هێزە کێیە کە ئەوانەی لەوێدان هەموو مرۆڤن و وەکو یەکن؟! لەویدایە کە خوای گەورە تەقواکارو

سەرفرازەکان دەکاتە هۆکاری تکاکاریی کەناردان و قوتارکردن! پێغەمبەران و ڕاتگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان مۆڵەتی تکاکاریان _لەو کات و شوێن و حالەتە سەختەدا_ پێدراوە! هەر کەسێک لە مەودای هێزی راکێشانی دۆزەخ کەناردراو هێنرایەدواوە، دەخرێتە بەهەشتەوە. ئەمە سەرفرازبوونە، نەک هەر لە دۆزەخ کەنارداراوە، خراوەتە بەهەشتیشەوە.. ترسوبیم و دڵەڕاکێ و ڕاڕایی و تۆقان و تۆقین کۆتایی هات.. خۆڕاپسکانی گۆڕا، بوو بە رزگاربوون و پێشوازیی و بەخێرماتن و حەوانەوەو نیعمەتە نەبڕاوەکانی بەهەشت. دەبینیت چۆن ئایەتەکە حاڵەتەکە نیشاندەدات؟ دیمەنێکی زیندوو، بەبزاوت و راکێشان و هێنانەوەدواوەو تکاکاریی و قوتاربوون١ ئەمە وێناکردنی حەقیقەتی حاڵەتەکەیە..

ئاگری دۆزەخیش هێزی راکێشانی زاتیی خۆیی هەیە.. مەگەر گوناح هێزی راکێشانی زاتیی خۆیی نییە؟! ئەدی نەفسی هەموو کەسێک موحتاجی هێزێکیتر نییە لە گوناحکاریی کەناریداو ڕایکێشێتەوە دواوە، تانەکەوێتە ناو تاوانەوە؟! بەدیی.. وەکو چۆن لە قیامەتدا موحتاجی هێزێکە لە مەودای هێزی راکێشانی دۆزەخ قوتاربکات، لەم دنیاشدا پێویستی بە هێزێکە لە مەودای هێزی راکێشانی گوناح و تاوان و حەرام قوتاربکات. وەکو لەو دنیا پێویستی بە فەزڵی خوای بەبەزەییە، لەم دنیاش پێویستی بە خوای بەبەزەییە تا هیدایەتیبدات و نێراوی بۆ بنێرێت و پیاوچاکانی بۆ بکاتە ئامۆژگارو هاوکار، چونکە لە خۆگرتنەوەیدا لە گوناح و سەرپێچیی فەرمانی خوای گەورەدا پێویستی بە هاوکاری چاکانە، هەرچەندە خۆشی تەقواکارو دینداری پاک و سەرراستبێت، پێویستی بە کەسانیترە، یارمەتیدەری دیندارێتییەکەی بن.. ئا ئەم هەستی کەناردانی دۆزەخە، دەبێت لە هۆش و هزری موسوڵماندا لەدنیادا حزووری هەبێت (تا هەست بە زەروورەتیی کۆمەڵکاریی و دۆستایەتیی و دیندارانی چاکتر لە خۆی بکات).. ژیان و مردن ماف و رەفتاری خوای پەروەردگارن و بەس.. هیچ

مەخلووقاتێک بەشداریان بە هیچ شێوەیەک تێداناکات. مرۆڤێکی لاسارو خۆپەسەند ئەگەر وا بزانێت بە هەوڵدانی خۆی دەگاتە بواری نهێنییان کە تایبەتە بە خوای گەورە، ناگاتە هیچ. دوای ڕەنجی بێهودە سەری لە پەردەیتری نەزانییەوە دەردەچێت. چونکە رەنجێکیداوە تا بگاتە بواری نادیار، لەوە غافڵبووە کە نادیار بواری مەخلووقات نییە، نە بواری زانینیانە، نە بواری توانینیانە.. ئەوە سنوری زانین و نەزانینی خۆیەتی.. لەولاوە زانینی خوای گەورەیە، کە بێسنورە.. ژیاندن و مراندن ماف و رەفتاری خوای گەورەن و بەس.. دیاردەی بەرچاوی مرۆڤن، کە لە هەموو سات و ئانێکدا ژیاندنەوەو مراندن دەبینێت، لە هەست و ژیریدایە، لە زانستی سەردەمیدایە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر بە نهێنیی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە. مرۆڤە زاناو رەنجدەرەکان دوای هەوڵدانی زۆریان بۆ پەیبردن بەم دوو دیاردەیە، ناچاردەبن بڵێن بەدەر لە زانین و توانای مرۆڤن. بەدەر لە توانا و بواری مەخلووقاتن. (جا هەیانە ئیعتیرافدەکات و دەڵێ خوای کردگار دەژێنێت و دەمرێنێت، هەشیانە ملهوڕانە دەڕوات و دەڵێ کردگاریتر هەیە کە ژیاندن و مردنەکەی بەدەستە) بەڵام راستترو ژیرانەترو هەقیانەتر ئەوەیە کە ئیعتیراف بە هەبوونی خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتداری زاناو تواناو دانا بکرێت.. وەکو کە تەوحیدی ئیسلام دەیناسێنێت.. کە رۆزیدان و کارگێڕیی گەردوون و ژیانی بە دەستەو ژیاندن و مراندن ماف و رەفتاری ئەون و بەس. هیچ کەسێک و هیچ مەخلووقێک بەشداری و هاوبەشی نە مافەکەیەو نە رەفتارەکەی.. پەنابردنەبەر حەقیقەتە عەقائیدییەکانی ئیسلام زانستیانەترە لە هەڵهێنانی مەتەڵی ژیان و مردن هەروەها ژیاندن و مردنە بەردەوامەکەی بەرچاوان.. خۆ تا ئەم ساتەوەختەی سەردەمی ئێمەش هەموو ئەوەی کە مرۆڤایەتی بەرامبەر خودی ژیان و خودی مردن و ژیاندن و مراندن دەیزانێت هەر وا لە سنوری کەشفکردنی دیاردەو رواڵەت و هۆکاریاندا.. بە هیچ کلۆجێک پەی بە چییەتی (ماهییەتی) ئەم دیاردە دژوارو کاریگەرانە نەبردووە!! ئێمەی

موسوڵمان قەناعەتی تەواومان بەوە هەیە کە ئەو خوای کردگارەی خاوەن ئاسمانەکان و زەوییە و بە دەسەڵاتی ڕەهای خۆی هەڵیدەسوڕێنێت، بە زیان و سوود، بە ژیاندن و مراندن، بە جۆرەها ڕەفتاریتر، هەر ئەو خوای تاکوپاکەیە کە شایانی خوایەتییەو هیچ خوایەکیتر جگە لەو شایانی خوایەتیی نییە.

مادام مرنێک قەرزاریت:

مردن نادیارێکەو لە ڕێی هەر هەموو مەخلووقێکدایە. هەموو مرۆڤێکیش هەر دەبێ بمرێت. کەی؟ نازانێت.. ئەوی دەخوازێت موسوڵمانانە بمرێت، با هەر لەم ساتەیەوە موسوڵمانانە بژی، تا لە هەموو سات و ئانێکییدا موسوڵمان بێت و ئامادەی مردنبێت.. قورئانی پیرۆز هەنگاوێک نەفسی مرۆڤ لەم بوارەدا دەباتەپێش، بە پێناسەی حەقیقەتێکی تری عەقائیدی ئیسلام.. مادام تەمەن دیاریکراوە ئەجەلیش کات و شوێنی نەگۆڕی هەیە. دە کەوابوو با هەموو نەفسێک حسابی سبەینێی خۆی بکات. دەیەوێت چارەنووسی چۆن بێت، با لەمسەرەوە مشوریبخوات.. ئایا دەیەوێت دوور لە ئەرکەکانی ئیمان پاڵداتەوەو تەنها ژیانەکەی دنیای بکاتە جێبایەخی؟ دەیەوێت لەم سەر زەمینەو هەر بۆ چێژی دنیای بژی؟ یان دەیەوێت باڵاتر سەرکەوێت و دوورتر بڕوانێت، تا سبەینێی خۆی چاولێبێت؟ دەیەوێت بەهای بەنرختر جێبایەخی بن و بە ئومێدی ژیانێکی بەرفراوانترو ئاسوودەترو درێژتر لەم دنیایە بێت؟ لە هەردوو حاڵەتەکەیدا تەمەن هەر ئەو تەمەنەیەو ژیان هەر ئەو ژیانەیەو ئەجەل هەریەکە.. بەڵام ڕەفتاری ژیانەکە جیاوازە.. ژیانی خواویست زۆر جیاوازە لە ژیانی دنیاویست..

بایەخدانەکە جیاوازە.. بایەخی خواویست بە بەهایەکە، زۆر جیاوازە لە بایەخدانی دنیاویست بە بەهاکانی.. ڕەنجدانەکانیش جیاوازن.. ئەگەرچی ژیان و مردنەکە وەکویەکن لە ماهییەتیاندا.. خواویستێک بۆ خواو بە پێی بەرنامەی خوا دەژی و

ڕەفتاردەکات، دنیاویستێک وەکو کرم و ئاژەڵ و باقی زەیندەوەرەکانیتر ژیان بەسەردەبات، چۆن وەکو یەکن؟! بەڵێ هەر دووکیان هەر بە پێی ئەجەلە دیاریکراوە کەیان دەمرن؛ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُّؤَجَّلًا)آل عمران/١٤٥؛ هیچ کەسێک بەبێ فەرمانی خوای گەورە نامرێت، مردنەکەشی بەڵێنێکی نوسراوەو کات و شوێن و چۆنییەتەکەی تۆمارکراوە.. بەڵام لە هەموو ژیان و مردنە کەدا جیاوازبوون، نە ژیانیان وەکو یەک بوو نە مردنیان..

قورئانی پیرۆز ئاوا حەقیقەتی مردن و ژیان نیشاندەدات و بڕیاری لەسەردەدات. حەقیقەتی ئەو ئامانج و مەبەستانەش _کە زیندوەرەکان لە دنیادا هەیانە_ نیشاندەدات. بایەخدانی مرۆڤە دنیاویستەکان رووندەکاتەوە، کە وەکو بایەخدان و رەنجدان و ئامانج و مەبەستی کرمە، کە دەخوازێت و رەنجدەدات تا بخوات و بژی! کە لەم رێگاو ئامانجەیدا بەردەوام لە ترس و خەم و دڵەڕاوکێدا دەبێت، چونکە نایەوێت وەکو (مرۆڤ) بژی! بەڵکو وەکو (ئاژەڵ)! لەملاشەوە خواویستێک کە دەیەوێت وەکو (مرۆڤ) بژی، بخوات بەڵام بۆ بایەخە گەورەکانی بژی، بژی بەڵام لە پێناوی بەها بەنرخەکانیدا بمرێت.. هیچ کام لەم دوو پۆلە خەڵکە تواناو دەستەڵاتیان بەسەر ژیاندن و مراندنانییە.. هەر یەکەیان بۆ ئەوە دەژی کە پێی گرنگەو مەبەستێتی. دوو رێگای جیاوازیشیان گرتۆتەبەر، دنیاویستەکە دنیای دەوێت و بایەخ بە قیامەت نادات، خواویستەکە ڕێگای قیامەتی گرتۆتەبەرو لە دنیاشدا ئاسوودەو هێمن و پارسەنگ دەژی!

خوای گەورە ئەم مرۆڤەی لەهەوانتەو بێ مەبەست خەلقنەکردووە، سبحانە: (أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى) القيامة/٣٦؛ چما ئەم مرۆڤە وا دەزانێت هەر وا وەلدەکرێت و پرسیارێکی لێناکرێت؟! خوای گەورە ئەم مرۆڤەی بۆ مەبەستێک

خەلقکردووە کە دەبێ لە ژیانیدا هەوڵی بۆ بدات، خوای گەورە خەلقینەکردووە تا وەلیکات و ئیهمالیکات. ژیان لە دیدی ئیسلامدا ئەوە نییە کەسانێک لە نەفامیی و سادەیی خۆیانەوە وا دەزانن ژیان کۆمەڵێک بزاوتی بێمەبەستە، کۆمەڵێک سرەوتی بێئامانجە، یان ڕەفتاری بێئومێدە.. ئەوانە وا دەزانن ئافرەت بەچکەمرۆڤ بەرهەم دەهێنێت و گۆڕ هەڵیدەلوشێت! نێوان ئەم دوو ڕەفتارەش هەر گەمەو جوانیی و شانازیی و ڕابواردن و چێژی ئاژەڵییانەیە.. بەڵام بە تەئکید ئەمە دیدی موسوڵمان نییە، چونکە ژیان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە حیکمەتێکی خواییە، بە پێی دەیان ڕێسایە، بۆ چەسپاندنی بەرنامەیەکە، کە ئامانجێکی گەورەی پێ دێتەدیی، مەبەستی تاکوکۆی نەوەکانی پێوەبەندە. ژیان قۆناغێکی بوونە، مرۆڤیش بە پێی قەدەری خوایی دێتەدنیاوەو ماوەیەکی دیاریکراو دەژی و پاشان دەمرێت. کۆتایی هەموو قۆناغەکان کە دوای لێپرسینەوەو پاداشت و سزادێت، ژیانێکیتری نەبڕاوەیە. نیعمەت دوای ڕەزامەندی خوای گەورە دێت، یان لە ئەشکەنجە و ناسۆری دوای غەزەب و سزای خوای بەدەسەڵات دەبێت.. نەوە بە نەوەی مرۆڤایەتی ئەم قۆناغی گەشتەدنیاییە دەبڕن و هەر تاکە کەسێکی موسوڵمان بە ئومێدە بگاتە ئامانجە سەرەکیەکەی بوونی، کە ڕەزامەندی خوای گەورەیە. لەو ڕێگایەشییدا گەلێک مەبەستیتری تاکوکۆی خۆی و ئوممەتەکەی _بە ئیزنی خوای گەورە_ دەهێنێتەدیی.. دیدو تێڕوانینی موسوڵمان زۆر ووردەکارانەو ڕێکخراوانەیە، هەمووی لە باوەڕیکی جێگیرەوە هاتووە، کە قەناعەتی بەوە کردووە کە خوایەکی کردگارو زاناو دانای هەڵسوڕێنەر لەپشت ئەم گەردوون و ژیان و مرۆڤەوەیە، کە بڕیاری قەدەریانەی خۆیی دەرهەق بە هەمووشتێک داوە، هەمووشتەکانی و جودیش بە پێی ئەو بڕیارە قەدەریانەو بۆ کۆتاییەک دەڕۆن، کە بە قەدەری خوای زاناو دانا دیاریکراوە.. کاتیک ئەم ئیسلامە بەم دیدو تێڕوانین و پێناسەوە هات، مرۆڤایەتی لە دوورترین شوێنیدا وەستابوو، ئەمانەی بەگوێدا

نەدەچوو، لە زۆرینەیان غافڵبوو.. بە توندیی دژیان دەوەستایەوە. بەڵام ئیسلام بەرەو ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانەی هێنا، کە مروڤایەتییەکەیانی لە ئاژەڵێتیی جوداکردەوەو ڕێی نیشاندان، کە پێویستە بە پلەکانی مرۆڤێتیدا سەرکەون و بزاوت و ڕەوتیان لەگەڵ ڕێساکانی بزاوت و ڕەوتی گەردوون و ژیاندا یەکانگیربێتەوە. دەبێ ئەوەیان لا بێتە بەڵگەنەوویست کە هەموو شتەکان، هەموو بزاوت و سرەوت و ڕەفتارەکانی وجوود، بە پێی ڕێساکانی خوایی پەیوەندی چارەنووسسازیان پێکەوە هەیە.. مرۆڤیش شتێکە لەم ووردەکارییە ڕێکخراوەی گەردوون و ژیان. مرۆڤ ئەوە نییە هەر لەدایکببێت و بخوات و بژی و بمرێت، بێئەوەی لە وجوودی خۆی و دەوروبەرو ڕێساکانیان گەیشتبێت، بێئەوەی زانیبێتی (وجوود) بۆچی هەیەو چۆن دەڕوات و تاکەی؟ مرۆڤ دەبێت باش لەوە حاڵی ببێت کە هەموو ڕەفتارێکی لەسەر حسێبە، لە هەر کاتێکی ڕابوردوودا کردبێتی، یان ئێستا دەیکات، یان لە داهاتوودا.. دێت و دەژی و دەمرێت، بەڵام بەرپرسە لەوەی کە خوابناسێت و بیپەرستێت و بە پێی بەرنامەو ڕێبازی ئەو بژی..

خوای گەورە مرۆڤی لەسەر زەمیندا دروستکرد تا جۆرەها تاقیکردنەوەی بهێنێتەڕێ: (الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ)الملک/٢؛ ئەوە ئەو خوای گەورەیەیە کە مردن و ژیانی خەلقکردووە، تا تاقیتان بکاتەوە، داخۆ کێتان کردەوەی باشتر ئەنجامدەدەن، خوای گەورە دەسەڵتدارەو لێبوردەیە.. خوای گەورە مردن و ژیانی خەلقکردووە. مردنەکەش، مردنی سەرەتای پێش ژیانیشە (کە عەدەمە)، مردنی ژیانی تاکونەوەکانی هەموو مرۆڤایەتیشە.. ژیانیش هەروەها: ژیانی یەکەمینجاری پێش زەمینەو ژیانەوەی دواتریشە، کە لە ڕۆژێکدا دێت، لەنێوانیشیاندا ژیانی دونیا هەیە.. ئەم جۆرو ژمارەو مردن و ژیانانە هەمووی خوای گەورە خەلقیکردوون، لە نەبووەوە ئیجادیکردوون، ئەمەش حەقیقەتێکی عەقائیدیترە لە

ڕوانگەی تەوحیدی ئیسلامەوە، کە هەمووی هۆشداری دەدەنە مرۆڤی دیندار کە خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتدار چاودێرێکی زیندووەو ئاگای لە هەموو بزاوت و سرەوتێکی وجوودەو هەر هەمووی بە مەبەست خەلقکردووە. هەمووی بە دیقەتی وردەکاریی ڕێکخراوانە هەڵدەسووڕێنێت. لەم وجوودەدا ڕێکەوت و هەوانتەو پشێویی وبزاوت و سرەوتی هەڕەمەکیی جودیان نییەو ژیان بێمەبەست نییەو مرۆڤیش کۆتا قۆناغ نییە. خوای گەورە ژیان و مرۆڤی لەم سەر زەمینەدا خەلقکردووە، تا بە رەفتاری خۆیان بە کرداری خۆیان تاقیانبکاتەوەو لە دینەکەی خۆیەوە بەڵگەیان لە سەر بگرێت کە چۆنیان رەفتارکردووە، تا پاداشت و سزایان بە پێی دیدو رەفتاری دونیایان بۆ دیاریبکات.

جێگیربوونی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە لە دڵ و دەروون و هۆش و هزری موسوڵماندا گرنگە، هۆشداریی بەردەوامی دەداتێ، کە ووریای هەڵسووکەوتی خۆی بێت، باوەڕو گوفتارو رەفتاری دەبێ بە پێی شەریعەتەکەی خوای گەورە بێت، دەنا سزادەدرێت. ناشێت لە نییەتی خواوویستیی و رەفتاری (گوفتار وکردار) ی خواناسانە غافڵ ببێت و ناشەرعییانە رەفتاربکات.

جێگیربوونی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە وەکو حەقیقەتەکانیتری تەوحید هەست و هۆشی موسوڵمان زیت و ورياو ئاگادار رادەگرێت، هۆشدارو هەستیار رایدەگرێت و ناهێڵێت وا غافڵببێت کە وا بزانێت کە ئەگەر لە سات و شوێنێکدا ناشەرعی بکات، وابزانێت سزای خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتدارو چاودێرو بە ئاگا، نایگرێتەوە. خوای گەورە _وەکو حەقیقەتە عەقائیدییەکانی ئیسلام دەیناسێنێت_ دوژمنداریێتیی مرۆڤ ناکات، ڕقی لێیان نییە، پەشیمان نییە لە دروستکردنیان (وەکو جولەکەکان دەڵێن . نعوذ بالله) خوای گەورە ناکەوێتە رقەبەرایەتیی مرۆڤەوە، چجای پێغەمبەرە

بەڕێزەكانی علیهم السلام (وەكو مەسیحییەكان دەڵێن . نعوذ باللە). خوای گەورە و میهرەبان و زاناو دانا مرۆڤی ئازاد خەلقكردووە، تا دواتر پابەندی رەفتاری خۆیان ببنەوە، نەک ناچاریانبكات لەسەر رەفتار. خوای گەورە دەیەوێت مرۆڤ خۆی وەكو عەبدی خوای گەورە خۆی بناسێت و خوای گەورە وەكو كردگارو پەروەردگاری دەسەڵاتداری خۆی بناسێت.. خوای گەورە رێزی لە مرۆڤ گرتووەو روحی بەبەرداكردووەو بە چاكترین لەناو زیندەوەرانیتردا ناساندوێتیی و پەیامی بۆ ناردووەو تا بە پێی ئەو پەیامە بەرنامەی ژیانیان داڕێژن و بە تەقواكاریيان بڵندببنەوە تا شایانی ئەو ڕێزو خەڵاتە دەبن كە بۆی داناون..

بەندی دووەم
پەرستنی خوای گەورە

باسی یەکەم ل ١٣٧/٢ عربیەکە

سروشتی مرۆڤ و رووکردنە خوای گەورە

(الفطرة والإلتجاء الى الله)

ئەم مرۆڤە مەخلووقە زۆر سەیرە، خوای گەوەی بیرناکەوێتەوە تا نەکەوێتە نارەحەتیەوە. تا تووشی بەڵاو موسیبەت نەبێت، مۆشێکی بەبەردا نایەتەوە، کە چەندە لەخراپەکاریی و ئینحیرافدا نقوومبووە. لەو کاتانەدا دێتەسەر سروشتی خۆی، بەڵام هەر ئەوەندەی ماوەیەک کەوتە ئەمانەوە ئیتر خۆی لە بیردەچێتەوە، یان دەکەوێتەوە خراپەکاریی و پارسەنگیی سرووشتی خۆی تێکدەداتەوە، مەگەر کەسێک وا نەبێت کە بە خواویستی گۆشکرابێت، بە تەقوا جۆشدرابێت، کە سروشتی مرۆڤێتییەکەی پارسەنگراگرتبێت. سەیرە کە خوانەناسانیش لە کاتی کارەساتی لافاوو بوومەلەرزەو مەترسی نزیکدا هاواربۆخوادەبەن، کە پێشتر گاڵتەیان بەخواناساندەکرد: (هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّىٰ إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءَهُمُ الْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ. فَلَمَّا أَنجَاهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ) یونس/٢٢ ؛ ئەوە خوای گەورەیە کە ڕۆیشتنتانی لە وشکانیی و دەریادا ئاسانکردوە، کە لەو کاتەدا سواری کەشتی دەبن و شنەبا کەشتیەکەتان ئاڕاستەدەکات، کە لەپڕ ڕەشەباو زریانتان بەسەردادێت _لەهەموو لایەکەوە دەکەونەبەر شەپۆلی سەختی دەریا_ ئیتر هەموو وایانزانی ژیانیان کۆتاهات و تەواوبوون، کەوتنەهاوارو هانابردنی دڵسۆزانەو سەرراستانە بۆ خوای گەورە، کە

ئەگەر ئەمجارە قوتارمان بکەیت دەبینە سوپاگوزارو شوکرانەبژێرت، کەچی کە قوتاریکردن، کەوتنەوە دەستدرێژیی و ناهەقیی لە سەرزەمیندا!

خوانەناس بە گۆنگەڵی پێکداکێشرانی شەپۆلی کوێرەوەریی و بێدەرتانیدا کە سەری دنیای لێ دێتەوەیەک، کە سرووشتیی مرۆڤێتییەکەی _لە نارەحەتییەکی ئاڵوزدا_ رووتوقووت دەکەوێت و هەموو هێزێکی خۆ پێوەبادانی لەکاردەکەوێت، یەکسەر خاشاک و خۆڵ و ژەنگی دڵی رادەماڵێت و پاکیی و سروشتی مەخلووقێتییەکەی یەکسەر روو لە خوای گەورە دەکات، وا مانای بۆ دەبات کە بە تەواویی تەسلیمیدەبێت و لە هەموو دەسەڵاتێکی خۆی تەبەرادەکات و هاوار بۆ خوای گەورە دەبات: خوایە رزگارمکە.. خوایە پەنامدە.. خوایە ئەم کارەساتەم لەسەرلادە.. (دووریشنییە لەگەڵ ماناو هاواری بێدەسەڵاتانەیدا دەیان پەیمانیش بە خوای خاوەنی نەدات کە شەرتبێت ئەمجارە ڕزگارببم عەبدایەتییەکی سەرراستانە بگرمەبەر، شەرتبێت تۆبەبکەم، بەڵێنبێت نوێژەکان دەستپێدەکەمەوە!). بەڵام هەر ئەوەندەی وژەی رەشەباو هاژەی لافاوو نرکەی ئاگرپژێن و گرمەی تۆپ و تانک تەواوبوو، ئاهونزولەو لالانەوەی ئەویش کۆتاییدێت، ماناو هاواری هێوردەبنەوەو دڵی ئۆقرەدەگرێت، دەڵێی دوای تێکشکاندنی کەشتییەکەیەتی و بە پەلەقاژێ گەیشتۆتەکەنارو هانکەهانک و لێدانی دڵی ئاساییبۆتەوە، هەر کە لەسەروەت و سامان و رەوتی ژیانی ئاسایی دڵنیادەبێتەوەو لە کارەساتەکە دووردەکەوێتەوە، دەچێتەوە سەر هەمان دیدو هەڵوێست و رەوتی پێشووی و هەر دەڵێی ئەویش نەبوو ئاوا بەکوڵ و دڵ مانای بۆخوای گەورە دەبرد.. خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئاندا نموونەی ئەم پۆلە خەڵکە بە کەشتیسواران دەچوێنێت، کە دەکەونەبەر شەپۆلی بێئامانی دەریاو لە قوڵایی و دوورایی ناوەندی دەریاکانەوە، کە دەکەونەبەر شەپۆلە ترسناکەکانی دەریاو خەمی تێکشکانی کەشتیەکەیان دەبێت، دەکەونە هاوارو

هانابردن بۆ خوای گەورە، تا شەپۆل ئاساییبکاتەوەو کەشتیەکەیان ساغبهێڵێتەوەو نووقمی دەریا نەبێت.

ئەمە نموونەی ئەم پۆلە دەروون غافڵ و سپڵەو نەفامەیە، کە لەهەموو کارەسات و نارەحەتیەکاندا ئەوە هەڵوێستیانە.. خوای گەورە دیمەنی حاڵەتی خەڵکی لە نارەحەتیدا نیشاندەدات، هەر وەکو کە دیمەنی حاڵەتیان لەکاتی خۆشییدا نیشاندەدات. حاڵەتی زۆرینە دەخاتەوە پێشچاوی هەمووان، کە چەندە لاوازو نەفام و بێوەفان. چەندە سپڵەو یاخی و چاوقایمن ! چۆن بەڵێنی گەورەگەورەو جەختلێکراودەدەن و کە گەیشتنە ئاواتی خۆیان نکووڵی لێدەکەن و هەموو پەیمان و سوێندو بەڵێنێکیان لە بیر خۆیان دەبەنەوە! چۆن لە کاتی لێقەومانیاندا خوای گەورە دەناسن و رێی دینەکەی دەگرنەبەرو بە حەقیقەتەوە پابەنددەبن و سوودیشی لێ دەکەن. (یەقین)یشیان زیاددەکات، کە عەبدێتییان بۆ خوای پەرستراوییان سیفەتێکی رەسەن و راست و رەواو هەقە، کەچی چەند زوو وازی لێدەهێنن و دەیخەنەلاوە! چەند خێرا خۆ لەخواناسییەکە رادەپسکێنن!! (وَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدْعُو إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ) الزمر/٨؛ مرۆڤ هەر کە زیانێکی دێتەرێ و موحتاجدەبێت هاناو هاوار بۆ خوای گەورە دەهێنێت. زۆر ملکەچانەو خواناسانە لێی دەپاڕێتەوە، بەڵام هەر کە (قوتاریکرد)و خستیە خێرو خۆشییەوە، ئەوە لە بیری خۆی دەباتەوە کە پێشتر هاواری خوای دەکردو خۆی بە عەبدی سەرراستی خوا نیشاندەدا، سەرباری ئەم سپڵی و بێوەفاییەشی (لە مەزنیی و خوشەویستییدا) هاوبەش بۆ خوای گەورە دەدانێت! بفەرموو: لە کافرێتیی خۆتدا ڕابوێرەو ئەو کورتە چێژە بچێژە، بەڵام چارەنووست ئەوەیە کە تۆش لە دۆزەخیان دەبیت.

سروشتی پاکی مرۆڤ رووی لە خوایەو بەس:

سروشتی مرۆڤ لە بەرامبەر کارەساتە گەورەکانی دەرەوەی ئیرادەو توانای خۆیدا زۆر دەسەوساندەکەوێت، وەکو رووتوقووتێک لەبەردەمیدا ماتومەلوول و بێدەسەڵات دەوەستێت. ئەو پەردانە هەموو لادەچن کە بەرچاو و دڵ و مزریانی گرتبوو. ئەو تەپوتۆزەی لە سروشتی پاکیی نیشتبوو هەموو رادەدرێن. هەموو مێزە فشەڵ پلانە خەیاڵپڵاوەکانی دەردەکەون، کە هیچ کاریگەرییەکیان نییە. هەموو ئەوانەی مایەی لەخۆباییبوون و هەڕاڵێتیی شانازییکردنی بوون بێڕۆڵ، بێهێز، بێنرخ لادەکەون. بە تەواویی هەستدەکات کە لاوازو بێدەسەڵاتە.. بۆیە لە هەستی قەزەمیی و گرگنیی و بودەڵەیی خۆیدا، لە ناچاریی و بێدەرەتانێتیی خۆیدا، لە تاو لاوازیی و دەسەوسانیی خۆیدا روودەکاتە خوای کردگارو خاوەنی، راستگۆیانە رooیتێدەکات، سەرراستانە عەبدێتیی بۆ دەنوێنێت. خواناسانە لێی دەپاڕێتەوە. بە قەناعتێکی چەسپاوەوە باوەڕی بەتوانای رەهای خوای گەورە دەبێت. لە کۆتاپلەی دڵنیاییدا دەبێت، کە تەنها خوای گەورەو بەتواناو زاناو میهرەبان دەتوانێت ناڕەحەتیی و کارەساتەکەی لەسەر لادات. هەر ئەو دەتوانێت لەو ساتەوەختانەدا رزگاریبکات. یەقینی هەیە کە هیچ خوایەک نییە شایەنی خوایەتیی بێت جگە لە خوای کردگاری هەمووان. دڵنیایە کە بتە داتاشراوەکانی کۆن و بتە دانراوەکانی سەردەم توانای هیچ شتێکیان نییە، هەر هیچ.. نە رزگار کردن، نە وەڵامدانەوە، نە رادان و نە لادانی کارەسات.. بەڵام کە زیان و ناڕەحەتیی و کارەساتەکەی لەبەرچاوو هەست و مزردا نامێنێت، کە دەکەوێتە خۆشیی و قازانج و نیعمەتەوە، دەگۆڕێت! هەر دەڵێی ئەمە ئەو کەسەنییە کە ماوەیەک لەمەوپێش رووتو رەجاڵ، لاوازو زەلیل، بێکەس و بێپەنا کەوتبوو، ماناو هاواری هەر بۆ خوای گەورە دەبرد. ئێ ئەوە هەر ئەو کەسەیە وا دیسان تەپوتۆزو خۆڵ و خاشاک و ژەنگ و چڵک لەسەر سروشتە پاکەکەی کەڵەکەبوونەتەوەو ئاوێنەی پاکی سروشتی

داپۆشراوەتەوەٍ! ئێ ئەمە هەر ئەو کەسە سپڵەو گێلەیە کە لەم حاڵەتی خۆشیی و بەختەوەریی و هێمنییەیدا ئاوڕێک لە دینداریی ناداتەوە! ئێ ئەمە هەر ئەو کەسەیە، بەڵام ئەدی بۆچی خواناسیی و خواپەرستییەکەی فەرامۆشکردووە؟! ئێ ئەمە هەر ئەو کەسەیە کە پێشتر لە بەڵاو موسیبەتەکەیدا دەتلایەوەو بەهاناو هاوارەوە دەلالایەوە، بۆچی ئێستا ناپاڕێتەوە؟ خۆ ئێستاش هەر بێکەس و بێدەرەتانە. ئەدی بۆچی وا بێشعوورە؟! ئەمانەی هەموو لەبیرخۆ بردۆتەوە! هەمووی فەرامۆشکردوون. ناشیەوێت بارودۆخ و حاڵەت و دیمەنەکانی کارەساتەکەی بیربخرێتەوە! ئەمە هەر ئەو کەسەیە کە بە هەموو قەناعەتەوە هاواری لە خوای گەورەی دەکردو دڵنیا بوو کە هیچ هێزێک نییە قوتاریبکات غەیری ئەو، کەچی ئەوەتا کەوتۆتە هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە!! ئەوەتا هەندێک مەخلووقاتی بە بڵندو مەزن و پیرۆز دادەناو مەراسیمی پەرستنییان بۆ ئەنجامدەدات.. ئەوەتا وەکو جاهلییەتەکەی پێشوو بتی داناوەو لە دەوری دەگەڕێ! لە جاهلییەتی سەردەمیشدا وەحی خوای وەلکردووەو ڕێبازو بەرنامەی جاهیلییەتی گرتۆتەبەر! بەها دینییەکانی وەلکردووەو کەوتۆتەسەر کەڵکەڵەی بەهای ماددیی و دنیاوویستیی و خۆبادان. ئەوەتا پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلمی خستۆتە کەنارەوەو دەیان نەفامی لە سەرانی جاهلییەت کردۆتە پێشەواو رابەرو ئاڕاستەوان! بۆچی؟ چونکە خواناسیی و وەحی و پەیامی پێغەمبەری خوا صلی الله علیە و سلم لەگەڵ نارەوایی و دەستدرێژیی و ستەمی ئەمدا ناگونجێت. جاهلییەتی کردۆتە دیدو تێڕوانین و ڕێبازو بانگەوازی خۆی، جونکە لەگەڵ هەواوهەوەسی خۆیدا دەسازێن! هەر خۆشی دەبینێت دیندارە سەرراستەکان بۆ خوا سوڵحاون، جاک خوای گەورە دەناسن و دەیپەرستن و وەحیەکەیان قبووڵکردووە و شوێن پێغەمبەرەکەی خوا صلی الله علیە و سلم کەوتوون و ئیسلامەکەیان کردۆتە تاکەڕێبازو بەرنامەو بانگەوازیان.. ئەمانە خوای گەورە دەپەرستن و ئەمیش خۆی دەپەرستێت.. ئەمە

خۆپەرستنە، ئەمە بەرژەوەندی پەرستنە، ئەمە ماددەپەرستنە.. ئەم کەسە هەر خۆشی خۆی و منداڵی خۆی دەوێت، سەرخستنی جاهلییەتی دەوێت ئەمە خۆی بە قوربانی نەتەوەو ئایدۆلۆژیاو سەرانی جاهلییەت دەکات.. ئەم کابرایە ئەم بتانەی بەراستی خوشدەوێن.. بەڵام موسوڵمانەکان خواو پێغەمبەری خوایان صلی الله علیه وسلم لەهەموو شتێک زیاتر خوشدەوێت.. ئەمەش خاڵی جەوهەریی جیاوازیی نێوانیانە..

هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە (شیرک) سەدان شێوەو جۆری هەیە. دەیان جۆری شاراوەی هەیە، کە خەڵکی بە شیرکی دانانێن، چونکە لە شێوەی شیرکە ساویلکەکەی جاران نییە (کە کابرا بتێکی بەردینی داتاشیبێت بۆ پیرۆزیی دەستی پێدا بهێنێت، یا لەبەردەمیدا بچەمێتەوەو سوجدەی بۆ ببات). مەرج نییە هەر وا بێت. شیرک هەموو دیدو تێڕوانین و رێبازو بەرنامەو هەست و ئینتیماو بزاوت و رەوتێکە کە سەری لە گومڕاییەوە دەرچێت. گومڕایش یەعنی لادان لە رێبازی خوای گەورەو بزرکردنی چۆنیەتییە حەقەکانی دینداریتیی.. واتە: وێڵبوون و خوانەناسیی.. دیدوڕێی تەوحید یەکەو دیدوڕێ و رەفتاری شیرک هەمەجۆرە. دینی خوایەکەو دینی غەیری خوا دەیان و سەدانە.. تەوحیدی ئیسلام هیچ جۆرە شیرکێک نە لە مزرداو نە لە دڵداو نە لە گوفتارداو نە لە کرداردا قبووڵناکات. ناشێت ماڵ و سامان لە خوشەویستی خوای گەورەدا ببنە هاوبەش. هەروەهاش نە ئەولادو نە خاک و نە نیشتیمان، نە دۆست و نە خزم، هیچیان نابێت وا خوشبویسترێن وەکو کە خوای گەورە خوشدەویسترێت، دەنا ئەوە هاوبەشدانانە بۆ خوای تاکوپاک. هەر کەسێک خۆشەوویستیی هەر شتێکی غەیری خوای گەورەی وا لە دڵ چەسپیبێت، کە لە ئاستی خوشەویستی خوای گەورەدابێت، ئەوە هاوبەشی لە خۆشەویستیی و بە مەزندانان‌دا بۆ خوای گەورە داناوە.. ئەمە گومڕابوونە. ئەمە لە دین دەرچوونە. سەرەنجام چارەنوسی ئاگری

دۆزەخە، با لە دنیاشدا خاوەنی هێزو ماڵ و سامانیش بێت. دینی خوا یەکەو دینی دەسەڵاتداران و هەواوهەوەسپەرستان دەیانە. خواناسیی و خواپەرستیی لە دیدو تێڕوانین و ڕەفتارو ئاڕاستەدایە، بەڵام شیرک لە دەیان و سەدان ئاڕاستەوە بەرەو سەدان و هەزاران دروشم و ڕەفتار و شێوازی ئاڕاستەدایە، با بکەرەکانیشیان هەر بڵێن شیرک نییە.. خۆ قورەیش و ئەهلی جاهیلییەتیش شیرکەکانی خۆیان بە خواناسیی و تەوحیدەکەی سیدنا ابراهیم علیه السلام دەزانی.

زیان و ناڕەحەتی کە تین بۆ مرۆڤ دێنن، تەپوتۆزی هەواوهەوەس و ژەنگ و ژاری ئینحیرافاتەکانی هەموو رادەدەن و سروشتی دەخەنەڕوو، ناسۆرو میحنەت هەموو هێزە فشەڵەکانی مرۆڤ دادەماڵن لێی و ئەو پەردە تاریک و بەربەستە چڵکنە ئەستورانەی بەرچاوی لادەبەن، کە نەیاندەهێشت حەق _وەکو خۆی کە هەیە- ببینێت. کە دیدیان دادەپۆشی و نەیاندەهێشت ئەم دیاردە کاریگەرانەی وجوود بەرەو خواناسێتیی ببەن. بۆیە لە کاتی ناسۆرو تین و کارەسات و فشاردا هەموو پێوەلکاوەکانی مرۆڤ دەخوسێنەوەو دەکەون، سروشتی پاکدەبێتەوە! بۆیە لەو ساتانەدا خوای گەورە دەبینێت و ماناو هاواری راستگویانەی تەنها بۆ ئەو دەبات: (فَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَاهُ نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ بَلْ هِيَ فِتْنَةٌ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ) الزمر/٤٩؛ کاتێک مرۆڤ دووچاری کێشەیەک دەبێت هانا بۆ ئێمە دێنێت، کەچی دوایی کە قوتاری دەکەین و نیعمەتی خۆمانی بەسەردا دەڕێژین، دەڵێ ئەوە لە زیرەکی خۆمەوەیە. نازانێت کە ئەوە بۆ تاقیکردنەوەیەتی، زۆرکەس هەن پەی بەوە نابەن . هەر ئەوەندە ناڕەحەتییەکە بەسەرچوو، خۆشییهات، کابرا ناسۆرو ماناو بەڵێنەکانی خۆی بیردەچێتەوەو سروشتە پاکەکەی پیس و چڵکن و بۆگەن دەکاتەوە. چونکە دەکەوێتەوەبەر تین و تەوژمی حەزو ئارەزوو هەواوهەوەسەکانییەوەو دینداریتییەکەی لا نەبۆتە قەڵاو قوڵلەی ئیمانیی، تا بە

فەرمانی خوای گەورە ببێتە مایەی پاراستن و پارسەنگیی و ڕاگرتنیی. ئیتر بە دیدو ڕەفتاری جاهیلییەتدا ڕۆدەچێت و لەخواغافڵدەبێتەوە، ئینجا دەکەوێتە سەر ڕەفتاری جاهیلییەت و ڕەوشتی کافران و تروسکایی خواوویستی تێدا بەدیناکرێت، کە نازو نیعمەتێکی خوای گەورەشی بیردەخرێتەوە کە پێی بەخشیووە، دەڵێ خۆم پەیدامکردووە، یان دەڵێ خوا خۆشیوویستووم و پێیداوم! وەکو قاروون لە باسی سەروەت و سامانەکەی بەردەستیدا دەیوت : (قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِي أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِن قَبْلِهِ مِنَ الْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًا..)القصص/ ٧٨ ؛ قاروون ووتی: ئەو سەروەت و سامانەی هەمە لە زانین و ڕەنجی خۆمەوە دەستم کەوتووە! مەگەر نازانێت کە خوای گەورە لە سەردەمانی پێشوودا کەسانیتری بە فەتارەتداوە کە لەم بەهێزتربوون و سەروەت و سامانیشیان لەم زۆرتربوو.. ئەوە هەر قەولی قاروون نییە، ئەوە قەولی هەموو کەسێکی سەرگەردان و هەڕاڵە، کە ئەوەندە بەخۆسەرسام دەبێت و نەفسی چەواشەی دەکات، وادەزانێت خۆی گەورەو گرنگ و کاریگەرە.. ئەوە لە زانینی خۆیەوەتی؟ لە تواناو زیرەکیی و لێوە شاوەیی و بلیمەتیی خۆیەوەیەتی؟ ئەوە داماوە، وا دەزانێت هەموو سەروەت و وسامان و پلەو ئاست و ئەولادو هێزو دەسەڵات و ناوداریی لە قارەمانێتی خۆیەوەیەتی، غافڵانە لەسەرچاوەی هەموو ئەوانەو نیعمەتەکانیتری بێئاگا دەمێنێت، پەی بەوە نابات یان هۆشی ناچێتەوە سەر ئەوە کە خوای گەورەو کردگار، بەدیهێنەری ئەویش و هۆکارەکان و موڵکەکەشێتی، بەڵام ئەو نەفامە یان لە خۆی گۆڕاوە! قارونێتی هەر وەکو فیرعەونێتییە کە فریووخواردنە بە دەسەڵاتی سیاسیی و یان هامانێتیی کە ئیستیغلالی دینە بۆ نزیکبوونەوە لە دەسەڵاتداران، هەمووشیان نموونەی فەسادو فاسیدبوونن، قاروونێتی (وەکو فیرعەون و هامانێتی) نموونەیەو لە هەموو کات و شوێنی نەوەکانی مرۆڤایەتییدا دەردەکەونەوە. چونکە دەرئەنجامی ئینحرافن. نموونەی

بەدی لەخۆگۆڕان و سەرلێشێوان و سەرلێشێواندنن. نموونەی پیسبوونی فیترەت و بێڕێزبوونن. ئەم جۆرە کەسایەتییانە نازانن _یان ناخوازن_ بێنەوە سەر ڕێبازی خواویستیی و سەرلەنوێ ڕێگای خواناسیی وەکو پیاوچاکان بگرنەوەبەر تا نە لە ناڕەحەتییدا ڕێ بزربکەن، نە لە خوشیی و بەختەوەرییدا هەڕاڵبن.

هەموو ڕوونکردنەوەیەکی خوای گەورە حەقیقەتێکی بەڵگەنەوویستە:

مرۆڤی ناچار لە کاتی کێشەو ناڕەحەتییدا هیچ فریادڕەسێک _جگە لە خوای گەورە_ نابینێت کە بەتوانا بێت ناڕەحەتییەکەی لەسەرلادات، بۆیە یەکسەر هاوار بۆ خوای گەورەی دەبات: (أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ) النمل/٦٢؛ ئادەی ئەوە کێیە کە کەسی ناچار ڕووی تێبکات و هاوارو هانای بۆ ببات، یەکسەر وەڵامیدەداتەوەو بە هانایەوە دێت؟ کێ غەیری خوای گەورە وایە؟ ئەوە خوای گەورەیە کە ناڕەحەتییەکان لەسەر ئەو کەسانە لادەدات کە هاواری دەکەنێ.. هەر خوای گەورەشە کە کردوونی بە نەوە دوای نەوەی سەرزەمین.. چما خوایەکیتر وەل خوای گەورەدا هەیە؟ دەی دە کەمێک تێفکرن.

مرۆڤی ناچار پەنادەباتەبەر خوای گەورە تا زیان و ناڕەحەتیی و کێشەکەی لەسەرلادات، ئەویش لەو کاتانەدایە کە بازنەکەی دەوری بچوکتردەبێتەوەو هەموو ڕێگاکانی لێدەگیرێت. کە هەستدەکات بواری قوتاربوونی نەماوەو هەلی ڕزگاربوونی لەدەستچووە. ڕێی لێ گیراوەو دەنگی بە غەیری خوای بەتواناو میهرەبان نەبێت بە هیچیتر ناگات، تا بەهانایەوە بێت.. کە هەستدەکات هەموو مێزێکی دەوروبەریی یان ئەوانەی دەیانناسێت و دڵسۆزین هیچیان لەدەستنایەت بۆی! پشتیوانی نەماوە.. کە بە هەموولایەکیدا چاودەگێرێت، هاوا دەکات، دەنگی بە کەس ناگات، یان بەوانە

دەگات کە لە توانایاندا نییە بێن بە هانایەوە! هەرچی دەنگی پێیان دەگات و وەکو خۆی بێدەسەڵاتن! ئاوا خۆی دەبینێت بێکەسە، بێدەرتانە، سەری دنیای لێهاتۆتەوەیەک و ئومێدی بە هیچ هێزێکی سەرزەوی نەماوە، بێت بەهانایەوە. خۆی و دەوروبەریشی هەرچی سامان و هێزو دەسەڵاتێکیان هەبوو، کە بۆ رۆژی تەنگانەیان ئامادەکردبوو وا هەمووی دەسەوسان و پەککەوتە کەووتون و هیچیان دادنادەن. هێزێک نییە بەتوانابێت و بێت بەدەنگیەوە، بۆیە ئا لەم ساتەوەختەدا سروشتی پاکی راستدەبێتەوەو روو لە تاکەهێزە بەتواناو کاریگەرەکەی وجوود دەکات، کە خاوەنی ویست و زانست و توانای بەهاناوەهاتنی هەیەو بەسۆزو میهرەبانەو پشتیوانی دیندارانەو بەڵێنی پاراستن و سەرخستنی بە خواناسانی خۆی داوە. ئیتر ئەمیش هاوار بۆ خوای گەورە دەبات. ئومیدی تەنها بەو دەبێت، بۆیە خێرا تۆبەدەکات، تا لە ریزی عەبدە دیندارەکاندا جێی بێتەوەو شایانی پشتیوانیکردنی خوای گەورە بێت. چونکە خوای گەورە بەڵێنیداوەو _لە سیفەتە تاک و تەنهاو بێوێنەکانیشی ئەوەیە_ کە بە هانای ناچارانەوە دێت و ناڕەحەتییەکەیان لەسەر لادەبات و دەیانگەیەنێتە کەناری هێمنیی و ئەمان و سەلامەتیی. ئەمیش ئومێدی ئاوا دێتە سەر ئەوەی کە خوای گەورە بەزەیی پێدابێتەوەو ناڕەحەتییەکەی لەسەرلادات..

خەڵکی لە کاتی خۆشییاندا لەم حەقیقەتە عەقائیدییە غافڵدەبن (کە یەکێکە لە بەڵگەنەوویستەکانی وجوود). خەڵکی لە ناغافڵییاندا هۆشیان لەم حەقیقەتە دەبڕێت، دەنا ئەسڵی زانینەکەیان هەیە.. بۆیە کاتێک کە وا دەزانن هێزو تواناو پاسەوان و پشتیوانەکانیان دەتوانن ناڕەحەتییەکەیان لەسەرلادەن (کە هێشتا ناچارنەبوون) هەر لا ناکەنەوە بە لای خوای گەورەدا، کە لەو هێزانەیان بێئومێددەبن، کە دەزانن بێهێزو لاوازو داماو کەووتون، بە ناچاریی بەرەو لای خوای گەورە دێنەوە. ناچارییەکە ئاڕاستەی راستییان دەخاتەوەبیر. هۆشیان

بەبەردادێنێتەوە کە رووبکەنە خوای گەورە. ئیتر یەکسەر سروشتە پاکەکەو ئەسڵە ئیمانەکە (وەکو قیبلەنوما) خێرا ئاڕاستەی تەوحیدەکەی دەکاتەوە.. بۆیە زۆر پاک و راستگۆیانە رووڵەخوای گەورە دەکات. چاک دەیناسێت و پاک دەیپەرستێت، هەرچەندە پێشتر نەفام بووبێت، غافڵ بووبێت، هەڕاڵ و لوتبەرز بووبێت، لە کاتی ناچارییەکەیدا ئاڕاستەی راست و دروستی عەبدێتیی خۆی دەدۆزێتەوەو روودەکاتەوە خوای تاکوپاک و زۆر بە جیددیی و سەرراستانەدەیپەرستێت.

ئەمە حەقیقەتێکیتری بوونە، کە لە ناخی مرۆڤدا هەیە، لە واقیعی هەموو کەسێکیشدا نموونەی هەیە، بەڵام خەڵکەکە نەفام و بێئاگان، یان گوێنادەنێ، تا ئەو ساتەوەختەی دەکەونە ناچارییەکەوە. خوای پەروەردگار لە قورئاندا نموونەی ئەم حاڵەت و جۆرە کەسانە زۆر نیشاندەداتەوە. لەوانە نموونەی ئەو سپڵەو بێوەفایانەیە، کە خوا دەناسن و نایپەرستن، تا ناچارنەکەون رووی تێناکەن.. هەروەها نموونەی ئەو کەسانەی کە لەسەر رێبازو بەرنامەکەی ئەو خۆناگرن، یان پێوەی پابەندنابن، مەگەر بەرژەوەندییەکیان بێتەدیی! پاش بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکە دەچنە سەر شیرک و کوفرو جاهیلییەت.. خوای گەورە ئەمانە دەبوغزێنێت، هەڕەشەیان لێ دەکات: (وَإِذَا مَسَّ النَّاسَ ضُرٌّ دَعَوْا رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا أَذَاقَهُم مِّنْهُ رَحْمَةً إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ. لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ) الروم/ ٣٣_٣٤؛ ئەم خەڵکە کاتێک زیانێکیان تووشدێت هاوار بۆ خوای گەورە دەبەن و دەگەڕێنەوە لای ئەو، هەر بەوەندەی کە رەحمەتێکی خۆییان پێدەبەخشێت، کۆمەڵێکیان دەکەونەوە هاوبەشدانان بۆ خوای تاکوپاک، هەر بۆ ئەوەی کوفرانە بە خوای گەورە بکەن و شوێن دینەکەی نەکەون! بڕۆن لە خۆشیی و شادییتاندا بن، جا دوایی دەزنن چارەنووستان چ دەبێت!

ئەمانە دیمەنی جۆرەکانی دەرونی مرۆڤن، کە جێبەخۆناگرن، چونکە خواناسییان کاتییە، هەمیشە وان لە ئینفیعالاتی کاتییاندا. وان لە نێوان حەزو هەواوهەوەس، کە لێیان بۆتە دیدو هەڵوێست و رەفتاری نەگۆڕ. رۆژانە لە بەرامبەریشدا حەقیقەتەکانی وجوود _کە لە هەندێک حاڵەتیدا پەنادەبەنە بەریان و بە پێی ئەوان رەفتاردەکەن_ ئیهمالدەکەن! ئەمانە دیمەنی دەروونی دانەمەزراوو لاسەنگن، لەگەڵ رووداو و کارتێکردندا دەشڵەژێن، یان ئیسارەدەبن و دەخرۆشێن و زیتدەبنەوە، بەڵام لە کاتی زیان و ناڕەحەتیی و کێشە قورسەکانیاندا خوایان بەبیردێتەوە، کە هێزی ڕەهاو بێوێنەیە، بۆیە یەکسەر هانای بۆ دەبەنەوە.. یەکسەر بەتەسلیمبوونی عەبدانەوە، راستگۆیانە روویتێدەکەن،چونکە دڵنییان لەوەی کە هێزێکیتر نییە لەو میحنەتەیاندا بەهانایانەوە بێت و قوتاریان بکات لێی. بۆیە هەموو ئومێدێکیان خوا دەبێت و بەس.. زۆر خواناسانە هاواری بۆ دەبەن: (وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ) لقمان/٣٢؛ کاتێک شەپول وەکو هەور(یان وەک چیا) دەیانخاتە ژێرسێبەری خۆی (کەمەترسیە) زۆرراستگۆیانە هاوار بۆ خوای گەورە دەبەن، کەچی کە دەیانگەێنێتە وشکانیی و ئەمان،هەیانە کاری خێری خۆی ئەنجامدەدات.. بەراستی ئەمانە غەددارو سپڵەو بێ بەڵێنن، لەجیاتی سوپاسکردنی خوای گەورە، نکووڵی لە نازو نیعمەتەکانی دەکەن.

هەر کە ناڕەحەتییەکەیان لەسەرلادەچێت و خوای گەورە دەیانخاتەوە هێمنیی و سەلامەتیی، هەندێکیان لەبەر نەفامیی و ستەم و حەزی مونحەریفانەی خۆیان دەکەونەوە شیرک و کوفر!! (إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ)الروم/٣٣.. ئەمە ئەوانەن کە حەقیقەتە عەقائیدییەکەیان نەکردۆتە دیدو تێڕوانین، پێناسەی عەقیدەو ئیسلامیەکەیان نەکردۆتە رێبازی بزاوت و بەرنامەی ژیان. جا هەر کە خۆشیی و

بەختەوەریان بەنسیبدەبێتەوە ناچارێتییەکەی پێشوویان فەرامۆشدەکەن، کە ئاڕاستەیانی بەرەو خواناسی و خواپەرستی گۆڕی.. ئاوا بەدەم کوفرو شیرک و جاهیلییەتەوە دەچنەوەوو ئەو تاریکستان و نەفامێتی و نارەوایەتییەیان پێ چاکتر دەبێتەوە لە خواپەرستییەکە.. ئەو دیدەلێلەو ئەو رێ وێڵەیان پێ چاکتر دەبێت وەک لە رەحمەت و بەزەیی خوای گەورەو دینداریێتی و تەقوا کاریی.. حەزیان لە کوفرکارییەکە دەبێت وەک لە شوکرانەبژێریی، حەزیان لە یاخیبوون دەبێت وەک لە پابەندیی شەرعیی.

خەڵکی نە سەبردەگرن نە ستایشدەکەن، کەچی کە تووشی ناڕەحەتیی دێن و هاواریان لێ هەڵدەستێت، خوای گەورە بەهانایانەوە دێت، قوتاریاندەکات، دەیانخاتەوە ناو نیعمەت و هێمنیی و بەختەوەریی، بەڵام دیسان کەمیان سوپاس و ستایشیدەکەن: (وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ) لقمان /٣٢ کە رووبەڕووی ئەم شەپۆلە خەتەرناکانە دەبنەوەو دەترسن مەرگیانی پێوە بێت. کە شەپۆلەکان باڵادەکەون و سامناکانە وەک سێبەر ئەمان دادەپۆشێت، کە کەشتیەکەیان وەکو پوشکەی دەمبا سووک و ئاسان بە هەموو لایەکدا دێت و دەبرێت، کە لە هەموو لاربوونەوەیەکدا وێنەی نقوومبوونیان دەخاتەبەرچاو، هەوڵی بێهوودەی قوتاربوونی خۆیان دەبینن، لەم حاڵەتی پێکدادانی مەرگ و ژیانەدا _کە چەندین دیمەنی ترسناک و جەولەی هوڵناک دەگرێتەخۆ_ نەفسیان رووتدەکەوێت و هەرچی مایەی هێزیان بوو، بەلاوازیی دەیانبینن، دڵنییادەبن کە فریایان ناکەون، هەستدەکەن رۆحیان لە کەشتیەکەیان زیاتر لە جەولانی مەرگدایە.. ئا ئەم نەفسە سەرکەش و دەروونە لەخۆبایبووانەی پێش ئەم گەشتە دەریاییە لە خۆشیی و چێژو پێکەنیندا بوون و لە گوناحکارییدا دەتریقانەوەو دەیان پەردەی تاوان و دەستدرێژی و سنووربەزاندنی

شەرعیان بەسەر دڵ و دەروون و هزرو هۆش و بیرکردنەوەیاندا هێنابوو، کە ناوی خوای گەورەیان بیربردبوونەوە، ئەوەتا وا هەر هەمووی لەبەرامبەر ئەم شەپۆلانەدا ساتێک خۆیان نەگرت و توانای پاسەوانیی و پاراستنیان نەبوو.. ئە ئاوا سروشتی و مروڤێتییان رووتوقووت کەوتوە. بەڵام ئاڕاستەی بەرەوخوایان دۆزیوەتەوەو زۆر راستگۆیانە روویان لە خوای گەورە کردووەو سەرراستانە هاواریدەکەنی و عەبدانە لێی دەپارێنەوە. تەبەرا لە هەموو هاوبەشێک دەکەن، کە پێشتر بۆیان دانابوو.. ئێستا بە تەواویی دڵنیان کە خوای گەورە بێوێنەیەو تاکوپاکەو بە دەسەڵاتەو میهرەبانەو هەر ئەویش بەهانایانەوە دێت. بۆیە زۆر خواوویستانە داوای لێدەکەن کە رزگاریانبکات، بەدەنگیانەوە بێت، بیانگرێتەخۆ، ڕەشەباو زریان و شەپۆلەکان هێدیکاتەوە، خۆیان و کەشتیەکەیان سەلامتبکات.. بەڵام هەر بەوەندەی قوتاردەبن و دەگەنەکەنار، هەندێکیان بەوەفا دەمێننەوەو چاویان لەو بەهاناهاتن و رزگارکردن و هێنمکردنەوەو ئاسوودەکردنەیان دەبێت، سوپاسی خوای لەسەر دەکەن، ئەگەرچی کەمیش بێت. ئەگەرچی دەبوو زیاتریان بکردایا، بەڵام هەر باشە چونکە ئەوە ئاستی یەکەمی قبووڵوونە. ئەمما ئەوانیتر سپڵەو بێوەفاو یاخیی ماونەتەوە.. سەرباری ئەوەش نکوولێی لە دەسەڵات و یارمەتیدانەکەی خوای گەورە دەکرد. بەراستی ئەوانە (ختار)و غەددارن، ئەهلی غەدر بوون، پەیمانەکانیان بە خراپترین شێوە شکاندو زۆر لە جاران زیاتر بە کوفردا رۆچوون! سروشتی پاکیی مرۆڤ لەکاتی نارەحەتییدا ڕوودەکاتە خوای گەورە، خوای حەقی تاک و بێوێنە: (قُلِ اللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ) الانعام/٦٤؛ بفەرموو کە خوای گەورە بە تەواویی قوتارتان دەکات، لەویش ولە هەر کێشەو نارەحەتییەک کە بێتەڕێتان، بەڵام خۆتان دوای ئەوە دەکەونەوە هاوبەشدانان بۆ خوای تاکوپاک.

هەموو ناڕەحەتییەک حەقیقەتێک دەخاتەڕوو :

دەبینین چۆن خەڵکی لەخۆشيي و ناخۆشییدا پێچەوانەی سروشتی پاکیان رەفتاردەکەن.. خۆ ناڕەحەتیی و کارەسات هەر لە رۆژی دوایدا نییە، کە مرۆڤ بە دیتنی دیاردەکانی هەمووشتێکی غەیری خوای گەورەی لەبیردەچێتەوە. لە دنیاشدا هەر وایە، خەڵکی دووچاریی کارەساتی گەورەی وا دێن کە لە هەموو هێزو دەسەڵاتێکی دنیایان تەبەرادەکەن و پەنادەبەنەوەبەر خوای گەورە، ئیعتیمادناکەنە سەر هیچ هێزێکیتر.. (بڕوانە کاتی لافاوو بوومەلەرزەو گرگرتن و نەخۆشی سەخت و هەڵدێران و هاوشێوەیان).. هەر کەسێک دەکەوێتە گێژاوی یەکێک لەم میحنەتانەوە یەکسەر روودەکاتە خوای گەورە، دەستدەکات بە پاڕانەوەو هانابۆبردنی، چونکە دەزانێت کە غەیری خوای گەورە هیچ هێزێک نییە قوتاریبکات.. بەڵام کڵۆڵییەکەی ئەوەیە کە هەربەوەندە کێشەکەی لا دەچێت و دەکەوێتەوە ئەمان (کەمەر لە خوای گەورە خۆیەوەیەتی) سەردەکاتەوە سەر شیرک و کوفرو جاهیلییەت..

بەخیاڵداهاتن و دیتنی ئەم جۆرە دژوارییانەو بیرکردنەوە لە هۆکارەکانی مەرگ و دیتنیان، لەوانەیە ببێتە مایەی گەڕانەوەی نەفسی سەرکەش و ببێتە هۆی دڵنەرمبوون و سینەفراوانبوون، لەوانەیە دەرکەوتنی ئەم ناڕەحەتیانەو بیرکردنەوە لێیان ببێتە مایەی هەستکردن بە لاوازیی خۆی و گەورەیی خوای گەورە، لەوانەیە یارمەتیدەربن بۆ خواناسیی و دینداریتییەکەی.. ئەمە _لای ئەو کەسانەی جارێک کەوتونەتە ناسۆرو کارەساتی واوە_ ئەزموونێکی واقیعی پڕ لە پەندو ئامۆژگارییە. یان کەسانیتر کە لەو ناسۆرانەیان بەسەرداهاتووەو لاوازیی و زەلیلیی ماتوماواری خۆیان دیتبێت. تاریکستانی هەڵەمووتی شەوێکی زستانیی لەدارستانێکی چڕدا، تەمومژی دۆڵیکی کپ، تەوژمێکی بەتینی شەپۆلی دەریاو پەلوپۆشکان ونقوومبوون، بێکەسیی کاتی لێقەومایی و موحتاجیی، تاریکیی گومڕایی و ڕێبزربوون و وێڵیی، ئەمانەو

هاوشێوەیان سەری دنیا لە تووشبووانیان دێنێتەوەیەک و هەموو شتێک بێدەسەڵاتانە دەبینێت.. نادیاریش خۆی تاریکییە، کە لای مرۆڤ دەیان پەردەو بەربەست وا لە نێوان مرۆڤ و نادیاردا.. هەر کەسێک کە لەناکاودا بێکەسانە خۆی لە یەکێک لەم تاریکییانەدا دەبینێتەوە، هەست بە ترس و بیهێزیی و دژواریی دەکات، خێرا بـێ ئەوەی کەس ئاڕاستەی بکات هاوار بۆ خوای بەدەسەڵات و بینەرو بیسەرو بەئاگاو میهرەبان دەبات: (وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الإِنسَانُ كَفُورًا) الاسراء/٦٧؛ هەر کە لە دەریادا دەکەونە نارەحەتیی و تەنگانەیەکەوە هەموو ئەوانەی پێشتر هاناتان دەبردەبەریان و بە خواتان دادەنان، دوورەوە پەرێزدەبن لێتان و هەرچەند داوای یارمەتیان لێبکەن هیچیان بە هاناتانەوە نایەن، بەڵام خوای گەورە لە لوتفی خۆیەوە قوتارتان داکات.. کەچی هەر بەوەندەی پێتان گەیشتە وشکانیی و ئەمان، یەکسەر رووتان لە خوای گەورە وەردەگێڕن! بەراستی مرۆڤ کوفرانەبژێرو سپڵەو بێوەفایەو حەزی لە کوفرو گوناح و سەرپێچیە.. ئەمە دیمەنە، ئەو کەسە زیاتر لەگەڵیدا دەخرۆشێت، کە بە واقیعیی بەسەرخۆی هاتووە، یان دیوێتی کە بەسەر خەلکانێکیتردا هاتووە. دڵی ئەم جۆرە کەسە بە ترس و لەرزەوە لەگەڵ هەموو بزاوت و سرەوتێکی کارەساتەکەدا وا لێدەدات خەریکە لە سینەی بێتەدەرەوە. ئەو کەسەی لە کەشتیەکدایە لەگەڵ هەر لەنجەو تەکانێکی کەشتیەکەدا دڵی دادەخورپێت، یان کە قوتاربووە لە حاڵەتی واو ئیستا بیریدێتەوە.. ئەو کاتەی کە جەولانی بێئامانی کەشتیەکەی دەبینی، دەتووت پوشوپەڵاشی دەم رەشەبایە، بدەیبینی چۆن ئەو شەپولە سەخت و بەهێزانە دەتووت توڕەن و خۆ بە کەشتیەکە دەکێشن، چەند سامناکبوون! ئەو کەسەی ئەم واقیعەی دیووە هەست بە دژواریی بزاوت و رەوتەکانی دەکات. هەرچەند وەبیریدێتەوە سامدەیگرێت و ئەبڵەقدەبێت.. بەڵام مرۆڤ هەر مرۆڤە.. هەر بەوەندەی کە ئەم

دژوارییە سامناکەی لەسەر لاچوو، هەر ئەوەندەی یەکەم سات و شوێنی ئەمانی دەسکەوت، هەموو ئەو دیمەنە مەرگهێنانە هەڵدەداتە دنیای بیرچوونەوەوەو خوای گەورەشی لەیاددەچێت. ئەو خوایەی کە ئەم ئەوەندەی هاوارو هانا بۆ دەهێنا زمانی فریای مێشک و دڵی نەدەکەوت.. هەر لە یەکەم ساتی ئەمانەوە، دەکەوێتەوە تاوان و سەرپێچیی و گوناح و شیرک و کوفرو جاهیلییەت دەگرێتەوەبەرو سروشتە پاکەکەی بە خڵتەو چڵک و ژەنگی گومڕایی و هەرزەیی دادەپۆشێتەوە: (فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الْإِنسَانُ كَفُورًا) بەراستی مرۆڤ کوفرانەبژێرو نەفام و ستەمکارە، سپڵەو بێوەفایە،کە هیچ بەڵێنیکی ناباتەسەر، لەو هەموو پەیمان و بەیبعەت و بەڵێنانەی بە خوای گەورەیداوە، خۆدەبوێرێت! مەگەر کەمینییەکی دینداریان. کە هەر لەسەر وادەو بەڵێنی خۆیان دەمێننەوەو سەرراستانە بە بەیعەتەکەیانەوە پابەنددەبن.

سروشتی مرۆڤ لە کاتی تەنگانەدا ئاوا ئاوەڕووتدەبێت و رووبەڕووی حەقیقەتەکانی وجوود دەبێتەوە، لەوانەش ئەو حەقیقەتانەی کە لە ناخییدا چەسپیون، وەکو حەقیقەتی لاوازیی خۆی و دەسەڵاتدارێتیی و رەهای خوای خاوەن حەقیقەتی سیفاتی خوایەتیی.. حەقیقەتی کردگارێتیی خوای گەورەو هەڵسوڕاندنی وجوودو ئاگالێبوون و چاودێرییکردنی.. لەم کاتانەدا سروشتی مرۆڤ هەر چەندە لاسارو مونحەریف بووبێت، دەگەڕێتەوە سەر حەقیقەتەکان و سەراستانە رەفتاری پارسەنگیان لەگەڵدا دەکات، ریک و راست و رەوا ڕوو لە خوای گەورە دەکات و هیچ هاوبەشێکی _لە هیچ سیفەتێکیدا، بەهیچ شێوەو جۆرو شێوازێک_ بۆ دانانێت،چونکە دەزانێت شیرک هەر گەلۆریی و گەمژەیی و پەککخستنی ژیرییە، دەزانیت کە دانانی هاوبەش بۆ خوای گەورە نارەواییە، چونکە مومکین نییە هیچ شتێک بە هیچ جۆرێک هیچ سیفەتێکی خوای گەورەی هەبێت، مومکین نییەو ئەستەمە، مەحاڵە دوو خوای وەکو یەک هەبن. لەم

تەنگانانەدا مرۆڤ خوای گەورە بە هەموو سیفەتەکانی پەروەردگارێتیی و خوایەتیی و حاکمێتیی و دەسەڵاتدارێتییەوە دەدۆزێتەوە، زۆرراستگۆیانە روویتێدەکات، چونکە لە تەنگانەشدایە بەڵێن لەسەر بەڵێن و پەیمان لە دوای پەیمان بە خوای گەورە دەدات! ئایەت (قُلِ اللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ) الانعام/٦٤؛ بفەرموو کە خوای گەورە بە تەواویی قوتارتان دەکات، لەویش ولە هەر کێشەو نارەحەتییەک کە بێتەرێتان، بەڵام خۆتان دوای ئەوە دەکەونەوە هاوبەشدانان بۆ خوای تاکوپاک.

ئەمە وێنەکێشانێکی زۆر سەرسوڕهێنەری ئەو حاڵەتانەی مرۆڤە، کە بەردەوام دووپاتدەبنەوە، مرۆڤ بە دەم رەوتی ژیانەوە دەڕوات، دەکەوێتە گوناح و تاوان و بێفەرمانیی خوای گەورەوە، دەکەوێتە دەستدرێژیی و ستەمکاریی و زێدەڕۆیی، هەر وەکو کە لەشساغ و تەندروست و بارودۆخ گونجاو دەبێت و چێژ لە ژیان دەکات، هەست بە بوونی خۆی و هەبوونیی و هێزو دەسەڵاتی دەکات، بەڵام ئایا ساتێکی دێت بە خەیاڵدا کە رووتوڕەجال لە هێزو دەسەڵات و سامانی بکەوێت و ماتومەلوول و دەسەوسان بکەوێت، ئینجا هەر هاواربکات و کەس بەهانایەوە نەیەت.. کەس بیر لەمانە ناکاتەوە، مەگەر ئەو دینداره خواناسانەی خوای گەورە زینی روونکردوونەتەوەو دڵی رۆشنکردوونەتەوە، ئەو خەڵکەیتر لە ناو چێژو خۆشیی و بەختەوەرییاندا لەبەر هێزو دەسەڵات و داراییاندا، لەناو کەسوکارو دۆست و ئەربابانیاندان، کوا ساتی وایان بەخەیاڵدادێت؟ ئەمانە هەبوونی سامان و دارایی بەری چاوی گرتوون و ساتێکی نەدارییان نایەتە خەیاڵ، هێزو دەسەڵات و دەستدرێژیی چاوی سوورکردوون و هۆشیان لە ساتێکی بێدەسەڵاتیی و زەلیلیی نییە، هێزی چەک و دەستوپێوەندی خۆی و دەوروبەریی ناهێڵن بە خەیاڵیش سات و ئانێکی بێدەسەڵاتیی ببینێت، بەڵام خۆ ئیدارەی وجوود بەدەست مرۆڤەوە نییە، ماکا ئەم مرۆڤە نقومبووەی چێژو زێدەڕۆیی سامان و دارایی و ئەم هەڕاڵەی هێز، رووتوڕەجاڵ کەوت و

خۆی لە کارەساتێکدا دییەوە، کە هەرچی پێی بوترێت هێز نەیمێنێت، نەسامان، نەهێز نەدەسەڵات، نە دەستوپێوەندو نەئەرباب، نە خواقەستینەکانی، نەبت، نەئینتیما، نەزانست، کەس بە هانایەوە نایەت و ئەمیش وا لە قوڵایی گێژاوەکەداو بەهەرچوارپەل هەوڵدەدا، بە هەموو تینی خۆی هاواردەکات، بەڵام هاوار لە کێ دەکات؟ لە خوای گەورە.. هانای بێوچانی بۆ دەهێنێت: خوایە فریامکەوە، (خوایە هەر تۆی.. هەر تۆ دەتوانیت..) ئای کە کزۆڵانە دەپاڕێتەوە، وای کە زەلیلانە عەبدێتیی دەردەبڕێت، وای کە زۆر داوادەکات، ئای چۆن و چەند بەڵێن لەسەر بەڵێن دەدات.. ئای کە پەشیمانەو وای چەند بەئومێدە. کەچی هەر ئەوەندەی خوای گەورە هات بەهانایەوەو رزگاریکرد، هەر بەوەندەی لە تەنگانە قوتاربوو، کە دڵنیابوو ناکەوێتەوە کێشەکەوە، زۆر خێرا دەکەوێتەوە تاوان و سەرپێچیی و لەخوایاخییبوون، نە شەرمدەیگرێت، نە بیردەکاتەوە.. زۆر موستەهتیرانە، لاسارو چەقاوەسوانە دەکەوێتەوە ناو بێفەرمانیی خوای گەورەو بەدەسەڵاتەوە، دەڵێی هەر ئەویش نەبوو کەوتبووە نارەحەتییەوە! دەڵێی هەر هەر ئەو نەبوو کە ئەو هەمووو هانابردن و هاوارەی دەکردو زەلیلانە دەپاڕایەوە! هەر وایە.. کارو کردەوەی زێدەڕۆیان ئاوا جوانکراوە لایان..

ئەمە نموونەیەو لە مرۆڤدا هەزارانجار دووپاتدەبێتەوە، بۆیە قورئانی پیرۆز ئاوا وێنایکردووەو نیشانیدەداتەوە: (وَقَالَ اللَّهُ لَا تَتَّخِذُوا إِلَٰهَيْنِ اثْنَيْنِ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ. وَلَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَهُ الدِّينُ وَاصِبًا أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَتَّقُونَ. وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ. ثُمَّ إِذَا كَشَفَ الضُّرَّ عَنكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنكُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ. لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ) النحل/٥١_٥٥؛ خوای گەورە فەرمووی: خوا مەکەن بەدوو، چونکە خوای گەورە هەر یەکەو هیچ لە وێنەی ئەو نییە. دەی سا هەر لە من بترسن. هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هی ئەون، دینی ئەویشە کە دەبێ بەرنامەی بەردەوامی مرۆڤایەتیی بێت،

چما لە غەیری خوای گەورە دەترسن و دینداریتیی بۆ غەیری خوای گەورە دەکەن؟!
هەرچی نیعمەتیکی هەتانە لە خوای گەورەوەیە، ئەوەتا کە دووچاری نارەحەتییەک دەبن هانا بۆ خوای گەورە دەبەن، کەچی هەر کە نارەحەتییەکەی لەسەر لابردن و خستنییە ئەمانەوە، کۆمەڵێکیان دەکەونەوە هاوباشدانان بۆ خوای پەروەردگاریان! تا کوفرانەی ئەو هەموو نازو نیعمەتانە بکەن کە داومانەتێ! باشە، سا بخۆن و بچێژن، دواتر دەزانن چ چارەنووسێکتان دیتەرێ.

هیچ شێوەیەکی شیرک قبووڵنییە:

خوای پەروەردگار فەرمانی داوە کە نابێت خەڵکی دوو خوایان هەبێت.چونکە خوای پەروەردگار یەکێکەو نابێت هاوبەشی بپ دابنرێت.. وێنەی نییە، هیچ هاوبەشێکی لە هیچ سیفەتێکیدا، بە هیچ رادەو برێک، بە هیچ شیوازو چۆنیەتییەک نییە، بۆیە شیرک بە هیچ شێوەیەک قبووڵ نییە.

ئەمە بناغەی سەرەتایی و سەرەکی عەقیدەی ئیسلامییە، کە ئیسلامەکە لەسەر غەیری ئەمە بیناناکرێت، بەمیش نەبێت وجوودی نییە. دەبێت ئەو تاکیی و بێوێنەییەی خوای گەورە لە ناخی دڵ و دەروون و هۆش و هزری موسوڵماندا بە تەواوی و راست و دروستی چەسپی بێت، ئاشکراو رۆشن و راشکاو، نە لێڵیی و نە پشێویی و نە ئاڵۆزیی نابێت تێدا بێت. نە گومان و نە رارایی نابێت تێدا بێت. دەبەێت ئەم بنەما ئوصوولییە قەناعەتێکی تەواوو نەگۆڕو دابین بێت، کە خوای گەورە تاکوتەنهایە. تەنها ئەو کردگارەو هەر ئەویش خاوەنی ئاسمانەکان و خاوەنی ئەوانەشە کە تێیاندان: (لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ) الشورى/٤؛ هەر ئەویش خێرو فەرو نیعمەتی بەخشیوە: (وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ) النمل/٥٣ کە هەموو مەخلووقات _مرۆڤ لە پێش هەموویانەوە_ لە کاتی زیان و نارەحەتیی و تەنگانەدا رووڵەودەکەن و

بەس، چونکە دەزانن غەیری ئەو توانای بەماناوەهاتنی نییە. دەی کەوایە دە هەر دینەکەی ئەویش وەرگرن، ئەو دینەی کە بەردەوام لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتووەو بەردەوامە: (وَلَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَهُ الدِّينُ وَاصِبًا أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَتَّقُونَ)النحل/٥٢؛ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە موڵکی خوای گەورەیە، ئەو دینەش کە دەبێت خوای گەورەی پێ بپەرسترێت و ببێتە بەرنامەی مرۆڤایەتیی هەر لەلایەن ئەوەوە هاتووە، چما دەبێ لە غەیری ئەو بترسن؟!

ئاوا خوای گەورە روونیدەکاتەوە کە تەنها خوای گەورە بەماناوە دێت، ئەمەش سیفەتێکی تایبەت بە خوای تاکوپاکە. وەکو هەموو سیفەتەکانی ترێتی: کردگارێتیی، خاوەنێتیی، رۆزیدەرێتیی، دەسەڵاتدارێتیی، ژیاندن، مراندن، دوورخستنەوەی زیان و گەیاندنی سوود. ئەمانە سیفاتی خوای گەورەن، حەقیقەتی وجوودن، بەڵگەنەویستە کە خوای گەورە لە دەسەڵات و هەڵسوڕاندنی گەردوون و ئیدارەی وجوودو ئاراستەی مرۆڤدا تاکوتەنهایەو نابیت بەهیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ دابنرێت، نە لە ناسینییداو نە لە پەرستنییداو نە لە فەرماندانییدا. تاقەدینیش ئەوەیە کە خوای گەورە ناردویەتی. سروشتی پاکی هەموو مرۆڤێک بڕیار لەسەر ئەم حەقیقەتانە دەدات و قەناعەتی بە راست و رەواییان هەیە. بەڵام کاتیک رایدەگەێنێت کە لە هێزی راکێشانی هەواوهەوەس دەردەچێت. کە تین و فشاری واقیعی جاهیلیی لەسەرنامێنێت. کە لە تەپوتۆزو چڵکوژەنگی دنیاویستیی و هەڕاڵیی و ماددییات پاکدەبێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک مرۆڤ هەن کە دوای خواناسیین دەکەونە شیرکەوە. دوای ئەوەی هاواریان بۆ خوای گەورە بردو داوایان لێکرد لە تەنگانە قوتاریانبکات، قوتاریکردن، کەچی لە جیاتی سوپاس و پێزانین و وەفا، کەوتنە گوناح و تاوان و رێی شیرک و کوفریان گرتەبەر، ئەمەش نموونەیەکی یەکجار رووداو نییە. نا ئەمە نموونەیەی بەرچاوە، لە واقیعی هەموو مرۆڤێکدا هەیە. مەگەر ئەوانە وا نەبن

کە دینداری سەرراستن و لە سەرەتاوە پەیمانی (پابەندییان بە بەیعەتەکەیانەوە) بە خوای گەورە داوەو راگەیاندووە.

لە کاتی تەنگانەدا هەموو دڵێک، هەموو هزرو هۆشێکی مرۆڤ روودەکاتە خوای تاکوپاک، چونکە هەستدەکات کە غەیری لای خوای گەورە پەنایەکیتر نییە. غەیری خوای گەورەش داڵدەدەر نییە. بەڵام ئەم مرۆڤە سپڵەو بێوەفایە کە هەر بەوەندەی دەکەویتەوە خۆشیی پەیوەندی بە خوای پەروەردگارەوە لاواز دەبێ! بەسەدان رەفتار دەکەوێتەوە گوناح و بە دەیان جۆرو چۆنەتیی و شێواز هاوبەش بۆ خودای تاکوپاک بڕیاردەدات. دەیان جۆر شیرک _کە ئەو لەبەر گوێنەدانی بە وەحی خوایی_ بە شیرکیان دانانێت! وەکو بیروباوەری جاهیلیی و ئینیمای جاهیلیی و دابودەستووری جاهیلیی، کە ئەو دەڵێ شیرک نین، چونکە ناوی خوا، یان ناوی بتیان لێنەنراوە! بەڵام ئەمانە هەموو بت و خوای قەستینەن، کە لەبەرامبەر خوای راستیینە و دینی راستیینەدا دانراون: (وَلَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَهُ الدِّينُ وَاصِبًا أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَتَّقُونَ. وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ)النحل ٥٣؛هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هی ئەون، دینی ئەویشە کە دەبێ بەرنامەی بەردەوامی مرۆڤایەتیی بێت، چما لە غەیری خوای گەورە دەترسن و دینداریتیی بۆ غەیری خوای گەورە دەکەن؟! هەرچی نیعمەتیکی مەتانە لە خوای گەورەوەیە، ئەوەتا کە دووچاری ناڕەحەتییەک دەبن هانا بۆ خوای گەورە دەبەن.

سروشتی پاکی مرۆڤ لە رێ لادەدات و دەکەویتە گوناح و تاوان و خراپەکارییەوە، بەڵام زۆریان لە ساتەوەختی ناڕەحەتیی و تەنگانەدا پەنادەبەنەوەبەر خوای گەورە، هەندێ مرۆڤی سادەو ساویلکە (بزانێت بان نەزانێت)پەنادەباتەوە بەر مەخلووقات تا قوتاریکەن،تا بەهانایەوە بێن و پشتیوانی لێ بکەن، بە بیانووی ئەوەی کە گوایە ئەو

مەخلووقاتانە لە خوای گەورەوە نزیکن و مەنزیلەی تایبەتییان هەیە، یان بە هەر بەهانەیەکیتری ئاوا پووچەڵ! وەکو ئەوانەی هاوار لە مەرقەدو شەخس و نیشتەجێیانی تر دەبەن، یا هاوار بۆ ئەولیاو قوتب و پیاوچاکان دەبەن، تا نەخۆشیان چاککەنەوە، یان نیعمەتیان پێببەخشن (منداڵ، قازانج، دەرچوون) یان فریایان کەون و لە تەنگانە رزگاریانبکەن.. ئەمە شیرکە.. ئەمە لە دین لادانە لەم حاڵەتانەیدا خراپترو بەدترو دژوارترە لە شێوازی شیرک و ئینحیرافەکەی موشریکانی سەردەمی جاهیلییەت، چونکە مونحەریفە سروشتپاکەکان لەو حاڵەتە تەنگانەیاندا پەنایان دەبردەوەبەر خوای تاکوپاک و سەرراستانەش عەبدێتییان بۆ دەردەبڕی، بەڵام ئەم موشریکە نەفام و داماوانەی دواتر لەو حالەتانەشیاندا هاوار بۆ شێخ و مشایەخ و ئەولیایان دەبەن، نەک بۆ خوای گەورە: (قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ السَّاعَةُ أَغَيْرَ اللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ. بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَاءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ) الانعام/٤١؛ بفەرموو: باشە ئەگەر لە ناکاودا سزایەکی خواتان گەیشتێ، یان قیامەتتان بەسەرداهات، ئەگەر راستدەکەن ئەم پرسیارە وەڵامبدەنەوە: ئایا هانا بۆ غەیری خوا دەبەن و لە غەیری خوا دەپارێنەوە؟ بە دڵنیاییەوە هەر هاوار لە خوای گەورە دەکەن تا لە تەنگانەکە رزگارتانبکات و زیانەکەتان لەسەر لادات، ئەو ساتە هەموو ئەوەتان لەبیردەچیتەوە کە هاوبەشتان بۆ خوا دادەنا. واتە ئێوە لە رووبەڕوو بوونەوەی کارەساتیکی دنیادا کە دڵنیان لە زیانەکانی، هاوار بۆ خودا دەبەن، ئەدی گەر دیمەنەکانی قیامەتتان بە چاوی خۆتان بینی و زانیتان کە خودای زاناو دادپەروەر حساباتتان لەگەڵدا دەکات، ئەو کاتە هاناو هاوار بۆ خواکانتان دەبەن؟! بە تەئکید نا، ئەو ساتە ئەوانیشتان لەبیردەچێتەوە تەبەڕا لە خۆیان و لە پەرستنەکانیشیان دەکەن..

ئەمە رووبەڕووبوونەوەی سروشتی پاکە لەگەڵ کارەسات و تەنگانەو دژوارێتی، چ کارەساتی دلتەزێنی دنیایی بێت، چ هاتنی سزای خوای گەورەو دیمەنەکانی رۆژی دوایی.. سروشتی مرۆڤ کە راستەوخۆ بەرەنگاری ئەم دیمەنە سامناکانە دەبێتەوە، رادەچڵەکێت، سام دەیگرێت، پەلوپۆی دەشکێت، چونکە راستەوخۆ حەقیقەتەکانی وجوودی -وەکو خۆیان_ دێتەبەرچاوو دەیانبینێت، (حەقیقەتی لاوازیی خۆی و حەقیقەتی نابووتیی بت و خواکانی، حەقیقەتی بەڵگەنەوویستی بێوێنەیی خوای پەروەردگارو دەسەلاتدارو پەنادەر) لەو ساتانەدا مرۆڤ هەست بە خوای کردگاری دەکات، کە پێشتر دواندوێتی و ئەویش ناسیوێتی، بەڵام گوناح و ئینحیرفات رێی لێ بزرکرد. ئێستا کە لە تەنگانەکەدا بێپەناو بێهێز و بێکەس کەوتووەو پەلەقاژەی قوتاربوونییەتی، دڵنیایە کە غەیری خوای گەورە فریادڕەسی نییە. غەیری خوای گەورە بەمانایەوە نایەت. بۆیە لەو ساتەوەختەدا تەبەڕا لە بت و خوا تەزوویرەکانی دەکات و سەرراستانە روو لە خوای گەورە دەکات. تەنانەت شیرکێیتییەکەی فەرامۆشدەکات.. لە تاواندا هۆشی لەوە نامێنێت کە هەر خۆی بوو خوایتری هەبوو، هەر خۆی بوو مەرامسیمی بتپەرستانەی بۆ غەیری خوا ئەنجامدەدا، بەڵام ئەوەتا ئێستا لەتاو خۆی خواکانی بیرچوونەتەوە. شیرک و شیرکایەتیی فەرامۆشکردووەو تەبەڕا لە هەموو رەفتاریکی پێشووی دەکات و گەڕاوەتەوە سەر حەقیقەتە شاراوەکەی ناخیی، ئێستا قەناعەتی تەواوی هەیە کە خوایەک هەیە کردگارێتی و کردگاری گەردوون و ژیان و مرۆڤە. خوایەک هەیە خاوەنەو خاوەنی هەموو وجوودە. خوایەک هەیە دەسەڵاتدارە، دەسەلاتی بەسەر هەموو بزاوت و سرەوتێکدا هەیەو هیچیان بە بێقەدەری ئەو (زانست و ویست و توانای ئەو) نایەنەدیی. خوایەک هەیە، کە هەر ئەو بەماناوەدێت، بۆیە وا رووتێکردووەو لێیدەپاڕێتەوە، تا رزگاریبکات. ئەو شیرک و خراپەکارییەی دەیکرد هەموو بووبوونە ژەنگ و چینێکی کلسی و سروشتی پاکی خواناسییان لە

هەموو لایەکەوە سواغدابوو. چینێک تەپوتۆزو چڵک سروشتی داپۆشیبوو. بەڵام هێزی بەهێزی تەنگانەکە کە رایچڵەکاند، وا هەژاندی هەموو ئەو چینەبەربەستە درزیبردو وردووخاشبوو. سروشتە پاکەکەی دیسان دەرکەوتەوە. ئەمە حەقیقەتە شاراوەکەی ناخی بوو، وا دەرکەوت و ناسییەوەو زانی کە هۆکاری قوتاربوونی ئەمەیە، بۆیە ئاوا روویکردۆتە خوای تاکو پاک، چونکە دڵنیایە کە سروشتی پاک رووی لە خوایە و بەس.

باسی دووەم

غەیری خوای گەورە بەهاناوە نایەت

(لا مجیب الا الله) ل ٢/١٢٩

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ) البقرة/١٨٦؛ ئەگەر عەبدەکانم پرسیاریان دەربارەی من لێت کرد، ئەوە من نزیکم و دوعای ئەو کەسە قبووڵدەکەم کە دوعا دەکات و داوام لێدەکات، بەدەنگیەوەدەچم و داواکارییەکەی بۆ دەهێنمەدیی، با لە من بپاڕێنەوەو لە منەوە چاوەڕوانی وەڵام بن. با باوەڕیان بە من پتەبێت، تا ڕێنمایی وەرگرن و پێبگەن.

ئەمە ئایەتێکی زۆر سەیرو سەرسوڕهێنەرە. ئایەتێکی شەونمی ساردو ساف و شیرین دەپرژێنێتە سەر دڵی ئیماندار. سەدای خۆشەویستیی و سۆزی هاودەنگیی پێوەیە. گەشەی دڵنیایی پەخشدەکات. شنە بە ڕۆح و ئاسوودەیی بە دەروون دەدات. ئەمانەش متمانەو یەقین مەحکەمتر دەچەسپێنن. موسوڵمان لەم کەشەدا نازدارەدا هەست بە نزیکیی لە خوای خۆی دەکات، نزیکیی لە ڕەزامەندیی، نزیکیی لە بەزەیی، نزیکیی لە ئەمینبوون، نزیکیی لە ڕەحمەت، نزیکبوون لە متمانەی قبووڵبوون. خوای گەورە نەیفەرموو ئەوانەی لێت دەپرسن، جەنابت ئاوا وەڵامیان بدەرەوە. نەیفەرموو جەنابت پێیان بفەرموو کە نزیکم.. جەنابی خوای باڵاو بڵند خۆی وەڵامەکەی ڕاستەوخۆ دانەوە: من نزیکم. نەیفەرموو گوێم لێتانە، داواکەن دەبیستم. بەڵکو وەڵامی داواکەی خێراتر لەوە دایەوە: (أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ). ئەمە ئەو ڕوشدو

پێگەیشتنەیە کە (ئیمان) تۆوەکەی چاندووەو سەرپەرشتیی و وەڵامە خواییەکە پێی گەیاندووە.

ئەم دینەی کە خوای گەورە پێی رازیبووە ببێتە بەرنامەی مرۆڤایەتیی، تاکە دیدو رێبازو بەرنامەیە کە شوێنکەوتووانی بۆ مەبەستی هەرەباڵایان پێیاندەگەیەنێت. بە دڵنیاییەوە تەنها ئەم مەنهەجە خواییە خەڵکی پێدەگەیێنێت. غەیری ئەم مەنهەجە گومڕایی جاهیلییەتەو گەلۆریی و کوفر و ئەقڵ سووکیی شیرکە. خەڵکی باڵغ و ژیر پێی رازی نابن. هیچ مەنهەجێکیتر مرۆڤ ناگەیێنێتە (رەشاد)و حەقخوازیی و راستگۆیی و رەوایی و دادپەروەریی). وەڵامدانەوەی خوای پەروەردگار ئومێدێکە، کە ئەگەر مرۆڤ ئیماندارانە عەبدێتیی بۆ ئەنجامدابێت، خوای گەورەش دوعای قبووڵدەکات و دەیگەیێنێتە مەبەستی خۆی. ئەمان لەسەریانە دوعاکە بکەن و پەلە لە وەڵامەکەی نەکەن، چونکە وەڵامدانەوەو هێنانەدیی داخوازییەکانیان پەیوەندی بە قەدەر (بەزانست و ویست و توانای) خوای گەورەوە هەیە، کە هەموو شتێکی ئەندازەگیریی کردووەو بڕیاری لەسەر داوەو لە کات و شوێن و حاڵەتی شیاوی خۆیدا دەهێنرێتەدیی. ئەبوداودو ترمذی و ئیبنوماجە لە ئیبنومەیموونەوە بە سەنەدی نەپساو لە سەلمانی فارسییانەوە خوا لێی رازی بیت گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إنّ اللهَ لَيسْتَحي أنْ يَبْسُطَ الْعَبدُ إليهِ يَدَيهِ يَسْأَلُهُ فيهمَا خَيراً فَيَرُدَّهُمَا خَائِبَينِ)[1]: خوای گەورە شەرمدەکات عەبدێکی

---

١ نووسەر رحمەالله هەر ئاوا هێناوێتییەوە. راستە: ئەحمەد (٢٣٧٦٥)، ئەبوداوود (١٤٨٨)، ترمذی (٣٥٥٨)، ئیبنوماجە (٣٨٦٥)، حاكم (٧١٨/١) ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع/١٧٥٧)دا دەفەرموێ: سەحیحە.. ئەم فەرموودەیە ریوایاتی تریشی بە سەنەدی جیاوازەوە هەیە، کە زۆرینەیان دەچنەوە سەر سەلمانی فارسی خوا لێی رازی بێت. لەوانە: (إِن ربكُم حَيّ كريم

دەستی بەرزکردووەو لێی دەپاڕێتەوە تا خێرێکی بەنسیببکات، ئەم بێئومێد دەستی رەتبکاتەوە.. واتە خوای گەورە ئەوەندە رێزی ئەو کەسەی لایە کە دوعادەکات و لێی دەپاڕێتەوە..

_ ترمذی لە عبداللەی کوڕی عبدالرحمانی داریمییەوە بە سەنەدی نەپساو گەیاندوویەتیە اثەوبان، عبداللەی کوڕی ئیمامی ئەحمەدیش بە سەنەدەوە لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە خوا لێی رازیی بێت گێڕاوێتییەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَا عَلَى ظَهرِ الأرْضِ مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَدعُو اللهَ عَزَّ وَجَلَّ بِدَعْوَةٍ إلَّا آتاهُ اللهُ إيَّاهُ، أو كَفَّ عَنْهُ مِن السُّوءِ مِثْلَهَا، مَا لَمْ يَدْعُ بإِثْمٍ أو قَطِيعَةِ رَحِمٍ)[١]؛ هەر موسوڵمانێک لەم سەر زەمینەدا دوعا بکات حەتمەن خوای گەورەیە گیرایدەکات و بۆی دەهێنێتەدیی، یان بەقەدەر داواکەی خۆی خراپەی لی دووردەخاتەوە، بەو مەرجەی دوعاکەی شەڕ نەبووبێت[٢].

لە هەردوو سەحیحی موسلیم و بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (يُسْتَجَابُ لأَحَدِكُم مَا لَم يعْجلْ: يقُولُ قَد دَعوتُ رَبِّي، فَلم يسْتَجبْ

يستحي من عَبده إِذا رفع يَدَيْهِ إِلَيْهِ أَن يردهما صفراً) أَحْمد وَأَبُو دَاوُد وَالتِّرْمِذِيّ وحسنه وَابْن ماجه وَالْحَاكِم وَصَححهُ وَالْبَيْهَقِيّ فِي الأَسْمَاء وَالصِّفَات عَن سلمَان الْفَارِسِي..

١ نووسەر رحمەالله هەر ئاوا هێناوێتییەوە. راستە، لای ترمذی (٣٣٨١)، ئەحمەد (١٤٤٦٥)، طەبەرانی (٣٧٨٤).. لە ریوایەتەکەی لای ئیمامی ئەحمەددا دەفەرموێ: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَدْعُو بِدَعْوَةٍ لَيْسَ فِيهَا إِثْمٌ، وَلَا قَطِيعَةُ رَحِمٍ، إِلَّا أَعْطَاهُ اللهُ بِهَا إِحْدَى ثَلَاثٍ : إِمَّا أَنْ تُعَجَّلَ لَهُ دَعْوَتُهُ، وَإِمَّا أَنْ يَدَّخِرَهَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ، وَإِمَّا أَنْ يَصْرِفَ عَنْهُ مِنَ السُّوءِ مِثْلَهَا. قَالُوا : إِذًا نُكْثِرُ. قَالَ : اللهُ أَكْثَرُ) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الأدب المفرد/٥٤٧)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

٢ دوعای ستەمکردن و سەرکەوتن لە ئەنجامدانی گوناحدا یان خراپەخواستن بۆ موسڵمان و هاوشێوەیان والله اعلم.

لِي)[1]؛ هەر کەسێکتان دوعابکات گیرادەبێت، بەو مەرجەی پەلەی لێنەکەن، نەڵێ هەر دوعادەکەم و گیرانابێت.

لە سەحیحی موسلیمیشدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لا يزَالُ يُسْتَجَابُ لِلعَبْدِ مَا لَم يدعُ بِإِثمٍ، أَوْ قَطِيعةِ رَحِمٍ، مَا لَمْ يَسْتعْجِلْ قِيلَ: يَا رسُولَ اللَّهِ مَا الاسْتِعْجَالُ؟ قَالَ :يَقُولُ: قَدْ دعَوْتُ، وَقَدْ دَعَوْتُ فَلَم أَرَ يَسْتَجِيبُ لِي، فَيَسْتَحْسِرُ عِنْد ذَلِكَ، ويَدَعُ الدُّعَاءَ)[2]؛ دوعای موسوڵمان گیرادەبێت، بەو مەرجەی دوعا بۆ ئەنجامدانی گوناح نەکات، یان دوعا لە خزمەکانی خۆی نەکات، کە ببێتە هۆی دەنگدابڕانیان لە یەکتری. بەو مەرجەش کە پەلەی تێدا نەکات. عەرزیانکرد: ئەی پێغەمبەری خوا پەلەتێداکردن چۆنە؟ فەرمووی: ئەوەیە کە بڵێ هەر دوعام کردو گیرانەبوو، پاڕامەوەو داوامکرد، هیچ داوایەکم نەهاتەدی. ئیتر خەفەت لەوە بخوات و وازیش لە دوعاکردن بهێنێت!

خوای پەروەردکار دەروازەکانمان بۆ واڵادەکات، تا رووی تێبکەین و داوای لێبکەین، ئەوەشمان پێرادەگەیەنێت کە لەسەر خۆی داناوە دوعاکانمان گیرادەکات، دوعای هەرکەسێک کە لێی دەپاڕێتەوە. هۆشدارییش دەداتە ئەو کەسانەی هەڕاڵ و لووتبەرزن و خۆبەگەورەزانن و دوعا ناکەن کەچارەنوسیان سەرشۆڕیی و لووتشکان و زەلیلبوونە و دەچنە دۆزەخەوە: (وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ) غافر/٦٠؛ پەروەردگارتان فەرمووی: دوعابکەن لێتان قبووڵدەکەم، ئەوانەی لە لووتبەرزییاندا ئەم خواپەرستییەم ناکەن حەتمەن دەچنە دۆزەخەوەو تێیدا زەلیلدەبن.. دوعاکردنیش ئادابی خۆی هەیە، کە

---

١ بوخاری (٥٩٨١)، موسلیم (٢٧٣٥).

٢ موسلیم (٤٩١٨).

دەبێت ڕەچاوبکرێت، دەبێت خواوویستانەو ڕاستگۆیانە لە خواو بۆخوابکرێت، متمانە بە قبووڵبوون و وەڵامدانەوەی هەبێت، بێئەوەی شێوەیەک دیاریبکات، کە بڵێ ئەوە نیشانەی گیرابوونی دوعاکەمە، یان کات دیاریبکات کە بڵێ لە ماوەی ئەوەندەدا دوعاکەم گیرادەبێت، یان لە فڵان حاڵەتمدا.. ئەمانە لە ئەدەبی دوعاکردن نین.. هەروەها لە ئادابی دوعاکردن ئەوەیە کە بزانیت دوعاکردن خۆی لە خۆیدا هاوکاریکردنی خوای گەورەو یارمەتیدانی ئەوە، وەڵامدانەوەشی فەزڵێکی ئیزافی خۆیەتی.. سەیدنا عمر خوای لیێ ڕازی بێ دەیفەرموو: (إِنِّي لَا أَحْمِلُ هَمَّ الْإِجَابَةِ وَإِنَّمَا أَحْمِلُ هَمَّ الدُّعَاءِ فَإِذَا أُلْهِمْتُ الدُّعَاءَ فَإِنَّ الْإِجَابَةَ مَعَهُ)[1]؛ من خەمی وەڵامدانەوەی دوعاکانم نییە، خەمی خودی دوعاکردنەکەمە، دەزانم ئەگەر خوای گەورە لە دوعاکردنەکەدا سەرکەوتوویکردم، گیرابوونیشی لەگەڵدا دەبێت.. ئەمە قەولی دڵە، دڵی خواناس. ئەمە متمانەیە بە خوای پەروەردگار، ئەمە دڵی کەسێکە کاتێک تەقدیری گیرابوونی دوعاکە دەکات، دوعادەکات و دڵنیاشە لەوە کە خوای گەورە کاتی دوعاکەو گیرابوونی پێکەوە دەسازێنێت، ئیتر گیرادەبێت. ئەمما ئەو کەسانەی لووتبەرزن و نایانەوێ ڕوو لە خوای گەورە بکەن، پێیان بچووکییە بپاڕێنەوە، سزای پڕاوپڕی ڕەفتارەکەیان و ڕەفتاری حەقیانە دژی هەڵوێستەکەیان زەلیلبوونیانە لە دۆزەخدا، لەوێ سەرشۆڕو چاوشۆڕو دەستوپێبەستراو دەکەون.. لەوێ زەلیل و بێدەسەڵات دەبن، هەر دەپاڕێنەوە، بەڵام کەس نابێت لایەک بکات بەلایانەوە.. ئەوە چارەنووسی ئەو کەسە لاتوپووتانەیە کە لەم دنیا کورتەی سەرزەمینی بچووکدا

---

١ نووسەری ڕەحمەتی هیچ ئاماژەیەکی بە سەرچاوەو سەنەدی ئەم قەولە نەکردووە، لە چەندین کتێبی سەرچاوەدا دۆزیمەوە، وەکو (فتح الباري/ ئیبنوحەجەری عەسقەلانی١٤١/١١) و اقتضاء الصراط المستقيم/ ئیبنوتەیمییە ٢٩٩/٢) وبەڵام هەر بە بێسەنەد. وەکو: (مدارج السالكين/ ئیبنولقەییمی جەوزییە ١٠٣/٣)..

لەخۆبایی بووبوون و وایاندەزانی گەورەن! کە شەیتان فووی بەلووتیاندا کردبوو، سینەیانی پڕکردبوو لە شانازیی پوچ و بۆش. لەم ژیانە سووک و بێنرخەی دنیادا خۆیان وا لێگۆڕابوو پێیان نەنگیبوو دەستبەرزبکەنەوەو لە خوای گەورە بپاڕێنەوەو بیسەلمێنن کە عەبدی ئەون. ئەم نەفامانە کە لەچاو ژیان و گەردوون و موفرەداتەکانی وجووددا هیچ نەبوون، کەچی ئاوا مەغروورانە گەورەیی و مەزنیی خوای گەورەو کردگاریان ئیهمالکردبوو! ئەوە قیامەت هەر هیچ!! قیامەتیان هەر بە خەیاڵیشیدا نەدەهات! بیریان نەدەکردەوە کە راستە هەیەو دێت؟! ئەدی ئەگەر راستبوو، هات؟! وگەڕێنرانەوە بۆ ئەوێ. جا ئەو کاتە دەزانێت لە دۆزەخدا چ زەلیلییەک و چ چاوشۆڕییەک دەچێژێت.. بەراستیی سزایەکی حەق و رەوایەو پڕبەپێستێتی.. پڕاوپڕی لووتبەرزیی و هەڕاڵبونەکەیەتی.

پاڕانەوە لە غەیری خوا شیرکە:

پاڕانەوە لە غەیری خوای گەورە گومڕایی و ڕێبزرکردنە، چونکە غەیری خوای گەورە توانای گیرابوون و وەڵامدانەوەی دوعا ی نییە: (لَهُ دَعْوَةُ الْحَقِّ وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَيْءٍ إِلَّا كَبَاسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى الْمَاءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَالِغِهِ وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ)الرعد/١٤؛ پاڕانەوە لە خوای گەورە حەقە، پاڕانەوەی حەق هەر ئەوەیە کە لەو بێت، ئەو کەسانەی لە غەیری خوای گەورە دەپاڕێنەوە هیچ وەڵامێک وەرناگرنەوە، نموونەشیان وەک ئەو کەسەیە کە دەست رادەکێشێت تا بیگەیەنێتە ئاوێک و پڕ بە هەردوو دەستی هەڵهێنجێت، تا بیگێنێتە دەمی، بەڵام هەرچەند دەکات ناتوانێت. (نە دەتوانێت ئاوەکە هەڵهینجێت و نە بیشیگەینێتە دەمی)! پارانەوەی کافرانیش هەر ئاوایە، هەر گومرایی و وێڵیی و رێبزرکردنە.

ئەم دیمەنەی ئایەتەکە وێنایدەکات، دیمەنێکی بزوواو دوواوە. دیمەنی دوعایەکی هێمن و ئەسپایی و دڵنیاییانەیە، لە بەرامبەریدا دوعا و پاڕانەوەیەکی زۆرو هاواری موعانات و بەپەرۆشانەی موشریکانە، کە بێهوودە لە بتەکانیان دەپاڕێنەوە. لێرەشدا خوای گەورە تەئکید لە حەقیانەتی بانگەوازی دین و مەنهەجەکەی خۆی دەکاتەوە، کە لە بەرامبەریدا بانگەشەی زۆرو دینی جۆراوجۆرو مەنهەجی رێچکەی زۆر هەیە. (لَهُ دَعْوَةُ الْحَقِّ). یەک جۆر دوعاو پاڕانەوە راست و رەواو قبووڵە، کە لە خوای گەورە پاڕانەوەیەو بەس. پاڕانەوە لە غەیری خوای گەورە باتڵە. نادروستەو بەهیچ مەبەستێک ناگەیێنێت. تەنها لەخواپاڕانەوە حەقەو تەنها ئەویشە کە گیرادەبێت. پارانەوە لە غەیری خوای گەورە _کە روتێکردنی راستگۆیانەی دڵ و رەفتارە_ بە داوا لێکردنێکی موحتاجانەو نشاندانی عەبدێتیی دەبێت بۆی. لەخواپاڕانەوە یانی ئیعتمادکردنە سەر ئەو، داوای یارمەتی ئەوو رێنمایی ئەوو رەحمەتی ئەو.. جگە لەمە باتلە، نەشیاوو نادروستەو هیچ ئومێدێکی گیرابوونی نەبووەو نییە، غەیری ئەوە فەوتاوو زایەو هەدەرە.. چونکە بێبەهاو هیچە.. مەگەر حاڵی ئەو کەسانە نابینن کە لە غەیری خوا دەپاڕێنەوە؟

بڕواننە ئەو نموونەیە: وا یەکێکیان دەستی درێژکردووە.. رەنگ هەڵبزرکاوو شڵەژاوە، وەکو تینوویەکی شەیدای دڵۆپێک ئاو دەمی داچەقاندووەو خێراخێرا دوعای تەڕاییەک دەکات، هەر هەوڵدەدات دەستی درێژتربکات تا بیگەیێنێتە ئاوەکە، دەستی نایگاتێ. هەردوو دەستی کردووە بە مست تا پڕیانکات لە ئاو، بەڵام دەستی ناگاتە ئاوەکە! دەستێکی قایمدەکات و هەوڵدەدات دەستەکەیتری بگاتە ئاوەکەو لوێچێک ئاو هەڵهێنجێت و ناتوانێت! قومێکیشی پێ دەرنایات، تاسووکە ئومێدێکی بهێنێتەدیی. نە دەستی دەگاتە ئاوەکەو نە چاوی لێدەتروکێنێت و نە دەمی بۆ قەپات دەکرێت.. حاڵەتەکەشی هەر وا بەردەوامە. نە لە دوعاکردن دەکەوێت و نە لە رەنجدان و

دەستدرێژکردن و پەلهاویشتن بۆ ئاوەکە.. سەدان هەوڵدانی بێسوود.. هەرچەند دەکات دەستیناگاتە ئاوەکەو بە ئومێدی تینوێتیشکاندنی ناگات، چجای تێراوو پاراوبوونی. پاڕانەوەی موشریکەکانیش لە غەیری خوای گەورە ئاوایە. ئومێدیان بە غەیری خوایە، پشتیان بەغەیری خوای گەورە بەستووە. هەر چەند دوعادەکەن و دەپاڕێنەوە هیچ بە هیچ ناکەن، چونکە خواکانیان کردە نین.. توانای هێنانەدیی ئاواتی ئەوانیان نییە، چونکە غەیری خوای گەورە توانای وەڵامدانەوەی دوعاو پاڕانەوەی هیچ مەخلووقێکی نییە.. هەموو وجوود لە هەموو حاڵەتێکی بزاوت و سرەوتدا ژێردەستەی خوای گردگارو زاناو توانان و بە فەرمانی ئەو دەبزون و دەسرەون. هەموو بە پێی یاساکانی گەردوون و ژیان ملکەچی فەرمانی خوای گەورەن. موسوڵمانیش _کە یەکێکە لەو موفرەداتانەی گەردوون و ژیان- گوێڕایەڵی فەرمانی خوا دەکات و بە بزاوت و سرەوتی شەرعییانەی خۆی ملکەچیی بۆ خوای تاکوپاک دەردەبڕێت. بەڵام کافری ملهوڕ تا ناچارنەکرێت مل لێ نانێت، هەر چەند لە وجوودیشدا بێت، هەر وا لە ژێر فەرمانی قەدەریی و شەرعیی خوای گەورەدا.. لە بەشە قەدەرییەکەیدا کەس ئازاد نییە ملکەچ نەبێت: (وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا...)الرعد/١٥ ؛ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بە خۆشیی بێت یان بە ناچاریی سوجدە بۆ خوای گەورە دەبەن.

هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە هەر لەو شێوە ساویلکەی جارانی عەرەبەکانی سەردەمی ئیسلامدا دەرناکەوێت، چەندەها جۆر شیرک و موشریکانیتر هەیە. موشریکانێک هەن کە دەسەڵاتدارانیان کردوە بە هاوبەشی خوای گەورە. یان خاوەن پلەو ئاستە کۆمەڵایەتییەکانیان یان دەوڵەمەندە خاوەن سامانەکانیان کردووە بە خواو بەردەوام بۆ هێنانەدیی ئاواتەکانیان روویان تێدەکەن و جێئومێدیاندەبن، تا دوعاو داوایان قبووڵبکەن، بەڵام هەمووشیان هەر بێدەسەڵات و دەستەوسانن لە

وەڵامدانەوەی حەقیقی داوای پەرستیارەکانیاندا، چونکە کەسیان تێدا نییە توانای سوودگەیاندن و زیان دوورخستنەوەی لە خۆی هەبێت، چجای لە پەرستیارانی: (قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ) سبأ/ ٢٢؛ بفەرموو: دەی سا لەوانە بپارێنەوە کە لافی خوایەتییتان بۆان لێدەدا، کە لە هەموو ئەم ئاسمانە و زەویدا خاوەنی مسقاڵە گەردێکیش نین و بە هیچ شێوەیەکیش هاوبەشی خوای گەورە نین، لە هیچ شتێکدا، خوای گەورە ئەاونی دانەناوەو پشتیوانییان لێ ناکات.. هەروەها: (قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا. أُولَٰئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا)الاسراء/٥٧؛ بفەرموو: دەی سا لەوانە بپاڕێنەوە کە لافی خوایەتییان بۆ لێداون، داخۆ دەتوانن هیچ زیانێکتان لێ دووربخەنەوە، یان ئاڕاستەکەی بگۆڕنە سەر کەسێکیتر؟ ئەوانە لەو خوایانەیان دەپاڕێنەوە تا لە خوای گەورەیان نزیک بکەنەوە! بە ئومێدی رەحمەت و بەزەیی و لادانیان لە سزای خوای گەورە دەیانپەرستن.. سزای خوای پەروەردگاری جەنابت سەختە با لێی بەحەزەربن.

چەندەها موشریک هەیە دەسەڵاتداران دەکاتە هاوبەشی خوای تاکوتەنها، یان خاوەن پلەوپایەو دەوڵەمەندەکان دەکاتە شەریکی خوای تاکوپاک و داوایان لێ دەکەن و لێیان دەپاڕێنەوەو ئومێدیان پێیانە، هیوایان بە رەحمەت و دادپەروەریی ئائەوانەیە!! ئی ئەم داواو پاڕانەوەو ئومێدپیوەبەستنە شیرکە. ئەم هیوا پێبوونە شیرکە. لێترسانیان شیرکە. شیرکی شاراوەن، کە زۆر کەس رۆژانە مومارەسەیان دەکەن، بێئەوەی بزانن کە شیرکە، یان بەخۆبزانن کە موشریک بوون، یان بێئەوەی گوێیبدەنێ کە مومارەسەی شیرک دەکەن، جا کێ هەیە لە هەموو کات و شوێنیکی نەوەی مرۆڤایەتییدا لەو کەسە گومڕاتر بێت، کە دوعاو پاڕانەوەو دوعاکردنی لە غەیری

خوای گەورەیە؟ ئێ خۆ ئەمە ئاشکراو دیارە کە هیچ کەسێک نییە _لە هەر پلەو پایەیەکدا بێت_ وەڵامی داوا بداتەوە، چونە نە مافی وەڵامدانەوەی هەیە، نە توانای ئەوە.. (دەتوانێت شتێکی بداتە دەست، بەڵام لە نادیارییدا،لە غەیبەوە، ناتوانێت داوای بهێنێتە دی). تەنها خوای گەروەیە کە تواناو زانینی رەهایە، هیچ سنورو بڕو رادەو ئاستێک بۆ توانای دانانرێت: (وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ) الاحقاف/٥؛ کێ لەو گەسە گومڕاترە کە لە غەیری خوای گەورە دەپاڕێتەوە، کە ئەوەندە دەستەوسانیشن. خۆ ئەگەر تا رۆژی قیامەت لێیان بپاڕێنەوەو داوایان لێ بکەن ناتوانن هیچیان بۆ بهێننەدیی. هەر ئاگاشیان لە دوعاو داواکانیان نییەو غافڵن، بێئاگان و نابیستن! ئەوانیش هەر وەکو ئەمان مەخلووقاتی خوای گەورەن، خوای گەورە هەردوو لایانی خەلقکردوە. خۆ ئەوان ئەمانیان خەلقنەکردوە، ئیتر بۆچی ئەم پەرستنەیان (لێ پاڕانەوە) بۆ تەرخاندەکەن و ئومێدیان پێوەدەبەستنەوە تا دوعاکانیان قبووڵبکەن؟

_ (إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُوا لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ) الأعراف/١٩٤؛ ئەوانەی ئێوە لەجیاتی خوای گەورە لێیان دەپاڕێنەوەو داوایان لێ دەکەن هەر عەبدی خەلقکراوی خوای گەورەن، هەر وەکو ئێوەن، دە داوایان لێ بکەن ئەگەر راستدەکەن با داواکانتان بۆ بهێننەدیی و دوعایەکتان گیرابکەن. دوعاکردن و پاڕانەوەو رووتێکردن هەر دەبێ لە خوای پەروەردگار بێت و بەس، ئەوە فەرمانی خوای گەورە خۆیەتی: (أُدْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ) الأعراف/٥٥؛ ملکەچانەو بە ئەسپایی لەخوای پەروەردگاری خۆتان بپاڕێنەوە، دوعاکردنتان باملکەچانەو نهێنی بێت (لە دڵی خۆتاندا یان بە چرپە)، خوای گەورە سنووربەزێن و دەستدرێژکارانی خۆشناوێت. هەروەها دەفەرموێ: (أُدْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ. وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا

وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ) الأعراف/٥٦؛ بەترسەوە لە سزاو بە ئومێدی پاداشتەوە لە خوا بپاڕێنەوە، خوای گەورە دەستدرێژکارانی خۆشناوێت. مەکەونەوە خراپەکاریی لەسەرزەمیندا دوای ئەوەی چاکسازیی تێداکرا. بە ترس و ئومیدەوە لە خوای گەورە بپاڕێنەوە. ڕەحمەتی خوای گەورە لە پیاوچاکان نزیکە.

ئاوا دڵنیادەبین کە خوای کردگار هەر بووەو هەر دەمێنێت، مەخلووقاتیش کاتین و نامێنن.. لەم حەقیقەتە عەقائیدییەوە چەندین حەقیقەتیتر دێنەکایەوە..

ئەحەدییەتی خوای گەورە:

هەموو ئەوانەی مەرگ و نەمانیان بەسەردادێت _لە ئومێدی هەر هەموو ئەو شتانەدا کە وجوودیان دەپارێزرێت_ دەبێت ڕووبکەنە خوای تاکوتەنها، خوای زیندووی هەمیشەیی و نەمر، چونکە مەخلووقات هەموو بەرەو فەنا دەچن و ئەوی تاکەو تاک دەمێنێتەوە هەر خوای تاکو پاکە: (كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ. وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ. فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ. يَسْأَلُهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ. فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ)الرحمن/٢٧- ٣٠ ؛ هەرچی لەسەر زەمینە بەرەو فەنا (نەمان)دەچێت، تەنها ڕووی خوای پەروەردگارتە کە دەمێنێت، خوای پەروەردگارت گە شایانی ئەوەیە گوێڕایەڵی بگرێت و سەرپێچی فەرمانی نەکرێت، شایانی ڕێزو تەقدیرو مەزنێتییە. ئیتر چ نیعمەتێکی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە، کە ئێوە لە نیعمەتی ئەودا نقوومبوون! هەموو ژیرێک کە لە ئاسمانەکان و زەویدان ڕۆژانە داوا لەو دەکەن، ئەویش بەهەموو مەخلووقاتەکانیدا رادەگات و داوای هەر هەموویان دەهێنێتەدیی. ئیتر چ نعمەتێکی خوای پەروەردگارتان بەدرۆدەخەنەوە.. هەرچی ژیرەو لە ئاسمانەکان و زەویدا دەژی ڕوو لە خوای گەورە دەکات و داوای پێداویستییەکانی لەو دەکات، چونکە دوعاو پاڕانەوەو داواکردن هەر لەو دەکرێت و بەس، غەیری ئەو

داوای شتێکی لێ ناکرێت کە ژیان و سەلامەتیی پێوە بەندبێت، چونە ئەو خۆی نییەتی تا بیدات،،ناشتوانێت تا بیکات،چونکە ئەو خۆی مەخلووقێکە و فەنادەبێت، فەنابوو ماف و توانای گیراگردنی دوعاو داوای نییە: (يَسْأَلُهُ)، هەر لەو دەپرسن، هەر لەو داوادەکەن، لەو دەپاڕێنەوە، چونکە تەنها ئەو ماف و توانای گیراکردنی داواو دوعای هەیە، تەنها ئەوە کە دوعاخوازانی بێئومێدناکات و داوا لێکارانی هیوابڕاوناکات. ئەو کەسەی کە داوا لە غەیری ئەو دەکات بێگومان ئەوە ڕێی لێبزربووە، حەتمەن ڕێی ڕاستی لێ تێکچوە،دیدی روون و ڕەفتاری ڕاست نەماوە، بۆیە رووی لەو وەرگێڕاوەو روویکردۆتە فەنابوویەکی بێدەسەڵات ! ئەمیش ناتوانێت دوعا گیرابکات و داوابهێنێتەدی،چونکە وەکو دوعاخوازەکە مەخلووقەو موحتاجەو بەرەو فەنا دەچێت.. ئەمە (ئەحەدییەت)ی خوای گردگارە، ئەحەدییەتی پەروەردگاری خاوەن دەسەڵاتداری هەمیشەییە.

ئەم ئەحەدییەتە لە ناخی دل و دەروون و هزرو هۆشدا حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستە، لە دیدو تێڕوانیندا لێکدانەوەی وجوودە، لە بزاوت هەڵوێستدا بەرنامەی ژیانە.. ئەحەدییەت سەرەتای ئیماندارییە. ئەمە ئەو حەقیقەتەیە کە وێنەو هاوشێوەو هاوتای نییە، لە ڕاستییدا هیچ وجوودێک لە بەرامبەرییدا وجوود نییە، چونکە هەموو موفرەداتەکانی وجوود هەبوونی خۆیان بە فەرمانی ئەو وەرگرتووە، بە قەدەری ئەو هاتوونەتە کایەوە. بە (ویست و زابست و توانا)ی خوای واحدو ئەحەد هاتوونەتەدی.. ئەحەدییەتی خوای گەورە بە هیچ رادەو بڕو شیوازو چۆنیەتییەک وێنەی نییە. ئەحەدێتیی بکەرێتییەکەشی هەر وایە. هیچ غەیری ئەو بکەری ڕەها نییە. هیچ شتێک کاریگەریی لەسەر هیچ شتێکیتر _بە قەدەری ئەو نەبێت_ نییە. ئەوە هەر بە ویست و زانست و توانای ئەوە کە هەندێک شت کاریگەرییان لەسەر هەندێکی شتیتر هەیە..

ئەمە یەکێکە لە حەقیقەتە عەقائیدییەکانی تەوحید لە ئیسلامدا، کە پێناسەو لێکۆڵینەوەی گەردوون و ژیان و هەبوونی مرۆڤی لێوە هاتووە..

کاتێک ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە لە دڵ و دەرون و هۆش و هزرو دیدو رفتاردا دەچەسپێت و دەبێتە بەڵگەنەوویست. کاتێک تەفسیری (وجوود) بەم حەقیقەتە عەقائیدییە دەکرێت، هەموو لێڵی و چڵکنی و ژەنگوژارێک لەسەر دڵ و هزرو چاو لادەچێت. ئیتر هەرچی پەیوەندییەک بە غەیری خوای گەورەوە هەبێت دەپچڕێت، جگە لەوانەی خۆی رێپێداون.. هەرچی دیدو تێڕوانین و پێناسەیەک کە وا بزانرێت لە چۆنیەتیی و شێوازدا یان لە رادەو بڕێکدا هاوبەشی ئەحەدییەتی خوای تاکوپاک دەکات، لە دڵ و هزرو رەفتاردا نامێنێت، چونکە هاوبەشدانان دەبێت بۆ خوای تاکوپاک.. کاتێک ئەحەدییەتی زات و سیفات و ئەحەدییەتی کاریگەرێتیی بکەرانەی خوای تاکوپاک لە دڵ و هزرو رەفتاردا جێگیردەبێت، ئیتر شوێنکەوتووی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە لە هەموو (تەعەللوقات)ێک تەبەڕا دەکات. پەیوەندی خۆی بە هەموو پەیوەستێکەوە دەپسێنێت، مەگەر ئەوانەی کە خوای واحیدو ئەحەد رێپێداوە.. ئاوا هۆگری خوای پەروەردەگار دەبێت. ئاوا دڵ و هزرو رەفتاری موسوڵمان بۆ خوا ساغ دەبێتەوەو بۆ عەبدێتیی ئەو شیاودەبێت.. ئاوا _دوای پاکبوونەوەی لە هەموو پەیوەندیی و پەیوەستێک کە لەگەڵ ئەحەدییەتی خوای گەورەدا یەکنەگرێتەوە_ لێبڕاوانە بۆ خواپەرستییەکەش لێدەبڕیت.. ئاواو هەر بەم شێوەیە لە هەموو حەزەکانی خۆی دەردەچێت، حەزی بۆ هیچ حەرامێک ناچێت و وا خۆی تەسلیم بە خوای خاوەنی دەکات کە ترسی لە هەموو شتێک دەرەوێتەوەو هەست بە ئەمانی تەواو دەکات. چونکە ئەحەدییەتەکەی خوای گەورەی بە یەقین سەلماندووەو بە پاک و پوختیی چەسپاندووە..

کەسیک (ئەحەدییەت)ی خوای گەورەی لا چەسپابێت، ئیتر چۆن داوا لە غەیری خوای تاکوتەنها دەکات، کە لەوە دڵنیابووە کە هیچ سیفەتی هیچ شتێک بە هیچ رادەو برِیک و بە هیچ شێوازو چۆنیەتییەک لە سیفەتی خوای واحیدو ئەحەد ناچێت.. چۆن لە گەیری خوای تاکوتەنها دەترسێت، کە یەقینی هەیە کە خوای خاوەنی _بە (ئەحەدییەتی)ی بکەرێتیی (فاعیلییەت)ی خۆی_ بێخەمیکردووە، تا لە هیچ شتێک نەترسێت!

کاتێک ئەم حەقیقەتە عەقائیدیەی لە دڵ و دەرون و هۆش و هزرو دیدو رفتاردا دەچەسپێت، ئەم حەقیقەتەی بۆ دەبێتە روانگە. لە ئەحەدییەتی خوای گەورەوە دەروانێت، هەموو شتێک بە ئەحەدییەتی خوای گەورە هەڵدەسەنگێنێت، ئەوەی لەگەڵ (ئەحەدییەتی سیفات) و (ئەحەدییەتی فاعیلییەت)ی خوای گەورەدا یەکنەگرێتەوە بە تەئکید شیرکە.

کاتێک ئەم حەقیقەتە لای موسوڵمان دەبێتە بەڵگەنەوویست هەرچی لەم گەردوون و ژیان و مرۆڤەدا دەیبینێت بێگومان بە قەدەری خوایان دەزانێت، ئیتر دەستی خوای گەورە لە پشت هەموو مەخلووقێکەوە دەبینێت. ویستی خوای گەورە لە پشت هەموو روداوێکەوە هەست پێدەکات. ئینجا کە بەردەوام لەم دیدو تێروانین و پێناسەی حەقیقیەتەوە دەکەوێتە بزاوت و سرەوت، بکەرێکی گەیری خوای گەورە نابینێت[١]. لە هەموو موفرەداتی وجووددا تواناو زانست و ویستی خوای گەورە دەبینێت و لە هەموو روداوەکانی وجووددا فەرمانی قەدەریی خوای گەورە دەبینێت. ئەوەشە پلەی خواناسیی راست و دروست..

١.نەک بەو سیفەتە شیرکییەی (وحدة الوجود)ی سۆفیگەریی، کە وا دەزانن خوای گەورە لە مەخلووقاتەکانیدایە.

موسوڵمان لەگەڵ بینینی ئەم بکەرێتییە کاریگەرەی ئەحەدییەتی خوای تاکوپاکدا، نکووڵیی لە بکەرێتیی و کاریگەریی غەیری خوای گەورە دەکات، هیچ موفرەداتێکی وجوود و هیچ روداوێک، یان هیچ بزاوت و رەوت و رەفتارێکی مەخلووقات سەربەخۆ نابینێت. وجوودو بزاوتی هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ قەدەری ئەحەدییەتی خوای تاکوپاک. هیچ کام لە موفرەداتی وجوود بۆیان نییەو ناتوانن لە بازنەی بڕیارە قەدەرییەکانی خوای کردگار دەرچن.. ئەمە ئەو حەقیقیەتەی تەوحیدە کە قورئان بەردەوام جەختی لێ دەکاتەوەو بەردەوام وجوودو هۆکارو کارتێکردنی (دیاردەکان)دەگێڕێتەوە بۆ قەدەری خوای گەورە، بۆ ویست و زانست و توانای خوای گەورە، کە لەم روانگەیەوە دەفەرموێ: (وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ رَمَىٰ) الانفال/١٧؛ جەنابت کە تیرەکەت هاویشت، راستییەکەی ئەوە جەنابت نەبوویت کە هاویشتت، ئەوە خوای گەورە بوو تیرەکەی هاویشت، ئەوە خوای گەورە ئیرادەی وابوو بگات و نیشانبپێکێت.. هەروەها: (وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ اللَّهِ)الانفال/١٠؛ سەرکەوتن هەر لە خوای گەورەوەیەو بەس.. هەروەها: (وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا)الانسان/٣٠؛ هیچ شتێک بەحەزی سەربەخۆی ئێوە نابێت، تا خوای گەورە نەخوازێت.. ئایەتیتری هاوشێوە زۆرە، کە هۆکاری ئاشکراو نهێنیی دیاردەکانیش دەگێڕێتەوە بۆ قەدەری خوای گەورە، ئەگەرچی هەر خۆشی دەفەرموێ ئێوە خۆتان ئەو رەفتارانە دەکەن. ئەمانە هەموو ئاسوودەیی و هێمنیی زیاتر دەدەنە دڵی موسوڵمان و زیاتر لەوەی دڵنیا دەکەنەوە کە بێخەمبێت هەموو شتێک بە پێی ویست و زانست و توانای خوای گەورە بووەو دەبێت، بزاوت و سرەوتی هەموو شتێک بە فەرمانی قەدەرییانەی ئەوە، با دڵی بە هیچ شتێکی غەیری خوای گەورەوە پەیوەستنەکات. با لە هیچ خاوەن هێزێکی غەیری خوای گەورە نەترسێت، با ئۆقرەگرتووانە بەرامبەر کارەسات و ناسۆری روداوەکان و کاریگەرییان خۆبگرێت،

چونکە هیچ هۆکارێکی ژیان و گەردوون و مرۆڤ سەربەخۆ نییە، هیچ شتێک بەدەر لە فەرمانی قەدەریانەی خوای گەورە نییە..[1]

ئەم ئەحەدییەتەی خوای گەورە بەرنامەی ژیانی مرۆڤە:

ئەم ئەحەدییەتە دەبێتە دیدو تێروانین و پێناسە. هەر وەکو کە دەبێتە روانگەی لێکدانەوەو شیکاریی کە لە هەموو لایەکەوە گەشە بە دڵنیایی و یەقینی ئیمانداران دەدات:

١. ئەم ئەحەدییەتەی خوای گەورە بەرنامەیە: بەرنامەی پەرستنی خوای تاک و تەنهایە، کە هیچ شتێک حەقیقەتی بوونی وەکو حەقیقەتیی بوونی خوای گەورە نییەو هیچ کاریگەرێتییەک بە وێنەی کاریگەرێتیی قەدەری خوایی نییە، کە سیفەتی ئەحەدییەتێتی. هیچ ویست و ئیرادەیەک نییە وەکو ویست و ئیرادەی خوای گەورە بێت، بۆیە نابێت پەرستن بە هیچ شێوەو بە هیچ رادەو بڕو بە هیچ شێوازو چۆنیەتییەک بۆ غەیری خوای گەورە بکرێت.. هەموو جۆرو شێوازو رادەو بڕێکی پەرستن هەر دەبێت بۆ خوای گەورە بکرێت و بەس، ناشبێت بە هیچ کلۆجێکیش هاوبەشی لە هیچ رادەو بڕێکدا بۆ دابنرێت..

---

١ ئەمە ئەو دیدە مەلەکوتیەیە کە لە شوێنێتردا باسمان لێوە کردووە، کە خوای گەورە داوادەکات مرۆڤ (کافرو موسوڵمان) دیراسەی دیاردەکانی گەردون و ژیان و مرۆڤ و بکەن بەو سیفەتەیان کە ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەو ئەحەدییەتە بێوێنەیەی خوای گەورە، تا لە ئەنجامدا موسوڵمانبین و لە دیندارێتییدا بگەینە ئاستی دڵنیابووان (موقنین) بڕوانە چۆن بۆ سەیدنا ئیبراهیم علیه السلام فەرمووی: (وَكَذَٰلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ) الانعام/٧٥؛ هەر ئەئاوا دەسەڵاتی خوای گەورە لە ئاسمانەکان و زەمین (دیاردەکانی گەردوون و ژیان)دا نیشانی ئیبراهیم دەدەین، تا بچیتە ریزی ئەو کەسانەوە کە گەیشتوونەتە یەقین (دڵنیایی تەواو)..

٢. ئەم ئەحەدییەتەی خوای گەورە بەرنامەیە: بەرنامەی رووکردنە خوای گەورە، لە خۆشي و ناخۆشییدا، سەرپشکانەو ناچارانە، بە حەزو هاندان بێت تان بە هەڕەشەو ترساندن، لە هێمني و ئاسایشییدا بێت یان لە تەنگانەو کێشەدا بێت، لە خێرو نازو نیعمەتدا بێت یان لە نەبووني و گراني و کوێرەوەرییدا بێت، دەبێت روو هەر لەو بکرێت و بەس. ئومێد هەر بەو ببەسترێت و بەس. داوا هەر لەو بکرێت و بەس. پشت هەر بەو ببەسترێت و بەس، دەنا گرنگیی و نرخ و سوودی ئەوە چییە کە خەڵکانێک رووبکەنە شتانێک کە لە حەقیقەتدا (وجوود)یان نەبووەو بە ویستی خۆشیان نەهاتوونەتە بوونەوە، کە فەناش دەبن ناتوانن پارێزگاریی لە (وجوود)ە کاتییەکەی خۆیان بکەن! کەوابوو ئەوەی بەرەو فەنا دەڕوات هی ئەوە نییە روویتێبکرێت و جێئومێدی هێنانەدیی هیواو ئاوات و مەبەست بێت..

٣. ئەم ئەحەدییەتەی خوای گەورە بەرنامەیە: بەرنامەی وەرگرتن و رەفتارکردنە، چونکە وەرگرتنی دیدو تێڕوانین و رێبازو بزاوت و هەڵوێستی راست و رەوا، هەر دەبێ لە بەرنامەی خوای گەورەوە بێت، تا لایەنەکانی (عەقیدە) و (عیبادەت) و (شەریعەت) و (دابونەیت) و (ماف و ئاداب) و (گەشەی کۆمەڵکاریی تاک) و(پەروەردەی ئوممەتی گۆڕانکاریی) و (ئیدارەی دەوڵەت) و (ئاراستەی کۆمەڵگە)کەی بە پێی وەحی خوایی روونبکاتەوەو بیخاتە بواری کردەوەوە.. ئەمانە (یان ئەو لق و چڵانەی لێیان دەبێتەوە) ناشێت هیچیان لە غەیری خوای گەورەوە وەربگیرێن، چونکە تەنها ئەو خاوەنی (وجوود)ی حەقیقیی و حەقیقەتی راست و رەوایە، چ لە دڵ و دەروون یان ئەوەی لە هزرو ژیرییدا دەچەسپێت، چ ئەوەی لە رەفتاری بزاوت و سرەوتی واقیعەکەدا نیشاندەدریت..

٤. ئەم ئەحەدییەتەی خوای گەورە بەرنامەیە: بەرنامەی بزاوت و کارکردن بۆ خوای گەورە، بەرنامەی گەیاندنی بانگەوازی خواوویستیی و روونکردنەوەیەتی. چونکە لەم ئەحەدییەتەوە خەڵکی بانگدەکرێت بۆ وەرگرتن و دڵنیابوون لە حەقیقەتە عەقائیدییەکان و رەفتارکردن بە پێی ئەوان. ئەمەش پاکبوونەوەی شوێنکەوتووان دەخوازێت لە لێڵ و پێڵیی دیدی پشێویی و ئاڵۆزیی و لە پێناسەی هەڵەو لە چڵک و چەپەڵیی دابونەریتی کوفرو لاسەنگیی و خواروخێچیی رەفتاری شیرک و گوناح و سەرپێچیی.. ئەم ئەحەدییەتە ئاراستەی شوێنکەوتووەکانی وا دەکات کە دڵیان لە (شیرک و ریابازیی بەدگومانیی و هەراڵیی و لووتبەرزیی و هاوشێوەیان) بە پاڵفتەی دەروون (تەزکیەی نەفس) پاکبکەنەوەو رەفتاریان لە دەستدرێژیی و ستەم و تاوان و حەرامخۆریی و چەواشەکاریی بە (رەوشتی رەسەن)دووربخەنەوە، تا کەسایەتییان پارسەنگ راگرن.. ئاوا کەسەکان بۆ خوای گەورە ساغدەبنەوەو بۆ دینەکەی لیدەبڕین و قیامەتخوازانە دەکەونە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئیستیخلاف..

٥. ئەم ئەحەدییەتەی خوای گەورە بەرنامەیە: بەرنامەی پەیوەندی بەستنی دڵ و دەروون و هزرو هۆشی موسوڵمان بەم (وجوود)ە بەرفراوانەوە..پەیوەندییەک کە لەسەر بنەماکانی پێکەوەسازان و گونجان و هاوسۆزیی و هاریکاریی دروست دەبێت.. هەروەها لەگەڵ ژیانی هەموو گیانلەبەراندا، کە هەمووی بە پێی (مەنهەج)ی خوای خاوەن دەسەڵات و زاناو دانا دەبێت، چونکە وجوودی هەمووان بە فەرمانی قەدەریی ئەو پەیدابوون.. هەموو وجوود لەم دیدە ئەحەدییەتەوە جێڕێزن چونکە نیعمەتی خوای گەورەن و خەڵاتی میهرەبانیی خوای کردگارو پەروەردگارن بۆ ئەم مرۆڤە، بۆیە دەبێت قەدرزانانە رەفتاریان لەگەڵدا بکات..

٦.ئەم ئەحەدییەتەی خوای گەورە بەرنامەیە: بەرنامەیەکی راقیی ئازادانەیە، کە دەبێت لەسەر ئەم زەمینە بچووکەدا بچەسپێندرێت. لەم ژیانە کورتەدا نیشانبدرێت.. ژیانەکە خۆشی کاڵای چێژەو کاتییە، زۆر بەنرخ نییە، بۆیە شوێنکەوتن و شەڕەپاڵکردن لەسەری رێبزرکردنە..هەر لەم روانگەشەوەیە کە شوێنکەوتنی ئەم پەیامەی ئەحەدییەت ئەوە دەخوازێت کە شوێنکەوتووەکانی بەسەر حەزو ئارەزوو و هەواوهەوەسیاندا خۆیاندا زاڵ بن و بەربەستەکانی چێژو حەزو سوودو بەرژەوەندییە دنیاییەکان رێ لەوە نەگرن کە دەبێ ئەم بۆ خوای گەورە بسوڵحێت و بۆ دینەکەی لێببڕێت.. بێگومان ئەمە خەڵوەتکێشان و وەلکردنی دنیا نییە.. ئەمە گۆشەگیریی و خۆمەحرووومکردن نییە لە چێژو حەزو سوودو بەرژەوەندییەکان کە پێداوویستییەکانی کات و شوێنی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتیان پێ پڕدەبێتەوە.. ئەمە خۆدزینەوەو هەڵاتن نییە لە رووبەڕووبوونەوەی ژیان و کۆسپەکانی رێی کامەرانیی، کە بە سەرکەوتنی بانگەوازە خواییەکە دێنەدیی.. ئەمە بانگەوازیی صۆفیگەرێتیی نییە، ئەمە زوهدی دنیاییە.. ئەمە جوهدو جیهادە، ئەمە رەنجدانی بەردەوام و خەباتی نەپساوەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مرۆڤایەتیی مرۆڤ و واڵاکردنی ژیان بەڕووی هەمووواندا.. ئەمە بزاوتە بەم دینە، بە ئومێدی بەجێهێنانی ئەرکەکانی بریکاریی خوای گەورە لەسەر زەمین، کە ئەرکێکیانی دامەزراندنی خیلافەت و سەروەرێتیی شەریعەتەکەیەتی، تا سەرکردایەتیی و پێشرەوایەتیی جیهان بکەوێتە دەست ئەو ئوممەتە عەقائیدییەی بۆ خوا سوڵحاون و بۆ دینەکەی لێبڕاون و هەوڵی دابینکردنی نان و ئەمان دەدەن بۆ ئەو کەسانەی هاتوونەتە ژێر ئاڵای حوکمی دینەکەوە.. ئەمە رزگارکردنی مرۆڤایەتییە لە شیرک و کوفرو گوناح و تاوان، بە رووبەڕووبوونەوەی نەک بە دوورکەوتنەوە لێیان و خەڵوەتکێشانی چۆڵەوانیی.. ئیسلام خەڵوەتکێشانی ناوێت.. خۆدوورەپەرێزگرتن و هەڵاتن و خەڵوەتکێشان ئەرکەکانی بریکارێتییەکە ناهێننەدیی.

پێشڕەوێتیی و ئاڕاستەوانێتیی مرۆڤایەتییان پێ بەدەستنایات.. ئیسلام ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی جاهیلییەتی هەڵبژاردووە، ئەگەرچی قورسترو دژوارترەو هێنانەدیی ئامانجەکەشی دوورترە.. بەڵام ئیستیخلافەکە بەم چۆنیەتییە نەبێت نایاتەدیی..

ئیسلام هەر لەسەرەتای دەسپێکەوە مرۆڤ بەخۆی دەناسێنێت، بەو سیفەتەی کە مەخلووقێکی راقییەو خوای کردگارو زاناو دانا لە رۆحی خۆی بەبەرداکردووە، تا شیاوی هەڵگرتنی پەیامی خوایی بکات.. ئەمە وەرگرتن و سەلماندن و چەسپاندنی یەکەمین هەنگاوی رێبازی وەحییە.. جێگیربوو ئەمە لای شوێنکەوتووانی دینەکە، یەکەمین هەنگاوی سەرکەوتنی دیدو تێروانین و پێناسە وەحیەکەیە بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ.. ئینجا ئەم مرۆڤە کە ئاوا خوای گەورە دەناسێت، بەو شێوازە راست و رەوایە دەیپەرستێت کە نێرراوانی خوای گەورە سەلامی خوایان لێ بێت روونیانکردۆتەوە.. ئینجا لەسەر رەفتاری پارسەنگی نێرراوەکانی خوای گەورە پەروەردە دەبێت، تا شیاوو شایستەی هەڵگرتنی پەیامی خوایی ببێت.. ئاوا دەتوانێت پەیامەکە وەرگرێت و پێوەی پابەندبێت و بە کۆمەڵگەکەی بگەێنێت و لە دەسەڵاتی سیاسیی و حوکمرانییەکەشیدا بیچەسپێنێت.. ئەمەش داواکراوەکەیە لێی.. ئەمە بەجێهێنانی ئەرکەکانی ئیستیخلافەکەیە کە بۆی خەلقبووەو بۆی هاتۆتە سەر زەمین، بە پێی فەرمانە خواییەکە کە فەرمووی: (قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ. وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ) البقرة/ ٣٨_٣٩؛ پێمان وتن (بە ئادەم و حەواو ئیبلیس) دابەزنە سەرزەمین، حەتمەن پەیامی منتان بۆ دێت، هەر کەسێک بە رێنماییەکانی منەوە پابەندبێت ئەوە نە ترسی لە رابوردووی هەبێت و نە خەفەت بۆ داهاتووی بخوات. ئەمما ئەوانەی پەیامی من وەرناگرن و ئایات و بەڵگەکانی من

بەدرۆدەخەنەوەو کافر دەبن، ئەوانە دەبنە نیشتەجێیانی دۆزەخ و بە نەمریی تێیدا دەمێننەوە..

لەبەر ئائەمەیە کە سەرەتای بانگەوازی ئەم دینە، هەر تەئکییدکردنەوەیە لە (تەوحید) و لە حەقیقەتە عوقائیدییەکانی، چونکە دەیوویست ئەم حەقیقەتانە لە دڵ و دەروون و هزرو هۆش و رەفتارو رەوشت و داب و نەریت و بزاوت و هەڵوێستی تاکوکۆی شوێنکەوتووانییدا بچەسپێنێت.. چونکە تەوحید بەم وەسف و سیفەت و حەقیقەتانەیەوە دەبێتە باوەڕی دڵ و پێناسەو لێکدانەوە (تەفسیر)ی گەردوون و ژیان و مرۆڤ.. هەر ئاواش دەبێتە رێبازو بەرنامەی ژیانی تاکوکۆی گۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی.. ئاوا ئیسلام نابێتە قسەیەکی سەرزارەکیی، یان عەقیدەیەکی بێبزاوتی ویژدان.. نا عەقیدە لە ئیسلامدا هەموو دینەکە دەگرێتەوە.. ئەمما ئەفسیلات لێبوونەوەی لق و چڵ لێی (واتە ئەحکامەکانی شەریعەت)ئەوە هەموو سروشتی پیادەکردنی دینەکەیە، لە دڵ و دەروون و رەفتارو رەوشتی تاکوکۆی کۆمەڵگەو کردنی بە رێبازو بەرنامەی هەمووان (لە گۆمەڵگە و دەوڵەتدا)..

ئەوەی کە عەقیدەی ئیسلامی پێدەناسرێت ئەوەیە کە لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا قاڵوقووڵبۆتەوەو بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت هەموو ژیان لەسەر ئەو عەقیدەیە دابمەزرێت. عەقیدەکە بەرنامە کردەوەییەکەشە، کە دەچەسپێنرێت، نەک هەر دیدو باوەڕەکەی ناخی تاکەکان.. عەقیدەکە لە یاساو رێساداڕشتن و راپەراندنی ئەحکام و داوەرییکردندا دەردەکەوێتەوە.. ئاسەواری عەقیدەکە لە هەموو لایەنێکی حوکم و ئاڕاستەی کۆمەڵگەو ئیدارەی دەوڵەتەکەیدا دەردەکەوێت، چونکە بە عەقیدەکە ئاڕاستەی هەموو لایەنەکانی ژیان دەکرێت. بە عەقیدەکە دەناسرێت و بە شەریعەتەکە حوکمدەکرێت، کە هەر لە عەقیدەکەوە هاتووە. لەبەر ئەوەیە کە خوای

پەروەردگاریش لە کردگارێتیی و خاوەنێتیی و دەسەڵاتدارێتییدا یەکە، هەر وەکە کە لە خوایەتییەکەشیدا هەر یەکەو هەموو مەخلووقاتی ئەو دەپەرستن و عەبدێتیی بۆ ئەو دەنوێنن و لەکاتی موحتاجبوون و بۆ هێنانەدیی ئاوات و بۆ هێنانەدیی مەبەستەکانیان هەر رووو لەو دەکەن و لەو داوا دەکەن، هەر ئەویش بەدەم داوای داواکارانەوە دێت و ئاواتەکانیان دێنێتەدیی و پێداویستییەکانیان دابیندەکات.. لەم سیفەت و رەفتارەشیدا تاکوتەنهایەو بە تەئکید هاوبەشی نییە[1].

---

١ ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كُنتُ خَلفَ النَّبيِّ ﷺ فقال: يا غُلامُ إنِّي أعلِّمُكَ كَلماتٍ: احفَظِ الله يَحْفَظْكَ، احفَظِ الله تَجِدْهُ تجاهَكَ، إذا سَأَلْت فاسأَلِ الله، وإذا استَعنْتَ فاستَعِنْ باللهِ)؛ رۆژێک لە پشت پێغەمبەری خواوە ﷺ سواری گوێدرێژێک بووبووین، پێی فەرمووو: رۆڵە چەند ووتەیەکت فێردەکەم: خوای گەورە بپارێزە، خوای گەورەش تۆ دەپارێزێت، خوای گەورە بپارێزە، دەبینیت خوای گەورە رووبەڕووتە، ئەگەر لەبەر پێوویستییت داوای شتێکت کرد، لە خوای گەورە داوابکە، ئەگەر یارمەتیت دەوویست، هەر لە خوای گەورەی داوای بکە..

نووسەری رەحمەتی هەر ئەوەندەی لە فەرموودەکە هێناوەتەوە، هەموو فەرموودەکە ئاوایە: (كُنتُ خَلفَ النَّبيِّ ﷺ فقال: يا غُلامُ إنِّي أعلِّمُكَ كَلماتٍ: احفَظِ الله يَحْفَظْكَ، احفَظِ الله تَجِدْهُ تجاهَكَ، إذا سَأَلْت فاسأَلِ الله، وإذا استَعنْتَ فاستَعِنْ باللهِ، واعلم أنَّ الأُمَّةَ لو اجتمعت على أنْ ينفعوك بشيءٍ، لم ينفعوك إلاَّ بشيءٍ قد كَتَبَهُ الله لكَ، وإنِ اجتمعوا على أنْ يَضرُّوكَ بشيءٍ، لم يضرُّوك إلاَّ بشيءٍ قد كتبهُ الله عليكَ، رُفِعَتِ الأقلامُ وجَفَّتِ الصُّحُفُ) نووسیوێتی: ترمذی گێڕاوێتییەوەو دەفەرموێ: فەرموودەیەکی حەسن و سەحیحە.. راستە لای ترمذی (٥٧٥/٤ ژمارە ٢٥١٦)یەو لای ئیمامی ئەحمەد (٢٩٣/١) شێخی ئەلبانی لە (صحيح الجامع/٧٩٥٧)دا دەفەرموێ سەحیحە.

باسی سێیەم

تواناو هێزی ڕەها هی خوای گەورەیەو بەس ل ١٤٥/٢

(لا حول ولا قوة الا بالله)

هێزو تواناو دەسەڵات لە سیفەتەکانی پەروەردگارێتیی خوای گەورەن، کە عەبدێتیی و پەرستن پێویست دەکەن، لە یەکەمین ئاستەکانی باوەڕهێنان ئەوەیە کە باوەڕبهێنرێت بەوەی کە هەموو هێزو توانایەک هی خوایەو بەس، ئەمەش لە (لا حول ولا قوة الا بالله) دا دەردەکەوێت، کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم موسوڵمانانی فێردەکرد، تا یادی خوای گەورە پێبکەن و بیکەنە وێردی سەرزمان و تەسبیحاتیان[١]. زۆر جار زۆر

---

١ ئەبو موسای ئەشعەری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێی فەرموو : (أَلَّا أَدُلُّكَ عَلَى كَنْزٍ مِنْ كُنُوزِ الْجَنَّةِ؟ فقلت: بلى يارسول الله. قال: (لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ) متفق عليه.واتە : ئەرێ رێی دەسکەوتنی گەنجیەنەیەک لە گەنجیەنەکانی بەهەشتت نیشانەدەم؟ عەرزم کرد: بەرێ وەالله ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی : ئەوە (لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ) یە. واتە هەموو توانایەکی گۆڕاین و هێز هی خوای گەورەیەو بەس.. هەموو فەرموودەکە لای بوخاری ئاوایە: (عَنْ أَبِي مُوسَى رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي سَفَرٍ، فَكُنَّا إِذَا عَلَوْنَا كَبَّرْنَا، فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَيُّهَا النَّاسُ ارْبَعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ، فَإِنَّكُمْ لاَ تَدْعُونَ أَصَمَّ وَلاَ غَائِبًا، وَلَكِنْ تَدْعُونَ سَمِيعًا بَصِيرًا» ثُمَّ أَتَى عَلَيَّ وَأَنَا أَقُولُ فِي نَفْسِي: لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ، فَقَالَ: " يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ قَيْسٍ، قُلْ: لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ، فَإِنَّهَا كَنْزٌ مِنْ كُنُوزِ الجَنَّةِ " أَوْ قَالَ:

کەس لە حەقیقەتی هێز (وجوود) بێئاگادەبن، بۆیە مەڵسەنگاندنیان بۆ بەهاو قیەم کورت کەچ دەبێت و دیدو پێناسەیان بۆ هێزو خاوەنهێزو پەیوەندییان پێیەوە لێڵدەبێت، ئیتر لاسەنگانە مامەڵە لەگەڵ هێزەکاندا دەکەن. نازانن کامیانە راست و رەوایە؟ نازانن چی لە کامیان وەرگرن و چۆن؟ یان چۆنیان بەکاربهێنن؟ بۆیە هێزی دەسەڵاتداران و (دەسەڵاتی حکومەتان) زوو لەخشتەیان دەبەن. بە شێوەیەکی روون تر بڵێین ئاسان و زوو دەیانترسێنن، چونکە لە غافڵبوونیان لە هێزی بێسنورو تاکی خوای گەورەدا وا دەزانن حکومەت و دەسەڵاتداران خاوەن هێزو توانان و دەتوانن هەموو شتێک لەم سەرزەمینەدا بکەن. بۆیە ئەمانیش خۆیان لێ نزیکدەکەنەوەو حەزو ئارەزوویان دەخەنە قاڵبی حەزی ئەوانەوە، چونکە یان لێیاندەترسن یان تەماعیانتێیاندایەو دەیانەوێت لەژێر سایەی هێزی ئەماندا زیان لەخۆ دووربخەنەوە یان سوود بە خۆیان بگەێنن. دەچنە لایان و مامەییان بۆ دەکەن، تا رازییانبکەن. پێیاندا هەڵدەدەن تا بەرژەوەندییان بۆ بهێننەدیی. عەبدانە خزمەتیاندەکەن تا خۆ لە دەستوەشاندییان کەناردەن!

زۆر کەسیتریش زۆرجار وا دەزانن سامان و ماڵ، هێزە. بۆیە دەکەونە ژێر کاریگەرێتی ئەوو بە هەمان شێوە خۆ لە دەوڵەمەندەکان نزیکدەکەنەوە، بەو ئومێدەی بەرژەوەندیی خۆیانیان لا بهێننەدیی، یان خۆ لە خراپەیان بپارێزن. ئەمانە وا دەزانن پارەو سامان دەسەڵاتی بەسەر پلەو ئاستدا هەیە، یان دەتوانێت ژیان ئاراستەکات. بۆیە لە برسان یان لە ترسان خۆ لە سامانداران نزیکدەکەنەوە. هەوڵیشدەدەن بە هەر شێوەیەک بێت خۆ دەوڵەمەندبکەن، تا ببنە خاوەنی ئەو هێزەی دەسەڵاتی دەبێت

«أَلاَ أَدُلُّكَ عَلَى كَلِمَةٍ هِيَ كَنْزٌ مِنْ كُنُوزِ الجَنَّةِ؟ لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ») بوخاری (٦٣٨٤)، موسلیم(١٤٥٧).

و مامەڵە بە کەس و شتەکانەوە دەکات! وا دەزانن لەم رێیەوە دەتوانن خۆ بەسەر نەداراندا بنوێنن و خۆیان بەدەسەڵاتی پارە بەسەریاندا بسەپێنن.

زۆر کەسیتریش هەن هێزی زانست فریویان دەددات و وا دەزانن زانست ئەسڵی هێزو توانایە، زانست ئەسڵی هێزی دەسەڵات و هێزی داراییە، بەسەرچاوەی هەموو هێزێکیتری دەزانن کەوا دەزانن (زانا) بە کەیفی خۆی لە جەولانی هێزدا یارغەدەکات. ئەمانە هەموویان فریوی ئەم هێزە رێژەییە کاتیانە دەخۆن و وادەزانن هەموو دەسەڵاتێک هی ئەو کەسەیە کە ئەمانەی هەیە.. وا خۆ زەلیلدەکەن و رەفتاری ملکەچیی و گوێڕایەڵیی بۆ خاوەنی ئەم هێزانە دەنوێنن دەڵێی کۆیلەو پەرستیارن و لەسەریان فەرزە مەراسیمی پەرستنی عابیدانە ئەدابکەن. ئەمانە زوو دەکەونە ژێردەستی خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی و دارایی و زانست و ئەو پلەو پۆست و مەڵبەندانەی ئەم هێزانە.. جا هەیە تاکەو دەکەوێتە دەست تاکیتری وەکو خۆی، یان دەکەوێتە دەست کۆمەڵێک.. کۆمەڵ هەیە دەکەوێتە دەست کۆمەڵێکیتری وەکو خۆی، یان دەکەوێتە دەست دەوڵەتێک.. دەولەت هەیە دەکەوێتە بەردەست دەوڵەتێکیتر.. بەردەستەکان دەبنە کۆیلەی ئاڵقەلەگوێی دەوڵەتێکی زلهێز.. ئەم عابیدانەش وەکو کۆیلەی زەلیل، وەکو پەپولەی دەوری مۆم، خۆیان لە دەوری خاوەن هێزەکان دەگێڕن، تا لە رێگایەی عەبدێتییەوە بەرژەوەندی بهێننەدیی، یان خۆ لە خراپەکاریی و دەستوەشاندنی ئەو هێزدارانە بپارێزن.. ئەمانە نازانن، یان بیریانچۆتەوە، یان غافڵن لەوەی کە ئەو هێزە تاقانەی ئەم هێزە گچکانەی دروستکردووەو هەر هەموویانی لەدەستدایە، هێزی بێسنوری خوای گەورەیە. لەوە بێئاگا دەبن کە هێزی رەهای خوای تاکوپاک و دەسەڵاتدارە کە ئەم هێزانەی ئیجادکردووەو توانای پێبەخشیوون و رێی بە بزاوتیان داوەو وایان ئاڕاستەدەکات کە خۆی تەقدیریکردووە. لەوە غافڵدەبن کە پەنابردنەبەر ئەو هێزە گچکە دیاریکراوانە _تاک بن یان کۆمەڵ یان

دەوڵەت- وەکو پەنابردنە بەر تەونی جاڵجاڵۆکەیە.. جاڵجاڵۆکە کە حەشەرەیەکی گچکەو بێهێزەو ناتوانێت خۆی بپارێزێت. بەلیک و کەف (خانوو) بۆخۆی دروستدەکات! کە نەخۆی و نە تەون و تۆڕەکەی پارێزراو نین، مەگەر خوای گەورە بیپارێزێت، دەنا بچووکترین هێز تێکیدەداتەوەو خۆشی دەفەوتێنێت. ئێ باشە کەسێک پەی بە هێزی بێسنوری خوای گەورەو دەسەڵاتی رەهای ئەو ببات، چۆن خۆ دەخاتە بەر تەونی جاڵجاڵۆکە تا بیپارێزێت: (مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ)العنكبوت /٤١؛ نموونەی ئەو کەسانەی کە لە جیاتی خوای گەورە سەرپەرشتیاریتریان بۆ خۆیان داناوە، وەکو جاڵجاڵۆکەن کە خانوویەک بۆ خۆی پێکەوەدەنێت، لە راستییدا ئەم خانووە (یان ئەم ماڵە) لاوازترینە، لاوازترین ماڵ ماڵی جاڵجاڵۆکەیە، ئەگەر ئەوان پەی پێببەن و بزانن. (سوبحانە الله خوای گەورە هێزو جەبەرووتی طاغوتان چەندە گچکەو لاوازدەکاتەوە!).

ئائەم حەقیقەتە مەزنە کە قورئان ئاوا نیشانیدەدات، لە دڵ و دەروون و هۆش و هزری پۆلی یەکەمی ئیمانداراندا (یاوەران خوا لێیان رازی بێت) وا چەسپیبوو، کە بوونە بەهێزترین هێزی سەر زەوی. هیچ هێزێک لەو هەموو هێزەی لەو سەردەمەدا باڵادەستبوو، بەری ئەم هێزەیان پێنەگیرا.. ئەم پۆلە ئیماندارە بەم حەقیقەتە عەقائیدییانەوە هەر هەموویان رادان و لووتیبەرزیان پێ نەویکردن و تەخت و تاراجیانیان رمان. ئەم پۆلە ئیماندارە کەم و موستەزعەفە، کە ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانە دیدو تێڕوانینی پاڵفتەکردن و خستنییەسەر زانین و ناسینی هێزی رەهای خوای گەورەوا لافاوی هێرشیان هێنا بەسەر هێزو ئیمپراتۆریەتەکانی ئەو زەمانەدا، کە هیچ قەڵاو قوللەیەکی سەربازیی خۆی لەبەر شەپۆلیاندا نەدەگرت.

ئەم حەقیقەتە مەزنانە لەناخییاندا بووبوو بە بەڵگەنەوویست و دڵ و دەروونی پڕکردبوون لە دڵنیایی، ئەم حەقیقەتە مەزنانە بە خوێنیاندا گەڕا، تا باریکترین و کورتترین دەماری جەستەیانی پڕکرد لەم قەناعەتە! ئەم حەقیقەتانە وانەبوون کر هەر بەسەر زمانیاندا بێت و باوەڕیان پێی هەبێت و بەس.. ئەمە شتێک نەبوو موناقەشەیبکەن.. ئەمە بوو بە حەقیقەتێک وەکو دیتنی وەحیەکەی لێهات، کە بە حەقیقیی دەیانبینی لە خواوە دادەبەزێت بۆ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، تا ئەم پۆلە ئیمانداره بە حەقیقەتەکانیتر گۆشبکات.. ئەوە بوو بە حەقیقەتێک کە ئەوەندە حزووری هەبوو کە غەیری ئەم نە بە هۆشدا دەهات، نە بە خەیاڵدا.

تەنها هێزی خوا هێزەو بەس.. تەنها سەرپەرشتی خوا سەرپەرشتییەو بەس.. داڵدەدان تەنها لە کەناری خوادایەو بەس.. هەرچی غەیری هێزی خوایە، هێزنییە، هەرچەند گەورەو باڵادەست و دەستدرێژ دەربکەوێت، هەر بودەڵەو نابووت و لاوازە.. هەرچەند ستەمکاربێت و سنوربەزێنێت، هەرچی شێوازو ئامێرو هۆکاری چەوسانەوەو زوڵم و ئەشکەنجەی هەبێت، هەر هەمووی ماڵی جاڵجاڵۆکەیەو خۆشیان لە جاڵجاڵۆکە لاوازترن.. هەموو هێزو جەبەرووتیان لەو تەون و داوە کەفیینە بەهێزترنییە کە جاڵجاڵۆکە چنیویەتی، بەڵام ئەوانە نەفام و یاخیی و سەرکەشن، پەی بەم حەقیقەتە نابەن: (وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ).

هەڵگرانی ئاڵای خواوویستی کە دووچاری تین و فشارو ئەشکەنجەو ناسۆر دەبنەوە، یان ڕووەوڕووی جۆرەها لە خشتەبردن و ڕێگۆڕین و موساوەمە دەبنەوە، هەقە لەبەردەم ئەم حەقیقەتە مەزنەدا بۆ سەرنجدان زۆر ڕاوەستن، ناشێت تەنانەت ساتێکیش لەبیریانبچێتەوە، چونکە لە هەموو سات و شوێن و حاڵەتێکدا -کە بەرامبەر هێزە جیاوازە دوژمنەکان دەوەستنەوە_ پێویستیان بەم حەقیقەتە مەزنەیە،

کەخۆی پێوە رابگرن و لە بەر رۆشناییدا بڕۆن. دەیان هێزی بەرهەڵستکار دێتە وێزەیان. یەکیان هەوڵی ریشەکێشکردنیان دەدات، ئەویان رێی پێ دەگۆڕێت، ئەمیان هەوڵیان لەگەڵ دەدات بیانکڕێت، ئەویان وورەیان دەڕوخێنێت.. بەڵام ئەمانە هەمووی ڕایەڵی جاڵجاڵۆکەن. هەموویان لە حیساباتی خوای گەورە تەونە شاش و کەفیینە سادەکەی جاڵجاڵۆکەکەن.. هەموو ئەم هێزانە لە روانگەی عەقیدەوە گچکەو کەم و لاوازن.. ئەمە کاتێک وایە کە ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە مەزنە لە دڵ و دەروون و هۆش و هزرو رەفتاری ئیمانداردا بووبێتە بەڵگەنەوویستی جیگیرو نەگۆڕ. کاتێک کە بەراستیی ئەم حەقیقەتە دەناسێت و سەرراستانە رەفتاری لەگەڵدا دەکات. ئەو کاتەی کە (یەقین)ی لادروستدەبێت کە هێزی بێسنورو کاریگەری رەها، هێزی خوایەو هێزیتر کاوبایە..

کاتێک ئاوا رەفتاردەکات کە ووردەکارانە راست و دروست هەڵسەنگاندنی کردبێت. ئەو کاتە کە هەستدەکات و دڵنیادەبێت لەوەی کە خوای کردگارو دەسەڵاتدارو خاوەنهێزە رەهاکەی وجوودی لە پشتەو وەلیدایە.. جا کە دڵنیایە خوا لە پشتێتی بۆچی لە هێزی بەردەمی دەترسێت؟ کە خوای وەلدابێت، کەوابوو هیچ هێزێک نییە دژی بێت و بتوانێت بیوەستێنێت. هەرچی هێزو جەبەرووتێک کە لە روویدا وەستاوە، لە حەقیقەتدا هیچنین. هیچ کارو کارتێکردن و ئاسەوارێکیان نییەو نابێت.. هەر کەسێک خوای گەورەی لەپشت بێت چۆن دەشکێت؟ چۆن بزردەبێت؟ چۆن گومرادەبێت؟! خوای گەورە بە ئیمانداران دەفەرموێ: (وَقَالَ اللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ..)مائدة/١٢؛ خوای گەورە فەرمووی من وەلتاندام. ئێ ئەوەی خوای گەورەی وەلدایە بەسێتی، ئەو رێی نیشاندەدات، هەرگیز بزرنابێت و رێ بزرناکات و وێڵنابێت. سەری لێ تێکناچێت و گومڕانابێت.. ئەوی خوای گەورەی وەلدابێت ناڕەحەتنابێت. فیتنەو تین و فشار کاری تێناکات. ئەوی خوای گەورەی وەلدایە یەعنی لێی نزیکە، ئەوی لەخوای گەورە نزیکە

هێمن و ئاسوودەو سرەوتووە. بەڵام ئەو وەلدابوونە هەروا بە خۆڕایی نادرێتە کەس. ئەمە خەڵاتە. ئەو کەسەی شایەنی نەبێت چۆن دەستیدەکەوێت؟ خۆ ئەمە خزمایەتیی و دۆستایەتیی و ڕێزی کەسایەتیی، یان واسیتەو واسیتەکاریی نایکاتە نسیبی کەس. ئەم وەلدابوونە هۆکارو مەرجی هەیە.. وەلدابوونی خوای کردگارو دەسەڵاتدارو زاناو داناو میهرەبان بۆ ئەو کەسانەیە کە بە راستیی دەیپەرستن. لە واقیعدا عەبدێتییان بۆ خوای گەورە سەلماندووە. ئەوانەی کە بۆ خوا سوڵحاون و بۆ دینەکەی لێبڕاون و بێباکانە بانگەوازی خواویستییان ڕاگەیاندووەو لە پێناوی چەسپاندنی سەروەریی شەریعەتەکەیدا خەباتدەکەن و خۆگرانە لە رووی بەربەستەکاندا وەستاون.. ئەمە حەقیقەتێکیتری عەقائیدییە کە قورئان زۆر تەئکید لەمە دەکاتەوە. بەردەوام باسیدەکات، تا لە دڵ و دەروون و هۆش و هزرو رەفتارو رەوتدا بچەسپێت.. ئەمە حەقیقەتێکیتری پەیوەندی نێوان خوای گەورەو موسوڵمانانە. ئەمە پەیوەندی پتەوی ئەم مرۆڤە ئیماندارەیە بە هێزی بێسنورو بێوێنەی خوای گەورەوە. ئاوا خوای گەورە ریزی ئەم ئیماندارانە بە ریزی خۆی دەناسێت. رەفتاری ئەوان بە بەرهەمی ئاراستەی خۆی دادەنێت. ئەرک و کاروباریان بە ئەداکردنی فەرمانەکانی خۆی دەزانێت. خوای گەورە بە لوتفی خۆی ئەو دیندارانە دەگرێتەخۆی و دوژمنەکانیان بە دوژمنی خۆی حسێبدەکات. هەرچی پیلان و فێڵ و ساختەکارییان هەیەو دژی موسوڵمانان بەکاریدەهێنن، خوای گەورە رووەوڕوویان دەوەستێتەوەو پوچەڵیدەکاتەوە.. خوای گەورە لە لوتف و گەورەیی خۆیەوە دەفەرموی: (يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ) البقرة/٩؛ دەخوازن خوای گەورەو موسوڵمانان هەڵخەڵەتێنن، بەڵام خوای گەورە هەڵخەڵەتاندنەکەیان دەکاتەوە بە تووش خۆیانەوە، بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێبکەن دەبنەوە بە داوی خۆیانەوە!

بڕوانه ئەم گەورەیی و لوتف و سۆزو هاوکاریکردنه ! بڕوانه مەنزیلەی ئیماندارانی بۆ کوێ بەرزکردۆتەوە؟ بڕوانه خۆیان و هەڵوێست و حەقیقەتیانی گەیاندۆته چ ئاستێک؟ ئەمه هەمووی وەسفی (ئیمان)ه کەیە، بزانه خاوەن (ئیمان) لای خوای گەوره چەنده بەڕێزو خۆشەویست و پەنادراوە.. به ڕاستیی ئیمانداریتیی گەورەترین و بەرێزترین و باڵاترین حەقیقەته، که موسوڵمانی دیندارو سەرراست دەستی لێی گیربووه.. ئەم ئیمانداریتییەیه که ئەو دڵنیایی و هێمنیی و ئاسوودەییەی له ناخی موسوڵماندا وا دروستکردووه که خۆشی نازانێت سنووری چەندەو تا کوێیه؟!! سبحان الله. بیر لەوه بکەرەوه که خوای گەورەو کردگاری دەسەڵاتدارو خاوەنهێزی ڕەهاو بێسنوور، چۆن کێشەی ئەم ئیماندارانەی کردووه به کێشەی خۆی. جەنگ و جیهادیانی کردووه به ئەرکی خۆی. دوژمنیانی کردووه به دوژمنی خۆی! له ریزیاندایەو وەلیاندایەو هەموو ئەرکێکی بزاوتیان بۆ ئاساندەکات. که دەگلێن به ڕێزەوە بەرزیاندەکاتەوە بۆ لای خۆی! جا که ئەمه حەقیقەتی بەرەکەیە، ئیتر بەرەی ئەوبەر چیه، بەرەی عەبده گۆڕاوو دۆڕاوو سەرکەشەکان و فێڵکاریی و چەواشەکاریی و ئازاردان و ئەشکەنجەدان؟ ئەمانه چین له چاو ئەو ریزی وەلدابوون و بەرزکردنەوەیە بۆ کەناری خوای باڵادەست و میهرەبان؟.

دڵ و دەروون و هزرو هۆشی ئەو پۆله ئیمانداره وجوودی خوای به هەموو سیفەتەکانییەوه له دڵ چەقیبوو، هەستیان به پاڵپشتی هێزه ڕەهاییەکەی خوای گەوره دەکرد. هەر هەموو سیفەتەکانی لایان حەقیقەتی بەڵگەنەوویست بوو. ئاواش رەفتارییان لەگەڵدا دەکرد، هەستیاندەکرد ئەم دینه سەرلەنوێ دایڕشتونەتەوە. ئەمانه ئێستا کائیناتێکیترن، وشەی خوای باڵا دەبیستن و خوای گەوره لێیان نزیکه. هەموو ژیان و رەفتارو گۆڕانکارییەکانیان جێبایەخی خوای گەورەیە. راستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتیارێتی ئەودان. سکاڵاو چرپەو داوایان راستەوخۆ دەگاته خوای گەوره

خۆی! کەس لەو نێوانەدا نییە. خوای گەورەش داوایان ئیهمالناکات، جێبەجێ کردنیشی بە کەس ناسپێرێت، هەر خۆی راستەوخۆو نزیک وەڵامیاندەداتەوە. بە راستیی ئەم ئیماندارانە لە چێژی رۆحیی و ئاسوودەیی دەروونندا بوون، چونکە لە هاودەنگیی خوای مەزندا بوون. لە کەناریدا حەواوەبوون. هەستیان بە رەحمەت و بەرەکەت و سۆزی دەکرد. هەستیان بە واقیعێکی زیندووی دڵ و دەروون و هزرو هۆش و رەفتارو بزاوتی ژیانیان دەکرد. هەموو شتێکیان لە واقیعدابوو، نەک خۆزگەو ئاواتی ماتومەلوولان، نەک خەیاڵ و وەهمی تەوەزەلان، نەک بیرو فکری بەرسێبەران، نەک نواندن و نیشاندانی ئەکتەران.. نا، لە واقیعەکەی خۆیاندا هەستیان بەم حەقیقەتە مەزنانەی (وجوود) دەکرد.

جیهادی بێوچان و بێپسان:

قورئانی پیرۆز واقیعی ئوممەتە عەقائیدییەکە وێنادەکات، واقیعێکی حەقیقیی ژیانی مرۆڤ نیشاندەدات، حەقیقەتی ململانێی بێئامانی نێوان کوفرو ئیمان باسدەکات، ململانێی نێوان حەق و باتڵ. جەنگ و جیدال و دەبەرێکراچوونی خواوویستان و طاغووتە ملهوڕو لوتبەرزەکانی سەرزەوی، کە بە ناهەق خۆیان لەو خەڵکە کردۆتە خواو خاوەنی دەسەڵات! ئەم ململانێیە کۆنە، بە قوڵایی مێژوودا ڕۆچووە. سەرەتاکەی لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیەوەیە. بواری رووبەڕووبونەوەکەی بەرفراوانەو هەموو سەرزەمین و هەموو ژیانی گرتۆتەوە. چونکە (وجوود) هەر هەمووی ملکەچانە بۆ خوای گەورە کڕنوشدەبات. هەموو مرۆڤەکان ستایشی خوای گەورە دەکەن. بەڵام کۆمەڵێک مرۆڤی سەرکەش و نەفام و ستەمکار کافربوون و دەمەوەریی لەبەڵگەو نیشانەکانی خوای گەوەرەدا دەکەن و وەحی بەدرۆدەخەنەوە. هەر لەم قورئانەدا چارەنووسی ئەم ململانێیە دەبینین. کۆتایی ئەم جەنگەمان چاولێیە، کە لە دووبەرەی نابەرامبەردا دەرکرەتووەو بەردەوامیشە، بەڵام ئەنجامی رۆشنە.. بەرەی خواوویستان

بەرفراوانەو زۆر دوورودرێژەو بەرەی بەرامبەر کۆمەڵە خەڵکێکی پەرتەوازەو لەخوایاخیی مەڕاڵ، لووتبەرز بەکافربوونیان، بە رواڵەت دەسەڵاتدارانی ووڵاتن، هێزو توانایان بە دەستەوەیە، دەسەڵات و سامان و سوپایان بەدەورەوەیە، بەڵام پشێوو و نابووتن، دۆڕاون. هەرچی پێیاندەکرێت هەر تەنفیسی رق و قین و بوغزیانە، نەک بەڵگەو نیشانەی راست و رەواو دیدو هەڵوێستی هەق.

قورئان ئەم حەقیقەتەش زۆر بە روون و ئاشکرایی و بە تەفسیل و دەخاتە پێشچاوی خواویستانی، تا لە دڵ و دەروون و هۆش و هزرو واقیعیاندا باش بچەسپێت، تا ئەو کەسانەی داعین و ئاڵای تەوحیدەکەیان پێیە ئاوا بانگەوازی حەقی خوایی راگەیێنن و بزانن ئەسڵی ململانێ و بەرەکانی و رووبەڕووبونەوەو رادەو بڕی هێزەکان چەندن و چین.. تا هێزی باتڵیان لا بەهێز نەبێت، وا نەزانن ئەو باتڵەی لە ماوەیەکی کات و شوێندا هێزێکی زاهیریی لەدەستدایە خاوەن هێزەو جەولانی جەنگ دەباتەوە.. نا، ئەمە حەقیقەت نییە، حەقیقەتی بەڵگەنەوویست ئەوانەن کە قورئان باسی لێوە کردوون. قورئان کەلامی خوایە، خوای گەورە زاناترو راستترینەو راستگۆیانە پێناسەی حەقیقەتەکانی بۆ کردوون. خوای گەورەو خاوەنهێزو دەسەڵات بەسە وەل موسوڵماندا بێت و پشتیوانییان لێبکات.. موسوڵمان خوای گەورەی وەلدابێت لە چی دەترسێت؟ (أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِن دُونِهِ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ) الزمر/٣٦ ؛ مەگەر خوای گەورە بۆ پشتیوانییکردنی عەبدی خۆی بەس نییە؟ ئەوان بە غەیری خوای گەورە جەنابت دەترسێنن! ئاخر کەسێک خوای گەورە گومڕای بکات، بە هیچ کلۆجێک رێنمایەکی دەستناکەوێت رێی نیشانبدات.. ئەمە وێناکردن و نیشاندانی باوەڕی پتەوە، لە سادەیی و هێزو بەهێزییدا، لە ڕۆشنیی و قاڵ و قوڵێتییدا. هەر وەکو ئەو وێنەو نموونەیەی لە دڵی پاکی پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم نەخشێنرابوو، کە دەبێ ئاواش لە دڵی هەموو

موسوڵمانێکدا بچەسپێت، مادام پەیامی خوای هەڵگرتووەو سەروەریی شەرع دەچەسپێنێت. مادام ئاڵای تەوحیدو بانگەوازی خواوویستی هەڵگرتووە.

ئەم قورئانە پیرۆزە کە دەستووری دیدو ڕێی موسوڵمانە، بۆ روون کردنەوەی حەقیقەتەکان و چەسپاندن و ڕەفتارپێکردنیان بۆ موسوڵمان بەسە، پێویستی بە هیچ دەستوورو ئایدۆلۆژیاو دیدێکیتر نابێت. قورئان هەمووشتێکی بۆ روونکردۆتەوە، ڕێگای دووری خەبات، ڕێگای راستی خواوویستیی و زەرووڕەتی خۆگریی و ئارامگریی لەسەریی. پاشان بەربەستەکانی رێ و بەرەی شەڕخوازانی شیرک و کوفرو جاهیلییەت و حەقیقەتی ململانێ و جەنگی نەبڕاوەی نێوان حەق و باتڵ و ناساندنی هەموو هێزە طاغووتیەکان، بە سیفاتی ناخی تاکوکۆو پلانی دیدو هەڵوێست و ڕەفتارییانەوە.. قورئان هەمووی بە موسوڵمان ناساندووە. لە هەمان کاتیشدا حەقیقەتە عەقائیدیەکانیشی رۆشنانە بۆ باسکردووەو متمانەو دڵنیایی لەناخدا دروستکردووە کە خوای لە پشتەو خواشی بەسە.. (أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ)؟ مەگەر خوای گەورە بۆ عەبدی خۆی بەس نییە؟! بەدیی.. بە تەئکید خوای گەورە بەسە، جا کە ئەو بەسە، ئیتر موسوڵمان خەمی چییەتی؟ ترسی لەچیە؟ مادام خوای گەورەی وەلدایەو ئەمیش ئەرکی عەبدێتیی خۆی سەرراستانە ئەدادەکات، ئیتر باکی بەچیە؟ کێ گومان لەمە دەکات، کە ئەگەر خوای گەورەی وەلدابێت، ئەوی بەسە؟ خوای کردگارو بەتواناو دەسەڵاتدارو بەئاگا، کە هەر هەموو وجوود لە ژێر قەهری وویست و زانست و توانای ئەودایە، ئیدی بە چی دەتترسێنن؟: (وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِن دُونِهِ)!!

موسوڵمانێک دڵنیابێت خوای وەلدایە، چۆن دەترسێت و لە چی؟ جا کەسێک لە پاسەوانێتیی خوادا بێت لە هێزی مەخلووق دەترسێت؟ ئێ غەیری خوای گەورە هەموو بوونەوەر مەخلووقە.. ئەگەر هەر هەموو مەخلووقات لەسەر زیان لێدانێک جەمبن

(کەئەستەمیشە) ناتوانن بە بێ قەدەری خوای کارزان هیچ بکەن.. ئەمە حەقیقەتە. حەقیقەتێکی زۆر روون و زۆر ئاسان. جەنگ و جیدال و قاڵوقوڵبوونەوەی ناوێت. بەڵگەنەوویستە، لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی گەرەکنییە. ئەوە خوای گەورەیەو پشتی ئەو خواوویستەی گرتووەو سەریدەخات، دەیپارێزێت و لەسەری دەکاتەوە. ئایا هەرچی (مِن دُونِهِ) ی هەیە دەتوانن زەربەیەک لەو خواوویستە بدەن، کە لەژێر سەرپەرشتیاری خوای گەورەدا بێت؟! کە دیمەنەکە ئاوا رۆشنە، ئیتر چ گومانێک لە کارەکەدا هەیە؟ حەتمەن ویستی خوای گەورە زاڵدەبێت، قەدەری خوای گەورە سەردەکەوێت. ئەسڵەن هەر هەموو (مِن دُونِهِ) بەبێ قەدەری خوا نابزوێن.

خوای گەورە خۆی بە قەدەری خۆی، بە ئەندازەگیریی ئەزەلیی خۆی بزاوت و سرەوتی هەموو (وجوود)ی تۆمارکردووە، ئیتر چۆن موفرەدەیەکی یاخیی و سەرکەش (طاغوت و دەست و پێوەندی) دەتوانن بەبێ ویست و زانست و توانای خوای گەورە ببزوێن؟چجای ئەوەی زیانێک بەو خواوویستە داعیە موجاهیدە بگەیێنن؟

ئەوی ماف و توانای سەرخستنی عەبدە سەرراستەکانی خۆی هەیە، ئەو دەبێت بپەرسترێت: (أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ. وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ)الأعراف/١٩٢؛ ئایا شتێک دەپەرستن کە هیچی خەلقنەکردووەو خۆشیان خەلقکراون؟ ئەو پەرستراوانە خۆ ناتوانن سەرکەوتنێکیان بۆ مسۆگەربکەن، تەنانەت سوودیان بۆ سەرکەوتنی خۆشیان نییە! ئەمما ئەوانەی لافی خوایەتییان بۆ لێدەدرێت، هەر هەموویان بێهێز و بێدەسەڵات و لاوازن، ناتوانن سەرکەوتنێک دابینبکەن، نە بۆ خۆیان، نە بۆ شوێنکەوتووە نەفامەکانیشیان، ئێ ئیتر چۆن دەشێت بکرێنە خواو بووترێت ئەوانیش وەکو خوای گەورەن؟!

هێزی ڕەهاو بێسنور هێزی خوای گەورەیەو بەس. هێزیش بۆ پاراستن، بۆ سوودهێنان یان دوورخستنەوەی زیان، هەر لەو داوا دەکرێت، نەک غەیری ئەو: (فَإِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا)النساء/١٣٩؛ هەر هەموو دەسەڵاتدارێتیی ماف و موڵکی خوایەوبەس. هەموو پشتیوانیی و سەرخستنێک کە نەفسی مرۆڤێک خۆزگە بۆ هەبوونی بخوازێت، کە هەموو توانایەکی سەرخستنی هەبێت، خوایەو بەس. ئەو کەسەی پشت بەو دەبەستێت براوەیە.ئەو کەسەی پشت بەو نابەستێت و ئومێدی بە غەیری ئەوە سەریخات، هەر بێدەسەڵات و زەلیلە.. ئەمە حەقیقەتە.. ئەو کەسەی کە دەخوازێت لە کۆیلەیی و زەلیلیی و ژێردەستەیی ئازادببێت، تاکە ڕێگایەکی هەیە، کە سەلماندن و چەسپاندنی عەبدایەتییە بۆ خوای تاکوتەنها. ئەوی ئازادی لە غەیری عەبدێتیی بۆخوادا دەوێت، کۆیلەو ژێردەستەی دەیان هێزیتری مەخلووقە لەمرۆڤ، لەدابونەریت، لەئینتیما، لەترس، لەئیعتباراتیتر.. عەبدێتیی بۆ غەیری خوای گەورە ژێردەستیی و چاوشۆڕییە. ئەمما عەبدێتیی بۆ خوای گەورە، ئازادبوونە لەو هێزو دەسەڵاتە جاهیلییانە.. هێزو دەسەڵات لە خوای گەورە داوا دەکرێت، چونکە غەیری ئەو نە هێزی هەیەو نە دەسەڵات.

ئای ئەمڕۆ ئەو کەسانەی خۆیان بە موسوڵمان دەزانن و هێز لە دوژمنە سەرسەختەکانی ئیسلامەوە وەردەگرن و پشت بە هێزو دەسەڵاتی ئەوان دەبەستن، چەند پێویستیان بە سەرنجدانی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانە هەیە. چەند پێویستیان بەوەیە لەم قورئانە پیرۆزە ووردببنەوەو بیخوێنن، ئەگەر ڕاستدەکەن و موسوڵمانن.. ئەگەر ڕاستەو دەیانەوێت لە پەیامی خوا حاڵی بن.. دەنا خوای گەورە بێنیازەو پێویستی بە کەس نییە لە قورئانەکەی وردببێتەوە، چجای ئەوەی وەریبگرێت یان نا..

باسی چوارەم

ترس و بیم هەر لە خوای گەورەیەو بەس ل٢/١٥٠

(لا خشية ولا خوف الا من الله)

دیدو تێڕوانینی عەقیدییانەی ئیسلام ئەو حەقە مەزنە لە دڵ و دەروون و مۆش مرزدا دەچەسپێنێت، کە پەیوەندی بە خوای گەورەوە هەیە. هەر یەک لە سیفەتەکانی خوای گەورە حەقیقەتێکی عەقائیدیی بێسنوورن. هەموو دەبێ بەڵگەنەوویستانە لە قەناعەتی موسوڵماندا بچەسپن. یەکێکیتر لەو سیفەتانە کە حەقیقەتێکیتری عەقائیدییە ئەوەیە کە ئەو دڵە پڕئیمانەی بۆ خوای گەورە ساغبۆتەوە، لە غەیری خوای گەورە ناترسێت. چونکە خوای گەورە خاوەنی هەموو شتێکە. لەخەڵکی ناترسێت چونکە خوای گەورە خاوەنی هەموو وجوودەکەیە. ئا ئەمە کەسایەتیی پارسەنگیی موسوڵمانە وەکو قورئان نیشانیدەداتەوە؛ (الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ)آل عمران/١٧٣؛ئەو ئیماندارانەی کە خەڵکی دەهاتنە لایان و پێیاندەوتن وا خەڵکانێکی زۆر بۆ هێرشکردنەسەرتان کۆبونەتەوە، حسابیان بۆ بکەن و ترس و حەزەری خۆتان وەرگرن لێیان، بەڵام ئەم هەواڵە باوەڕی ئەمانی پتەوترکردو هەموو وتیان خوای گەورەمان بەسە. خوای گەورە باشترین کاربەدەستە..

ئەوە شەیتانە کە یاوەران و ئەرباب و شوێنکەوتووانی خۆی بە گەورەو بەهێزو دەسەڵاتدار نیشاندەدات، کە گوایە سەرکەوتن و زاڵبوونیی شوێنکەوتوانی مسۆگەرە. ئەو ئەم ختورانە دەکاتە شەڕی واتەوات و لە دڵی خەڵکییدا دەیکاتە هەست و

خرۆش، کە گوایە ئەو طاغوتانەی شەیتان خاوەنهێزن و دەسەڵاتدارن، دەتوانن سوودبەخەڵکی بگەیێنن و زیانیان لێ دووربخەنەوە، مادام لە خانەی ئەواندا بن. ئەمما ئەگەر بوونە بەرهەڵستکاریان، ئەوا ئەوان دەتوانن هەموو جۆرە زیانێکیان پێ بگەیێنن.. شەیتان ئاوا بازنەی کاریگەرێتیی شەڕخوازانی فراواندەکات. ئاوا خراپەکاریی بڵاودەکاتەوە. ئاوا ورە دەڕوخێنێت و خەڵکی چەواشەدەکات، بۆ ئەوەی ژێردەستەی طاغوتانیان بکات، تا دەستەمۆبن. تا کەس دەنگی ناڕەزایی بەرزنەکاتەوە بەرامبەریان، تا کەس نکووڵی رەفتارە ستەمکارەکانیان نەکات، تا کەس هەوڵنەدات دژایەتیی پڕۆژە شەیتانییەکانیان بکات، چجای لە رووبەڵگەڕانەوەو شۆڕشکردن بەرامبەریان، یان ریشەکێشکردنیان. ئەوە کار و ڕەنجی بەردەوامی شەیتانە: (إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ)آل عمران/١٧٥؛ ئەوە شەیتانە، کە بە شوێنکەوتووەکانی دەتانترسێنێت، کە گوایە ئازاو خاوەنهێزو بەدەسەڵاتن. خەمتان نەبێت و لێشیان مەترسن. لە من بترسن ئەگەر راستدەکەن و موسوڵمانن. شەیتان خاوەن پڕۆژەو بەرنامەو بەرژەوەندیی خۆیەتی. لە قازانجی ئەوە، کە باتڵ خۆفشدەکاتەوەو گەردنی خەڵکی بۆ پڕۆژەکانی ئەو کەچدەکات. تەشەنەکردنی خوانەناسیی و خراپەکاریی و تاوان لە قازانجی شەیتانە، تا خراپەو شەرخوازیی ئازاو بەهێز دیاربن، تا بەتوانا دەرکەون، تا دەستدرێژیی و ستەمکارییان پەرەبسەنێت و توندوتیژ دیاربن. ئەمە لە قازانجی شەیتانە. چونکە هێزی طاغوتی نامێڵێت دیدی خواناسیی و بزاوتی خواوویستیی ئاشکراو راشکاوانە دەرکەوێت، نەبادا هێزێکی ئیماندار بێتەکایەوە هاوکێشە شەیتانیی و طاغوتییەکە بگۆڕێت. بۆیە لە بەرژەوەندیی شەیتان و طاغوتانە کە ئەهلی باتڵ خاوەنهێزی کوشندەو بڕندەو دەسەڵاتی بێبەزەییانەبن. لە دیدی طاغوتانەوە ئەمە چارەسەرە، چونکە نامێڵێت کەس ببێتە بەرهەڵستکار(موعارەزە). کەس هەوڵی لاوازکردن و فەزحکردنی پڕۆژە شەیتانییەکانیان

نادات و هەموو لەژێر تارمایی ترسوبیم و تۆقاندندا کپدەبن، متق لەخۆدەبرن، کرِدەبن.. ئاوا رێ بۆ طاغوتان و هەموو شوێنکەوتووەکانیتری شەیتان خۆشدەبێت و ئەو رەفتارانە دەنوێنن کە شەیتان پێی شاگەشکە دەبێت. شەیتان خۆشحاڵە بەوەی شوێنکەوتووەکانی باتڵ بەحەق و حەق بە باتل دەناسێنن. چاکەیان لەو خەڵکە کردووە بە خراپەو خراپەیان لا کردونەتە چاکە. پیاوچاکانیان بە پیاوخراپ و شەڕانیی ناساندووەو پیاوخراپ و دەستدرێژکایشیان بە پیاوچاک ناساندووە. شەیتان شادمانە بەوەی شوێنکەوتوەکانی فەسادو نارەوایی و گومڕایی بڵاودەکەنەوە، بەو شێوەو چۆنیەتییەش کە ئەم ویستوێتی. کامەرانە بەوەی دەنگی حەقیان کپکردووەو سەدای دادو جوامێریی خامۆشەو باتڵ نەڕەی دێت و ستەم و نارەوایی لە هەموو لایەکەوە دەنگدەداتەوە. شەیتان ئاسوودەیە، کە دەبینێت طاغوتان خۆیان لە جەماوەری چەواشەکراو کردۆتە خواو هەوڵی ریشەکێشکردنی خێرو رێگرتنی چاکسازیی دەدەن. خراپەو شەڕخوازییش بەردەوام بڵاودەکەنەوە، کەسیش ناوێرێت بەرهەڵستییانبکات، یان لە روویان هەڵگەڕێتەوە، چجای گۆڕینیان، چجای جیهادکردن بۆ لادان و رادانیان لە مەڵبەندەکانی بریارو دەسەڵات. چجای ئەوەی خەڵکێک بوێرێت باتڵیان فەزحبکات و چەواشەکارییان کەشفبکات و حەق بناسێنێتەوە، کە کەناریانداوەو پەردەپۆشیانکردوە، تا خەڵکی نەیناسن و پێوەی پابەندنەبن. شەیتان فێڵبازە، چەواشەکارێکی لێزانە، هەزاران شێوازی فریودان و لە خشتەبردن و هەڵخەڵەتاندنی هەیە.. طاغوت و شوێنکەوتووانی خۆی و ئەوان دەکاتە واجیهەی پڕۆژەکان و خۆی لەپشتیانەوە قایمدەکات. تا کۆتامەودا بە وەسوەسەی خۆی ترس دەخاتە دڵی خەڵکیەوە. ئینجا بە گورزو داپڵۆسینی شوێنکەوتووەکانی، بە بازوی جەللادەکان و چەکی طاغوتەکانی ئەوانە دەتۆقێنێت کە وەسوەسەکەی خۆی نەیترساندوون! خوای گەورە لێرەدا هەموو ئەو پڕۆژە باتڵە بۆ موسوڵمانان کەشفدەکات. شەیتان و

طاغوتان شوێنکەوتووانیان بەڕووتوڕەجاڵی دەخاتەڕوو. هیچ پەردەیەک بەسەر مەکرو فێڵ و چەواشەکاریانەوە نامێنێت. حەقیقەتیان وەکو کە هەن نیشاندەدات. دەفەرموێ: ئا ئەوە شەیتانە، ئەوە فشەو فیشاڵ و شێوازی هەڵخەڵەتاندنەکانییەتی، ئەوە وەسوەسەکانی خۆی و هەڵنانی طاغوتان و هاندانی شوێنکەوتوانی خۆیەتی، کە تەنها بەوە گرەویانبردۆتەوە کە زۆرینەی خەڵکی وایانزانیوە راستە ئەوان لەسەر حەقن. ئەوان خاوەنهێزن، ئەوان خێرخوازن! بەڵام ئەوەتان ئەوە خۆیان و حەقیقەتی نییەت و دیدو بۆچوون و هەڵوێستیان، ئەوە پڕۆژەو نەخشەیان، ئەوە پڕۆژەو بەرنامەیان، کە هەر هەمووی شەڕخوازیی و دڕندەکارییە.. دەی مادام حەقیقەتانیانتان بۆ دەرکەوت، ئیتر بە راستیان مەزانن، شوێنیانمەکەون، پڕۆژەیان سەرمەخەن. لەمەودوا لێیان مەترسن، بەراستی ئەوان زۆر لەوە کەمترن کە موسوڵمان لێیان بترسێت، زۆر ترسنۆکن و جورئەتی ئەوەیان نییە موسوڵمانی خواوویستیی حەقناس ببەزێنن.. موسوڵمانێک خوای گەورەی بە سیفەتە حەقیقەتە رەهاکانییەوە ناسیبێت و عەبدایەتیی بۆ خوای تاکوپاکیی دەربڕیبێت و پشتی بەهێزی لەبننەهاتووی خوای خاوەنهێزی رەها بەستبێت، چۆن لەمانە دەترسێت؟!

تاکە هێزێک کە شایەنی لێترسانە، شایەنی هۆشداریی و حەزەرکردنە لێی، ئەو هێزەیە کە ماف و توانای سوودگەیاندن و زیان دوورخستنەوەی هەیە، ئەویش هێزی خوای گەورەیەو بەس.. ئەوە ئەو هێزەیە کە موسوڵمانان لێی دەترسن، لەو کاتەیاندا کە لەو هێزە دەترسن خۆیان لەو پەڕی بەهێزییدان. هیچ هێزێک لەسەرزەمیندا نییە خۆ بەرامبەریان بگرێت. نە هێزی شەیتان و نەهێزی طاغوت و ن هێزی شوێنکەوتوانی شەیتان: ((إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ)آل عمران/١٧٥؛ ئەوە شەیتانە، کە بە شوێنکەوتووەکانی دەتانترسێنێت، کە گوایە ئازاو خاوەنهێزو بەدەسەڵاتن. خەمتان نەبێت و لێشیان مەترسن. لە من بترسن

ئەگەر راستدەکەن و موسوڵمانن.). هەروەها دەفەرموێ: (فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ) المائدة/٣؛ لەوان مەترسن، لە من بترسن..

قورئانی پیرۆز بۆیە هاتووە تا هەموو هێزو دیدو رەفتارو بەهاکان وەکو حەقیقەتی خۆیان پێناسەبکات و تەرازووی حەقکێشان بخاتە بەردەستی خەڵکی. خوای گەورە لە سەرەتاوە ئەوە دەکاتە بەڵگەنەوویست کە لە (وجوود)دا تەنها یەک هێزی کاریگەر هەیە، کە هێزی بێسنووری خوای گەورەیە. بەهایەکیش لەم سەر زەمینەدا بەنرخەو حسابی بۆ دەکرێت کە بەهای(ئیمان)ە. هەر کەسێک دڵنیابوو لەوەی کە هێزی خوای لەپشتە با هیچ جۆرە خەفەتێکی بە هیچ شێوەو لە هیچ شتێک نەمێنێت. با لە زاهیریشدا لاوازو بێهێزو بێچەکیش بێت.. هەر کەسێک هێزی خوای گەورەی بەرامبەربێت، دەبێ بزانێت ئەگەر هەموو هێزی دنیاشی لە پشت بێت، نە ئەمانی دەستدەکەوێت و نە ئاشتیی و نە ئاسوودەیی.. هەروەها (ئیمان).. هەر کەسێک (ئیمان)ی هەبێت، مانای وایە هەموو خێرێکی مسۆگەرکردووە، با هەژارو دەستکورتیش بێت، هەر کەسێکیش ئیمانی لە دەستدابێت و وەلیکردبێت، مانای وایە هەموو خراپەیەکی دێتەرێ، با لە زاهیریشدا دەوڵەمەندو هەبووش بێت.. ئەمەش حەقیقەتێکیتری عەقائیدیی ئیسلامەکەیە.

پەرستن گوزارشتە لە عەقیدەکە. ئەگەر عەقیدەکە راست و دروست نەبوو واتە خوپەرستییەکەشی راست و دروست نییە.. ترسان لە خوای گەورە و _تەنها لەو_ رەفتارێکی ئیزافیی نییە، بەڵکو فەرزو روکن و پێکهاتەی(ئیمان)ە.. بۆیە حەتمەن دەبێت عەبدێتیی و نییەتی پاکیی پەرستنی بۆ خوای گەورە ساغکردبێتەوەو خۆی لە هەموو ژەنگوژارێکی شیرک پاککردبێتەوە، چ لە دڵ و دەروونندا، چ لە هزرو هۆشدا، چ لە رەفتار و بزاوتییدا.. ترسانیش لە غەیری خوای گەورە جۆرێکی شیرکەو موسوڵمان

دەبێت خۆی لەویش پاکبکاتەوە. ئەوە شیرکێکی شاراوەیەو قورئان بەردەوام لە گەڵ باسی عەقیدەو رەفتاردا جەختی لێدەکاتەوە، کە دەبێت عەقیدەکە بە پاکیی و(نییەت)یش بە پاکیی بۆ خوای گەورە بن و بەس.. ناشێت(شتێک)تێکەڵ بە هیچیان ببێت. موسوڵمان لە غەیری خوای گەورە ناترسێت، لە مرۆڤ ناترسێت کە هەر(عەبد)ی ملکەچیی خوای خاوەنهێزە، ئەگەرچی گوێرایەڵییش نەبێت. ئەگەر خەڵکانێک هەبن کە ئەم حەقیقەتانەشیان لا نەچەسپابێت و ترسیان لە خەڵکی هەبێت، ئەوە دیدو هەڵوێستی چەوتی خۆیانە، کە حەقە لە خوای گەورە بترسن وبەس: (أَتَخْشَوْنَهُمْ فَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) التوبة/١٣؛ چما لێیان دەترسن؟ خۆ خوای گەورە شایەنترە لێی بترسن، ئەگەر راستدەکەن و موسوڵمانن.. لەم روانگەیەوە کە نابێت لە دڵ و دەروون و هزرو هۆشی موسوڵماندا بە هیچ کلۆجێک هیچ شوێنێک بۆ غەیری خوای گەورە هەبێت..

هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی عەبدتان بەسەرەوە نییە. ئەوانە خاوەنی هیچ شتێکتان نین، بۆیە ناشێت بکەونە بەرەیان، بکەونە کەناریان، نابێت مەیلتان بەلایاندا بچێت و لە پەیامەکەی من دوورکەونەوە، من شایەنی ترسم نەک ئەوان، من خاوەنم و دەسەڵاتداری بێسنوری (وجوود)هەر منم نەک ئەوان. هەموو کاروبارێکی دنیا و قیامەتتان لای منە: (فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ) لەوانە مەترسن لە خوا بترسن. بەهای موسوڵمانێتیی و باوەڕهێنان ئا لێرەدایە، کە وا دەکات ترس لە غەیری خوا نەمێنێت، ترس لە خوای گەورە وا لە خاوەنەکەی دەکات طاغووتەکانی لا بچووک بن. خوای گەورە لە بەرامبەر دژوارێتیی و دڵرەقیی و چەندێتیی و چۆنیەتیی دوژمناندا ئازایدەکات.. ئەوە نەشیاوە ئەو کەسەی تەنها لە خوای گەورە بترسێت لە کەس و لە هیچ مەخلووقێکیتر ناترسێت.. بۆیە ترس هەر دەبێت لە خوای گەورە بێت و بەس.. ترس لە خوای گەورە لایەقی مرۆڤایەتیی مرۆڤە. ئەمما قامچی و شمشێر، ئەوە ئاستێکی

نزم و پلە دابەزینە، کەسانێک موحتاجی دەبن کە دەروونیان نزمە، کە ئاستیان نزمەو ئیمانیان کزە.. ترس لە خوای گەورەو تەنها لەو، گەورەییە، رێزە، شایانترە دڵی بۆ تەرخان بکرێت.. ترس لە خوای گەورە ئەوەیە کە لە کاتی ئاشکراو نهێنییدا، لە ناخی کەسەکەدا جێگیربووبێت..

ئەوی خوای گەورەی دۆزیوەتەوە چۆن دەترسێت؟ لە چی دەترسێت و لە کێ؟ لە کاتێکدا کە هەرچی هێز لە وجووددا هەیە _غەیری هێزە تاقانەکەی خوای گەورە_ هەمووی لاوازییە.. لە دەسەڵاتێک دەترسێ؟ لە کاتێکدا کە هەرچی دەسەڵات لە وجووددا هەیە _غەیری دەسەڵاتە تاقانەکەی خوای گەورە_ هیچیان مایەی ترساندن نین.. دڵی موسوڵمان دبێ قەڵاو قوڵلەی ئەو ئیمانەی بێت کە وا تێیدا رواوە کە هەر هەموو هێزی سەرزەمین نەتوانن بیلەقێنن، چجای ئەوەی هەڵیکێشن و خاوەنەکەی ببەزێنن.. دڵی موسوڵمان بە خوات گەورەوە پەیوەستە. خوای خاوەنهێزی رەهای ئەزەلیی و ئەبەدیی، کە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە، کە لەسەر هەموو هێزێکەوەیە.. دەشێت ترسێک دایچڵەکێنیت، هێزێک بیهەژێنێت، بەڵام نامومکینە بیگەیێنێتە پلەی بەزاندنی، چونکە دژواریی هەرچەند ترسناک بێت مەرگ ناخاتە پێش ئاکام (ئەجەل)ی خۆی. ئاکامی مەرگ بەدەست خوای ژێنەرو مرێنەرە، بۆیە ناشێت موسوڵمان _ئەوی لە بەرەی جیهادیشدایە_ هەڵێ.. هەڵهاتن لەبەر خاتری مانەوەی ژیانی.. لە کاتێکدا ئەو دەزانێت ژیان و مردن بە دەست خوای گەورەن و ئەجەل _کە کۆتایی تەمەنە_ کات و شوێن و حاڵەتی خۆی هەیە.. کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە نە پێشدەکەوێت و نە دوادەکەوێت.. شوێنی خۆیی هەیە، مەیدانی جیهاد بێت، یان ناو قەڵاو قوڵلەی مەحکەم و عاسیی.. حاڵەتی خۆیی هەیە، لە کۆڕی ئاهەنگ و خۆشییدا بێت، یان لە خەڵوەتگایەکی چۆڵ و هۆڵ. بۆیە ناشێت موسوڵمان بۆ ژیان هەڵێ.. ئەمەش وەنەبێت ئەرکێکی قورس بێت و لە توانادا نەبێت. نا.. موسوڵمانیش هەر مرۆڤەو رووبەڕووی

دوژمنی دەبێتەوە کە هەر وەکو خۆی مرۆڤن. لەم لایەنەوە هەردوولایان وەکو یەکن، لەسەر زەمینێک وەستاون، بەڵام لەودا جیاوازن کە موسوڵمانەکە بە هێزی بێسنووری ئەبەدیی خوای گەورەوە پەیوەستە، هێزی خوای تاکوپاک، خوای بێوێنە کە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە.. موسوڵمان ئەو حەقیقەتە عەقائیدییەی لا بۆتە بەڵگەنەوویست کە ئەگەر ژیا، بۆ خوای گەورە دەژی، ئەگەر بمرێت بۆ خوای گەورە دەمرێت، لە هەردوو حاڵەتەکەشییدا هەر بەرەوە خوای خاوەنی دەگەڕێتەوە.. شەهیدبوونیشی بەرزبوونەوەیەتی بۆ پلەی شایانبوونی خەڵاتی خوایی.. کەوابوو لە هەموو حاڵەتێکییدا هەر براوەیە، هەر لە دوژمنەکەی بەهێزترە.. لەبەر ئائەمەیە کە سزای هەڵاتن لە بەرەی جیهاد زۆر سەخت و دژوارەو سزای قورسە. خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ. وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ) الانفال/١٦؛ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، ئەگەر تووشتان بوو بە تووشی کافرانەوە _ئەگەرچی ئەوان بە لێشاویش هاتبن_ پشتیان تێ نەکەن و لێیان هەڵنەیەن. هەر کەسێک لەو رۆژەدا پشتیان تێکات و هەڵێ ئەوە بەر غەزەبی خوای گەورە دەکەوێت و دەخریتە دۆزەخەوەو چارەنووسی زۆر خراپ دەبێت، مەگەر کەسێک لەو شوێنە کشابێتەوە تا لە لایەکی ترەوە هەڵماتبکاتە سەر دوژمن یان خۆی بگەیێنێتە لای موجاهیدانیتر..

نموونەیەکی سەیر:

خوای پەروەردگار نموونەیەک وێنادەکات و لە قورئاندا دەیگێڕێتەوە، کە وەکو دیتنە بە چاو.. هەست بە حاڵەتی دەروونیی و جەستەیی ئەو کەسانەی تێدا دەکرێت کە دیدو تێڕوانین و پێناسەیان لەسەر حەقیقەتە عەقائیدییەکان دانەمەزراوە، یان هێشتا لەسەریان جێگیر نەبوون.. دوای نیشاندانی حاڵەتیان، ئەو دیدە لێڵ و

تێڕوانینه تێکەڵوپێکەڵەو ئەو پێناسە چەوتانەیان بۆ ڕاستەدەکاتەوەو حەقیقەتی مردن و ژیانیان دەخاتەبەرچاو. حەقیقەتی ژیان، مردن، ئەجەل، قەدەر، خێروشەڕ، سوودوزیان، سەرکەوتن و بەزین، بەهاو قییەمەکان.. حەقیقەتەکانیان لا دەکاتە بەڵگەنەوویست، هەمووشیان لە گێرانەوەی دیمەن و حاڵەتێکدا _کە بە شێوازێکی راقی ڕەوانبێژیی و چۆنیەتییەکی کاریگەر_ باسدەکات. دەفەرموێ: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً وَقَالُوا رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا الْقِتَالَ لَوْلَا أَخَّرْتَنَا إِلَىٰ أَجَلٍ قَرِيبٍ قُلْ مَتَاعُ الدُّنْيَا قَلِيلٌ وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ اتَّقَىٰ وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا. أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ..) النساء/٧٧_٧٩؛ حاڵی ئەوانەت لە بەرچاوە کە پێشتر پێیان دەوترا دەست لە بەرنگاربوونەوەو کوشتار بگرنەوەو مەکەونە ناویەوە. ئێوە (لەم قۆناغەتاندا) نوێژی خۆتان بکەن و زەکاتی خۆتان بدەن (بەخەمی یەکترەوە بن و تین و فشاری جاهیلییەت لەسەر یەکتری کەمبکەنەوە) کەچی دوایی، کە جیهادیان لەسەر فەرزکرا، کۆمەڵێکیان بەقەدەر ئەوەندەی لە خوای گەورە دەترسان لە دوژمنانیش دەترسان! بگرە زیاتریش! دەیانووت: خوایە بۆچی لەم کاتەدا جەنگ و جیهادت لەسەر فەرزکردین؟ دەبا ماوەیەکیتریشت بداینایەتێ و دواتخستایە، با کەمیش بوایە!! بفەرموو: چێژی دنیایی کەمە، ڕۆژی دوایی چاکترە بۆ ئەو کەسانەی لە خوا ترسن. بێخەمبن هەقتان بە هیچ شێوەیەک نا فەوتێت. لە هەر کوێش بن مردنتان دەگاتێ، ئەگەرچی لە قەڵاو قوللەی زۆر مەحکەمیشدابن..

بۆ سەرنجدان لە بەرامبەر ئەم کۆمەڵە خەڵکەدا دەوەستین، کۆمەڵە خەڵکێکی باوەڕ کزو متمانە لەق، کە هێشتا دیدو تێڕوانین و پێناسەی حەقیقەتە عەقائیدییەکانیان لە دڵدا نە چەسپیووەو ماویانە خۆبگرن، ئەمانە هێشتا کارێگەریی تەوحیدیان بە تەواویی لە دڵ و ڕەفتاردا نییە..

خوای پەروەردگار لە سەرەتاوە سەرسامی خۆی لە دیدو هەڵوێستی ئەمانە دەردەبڕێت.. ئەمانە کۆمەڵە خەڵکێکن تۆقیوون! لە ترسوبیمێکی نامۆ دان.. ترسێکی دوور لە حاڵەتی ئاسایی ترساوان. دەنا چۆن ئەوەندەیان ترسی دوژمن لە دڵ و هەست و هۆش دەچەسپێت، کە بگاتە بری ترسانیان لە خوای گەورە! ئەوانەی ئەمانە لێیان تۆقیوون و چۆکیان بەرامبەریان شکاوە هەر مرۆڤن، مرۆڤی وەکو خۆیان. ئێ چۆن دەشێت ترس لەمانە بگاتە ئاستی ترس لە خوای کردگارو بەتواناو خاوەنی هێزی بێسنوور و کاریگەر.. خوای هەڵسوڕێنەری ئاسمانەکان و زەوی، بە ئاگا لە هەست و نەست و بزاوت وسرەوتی(وجوود)! کە هێزی هیچ مەخلووقێک _نەک ناگاتە هێزی ئەو_ بەڵکو بە هیچ کلۆجێک لە هیچ سیفەت و رادە و برِو چۆنیەتیی و شێوازدا لە هێزی خوای گەورە ناچێت، کە سزاشی لە سزای کەس ناچێت، چۆن دەشێت، چۆن دەبێت چۆن دەشێت ترس لە مەخلووقێکی لە ترسی خوای گەورە زیاتربێت؟: (أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً).. ئەو کەسەی باوەری بە خوای گەورە هێناوەو لێی دەترسێت و لە کەس ناترسێت، ئەو کەسەی سامی خوای گەورەی لە دڵدایە، چۆن ئاوا لە خەڵکی دەترسێت؟! ئەمە کۆتا پلەی تۆقین و شڵەژان و رۆحچوونە! چۆن دەشێت ئاوا کەوتبێتە ژێر کاریگەری ترسوبیمی مەخلووق، کە مەفرووزە لە سەرەتاوە باوەڕی وا لە دڵدا چەسپیبێت کە خاوەنهێزو بەتواناو دەسەڵاتداری حەقیقی هەر خوای گەورەیەو بەس. بۆیە سام و ترسوبیم دەبێ هەر لەو بێت و بەس.

هەبوونی دوژمن لە سروشتی بانگەوازی خواوویستیە:

راگەیاندنی حاکمێتیی خوای گەورەو سەروەریی شەرع، بێگومان لە هەموو کات و شوێنێکداو لە نەوەی هەموو ئوممەتێکدا هەزاران دوژمنی بەرهەڵستکاری لێ راستدەبێتەوە.. هەزاران هەن کە قبووڵیان نییە. نە پێی رازی دەبن و نە تەسلیمی دەبن.. سەدان دەسەڵاتداری طاغووتی و موستەکبیرو خاوەن سامانی حەرام و

دەوڵەمەندی موتریف هەن کە دەسەڵات و سامانی زەوتکراویان وەکو پلەوپایەکانیان بە میرات بۆ ماوەتەوە! هەزاران حاشیەو پێوەندیشیان هەیە کە لە زمەتی باتڵیاندان و لەسەر چەواشەکارێتیی و حەرامی ئەوان دەلەوەڕێن. هەزارانیتریش هەن پیرۆزیی و خەرمانەی (پیرۆزیی)یان بە دەوری سەردادەکەن. ئەمانە مومکین نییە هەروا لێگەڕێن دەسەڵات و سامان و پلەوپایەو ناوو مەنزیلەیان لەدەست دەربهێنرێت. ئەمانە کە جۆرەها سیفەتی خوایەتییان بۆ خۆیان زەوتکردووەو خوایەتیی خوای گەورەیان پەکخستووە _بە تایبەتی لە دەسەڵاتدارێتیی و سەروەریی و یاساو رێشادارِشتن و حوکمڕانیی و داوەرییدا_ بو هیچ شێوەیەک قبووڵناکەن خۆیان و دەستوورو یاسایان لادرێت و شەریعەتی خوایان بەسەردا بچەسپێندرێت.. ئەمانە کە هەزاران بڕگەیاسایان لە بەرژەوەندیی دەسەڵات و سامان و رابواردنی خۆیاندا دارِشتووەو بەسەر خەلکەکەیاندا چەسپاندووە.. ئەمانە کە کەیف و سەفایان دەستەبەرەو ژیانیان مسۆگەرەو دەسەڵاتیان جێگیرەو خەڵکی بەردەستیان کۆت و زنجیرەو ستەم و دەستدرێژییەکانیان بە رەفتاری یاسایی و حەرامخۆرییان بە دادی کۆمەڵایەتیی ناساندووە، بە تەئکیید رێگانادەن شەریعەتی خوایان بەسەردا بچەسپێندرێت.. حەتمەن هەر بەرهەڵستکار دەبن و سەرسەختانەش رووبەڕوو دەبنەوەو دوژمنکارانە رەفتاردەکەن..

لە لایەکیتریشەوە _جگە لەم دەسەڵاتدارە ستەمکارو حەرامخۆرە گەدەزلانە_ هەزارانیتری چەواشەکراوو ئەهلی چێژو هەواوهەوەس هەن، هەزاران مونحەریف و شڕەخۆرو بەرەڵا هەن، هەموو دەبنە بەرەی بەرەبگارییکردنی ئەم بانگەوازە خواییەو سەرسەختانە شەڕی مان و نەمانی دەکەن، تا نەهێڵن پێشرەوانی خواوویستیی پاکسازیی و چاکسازیی خۆیان بە دینەکە بکەن. چونکە دەزانن ئەم دینە شۆڕشی پاکسازیی و چاکسازیی و دادی کۆمەڵایەتییە. شەریعەتی یەکسانیی و دیارییکردنی

سنووری ماف و ئەرک و دەسەڵاتی هەموو کەسێکە، کە بە روونیی تێیدا دیاریکراوە..دەزانن سزای شەرع توندو سەخت و بنبڕەو لەسەر هەمووان دەچەسپێندرێت. بۆیە بە دڵنیاییەوە داعیانی خواوویستیی دەیان بەرەی بەرهەڵستکاریی (موعارەزە)یان لێ قوتدەبێتەوە. ئەمە بێجگە لە دەیان مەڵبەندی هێزی دەرەکیی و ناوەکیی کە بە پێی سرووشتی شیرک و کوفرو جاهیلییەتیان دژی هەموو جۆرە خێرخوازیی و چاکەکاریی و دادپەروەرییەک دەوەستنەوە..

خوای گەورە دەیزانی کە راگەیاندنی حاکمێتیی و جەسپاندنی سەروەرێتیی شەریعەتەکەی لە چەندەها لایەنەوە دژایەتییدەکرێت. دوژمنانێکی زۆر بەرەی دژایەتییکردنیی دەگرن، بۆیە حەتمەن دەبێت هەڵگرانی مەشخەڵی دینەکەو پاسەوانان موقەددەسات و پێشرەوانی خواوویستیی رووبەڕووی ئەم بەرانەی دوژمنان ببنەوەو خواناسانە خۆیان لە بەرامبەریاندا بگرن و جوامێرانە لە سنووری خۆیاندا رایانگرن. ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە باجی ئەمبزاوت و هەڵوێستەی گۆرانکاریی ریشەییە بدەن، لە گیان و ماڵیان، لە خوێن و سامانیان و پێویست دەکات ئازایانە هەڵوێستی پێغەمبەرانە بگرنەبەرو نەترسن: (فَلَا تَخْشَوُا النَّاسَ وَاخْشَوْنِ) المائدة/٤٤؛ لە خەڵکی نەترسن، لە من بترسن..

ئائەیەمەیە رێگای خواوویستیی. ناشێت بە هیچ شێوەیەک لە خەڵکترسان ببێتە بەربەستی رێی سەروەریی شەرع و حاکمێتیی دینەکە، جا ئەو خەڵکە طاغووتە دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان بن (کە نایانەوێت تەسلیم بە ئەحکامی شەرع ببن و دوژمنانە بەرامبەر بانگەوازەکە وەستاونەتەوەو دژی ئەوەن کە حاکمێتیی بۆ خوای گەورەبێت، چونکە دەڵێن دین لە دەوڵەت جودایە) یان ئەو دەولەمەندە مشەخۆرانە بن کە ماڵ و سامانیان بە گەندەڵیی و دزیی و گزیی ماشیوەتەوەو لەسەر حسابی

قووتی خەڵکە موستەزعەفکراوەکە ببون بە بەرهەمهێنی سامانیتر.. ئەمانە کە کلکیان لەگەڵ دەسەڵاتداریی سیاسییدا گرێداوە.. ئەمانیش ناهێڵن ئەحکامی شەرعیان لەسەر بچەسپێندرێت و سامانی زەوتکراوی خەڵکەکەیان لێ بسەندرێتەوە[1] ..

نابێت ترس لەوانە (هەر هەموویان پێکەوە) یان لە هیچ خەڵکیکیتر ببێتە بەربەستی رێی چەسپاندنی شەریعەتی خوای گەورە لە واقیعی ژیاندا.. تەنها خوای گەورە شایانی ئەوەیە موسوڵمان لێی بترسێت. هەندێک لەوانەی ناوی موسوڵمانانەیان پێیوەیە تەماعی دنیایی دەیانگرێت، کە دەبینین وا دەسەڵاتداران و پارەداران و ئەهلی هەواوهەوەس نایانەوێ شەریعەتی خوا بچەسپێیت، ئەمانیش دەچنە خزمەتیان و بە تەمەلوق وکلکەلەقێ خۆیانیان لێ تریکدەکەنەوەو (ئاگایانە یان بێئاگایانە دەبنە بەشێک لە هەڵسورێنەرانی پرۆژە طاغوتییەکانی دەسەڵات)! هەر وەکو کە لەم زەمانەو لە هەموو کات و شوێنێکیتردا کەس و لایەنی وا دبینرێت، لەوانەی پییان دەوترێت: پیاوانی دین (رجال الدين)! ئەمانە دینی خوا هەراجدەکەن، قورئان و دەستوورو مەنهەجەکەی خوای گەورە بەنرخێکی هەرزانبایی دنیا دە فرۆشن! بۆیە خوای گەورە بە هەمووان دەفەرموێ: (وَلَا تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا)البقرة/٤١؛ ئایەتەکانی من (دینەکەم) بە نرخێکی کەم مەفرۆشن.. ئەمانە لەسەر ئەو هەموو ستەم و

---

[1] هەروەها ئەو "دیندار"ە چەقاوەسووانەی خەرمانەی پیرۆزییان بەدەوری سەری ئەم فیرعەون و قارونانەداکێشاوەو فەتوای حەڵاڵێتیی هەموو حەرامیکیان بۆ داون.. هەروەها ئەو هەموو مشەخۆرە بەرەڵایانەی نازانن بەها چییەو شەرع چییەو عەیبە چییە! ئەو سەر لێ شێواوو فریودراوانەی ئەو بەستە و مەقامە دڵێنەوە کە شاعیران کوفرو لۆتییەکانی راگەیاندن جوانیانکردووە، کە هەمووی لە دژایەتی بزاوتی گۆڕانکرای خواوویستانەو هینانەخوارەوەی ستەمکارانە، لە دەسەڵات و پلەو پایە زەوتکراوەکانیان..

دەستدرێژییەی باتڵ بێدەنگدەبن، لەسەر ئەو هەموو شیرک و کوفرەی طاغوتان خۆکرِدەکەن، لە حەق نادوێن، زۆریشیان سەرباری ئەوە دەکەونە فەتوافرۆشیی! چونکە مەعاشخۆرن، لەبەرخاتری بەردەوامبوونی مووچەکەیان، یان بە خششێکی حەرام، یان بۆ وەدەستهێنانی پلەو پۆست بڕوانامە، یان نازناوی قەبەو زلیان بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندیی بچوک و کەم و پوچ خۆدەکەنە شایەری بەردەرگای طاغوتان. ئایەت و فەرموودە هەڵدەگێرنەوە تا لەگەڵ هەواوهەوەس و ئاڕاستەی طاغوتاندا بیگونجێنن. ئەمانە بەو رەفتارانەیان دینەکە دەفرۆشن و دۆزەخ دەکڕن! هیچ خراپەیەک ناگاتە خیانەتی ئەو کەسانەی دەستپاکانە ناسێنراوە، بەڵام خیانەت لە راسپاردەو پێسپێردراوەکانیان دەکەن[1].. ئەوانەی نازناوو پلەو پۆشاکی (رجال الدین)یان پێوەیە زۆریان دەکەونە خیانەت و بانگەوازی حەق وەلدەکەن، نەک هەر ئەوەش کە دەبوو حەقبێژبوونایەو ئیقتیدایان بە پێغەمبەران علیهم السلام بکردایە، کەچی دەبنە لۆتی و زوڕناژەنی طاغووتان و بە ناحەق بەشانوباهویاندا هەڵدەدەن.. ئەمانە دەبوو پێشڕەوی بزاوتی حاکمێتیی دین و سەروەریی شەرع بوونایە، نەک لادەرو مونحەریف و عەمامەپیس، نەک خۆفرۆش و خائین و دین بەتاڵی بەردەرگای ستەمکاران و طاغووتانی ملهوڕ.. ئەمانە نەدەبوو خۆشیان ئینحیرافبکەن، چجای ئەوەی _لەبەرخاتری هەواوهەوەسی خۆیان و رازیکردنی طاغووتی دەسەڵاتدار_ ئینحیراف بە دینەکەو شوێنکەوتووانی بکەن..

داعیانی ئیسلام و پێشرەوانی خواوویستیی دەبێت لەمانە بەحەزەربن، حسابێک بۆ ترس لە دەسەڵاتداران نەکەن. دەبێ سووربن لەسەر روونکردنەوەی تەوحیدەکەو

---

١ ئەوە هەڵوێستی گیلکەززابە، کە خۆی بە شێوەی ناچارو زانای بێدەسەڵات نیشاندەدات بەڵام لە ژێرەوە هەڵوێستی لەگەڵ طاغووتدا رێکخستوەو رۆڵیان دابەشکردوە، کە هەر یەکەیان بە جیا رۆڵێک ببینێت، تەواوکەری پرۆژە طاغوتییەکە بێت.

حاکمێتیی دین وسەروەریی شەرع.. نابێت لە کەس بترسن، تەنها لە خوای گەورەو بەس، کە هیدایەتیداون و هەڵیبژاردوون بۆ گەیاندنی بانگەوازەکەی و پێکەوەنانی ئوممەتەکەی و چەسپاندنی شەریعەتەکەی: (الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ) الأحزاب/٣٩؛ ئەوانەی پەیامەکانی خوای گەورە دەگەیێنن و لە هیچ یەکێکی غەیری خوای گەورەش ناترسن..

پشوودرێژیی وکۆسپەکانی سەررێ:

حەتمەن دەبێت موسوڵمانان جیهاد بەرپابکەن، جیهاد لە پێناوی خوای گەورەو بۆ چەسپاندنی مەنهەجی خوای گەورە لە واقیعی مرۆڤایەتییدا لەم سەر زەمینە: (يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ)المائدة/٥٤؛ (سەرەتای ئایەتەکە دەفەرموێ: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، هەر کەسێکتان لە دینەکەی پاشگەز (مورتەدد) ببێتەوە، زیان بە خۆی دەگەیێنێت، چونکە خوای گەورە قەومێکیتر دەهێنێتە شوێنی ئێوە کە خوایان خۆشدەوێت و خوای گەورەش ئەوانی خۆشدەوێت، خۆبەکەمزان و نەرمونیان دەبن بەرامبەر موسوڵمانان و بەئیرادەو توندوتیژ دەبن بەرامبەر بە کافران و) لە پێناوی خوای گەورەدا جیهاددەکەن و لە لۆمەی لۆمەکارانیش ناترسن.. لە پێناوی خوای گەورەدا، نەک لە پێناوی خۆیاندا، نەک لە پێناوی نیشتمانیاندا، نەک لە پێناوی گەلیاندا، نەک لە پێناوی توخم و رەگەزیاندا.. نا، لە پێناوی خوای گەورەو بەس. ئیعتیرافکردن بە ماف و دەسەڵاتی حاکمێتیی خوای گەورەو سەروەریی شەریعەتەکەی و راپەڕاندنی ئەحکامەکانی دینەکەی، بۆ هێنانەدیی خێرو خۆشی مرۆڤایەتییە.. موسوڵمانان کە ئەم جیهادە رادەگەیێنن و مومارەسەیدەکەن، بۆ خوایانەو بەس.. پشکی خۆیانی تێدا نابێت.. بۆ خوای گەورە بێهاوبەشیدانان.. ئەمان لە پێناوی خوادا جیهاددەکەن و لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسن، رەخنەو تانەوتەشەر سارديانناکاتەوە، تیرو توانج سستیان ناکات و هیچ

هێزیکیش نایانترسێنێت. له چی بترسن؟ بۆچی لەگەڵ عادەتە راهاتووەکەی خەڵکییدا رابێن؟ ئەگەر دەبێ لە گەڵ واقیعی جاهیلییەتدا خۆبسازێنن -وەکو دەروون بەزیوەکان دەڵێن_ جا بۆچی کەوتنەسەر ئەم رێگایەی گۆرانکاریی، کە بە بانگەوازی خواوویستیی و شێوازی کاری پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر بێت دەکرێت؟ ئەمانە کە دینی خوا پەروەردەی کردوون و خوای گەورە بۆ پەیامەکەی هەڵیبژاردوون، ئیتر چۆن دەبێت بە جاهیلییەت رازیببنەوە؟ بە دیدو رەفتاری، بە بزاوت و رەوتی، بە بەهاو قییەمی، بە سیستم و حاکمێتیی؟! ئەمان دلێرو نەبەزانە پەیامی خوایان هەڵگرتووەو بە جورئەتەوە حاکمێتیی دین و سەروەریی شەرعیان راگەیاندووەو لە رێگای ئەم ئامانجەدا هەموو کۆسپ و لەمپەرو بەربەستێکیان پێ سووک و ئاسانەو تەحەمووڵی هەموو ناسۆرو ئەشکەنجەو راوەدونانێکیان لەسەرکردووە، ئیتر چۆن لە لۆمەو رەخنەی سێبەرنشینان دەترسن؟! چۆن لا بە لای ترسنۆکیی و تەمبەڵیی و وورەروخاوێتیی ئەواندا دەکەنەوە؟! خۆ ئەمان ورەو وزەیان بۆ ئامانجی خەڵکی و بە پارەی خەڵکی نەخستۆتە گەڕ، تا خەمی لۆمەو گلەیی و گازاندەی خەڵکە ترسنۆکەکەیان بێت.. ئەمان کە هەر وەکو دیدو تێڕوانینن و رەفتار و رەوشت و بزاوت و رەوتیان لە دینەکەی خوا وەگرتووە، بە تەئکید پاڵنەری کۆمەڵکاریی و ورەو وزەشیان لە نییەتی پاکی خواوویستییەوە وەرگرتووە.. ئیتر بۆچی لە بۆڵەو خوتەی خەڵکی بترسن؟! ئەمان کە هێزیان لە خوای گەورەوە وەرگرتووە و پشتیان بەو بەستووەو ئومێدیان بەوە، چ باکیان بە قسەو تیروتوانجی خەڵکیە. جا ئەو خەڵکە هەر کەسێک بن و واقیعیان هەرچۆنێک بێت، سەر بە هەر دین و دیدو شارستانییەتێک بن.. ئەمان لا ناکەن بە لایانەوەو بە قسەی ئەوان هەڵناسن و دانانیشن..

هەر کاتێک ئێمە لە قسەی خەڵکی ترساین، رەفتاریانمان رەچاوکرد، حسابمان بۆ سامان و موڵکیان کرد، زاراوەو دابو بەهایانمان بە هەند وەرگرت، هەر کاتێک

ئەوانەمان بە گرنگ بینی کە ئەوان بە بەهای بەنرخیی خۆیانی دادەنێن، کاتێک بە پێوەری ئەوان دەپێوین و ئیعتیبار بۆ هەڵوێستیان دادەنێین، کاتێک ئەمانەی خەڵکی دەگرینەبەر کە بە تەئکید دیدوپێناسەو بەهاکانی خۆمانمان بزرکردبێت، یان کەنارماندابن و وەلمان کردبن، یان لێمان تێکەڵ و پێکەڵ بووبێت.. یان نیشانەی ئەوەیە کە (مەنهەج)ە خواییەکەمان گۆڕییوە! دەنا کوا پێوەرو ڕێساو بەهاکانی ئەو؟! کوا زاراوەو پێناسەو ئیعتیبارەکانی ئەو؟! ئێمە نابێت بهێڵین خەڵکی دیدلێڵمانبکات. دەبێت بە مەنهەجی خۆمانەوە پابەندبین. بە پێناسەی شەرع بناسین و بناسێنین. چونکە ئەوەی لە دینەکەی خۆماندایە حەقە، لەبەرئەوەی لە خوای زاناو داناوە هاتووە. حەق ئەوەیە کە ئەو ناساندوێتی، باتڵ ئەوەیە کە ئەو ڕوونیکردۆتەوە. گۆڕینی ئەمە بۆ هەر شتێکیتر -کە بە حساب خەڵکی لەسەری ڕێککەوتون_ ئینحرافە، با ئەو خەڵکەش ملیۆنەها کەس بن، با ملیۆنەهاش وەریانگرتبێت و کردبێتیانە دید و ڕێی خۆیان، با دەیان نەوەو سەدانساڵیش بێت لەسەری برۆن. ئەوە لە دوورو نزیک نابێت کاریگەریی لەسەر ئێمە هەبێت. ئێمە دیدو تێروانین و پێناسەو زاراوەو بزاوت و ڕەوت و دابونەریت و بەهاو قیەم و سیستم و ئیدارەی خۆمان لە دینەکەی خۆمانەوە وەرگرتووەو پێیانەوە پابەندین و لە هیچیاندا هاوبەش بۆ خوای خاوەنمان دانانێین.. ئەمانە ئەو پێوەرانەن کە ئیسلام ناساندونی، کە ئیعتراف بەمانەی غەیری خۆی ناکات. هەر داهێنراوێکی نوێ لە جیهانی دیدو فیکردا، یان لە بزاوت و ڕەوتدا، یان لە ڕێبازو ئاڕاستەدا، ئەسڵێکی لە ئیسلامدا نەبێت، ڕەتکراوەیە، ئیلغایە، ڕەفزە.. موسوڵمان لەسەر ئەم دیدو هەڵوێستە پەروەردە دەبێت، ئاوا پابەندی حەق دەبێت. بۆیە نە لە لۆمەی لۆمەکاران دەترسێت نە لەدەسەڵاتی فیرعەون. نە پارەو سامانی قاروون فریویدەدات نە جادووی هامان و نە جادووگەرانیش چەواشەیدەکەن.. ئەمە سیفەتی نەگۆڕی و پێشرەوانی خواویستییە، کە خوای زاناو کارزان هەڵیبژاردوون و

بەرپرسێتی بانگەوازەکەی خۆیی خستۆتە ئەستۆیان.. ئەمانەن جوامێرو نەبەزو چاونەترس و بوێرو حەقبێژو سەرراستن، شیاوی ئەوەن ببنە پارێزەری حەقیقەتە عەقائیدییەکان.

ترسێکیتر هەیە کە دێتە سەر رێی پێشرەوانی خواوویستیی، ئەویش ترسی ماڵومنداڵ و کەسوکارە. ئەمەش لە هەستونەستدا رۆچووە. کاریگەری لە ژیانی مرۆڤایەتییدا دروستکردووە، چونکە ویستی خوای گەورە وا بووە کە کەسوکارو خزم بە پەیوەندیەکی بەهێزی سۆزو خۆشەویستی و رێزەوە بە یەکترییەوە پەیوەستبن، شیرازەیان بە هەستی ئینتیمای خانەوادەیی پتەوکەن، بە خەمی یەکترەوە بێن و بەدەنگ یەکترەوە بچن، لەسەر یەکتری بکەنەوە.. بەڵام هەر ئەوانیش زۆرجار دەبنە بەربەست و کۆڵی گران: (وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ اللَّهَ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ) الانفال/٢٨؛ سامان و ئەولادەکانتان مایەی کۆڵدان و ساردبوونەوەتان دەبن لە دینەکە.. وریابن. خوای گەورە پاداشتی گەورەی لەلایە بۆ ئەوانەتان کە پەیامەکە سەرراستانە هەڵدەگرن..

زۆر جار کەسوکار دەبنە مایەی کەمتەرخەمیی نواندن لە ئەرکەکانی کاری ئیسلامییدا، چونکە ئەوانیش دەکەونە ژێر تین و فشاری طاغووت و تەماعی پارەداران و چەواشەی چەواشەکاران و حەزی مونحەریفان. هەر کە کابرای داعی بانگەوازی حەق رادەگەیەنێت و پیشرەوانی خواوویستیی ئالای گۆڕانکاریی هەڵدەکەن و موجاهیدان رایدەگەیێنن کە پاسەوانی دین و شەرعن، دەکەونە ژێر هەموو تین و فشاری جاهیلییەتەوە.. زیانی زۆریان لێدەدرێت، سوارچاکی دانسقەیان لێدەگلێت، پیاوماقوڵیان ئەشکەنجە دەدرێت، دۆست و ئەحبابانیان دەچەوسێنرێنەوە، ئەوانیش دەگیرێن، سزادەدرێن، مەحرووەدەکرێن، دەخرێنە ژێر تین و فشارو کەناردەدرێن..

زۆرجار هەر وەکو چاوەڕوانکراوە کە موجاهیدەکە خۆی لەبەر هەموو چەوسانەوەوە مەحروومبوونێکدا _لەبەر خاتری خوای گەورە_ دەگرێت، چونکە بە ئیختیاری ئازادانەی خۆی ئەم ڕێگایەی هەڵبژاردووە، بەڵام زۆرجار هاوسەرەکەی، یان منداڵەکانی تەحەمووڵی ئەم چەوساندنەوانە ناکەن. ئەوانیش بیکەن کەسوکارەکانیتری، خوشک و براو دایک و باوکی تەحەممولی ناکەن.. بۆیە لەوانەیە وا بیتە زەینی کە باشتر وایە ئەم ئەمان و هێمنییەک بۆ ئەوان بهێڵێتەوە، تا کەمێک فشاریان لەسەر سووکبکات، بەڵکو ئامێکیان بەبەردابێتەوە، پارسەنگانە نیشتەجێببنەوە..ئەمەش لە طاغوتان شاراوە نییە..ئا لێرەوە ڕەنگە هەندێک لە کەسوکارو خزمان هەڵویستیان دوژمنانە بێت، نەک ببنە دوژمنی داعییەکە، بەڵکو هەڵویست وەرگرتنەکەیان ئەوە دەبێت کە دوژمن دەیەوێت. دوژمن دەیانخاتە نەخشەو پلانی خۆیەوەو دژی موجاهیدەکە بەکاریاندەهێنێتەوە. لەوانەشە هەندێکیان لێی ببن بە دوژمن.. ئەمانە دەشێت هەندێکیان ببنە بەربەستی جیهادەکەی، کە نەهێڵن ئالاکە بگەیەنێتە جێی خۆی و ئامانجەکە بهێنێتەدی و سەروەرێتیی شەرعەکە دابینبکات.. دەشێت ساردیبکەنەوە.. هەر وەکو دەشێت لە ترساندا هەڵوێستێکیتر بگرنەبەر.. ڕێبازەکەی پێ بگۆڕن[١]. لەوانەیە ئەمیش لە حالێکدا بێت نەتوانێت ئاڕاستەیانبکات، یان موناقەشەیان لەگەڵ دا بکات و حەقیقەتەکانیان بۆ روونبکاتەوە. لەبەر ئەمانەیە کە خوای گەورە هۆشداریی دەداتە داعییان و

١ وەکو ئەوەی هەندێک داعییتر _پێش ئەم_ بوونە ئەندامی کۆمەڵێکی سازشکار کە تەنازولیان لە حەقیقەتەکان کردبێت!

پیشرەوان و موجاهیدان، کە وریابن، دەشێ خێزان و خانەوادەکانتان ببنە مایەی (فیتنە)[1]..

١ فیتنەش لە قورئاندا جۆرو ئاست و پلەی جیاوازە؛ دەشێت پاشگەزبونەوە بێت لە دینەکە، دەشێت دانانی کۆڵی جیهاد بێت، دەشێت ساردبوونەوە بێت لە هەڵگرتنی پەیامی خوایی، هەر وەکو کە دەشێت هەر لاوازبوونی ئیماندارێتییەکە بێت.. خوای گەورە ماڵ و منداڵ و کەسوکارمان بگرێتەخۆ.. ئامین..

باسی پێنجەم

پشت هەر بە خوای گەورە دەبەسترێت ل ١٥٨/٢

(لا توكل الا على الله)

پشتبەخوابەستن لە یەکەمین سیفەتە سەرەکیەکانی تەوحیدەو لە یەکەمین فەرزەکانی سەرشانی موسوڵمانە. موسوڵمانان پشت بە خوای پەروەردگاریان دەبەستن و بەس.. باوەڕهێنان بە یەکبوونێتی خوای گەورە ئەم پشتپێبەستنە دەخوازێت، لە هەمان کاتیشدا ڕێ لە هاوبەشدانان دەگرێت[١] :(وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ) الانفال/٢؛پشت بە خوای پەروەردگاری خۆیان دەبەستن.. موسوڵمان باوەڕی بە خوای گەورە هێناوە، بە هەموو سیفاتەکانی، لەوە دڵنیا بووە کە هیچ کەس و مێژو شتێک لەم (وجوود)ەدا ڕەفتارێک بە ویست و توانای خۆی ناکات و هیچ شتێکیش لەم وجوودەدا بەبێ ویستی خوای گەورە نە بزاوتی هەیەو نە سرەوت، چونکە هەبوونی لە لایەن خوای کردگارەوە بووە، بۆیە دەبێت پشتبەستنیش تەنها بەوبێت. ناشێت لە هیچ ڕەفتارێکدا (گوفتارو کردار) رووبکرێتە غەیری خوای گەورەو پشت بە غەیری خوای گەورە ببەسترێت.. ئەم باوەڕو دیدو پێناسەو هەستە دەبێ لای هەموو موسوڵمانێک بووبێتە بەڵگەنەوویست، تا سەری بۆ غەیری خوای گەورە دانەنەوێنێت و هەمیشە سەربەرز بژی، دڵنیاو ئاسوودەو هێمن بژی. نە ئومێدی بە غەیری خوای گەورە بێت و

---

١ واتە ناشێت بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ کات و شوێن و حاڵەتێکدا، بە هیچ برِو ڕادەو چەندێتیی و چۆنیەتییەک هاوبەش بۆ خوای گەورە لەم بوارەدا دانرێت. تەنانەت بە قسەش نابێت بوترێت: (پشتم بە خواو تۆ بەستووە) چونکە شیرکە، هاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە.. وریابن.

نه له غەیری خوای گەورەش بترسێت، تا له خۆشی و ناخۆشییدا کەسایەتیی پارسەنگی خۆی ڕاگرێت و هەبوونی و نەبوونی لاسەنگی نەکەن.. ئەم هەست و هۆشە بۆ هەموو موسوڵمانێک زەرووریيە، بەڵام بۆ داعیی و پێشرەوان و سەرکردەکان زۆر زەرووریيترە، چونکە بەرپرسی پێشەنگی کاروان و دەلیلی ڕێگاکەن..

حەقیقەتەکانی تەوحید بناغەکانی ئیمان و دینن، بنەماکانی بیرو تێڕوانین و هەڵوێست و بزاوتن. پشتبەخوابەستن له داخوازیەکانی هەر یە کێکیانە. پشتبەستنەکە دەبێ هەر بە خوای گەورە بێت و بەس: (وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ) ابراهیم/١٢؛ با ئەو کەسانەی پشت دەبەستن، پشت بە خوای گەورە ببەستن.. ئەمەش له هەموو رفتار و بڕیارێکدایە: (فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ)آل عمران/١٥٩؛ ئەگەر ویست و ئیرادەت هاتە سەر ئەنجامدانی شتێک، پشت بەخوای گەورە ببەستەو بیکە. خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە پشت بەو دەبەستن.. ئەمە ئەو سیفەتەیە کە خوای گەورە پێی خۆشە له هەموو موسوڵمانێکدا هەبێت. ئەوە سیمای تایبەتی موسوڵمانانە.. ئیمانداران پشت بە غەیری خوای گەورە نابەستن.

له دیدو تێڕوانین و جیهانبینیی ئیسلامییدا پشتبەخوابەستن عەسای پارسەنگی ڕەوت و ڕەفتارە.. پشتبەخوابەستن یەعنی ئامادەکردنی هۆکارەکان و تەسلیمبوون بە قەدەری خوایی، (بە ویست و زانست و توانای خوای گەورە)..

دیدو ڕوانگەی جیهانبینیی ئیسلامیی پارسەنگییەکی تەواوی دیاریکردووە، له نێوان ئەم پشتبەخوابەستنەدا، کە قەناعەتی بەڵگەنەوویستانەی لا دەچەسپێت، کە هەموو شتێک بە قەدەری خوای پەروەردگار دەڕوات و بەس. له بەرامبەریشدا فەرمانی دینەکەشە، کە دەبێ هۆکارەکانی سەرکەوتن و ئەنجامدان بە تەواویی

بگیرێنەبەر.. ئەم دوو جەمسەرە لە هەموو چالاکیەکانی مرۆڤی موسوڵماندا دەبێت عەکسبێتەوەو دەرکەوێت..

ڕێسای خوای گەورە لە (وجوود)دا وایە، کە ئەنجام لە هۆکارەکانەوە دێت. بەڵام هۆکارەکان (وجوود)ی ئەنجامەکان ناهێننەدیی. بکەری ئەنجامەکە هەر خوای گەورەیە، کە فەرمانی بە گرتنەبەری هۆکارەکان داوە، تا ئەو ئەنجامە بێتەدەست، کە دەخوازرێت.. (خوای گەورە فەرمانی بە گرتنەبەری هەموو هۆکارەکانی سەرکەوتن داوە، بەڵام دەفەرموێ کە سەرکەوتن لە غەیری خوای گەورەوە نییە)، ئەوە خوای گەورەیە کە ئەنجامەکان دەکاتە ریکخستن و کارلێکردنی هۆکارەکان. ئەوەی لە مرۆڤ داواکراوە هەوڵدانە، رەنجدانە، گرتنەبەری هۆکارەکانە، ئەمانە ئەرکی ئەون، ئەمانە مەرجی پابەندیی ئەون بە گرێبەستەکەوە، ئەمما ئەنجامەکە ئەوە خوای گەورە گرتوێتییە دەستی خۆی و بە قەدەری خۆی (وویست و زانست و توانای خۆی) کەی و چۆن بیەوێت دەیخاتەڕوو. چارەنوس و ئەنجامەکان لای خوای گەورەن. بە قەدەر ئەوەندەی عەبدەکانی وەفاداردەبن و مەرجەکانی رێساکان دێننەدیی، بەو رادەو بڕە ئەنجامیان بەنسیبدەکات، مەگەر لە لوتفی خۆیەوە زیاتریان پێببەخشێت..

ئەمەش حەقیقەتیکیتری عەقائیدییە کە تەوحیدی ئیسلامی لە دل و دەروون و هزرو بیرو رەفتاری موسوڵماندا دەیکاتە بەڵگەنەوویست. ئەم پارسەنگڕاگرتنە رەفتارە داواکراوەکەیە.. لەملاوە بەرپرسە لەوەی کە تا دەتوانێت هۆکارەکانی هێنانەدیی دەسازێنێت و جیددی دەیانگرێتەبەر (وەکو کاسبی و جیهادو چارەسەرو سەفەرو.. هتد) بەڵام دەزانێت کە ئەنجامەکان لە قەدەری خوادا نوسراون و بەو بڕو شێوەو چۆنیەتییە دێنەوە کە خوای گەورە بڕیاریان لەسەر دەدات.. ئەم پارسەنگڕاگرتنەی (پشتبەخوابەستن)و (گرتنەبەریی هۆکارەکان بەئەنجامگەیاندن) زۆر زەروورییە

بەتەواویی و رۆشنیی و پتەویی لە قەناعەتی موسوڵماندا بچەسپێت. پشتبەخوابەستنەکە دەبێت لە هەستی موسوڵماندا پاڵنەری سەرەکی بێت بۆ هۆکارگرتنەبەرەکە، چونکە دەزانێت ئەگەر لە گرتنەبەری هۆکارەکاندا کەمتەرخەم بێت، ئەنجامە داواکراوەکەی دەستناکەوێت[1]. *

موسوڵمان کە هۆکارەکان بەتەواویی دەگرێتەبەر ناشێت چۆنیەتییەکی دیاریکراو بکاتە حەتمێتی ئەنجامەکە. نا چونکە ئەنجامەکە لە دەست خۆیدا نییەو بە فەرمانی ئەویش نییە، تا چۆنی بوێت وا بێتەوە. ئەوە بە ویستی خوای گەورەیە.. ئەوەش حەقیقەتێکیتری عەقائیدییە[2]. موسوڵمان ئەوەی لەناخدا بۆتە بەڵگەنەوویست کە خوای گەورە کردگاری گەردوون و مرۆڤ و ژیانەکەیە، خاوەنی وجوودە، هەڵسوڕێنەرێتی، بکەری کاریگەرێتی، ژێنەرو مرێنەرێتی، زیان و سوود لە داستی ئەو دایە، هیچ شتێک لە قەدەری ئەو بەدەر نییە، تەنها قەدەری ئەویش زاڵە، چونکەدەسەڵاتدارو بەتوانایەو هێزیشی باڵاو بێسنوورە، موسوڵمانیش عەبدی ئەوە، وەکو هەموو مرۆڤیتر کە عەبدی ئەون، بەڵام موسوڵمانەکە بەو ئیمانداریی

---

١ ئەگەر هۆکاری بە تەواویی هۆکارەی پەیداکردنی بژێوی نەگرتەبەر ناشێت بە ئومیدی رۆزیی زۆر بێت، ئەگەر هۆکارەکانی سەرکەوتنی لە ئامادەکاریی موجامیدو چەک و سامان و پاشان مەشق و زانین و پەیبردن بە داواکراوەکانی جەنگ نەگرتەبەر، چۆن سەرکەوتن دەخوازیت؟ ئەگەر دەرمانەکانی لە کاتی خۆیان و بە بڕی دیاریکراوی خپیان بەکارنەهێنا، چۆن چاوەڕێی چاکبوونەوە دەبێت؟ قوتابیش ئەگەر سەعی نەکرد، چۆن دەخوازیت دەربچێت؟ ئەوە هاوکیشەکەیە، کە موسوڵمان دەبێت پارسەنگ رایبگرێت و بیگرێتەبەر.

٢ زۆرجار موسوڵمانیش خەمی لێ دەخوات کە بۆچی ئەنجامەکە وا نەبوو؟ لە راستییدا ئەم پرسیارە لە جێی خۆیدا نییە، چونکە ئێمە ئەوەمان لەسەرە و لەوەدا بەرپرسین کە هۆکاری ئەنجامەکە راست و دروست بگرینەبەر، بە پێی نەخشەو راپەراندن و ئاراستەو چاودێریی خۆمان، بەڵام چۆنیەتیی ئەنجامەکە، خوای گەورە دیاریدەکات.

وديندارارێتی و پاپەندبوونەیەوە بە شەریعەتەکەی خواوە لە خوا نزیکە. بە هەستی بەرپرسێتیی بانگەوازی حاکمێتیی دین و سەروەریی شەرعەوە. بەڵام ئەم لەخواتریکییەی نایپاڵێوێت بۆ مەعفووبوون لە گرتنەبەری هۆکارەکانی ئەنجامی خوازراو.. ئەم لەخوانزیکییە نابێت وای بهێنێتەخەیاڵ کە ئەگەر هەوڵیشنەدات ئەنجامەکەی بەقەدەری خوایی دێتەدەست، چونکە لە چارەی نوسراوە! ئەو چوزانێت نوسراوە یان نا؟ موسوڵمان بەرپرسە بە پێی دینی خوا رەفتاربکات، دینەکە بکاتە رێبازو بەرنامەی ژیانی تاکوکۆی، دەبێ سەربەستانە پێیەوە پابەندبێت، ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شەرع بێت، ئەرکەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێبکات، رەنجی تەواویی بدات و ورەو وزەی تەواویی بخاتەگەڕ، تا شایانی ئەنجامە خوازراوەکە بێت. ئەم هۆکارانە سەرراستانە دەگرێتەبەرو دیندارانە پشت بە خوای گەورە دەبەستێت: (وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ) ابراهیم/١٢؛ با ئەو کەسانەی پشت دەبەستن، پشت بە خوای گەورە ببەستن..

ئاوا دیدو رەفتاری موسوڵمان پاکدەبێتەوەو ئومێدی بە هیچ شتێک _لە غەیری خوای گەورە- نابەستێتەوە، دڵی راستەوخۆ بە خوای گەورەوە پەیوەستەو دەست و رەنجی بە هۆکارەکانەوەیە. هیچ جۆرە هیوایەکی بە هیچ شێوەو چۆنیەتییەک، بە هیچ بڕو رادەیەک، بە غەیری خوای گەورە نییە، هەبوونی هەر جۆرو شێوەو رادەیەکی هیوا بە غەیری خوای گەورە شیرکە.. چونکە غەیری خوا مەخلووقە، لاوازە، فەنایە، ئاوا موسوڵمان رەنجدەدات و پشت بە خوای گەورە دەبەستێت، ئاوا هەوڵدەدات و ئومێدی بە خوای گەورە دەبێت، ئاوا وزەو ورەی دەخاتە گەڕو هیوای بە خوای گەورەیە کە بە زانایی و دانایی خۆی دەستی لە ئەنجامەکان گیرکات.. ئەنجامەکەشی هەر چۆنێک بێت هەر مایەی ئاسوودەیی و هێمنیی و ئارامیی دڵێتی، چونکە دەزانێت غەیری ئەم شێوە بۆی شیاونەدەبوو.

ئەمە پارسەنگیکی زۆر سەرسوڕهێنەرە، کە لە جیهانبینیی ئیسلامییدا هەیەو بەس.. هیچ دڵێکی بەشەریی، هیچ هزرو هۆش و ئینتیمایەک لەم پارسەنگکردنەدا سەرکەوتوونەبووە..

بۆ زێدە دڵنیایی موسوڵمانەکە خوای گەورە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ پشت بە خوای گەورە ببەست و خواشت بەسە: (وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا. وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا)الاحزاب/٢-٣ ؛ شوێن ئەوە بکەوە کە بە وەحی لە خوای پەروەردگارتەوە بۆت دێت، هۆکارەکان بە پێی ئەم مەنهەجە وەرگرە، خوای گەورە شارەزاو ئاگاداری ئەو رەفتارانەتانە کە دەیکەن.. پشت بە خوای گەورە ببەستە، چونکە خوای گەورە شیاوی وەکیلێتییە، کە راسپاردەی پێ بسپێریت و کارت بۆ بە ئەنجام بگەیێنێت. بۆ موسوڵمانانیش بە گشتی دەفەرموێ: (وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) المائدە/٢٣؛ پشت بەخوای گەورە ببەستن، ئەگەر راستدەکەن و موسوڵمانن..

کە وابوو پشت بەخوا بەستن لە مەرجەکانی ئیمانداریێتیەوە

ئومێد بە غەیری خوای گەورە شیرکە:

ئەو کەسانەی کە لە دڵ و دەروون و هزرو هۆشیاندا ئومێدێکیان بە غەیری خوای گەورە بەستووە، کە پشتیان بە غەیری خوا لە شتێکدا بەستووە، پێش هەموو شتێک دەبێت ئەو هۆکارانە لە دڵ و هزریاندا دەربهێنن، تا دڵ و هزریان بۆ خوا پاکبێتەوە. دەسپێکی یەکەم ئەمەیە، پاکبوونەوەی دڵە بۆ خوای گەورە، ئەو دڵە زیندووەو هەستیارە کە بەتەواویی بۆ خوا پاکبۆتەوە: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ) الانفال/٢؛ موسوڵمانانی سەرراست ئەو کەسانەن کە ئەگەر ناوی خوایان لا هێنرا دڵیان

رادەچەنێت، کە ئایەتەکانی خوایان لا دەخوێنرێتەوە باوەڕیان پتەوتردەبێت و ئومێد و هیوایان بەخوای گەورە بەهێزتردەبێت و بە تەواویی پشت بەو دەبەستن. پشتت تەنها بەو ببەستە، وەکو دەستەواژەی ئایەتەکە جەختی لێ دەکاتەوە.. پشتان تەنها بەخوای گەورە قایمبکەن، هاوبەش بۆ خوا دامەنێن. موسوڵمانانی سەرراست داوای یارمەتیی و کۆمەک هەر لەو دەکەن. یان وەکو ئیمامی ئیبنوکەثیر رحمەاللە بەدوای ئایەتەکەدا لە تەفسیرییدا دەفەرموێ: (واتە: ئومێد بە غەیری خوای گەورە نابەستن، غەیری ئەویان پێ مەبەست نابێت، پەناش نابەنە بەر غەیری ئەو، داوای بەدیهێنانی پێداویستییەکانیشیان لە غەیری ئەو ناکەن، خۆزگە بۆ پاداشتی غەیری پاداشتی ئەو ناخوازن، چونکە دەزانن ئەوەی کە بووە هەر دەبوو وابێت، ئەگەر ئەو وای نەوویستایە، نەدەبوو وابێت، ئەوەی خوای گەورە ویستوێتی هەر ئەوە بووە، خوای گەورە هەڵسوڕێنەری کاروباری موڵکی خۆیەتی، کەسیش هاوبەشی ئەو نییە، کەسیش بۆی نییە بە بڕیاری ئەودا بچێتەوە. خوای گەورە محاسەبەکردنی زۆر خێرا ئەنجامدەدات.. سەعیدی کوڕی جوبەیر رحمەاللە دەی فەرموو: (پشتبەخوابەستن تەوەری باوەڕە).. ئا ئەمە خواوویستییە پاکە داواکراوکە، کە لە یەکبوونی خوای پەروەردگارەوە هاتووە، ئەمە پەرستنی خوای گەورەیە، پەرستنی تەنهای ئەو ئەم خواوویستییەیە کە شیرکی تیکەڵنەبووە، چونکە شتێکیناomمکینە دڵ و دەرونێک، هزرو هۆشێک، تەوحیددی پاک و راست و دروستی بۆ خوای گەورە تێدا رووابێت و پشت بە غەیری خوای گەورەبەستێت، یان ئومێدێکی بە غەیری خوای گەورە هەبێت، یان جێی هیوایەکی بە غەیری خوای گەورە تێداببێتەوە.. وەکو وتیشمان پشتبەخوابەستنی راست و تەواو مانای واز لێ هێنان و وەلکردنی هۆکارو رەنج و هەوڵدان نییە، مانای ئەوە نییە هۆ نەگرێتەبەر،نا، موسوڵمان هەموو هۆیەکانی ئەنجامدان راست و دروست دەگرێتەبەر، لەو لایەنەوە کە مەرجێکیتری ئیمانداریی و

فەرزێکیتری خوای گەورەیە. ملکەچکردن و گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورە _بەپێی فەرمانی خوای گەورە_ رفتارێکیترە[1]. بەڵام موسوڵمان پشت بەو هۆکارانە نابەستێت، ئومێدیان ناخاتەسەر، بەهیوایان نابێت، بەڵکو پشت و ئومێد و هیوای هەر بە خوای گەورەیە کە ئەنجامەکەی وا بۆ بهێنێتەوە کە مرادی حاسڵکا ت و ئامانجی بهێنێتەدی.. چونکە لەوە دڵنیایە کە ئەوی بڕیار لەسەر ئەنجامەکە دەدات خوای کردگارو خاوەن قەدەرە، کە هۆیەکانیشی خەلقکردووەو خستوێتیە بەردەست و ئەنجامەکەش لای خۆیەتی، بڕیاری لەسەردەدات. لە هەست و هۆشی موسوڵماندا پەیوەندی لە نێوان هۆکارو ئەنجامدا نییە.. ئەم بەرپرسە لەوەی هۆکارەکان بە مەرجی خۆیان بگرێتەبەر، ئەمە ئەرکی ئەوە.. بەمەش کارەکەی کۆتاییدێت. ئەمە خواپەرستییەکەو کردی.. ئەمە ملکەچیی و گوێڕایەڵیی بوو، ڕاپەڕاندنی فەرمانێکی خوای گەورە بوو، هێنایەدیی، تەواو.. ئەنجامەکە لای خوای گەورەیەو هیچ مێژێک هاوبەشی بڕیاردانی چەندێتیی و چۆنێتیی وەل خوای گەورەدا ناکات. ئاوا دڵ و هزرو رەفتاری موسوڵمان لە پەرستنی غەیری خوای گەورە پاکدەبێتەوەو شایەنی رەحمەت و لوتف و چاودێریی خوای گەورە دەبێت.

لەم ڕوانگەوەیە کە موسوڵمان لەوە دڵنیایە کە هەرچی خێر یان شەڕێک دێتەڕێی، هەمووی بە قەدەری خوای گەورەیەو لە چارەی نوسراوە، بۆیە هەرچییەکی بێتەڕێ ئومێدی بە خوای گەورە زیاتردەکات و زیاتر پشتی پێدەبەستێت: (قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ) التوبة/٥١؛ بفەرموو: هەتاهەتایە هیچ شتێکمان توشنابێت ئیللا ئەوە نەبێت کە لە چارەمان نوسراوە، کە خوای

---

١ سەیدنا عومەر خوا لێی رازی بێت ویستی لە شاری عامواس(لە شام) دەرچێت، کە تاعوونی تێدا بڵاوبووبۆوە، عەرزیانکرد لە قەدەری خوا هەڵدێیت؟ فەرمووی : لە قەدەری خواوە بۆ قەدەرێکیتری خوا هەڵدێم.

گەورەو سەروەرمان نووسیوێتی، دەی سا با موسوڵمانان پشتیان بەو قایمبکەن. ئەو با جێی ئومێدیان بێت و پشت هەر بەو ببەستن.

قەناعەتکردن بە قەدەری خوای گەورەو دڵنیابوون لێی، هەروەها پشتبەستن بە خوای گەورەو بەهیوابوون پێی ری لە موسوڵمان ناگرێت هەموو هۆکارێکی ئامادەسازیی بگرێتەبەر.. چونکە فەرمانی خوای گەورە ئاشکراو راشکاوە: (وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ)الانفال/٦٠؛ هەر هێزێک کە لە تواناتاندا هەیە دەستی بخەن، بۆ رووبەڕووبوونەوەیان ئامادەی بکەن.. ئەو کەسەی فەرمانی خوای گەورە جێبەجێناکات ئەوە بەراستیی پشتی بە خوای گەورە نەبەستووەو راستناکات کە ئومێدی بە خوای گەورە هەیە، دەنا هۆکارەکانی دەگرتەبەر. ئەو کەسە لە رێساکانی خوای گەورە تێنەگەیشتووە، کە بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤی داناوە، کە خاتروخۆتری بۆ کەس تێدا نییەو جیاوازی نێوان دیندارو بێدینی تێدا نییە.. پاشان زانیمان کە پشتبەخوابەستن نیشانەو داخوازی ئیمان و باوەڕپێتەوییە، نەک باوەڕلاوازیی.. هۆکارگرتنەبەر لە سەرمایەی ئیمان زیاددەکات، نەک لێی کەمبکاتەوە.. خوای گەورە خاوەن دەسەڵات و هێزی باڵاو بێسنورە، هەر کەس پشتی پێببەستێ بەسێتی، ئەویش پشتی هەر کەسێک بگرێت ئەو کەسە بەسێتی، بەڵام هەر بە فەرمانی ئەو خواخاوەنە دەبێت هۆکارەکان بگرێتەبەر، دەنا کێ دەتوانێت کەفالەتی ئەوە بکات کە ئەو ئەنجامەی دەیخوازێت دێتەدەستی؟ کەس.. هۆکار بگرە بەرو بە ئومێدی خوای گەورەبە: (فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ)هود/١٢٣؛ خوا بپەرستە و ئیعتیمادی بکە سەر.. هەروەها: (عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ) هود/٨٨؛ پشتم بەو بەستووەو بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە.. هەروەها: (فَإِن تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ) التوبة/١٢٩؛ ئەگەر پشتیان هەڵکردو گوێیان بە بانگەوازەکەت نەدا،

بفەرموو: خوای گەورەم بەسە، کە هیچ خوایەک جگە لەو نییە، پشتم بەو بەستووە، ئەو خاوەنی عەرشە مەزنەکەیە.

ئەمەیە ڕێبازو بەرنامەی موسوڵمان لە پشتبەستن بە خوای پەروەردگارو ئیعتمادکردنە سەر ئەوو بەس. خەڵکی هەرچەندە زۆرو کۆبن و زامیرەن خاوەن هێزدیار بن، هەر خەڵکن، هەر مەخلووقن، هەر لاوازن، هەر غەیری خوان، ناشێت جێی ئومێد بن؛ (وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا) الطلاق/٣؛ پشتبەستن هەر بە خوای گەورە دەبێت، ئەویش بەتەواوی بەسە بۆ هەر کەسێک ئیعتیمادی کردبێتەسەری، چونکە خوای گەورە فەرمانی خۆی هەر تەواودەکات، کار دەگەێنێتە ئەنجام، نیوەناچڵ وەلیناکات، کۆڵی لێنادات، ئیهمالیناکات و لێی ماندوونابێت، هەر شتێکی بڕیاردابێت دێتەدی لە کات و شوێنی خۆی بەو چەندێتیی و چۆنیەتییەی بڕیاری لەسەرداوە، دەبێت ئەوەی ئەو وویستبێتی بووبێت.. پشتبەستن بەو، ئیعتیمادکردنە سەر هێزی لەبننەهاتووی زاڵ و بەهێزە.. خوای گەورە هەرچی بوێت دەیکات، هەرچی ئەویش نەیەوێت بەهیچ کلۆجێک نابێت و نایاتەدیی.

موسوڵمانی دیندارو سەرراست کە خوای گەورەی ناسیووە، سیفەتەکانی خوای گەورەی _وەکو حەقیقەتی عەقائیدیی بەڵگەنەوویست_ لە دڵ و دەرون هزرو هۆشدا چەسپیووە، کە هەموو ئیعتیمادێکی لەسەر ئەوەو لا بە لای غەیری ئەودا ناکاتەوە، ئومێدی بە غەیری ئەو نییەو هیوای بە غەیری ئەو ناوەستێت و هیچ هێزێکیتر لە وجووددا نییە کە ئەم لە کەنارییدا ئۆقرەبگرێت و هێمنببێتەوە، جگە لە خوای تاکوپاک، ئەو خوایەی بە لوتف و ڕێزی خۆی ئەمی بۆ دین و ڕێبازو بانگەوازەکەی هیدایەتداوە.. چۆن ئەمی موسوڵمان پشت بەو نابەستێت: (وَمَا لَنَا أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى اللَّهِ

وَقَدْ هَدَانَا سُبُلَنَا)ابراهيم١٢؛ بۆچی چیمانە تا ئیعتیماد نەکەینە سەر خوای گەورەو پشتی پێنەبەستین، کە ئەو خۆی ڕێنماییکردووین و هیدایەتیداوین بۆ ئەم دیدو ڕێیەمان؟ کەوابوو جگە لەوەی پشتبەخوابەستن لەسەر موسوڵمان فەرزە، بۆ موسوڵمانیش وەفادارییە، کە ئومێدی هەر بەخوای گەورەیە.. ڕێزو قەدرو گەورەییە کە بۆتە عەبدی خواو هیوای هەر بەوە: (وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ) التوبة/٥١. موسوڵمان پشتی بە خوای گەورە بەستووە، چونکە خالق و مەخلووق ناسیووە، حەقیقەتە عەقائیدییەکانی تەوحیدی لە دڵ و دەرون و مزرو مۆش چەسپیوون. لە ڕێساکانی گەردون و ژیان و مرۆڤ گەیشتووە، کە خوای گەورە کردوونی بە خولگەی بزاوت و سرەوتیان.. دەزانێت کە خوای گەورە ئەم (وجوود)ەی بە هەموو موفرەداتەکانییەوە، بە هەموو چەندێتیی و چۆنێتیی و کات و شوێن و ماهییەتیانەوەو بە هەموو پەیوەندی نێوانیانەوە، ووردەکارانە دیاریکردوە: (قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا)الطلاق/٣ کەوابوو هەموو شتێک ئەندازەگیریی کراوە، لە رادەو بڕو چەندێتییدا، لە چۆنیەتیی و شێوەو حاڵەتیدا، لە کات و شوێنیدا، لە پێکهاتەو ماهییەتیدا، لە پێشەکی و ئەنجامیدا، لە هەموو شتێکیدا.. گەردوون و ژیان هیچ شتێکی هەوانتەو بێحیسابی تێدا نییە، بواری ڕێکەوتێک نەبووە. ڕێکەوت هەر وجوودی نییە. هیچ شتێک لە خۆوەوە نەهاتۆتەدیی.. جیهانی مرۆڤیش وایە پێکهاتەو جەستە و دەرونی بێت، یان فیکر و هەست و هۆشی یان سات و کاتی ژیانی.. هەمووی بە بەرنامە بووەو بەرنامەش بۆ رەفتاری ژیانی دانراوە، ئازادیشە موسوڵمانانە دەیگرێتەبەر یان کافرانە وەلیدەکات و تەحەممولی بەرپرسێتیی دیدو ڕەفتارو بزاوت و رەوتی خۆی دەکات.. ئەم موسوڵمانە ئاوا هەموو حەقیقەتەکانی (وجوود)ی لا ڕۆشنە ئیتر چۆن پشت بە مەخلووق دەبەستێت؟ چۆن؟!

موسوڵمان له دید و ڕێی دڵنیایه:

موسوڵمان له دیدو ڕێی خۆی دڵنیایه، خۆی _وەکو عەبدی مەخلووقی موسوڵمان_ ناسیوەو خوای گەورەشی وا ناسیوە کە کردگارو خاوەن و دەسەڵاتدارو هەڵسوڕێنەرو زاناو داناو بەتوانای بێسنووری وجوودە، بە عەبدێتییەکەی دڵخۆشە، سرەوتووەو شادمانە.. لە خوای خاوەنی دڵنیایەو سەرراستانە پشتی پێبەستووە، زانیوێتی کە خوای ڕێنیشاندەری لە لوتفی خۆیەوە ڕێنماییکردوەو خستوێتیەسەر دینەکەی، حەتمەن یارمەتیدەریشی دەبێت و سەرکەوتنی بەنسیبدەکات.. ئەو دڵ و هزرەی هەستدەکات کە خوای گەورە چاودێریدەکات و بە سەرپەرشتی خۆی ڕەفتاری قەدەریانەی خۆی پێدەکات، حەتمەن دامەزراوو پارسەنگ و هێمنە، چونکە دڵنیایە کە خوای گەورە خستوێتیەسەر ڕێی ڕاستی خۆی و هەنگاوی ڕاست و دروستی پێهەڵدەهێنێتەوە.. حەتمەن ئەم دڵ و هزرە بە خوای گەورەوە پەیوەست دەمێنێت، ئەمە زیندوو و بە ئاگاو هۆشدارە، کامەران و شادمان و بەختەوەرە، سەربەرزو جوامێر و دلێرە.. ئەم دڵە چۆن لە بەرامبەر مەخلووقاتانەدا دەلەرزێت؟ ئەم دڵە چۆن ئەو دیدو ڕێگایەی عەبدێتیی خوای گەورە دەگۆڕێتەوە بە تاج وڤعەرشی فەنای طاغووتان؟! ئەم دڵ و هزرە پڕە لە هەست و ئینتیمای عەبدێتیی و سوورن لەسەر دیدو ڕێ. چۆن دلەخورپێ و ڕاڕاییان لە شتێکدا بۆ دروستدەبێت، چجای بردنی گومانی خراپ! بەربەست و کۆسپ و لەمپەری ڕێ هەرچییەک هەن و هەر چەندێک هەن، با هەر هەبن. هێزی طاغووت هەرچییەکە، هەر چۆنێکە، با بێت. چ کاریگەرییەکی لەسەر دڵ و دەرون و هزرو هۆش و هەست و ئینتیمایەکە کە بە عەبدێتیی خوای گەورە پێگەیشتووەو لە کەناری ڕەحمەتی خوادا کەناری گرتووە؟!

ئەم حەقیقەتی پشتبەخوابەستن و پارسەنگکردنەی لە گەڵ گرتنەبەری هۆکارەکانی ئەنجامدان، دڵێک هەستی پێ دەکات و دەیگرێتەخۆ کە لە سەرەتاوە بۆ

خوا پاکبووبێتەوە.. لە سەرەتاوە تەسلیمی سیفاتی خوای تاکوپاک بووبێت و سوڵحابێت بۆی.. لە ناو ئەم دڵانەشدا، ئەویان زیاتر زیت و وریاو بەئاگایە کە لە بزاوتی بەرەنگاربوونەوەی طاغووتدایە.. ئەمیان _کە خەریکی گۆڕینی جاهیلییەت و نکۆڵیکردنی بنەماکانێتی و خەریکی لادان ورادانی شیرک و کوفرە_ زیندوانەتر مامەڵە لەگەڵ (تەوەکول)دا دەکات.. زیاتر ئعتیماد دەکاتە سەر خوای گەورە، رۆژانە لە ملمانێدایە و پێویستی بە سووتی رۆحە، تا ئیدامەی جیهادەکەی پێ بدات.. ئەوەش لە ئومێدەوە دێت بە خوای گەورەی بەستووە. ئەم دڵە زیندووە جئهادییە لە ناخی قوڵایی خۆیدا هەست بە دەست و ئاراستەی خوای خۆی دەکات کە دید و هەڵوێستی بۆ دەستنیشاندەکات.. لە قوڵای دڵییەوە نوری خوا هەست پێ دەکات کە رێی بۆ رۆشندەکاتەوەو هەستی بەهێزیی و دلێریی و نەبەزیی تێدا (زەرع)دەکات.. ئەم دڵە بە ئاگایە تەنها ئەم جۆرە دڵە.. هەست بە لەخوانزیکیی وهاودەنگی دەکات.. چونکە راست و رەوان پشتی بە خوا بەستووەو پێشتریش دڵی بۆ ئەم پشتبەستنە پاککردۆتەوە، بۆیە ئێستا وەل ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە گەردوونییەدا رەفتاردەکات.. ئای کە هێمن و ئاسوودەو دامەزراوە.. ئەم دڵەی ئاوا زیندووانەو سات بە ساتی ململانێی ئیرادە بەخواوە پەیوەستە، چۆن لە طاغووتان سڵدەکاتەوە؟ هەر هەموو طاغووتی سەر زەمین، بە هەموو هێزو توانا و جەللادو داپڵۆسێنەرانیانەوە..

دڵێک ئاوا بە پشتیوانی خوای گەورەو بۆ ئەو گەشەو نەشونمای کردبێت، چۆن لە سزاو ئەشکەنجەو مردن سڵ دەکات؟! ئەو طاغووتانە چین لە بەرامبەر ئەو هێزە لە بننەهاتووە بێسنوورەی خوای کردگاردا، کە ئەم بە(یەقین)ەوە پشتی پێبەستووە؟: (وَمَا لَنَا أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى اللَّهِ وَقَدْ هَدَانَا سُبُلَنَا) ابراهیم/١٢؛ جا چیمانە؟ بۆچی پشت بە خوای گەورە نابەستین کە ئەو رێنمایی ئەم رێبازەی خۆمانی کردووین؟!

موسوڵمان به یەقینەوە پشتی بەو خوا تاکو پاکو بەهێزو زیندوو و بەئاگا میهرەبانە بەستووە، کە دەفەرموێ: (وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِ)الفرقان/٥٨؛ پشت بەو زیندووە ببەستە کە نامرێت و سوپاس و ستایشی ئەو بکە.. پشت بەخوای زیندوو ببەستە.. هەموو مەخلووقات دەمرێت.. هەرچی زیندوو هەیە دەمرێت، ئەوەی نامرێت خوای گەورەیە.. نەکەی ئیعتیمادبکەیتە سەر ئەوانەی ناتوانن مەرگ لە خۆیان دوورخەنەوەو بێدەسەڵاتانە تەسلیم بە ئەجەلیان دەبن.. ئومێدت پێیان نەبێت، ئەوانە فەنان، پشت بەخوای گەورە ببەستە، خوای کردگاری ژیان و مردن، خوای ژێنەرو مرێنەر.. پشت بە مەخلووق نەبەستیت، کە مردنی مسۆگەرە.. پشت بەخوای گەوە ببەستە، بە تەئکیید خوای گەورەت بەسە.(وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا) الأحزاب/٣؛ پشت بە خوای گەورە ببەستە، خوای گەورە بۆ پشت پێ بەستن بەسە.. لانەکەیتەوە بەلای کەسدا.. هەموو کاروبارت بە خوای بەئاگا بسپێرە، ئیعتیماد بکەرە سەردانایی خوای تاکو ەنها، لە زانایی ئەو دڵنیابە، لە بەتوانایی ئەو بێخەمبە، پشت بەو ببەستە، ئەو شارەزاو بەئاگایە، ئەوت بەسە..چما ئەوت بەس نییە؟!: (أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِن دُونِهِ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ) الزمر/٣٦؛ مەگەر خوای گەورە بۆ پشت پێ بەستن و سەرپەرشتیارێتی عەبدەکەی بەس نییە؟ ئەوان بەغەیری خوای گەورەت دەترسێن! ئاخر هەر کەسێک خوای گەورە گومڕای بکات، کێ هەیە ببێتە ڕێنیشاندەری؟.

گێڕانەوەی هەموو کاروبارێک بۆ خوای گەورەو متمانەپێکردن و پشتپێبەستن و ئیعتیمادکردنەسەر ئەو، ڕێسایەکی نەگۆڕی دڵنیابوونە، کە دڵی ئیمانداری لەسەر گۆشدەکرێت، کە لێی دەبێتە حەقیقەتی بەڵگەنەوویست و لە مومارەسەی ڕۆژانەدا شارەزای چۆنیەتیی پشتپێبەستن و ئیعتیمادکردنە سەری، زیاتر لای دەچەسپێت و بۆی دەبێتە پاڵنەری هەموو سات و ئانێکی بزاوت و سرەوتی.. ئەو دڵەی ئەم

حەقیقەتەی تێدا دەچەسپێت بەو پەڕی متمانەو دڵنیایی و ئاسوودەییەوە، هەموو کاروبارێکی بە خوای خاوەنی دەسپێرێت، هەموو ئومێدێکی بەو دەبێت و بەس، چونکە لە زانایی و توانایی و دانایی ئەو بێخەمە، لە پشتیوانیی و سەرخستنیشی دڵنیایە.. وای لەم دڵە بەئاگایە، کە خۆشحاڵ و شادمانەو بەم (تەوەکول)ە پارسەنگ و سەربەرزو ئازایە: (وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ) التوبة/٥١. ئەم پشتبەخوابەستنە بەسە.. چ شتێک ئەم موسوڵمانە موحتاجی ئەوە دەکات پشت بە غەیری ئەو خوایە ببەستێت؟بۆچی ئومێدی بخاتە سەر غەیری خوا؟ ئاخر خۆ خوای گەورە بە تواناو بە ئاگاو هۆشدارە.. پاسەوانیێتیی و پاراستنیی گرتۆتەخۆ، بە تواناو دانایەو رێنیشاندەدات، ئیتر چ مەجبورە ئیعتیمادبکاتە سەر مەخلووقات؟! خوای دەسەڵاتدارو باڵا، خوای بینەرو بیسەر، کە هیچی لەم وجوودەدا لێ بزرنابێت و هیچ شتێک بەبێ قەدەری ئەو نابێت، پەیمانی بە موسوڵمانیشداوە کە دەتگرمەخۆ، چاودێرتم، پاسەوانتم، دەتپارێزم، سەرخستنت عایدی منە، بێخەمبە!

هۆطاغووتینە! چیتان لەدەستدێت بیکەن:

دوای چەسپاندنی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییەی پشتبەستن بە خوای کردگارو خاوەن دەسەڵاتی بەهێزی بێسنوور، خوای بەتواناو زیندوو و داناو پاڵپشت لە دڵی موسوڵمانی سەرراست و بۆخواسوڵحاودا، دوای هەستی ئینتیمای عەبدێتیی و ورەبەرزیی و ئامادەیی هەڵگرتنی بانگەوازی خواوویستیی و راگەیاندنی حاکمێتیی و دین و سەروەریی شەرع، ئەرکی (بەلاغ) و (بەیان)و (دەعوە)و (شاهیدیدان) دەکەوێتەسەر موسوڵمان، کە حەقیقەتەکانی عەقیدەکە راشکاوانە _بێمنجەمنج و ئاشکرایانە، بێپێچوپەنا_ رابگەیێنێت، بێئەوەی سڵ لە کافران بکاتەوەو ترسی هێزو جەبەرووتیانی

له دڵدابێت: (قلِ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ. إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ. وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلَا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ. وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ لَا يَسْمَعُوا وَتَرَاهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ)الاعراف/١٩٥-١٩٨؛ بفەرموو: هەموو ئەوانەی بەخواتان داناون و کردوتانن بە هاوبەشی خوایەتیی خوای گەورە، هەموویان بانگکەنە یارمەتییدانتان، ئینجا هەرهەمووتان پلانم دژبگێڕن و ساتێک چاوەڕێ مەبەن لە راپەڕاندنیدا(چیتان لەدەستدێت، بیکەن) من سەرپەرشتیارم خوای گەورەیە، کە ئەم پەیامەی پێداناردووم، خۆی سەپەرشتیاری پیاوچاکانە. ئەمانەی ئێوە هانایان بۆ دەبەن، ناتوانن سەرتانخەن، خۆشیان پی سەرناخریت. کە داوای هیدایەتیشیان لێبکەن هیچ نابیستن! جا دەبینی ئەبڵقدەبن، بۆت دەڕوانن، بەڵام نابینن !

ئەمە دیدو هەڵوێست و راگەیاندنی موسوڵمانە بەرامبەر جاهیلییەت. پێغمبەری خوا صلیٰ الله علیه وسلم _بەو شێوەی کە خوای پەروەردگاری فەرمانی پێدابوو_ رایگەیاندو بەربەرکانێی جاهیلییەتی زەمانی خۆی پێکردو بەرامبەر خواکان و سەرانیان، بەم (تەحەددا) گەورەیەوە وەستایەوە: (قلِ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ) ئەمە لە کات و شوێنێکدایە کە هێشتا موستەزعەف بوو لە مەککە!

ئاوا راشکاوانەو ئاشکراو بە رۆژی روون، لە گەرمەی قەرەباڵغیی و کۆڕو کۆمەڵیاندا رایگەیاند کە چیتان لەدەستدێت، بیکەن. هەرچی تواناو رەنج و هەوڵتانە یەکیخەن، هەرچی وزەو تواناتان هەیە بیخەنەگەڕ، هەرچی شێوازێکی فێڵکاریی و چەواشەکردن و لەخشتەبردنتان هەیە بیخەنەکار، دەستبەجێ، بێچاوەڕوانکردن!! ئاوا بە زەق و رەقیی، بەو پەڕی متمانەوە بە خوای پشتیوانی دەسەڵاتداری خۆی، کە هەر کەسێک سەرراستانە پشتی پێببەستێت و بۆ بانگەوازی تەوحیدو شەرعەکەی لێببڕێت، ئاوا لە

کاردانەوەی شیرک و کوفرو جاهیلییەت بێخەمدەبێت.. منەتنان نەبیت چیدەکەن بیکەن!!: (إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ).. ئاوا بەم رۆشنییە، بەم رستە ئاسانانەی هەر هەموویان وردو درشت و تێدەگەیشتن، چونکە بووبووە قەدەری خوای گەورە، کە بانگەوازی حەقی بەم جەنابە هەڵبژاردەدا صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا ناردبوو.. بەم وەحی و قورئانەی بەم نێردراوە راستگۆو دەستپاک و بوێرەی ئەم حەقەی ئیسلام و ئەو باتڵەی جاهیلییەتی بۆ روونده‌کردنەوە، چونکە هەر وەکو کە قەدەری وا بوو ئەم پەیام و پێغمبەرە صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بنێریت، قەدەریشی وا بوو کە راستەوخۆو ئاشکراو راشکاو بە ئەهلی جاهیلییەتی بگەیەنێت و سڵ لە هێزو دەسەڵات و گەلەکۆمەکێیان نەکاتەوە، چونکە خوای گەورە پێی راگەیاندبوو کە بێخەمبە، کە لە چارەم نوسیویت کە سەلامەت و سەرکەوت و دەبیت و دینەکەشم بە هەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە، بەڵام وەکو من فەرمانم پێکردوویت، ئاوا وەکو خۆی ئاشکراو راشکاوانە ئەم حەقیەقەتانەی وەحی راگەیەنە.. مژدەشی دابویە کە پیاوچاکانی دەوروبەریشی دەپارێزێت و سەریاندەخات مادام بۆخواسوڵحابن و قورئانەکەیان وەرگرتبێت، و پەیامەکەی وەکو خۆی بگەیێن، کە حاکمێتیی دین و سەروەریی شەریعەتەکەیەتی..

دیدو هەڵویست و بەلاغی موسوڵمانی دوای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکی نەوەی موسوڵماناندا راگەیاندنی خیطابی ئیسلامیی هەر ئەمەیەو هەر ئاوایە: (قُلِ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ. إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ) الأعراف/١٩٥؛ بفەرموو: هەموو ئەوانەی کردووتانن بە خوای خۆتان بانگیانکەن و بۆ پیلانگێڕان لە دژم کۆیانبکەنەوە، چاوەڕوانی هیچ مەکەن و بیکەن. سەرپەرشتیاری من خوای گەورەیە کە قورئانەکەی ناردۆتەخوارەوە، هەر ئەویش سەرپەرشتیاری پیاوچاکان دەکات..

حەتمەن خواوویست کە بانگەوازی خوایی هەڵگرتووە، دەبێ ئاوا تەبەڕا لە جاهیلییەت بکات و لە ئومێدبەستن بە هێزی سەرزەمین هیوابڕاوبێت. پێویستە ئاوا بە چاوی سووکەوە تەماشای هێزو دەسەڵاتی کوفر بکات. دەسەڵاتی کوفر گەندەڵە، بێڕەگ و ریشاڵە، لاوازە، هەرچەند قەبەو زۆرو بەهێز دیاربێت.. لە حەقیقەتدا هێزی کوفر کلۆرە، بەرەو فەنایە.. موسوڵمان دەبێ هەمیشە نموونەی مێشەکەی لەبەرچاوبێت، کە ئەگەر هەر هەموو مەخلووقات کۆببنەوە ناتوانن مێشێک خەلقبکەن، تەنانەت ئەگەر مێشێک شتێکیان لێبسەنێت، بە هەموویان ناتوانن لێی بسەننەوە!: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَن يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِن يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ) الحج/ ٧٣؛ هۆ خەڵکینە نموونەیەک هێنراوەتەوە باش گوێی بۆ هەڵخەن و گوێبیستی ببن، ئەوانەی ئێوە هاواریان دەکەنێ و مانایان بۆ دەبەن _کە لەجیاتی خوای گەورە داتانناون_ هەتا دنیادنیایە ناتوانن مێشێک خەڵقبکەن، باهەر هەمووشیان بۆی کۆببنەوەو هاوکارو یارمەتیدەری یەکتریش بن. تەنانەت ئەگەر مێشێک شتێکیان لێ زەوتبکات ناتوانن لێی بسەننەوە، چونکە داواکارو داواکراو هەر لاوازو دەسەوسانن، بەراستی ئەوانە ڕێزی خوای گەورەیان لا نەبوو کە دەبوو بەراستیی و وەکو شایانێتی قەدری بگرن، خوای گەورە بەهێزو خاوەن دەسەڵاتە.. هەروەها: (مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ)العنكبوت /٤١؛ نموونەی ئەو کەسانەی کە لە جیاتی خوای گەورە سەرپەرشتیاریتریان بۆ خۆیان داناوە، وەکو جاڵجاڵۆکەن کە خانوویەک بۆ خۆی پێکەوەدەنێت، لە راستییدا ئەم خانووە (یان ئەم ماڵە) لاوازترینە، لاوازترین ماڵ ماڵی جاڵجاڵۆکەیە، ئەگەر ئەوان پەی پێببەن و بزانن.

خواوویست به دڵنیاییەوە پشتی بە خوای گەورە بەستووەو ئیعتیمادی لەسەر ئەوە. ئیتر ئەم لایەنگرو پشتیوانانەی جاهیلییەت دەتوانن چی بەرامبەر بکەن؟! ئەمانە لە هەست و هۆش و ورەی موسوڵماندا چ کاریگەرییەکیان هەیە؟ هیچ.. تەنانەت ئەگەر بیشیخەنەژێر ئەشکەنجەو ئازارەوە.. خۆ ئەم لەوەش دڵنییایە، کە ئەوەش بە پێی قەدەری خوای داناو بەتواناو بەئاگا خۆیەتی، کە ئەمی بۆخوالێبڕاو بانگەوازە خواییەکەی ئەوی هەڵگرتووە.. وەنەبێت خوای گەورەو بەدەسەڵات سەیری کات و نەتوانێت قوتاریبکات! وەنەبێت خوای گەورە ئەمی وەلکردبێت و هەقی بەسەریەوە نەمابێت! نا خوای گەورە خۆی بەڵێنی سەرخستنی دینەکەی و شوێنکەوتووەکانی دینەکەی داوەو بەڵێنیشی بەجێیە.. بەڵام کۆسپی سەرڕێ و ناسۆرو نارەحەتییەکانیش مایەی خۆگریی و پارسەنگبوون و داکوتانی موسوڵمانانە.. مایەی تاقیکردنەوەی ئیمان و ئارامگریی و رادەی بۆخوالێبرانە.. بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی زیاتریشە لەسەر طاغووتان و جەللادان و دەست و دائیرەکانیان، تا کاتێک بە غەزەبی خۆی دەیانگرێت و بەدادی خۆی دادگاییان دەکات، هیچ هەنجەتێکی بەرگریکردنیان لە خۆیان نەبێت.. خوای گەورە بە دڵنیاییەوە دەیانگرێت و لە دەستی قوتارنابن..

سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێت لەو کاتەی موشریکەکان لێیان دەداو خەڵتانی خوێنیان کردبوو، بەو شێوەیەی کە شاهیدەکان دەیانووت دەمولووتی لێک جودانەکراوەتەوە لەبەر خوێن، بە هەموویان لە هەموو لایەکییەوە لێیان دەداو بەسەرو روویان دەکێشا، بەڵام ئەم پیاوە خواوویستە چاکە _کە بەریزترین کەسایەتی ئوممەتەکەیە لە دوای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ _ لە بندەستیانەوە دەیفەرموو: (أيّ رَبِّ مَا أَحْلَمَكَ.. أيِّ رَبِّ مَا أَحْلَمَكَ.. أيِّ رَبِّ مَا أَحْلَمَكَ..)[1] واتە: خوایە

---

١ ابن كثير: البداية والنهاية ٩٥/٣، سيرة ابن هشام ب١ل ٣٩٦.

تۆ چەند بەسەبریت.. خوایە تۆ چەند بەسەبریت.. خوایە تۆ چەند بەسەبریت.. لەژێر تین و فشاری ئەو دەستدرێژیی و ستەم و دڵڕەقییەدا هەر ئەوەی دووپاتدەکردەوە. چونکە لە ناخی دڵ و دەروون و هزرو هۆشیدا ئەوەی لا یەقینبوو کە خوای گەورە بە دانایی خۆی رێی بەو درِندانە داوە ئاوای لێبکەن، متمانەی بە توانای خوای گەورە هەبوو کە دەتوانێت رێیان لێبگرێت و ئەمیش قوتارکات لە دەستیان، بەڵام لەوەش دڵنیابوو کە ئەمە رێی پێغەمبەرانە علیهم السلام و بواری تاقیکردنەوەی ئیمانە.. گومانی لەوەش نەبوو کە بەڵێنی خوای گەورە راستەو دێتەدیی، موسوڵمانان هەر سەردەخات..

عبداللەی کوڕی مەسعود خوا لێی رازی بێت کە لە پاڵ کەعبەدا قورئانیخوێندو دەنگی هەڵبڕی تا بیبستن، ئەوەندەی لێدرا دوایی هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی هەستێتەوە سەرپێ.. دوای ئەم ناڕەحەتییە دەیفەرموو بەخوا قەسەم ئەو کاتەی کە لێیاندەدام لە هەموو ساتێک زیاتر بە لاوازو بێدەسەڵاتم دەزانین.. چونکە ئەوەی لا بەڵگەنەوویست بوو کە هەر کەسێک دوژمنایەتی بانگەوازەکەی خوای گەورەو بەرهەڵستی پێغەمبەرەکەی بکات، دۆڕاوە. زەلیلە، بەزیووە.. چونکە خوای گەورە دژایەتیدەکاتەوە.. واوەیلا بە حاڵی ئەو کەسەی خوای گەورە دژایەتیدەکات..

عبدالله ی کوڕی مەزعوون خوا لێی رازی بێت داڵدەدراوی عوتبەی کوڕی رەبیعە بوو (کەیەکێک بوو لە طاغووتانی قورەیش) ئەو بەرگری لێ دەکرد، بۆیە قورەیش نەیدەتوانی ئازاری پێبگەیەنێت، بەڵام کە عەبدوالله زانی وا خوشک و برا موسوڵمانەکانی لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەی جەللادانی قورەیشدان، ئەمانەکەی عوتبەی رەتکردەوەو لە ماڵی ئەو هاتەدەرەوە. کە موشریکەکان زانیان دەستبەجێ کۆمەڵێکیان هەڵمەتی درِندانەیان بۆ بردو هەر لەبەردەم ماڵەکەی عوتبەدا

ئەمەندەیان لێدا چاوێکی لەدەستچوو.. عوتبە هاتەدەرەوەو داوای لێکرد بگەڕێتەوە ژێر داڵدەو ئەمانەکەی پێشووی، بەڵام عبداللە فەرمووی : من لە ئەمانەتی یەکێکدام لە تۆ بەدەسەڵاتترە.. عوتبە پێی وت: برازا ئازیزەکەم ئاخر ئەو چاوەت هی ئەمە نەبوو ئاوا لەدەستیبدەیت، عبداللە فەرمووی: نا، بەخوا قەسەم چاوەکەی تریشم شایەنی ئەوەیە لە پێناوی خوادا بفەوتێت..

ئەم یاوەرە بەرێزە لەوە دڵنیابوو کە داڵدەو ئەمانی خوای گەورە کراوەو مەحکەمترە وەک لە داڵدەو ئەمانی مرۆڤ. دڵنیاشبوو کەخوای گەورە وەلیناکات و لەسەریدەکاتەوە، با لەو ئازارەیشدا بووبێت. بەم ناسۆرو ئەشکەنجەدانە ئەو (یەقین)ە رادەگەینێت کە فەرمووی: (نا، بەخوا قەسەم چاوەکەی تریشم شایەنی ئەوەیە لە پێناوی خوادا بفەوتێت)..

ئەمانە نموونەیەکن لەو نەوە دیندارە پێشڕەوەی خواوویستیی کە لەبەردەستی پێغەمبەری خوادا صلی اللە علیە وسلم، لەژێر سەرپەرشتی وەحیدا پەروەردەبوون. ئەمانە بە ئاراستەی خواو پێغەمبەی خوا صلی اللە علیە وسلم گۆشکرابوون. حەقیقەتە عەقائیدییەکانیان لا بووبووە بەڵگەنەوویست و ئەوانیش هەر ئەو دیدو هەڵوێست و بەلاغەیان دەگەیاند، کە خوای گەورە وەکو فەرمانی خۆی بە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووبوو: (قُلِ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ. إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ) الأعراف/١٩٥

باشە دوای ئەو هەموو ڕێگریی و ئەشکەنجەو چەوساندنەوەیەی قوڕەیش، دوای دابڕانی موسوڵمانان و مەحرورمکردنیان لە هەموو بوارێکی کەسابەت و هاوکاریی (کە ناچاربوون گەڵای دار بخۆن) و گرانیی و مەحرورمکردنیان سێ ساڵی ڕەبەق خایاندو لەو سێ ساڵەدا دوانزە کەس (تەنها دوانزە کەس) موسوڵمانبوون! بەڵام دواتر چی

ڕوویدا؟ سەرکەوتن و دەسەڵاتداریی و پێشەوایەتیی کەوتە دەست کێ و کێ زەلیل و بەزیی و دۆڕاوکەوت و بێناودەرچوو؟ مێژوو شاهیدە کە سەرکەوتن چۆن بەرەو پیری ئەو موستەزعەفانە بەخێرایی دەڕۆیشت.. ئەوەش بەڵێنەکەی خوای گەورە بوو: (إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ) الأعراف/١٩٥؛ سەرپەرشتیاری من خوای گەورەیە کە قورئانەکەی ناردۆتەخوارەوە، هەر ئەویش سەرپەرشتیاری پیاوچاکان دەکات.. ئاوا لە قوناغی مەحرومیی و موستەزعەفێتییەوە بۆ دەسەڵات، نەک هەر دەسەلاتی کات و شوێنی قورەیش، بۆ دەسەلاتدارێتیی و پێشەوایەتیی موڤایەتیی.. کێ دۆڕاندی و کەوتەژێرپێ؟ کێ گەردنی کەچبوو! هەندێ طاغووت سەلکی پەڕی و ئەوانیتریان رازیبون ئیسلام قبووڵبکەن.. بەڵام دەسەڵاتی گشتی کەوتە دەسی کێ؟ کەوتە دەست سەیدنا ئەبوبەکر.. دەسەڵاتێکی مەرکەزیی.. پێشەوایەتیی شەرعناسێتیی دنیاش کەوتە دەستی سەیدنا عبداللهی کوڕی مەسعودو مەحرومەکانیتر، کە هەتا دنیادنیایە نەوەی موسوڵمانان ئیبنومەسعوود هەر بە پێشەوا دادەنێن!

خواوویست لە هیچ کات و شوێن و حاڵەت و نەوەیەکدا بەم دیدو هەڵوێست و بەلاغەو بەم متمانەو دڵنیاییە نەبێت ناگاتە ئەو ئەنجامە کە حاکمێتیی دین و سەروەریی شەرع و پێشڕەوێتیی پیاوچاکانە.. بەم عەزم و رەوت و بزاوتەش نەبێت ناتوانێت ئەم پەیامە هەڵگرێت: (إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ) باتڵ هەرچەندە خۆفشکاتەوە، هەرچەندە درندایەتی بنوێنێت و گەڕەلاوژێ و ژراوەژراو بەرامبەر بانگی خواوویستیی بکات دەرەنجام کپبوون و کڕبوون و خپبوونی خۆی دەبینێتەوە.. هەرچەندە گومڕایی و چەواشەکاریی و شەڕخوازیی بگرێتەبەر هەر کەوتووەو سەرەنجام بە زەلیلییەوە سەرکەوتنی خێرخوازیی حەق دەبینێت.. بۆیە خواوویستان پێویستە بێباکانە ئەم رێیە ببڕن و ئەرکەکانی سەرشانیان لە راگەیاندنی

دینەکەدا جێبەجێبکەن، تا دەگەنە ئامانج، کە حاکمێتیی دین و سەروەریی شەرع و کامەرانیی خەڵکی و پێشڕەوێتیی پیاوچاکان نیشاندانە.. هەر دەبێت ئەم حقیقەتە عەقائیدییانە سەرلەنوێ لای موسوڵمانان ببێتەوە بە بەڵگەنەوویستی وجوود، خوای گەورەش خوازێت ئەو ئەنجامە بێتەوەدیی. بۆیە دەبێت خواوویستان هۆکانی بگرنەوەبەر.. تەوحید لە ئیسلامدا ئاسانەو ڕۆشنە، سروشتیی و لۆژیکییە، دەبێت هەموو کاروبارێک کە لە خوای گەورەوە هاتووە، لەبەرخاتری خوای گەورەو بۆخوشەویستی خوای گەورە ئەنجامبدرێتەوە. دەبێت هەر پشت بەو خوایە ببەسترێتەوەو بەس.. بەڵام فەزریشە هۆکارەکانی ئەنجامە خوازراوەکە بگیرێتەبەر.. کەس لەم ماوکێشە پارسەنگە بەدەرنییە. هەموو مرۆڤێک دەبێت لەم ڕێیەوە بگاتە ئەو ئەنجامە.. ئەمما ئایا خۆیان لەو نەوەیەدا دەستیان لە ئەنجامەکە گیردەبێت یان نا؟ ئەوە نادیارەو ئەنجامەکەی لای خوای گەورەیە. خواوویستانە داوای بەجێهێنانی ئەرکەکانیان لێکراوە، نەک خستنەڕووی ئەنجام... ئەنجامنیشاندان لە ریزی ئەرکەکانی ئەواندا نییە، ئەوە قەدەری خوای تاکوپاکە، بڕیاری خوای زاناو داناو بەتوانایە، کە ئەنجامەکە بەو چۆنیەتییەو لەو کات و شوێن و حاڵەتەدا دەخاتە بەردەستی پیاوچاکان.. کاریگەرو گرنگ: پشتبەخوابەستن (التوكل) و هۆکارگرتنەبەرەکە (الاخذ بالاسباب)ەکەیە..

کابرای ئەعرابی حوشترەکەی لە حەوشەی مزگەوتەکەدا بەرەڵاکردو چووەژوورەوە بۆ نوێژکردن: ووتی پشتم بە خوای گەورە بەستووە، بۆم بپارێزێت. پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم پێی فەرموو: (اعْقِلْهَا وَتَوَكَّلْ)[1] واتە : بیبەستەرەوەو

---

١ نووسەری رەحمەتی هەر ئەوەندەی نوسیووە: (ترمذی لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتییەوە). راستە. بەڵام ترمذی خۆی دەفەرموێ: (حدیث غریب).. شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح سنن الترمذي٢/٣٠٩)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

پشتبەخوابەستە.. کەوابوو پشت بە خوا بەستن کە ئیعتیمادکردنە سەرێتی و ئومێد پێوە بەستنێتی، پەیوەستە بە هۆکارگرتنە بەر.. والله اعلم.

بەندی سێیەم

حاكمیتی خوای گەورە ل٢ /١٧٧

باسی یەکەم

ڕێساکانی دەستووری ئیسلامی

(النظرية الدستورية الاسلامية)

خوای گەورە دەفەرموێ : (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ)الحشر/٧؛ هەرچی شتێک کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانتان پێدەکات، یەکسەر وەریگرن و رایپەڕێنن، بەرهەڵستی هەرچییەکیشتان لێدەکات، توخنی نەکەون. لە خوای گەورەش بترسن و بشزانن کە خوای گەورە خاوەن سزای بەژان و سەختە..

ئەمە ئەو ڕێسایەیە کە جەخت لەسەر چاوەی (یاسادانان لە ئیسلامدا) دا دەکاتەوە.. کە سەرچاوەیەکە، لە هەمان کاتدا دەستووری ئیسلامی بە هەموو ماددەو بەندو بڕگەیەکییەوە لەسەر ئەم ڕێسایە دامەزراوە، سەروەریی یاسا (کە دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت و کۆمەڵگەیە) لە ئیسلامدا لەووە دێت، کە ئەحکامەکانی قورئان و فەرموودە هەردووکیان لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم هاتوون. نە ئوممەتەکە و نە خەلیفە ناتوانن سەرپێچی ئەم ڕێسایە بکەن، چونکە کەسی موسوڵمان لەهەر پلەو پایەیکدابێت بۆی نییە پێچەوانەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم یاساو ڕێسا دارێژێت، ئەگەر دایڕشت نە سەروەریی یاسایی هەیەو نە ڕێزو مافی پابەندکردن، چونکە ئەو پاڵپشتەی پێوەنییە کە سەروەریەتییەکەی لێ

وەردەگرێت (بە مانایەکیتر: ئەگەر بەڵگەیەکی لە قورئان و سونەتتدا نەبێت، هەر قسەیەکی ئاسایی کەسانی ئاساییە).

ئەم ڕێسا ئیسلامییە پێچەوانەی هەر هەموو تیۆرو تێڕوانینە دەستووریەکانی مرۆڤایەتییە، کە مرۆڤ دایڕشتوون. ئەوانەش کە ئوممەت بەسەرچاوەی دەسەڵاتەکان دادەنێن، کە مەبەستیان ئەوەیە گەل بۆی هەیە یاساو دەسەڵات دیاریبکات، هەر یاسایەکی بوێت دایدەڕێژێت و هەر ئەنجومەنێکی ڕاپەڕاندن (حکومەت)ێکی بوێت، هەڵیدەبژێرێت، هەر چی شتێکیشی داڕشت، یان هەڵبژارد، شەرعێتیی دەسەڵاتدارێتیی و سەروەرێتیی هەیە.. ئەوە لە ئیسلامدا نییە.. ئیسلام ڕۆشن و ڕاشکاو دەفەرموێ سەرچاوەی دەسەڵاتەکان (یاسادارشتن و یاساجێبەجێکردن و دادوەریی) شەریعەتی ئیسلامەو بەس.. ئەو شەریعەتەیە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هێناوێتی و ئوممەت پێویستە لەسەری پارێزگاری لێبکات و وەکو خۆی جێبەجێیبکات. لەم پاراستن و جێبەجێکردنەدا، پێشەوا (خەلیفە)ش نوێنەری ئوممەتە..

ئەم ڕێسایە مافەکانی ئوممەت سنورداردەکات، بەوەی کە بۆی نییە هیچ ڕێساو تەعلیماتێک پێچەوانەی شەرع دەربکات.. ئەمما لەو مەسەلە نوێیانەی دێتە ڕێی ئوممەتەکە (کە پێویستی کات و شوێنی پێ پڕ دەکرێتەوە) مادام لە شەرعدا نەبێت، ئوممەت بۆی هەیە بەپێی بەرژەوەندی خۆی و سازاو لەگەڵ شەریعەتی خوادا یاساو ڕێساو تەعلیماتی بۆ دەرکات.. ئەمە گۆڕین و لادانی ڕێسا شەرعیەکە نییە، بەڵکو لقێکە لەو، چونکە مەرجەعییەتی هەموو یاساو ڕێساو تەعلیماتێک هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەو ئەسڵەی یەکەم.. ئەگەر بڕگەیەکی ئەو یاساو ڕێساو تەعلیماتە پێچەوانەی لقێکی یاسا ئەسڵییەکە ببێتەوە، بە دڵنیاییەوە ئیلغادەبێتەوە، چونکە باتڵە..

دەسەڵاتی ئوممەتەکە _کە خەلیفە نوێنەرێتی_ لەم چوارچێوە دیاریکراوەدایە. ئەوە سیستمێکی زۆر جیاوازەو هیچ سیستمێک وەک ئەم نییە، هەرچی سیستم و دەستوورێک کە مێژوی مرۆڤایەتی بەرهەمیهێناوە، لەگەڵ ئەم رێسا ئەسڵەی دەستووری ئیسلامیدا پێچەوانەیە.. لە ئیسلامدا دەستوورونسیستمەکە بە رێسا گەردونییەکانەوە بەندە، دەبێت بەو شێوەیە ژیان لەسەری دابرێژرێت کە وەحی روونیکردۆتەوە، تا لەکەڵ بزاوتی سروشتی گەردون و ژیانەکەدا بسازێت، کە هەمووی هەر بە قەدەری خوای گەورەن.. ئەو یاساو رێسایەی دەبێت مرۆڤ پێوەی پابەندبێت و بزاوت و رەوتی کۆمەڵگەو ئیدارەی دەوڵەتی موسوڵمانانی پێ ئاراستەبکرێت، هەر دەبێ ئەوە بێت کە خوای گەورە دیاریکردووە.. هەر وەکو کە یاساو رێسای بزاوت و رەوتی گەردونیی دیاریکردوە، ئاوا رەفتاری مرۆڤیش لەگەڵ رێسا گەردونییەکاندا گونجاوانە رێکدەکەوێت و پێکناکێشرێن، تا نەبنە مایەی دەردەسەریی و کوێرەوەریی مروڤایەتیی و رەنجەکانی مرۆڤ بە هەدەر نەڕوات.

ئەم دینە بڕیاری ئەوەی دەرکردوە کە بەحەڵاڵدانان و بە حەرامدانان مافی خوای گەورەیەو بەس، چونکە سیفەتی تایبەتمەندێتی خوایەتیی خوای گەورەیە، بەبێ فەرمایشتی خوایی ناشێت بوترێت ئەوە حەڵالەو ئەویان حەرامە. ئەوە تەنها خوای گەورەیە کە حەڵال و حەرام بۆ مرۆڤایەتیی دیاریدەکات، نەک خەڵکی.. کەس بۆی نییە حەڵاڵ و حەرام دیاریبکات (مەگەر بزانێت کە ئەوە حوکمی شەریعەتەکەی خوایە) ئەمە مافی خوای تاکوپاکەو حەحیقەتێکیتری عەقائیدییە. خوای گەورە لەم سیفەتەشیدا تاکو بێوێنەیەو ناشێت هاوبەشی بۆ دابنرێت. ناشێت بە هیچ کلۆجێک رێ بە کەس بدرێت ئەم مافە بۆ خۆی زەوتبکات و یاساو رێساو تەعلیماتی دژبەشەرع دەربکات. هەر کەسێک خۆی یان کەسانیتر بکاتە خاوەنی ئەم مافە ئەوە لەسەر دێدو تێڕوانین و پێناسەو رەفتاری جاهیلییەتەکەی جارانەو موشریکە.. هەر یاساو

ڕێسایەکی دەرکرد _مادەم پێچەوانەی دینەکەی خوا بێت_ باتڵەو ناشێت موسوڵمانان نابێت پێوەی پابەندبێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە کەس ئەم مافی یاسادارِشتنەی نەبووە.. لەسەرەتای هاتنی وەحیشەوە بۆ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەم مافە بۆ غەیری خوای گەورە ئیلغاکراوەتەوەو هەموو یاساو ڕێسایەکی پێچەوانەی وەحییەکە (قورئان و سونەت)بە باتڵ ناسێنران و هیچ موسوڵمانێک پێیانەوە پابەندنەما، بەو ئیعتیبارەی ئەمانە یاساو ڕێساو داب و دەستوورێکن لە کەسانێکەوە هاتووە کە مافی دارِشتن و دیاریکردنی یاساو دەستووریان بە هیچ شێوەیەک نەبووە، مادەم لە غەیری خوای گەورەوە هاتوون، ڕەفزن.

ئەم ڕێسای حەڵاڵ و حەرام دیاریکردنە کە دەربارەی ئەو مافەی خوای گەورەیە ئەو تاکیی و بێوێنەییەی تێدا دەردەکەوێت، زۆر بەرفراوانە، هەموو ژیانی تاکوکۆی مرۆڤایەتیی دەگرێتەوە، بۆیە هیچ کەسێک مافی دیاریکردنی حەڵاڵ و حەرامی نە لە بیروباوەڕو بەرنامەو ڕێبازدا هەیە، نە لە خۆراک و خواردنەوەو هاوسەرگیرێتیی و نە لە پۆشاک و نە لە جوانیی و نە لە کەسابەت و سەفەرو نیشتەجێبوون و نە لە پەیوەندیبەستن و دابڕان و نە لە ڕەفتارو ڕەوشت و داب و ئادابی کۆمەڵایەتی و نە لە ماف و ئەرک و دەسەڵات دیاریکردندا.. لە هیچ لایەنێکی تردا کەس بۆی نییە یاسای پێچەوانەی وەحی دارِێژێت، لە هیچ بوارو هیچ ڕەفتارێک و بە هیچ شێوەیەک.

هەر کەس و دەزگاو لایەنێک یاسایەک بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دەربکات، کە حەڵاڵ حەرامبکات، یان حەرام حەڵاڵبکات، کەم یان زۆر، بچوک یان گەورە، مادام پێچەوانەی شەریعەتی خوای گەورە بێت، قبووڵنییە.. ئیسلام کاتێک هات هەندێک دروشم و ڕێبازو ئاداب و نەریتی لە ناو عەرەبەکاندا _وەکو خۆیان، یان بە کەمێک دەستکاریکردنەوە_ هێشتەوە، ئەمانە ڕاستکردنەوەی هەڵەو چەوتیی و

ئینحیرافاتەکانی ئەوان بوون، نەک لایەنگرتنی ئەوەی کە هەیانبوو. ئیسلام لە دیدو تێڕوانینی خۆیەوە دەستوورو یاساو رێسای شەریعەتی خۆی دارِشت، نەک واقیعێک بوو بێت و بە ناچاری قبووڵیکردبێت. ئەوانەی دوایی دەستکاریکرنەوەو رێکیخستنەوە، یان قبووڵیکردن، لە ئەسڵدا فەرمانی خوای گەورە خۆی بوون و گۆڕابوون. (وەکو تەوافی کەعبەو سەفاومەرواو مامەڵەی کرِینی بێسووکاری، یان یەکسانێتی مرۆڤایەتیی کویلەو سەییدەکانیان، یان خاوەنێتیی موڵکایەتیی ژن و پیاو.. وەهەروەها) ئەمانەی گێڕایەوە سەر رێساو قاڵبەکانی خۆیان، چونکە ئیسلام قبووڵناکات واقیعێکی لێ قوتبکریتەوەو ناچاری قبووڵکردنیی بکرێت! ئیسلام بۆ ئەوە نەهاتوە جاهیلییەت پینەبکات و عەیبوعاری داپۆشێت، ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە جاهیلییەت لە رەگ و ریشاڵەوە هەڵبکێشێت و دیدو رەفتارو یاساو دەستوورو داب و قییەمی لا دات و رادات و دیدو رەفتاری خۆی بکات بە دەستوورو یاسا، چونکە ئیسلام هەر وەکو خواپەرستییەکی تایبەت و خالیسی هێناوەو دەخوازێت عەبدەکان سەرراستانە مومارەسەی بکەن، لە شەریعەتەکەشیدا هەر وایە.. دەستوورو یاساو رێی تایبەت و خالیسی خواوویستیی خۆی هێناوەو دەخوازێت شوێنکەوتوەکانی مومارەسەی بکەن، نەک بە جاهیلییەتی تێکەڵبکەن، ئەمیشیان شیرکە هەر وەکو پەرستنی غەیری خوای گەورە لە کاتی خواپەرستییەکاندا شیرکە. هەردووکیشیان (شیرکی یاسا) و (شیرکی پەرستن) هەر وەکو شیرکی بیروتێڕوانینی جیهانبینییەکەن، کە هاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە لە یەکێک لە سیفەتەکانیدا: لە کردگارێتیی، خاوەن دەسەلاتدارێتیی رەها، یان ژیاندن و مراندن و رۆزیدان و ئەوانیتر. شیرک لە هەر سێکیاندا وەکو یەکەو رەفزە.

ئیسلام ئاوا ئەحکامەکانی حەڵاڵ و حەرامی دیاریکرد (هەر وەکو کە دیدو تێڕوانینی جیهانبینیی خۆی دیاریکرد). ئینجا لەسەر ئەم دیدو دەستوورە بارودۆخ و رێکخستنی

کۆمەڵگەو ئیدارەی دەوڵەتی خۆی دروستکرد. ئیسلام هەموو موفرەدەیەکی (عەقیدە)و (عیبادەت)و (شەریعەت)ی خۆی دیاریکردو موسوڵمانانی لەسەر پەروەردەکرد، ئیسلام لە یەکەم رۆژی هاتنییەوە سووربوو لەسەر قەناعەتکردن و ئیعتیرافکردن بەم جیهانبینییەی، بەردەوام بۆ سەلماندنی حەقیقەتە عەقائیدییەکانی هەر سێ روکنەکە: (عەقیدەو عیبادەت و شەریعەت) بەردەوام لە موناقەشەی جاهیلییەکاندابوو، لە هەموو لایەکەوە (ئیحراج)ی دەکردن، بەردەوام لایەنەکانی ئەم سێ روکنەی دەخستەوە پێش چاویان: (قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ)الاعراف/٣٢؛ بفەرموو کێ مافی حەرامکردنی جوانییەکانی دەستکردی خوای گەورەی هەیە، کە ئەو بۆ عەبدەکانی خوی خەڵقیکردون؟ هەروەها خۆراک و خواردنەوەی حەڵاڵ، کە ئەو دیاریکردوە.. ئەوان بە چ مافێک حەرامیدەکەن؟! هروەها دەفەرموێ: (قُل لَّا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ) الانعام/١٤٥؛ بفەرموو: من لەو وەحیەدا کە بۆم هاتووە برگەیەک نابینم ئەوە حەرامبکات کە ئێوە خواردنیتان حەرامکردوە، مەگەر مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز..

بەم نکووڵی و بەرەنگاربوونەوانەی لەو روانگەو رێسا ئەسڵیەوە دەهاتن، قورئان بەرپەرچی دیدو هەڵوێست و یاساو رەفتاری جاهیلییەتی دەدایەوە، کە ئەو حەقیقەتە عەقائیدییە دەکاتە بەڵگەنەوویست کە ئەوی مافی بەحەڵاڵدانان و بەحەرامدانانی هەیە خوای گەورەیەو بەس. نەک مرۆڤ.. هیچ مرۆڤێک، هەرچەندە خۆی بە دەسەڵاتدار ببینێت.. کەس بۆی نییە _مادام کردگارو خاوەن توانای رەها نییە_ لە خۆیەوە یاساو رێسا دابڕێژێت، نە تاک، نە کۆ، نە دەستەیەک، نە حیزبێک، نە چینێک، نە گەل و ئوممەتێک، نە هەر هەموو مرۆڤایەتیی. مەگەر یاساو رێسایەک بێت کە لەگەڵ دەسەڵات و شەریعەتی خوای گەورەدا یەکبگرێتەوەو لە سەرچاوەی

قورئان و سونەتەوە هەڵهێنجرابێت.. چونکە حەڵاڵکردن و حەرامکردن دیاریکردنی شەریعەتن.. دینن.. بۆیە ئەگەر یاساو ڕێسای ناوچەکە شەریعەتی خوای گەورە بوون و لە دینەکەوە وەرگیرابوون، ئەوە مانای وایە خەڵکەکەی لە دینی خوادان، ئەگەر یاساو دەستووریان پێچەوانەی شەریعەتی خوا بوو، کەسانێک ئەو یاساو ڕێسا پێچەوانەیان داڕشتبوو بۆیان، ئەوە خەڵکەکە لە دینی خوادانین، لە دینی یاسادانەرەکاندان..

ئەم کێشەیە کێشەیەکی سەرەکی خوایەتییە، سیفەتێکی سەرەکیی خوایەتییە، ئەمەشە تەوەرو چەمکی دینەکەیە، یاساو ڕێساو ڕێبازو بەرنامە دیاریکردن بۆ ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی مافی خوای گەورەیەو بەس، هەر کەسێک بیکات بە مافی خۆی، یان بە مافی تاکوکۆی حیزب و چین و دەستەو گەلێک، ئەوە هاوبەشی بۆ خوای گەورە داناوەو لە دینی خوای گەورەدا نەماوەو چۆتە سەر دینی ئەو تاکو کۆو حیزب و چین و دەستەو گەلە، کە یاساو ڕێساو ڕێبازو بەرنامەی پێچەوانەی شەرعییان بۆ داڕشتووە.. ئەمە کرۆکی دینەکەیە، ئەمە کێشەی جەوهەری دینەکەیە.. با موسوڵمانان لە هەموو دنیادا تەماشای حاڵی خۆیان بکەن، داخۆ لە کوێی ئەم کێشەیەدان؟ چەند بەم دینەوە پابەندن؟ بابزانن رادەو بڕو ئاستی موسوڵمانێتییەکەیان چەندەو چۆنە؟ مادام هەر سوورن لەسەر لاف لێدانی موسوڵمانێتیی!!

دین هەر نوێژکردن نییە:

دین هەر باوەڕو قەناعەتێک نییە لە ویژدانی خەڵکیدا بچەسپێت و بەس.. دین هەر نوێژو رۆژو پەرستنەکان نییە، کە لێرەو لەوێ دەکرێت. تەنانەت ئەو پەیوەندییانەش نییە (بەتەنها) کە (عەقیدە)و (عیبادەت)ەکە پێکەوەدەبەستێتەوە. دین لەوە

بەرفراوانترو گشتگیرترە. دین لە بەرنامەیەکدا ئەو لایەنانەش (عەقیدە و عیبادەت) دەگرێتەوەو هەموو چالاکیەکانی تاکوکۆی مرۆڤایەتییش دەگرێتەوە. هەر هەموو لایەنەکانیش (عەقیدەو عیبادەت و شەریعەت)بە پەیوەستیی(ئیمان)ی تەقوادارێتی پێکەوە دەبەستێتەوە، هەر هەمووی بە (تەوحید)ەکەوە دەبەستێتەوە، کە دەبێت (عەقیدەو عیبادەت و شەریعەت) تەنها لە خوای گەورەوە وەربگرێت و بەس.. تەوحید واتا خواناسیی بەو سیفەتەی کە یەکەو وێنەی نییە، کە شیاوی پەرستنەو هاوبەشی نییە، کە دەسەڵاتدارو حاکمەو کەس ئەو مافەی نییە، خوای گەورە پەروەردگارەو پەرستراوەو خاوەن دەسەڵاتی فەرماندان و بەرهەڵستییکردن هەر هی خۆیەتی و بەس. ئەمەش دیاریکردنی یاساو رێساو بەرنامەو رێبازو دەستوور قییەمە، کە نابێت بە هیچ شێوەیەک هاوبەشیان بۆ خوای گەورە تێدا دابنرێت، هەر وەکو کە ناشێت لەگەڵ خوای گەورەدا خوایەکیتریش بپەرسترێت، هەر وەکو کە ناشبێت لەگەڵ خوای تاک و پەرستراوی هەقدا کردگارو رۆزییدەرو ژێنەرو مرێنەرێکیتر بکرێتە (شەریک)ی.. مافی یاسا دارشتنیش هەر مافی خوایەو بەس..

لە دیدو روانگەی دینی خوادا هەموو یاسادارشتن و بەرنامەدیاریکردن و ئاراستەکردنێک دەبێت لەو تاکە سەرچاوەی لێوەرگرتنەوە بێت، کە وەحیە، کە تەعلیماتی خوای گەورەیە، هەموو چالاکییەکی یاساو دەستووریی دەبێت لەسەر رێسا ئەسڵەکە دابرێژرێت: (هەموو شتێک لە وەحیەوە وەردەگیرێت) واتە: تەعلیمات و بەرنامەو ئاراستەی هەموو رەفتارێکی تاکوکۆی کومەڵگەی موسوڵمان دەبێت لە (تەوحید)ەکەوە بێت و بەس.. چونکە تەوحید سەرچاوەی دیدو تێڕوانین و رەوت و رەفتارو داب و نەریت و یاساو رێساو بەرنامەو رێبازی تاکوکۆی مرۆڤەو کەس بۆی نییە لێی لابدات و (بەدیل)ی بۆ بهێنێت، چونکە مومکین نییە (بەدیل)ە کە لە

(ئەسڵ)ە کە شیاوتر بێت، ئەسڵەکە لە خوای زاناو داناوە هاتووەو (بەدیل)ەکە لە مرۆڤی مەخلووق و نەزان و هەڵەشەو خاوەن ئینفیعالەوە هاتووە..

جوێکردنەوەو لێکدابڕانی (عەقیدە)و (عیبادەت)و (شەریعەت) لە یەکتری نامومکینە، خوێندن و وەرگرتن و پێوەپابەندبوون بە دووانیانەوە _بێ سێهەمینەکەیان_ مومکین نییە خوا قبووڵیبکات، چونکە هەر سێکیان پێکهاتەی دینەکەن، پێکهاتەکە بە دووانیان نایەتەدی و ئەستەمە بەرهەمی ئیسلامەتی بخاتەبەردەست مرۆڤایەتی.. (هەر سێ پێکهاتەکە وەکو سێ لای سێگۆشەن، دوولای دەبنە گۆشە، نەک سێگوشە، یەکێکیشیان دەبێتە هێڵ نەک سێگوشە).

هەموو موفرەدەیەکی جیهانبینیی ئیسلامیی لە عەقیدەکەوە دێت، هەموو دیدو تێڕوانین و پێناسەیەکی گەردون و ژیان و مرۆڤ لە حەقیقەتە عەقائیدییەکانەوە دێت، هەموو پەیوەندییەکانی تاکوکۆی مرۆڤایەتی هەر لە عەقیدەو روانگە ئیمانییەکەوە دێت، پاشان سیستم و یاساو رێساو تەعلیماتەکانی سیاسەت و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لێوە وەردەگیرێت و دادەڕێژرێت.. هەموو تعلیماتەکان لە راستییدا لە سەچاوەکەوە (لە عەقیدە)کەوە راستەوخۆ یان لاوەکیی وەرگیراون.. هەموو ئەو پەیوەندییانەی تاکوکۆو کۆمەڵگەو دەوڵەتان پێکەوە گرێدەدات، هەر لە دیدو تێڕوانینە عەقائیدیەکەیەوە دێن.. ئاوا دینەکە هەموو لایەنێکی چالاکی مروڤ دەگرێتەوەو هەموو لایەنێکی ژیانی تاکوکۆ ئاڕاستەدەکات.. ئاوا ئیسلام بە (عەقیدە)و (عیبادەت)و (شەریعەتەت)ەکەی ویژدان و رەفتاری تاکەکانی و کومەڵگەو دەوڵەتەکەی ئاڕاستەدەکات.. ئاوا سەوداومامەڵە دەبێتە خواپەرستیی، ئاوا رەفتاری سیاسەت و ئابوریی دەبنە خواپەرستیی.. چونکە لە ناخدا تەقواکاریی هەیەو لە دەرەوەش رەفتاری شەرعییانەو (چاودێریی یاسا) هەیە..

ئاوا ئیسلام ویژدان و ڕەوشت پاڵفتەدەکات و پارسەنگانە ئاراستەیدەکات، کە ئەنجامەکەی دامەزراندن و لەنگەرکردنی ژیانە، بە پێی (مەنهەج)ە خواییەکە.. ئاخر بۆیە بە هیچ شێوەیەک ناشێت و نابێت و نالوێت غەیری خوای گەورە _خوای کردگارو پەرستراو_ (مەنهەج) بۆ مرۆڤایەتی داڕێژێت: دیدو تێڕوانین بێت، یان بەرنامەو دەستوور، یان بزاوت و ڕەوت، یان یاساو ڕێساو دەستوور، یان ئاراستەی کۆمەڵگەو ئیدارەی دەوڵەت.. ئەمانە هەمووی هەر دەبێت لە دینی خواوە بێت، تا لەگەڵ (عیبادەت)و (عەقیدە) گەردونییەکەدا یەکبگرنەوە.. ئاوا تاکو کۆو کۆمەڵگەو دەوڵەتی واقیعی مرۆڤەکان ڕوولەخوادەبن و بە هەستی بەرپرسێتییەوە بەرەو قیامەت دەڕۆن..

ئائەمەیە دیدو تێڕوانینی (مەنهەج)ی ئیسلام کە لە (عەقیدە)ی تەوحیدەکەی خۆیەوە هاتوە.. کەوابوو کێشەی دەستوورو یاساداڕشتن کێشەیەکی عەقائیدییە (نەک راجوێی فیکرو سیاسەت). خوای گەورە حەڵاڵ دیاریدەکات و حەرام دەناسێنێت، خوای گەورە ڕێدەدات و قەدەغەدەکات، خوای گەورە فەرماندەکات و بەرهەڵستییدەکات.. هەر هەموو کێشەو مەسەلەو باسەکان _گەورەو بچوک_ لەم هاوکێشە عەقائیدییەدا یەکسانن[١].. ویژدان و ڕەفتار (گوفتارو کردار) ی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەت دەبێت لەسەر ئەم ڕێسا ئەسڵە دابمەزرێن، کە دەفەرموێ: (دەبێت هەموو شتێک بە پێی وەحی خوایی بێت) تا شەرعێتی بگرێتەخۆی.. هەر

---

١ یاسای دەسەڵاتدارێک کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام سەیارەی کەسێک موسادەرەبکات، هەر ڕەفتارێکی کوفرینەو جیاوازی نییە لە یاسایەکی لایەنی سیاسیی یان ڕێسایەکی داوەریی (قەزائی) وەکو ئیلغاکردنەوەی شوراو پەکخستنی زەکات.. هەموویان ڕەفتاری کوفرینن و مایەی مورتەدد بوونن، هەر کە وەکو ڕێگرتنی لە نوێژکردن و بانگدان کوفری گەورەن و بکەریان لە دین و ئوممەت دەبەنە دەرەوە والله اعلم.

کەسێک مافی یاساو ڕێساو تەعلیماتدەرکردن، یان ڕێبازو بەرنامەو بانگەواز دیاریکردن، یان سیستم و دەستوور دارِشتن، بداتە خۆی، یان بیداتە کەسێکیتر، یان دەستەو پارت و گەل و ئوممەتێک، ئەوە خوی لەو خەڵکە کردۆتە خواو کافرو موشریک بووە (ئەگەر پێشتر موسوڵمان بووبێت بەدەرکردنی ئەو تەعلیماتە ناشەرعییانە مورتەددبۆتەوە)..

یاساو ڕێسادارِشتن مافی خوای گەورەیەو بەس. پێکهاتەی تەوحیدەکەیەو بەشێکە لە خواناسیی، هەر کەسێک ئەم مافە بۆ خۆی زەوتبکات، یان بۆ غەیری خۆی، ئەوە دەستدرێژیی کردۆتەسەر خوایەتیی خوای گەورەو سنووری عەبدێتیی خۆیی بەزاندوەو دەستدرێژیی کردووە. خوای گەورەش دەستدرێژکارانی خۆشناوێت، هەر کەسێک ئەم مافە زەوتبکات _لەژێر هەر ناوو زاراوەو ناونیشانێکدا بێت_ بە دڵنیاییەوە کافر دەبێت و فرِی بەسەر ئیسلام و ئوممەتەکەیەوە نامێنیت..

قورئانی پیرۆز کێشەی یاسادارِشتن دەکاتە کێشەی خواناسیی و خواپەرستیی، کێشەی ئیمانداریتیی و دینداریتیی. باوەڕ کە قەناعەتکردنە بە خوایەتیی خوای گەورە، کە تەنها خوای گەورە سیفاتی خوایەتیی تێدایەو تەنها ئەو شایەنی پەرستنە، بە هەمان شێوەش تەنها خوای گەورە حاکمەو هەموو مافێکی یاسادارِشتن و فەرمانرەوایی و داوەریکردن، مافی خوای تاکوپاکەو بەس.. ئەوەشە حاکمێتیی خوای گەورە.

یەکێک لەو فەرزانەی باوەڕهێنان دەیکاتە ئەرکی ئیماندار ئەوەیە کە ناشێت مرۆڤ _کە هەموویان عەبدی خوای گەورەن_ هیچ سیفەتێکی خوایەتیی بۆ خۆیان، یان بۆ کەسانیتر بڕیاربدەن، لەوانەی کە خوای پەروەردگار تێیاندا تاکو بێوێنەیە. لەم ڕوانگەیەوەیە کە هیچ مرۆڤێک بە هیچ کلۆجێک بۆی نییە شتێک حەرامبکات کە

خوای گەورە بە حەڵاڵیداناوە، یان شتێک حەڵاڵبکات کە خوای گەورە بە حەرامیداناوە، چونکە کێشەی یاسادانان بە کێشەی خوایەتییەوە بەندە[1].

یاسادارشتن مافی خوای گەورەیە، چونکە خوای گەورە کردگارو رۆزیدەری مرۆڤەکانە، بۆیە ئەو خۆی خاوەنی ئەو مافەیە کە یاساو رێساو بەرنامەی بزاوت و سیستم و دەستوور بۆ مرۆڤایەتیی دیاریبکات، نەک مرۆڤەکان خۆیان بۆ خۆیانی دابرێژن. هەموو مرۆڤێک پیی هەق و راست و رەوایە کە خاوەن موڵک خۆی بە پێی دیدو بەرژەوەندیی خۆی تەسەروف بە سامانی خۆیەوە بکات، کەس نکووڵی لەمە ناکات، هەرکەسێک نکووڵی لێبکات و پێی حەق نەبێت، مانای وایە نەفام و گەلۆرە، یان هەراڵ و لووتبەرزە، یان موستەهتیرەو گوێ بە حەق و ناحەق نادات. موسوڵمانانیش _کە مرۆڤی پارسەنگ و سەرراستن_ باوەریان بەوە هەیەو ئیعترافدەکەن کە خاوەنی موڵک ئازادە، چۆن رەفتار بە موڵکەکەیەوە دەکات، ئەوە بۆ خوای گەورەش بریاردەدەن و دەستدرێژیی ناکەنەسەر مافی خوای گەورە، چونکە باوەرهێنان بە کردگارێتیی و خاوەنێتیی و خوایەتیی خوای گەورە لەگەڵ دەستدرێژییکردنە سەر ماف و دەسەڵاتی خوای گەورە دژ بە یەکن و لە دڵ و دەروون و هزرو هۆشی موسوڵماندا پێکەوە ناسازێن. دەقەکانی قورئانیش ئاشکراو راشکاوو بنبرانە دەفەرموون هەر موسوڵمانێک گوێرایەڵی مرۆڤێک بکات لە راپەراندنی یاسایەکی پێچەوانەی شەرعداو ئیعتیرافبکات کە ئەو کەسە ئەو مافی یاسادارشتنەی هەیە _کە پێچەوانەی دینی خوای گەورەیە_ ئەوە موسوڵمان نامێنێت و مورتەدد دەبێتەوەو لە دین و ئوممەتەکە دەچێتەدەرەوە: (وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ) الانعام/١٢١؛ ئەگەر ملکەچیی بۆ کافران دەرببرن و یاساکانیان قبووڵکەن ئەوە بە

---

١ ئیعترافکردن بە یەکبوونی خوای گەورە لە کردگارێتیی و پەروەردگارێتیی و خوایەتییدا، ئەوەش دەخوازێت کە ئیعترافبکرێت کە تەنها خوای گەورە مافی یاسادارشتنی هەیە..

تەئکید ئێوەش موشریکن. ملکەچی و گوێڕایەڵێتی موسوڵمان بۆ دەستوورو یاسای کافران _لەم برگە یاساییانەدا_ لە ئیسلامی دەباتەدەرەوەو دەچێتە ریزی موشریکانەوە، چونکە مافی یاسادارشتنەکەی _کە مافی خوای گەورەیە_ دا بە کافران و موشریکان.

ئیبنوکەثیررحمه الله لەم بارەوە دەفەرموێ[1]: (وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ) ئەمە شیرکە، ئەمەش وەکو فەرمایشتەکەیتری خوای گەورەیە کە دەفەرموێ: (اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ) التوبه/٣١؛ مالمەکانی (پیاوانی دینی) خۆیان: قەشەو راهیبەکانیان لە جیاتی خوای گەورە کردبوو بە خواو مافی حەڵاڵکردن و حەرامکردنیان پێدابوون. ئیمامی ترمذی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە (عەدی کوڕی حاتەم)ەوە دەگێڕێتەوە، کە عەرزی پێغەمبەری خوای علیه الصلاة والسلام کرد: (قَالَ فقُلْتُ لَهُ أنَّا لَسْنَا نَعْبُدُهُمْ قَالَ أَلَيسَ يُحَرِّمونَ مَا أَحَلَّ اللهُ فَتُحَرِّمونَهُ وَيُحِلُّونَ مَا حَرَّمَ اللهُ فَتُحِلُّونَهُ قَالَ فَقُلْتُ بَلَى قَالَ فَتِلْكَ عِبَادَتُهُمْ)[2]؛ ئێمە نەماندەپەرستن. فەرمووی:

---

١ تەفسیری ابن کثیر/ چاپی یەکبەرگی – چاپی چوارەم/ دار المعرفە، بیروت، ٢٠١٠، ل ٥٦٧.

٢ راستە. هەموو ریوایەتەکە لای ترمذی ئاوایە: (الترمذي: حدثنا الْحُسَيْنُ بن يَزِيدَ الْكُوفِيُّ حدثنا عبد السَّلَامِ بن حَرْبٍ عن غُطَيْفِ بن أَعْيَنَ عن مُصْعَبِ بن سَعْدٍ عن عَدِيّ بن حَاتِمٍ قال أَتَيْتُ النبي ﷺ وفي عُنُقِي صَلِيبٌ من ذَهَبٍ فقال يا عَدِيُّ اطْرَحْ عَنْكَ هذا الْوَثَنَ وَسَمِعْتُهُ يَقْرَأُ في سُورَةِ بَرَاءَةٌ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا من دُونِ اللَّهِ قال أَمَا إِنَّهُمْ لم يَكُونُوا يَعْبُدُونَهُمْ وَلَكِنَّهُمْ كَانُوا إذا أَحَلُّوا لهم شيئا اسْتَحَلُّوهُ وإذا حَرَّمُوا عليهم شيئا حَرَّمُوهُ) قال أبو عِيسَى هذا حَدِيثٌ غَرِيبٌ لَا نَعْرِفُهُ إلا من حديث عبد السَّلَامِ بن حَرْبٍ وَغُطَيْفُ بن أَعْيَنَ ليس بِمَعْرُوفٍ في الحديث.لای ترمذي (ب٥ل٢٧٨ژ٣٠٩٥)یە. ئەمەش هەندێک سەرچاوەو سەنەدیتر کە هەموویان بە حەسەنیان داناوە، بە تەفسیل باسیان ناکەم، بەڵام لەبەر گرنگی بەڵگەکە وا هێنامەوە: لای طەبەرانی (ب١٧ل٩٢ژ٢١٨)، بەیهیقی لە (السنن الکبری ب١٠ل٢١١٦ژ٢٠١٣٧)، ئیمامی طەبەری لە

مەگەر ئەوەی کە خوای گەورە حەڵاڵیکردبوو، ئەوان بە حەرامیان دانەنابوو، ئیوەش گوێڕایەڵییتان دەکردن؟! ئەوەش کە خوای گەورە حەرامیکردبوو، ئەوانی حەڵاڵیاندەکردو ئێوەش گوێڕایەڵییتان دەکردن؟! عەرزمکرد: بەدیی، وابوو. فەرمووی: ئێ ئەوە پەرستنەکەیانە..

هەر ئیبنوکەثیر لە سووددییەوە[1] دەگێڕێتەوە کە دەربارەی ئایەتەکە (اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ) دەیفەرموو: کتێبەکەی خوای گەورەیان خستبووە لاوەو داوای ئامۆژگاری و ئاڕاستەیان لە پیاوانی دینیی خۆیان دەکرد، هەر وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا)التوبة/٣١؛ لە کاتێکدا کە فەرمانیان پێدرابوو کە دەبێت تەنها خوای تاک و تەنها بپەرستن.

ئەمە بۆچوونی (سووددیی) و ئەوەش لێکدانەوەی ئیبنوکەثیر کە هەردووکیان ئاشکراو راشکاوو بنبڕانە لە دەقە ئاشکراو راشکاوو بنبڕەکانەوە هەروەها لە لێکدانەوەکەی پێغەمبەری خوا (علیه الصلاة والسلام) وەریانگرتووە، کە ئەویش

تەفسیری ئایەتەکەدا (٣١ی تەوبە)، ئیبنوئەبی شەیبە لە: (المصنف ٣٤٩٣٦)، ئیبنوعەبدولبەڕ لە: (الجامع ٩٧٦/٢)، خەتیبی بەغدادی لە: (الفقیه والمتفقه ٦٦/٢)، ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە زۆر کتێبییدا بە بەڵگە هێناوێتییەوە وەکو: (مجموح الفتاوی ب١ ل٩٨، ب٧ل٦٧، ب٢٧ل٣٧٤)، لە: (الفتاوی الکبری ٢٣٤/٥) لە: (إقتضاء الصراط المستقیم ٩/١، ٢٦٨/١) لە: (الجواب الصحیح لمن بدل دین المسیح ١٧٤/٢، ٢.٣٧٤) لە: (أولیاء الرحمن وأولیاء الشیطان ٦٠/١) و لە: (بغیة المرتاد ١.٤٩٧) دا دەشفەرموێ: فەرموودەیەکی حەسەنە، دوورودرێژە.. ئەلبانی رحمه‌الله لە: (صحیح سنن الترمذي ٥٦/٣)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

١ تەفسیرەکەی ابن کثیر: ل ٧١٩. السدي: زاناو فەرموودەوان و شەرعناس و تەفسیرەوانێکی تابیعینە کە لە ١٢٧ک کۆچی دوایی کردووە. ناوی ئیسماعیلی کوڕی عەبدوڕەحمانی السدي یە.. هاوڕێی ئیمامی وەکیعی کوڕی جەڕاحە کە مامۆستای ئیمامی شافیعیی بووە.. رحمهم الله..

ئاشکراو راشکاوو بنبڕانەیە. هەموو جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەر کەسێک ملکەچیی و گوێڕایەڵیی بۆ یاساو رێسای نا شەرعیی دەربڕێت، لە مەسەلەیەکی گچکەشدا بێت موشریکەو هاوەڵی بۆ خوای گەورە داناوە. ئەگەر لەئەسڵدا موسوڵمان بووبێتو وایکردبێت، ئەوە بەو رەفتارەی لە ئیسلامەکە چۆتەدەرەوەو کەوتۆتە شیرکەوە با بۆ خۆی هەر هاوارکات (أشهد ان لا اله الا الله) و لافی موسوڵمانێتیی لێبدات. موشریکە، چونکە یاساو رێسای لە غەیری خوای گەورەوە وەرگرتووە، ملکەچیی و گوێڕایەڵیی بۆ یاسای ناشەرعیی دەربڕیووە..

که لەبەر رۆشنایی ئەم دەقانەو لە روانگەی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانەوە دەڕوانینە سەرزەمینی ئەمڕۆ، دەبینین هەر جاهیلییەت و شیرکە، کە بەسەر مرۆڤایەتیەوەیە.. غەیری جاهیلییەت و شیرک هیچ نابینیت، مەگەر لای کەسانێک کە خوای گەورە پاراستوونی و لەو جاهیلییەت و شیرکە دوورەپەرێزی کردوون. خوای گەورە ئەو واقیعەی قبووڵ نییە..

خوای گەورە بەرهەڵستی لەو (أرباب) انە کردووە کە لەسەرزەمیندا مافی خوایان لە یاساداڕشتندا زەوتکردووە، خوای گەورە رۆشن و راشکاو روونیکردۆتەوە کە ئەو رەفتارەیان دەستدرێژییە بۆ سەر خوایەتیی خوای گەورە، بۆیە هیچ یاساو رێسایەکیان قبووڵناکات، نە داڕشتنی، نە جێبەجێکردنی، نە داوەرییپێکردنی. هەر جۆرە قبووڵکردن و رەفتارپێکردنێکی لە هەریەک لەو سێ بوارەدا (یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریی) دا حوکمی کوفرو شیرکدەیگرێتەوە، مەگەر حوکمی حاڵەتی کەسێک کە لەسەر قبووڵکردنی ناچار کرابێت..

تەنها خوای گەورەیە کە مافی پەروەردگارێتی هەیە، مافی دەسەڵاتداریی و هەڵسوڕاندن و ئیدارەو ئاڕاستەکردن و حاکمێتیی کە سیفەتێکیتری تایبەتی خۆیەتی،

نیشانەی دەسەڵاتدارێتیی باڵایەتی.. ئەو خۆی (پەروەردگار)ە و حەرامدەكات، هەر دەبێت ئەویش (پەروەردگار) بێت، نەک چەندین پەروەردگار، هەر وەکو کە فرەکردگارێتی نییە، ناشێت فرەپەروەردگارێتیی و فرەخوایەتیی و فرە حاکمیش لە دینەکەیدا هەبێت: (قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا) الانعام/١٥١؛ بفەرمووِ: وەرن با ئەوەتان پێڕاگەێنم کە خوای پەروەردگارتان لێی حەرامکردوون، کە هیچ شتێک نەکەن بە هاوبەشی خوای گەورە.. هاوبەش بۆ خوای گەورە دانەنێن. ئەمە ئەو ڕێساو بنەماو زەمینەیە کە عەقیدەکەی لەسەر دامەزراوە، هەموو فەرزو تەکلیفەکانی شەرع لەمەوە هاتوون، هەموو ماف و ئەرک و دەسەڵاتێک بە پێی ئەم ڕێسایە دیاریدەکرێت. دەبێت پێش هەموو شتێک ئەم ڕێسایە بچەسپێت. پێش دیاریکردنی فەرمان و بەرهەڵستیی، پێش روونکردنەوەی فەرزو تەکلیفەکان، پێش سنوورکێشانی ماف و ئەرک و دەسەڵات، پێش دامەزراندنی ئیدارەو سیستمی ئاڕاستەکردن، پێش تەفسیلاتی حوکم و دادوەریی، پێش هەموو بڕیارو رەفتارێک (گوفتاربێت یان کردار).. چەسپاندنی ئەم ڕێسایە (هاوبەش بۆ خوای گەورە دانەنێن)ە زەرورییە، پێویستە، فەرزە، لە دەسپێکەوە دەبێت خەڵکی ئیعتراف بە پەروەردگارێتی خوای گەورە بکەن، بڕیاربدەن کە ئەوە مافی خوای گەورەیەو بەس، تەنها خوای گەورە مافی ئەوەی هەیە رەفتار لەم گەردوون و ژیان و ئاڕاستەکردنەی مرۆڤدا بکات، هەر هەموو جیهانی قەدەریی و هۆکارەکان لە دەست خوای گەورەدان. کەوابوو لە سەرەتاوە دەبێت خەڵکەکە تەسلیم بەوە ببن کە تەنها خوای گەورە مافی حاکمێتیی هەیە، مافی یاسادارشتن و حوکمڕانیی و دادوەرییکردن بە شەریعەتەکەی خۆی، کە تەسلیم بەوە دەبن و سەرڕاستانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، لەوە دڵنیادەبن کە هەر وەکو خواپەرستییەکانیان و دینداریتییان، لە رۆژی دواییدا لە دیدو هەڵوێستیشیان

بەرامبەر حاکمێتیی خوای گەورە دەپرسرێتەوە، پابەندان پاداشتوەردەگرن و سەرپێچیکاران سزا..

ئاوا ئەم حەقیقەتە عەقائیدیە لە دڵ و دەروون و هزرو هۆش و رەفتارو رەوتی تاکوکۆی موسوڵماناندا دەچەسپێت، کە هەموو لایەنێکی حاکمێتیی (یاسادانان و حوکمڕانیی و دادوەرییکردن) مافی خوایەو بەس، هیچ کەسێک بە هیچ شێوەیەک و بە هیچ برِو رادەو ئاستێک، بۆی نییە ئەم مافە بداتە غەیری خوای گەورە، دەنا بە تەئکید لە دین و ئوممەتی ئیسلام دەچێتەدەرەوە.

شیرکی حاکمێتییش وەکو شیرکی عەقیدەو شیرکی پەرستنە:

شیرک کە هاوبەشدانانە بۆ خوای تاکوپاک، لە حاکمێتییشدا هەمان حوکمی شیرکی لە عەقیدەو خواپەرستییدا هەیە، ئێمە پێویستمان بە بیرخستنەوەی بەردەوامی ئەم زانیارییە هەیە، چونکە بە داخەوە رەنجی شەیتانەکان لە کەناردانی دین و لێڵکردنی دیدی دینداران و بێئاگاکردنیاندا هاتۆتەبەرهەم، بۆیە کێشەی حاکمێتیی خوای گەورە لە کێشەی عەقیدە دخزێنراوەو لە شوێنی خۆیدا نەماوە، چونکە تێگەیشتن لە دینەکە لە دیدو پێناسەی خۆی و لە روانگەی بنەما سەرەکییەکانی فیکری خۆیەوە نەماوە، بۆیە حاکمێتییەکە لە شوێنە ئەسڵییەکەی خۆی لە پێکهاتە عەقائیدییەکەدا نەماوە، لەبەر ئەمەیە کە تەنانەت دیندارە بە غیرەت و جوامێرەکانیش کە دەبینین بەرهەڵستی شیرک و بیدعە و هەڵەو لارو وێریی و مومارەسەی دروشمێکی هەڵەی پەرستن دەکەنەوە، یان سوورن لەسەر راستکردنەوەی لاسەنگیەکی رەوشت، یان هەوڵی رێگرتنی حەرامخواردنێک دەدەن، سەرڕاستانەو ئازایانە بەرامبەری دەوەستنەوە، کەچی کە کێشەکە دێتە سەر حاکمێتیی و شوێن و مەتریلەی لە عەقیدەکەدا شلگیریی دەنوێنن، وەکو ئەو پێچەوانەکارییە ئەخلاقیانەش لە روویدا ناوەستەوە! دەبینیت ئەم

جوامیره دڵسۆزانه له رووی (مونکەر)ە لاوەکیەکاندا دەوەستنەوە، کەچی له رووی (مونکەرە گەورە) کەدا وا نین! چی لەوە مونکەرترە کە ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەیەکی موسوڵمان لەسەر تەوحید دانەمەزرێت؟! کە پێکهاتەیەکی سەرەکی تەوحیدەکە حاکمێتیی خوای گەورەیە. خوای گەورە هەر لە سەرەتاوە _پێش ئەوەی هیچ فەرمانێک بۆ خەڵکی دەربکات_ بەرهەڵستی (شیرک)دانانی لێکردوون و رایسپاردوون کە هاوبەشی بۆ دانەنێن. ئەوە ئەو رێساو ڕوانگەو بنەمایەیە کە تاکی بەرچاوروون بە خوای گەورەوە دەبەستێتەوە، کە کۆمەڵی موسوڵمانانی پێوە پەیوەستدەکات، کە دەبێ تاکوکۆ بە شێوەیەکی مەحکەم بەم رێساو ڕوانگەیە وەل خوای تاکوپاکدابن و وجوودی خۆیان و ژیانیان بە وەحی خوای کردگارەوە ببەستنەوە. خوای گەورە خواناسیی و حاکمێتیی خۆیی خستۆتە بەر دەستیان کە دینەکەی بکەنە رێبازو بەرنامەو دەستوور، ناشێت وا بزانن ژیانیان لەسەر ئەم پێناسە عەقاعیدییەی (وجوود) دانەمەزرێنن و واشبزانن لەسەر دینی خوای گەورەن و موسوڵمانن! ناشێت ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەوتیان لەسەر حاکمێتیی (یاسادانان و حوکم و داوەریی) غەیری خوای گەورە دابمەزرێنن و هەر واش بزانن دیندارن و خاوەن پاداشت و مەتریلەی قیامەت دەبن. ناشێت ژیانیان بە گوێرەی حەزو ئارەزوو و بەرژەوەندیی رێکخەن و کۆمەڵگەکەیان بە دیدو تێڕوانینی ناشەرعی ئاڕاستەکەن و شیرک و کوفر تێکەڵ بە تەوحیدە پاکەکە بکەن، چجای ئەوەی شیرک بخەنە شوێنی تەوحیدو شیرک بکەنە (بەدیل) ی ئیمان و جاهیلییەتیش بکەنە دەستوورو سیستم لە جیاتی ئیسلامەکە، ئەمە نامومکینە.

ئەم دینە بۆ ئەوە هات تا رووی جیهان و ئاڕاستەکەی بگۆڕێت، لە شوێنیئەو جیهانێکیتر بە ئاڕاستەیەکیترو بەرەو لایەنێکیتر بهێنێتە جێی، کە هەر لە سەرەتاوە ئیعترافی تێدا بکرێت کە خوای گەورە دەسەڵاتدارەو سەروەریی دەستوور بۆ

شەریعەتەکەی ئەوە، نەک بۆ دەسەڵاتی طاغووتان، کە دەستووری شیرک و کوفریان باڵادەست بمێنێت.. دەبێ جیهانێک بێتەکایەوە کە تەنها خوای گەورەی تێدا بپەرستڕێت (بە مانا بەرفراوان و واتا گشتگیرەکەی پەرستن)، ناشێت و نابێت عەبدێک بکرێتە هاوبەشی خوای گەورە لە خوایەتییەکەیدا، نە لە سیفات و نە لە پەرستن و نە لە دەسەڵات و نە لە حاکمێتییدا. جیهانێک کە خوای گەورە خۆی هەر کەسێکی بوێت لە عەبدپەرستن قوتاریبکات و بیکاتە خواپەرست و لەم جیهانە نوێیەدا رێ و شوێن و ئاراستەو ماف و ئەرکی دیاریبکات. جیهانێک کە مرۆڤ تێدا سەربەست بێت و بەرێزو لە ئاماندا بژی، ئازاد لە هەواو هەوەسی خۆی، ئازاد لە عەبدێتیی غەیری خوای تاکوپاکی خاوەنی.. ئەم دینە بۆ ئەوە هاتووە تا رێسای (لا اله الا الله) پیادەبکات کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی نێرراوانی خوای گەورە بۆ روونکردنەوەو چەسپاندنی دەهاتن، بۆ شاهیدیدان و ئیعترافکردن بەوەی کە هیچ خوایەک وەکو پەروەردگار نییەو هیچ غەیری خوای گەورە شایەنی خوایەتیی نییە. ئەمە یانی ئیعترافکردن بە دەسەڵاتی باڵاو حاکمێتیی بێسنوری خوای کردگارو خاوەن و رۆزیدەر، ئەمە یەعنی رەفتارکردنی بە چۆنیەتیی رێکخستن و ئاراستەکردنی ژیانی تاکوکۆی مرۆڤ، بە پێی شەریعەتەکەی ئەو، هەر وەکو کە ئیعترافدەکرێت بە کردگارێتیی خوای گەورەو دەسەڵاتدارێتیی بێسنووریی ئەو، بەسەر هەموو (وجوود)دا. ئەمە یەعنی حاکمێتیی خوای گەورە بە شەریعەتەکەی، هەر وەکو حاکمێتییەکەی بە قەزاوقەدەرخۆی.. واتە حوکمڕانییکردنی عەبدەکانی بە دین و رێبازو بەرنامەکەی ئەو.. لەم روانگەیەوەیە کە موسوڵمان لەو باوەڕەدا نییە کە خوای گەورە هاوبەشی لە کردگارێتییدا هەبێت، کەوابوو ناشێت لە پەرستنیشیدا هاوبەسی هەبێت، دیسان نابێت هاوبەشی بە هیچ کلۆجێک لە حاکمێتییشیدا هەبێت.. هەر وەکو چۆن لە خەلقکردن و ژیاندن و مراندندا هاوبەشێکی نییە، هەر وەکو کە لە پەرستنەکاندا بە (کە بە دڵ و زمان و

جەستە دەكرێن) هاوبەشێكی نییە، نامومكینە لە حاكمێتیشدا (لە یاسادانان و حوكمكردن و دادوەرییكردن)یش دا هیچ جۆرە هاوبەشێكی بە هیچ شێوەو چۆنیەتییەک هەبێت.. دەبێت موسوڵمان (حەقیقەتە عەقائیدییەكان) و (دروشمە خواپەرستییەكان) و (برگە یاساییەكان) هەر لە خوای گەورە وەربگرێت و بەس، ناشبێت بهێڵێت هیچ طاغووتێک مافی خوای گەورە لە یەكێک لەم سێ بوارەی (عەقیدەو عیبادەت و شەریعەت)دا بۆ خۆی زەوتبكات و دەبێت بەرەنگاریی بكات. چونكە ئەمە دەستدرێژییە بۆ سەر مافی خوای گەورە، ئەمە شیرک و كوفرو جاهیلییەتە. ئا ئەمەیە ئەو رێساو بنەماو زەمینەیەی ئەم دینەی لەسەر دامەزراوە. ئێ ئەمە لە كوێ و واقیعی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیی لە كوێ؟!!

مرۆڤایەتی دابڕدابڕبووە. بۆ چەندەها دین و دیدو بیروباوەڕو ئایدۆلۆژی و ئاڕاستە دابەشبووە، كە هەمووی هەر جاهیلییە. كۆمەڵێكیان مولحیدو بێدینن و نكووڵی لە هەبوونی خوای گەورە دەكەن و دەڵێن هەر نییە!! حوكمی ئەمانە دیارو رۆشنەو روونكردنەوەی ناوێت (كە كافری موتلەقن).. كۆمەڵێكیتر دارو بەرد دەپەرستن، نكووڵی لە هەبوونی خوا ناكەن، بەڵام خوایتریان كردووە بە هابەشی. هەر وەكو كە لە هیندستان و ناوەندی ئەفریقا دەبینرێن، یان لە شوێن و ناوچەیتری جیهان.. كۆمەڵێكیتر (ئەهلی كیتاب)ن: جولەكەو دیان، ئەمانە هەر لە كۆنەوە هاوبەشیان بۆ خوای گەورە داناوە، بەوەی كە باوەڕیان وایە خوای گەورە كوڕی هەیە! لەوەشدا موشریک بوون كە مالم و قەشەو پیاوانی دینەكەی خۆیان لە جیاتی خوای گەورە داناوەو مافی حەڵاڵكردن و حەرامكردنیان داونەتێ و ئەمانیش گوێڕایەڵ و ملكەچ و ڕاپەڕێنەری یاساو رێساو تەعلیماتەكانیانن، ئەمانیش ئەو خوایانەیان دەپەرستن، ئەگەرچی سوجدەیان بۆ نابەن و نوێژیان بۆ ناكەن.

مرۆڤایەتی ئەمڕۆ کە لە شیرک و کوفرو جاهیلییەتدایە، بەوەی کە حاکمێتیی خوای گەورەی خستۆتە کەنارو لە جێی ئەو (سەرمایەداریی) و (سۆشیالیزم) و دیدو دەستوورو سیستمیتری داهێناوەو بارودۆخی ژیانی خۆیانیان لەژێر سێبەریاندا ڕێکخستووەو بە ناوی (دیموکراسیی) و (دیکتاتۆریی) و جۆرەها ناوو زاراوەیترەوەن. ئەمانەش هەموو بەم دیدو دەستوورو سیستمانەیان لە ڕێساو بنەماو زەمینەی یەکخواپەرستیی دەرچوون و لە دینی خوادا نین. حاڵیان وەکو بتپەرستانی یۆنان و ڕۆمانە، کە خۆیان بۆ خۆیان دیدو تێڕوانین و پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤیان دادەڕشت و یاساو ڕێساو دەستووریان لە روانگەی جاهیلییەوە بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکوکۆی خۆیان ڕێکدەخست. کۆمەڵێکیتری مرۆڤایەتیش هەن کە ناویان لەخۆناوە (موسوڵمان)! کە پێبەپێ و هەنگاوبەهەنگاو بە دوای (ئەهلی کیتاب)ەکانەوەن! ئەمانیش لە دینی خوای گەورە دەرچوون و چوونەتەسەر دینی عەبدەکان، چونکە دینی خوای گەورە (مەنهەج) و شەریعەتەکەیەتی، ڕێبازو دەستوورو سیستمەکەیەتی، کە بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکوکۆی مرۆڤایەتی ناردویەتی. دینی بەندەو کۆیلەش (مەنهەج)و یاساو ڕێساکانیانە، ڕێبازو دەستوورو سیستمەکانیانە، کە بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکوکۆی خۆیان دایانڕشتووە.

چەرخی فەلەک گەڕاوەتەوە سەر ئەو زەمانەی یەکەمجار کە ئەم دینەی بۆ مرۆڤایەتی تێدا هات، ئێستا وەکو ئەو سەردەمەیە.. مرۆڤایەتیی بە جاهیلییەتدا ڕۆچۆتەوە. هەر هەموو کۆمەڵ و لایەن و ئینتیماکان دینی خوایان وەلکردووەو پێڕەوی نین. قورئانیش سەرلەنوێ هاتۆتەوە سەردەمانی یەکەمی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤایەتیی، هەر وەکو کە لە یەکەمینجاردا هاتە ڕووبەڕوویان. سەرلەنوێ قورئان دەخوازێت ئەم مرۆڤایەتییە وێڵ و ڕێبزرە بخاتەوە بازنەی ئیسلامەکەوە. لە یەکەمین دەستپێکەوە، لە عەقیدەکەوە، بە ناساندنی حەقیقەتە عەقائیدییەکانی، جا کە

ئەوەی کردو خستنیە بازنەی ئیمانداریتییەوە، پاشان جاریکیتر دەیانخاتەوە سەر ڕێساو دەستوورو سیستمەکەی پێشووی.

جاهیلییەت حاڵەت و بارودۆخە.. جاهیلییەت ماوەیەکی مێژوویی نییە، هاتبێت و تەواو بووبێت. ئەمڕۆ جاهیلییەت باڵی بەسەر هەموو لایەکی سەرزەمیندا کێشاوە. هەموو کۆمەڵ و لایەن و ئایدۆلۆژیاو داب و نەریت و دەستوورو سیستمێکی سەردەمی لەخۆگرتووە، لە هەموو وڵات و کۆمەڵگەیەکدا جاهیلییەت وجوودی خۆی لەسەر ڕێسای (حاکمێتیی عەبد لەسەر عەبد) دامەزراندووە، چونکە حاکمێتیی ڕەهای خوایی ڕەتکردۆتەوەو خستۆتییەکەنارەوە.

جاهیلییەتی سەردەم لەسەر ئەو ڕێساو بنەماو زەمینە دامەزراوە کە (جاهیلییەت مرۆڤ بسازێنێت) جاهیلییەت مرۆڤ دادەڕێژێت، بە شێوەیەک کە مرۆڤ لە مرۆڤیتر ببێتە خوا، جاهیلییەتی سەردەم (شەریعەتی خوای گەورە) ی پێ ڕەفزەو ناهێڵێت دەسەڵاتی باڵاو سەروەریتیی لە دەستدابێت. ئەمە جەوهەری جاهیلییەتییەکەی سەردەمیشە، ئەگەرچی لە دەیان شێوەو چۆنیەتییدا خۆدەنوێنێت، دەیان جۆر ئینتیماو ئاڵاو ناونیشانی هەیە، دەیان ناوو سیماو سیفاتی جۆراوجۆری هەیە، دەیان مەدرەسەو بۆچوون و ڕێڕەوی هەیە، دەیان کۆمەڵ و تۆپەڵ و تەکەتولاتی هەیە. بەڵام هەموویان دەچنەوە سەر ڕێسا سەرەکیەکەی جاهیلییەت، کە نابێت ژیان لەسەر وەحی دابمەزرێت. ئەوەش ڕەتکردنەوەی خوایەتیی و حاکمێتیی و دەسەڵاتدارێتییەکەی خوای گەورەیە بە پێی ئەم پێوەرەشە کە دەڵێین جاهیلەتی سەردەمی ئەمڕۆی _بە کات و شوێنەکانییەوە_ داپۆشیوەو ژیانی مرۆڤایەتیی لەم سەردەمەیدا جاهیلییەو ئیسلامیش لە سەلماندنی بوونیدا چەقیوە، هەر تەنها سەلماندنی بوونی (چجای هەبوونی کۆمەڵگەو دەوڵەتی).

باسی دووەم

هەر خوای گەورە یاسادارێژە

(لا مشرع الا الله): ل ٢/١٦٧

جاهیلییەتی سەردەم:

جاهیلییەت وە نەبێ ماوەیەکی رابوردوو بێت لە ماوە جۆر بەجۆرەکانی مێژوو، بەڵکو بریتییە لە هەموو بەرنامەو دەستوورێک کە مرۆڤپەرستیی تێدا دەرکەوێت. ئەم سیفەتەش لە هەموو پرۆگرامەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتییدا بە ئاشکرایی دەردەکەوێت. چونکە لە هەموو پڕۆگرامەکانی سەرزەمینی ئەمڕۆدا، مرۆڤ لە مرۆڤی وەکو خۆی ئایدیۆلۆژیی و بیروڕاو بەرنامەو ڕێبازو یاساو ڕێساو خوونەریت وەردەگرن. جاهیلییەتیش ئەمەیە. ئەمە جاهیلییەتە بە هەموو بنەماکانیەوە. جاهیلییەتێکە کە بە ئاشکراترین شێوە، مرۆڤ مرۆڤی تێدا دەپەرستێت، هەندێکیان هەندێکیتریان لە جیاتی خوای گەورە داناوەو دەیانپەرستن!

ئیسلام تەنها پڕۆگرامێکی ژیانە کە مرۆڤی تێدا رزگار بوو بێت. چونکە لە ئیسلامدا خەڵکی ئایدیۆلۆژیی و بیروڕاو بەرنامەو ڕێبازو یاساو ڕێساو خوونەریتیان لە خوای پەروەردگارەوە وەردەگرن. سەریش تەنها بۆ ئەو دادەنەوێنن. گوێڕایەڵییشیان تەنها بۆ شەریعەتەکەی ئەوە. ملیشیان تەنها بۆ سیستمەکەی ئەو کەچدەکەن و بەس.

چونکە لە ئیسلامدا مرۆڤ لە مرۆڤپەرستیی رزگاریبووەو بۆتە خواپەرست. ئەمەشە ئەو دوورڕێیانەی وا لە نێوان ئیسلام و شێوازە جۆربەجۆرەکانی جاهیلییەتدا[١]..

کێشەی سەرەکی ئەم دینە، بەڵکو کێشەی سەرەکی دینی هەموو نێرراوانی خوای گەورە سەلامی خوایان لێ بێت هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا هەر ئەوەبوو کە کێ دەبێتە خوای سەر زەمین؟ خوایەتیی و پەروەردگارێتیی (دەسەڵات و ئاڕاستەکردن) مافی کێ بێت؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە هەر چۆنێک بدرێتەوە هەموو بەشێکی ئەم دینەی لەسەر دەوەستێت، کاروباری ژیانی تاکوکۆی خەڵکی، هەر هەموو خەڵکی سەر زەمین لەسەر وەڵامی ئەو دوو پرسیارە وەستاوە، کە کێ خوای سەرزەمین بێت؟ کێ دەبێتە پەروەردگاری سەر زەمین؟ ئەگەر بوترێت خوای گەورەیەو بەس، بێهاوبەش لە خوایەتییدا، بێهاوبەش لە پەروەردگارێتییدا، ئەمە ئیسلام و موسوڵمانێتییە. ئەگەر هاوبەشانێکی تریش هەن کە وەکو خوای گەورەن یان بەسداری ئەم سیفەتەیین، واتە مەخلووقاتیتر هاوبەشی خوایەتیی و پەروەردگارێتییەکەی خوای گەورە دەکەن، ئەمە شیرک و کوفرو کافربوونەو قابیلی قبووڵ نییە.

ئەگەر خوایەتیی و پەروەردگارێتیی مافی خوای گەورە بن و بەس، ئەمە مانای وایە دینەکەی ئەو (مەنهەج)ی دیدو تێڕوانین و رەفتارو رەوتە، چونکە ئەو کاتە مرۆڤ بە ئەرکی عەبدێتیی خۆی بۆ خوای گەورە هەڵدەستێت، کە ملکەچیی و گوێڕایەڵییکردنیانە بۆ خوای کردگارییان، بە ناسین و پەرستن و شوێنکەوتنی دینەکەی، بێئەوەی هاوبەشی لە هیچ بوارێکیاندا بۆ دابنێن، چونکە خوای گەورە بەرنامەو رێبازی مرۆڤ دیاریدەکات نەک مرۆڤ خۆی، خوای گەورە خۆی بە

---

١ ئەم دوو برگەیەی سەرەوە لە سەرەتای بەرگی یەکەمەوە نەقڵکراوە، چونکە مامۆستا ئەحمەد فائیز وا هێنابوویەوە.

عەقیدەەکە دیدو تێڕوانین و پێناسەی گەردوون ومرۆڤیان دەداتێ، بە شەریعەتەکەشی یاساو ڕێساو دەستووری ژیانیان دەداتێ، هەر خۆشی داب و نەریت و بەهاو قییەم و بارۆدخ و دەستوورو سیستمی ئیدارەو ئاڕاستەیان دەداتێ، تا ژیانی خۆیان بە پێی ئەم (مەنهەج)ە خواییە ڕێکبخەن، نەک بە پێی دیدو بۆچوون و حەزو بەرژەوەندیی هەندێک تاکی مرۆڤ، یان دەستەو تاقکمێیان، یان چین و گەلێکیان، ئەمانە هیچیان بۆیان نییە بە هیچ شێوەو چۆنیەتییەک بە هیچ برِو راو ئاستێک (مەنهەج) ی ناشەرعیی بۆ مرۆڤایەتی دابڕێژن. ئا ئەمە سیماو سیفاتی سەرەکی خوایەتیی و پەروەردگارێتیی خوای گەورەو تایبەتمەندێتییەتی. ئەمما ئەگەر خوایەتیی و پەروەردگارێتییەکە _کە بەو سیماو سیفەت و تایبەتمەندێتییەیانن_ بکرێنە مافی یەکێک لە مەخلوقاتی خوای گەورە چ بوترێت تەنها مافی ئەو مەخلووقەیە، یان بوترێت ئەوو خوای گەورە لەو مافەدا هاوبەشن و ئاوا (مەنهەج)ی ژیانی مرۆڤایەتی دیاری بکرێت، عەبدێتیی خالیس لەوەدا بۆ خوای گەورە نابێت، بەڵکو بۆ غەیری ئەویشە، وتمان عەبدێتییشی بریتییە لە گوێڕایەڵیی و ملکەچێتیی مرۆڤ بۆی و شوێنکەوتنی دینەکەی، بەڵام غەیری خوای گەورەش بەشداری دیارییکردن و داڕشتنی داب و نەریت و بەهاو قیەم و بارودۆخ و دەستوورو سیستمی ئیدارەو ئاڕاستەی کۆمەڵگەی هەبێت، کە مەنهەج دابڕێژن و ژیانی مرۆڤایەتیی خۆیان بە پێی دیدو بەرژەوەندیی خۆیان ڕێکخەن، با لە دینەکەی خواشەوە وەریان نەگرتبێت، یان ناشەرعییش بێت، قەیدی نییە، مادام لە دەسەڵات و مافی مرۆڤە دیاریکراوەکان (پەرلەمان) یان حیزب و چین و گەلەوە هاتووە.. ئەمە ئیسلامەتیی نییە، ئەوە دینی خواوویستیی نییە، ئەمە شیرک و کوفرو جاهیلییەت و یاخیبوونە لە خوای گەورەو لە دەسەڵات دەرچوون و لە دین لادان و پاشگەزبوونەوەیە.

ئەمە کێشەو هاوکێشەکەیە، ئەمە حەقیقەتی دیدو هەڵوێستە. یان گرتنەبەری دینەکەی خواو رازیبوون بە عەبدێتیی ئەو، یان گرتنەبەری غەیری دینی ئەوو عەبدێتیی ئەو، بە لادانی دینەکە، یان بە لادان لە دینەکە.. مەرجنییە هەموو لایەنێکی (عەقیدە) و (عیبادەت) و (شەریعەت) و (بانگەواز) و (سیستم) و (ئاڕاستە)ی کۆمەڵگەو دەوڵەتەکە بووبێت بە بێدینیی (وەکو لە دیدو پێناسەو بزاوت و رەوتی کۆمۆنستیدا هەیە)، بەڵکو لادان لە بڕگەیەکی شەرعیی و هێنانی بڕگەیەکی ناشەرعیی و بە یاساو رێسا ناساندنی بەسە بۆ حوکمدان لەسەر واقیعەکەی، کە ئیسلامیی نییە. لادان لە بڕگەیەکی دینەکە لادانە لە هەموو دینەکە، یان لە هەموو شەریعەتەکەی، چونکە وەرنەگرتن و پابەندنەبوون و رانەپەڕاندنی هەر روکنێک لە پێکهاتەکانی دین، یەعنی کەنارخستنی دینەکە، چونکە شەرعیش هەر دینەکەیەو مەسەلەکە پەیوەندی بە حاکمێتیی خوای گەورەوە هەیە (بە مافی یاسادارشتن و مافی حوکمڕانیی و مافی داوەریکردن بە شەریعەتەکەی)، چونکە گرنگ پابەندبوونە بە خوایەتیی و پەروەردگارێتیی خوای گەورەوە، بە هەموو سیفەت و داواکراوەکانیانەوە، بێئەوەی لە هیچ بڕگەیەکیاندا هاوبەشیان بۆ خوای گەورە تێدا بڕیاردرابێت، هاوبەشەکە سەربەخۆ دانرابێت، یان بەشدار لەگەڵ حاکمێتیی خوادا. حوکم لەسەر ئەمەیە، نەک لەسەر ناوی ئیسلامی کە لە خۆیان نابێت، یان لافوگەزاف لێدانی موسوڵمانێتی.. ئایا ئەمانەی خۆیان بە موسوڵمان داناوە، دینی خوایان ئاوا پاک و بێگەرد وەرگرتووە؟ یان شەریکیان بۆ خوای گەورە داناوە تێیاندا؟!

ئەو کۆت و زنجیرەی کە خوای گەورە لە گەردن و پێی ئوممەتە موسوڵمانەکەی کردەوەو ئازادیکردن لێی، کە پێشتر خوای گەورە لە گەردنی ئوممەتانێکیتری پێشتریشی کردبۆوە، بەڵام کە کەمتەرخەمبوون لە هەڵگرتنی دینی خواو پێوەپابەندبوون و بزاوتی گۆڕانکاریی پێی، خوای گەورە سزایدان و کردیەوە گەردن و

دەست و پێیان و کەوتنەوە عەبدێتیی غەیری خوای گەورە. ئەم کۆت و زنجیرە ئەو عەبدێتییەبوو، عەبدێتیی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، عەبدێتیی رازیبوون و پاپەندبوون بە یاساو رێساو دەستووری عەبدی وەکو خۆیان. عەبدێتیی یەعنی ملکەچیی و گوێڕایەڵیی و ژێردەستەیی مرۆڤ بۆ مرۆڤی وەکو خۆی، یەعنی رازیبوون بە زەلیلیی و چاوشۆڕیی و نەبوویی لە ئاستی (سەید)ێکدا، یان لە ئاستی (حزب) و دەستەو تاقمێکدا، یان لەبەردەست چینێکدا کە هەر مرۆڤن وەکو خۆی. خوای گەورە ئەم ئوممەتەی بەم دینە لەو عەبدێتییە قوتارکرد: (وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ) الأعراف/١٥٧؛ ئەو پێغەمبەرەی کە بۆ ئەوە نێردرا تاکو ئەو کۆت و زنجیرەیان لێکاتەوە کە پێوەی گیرۆدەبووبوون. کۆت و زنجیری قورس و گران: ئەو عەبدێتییەیە کە بۆ غەیری خوای گەورە دەکرێت، ئەوەی کە خوای گەورە بە لوتفی خۆی بەم دینە لەسەر موسوڵمانانی لابرد، بەوەی کە هێنانییەوە بۆ عەبدێتیی خۆی، بۆ ملکەچیی و گوێڕایەڵیی هەر بۆ خوای تاکوپاک خۆی.. قوتاریکردن بە رێنیشاندانیان بۆ دینەکەی، بۆ پاپەندبوون بە شەریعەتەکەی. ئاوا خوای گەورە بە عەقیدەکە هزرو هۆشی رزگارکردن، بە عیبادەکە دڵ و دەروونی پاڵفتەکردنەوە لە غەیری خوا، بە شەریعەتەکەی بزاوت و رەوتیانی لە جاهیلییەت قوتارکرد.

عەبدێتیی بۆ خوای گەورە ئازادییە :

عەبدێتیی بۆ خوای گەورە _کە بریتییە لە وەرگرتنی دیدو پێناسەو یاساو رێساو داب و نەریت و قییەم و ئاراستەکردنی کۆمەڵگەو سیستمی حوکمڕانیی لە خوای گەورەوە_ لوتکەی ئازادی مرۆڤە، خاڵی دسپێکی سەربەستیی مرۆڤایەتییە، ئازادبوونە لە دەسەڵاتی طاغووتان و ستەمکاران، رزگاربوونە لە دەسەڵاتی ئەفسانەو وەهم و جیهانی خەیاڵبافیی و ترس و بیم! سەربەستبوونە لە کۆت و زنجیری داب و نەریت، لە دەسەڵاتی حەزی لاسەنگ و ئارەزووی سەرکەش و هەواوهەوەسی بەرەڵا، عەبدێتیی

بۆ خوای گەورە ئازادی و سەربەستی و رزگاربوونە لە هەموو هێزو دەسەڵاتێک کە مرۆڤ عەبدی خوای گەورە ملکەچدەکات بۆ غەیری خوای تاکوتەنها.

ئەو فەسادو خراپەکاریی و شەڕخوازییەی موشریکان بڵاویدەکەنەوەو لە دژی حەقیقەتە عەقاعیدییەکانی تەوحید دەوەستنەوە پێی، کە دژ بە شەرع و تەقواو دینداریتیی رەواجیپێدەدەن، فەسادێکی ئێجگار گەورەو دژوارە. فەساد کاتێک توانای بڵاوبوونەوەو بواری کاریگەرێتیی و دەسەڵاتی گومڕاکردنیی دەبێت کە باوەڕهێنان بە حەقیقەتە عەقاعیدییەکان دەبنە زانیاری گشتیی و باوەڕبوونێکی سلبی ناخێکی بێهیمەت، کە لە دنیای واقیع و ژیانی رۆژانەی تاکوکۆدا هیچ کاریگەرێتییەکی ئەوتۆیان لە گۆڕانکاریدا نامێنێت. ئەم ئیمانداریتییە سلبییە (یان بڵێین ئەم موسوڵمانێتیە ئەعرابیانەیە) نایەوێت تەوحیدەکە وەکو خوای گەورە دەیەوێت وەربگرێت، بەڵکو وا وەریدەگرێت کە واقیعە جاهیلییەکە داوای لێدەکات! بۆیە کاریگەرێتیی لە دنیای واقیعدا نییە. چونکە وەرگرتنی ئیسلامێکی رەسمییە کە طاغووتان ویستوویانەو پێناسەیانکردووە، نەک ئەو ئیسلامەی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) لە خوای گەورەوە هێناویانە!

یەکەمین مەرجی دین و دینداریتیی، تەوحیدەکەیە. تەسلیمبوونە بە خوایەتیی و پەروەردگاریتیی خوای گەورە، قەناعەتکردنی راست و دروست بە کردگاریتیی و خاوەنێتیی و دەسەڵاتداریتیی و ژیاندن و مراندن و رۆزیدان و زیان و سوودگەیاندن و زاناو تواناو هێزی رەهای خوای گەورە، حەتمەن خواناسییەکی ساغ لای موسوڵمان دروستدەکات، کە یەکسەر قەناعەت بە خوایەتیی خوای گەورە دەکات.. دامەزراندنی تەوحید بەم شێوەیە، یەعنی راگەیاندنی عەبدێتیی سەرڕاستانە بۆ خوای تاکوپاک کە شایەنێتی.. تەنها بۆ خوای گەورە.. بە ناسین و پەرستن و قبووڵکردن و پابەندبوون بە

ئاڕاستەی مەنهەجەکەیەوە، بە دیدو تێڕونین و رەفتارو رەوشت و داب و نەریت و یاساو رێساو دەستوورو سیستمی شەریعەتەکەیەوە. تەوحید واتە وەرگرتنی هەموو باوەڕو بڕیارو رەفتارێک لە خوای گەورەوە، تەنها لە خوای گەورەوە، کە عەبدێتیی بۆ غەیری ئەو ناشێت و نابێت، ملکەچیی و گوێڕایەڵیی بێمەرج تەنها بۆ خوای گەورە دەردەبڕرێت، کە لە قبووڵکردن و پابەندبوون و ڕاپەڕاندنی دینەکەیدا دەردەکەوێت. ئەو کەسەی سەرچاوەی وەرگرتنی دیدو تێڕوانین و پێناسەی بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ غەیری خوای گەورەیە موسوڵمان نییە. ئەو کەسەی سەرچاوەیتری ئەمانەی تێکەڵ بەدینەکەی خوای گەورە کردووە، موشریکە ئەو کەسەی خوای گەورە ناپەرستێت _بەو شێوەیەی کە خوای گەورە دەیەوێت_ کافرە. ئەو کەسەی خوایتری وەلدا دەپەرستێت موشریکە. ئەو کەسەی وەحی خوای گەورە سەرچاوەی وەرگرتنی رەفتارو رەوت و یاساو رێساو دەستوورو سیستمی حاکمێتیی نییە، کافرە. ئەو کەسەی لەگەڵ حاکمێتیی خوای گەورەدا یاساداڕێژو حوکمڕان و دادوەریتری بڕیارداوە، موشریکە. چونکە تەنها خوای گەورە سەرچاوەی جیهانبینیی و پەرستن و حاکمێتییە. ئیعترافکردن بە هێزێکیتری کاریگەر لە خەلقکردن و خاوەنێتیی، یان دەسەڵاتدارێتیی و ژیاندن و مراندن، شیرکە. هەر وەکو کە پەرستنی شتێک لەگەڵ پەرستنی خوای تاکوپاکدا، شیرکە. لە سوجدەو رکوعدا بێت، یان لە رووتێکردن و لێپاڕانەوەی، یان لە تەوافکردن و قوربانیی بۆ کردنییدا بێت. ئەم دوو جۆر شیرکەی جیهانبینیی و پەرستن هیچ جییاوازییەکیان لەگەڵ شیرکی (حاکمێتیی)دا نییە، هەر کەسێک وا دانێت کە دەشێت یاساو رێساو بەهاو قییەم، یان دابو نەریت و یاساو رێسای حوکم و داوەریی لە غەیری خوای گەورەوە وەربگرێت و شەریعەتی خواش وەربگرێت، موشریکە. ئەمە هاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە، لەو بوارانەی ئاڕاستەکردندا.. وێردی سەرزمان و ناوی موسوڵمانانەو ئیعترافکردن بە گەورەیی و تاکوتەنهایی خوای گەورە، کاریگەریان

لەسەر واقیعێتی ئەم شیرکەو قبووڵنەکردنی نییە. ئەمە ئیمانی سلبییە، موسوڵمانبونێکی ساردوسڕو عادەتییە! نە تەقواکاریی ناخی لەگەڵدایە، نە قبووڵکردنی شەرع و پابەندبوون و ڕاپەڕاندنیی! (ئەمە ئیمانی ئەعرابیانەیە): (قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَٰكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ) الحجرات/١٤؛ ئەعرابەکان وتیان: باوەڕمانهێناوە، پێیان بفەرموو ئێوە هێستا باوەڕتاننەهێناوە. بڵێن: زاهیرمان موسوڵمانێتییە، چونکە هێشتا (ئیمان) لە دڵتان نەچەسپیووە.. ئەگەر بچەسپیایەو لە ئاستی ئیمانداراندا بوونایە ئەعرابنەدەمان، هیجرەت و جیهادتان دەکرد، ئیمانداریێتیی لە زاهیرتاندا دەبوو بە ووزەی رەفتاری ودینداریی! ئەم (ئیمان)ە ساردوسڕە ناکاریگەرە ئەوە نییە کە خوای گەورە داوای لە مرۆڤ کردووە لە دڵ و دەروون و هزرو هۆشیدا بچەسپێت و کاریگەرێتییەکەی لە رەوت و بزاوت و داب و نەریت و یاساو رێساو ئاراستەی کۆمەڵگەو ئیدارەی دەوڵەتیدا دەربکەوێت.

ئەم گەردوونە -بە هەموو بەش و موفرەدەو پێکهاتەکانییەوە_ بە بێ هەبوونی خوایەکی بە تواناو بە ئاگاو کاریگەر، مومکین نییە ئاوا رێکوپێک و رێسایی بەڕێوە بڕوات، وەکو کە مومکیننییە بە بێ کردگارێک هاتبێتەدیی، مەحاڵیشە بە بێ خوایەکی بەئاگاو هەڵسوڕێنەری زیندووش ئاوا وردەکارانە بەردەوام بێت، ناشکرێت دوو خوا هەبن.. دوو خوایی مەحاڵە، مەحاڵە دوو خوای وەکویەک هەبن، فەرمانیش وەکو یەک دەرکەن: (لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا) الأنبياء/٢٢؛ ئەگەر خوایەکیتریش لە ئاسمانەکان و زەویدا هەبوایە، بە دڵنیاییەوە ئاسمانەکان و زەوی تێکدەچوون و خراپدەبوون. دیارترین سیفەتی خوایەتییش (وەکو لە دیدی مرۆڤدایە) ئەوەیە کە مرۆڤەکان ببنە عەبدی ئەو. ئەگەر کەسانێک خۆ بە عەبدی خوای گەورە نەزانن، مانای وایە خوای گەورش بە خوای خۆیان نازانن، چونکە لە وجووددا وەکو کە (خالق) و (مەخلووق) هەیە، بە دڵنیایەوە (عابد) و (مەعبود)یش هەیە. عابدەکان

ئەوانەن کە عەبدێتییان بۆ خوای گەورە دەربڕیووە، کە گوێڕایەڵیی ئاڕاستەی وەحیەکەی دەبن و ملکەچانە فەرمانەکانی جێبەجێدەکەن. بە مانایەکیتر عەبدەکانی خوای گەورە دیدو تێڕوانین و بزاوت و ڕەوت و داب و نەریت و یاساو ڕێسا و قییەم و دەستووریان تەنها لە خوای گەورەوە وەردەگرن، قبووڵیانەو پێوەی پابەنددەبن و جێبەجێیدەکەن. نابنە عەبدی غیری خوای گەورەو تەعلیماتی غەیری خوای گەورەش تێکەڵ بە دین و شەرعی خوای گەورە ناکەن. ئەوەشە خواناسیین و خواپەرستن و حاکمێتیی خوای گەورەو ئیعترافکردن پێی. ئەوەیە تەوحید، کە پێچەوانەکاریی لە هەر یەکێکیاندا شیرکە، لە (عەقیدە)دا بێت یان لە (عیبادەت)دا، یان لە (شەریعەت) دا، کە حاکمێتییەکەیەتی (واتە؛ یاسادارڕشتن و حوکمڕانیی و دادوەرییکردن بە شەرع).. هەر کەسێک ئەم ئاڕاستەو تەعلیماتە لە غەیری خوای گەورەوە وەربگرێت مانای وایە خوایەکیتری بۆ خۆی داناوە، یان خوایەکیتری لە غەیری خوای گەورەی بە خەڵکی ناساندووە، تا ببنە عەبدی ئەویان. ئەوەش شیرک و کوفرو جاهیلییەتە. ئەو هەموو (فەسادە)ی لە جیهاندا دەبینرێت، هۆکەی هەبوونی (فرەخوایی)یە، زۆر بوونی عەبدێتییە بۆ غەیری خوای گەورە. ئەم فەسادو خراپەکاریی و شەڕخوازییە لەوەوە هاتووە کە کەسێک یان کەسانێک خۆیان لە باقی خەڵکەکانیتر کردۆتەخواو بە زمانی حاڵ دەڵێن عەبدایەتیی بۆ ئێمە بکەن و ئیعتراف بە دەسەڵاتی خوایەتیی ئێمە بکەن! ئێمە مافی دیاریکردنی جیهانبینیی و داڕشتنی یاساو حوکمڕانیی و دادوەریکردنتانمان هەیە. ئەمە خوایەتییە، با بە زمانیش ڕاینەگەیاندبێت، وەکو فیرعەون کە دەیووت: (فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ) النازعات/٢٤؛ فیرعەون وتی: من پەروەرگاری باڵاتانم، گەورەو قسەڕۆیشتووتانم..یان: () القصص/٣٨؛ فیرعەون دەیووت: جگە لە خۆم وا نازانم خوایەکیترتان هەبێت ملکەچیی و گوێڕایەڵیی بێچەندوچوون بۆ فەرمانەکانی دەربڕن.. فیرعەون نەیدەوت من ئاسمانەکان و زەویم دروستکردووە و خاوەنیانم، یان

دەسەڵاتم بەسەریاندا هەیە، بەڵكو دەیوت من یاسادارێژو حاكم و داوەرو هەڵسورێنەری كاروباری ئێوەم، كەوابوو خواشتانم و هەندێک عیبادەتتان بۆ من بكەن.

ئیعترافكردن بەمە كوفرە، رازیبوون بە یاسای فیرعەونیی و تێكەڵاوكردنی لەگەڵ شەرعی خوادا، شیركە. هەر وەكو كە تەقدیمكردنی هەر جۆرە پەرستنێک بۆ فیرعەون _وەكو هاوبەشێک وەل خوای گەورەدا_ شیركە. هەردووكیان بەشداریپێكردنی مەخلووقن لە مافی خوای گەورەدا، چ لە پەرستنیدا، چ لە حاكمێتییدا. ئەمەشە سەرچاوەی لافاوی فەسادەكە.

بانگەوازی خواوویستیی بانگهێشتكردنە بۆ خوابەیەكناسین، بۆ خواپەرستن، بۆ حاكمێتیی خوای گەورە، كە تەنها ئەو لەم سێ جۆرەی تەوحیددا مافی بێوێنەیی و بێهاوبەشیی هەیە. ناشێت بە هیچ شێوەو چۆنیەتییەک، لە هیچ لایەنێكی باوەڕو رەفتاردا (گوفتار بێت یان كردار)، بە هیچ برڕو رادەو ئاستێک هاوبەشی لە هیچیاندا بۆ دابنرێت. نە مرۆڤ و نە پەری و نە دار و نە بەرد، نە نێردراو و نە پێغەمبەرێک.. ناشێت و نابێت. چونكە هەموو مەخلووقن. پێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لێ بێت) هەر عەبدی سەرڕاست و گوێڕایەڵی خوای گەورە بوون، بۆ گەیاندنی دینەكەی هەڵیبژاردن، تا ناسین و پەرستن و حاكمێتیی رەهای خوای گەورە بۆ خەڵكی روونبكەنەوە. نەک بینە هاوبەشی خوای گەورە، لە یەكێک لە سیفەتەكانی پەروەردگارێتیی، یان خوایەتیی، یان حاكمێتییدا. ئەوانیش خەڵكەكەیان بۆ ئەم تەوحیدە پاكە بانگهێشتدەكرد. بانگەوازی هەموویان ئەوەبوو كە وەرن با خوای تاكوپاک بپەرستین و دینەكەی وەرگرین و كەسمان خۆ لە خەڵكی نەكاتە خوا..

خوای گەورە زۆر راشکاوو بنبڕانە پێناسەی موسوڵمانی کردووە، کێ موسوڵمانە؟ موسوڵمانان ئەوانەن کە خوای تاکوپاک سەرڕاستانە دەپەرستن و پەرستن بۆ غەیری ئەو ئەنجامنادەن و کەسیان کەسیتر لە جیاتی خوای گەورە دانانێت و مافی یاساو رێسادانان و حوکمڕانیی و دادوەرییکردنی بە پێی دیدی خۆی بداتێ. ئا ئەمە ئەو سیفەتە دیارو ناسراوەی موسوڵمانانە، کە لە جیهاندا پێوەی ناسراون، کە ئوممەتەکەیان لە هەموو میللەتانی سەرزەمین جیادەکاتەوە، کە بەرنامەی ژیانیان جیاوازە لەگەڵ هەموو بەرنامەی گەل و ئوممەتانیتردا.. هەرکەسێک و هەر کۆمەڵێک ئەمە سیفەتیان بێت، موسوڵمانن. هەر کۆمەڵێکیش ئەمە سیفەتیان نەبێت، موسوڵمان نین. با هەر لافی موسوڵمانێتی لێ بدەن.

ئیسلام ئازادییەکی بێسنووری مرۆڤە لە عەبدایەتیی بۆ غەیری خوای گەورە، ئیسلام تاکە دیدو سیستمێکە کە مرۆڤەکان لە ژێردەستیدا ئازادن، خەڵکی لە هەموو دیدو سیستەمەکانیتری حوکمڕانیی کۆن و نوێی سەرزەمیندا هەندێکیان هەندێکیتریان کردۆتە خوا، بەوەی سیفەتی حاکمێتییان پێداون، یا رازیبوون هەیانبێت. لە کاتێکدا ئەمە مافی خوای گەورەیەو بەس. ئەم بە خوادانانەی مرۆڤ لە راقیترین شێوازی دیموکراسیی سەردەمدا هەیە، هەر وەکو کە لە دژوارترین و تاکرەوترین دیکتاتۆرییەتدا هەیە. یەکەمین سیفەتی پەروەردگارێتیی ئەمەیە کە مرۆڤەکان عەبدێتیی خۆیانی بۆ رابگەیێنن. ئەوەش یەعنی مافی دیاریکردنی رێباز و بەرنامەو بزاوت و بانگەوازو یاساو رێساو داب و نەریت و قییەم و حاکمێتیی (یاسادانان و حوکمڕانیی و دادوەرییکردن بەشەرع) بدەنەوە بە خوای تاکوپاک. ئەم مافە کە ئەمڕۆ لە هەموو سیستم و دەوڵەتەکانی سەر زەمیندا خەڵکی بە شێوەیەک لە شێوەکانی شیرک داویانەتە دەست کۆمەڵێک کەس، کە ئیدارەی دەوڵەت و ئاڕاستەی کۆمەڵگەکەیانی دوور لە تەوحید پێدەکەن و خەڵکەکەش ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمان و

بەرهەڵستییەکانیان دەبن! دید و تێڕوانین و بزاوت و ڕەوت و ڕێبازو بەرنامەو داب و نەریت و بەهاو قییەم و یاساو ڕێساو دەستووری حاکمێتییان هەر لەو کۆمەڵە مرۆڤەوە وەردەگرن، بەمەش هەردوولا لە شیرک و کوفر و جاهیلییەتدا دەبن. ئەو کۆمەڵە دەسەڵاتدارە ئیدارییە ئاڕاستەوانە خوای خەڵکەکەن، با کەسیش نەبینرێت کە سوجدەیان بۆ ببەن و نوێژیان بۆ بکەن و قوربانیان بۆ سەر ببڕن.

تەنها لە ژێر سایەی سیستم و ئاڕاستەی ئیسلامدا خەڵکی لەم عەبدێتییە رزگاردەبن، هەموویان بە وەرگرتنی ئیسلام و ژیان لەناو کۆمەڵگەی موسوڵمان و لە سایەی سەروەرێتیی شەریعەتی ئیسلامدا ئازاددەبن، چونکە هەموویان دەسەڵاتدارن (وەکو خاوەن مەنهەجەکە)، بێ دەسەڵاتیشن (وەکو وەرگرانی مەنهەجە خواییەکە) چونکە هەموو دیدو تێڕوانین و ڕێبازو بەرنامەو داب و نەریت و یاساو ڕێساو دەستووری حوکمیان لە خوای گەورەوە وەرگرتووەو بەس. هەر هەمووشیان لەم ئازادبوون و بەرامبەر بوونەی دین و شەریعەت و دەسەڵاتەکەدا یەکسانن، هەموویان ملکەچی یەک دەسەڵاتن، کە خوای گەورەیە. ئاوا هەموویان لە عەبدێتیی غەیری خوای گەورە رزگاربوون و لە سایەی سەروەرێتیی تەوحیدو خواپەرستن و شەریعەتەکەدا بوونەتە عەبدی خوای تاکوتەنهای بێشەریک، ئا ئەمەشە دووڕێیانی ئیسلام و جاهیلییەت، جاهیلییەت بە هەموو شێوەو حاڵەتاکانییەوەو ئیسلام بەو حاڵەتە تاکو تایبەتەیەوە.

دین یاسادانان و حوکمڕانیی و دادوەرییشە:

دین بریتییە لەو ئیدارەو سیستمەی کە خوای گەورە کردویەتییە بەرنامەو ڕێبازی مرۆڤایەتیی تا ژیانی تاکوکۆی خۆیانی لەسەر دابڕێژن، ئەم دینە ئەو (مەنهەج)ەیە کە دەبێت سەرپەرشتی هەر هەموو چالاکیەکانی ژیانی تاکوکۆ بکات. تەنها خوای

پەروەردگاریش مافی دیاریکردنی ئەم (مەنهەج)ەی هەیەو بەس. چونکە خوایەو هاوبەشی لە پەرستن و حاکمێتییدا نییە، هەر وەکو کە بێوێنەیەو هاوشێوەی لە هیچ سیفەتێکدا نییە. دین شوێنکەوتن و گوێڕایەڵییکردنی (سەرکردایەتیەکی خواوویست)ە، کە بە پێی ئەو (مەنهەج)ە دەسەڵاتی کەوتۆتەدەست و بە گوێرەی دینەکەش ئاڕاستەدەکات. ئەم سەرکردایەتییەی کە عەبدێتیی تەواویی بۆ خوای تاکوپاک راگەیاندووە، (مەنهەج)ەکەی ئەوی بێچەندوچوون وەکو عەبدێک وەرگرتووەو هاوبەش لە هیچ بەشێکیدا بۆ خوا دانانێت، ئەم سەرکردایەتییە بە تەواویی تەسلیمی ئەم (مەنهەج) ەیەو بە پێی ئەو رەفتاردەکات، کۆمەڵگەی موسوڵمانیش کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتییە، کە سەرکردایەتیەکی تایبەت بە خۆیی هەیە، کە هەر لە نێوخۆیەوە هاتووە، هەردوولا: کۆمەڵگەو سەرکردایەتییەکە یەک عەقیدەی هاوبەشیان هەیە. یەک خوا دەپەرستن و تەسلیمی یەک شەریعەتن، لەسەردەمی دەسپێکی ئەم ئیسلامەدا کۆمەڵگەکە لەسەردەستی سەرکردایەتییەکە _کە هیدایەتدرابوو_ کۆمەڵگەکە بە تەواویی (عەقیدە)و (عیبادەت) و (شەریعەت) ەکەی وەرگرتبوو، تەسلیم بە حاکمێتیی خوای گەورە بووبوو. پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم پێشڕەوێتیی و سەرکردایەتیی و پێشەوایەتیی دەکردو ئەوەی دەکردە ئاڕاستەی کۆمەڵگەو دەوڵەت کە بە وەحی لە خوای تاکوپاکەوە بۆی دەهات. ئەم (عەقیدە)و (عیبادەت) و (شەریعەت)ەی _کە بە حاکمێتیی خوای گەورەوە پەیوەستە_ ماوەو کۆچیدواییکردنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کاریگەرێتیی لەسەر نەبوو. دینەکە _کە لە (قورئان و سوننەت)دا دەردەکەوێت_ سەرچاوەی هەموو ئاڕاستەیەکە. لەو زەمانەو لە هەموو سەردەمەکانی دواترو لە داهاتووی مرۆڤایەتیشدا هەروا دەمێنێت. کۆمەڵگەکە _کە سیفەتی (موسوڵمان)ێتی وەرگرت_ لەبەر وەرگرتن و پاپەندبوون و جێبەجێکردنی دینەکەی خوای گەورە بوو، ئەمەش

دەبێتەوە بە سیفەتی هەر کۆمەڵگەیەک کە دینەکە وەکو سەردەمانی یەکەمی وەربگرێتەوەو پێوەی پابەندبێتەوەو جێبەجێیبکات، تا (موسوڵمان) بناسرێتەوە. بە بێ ئەم دیندارێتییە گشتگیرە پێی ناوترێت (کۆمەڵگەی موسوڵمان). موسوڵمانێتی کۆمەڵگە بەم مەرجەوەیە: وەرگرتن و پابەندبوون و جێبەجێکردنی دینەکە، بە قبووڵکردنی (عەقیدە)و (عیبادەت)و (شەریعەت)ەکەو حوکمڕانیی دینەکەو داوەریهێنانەوە لای و قبووڵکردنی بڕیارەکانی، بە هەموو سیفەتێکی قبووڵکردن و رازیبوون و راپەڕاندنی. چونکە حوکمی خوای گەورەو پێغەمبەری خوایە صلى الله على وسلم و موسوڵمانان _کە تەوحیدەکەیان لا بۆتە بەڵگەنەویست و حاکمێتیی خوای گەورەیان لا بۆتە حەقیقەتی عەقائیدیی_ بە داوەرییبردنەوە لای شەرع رازین، چونکە نواندنی عەبدێتییە بۆ خوای گەورەو ئومێدی رازیکردنێتی،کە قبووڵبوون و پاداشتی دنیاو قیامەتی پێوەیە.

مانای (دین) ئاوایە. پێناسەی (ئیمان) ئەوەیە. مەرجی (موسوڵمان) بوونیش وایە. (کۆمەڵگەو دەوڵەتی ئیسلام) یش ئە ئاوا پێکدەهێنرێت و دێنەکایەوە. ئاوا دینەکە دەبێتە رێبازو بەرنامەی ژیانی تاکوکۆ. ئەگەر (دین و ئیمان) بەم وەسف و سیفەتە قورئانیانەیان نەچەسپێنران، ئەو کاتە نابنە دیدو تێڕوانین و پێناسەی گەردوون و ژیان، بەڵکو بە شێوەیەکی سادەو ساکار لە هەست و هۆشێکی ساردوسڕدا چەقبەستووانە دەمێنێتەوە، بێئەوەی رەگوڕیشاڵ بە دڵ و هزردا داکوتن، بێئەوەی ببنە مایەی بەگەڕخستنی ورەو وزەی گۆڕانکاریی، بێئەوەی ببنە پاڵنەری ململانێی کوفرو ئیمان، شیرک و تەوحید، جاهیلییەت و ئیسلام. ئاوا وەکو خڕەبەرد دەبن، کە هەموو هێزێکی کەم و لاواز دەتوانێت لە شوێنی خۆیان لایاندەن!

ئەگەر (دین و ئیمان و موسوڵمانبوون) بەم پێناسە قورئانیانە نەچەسپێن، موسوڵمانبوون دەبێتە شتێکی سەرزارەکیی و منجەمنجێکی بەزیوانەو زۆ زۆرەکەی لە نوێژێکی پەلەو ساردوسڕدا دەردەکەوێت، کە ڕەنگە زۆرجار ئەوەش نەمێنێت، یان هەر لە لافلێدان و خۆبەموسوڵمانزانیندا دەرکەوێت! لە کاتێکدا کە (دین و ئیمان و موسوڵمانبوون) دیدو تێڕوانین و پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤە، ڕێبازو بەرنامەی بزاوت و ڕەوتی گۆڕانکارییە، بەهاو نەریتی ڕەفتارو ڕەوشتە، یاساو ڕێساو دەستووری حوکمە، ئاڕاستەی پارسەنگی کۆمەڵگەو ئیدارەی دەوڵەتە. بەڵام ئاوا هەمووی دەخرێتە کەنار (نە تاک و نەکۆو نە دەوڵەت و نە کۆمەڵگە دین و ئیمان و موسوڵمانبوونە قورئانییەکە وەرناگرن و دەیخەنە لاوەو خۆیان پێناسەیتری بۆ دەکەن! یان بە پێناسەکردنی طاغووتان بۆیان رازیدەبن!! بەم هەموو ئیحترافەشەوە ناوەستن، بەڵکو دەبنە ئەدەواتی هەواوهەوەس و جاهیلییەتی خۆیان و طاغووتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی (دین و ئیمان و موسوڵمانبوون) ڕاست و ڕەواکەی دینداران و ئیمانداران و موسوڵمانە تێگەیشتووە خواوویستەکان!!!.

ئەگەر (دین و ئیمان و موسوڵمانبوون) بەم پێناسە قورئانیانەوە وەرنەگیران، هەموو ڕێکخستێکی کۆمەڵایەتیی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگە دوور لە خواناسیی و سیمای ئیمانداریی و ڕەفتاری موسوڵمانانە دەردەکەون، کە دەبوو ئەمانیش وەکو خواپەرستیی و حاکمێیەتییەکە بۆ خوا بوونایە، لە سەرچاوەی وەحیەوە وەرگیرانایەو لە واقیعی ژیاندا نیشانبدرانایە. بەڵام کە ماناکانی (دین و ئیمان و موسوڵمانبوون) لە جێی خۆیاندا نامێنن، ئەم چالاکییە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگەش لە خواوویستیی و لەبەرخاتری خوا نامێنن و دەبنە کێبرکێی ریابازیی و خۆنواندن و خۆبردنە پێش لە دەسەڵاتداران و دووڕوویکردن بۆیان، یان دەبنە مایەی پارەماشینەوەو حەرامخۆریی و زۆرجاریش ئەمانە دەبنە ئەدەواتی ململانێی جاهیلییەت دژی ئیسلام و سەرپشکانە

دەبنە سەربازو ئامێری طاغووتان و دژ بە دینداران و موسوڵمانە سەر راستەکان دەوەستنەوە!

ئەگەر (دین و ئیمان و موسوڵمانبوون) وەکو زاراوەی قورئانی نەناسران و نەناسێنران کە نیشانەی قبووڵکردنی ئیسلام و پێوەپاپەندبوون و راپەڕاندنی دەبن، ئەو کاتە لە جیاتی ئەوەی ئیسلام سەروەرێتیی شەرعیی لە دەستدابێت و ئەحکامەکانی راپەڕێنرێن، لە جیاتی ئەوەی یاسادانان و حوکمڕانیی و دادوەرییکردن هەمووی بە پێی شەریعەتەکەی خوای گەورە بێت، ئاڕاستەی دەوڵەت و کۆمەڵگە لە خواوویستییەوە بێت و لەبەرخاتری خوای گەورە بێت، هەموو ئەحکامەکانی شەرع دەخرێنەکەنار (دەزگاو رێکخراوو دائیرەکانی دەوڵەت و حکومەت، پەرلەمان و داوەریی هەمووی دەبنە دەزگای کوفرو شیرک و جاهیلییەت) و هیچیان ئیعتراف بە حاکمێتیی خوای گەورە لە یاسادانان و حوکمڕانیی داوەرییکردندا ناکەن و رازینابن یاساو رێساو دەستوورو ئەحکام لە خوای گەورەوە وەربگرن. لە کاتێکدا کە دەبوو ئیماندارانە باوەڕیان بەوە هەبێت کە خوای تاکوپاک و بێوێنە لە سیفەتەکانی پەروەردگارێتییدا، بێوێنەو بێهاوبەشە لە دروشمەکانی پەرستندا، بێهاوبەشیشە لە سیفەتەکانی حاکمێتییدا و نابێت و ناشێت هیچ کەس و دەزگاو لایەنێک یاساو رێساو تەعلیماتی پێچەوانەی شەرع لە کەسەوە وەربگرێت و پێی رازی بێت، چجای ئەوەی بیچەسپێنێت. چونکە ئەوە رەتکردنەوەی حاکمێتیی خوای گەورەیە، یان هاوبەشدانانە کە دژایەتیی لەگەڵ حەقیقەتە عەقائیدیەکانی (دین و ئیمان و موسوڵمانبوون) هەیە!

ئەمە کێشەیەکی زۆر دژوارو گرنگ و چارەنوسسازە، ئەمە کێشەی یاسادانان و حوکمڕانیی و داوەرییکردنە، کە لە تەوحیدەوە دێن، لە باوەڕەوە سەرچاوەدەگرن، لە

عەقیدەکەوە هەڵهێنجراون کە فەرموویەتی پەروەردگاریتیی و خوایەتیی و حاکمێتیی مافی خوای گەورەن و بەس.

پەروەردگاریتیی _کە بێوێنەیی خوای گەورەیە لە زات و سیفاتیدا (لە کردگاریتیی و خاوەنێتیی و دەسەڵات و ژیاندن و مراندن و رۆزیدان و زیان و سوودبەخشین و.. هتد.)دا، خوایەتیی کە بێهاوبەشێتیی خوای گەورەیە لە هەموو جۆرو بوارەکانی پەرستندا (لە دڵدا وەک خواویستیی و پشتبەخوابەستن و ئومێد پێبوون، بە زمان وەکو: سوپاس و ستایشکردن و زیکرو.. هتد. بە رەفتار وەکو نوێژو رۆژوو وحەج و جیهادو خێرو خێراتکردن..)، حاکمێتیی کە تاکوتەنهایی خوای گەورەیە لە رەفتارەکانی حاکمێتییدا (یاسادارشتن و حوکمکردن و داوەرییکردن و بڕیاردانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و... هتد.)، ئەمانە هەموویان کێشەیەکی سەرەکیی مرۆڤە.. ئەمە قبووڵکردن یان یاخیبوونە لە عەبدێتییکردن بۆ خوای تاکوپاک. تەوەری سەرەکیی ئەم کێشە عەقائیدییە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەردەکەوێت:

- ئایا یاسادانان وحوکمکردن و داوەریی و یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی بە پێی وەحی خوای گەورە دەبێت _کە دین و پەیامی خوای گەورەیەو پێغەمبەرانی هەڵبژاردەی ناردووەو بەڵێن و پەیمان و بەیعەتی لێوەرگرتوون کە راست و رەوان بە خەڵکی بگەیێنن، ئەوانیش راست و رەوان گەیاندوویانە و هەموو پێشەوایان و شەرعناسان و زانایانی دینە ئاسمانییەکانییش گرێبەستیان لەگەڵ خوای گەورەو پێغەمبەرانیدا بەستووە کە دینەکەی دەپارێزن و سەرڕاستانە دەیپەرستن و شەریعەتەکەی دەچەسپێنن و هاوبەشی نە لە ناسینییدا و نە لە پەرستنییدا و نە لە حاکمێتییدا بۆ دانانێن_ ئایا سەروەریی یاساو دەستوور بۆ ئەمەیە، یان بە پێی دیدو تێڕوانین و بەرژەوەندیی دەستەیەک لە مرۆڤە؟ کە بە گوێرەی هەواوهەوەس، یان پێداویستی خۆیان و خەڵکی

دەوروبەریان، یاسادادەڕێژن و بۆ پاراستنی دەسەڵات و سامانی بەردەست طاغووتان حوکمدەکەن و داوەریی بە پێی یاساو دەستووری خۆیان دەکەن، کە لە دیدو بۆچوون و داب و نەریتی خۆیان و باب و باپیرانیانەوە هاتووە، یان لە دید و بەرژەوەندیی زلهێزانی دەرەکیەوە هاتووە، کە لە سەردەمانێکدا بوونەتە خاوەن هێزو دەسەڵات و زەوتکردن و دزیی و تاڵانکاریی، ئایا حاکمێتیی شەرعیان قبووڵە یان حاکمێتیی ئەمانە؟ بە مانایەکیتر ئایا خوایەتیی و حاکمێتیی (کە پەرستن و چەسپاندنی شەریعەتی خوایە) ئاڕاستەی ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەت دەکات، یان هەندێک پەرستن بۆ خوایەو حاکمێتییش بۆ خەڵکی؟!

ئایا یاسادانان و حوکمکردن و داوەریی بە پێی دینەکەی خوایە یان بە پێی دیدو بۆچوون و پێناسەی هەندێک مرۆڤ، کە مافی خوایەتیان زەوتکردووە یان پێیان دراوە؟

حاکمێتیی تەوەری ململانێکەیە:

_ خوای گەورە دەفەرموێ کە هەر خودی ئەو خوایەو هیچ خوایەکیتر نییە شایەنی خوایەتیی بێت. دەفەرموێ بە پێی پەروەدگارێتیی و خوایەتیی خوای گەورەشە کە دەبێت خەڵکی شوێنی ئەو دین و شەریعەتە بکەون کە ئەو بۆی دیاریکردوون، شەریعەتەکەی ئەو دەبێت حوکمڕانیی بکات. پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت کە وەحیەکەیان بۆ دەهات دەبوونە حاکم و دوای ئەوانیش ئەو شوێنکەوتووە خواویستە شیاوانەی کە پابەند بوون بە شەریعەتەکەی خواوە، دەبوونە خەلیفەی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانە. سەلامی خوایان لێ بێت.. ئەمە کێشەیەکی سەرەکی عەقیدەکەیە. خوای گەورە دەفەرموێ ئەمە کێشەی تەوحید و شیرکە، بۆیە بە هیچ کلۆجێک تەنازول و موساوەمەی نابێت تێدا بکرێت. وەک چۆن هەموو ئەو بتانە _کە لەجیاتی خوای گەورە دانراون و کراون بە هاوبەشی پەرستنی_ دەبێت بشکێنرێن و

لادرێن. دەبێ هەموو یاساو رێساو دەستوورو دەسەڵاتێکی حاکمێتییش لادرێن و رادرێن و تەنها شەریعەتەکەی خوای گەورە ببێتە دەستوورو ئاڕاستەوانی کۆمەڵگەکە. دەبێ ئەوە وەکو خواپەرستییەکە جێبەجێبکرێت و بە هیچ کلۆجێک و لە هیچ مەسەلەیەکداو بە هیچ بڕگەو رادەیەک شیرکی تێدا نەهێنرێتەدیی، بە تێکەڵکردنی ئەحکامەکانی شەرع لەگەڵ یاساو رێسای ناشەرعیی. نابێت ئەمە بکرێت، چجای ئەوەی خەڵکێک بەو بڕگە شیرکییانەوە پابەندبن.. هەرچی یاساو رێسایەک کە پێچەوانەی قورئان و سونەت بێت شیرک و کوفر و جاهیلییەتە.(بتن دەبێت لادرێن و رادرێن).

_ خوای گەورە دەفەرموێ ئەم کێشەیە بە هەموو بەش و لایەن و رەهەندێکیەوە، کێشەی کوفرو ئیمانە، رووبەڕووبونەوەی شیرک و تەوحیدە، ململانێی جاهیلییەت و ئیسلامە، دەبەرێکراچوونی هەواوهەوەس و تەقوایە.. نە تەنازولی تێدایەو نە رێکەوتن، نە هەڵوێستی نێوان.. دەبێ ئەمیان قبووڵ بێت و ئەویان رەفز؟ یان ئەویان قبووڵ بێت و ئەمیان رەفز.. ئەو موسوڵمانانەی حەقیقەتە عەقاعیدییەکانیان لا بەڵگەنەوویستە حوکم بە دین و شەریعەتی خوای خوا دەکەن و بەس، نە یەک پیتی لێ لادەبەن و نە یەک بڕگۆکەی لێدەگۆڕن. ئەمما کافرەکان و ستەمکارەکان و فاسقەکان ئەوانە بە غەیری شەرعی خوای گەورە حوکمدەکەن، بۆیە حاکم و دەسەڵاتدارو کاربەدەستانیش یان راپەڕێنەری دین و شەرعی خوای گەورەن و لە بازنەی ئیماندان، یان راپەڕێنەری یاساو رێساو دەستووریترن و لە بازنەی کوفردان. خەڵکەکەشیان ئەوەی لە حاکم و قازیی و داوەرەکان وەریدەگرن _ئەگەر شەریعەتی خوایەو ناکۆکیەکانی خۆیانی پێ یەکلادەکەنەوە_ ئەوە موسوڵمانن و لە بازنەی ئیماندان، ئەگەر ئەو بڕگەو بڕیارە یاساییانەی وەریدەگرن لە غەیری شەریعەتی خواوەیەو ناکۆکیەکانیانی خۆیانیان پێ یەکلادەکەنەوە، ئەوە موسوڵمان نەماون و لە بازنەی

کوفردان.. ئەمە دوو هەڵوێستی جەمسەرییەو لە نێوانیاندا بوارو رێ و جێی هەڵوێستیتر نییە، نە کەس خاوەنعوزرە، نە کەس خاوەن بەڵگەیە، نە بەهانەو بیانووی کەسیش وەردەگیرێت، ئەگەر بڵێ ئاخر لەبەر بەرژەوەندیی خۆم یان ماڵ و منداڵ یان کەسانیتر وامکرد! خوای گەورە _کە ئەم دیدو رەفتارو هەڵوێستەی داواکردووە_ شارەزای بەرژەوەندیی خەڵکییەو خۆی چاکتر دەزانێت بەرژەوەندیی یەکیەکیی خەڵکی چۆنەو لە چیدایە.. خوای گەورە بۆیە ئەم شەریعەتەی خۆی بە پێغەمبەراندا سەلامی خوایان لێ بێت ناردووە تا بەرژەوەندیی خەڵکی بێتەدیی. خۆ دیدو پێناسەی شارەزایی و دانایی توانای خەڵکی لە قەدەری خوای گەورە لێوەشاوەترنین، تا ئەوان بەتواناتر بن لە دیاریکردنی بەرژەوەندییدا. کەس بۆی نییە بە بەهانەی وا شەریعەتی خوای گەورە لابدات و هەواوهەوەسی خۆی، یان هەواوهەوەسی کەسانیتر بکاتە یاساو رێساو دەستووری خۆی، یان هی کەسانێکیتر، چونکە زیاتر پەی بە بەرژەوەندیی خۆی لە خۆمان دەبات، ئەمە ناتوانێت بڵێ من لە خوای گەورە شارەزاتر و زاناتر و چاکترم کە دەزانم بەرژەوەندی خەڵک لە کوێ و لە چیدایە و چەندەو بۆیان دەهێنمە دی، هەرکەسێک بە رەفتارێک (گوفتار بێت یان کردار) شتێکی وا بڵێ، یان بکات، لە بازنەی ئیمان و ئیسلام دەچێتەدەرەوە و فڕی بە ئیسلامەوە نامێنێت.

مەحاڵە ئیمان و وەلکردی شەریعەتی خوای گەورە لە دڵێکدا کۆببنەوە، ئەستەمە موسوڵمانێتیی و رازینەبوون بە شەریعەتی خوای گەورە لە دڵ و دەرونێکدا یەکبگرنەوە.. ئەوانەی لافی موسوڵمانێتیی خۆیان، یان لافی موسوڵمانێتیی کەسانیتر لێدەدەن و رازیشنابن شەریعەتی خوای گەورە داوەریان بکات، نایانەوێت دینی خوا سەروەرو دەسەڵاتدار بێت، یان ناخوازن داوەریی بهێننەوە لای شەرع، بە یاساو رێساو دەستووری طاغووتان رازیین و دەیانەوێت ناکۆکیەکانیان بەویان یەکلابکەنەوە! ئەوانە

درۆدەکەن و موسوڵمان نین، ئەوانە دەبێ زۆر چاک بزانن کە خوای زاناو بەدەسەڵات دەربارەیان دەفەرموێ: (وَمَا أُولَٰئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ) المائدة/٤٢؛ ئەوانە هەر موسوڵمن نین! ئەوە هەر ئەوە نییە کە نایانەوێت شەریعەتی خوایان لەسەر بچەسپێنرێت، بەڵکو رازیش نابن حوکمی خوای گەورە لەسەر خەڵکیتریش بچەسپێنرێت، ئەمانە هەر بە حاکمێتیی دینەکە رازینین، ئەمانە لە بازنەی ئیماندا نین، هەر چەندە بەسەرزارەکی موسوڵمانێتی رادەگەێنن، بەڵام مادام رازی نابن شەرعی خوای گەورە داوەریانبکات و ناکۆکیان یەکلابکاتەوە، کافرن. ئایەتەکە ئاشکراو راشکاوانە دەفەرموێ ئەوانە موسوڵمانین. ئەمە هەر وەکو حوکمی ئایەتەکەیترە کە دەفەرموێ: (فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا)النساء/٦٥؛ سوێندبێت بە خوای پەروەردگارت ئەمانە _ئەگەر کێشەو راجوێیان بکەوێتەنێوانیانەوەو_ جەنابت نەکەنە داوەری نێوانیان، ئیمان دەرنابەن و بە موسوڵمان هەژمار ناکرێن، دوای ئەوەش کە جەنابت داوەریاندەکەیت و حوکمەکەدەردەکەیت، دەبێ تەسلیم بە حوکمەکەت ببن و بێچەندچوون وەریبگرن، ئەگەر لە بەرامبەر حوکمەکەتدا گرێوگۆڵێک لە دڵیاند بمێنێت، بە موسوڵمان حسێب ناکرێن.. ئەم حوکمە دەسەڵاتداران و خەڵکەکەش دەگرێتەوە، هەر لایەکیان تەسلیم بە حوکمی شەرع نەبن، کافردەبن. هەر لایەکیان بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی و کیشەو راجوێیی نێوانیان نەگەڕێنەوە سەرشەرع، کافردەبن. حوکمی شەرع بکەوێت بەسەر هەر لایەکیانداو پێی رازینەبێت، کافردەبێت. دەقەکە ڕۆشنە، ئاشکراو راشکاوو بنبڕانە حوکمی کافربوونی هەموو ئەو کەسانە دەدات کە نایانەوێت شەرعی خوای گەورە ببێتە دەسەڵاتداری حوکمڕانیی و یاسادارِشتن و داوەرییبردنەلای.

ئەمە کێشەی سەرەکی ئەم دینەیە. هەر وەکو کە کێشەیەکی سەرەکیی دیدە عەقائیدییەکەیە. ئەم داب و نەریت و یاساو ڕێساو دەستوورانەی حوکمی خەڵکیان پێدەکرێت هەمووی چەواشەکاریی و فێڵبازیی موشریکەکانە، کە ئاوا لای شوێنکەوتەکانی خۆیان و ساویلکەیتر جوانیانکردوون و بە ڕاست و دروست و ڕەوا ناساندویانن. ئەوە ئەوانن کە بۆ گەیشتنە مەرامی خۆیان خەڵکەکەو بەرژەوەندیی و مافیان پێشێلدەکەن و دینەکەیان لێدەگۆڕن. گۆڕینی دین و تەدمیرکردنی ژیان بەیەکترەوە بەندن. چونکە کە دینەکەیان لە خەڵکەکە شاردەوە، یان تێکدا، ئیتر ماف و ئەرک و دەسەڵاتەکان تێکەڵدەبن و کەس نازانێت سنووری مافی خۆی کامەیە، کە خوای گەورە بۆی دیاریکردووە، لەمەشەوە بەوە ڕازیدەبێت کە طاغووتان پشکێکی بۆ هەڵدەدەن!! (لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ) الانعام/١٣٧؛ تا سەریان لێ بشێوێنن و تەێگەیشتنی دینەکەیان لێ تێکەڵوپێکەڵ بکەن، تا گومڕابن! کە دینەکە لای خەڵکی ڕۆشنبێت، شارەزای ئەحکامەنی دەبن، ئەو کاتە ئاسان چەواشەناکرێن و مافیان ناخورێت، چونکە دینی خوا ئاسان و ڕۆشنە، بەڵام یاساو ڕێسای جاهیلییەت ئەوەندە تێکەڵوپێکەڵ و زۆرو هەمەجۆرە، سەرلێدەرکردنی زەحمەتەو ئاسان لیێ کەم و زیاد دەکرێت، یان بە پێی حەزو هەواوهەوەس و بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران لێکدەدرێتەوە. نێوان ئیسلام و جاهیلییەت مەودایەکی زۆرەو جیاوازی نێوانیان زۆرو هەمەجۆرە. ئیسلام (مەنهەج) ێکی خواییە، بۆ ئەوە هاتووە خوایەتیی خوای گەورە لەسەر زەمیندا بچەسپێت و هەموو مرۆڤ ئەرکی عەبدێتیی خۆیان بۆ خوای کردگارو پەرستراوو دەسەڵاتدار دەربڕن و یاخیینەبن. ئیسلام ئەم مەبەستە دنیاییەی لە قاڵبێکی واقیعیدا دادەڕێژێت، لە کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتییدا دەیهێنێتەدیی، کە عەبدێتییان بۆ کەس تێدا نەماوەو لە هەموو دەسەڵات و هێزو کاریگەرییەک قوتاربوون و بوون بە عەبدی خواو بەس. غەیری شەریعەتی خوای گەورە حوکمیاننناکات. شەریعەتی خوای

گەورەش دەسەڵاتدارێتیی خوای خاوەنیانە، نەک هێزو بازووی حاکم.. بە مانایەکیتر هەموو عەبدی خوان و خواش بە خوایەتیی خۆی ژیانیان رێکدەخات، بۆیە مافی خوای گەورەیە کە عەبدەکانی ئازادبکرێن و ناخیان ئازادبکرێت و لە هێزی ئەفسانەو وەهم و خەیاڵبافیی قوتاربن، لە کۆت و زنجیری داب و نەریتی ناپەسەند رزگاربن، لە چەوسانەوەو ژێردەستەیی دەسەڵاتدارانی ستەمکار رزگاربن و سیستمی چەوسانەوەی دەوڵەتانیان لەسەر نەمێنێت، یان نەخرێنە ژێر بارودۆخی قورسی ئابووریی و داراییەوە، تا تەنازولیان لە سەربەست و ئازادییان پێبکرێت.. ئەمانە مای خۆیانە ئازادبن، ئازادی سەرەکییش وا بە عەبدێتیی خوای گەورەوە. کەسێک کە دەبێتە عەبدی خواو بەس، هەستدەکات ئازادیی بەدەستهێناوە. ئیسلام بەم ئیعتیبارەیەتی کە بانگەوازێکی جیهانیانەیە بۆ رزگارکردنی مرۆڤ، هەموو مرۆڤ.. ئیسلام مەنهەجی دەوڵەتێکی ناوچەیی نییە، خۆ لە ناوچەیەکدا گیردات و حەقی بەسەر مرۆڤایەتیەوە نەبێت و لێگەڕێت دەسەڵاتداران ئوممەتان بکەنە عەبدی خۆیان و جۆرەها فێڵکاریی و چەواشەکاریی و چەوسانەوەیان بخەنە سەرڕێ. نا ئیسلام دەیەوێت دەوڵەتەکەی خۆی لە واقیعێکی ژیانی کۆمەڵگەیەکدا پچەسپێنێت و تا بتوانێت مرۆڤ ئازاد بکات و بیهێنێتە ژێر سایەی خۆیەوە. لەژێر سایەی حوکمی ئیسلامدا حاکم و خەڵکی جیاوازییان نییە، شەریعەتی خواش هەموو خەڵکی دەگرێتەوە: نزیک و دوور، دەوڵەمەندو هەژار، رەش و سپی، لە هەر شوێنێکی دەسەڵاتەکەدا بن مافیان مسۆگەرەو یەک شەرع حوکمی هەموویان دەکات.

ئەمما لە ژێر سایەی دەوڵەتانی بەشەریدا ئەوە خەڵکی عەبدی خەڵکانێکی کاربەدەستن. چونکە داب و نەریت و یاساو رێساو دەستووریان لەو دەسەڵاتدارانەی دەوڵەتەکەوە وەرگرتووە، ئەوان هەمووماف و ئەرک و دەسەڵاتێکیان دیاریکردووە، ئەوان لەوان بوون بە خوا، هەرکەسێک لافی ئەو مافە لێبدات کە بۆی هەیە یاسا بۆ

خەڵکی دابڕێژێت، ئەوە خوایەتیی خۆی بۆ ڕاگەیاندووە، ماف و کارو دەسەڵاتی خوایەتیی خۆیی پێگەیاندووە. جا بە قسە ڕایگەیاندبێت یان نا، هەر کەسێکیش ئیعتراف بەو ماف و کارو دەسەڵاتە بکات و بە ئەحکامەکانی ڕازیبێت، ئەوە بۆتە عەبدی و مافی خوایەتییەکەی بۆ سەلماندووەو جەسپاندووە. جا ناوی نابێت عەبدێتیی و خوایەتیی یان ناویتری لێنابێت. ئەگەر ناوی غەیری عەبدو خوایان لێبنرێت، ناونانەکە لێرەدا سیفەتی ڕۆڵی هیچ لایەکیان ناگۆڕێت، ئەم سەرزەمینە بە یاساو ڕێساو ڕێکخستن چاک نابێت، بەڵکو بە چاودێری زاتیی تاکوکۆ، کە دەبێت پاڵنەری ویژدانیی جێبەجێکردنی یاساو دەستوورەکە، ئەم چاودێرە زاتییەی ناخ، تەقوایە. ئەم تەقوایەش کاتێک ڕۆڵی چاودێری زاتیی خۆی دەبینێت کە دڵ و دەروون و هزرو هۆش لەو باوەڕەدابن کە ئەم یاساو ڕێساو دەستوورە پیرۆزەو لە دەسەڵاتداریتیی بەتواناو بەئاگاو چاودێری باڵاوە هاتووە، کە شارەزای هەست و نەست و ختورەتی دڵەکانیشە. لەم حاڵەتەدا کە تاکی ئیماندار وا لە ژێر چاودێرییەکی ناخی خۆی، کە تەقواکەیە، لە هزریشیدا وا لە ژێر چاودێری خوای گەورەو کردگارو خاوەن و زاناو بەئاگاو چاودێری زیندوودا. بە تەئکید سەرپێچی یاساو ڕێساو دەستوورەکە ناکات، چونکە دەزانێت خیانەتە لە خوای گەورە، گوناح و تاوان و سەرپێچیی پێچەوانەی ویست و ئیرادەی خوای گەورەن، پێچەوانەی شەریعەتەکەیین. خوای گەورەش چاوی لێیەتی و ئاگای لە سەر پێچییەکەیە. نییەت و ڕەفتارەکەی لەسەر تۆماردەکات و موحاسەبەشی دەکات لەسەری. ئەم کەسە خاوەن تەقوایە هەر کە ئەوەی بەبیرداهات کە خوای گەورە دەیبینێت، شەرمدەیگرێت کە بیەوێت پێچەوانەی شەرع ڕەفتاربکات، کە یاساو ڕێساو دەستووری دەوڵەتە ئیسلامییەکەیەتی، لەشی دەلەرزێت و دەکەوێتە دڵەڕاوکێ و جورئەتی گوناحکاریی زۆت کەمدەبێتەوە..

خوای گەورە شارەزای عەبدەکانێتی، سروشتیان دەزانێت چۆنە، پێکهاتەی جەستەیی و دەروونیانی خەلقکردووە، دەشزانێت چ برگەیاسایەک گونجاوە لەگەڵیانداو چی سازاوی ژیانیانە؟ چی ئاواتیان دێنێتەدیی و پارسەنگ رایاندەگرێت؟ شەریعەتەکەش یاساو رێساو دەستووری خۆیەتی، بەرنامەو سیستمێکە هەر خۆی بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ دایڕشتووە، دەزانێت دڵەکان کە تەقواکاریی ئاوەدانیان دەکاتەوە زۆرتر رێزی شەریعەتەکەیان لا دەبێ، زیاتر پێوەی پابەنددەبن، کەمتر سەرپێچی تێدادەکەن. خوای گەورە بە زانستی بێسنووری خۆی دەیزانی کە مومکین نییە ملکەچیی و گوێڕایەڵیی و رێز بۆ شەریعەتێک دەربببڕێت ئەگە پێشتر (ئیمان) دڵەکەی بۆ خوا نەسوڵحاندبێت. کەسێک رەفتارەکانی خۆی بە شەرعەوە پابەنددەکات، کە پێشتر دڵی پابەندی تەقواکاریی کردووە، ئاوا هزری پڕ قەناعەت و دڵی پڕ حەقیقەتە عەقائیدییەکان کەسەکەیان ئامادەی ئەوە کردووە کە بە پێی شەریعەتی خوای گەورە رەفتاربکات و بە ئەحکامەکانییەوە پابەند بێت.. لەم روانگەشەوەیە دەبینرێت کە رێزگرتن و پابەندبوون بە یاساو جێبەجێکردنی چەندی دەزگای پۆلیس و ئاسایش و چاودێری یاسایی و ئیداری و میدیایی و شەعبی دەوێت!! چەند پێویستی بە سزاو زیندان و توندوتیژیی قورس هەیە. چونکە هیچ کام لەم کەس و دەزگاو چاودێرانە ئاگاداری دڵ و دەروون و نەخشەوانی هزر نین و لە کەسەکە غافڵن. کاتێک هۆشیان دەخەنە سەر کە رەفتارە پێچەوانەکەی کردووە! ئەو کاتە سزایدەدەن تا نەیکاتەوە! ئەمەش بێگومان هەردوو لایەن (تاوانکارو چاودێر) دەکاتە سەر بەدگومانیی و نواندنی رەفتاری زبرو دژایەتییکردنی یەکتری.

سەرکەوتنی سیستمی ئیسلام لەوەدایە کە پێش چاودێریی پۆلیس و دەزگاکان، لە ناخی تاکی موسوڵماندا چاودێرە زاتیەکە (ئیمان و تەقوا) ی چەسپاندووە، کە ئاراستەوانی خێرخوازین..

باسی سێیەم

حاکمێتیی مافی خوای گەورەیەو بەس: ل ١٨٧/٢

(لا حاكم الا الله)

ئەم دینە حەقیقەتێکی جەوهەریی هەیە کە بەبێ ئەو، دینەکە وجوودی نابێت، ئەویش بریتییە لە ملکەچیی و گوێڕایەڵییکردن بۆ شەریعەتەکەی و شوێنکەوتنی سەرڕاستانەی پێغەمبەری خوا صلى الله على وسلم و داوەرییبردنەوە لای ئەحکامەکانی قورئان و سونەت، بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی و چارەسەری کێشەکانی ناو خەڵکی. ئەم حەقیقەتە یەکێکە لە حەقیقەتە عەقائیدییەکانی ئەو تەوحیدەی ئیسلام هێناویتی. حەقیقەتێکە لە حەقیقەتەکانی خوایەتیی خوای گەورە، کە بە تەنها ئەو مافی ئەوەی هەیە بپەرسترێت و مرۆڤ بۆی ببێتە عەبدی گوێڕایەڵ و ملکەچ و شوێنکەوتووی فەرمانەکانی. حەقیقەتی خوایەتییەکە ئەوەیە کە هەر ئەو مافی پەرستنی لەسەر مرۆڤە عەبدەکانی هەیە، بە هەمان شێوە هەر ئەو مافی ئەوەی هەیە شەریعەت و ئەحکامیان بۆ دیاریبکات، تا عەبدەکانی حوکمی خۆیانی پێبکەن و چارەسەری کێشەکانی خۆیانی پێبکەن و تەسلیم بە بڕیارەکانی ببن.

تەوحید: ناسینی خوای گەورەیە، بەو سیفەتانەی کە تاکوتەنهاو بێوێنەیە تێیاندا. لەوانەش حاکمێتییە کە ماف و سیفەتی تایبەتی و بێوێنەی خۆیەتی، کە لە چەسپاندنی شەریعەتەکەیدا لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێت. هەر وەکو کە خوای گەورە دەسەڵاتداری بێوێنەو تاکە، بەسەر هەموو گەردوون و ژیاندا، مرۆڤیش _کە بەشێکە لەم گەردوون و ژیانە_ خوای گەورە ڕێسای ڕێکخستنی ژیانی تاکوکۆی بۆ

داناون و دەبێ وەکو عەبدی ئەو ملکەچ و گوێڕایەڵی بن. ئەمەش لە وەرگرتنی دینەکەی و پێوەپابەندبوون راپەڕاندن و حوکمپێکردن و داوەرییبردنەوەلای دەبێت.

خوای گەورە هیچ شتێکی لە ژیانی مرۆڤدا بە لێڵ و ئاڵۆزیی نەهێشتۆتەوە. حوکمی هیچ رەفتارێکی تاکوکۆی مرۆڤی ئیهمال نەکردووە، تا خەڵکی موحتاج بن بچن لە سەرچاوەیتری غەیری وەحی خواییەوە وەریبگردن. خوای گەورە شەریعەتێکی نایاب و گشتگیرو تایبەتی بۆ ئوممەتەکە ناردووە، کە چارەسەری هەموو جۆرە کێشەیەکی نێوان مرۆڤەکانی بە تەفسیل تێدایە: (چما دەخوازن من غەیری خوای گەورە بە حاکم و داوەر دابنێم، ئەو کە ئەم قورئانەی بەو هەموو تەفسیلاتەوە ناردۆتەخوارەوە؟) الانعام/١١٤؛ چما دەخوازن من غەیری خوای گەورە بە حاکم و داوەر دابنێم، ئەو کە ئەم قورئانەی بەو هەموو تەفسیلاتەوە ناردۆتەخوارەوە؟ ئیتر دوای ئەم تەفسیلاتە مرۆڤ پێویستی بە سەرچاوەیتری یاسایی دەبێت؟ خوای زاناو دانا بفەرموێت حوکمی هەموو شتێکم بۆ بەیانکردوون، ئیتر دەشێت کەسێک یان کەسانێک بڵێن پێویستمان بە سەرچاوەیتری مرۆڤە، تا یاساو رێساو دەستووری لێوە وەرگرین؟! (چما دەخوازن من غەیری خوای گەورە بە حاکم و داوەر دابنێم، ئەو کە ئەم قورئانەی بەو هەموو تەفسیلاتەوە ناردۆتەخوارەوە؟) ئەمە پرسیارێکی نکووڵیکردنانەیە، کە لەسەر زمانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەیگێڕێتەوە، نکووڵیکردنە لە وەی کە چۆن ئێوە دەخوازن حاکم و داوەرێکیتری غەیری خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتدار دیاریبکەم حوکمبکات، یان داوەرییمانبکات؟! بە مانایەکیتر ئیعترافکردن و بڕیاردانە لەسەر حاکمێتیی خوای گەورە، لە هەموو رەفتارێکدا هەر وەکو کە ئیعترافکردنیشە بە تاکوتەنهایی خوای گەورە لەم سیفەتی حاکمێتییەشیدا. بە واتایەکیتریش دەفەرموێ: ئەم حاکمێتییە رەهایەی خوای گەورە لە هەموو شتێکدا بەڵگەنەویستێکی نەگۆڕەو قابیلی قسە لەسەرکردن نییەو ناشێت

موناقەشەی بکرێت. هەر وەکو کە نەفییکردنی حاکمێتیی غەیری خوای گەورەو نکووڵیکردنیشە لە حاکم و داوەردانان بە غەیری خوای باڵادەست.

خوای گەورە ئەم قورئانەی ناردۆتەخوارەوە تا داوەریی خەڵکی پێ بکرێت و کێشە ناکۆکیەکانی نێوانیانی پێ یەکلابکرێتەوەو حەقی پێ بگێڕرێتەوە بۆ شوێنی خۆی. ئەم قورئانەی کرددووە بە دەستووری حوکمڕانیی و داوەریی، تا حاکمێتیی و خوایەتیی خوای گەورەی پێ بسەلمێنرێت و پێی بچەسپێنرێت. ئەم پەیامەی بۆیە بە تەفسیل ناردۆتەخوارەوە تا رێسا سەرەکییەکانی حوکمڕانیی و داوەریی خەڵکی _کە دەبێت بە شەرع و حوکمی خوای گەورە بن_ پێ دیاریبکرێت، تا چارەسەرە گشتیەکان لەبەردەستدابن. هەروەها ئەحکامی تەفسیلاتی بنەما سەرەکیەکانی رەفتاری تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەت، لە بوارەکانی سیاسەت و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و ئاشتیی و جەنگ و..هتد. لەم روانگەوەیە کە موسوڵمان پێویستی بە سەرچاوەیەکیتری یاساو دەستوور نییە. ئەمما ئەو کەسەی کە دەڵێت مەرج نییە پێداویستیی هەموو نەوەکانی مرۆڤایەتی لە قۆناغێکی مێژوودا لا بێت، ئەوە قسەی ئەوی نەزانە، کە پەی بە رێسا سەرەکییە تەفسیلاتەکانی ئەم دینە نابات، جا با بۆ خۆی هەر بڵێت، ئەو کەسە بێگومان بەو قسەیە (نعوذ بالله) کافربووە. چونکە خوای پەروەردگاری جیهانیانی بەدرۆخستۆتەوە. ئاوا دەردەکەوێت کە کێشەکانی حاکمێتیی (لە یاسادارِشتن و حوکمڕانیی و داوەرییدا) کێشەی عەقیدەن: (يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قَالُوا آمَنَّا بِأَفْوَاهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ)المائدة/٤١ ئەی نێرراوەکەی خوا خەفەت لەوانە مەخۆ کە پەلەیانە بۆ کافربوون! ئەوانەی کە سەرزارەکی دەڵێن باوەڕمانهێناوە، بەڵام دڵیان هیچ ئاسەوارێکی باوەڕی لەخۆنەگرتووە، بۆیە وا پەلەیانە بۆ کافربوون! خەم لەوانە مەخۆ..

ئاوا کێشەی حاکمێتیی و پێکهاتەی عەقیدەکەو جۆرەکانی تەوحید زیاتر ڕووندەبێتەوە. یەک خوا هەیە، خاوەنەو دەسەڵاتدارە. کەوابوو هەر دەبێت حاکمێتییش تەنها لە دەست ئەودا بێت. حاکمێتیی واتە یاسادارِشتن و حوکمدان و بڕیاردەرکردن و ئیدارەو بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی خەڵکی. هەروەها چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوانیان. ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە دەبێت هەروەکو کە خوای گەورە یەکە، کردگارەو خاوەنەو دەسەڵاتدارە، دەبێ هەر خۆشی حاکم بێت و تەنها شەریعەتەکەی ئەویش بکرێتە یاساو رێساو دەستوورو کێشەی پێ چارەسەربکرێت. کەوابوو ملکەچیی و گوێڕایەڵییش کە هەر بۆ ئەو خوا تاک و بێوێنەیەیە، دەبێ شەریعەتەکەشی بکرێتە دەستوور، ئەوەش نیشانەیەکی تری موسوڵمانبوونە، ئەوە باوەڕهێنانە بە تەوحیدەکەو وەرگرتنێتی. پێچەوانەی ئەمەش گوناح و تاوان و سەرپێچییە. حوکم بە غەیری بەرنامەی خوای گەورە شیرک و کوفرو جاهیلییەتە، کافربوون و زاڵمبوون و فاسقبوونە. ئەوە ئەو دینەیە کە خوای گەورە بەڵێن و پەیمان و بەیعەتی لە عەبدەکانی خۆی وەرگرتووە لەسەری کە دەبێ وەریبگرن و بیچەسپێنن، پێغەمبەرانیشی سەلامی خوایان لێ بێت بۆ ئەوە ناردووە، کە ئاوا تەوحیدو دینەکەی لە خەڵکی بگەیێنن و خۆشیان و ئوممەتە موسوڵمانەکەشیان بەرپرسن لە وەرگرتن و دینداربوون پێی و چەسپاندنی، لە هەموو بوارەکانی یاسادارِشتن و حوکمڕانیی و داوەریدا. کەوابوو هەر دەبێت دینەکەی خوا دەسەڵاتدارو سەروەرو فەرمانڕەوا بێت.

حاکمێتیی دینەکە، واتە چەسپاندنی حاکمێتیی خوای گەورەو نیشاندانی دەسەڵاتدارێتیی و خوایەتیی تاک و تەنهایی خوای گەورە، واتە هێنانەدی (لا اله الا الله) لە واقیعی ژیانی مرۆڤایەتییدا.

ئەم حەتمێتییە: حەتمێتی پەیوەندی نێوان (دینی خوا) و (حوکمکردن بە پەیامی خوا) هەر لەوەوە نایات کە مادام خوای گەورە کردگارو خاوەن و دەسەڵاتداری بێسنوورە، زاناو داناو بە توانایە، کەوابوو دینەکەشی حەتمەن تەواو گشتگیرو راست و رەوایەو باشترو شیاوترە، لە هەموو ئەو دید و تێڕوانین و یاساو رێساو دەستوورو ئەحکامانەی مرۆڤ بۆ ژیانی خۆیانیان دارِشتووە. ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەو حەتمێتییە، بەڵام نە هۆکاری یەکەمەو نە سەرەکییە. هۆکاری یەکەم و سەرەکیی، رێسای یەکەم و بنەمای سەرەکیی ئەم حەتمییە ئەوەیە کە ئیعترافکردن بە حاکمێتیی و سەروەرێتیی شەرع، ئیعترافکردنە بە خوایەتیی خوای گەورەو نکووڵیکردن و نەفییکردنی خوایەتیی غەیری خوای گەورەیە، لە پەرستن و حاکمێتییدا. ئەمەشە مانا زمانەوانییەکەی (ئیسلام)، کە بریتیە لە (الاستلام) واتە خۆتەسلیمکردن. هەروەها ئەوەیە ئیسلام بە مانا زاراوەکەشی کە هەموو دینەکان جەختیان لێ کردۆتەوە، کە بریتییە لە موسوڵمانبوون، واتە دەربڕینی رازیبوون بە خوای گەورەو قبووڵکردنی خوایەتیی خوای گەورەو تەبەڕابوون و تەبەڕاکردن لە لافلێدانی خوایەتیی چ بۆ خۆی و چ بۆ کەسان و شتیتری غەیری خوای گەروە. هەروەها تەبەڕابوون و تەبەڕاکردنە لە حاکمێتیی غەیری خوای گەورەو ئیعترافکردنە بە حەقیانەتی شەریعەت و حوکمکردن و داوەرییپێکردنی. ئەمەش یەعنی راگەیاندنی ئاشکراو راشکاوو بنبڕی عەبدێتیی بۆ خوای کردگارو خاوەن و دەسەڵاتدار، بۆ خوای پەرستراوو فەرمانڕەوا.

ئەوانەی حاکمێتیی خوایان قبووڵ نییە، کافرن[1]:

ناشێت کەسێک شەریعەتەکەی خوای گەورە وەرگرێت و بڵێ هی خۆمە! یان بڕگەیەکی وەرگرێت و بە خەڵکی بڵێ لە بۆچوونی خۆمەوە هێناومە، با لە سەداسەدیش حەق بێت و گومان لەوەدا نەمێنێت کە لە شەرعی خواوە هاتووە. تەنانەت لە ئیسلام دا ئەم رەفتارەش لەکەس قبووڵناکرێت چجای دارشتنی یاساو رێساو دەستووری وەکو شەریعەتی ئیسلام کە نیشە. ئەوەشیان قبووڵنییە، چجای لابردنی شەریعەتی خوای گەورەو هێنانی یاساو رێ و دەستووری مرۆڤین. ئەمانە هەمووی کوفرو رەفتاری کافربوونن[2].

حاکمێتیی (یاسادانان و حوکمڕانیی و داوەریی) مافی خوایەو ئەرکی مرۆڤایەتییە وەریبگرێت و فەرزە لەسەر موسوڵمانان ڕایگەیێنن و دایبمەزرێنن. رۆشن و ئاشکراو راشکاو دەبێت بە ناوی حاکمێتیی خواوە بێت، تا خوایەتیی خوای گەورەی پێ بسەلمێت و بچەسپێت. تا ئیعتراف بە ماف و دەسەڵاتدارێتیی خوای گەورەو سەروەرێتیی شەریعەتەکەی بکرێت. دەبێ ئەمە خالیس و موخلیسانە بۆ خوای گەورە بێت، تا خەڵکی لە عەبدێتیی مرۆڤپەرستی قوتاربن و بێنەوە سەر عەبدێتیی خوای گەورە،

---

١ زیاتر لە (٥٠٠) ئایەت لەسەر حاکمێتییە، (٧٦) ئایەتیان لەسەر حوکمڕانییەکەیە. ئەمە جگە لە (٣٠٠٠) فەرمودە!

٢ لابردنی شەریعەت و حوکم پێنەکردن و پەکخستنی حوکمی شەرع هۆکارێکی کافربوونە. هێنانی یاساو رێساو دەستووری ناشەرعیی لە شوێنی حوکمە شەرعییەکە هۆکارێکیتری کافربوونە، چەسپاندنی یاساو دەستوورە کوفرینەکەش هۆکارێکیتری کافربوونە. کەوابوو زۆر لە طاغووتانی سەردەم بە هەر سێ هۆکارەکە (کە پێیان دەوترێت: مناط الحکم) کافرن، با ناویشیان موسوڵمانانە بێت، یان لافی موسوڵمانێتی لێبدەن!.

ئەوەش لە ئیعتیرافکردن بە حاکمێتیی خوای گەورەو چەسپاندنی شەرعەکەی لە سەر زەوی دەبێت و بەس.

ئەو حوکمە خواییە بنبڕە لەم حەتمێتییەی حاکمێتیی خواوە دێت کە هەر کەسێک بەوە حوکمنەکات کە خوای گەورە ناردویەتییە خوارەوە، کافرە. ستەمکارە. فاسقە. (هەر سێ سیفەتەکەی تێدایە، نەک ئەمە سێ سیفەتی سێ جۆر حاکمی ناشەرعیی بن!)

_ (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ)المائدة/٤٤؛ هەرکەسێک حوکمڕانیی بەوە نەکات کە خوای گەورە ناردوێتییەخوارەوە، ئەوانە کافرن.

_ (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ)المائده ٤٥؛ هەرکەسێک حوکمڕانیی بەوە نەکات کە خوای گەورە ناردوێتییەخوارەوە، ئەوانە ستەمکارن.

_ (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ)المائده ٤٧؛ هەرکەسێک حوکمڕانیی بەوە نەکات کە خوای گەورە ناردوێتییەخوارەوە، ئەوانە لە ڕێبازی خوای گەورە لایان داوە.

ئەم حوکمە ڕۆشنەی بە کافردانانی ئەو کەسانەی کە بە شەریعەتی خوای گەورە حوکمناکەن و یاساو ڕێساو دەستووری کوفر دەچەسپێنن و داوەریی نابەنەوە لای شەرعی خوای گەورە، لەبەر ئەوەیە کە خوایەتیی خوایان پێرەفزە. ئەوەیان قبووڵنییە کە حاکمێتیی (یاسادانان و حوکمڕانیی و دادوەریی بردنەلا) مافی خوای گەورە بێت. ئەم قبووڵنەکردن و ڕەفزکردنەیان مەرج نییە بە قسەو ڕاگەیاندنی هەڵوێستی ڕەسمییان بێت، نا، ئەمە بە کردەوە سەلماندویانەو لە واقیعدا نیشانیانداوە. زمانی حاڵ و وێنەی روداو بەهێزترو rۆشن و ڕاشکاوانەترە لە بڕیاری قسەو گوزارشت. خوای

گەورەش کە بە سیفەتەکانی (کافرو زاڵم و فاسق) وەسفیاندەکات، لەبەر ئەم ڕەفزکردنەوەی حاکمێتییەی خوای گەورەیە، کە ڕەفزکردنی خوایەتیی خوای گەورەیەو زەوتکردنی ماف و دەسەڵاتی خوایەتییە، تا یاساو ڕێسادارشتن و حوکمڕانیی و داوەریکردنیان _بە یاسا کوفرینەکانیان_ بشەرعێنن، تا خەرمانەیەکی پیرۆزیان بەدەوردا بنەخشێنن. بەڵام خوای گەورە چەواشەکارییەکەیان فەزحدەکات و حوکمی کافربوون و زاڵمبوون و فاسقبوونیان بەسەردا دەدات. ئەمە ئەو کێشە دژوارو گرنگ و کاریگەرەیە کە قورئانی پیرۆز ڕوونیدەکاتەوەو بە چەندەها دەقی پاکی خۆی حەقیقەتەکە نیشاندەدات و دەشیکاتە دیدو هەڵوێستێکی چارەنوسسازی دنیاو قیامەت. دەیکاتە پێناسەی (ئیمانداریێتیی) و مەرجی (موسوڵمانێتیی). هەر کەس ئەم حاکمێتییەی خوای گەورەی بە هەرسێ وەزیفەکەیەوە (یاسادانان و حوکمڕانیی و داوەریکردن) پێ قبووڵنەبێت، نەک هەر حوکم و دەسەڵاتەکەی بەڵکو (وجوود) یشی شەرعیی نییەو کافرێکی شەڕانییە، چونکە مافی خوایەتیی بۆ خۆی پچڕپوەو حاکمێتیی زەوتکردووە.

ئەمە کێشەیەکی چارەنووسسازی دنیاو قیامەتە، بۆ دەسەڵاتداران و بۆ دانیشتوان وەکو یەکە. هۆکاری ئەم حوکمە خواییە بنبڕو ڕاشکاوە حوکمنەکردنە (بە مانا گشتگیرەکەی حاکمێتیی) بەوەی خوای گەورە ناردوێتییەخوارەوە. دەسسەڵاتداران دەبێت قبووڵیان بێت و بیسەلمێنن و بیچەسپێنن. دانیشتوانە حوکمکراوەکانیش دەبێت قبووڵیانبێت و _بە چەسپاندنی لەناوخۆیاندا_ بیسەلمێنن. هیچ لایەکیشییان (دەسەڵاتداران و گەل) بۆیان نییە بە حاکمێتیی خوای گەورە ڕازیینەبن و (بەدیل)یتر بهێنێتە سەرکار.

ئەم کێشەیە هەتا بیری لێبکرێتەوەو بناسێنرێت دژوارێتی و کاریگەرێتی و گرنگی زیاتری دەردەکەوێت. چونکە ئەمە دیدو هەڵوێستی چارەنووساز دەخوازێت. ئەو تەئکیدلێکردنەوە زۆرو توندو سەختەی قورئان لەم کێشەیە، دیارە کە لەبەر کاریگەرێتییەتی لە دنیاو قیامەتدا.

قورئان ئەم کێشەی حاکمێتییەی زۆر دژوارو کاریگەرو گرنگ گرتووەو چارەنووسساز ناساندوێتی، حەتمەن لەبەر چەندین هۆیەکە، ئەوانیش دژوارو کاریگەرو گرنگن. داخۆ ئەو هۆکارانە چی بن کە ئەم دیدو هەڵوێستە چارەنوسسازەیان پێوە بەستراوەتەوە؟ کاتێک سەرنجی دەقە قورئانییەکان دەدەین، دەبینین دەیان هۆکاری راستەوخۆو لاوەکی هەن کە ئەو هاوکێشەیە روونەکەنەوە.

یەکەمین هۆی گرنگی ئەم حاکمێتییە: ئیعترافکردن و تەسلیمبوونە بە خوایەتی خوای گەورەو بە پەروەردگارێتی و دەسەڵاتدارێتی و مافی رەفتارو بڕیارو ئیدارەی ژیانی تاکوکۆی مرۆڤایەتی، کە دەبێت مافی خوای تاکوتەنها بن و بەس. نابێت هیچ مەخلووقێک هاوبەشی ئەم مافە بکرێت، بە هیچ شێوەو لە هیچ حاڵەت و بە هیچ بڕو رادەیەک.. یان قبووڵکردنی یان رەفزکردنی. لێرەوەیە کە کێشەکە کێشەی (کافربوون) و (موسوڵمانبوون) ە، مانەوەیە لەسەر (جاهیلییەت)، یان وەرگرتنی (ئیسلام)ەکە. قورئانیش هەموو جەختکردنەوەکەی لە ئەسڵ و لق و چڵەکانی ئەم کێشە عەقائیدییەیە.

_ خوای گەورە خاوەنە. خاوەنی هەموو (وجوود)ە. چونکە خۆی هەموو گەردوون و ژیان و مرۆڤەکانی خەلقکردووە. کەوابوو هەر خۆشی خاوەنیانە. هەرچی و هەرکێ لە ئاسمانەکان و زەویدان موڵکی خوای کردگارن. هیچ مەخلووقێک هاوبەشی ئەم

سیفەتی (خاوەنێتی)یەی خوای تاکوپاک نییە. نە خاوەنی شتی کەم و گچکەن، نە خاوەنی زۆرو گەورەن، نە هاوبەشی خاوەنێتییشیانن.

_ خوای گەورە کردگارە. ئەم گەردونەی خەلقکردووە. هەر ئەویش ئەم مرۆڤەی خەلقکردووە. سیستمی بزاوت و سرەوتی ئەم گەردوونەی وا رێکخستووە لە خزمەتی ئەم مرۆڤەدا بن. خوای گەورە تاکەو لەم کردگارێتییەیدا بێوێنەیە. هاوبەشی نییە، نە لە خەلقکردنی کەم و بچوکەکاندا، نە لە خەلقکردنی زۆرو گەورەکاندا.

_ خوای گەورە خاوەن دەسەڵاتی باڵای (وجوود) ە. خۆی تاکە لە رەفتارکردنیدا لە گەردوون و ژیان و مرۆڤدا، بەو سیفەتەی کە کردگارو خاوەن و رۆزیدەرە. مافی ئەم رەفتارکردنە ئازادانەی هەیە. مادام خوای گەورە تاکە لە توانایی و زانایی و داناییدا، رۆزیدان و گەیاندنی سوودو زیان لەدەست ئەودایە، ژیاندن و مراندن رەفتاری ئەون و هیچ کەسێک لە مەخلووقات هاوبەشی هیچ بەشێک لەم رەفتارانەی بە هیچ شێوەیەک و بە هیچ بڕو رادەیەک ناکات، کەوابوو هیچ مەخلووقێک شیاوی ئەوە نییە ئیدارەی بەشێک لەم (وجوود)ەی پێ بسپێرێت.

_ خوای گەورە رۆزیدەرە. هیچ مەخلووقێک رۆزی خۆشی بەدەست خۆی نییە. نە خۆی خەلقیکردووەو نە خۆشی بە نسیب خۆیی کردووە. خوای تاکوپاک کردگارو خاوەن و رۆزیدەری هەموو زیندەوەرانێتی. هیچ کەسێک رۆزیینادات نە کەم و نە زۆر.

باوەڕهێنان بە خوای تاکوپاک لە تەوحیدی ئیسلامدا ئیعترافکردنە بەم سیفەت و تایبەتمەندێتییانەی خوای گەورە: خوایەتیی، خاوەنێتیی، دەسەڵاتدارێتیی، کارگێڕیی گەردوون و ژیان و مرۆڤ. خوای گەورە لەهەر یەکێک لەم سیفەتانەو غەیری ئەمانەشیدا تاکو بێوێنەیەو هیچ هاوبەشێکی لە هیچ رەفتارێکدا بە هیچ شێوەو رادەو بڕێک نییە، ئەمە (ئیمان)ە. (ئیسلام) یش: تەسلیمبوونە بە خوای تاکو بێوێنەو

گوێڕایەڵییکردن و ملکەچکردنە بۆ فەرمانەکانی. چونکە خوای گەورە تاکو بێوێنەو بێهاوبەشە لە کردگارێتیی و خاوەنێتیی و دەسەڵاتدارێتیی و ئیدارەی (وجوود)دا. لەو وجوودەش: ژیانی مرۆڤایەتییە، کە تەنها خوای گەورە مافی ئیدارەو ئاڕاستەکردنی تاکوکۆی مرۆڤایەتییەکەی هەیە. ئەو کەسانەی (ئیمان) دەهێنن و (ئیسلام) قبووڵدەکەن دەبێت ئیعتراف بە دەسەڵاتدارێتیی باڵای خواو ئیدارەو کارگێڕییەکەی بکەن، کە بەشێکی بریتییە لە (حاکمێتیی) خوای گەورە، کە لەسەروەرێتیی دینەکەیدا دەردەکەوێت. سەروەرێتیی یەعنی هیچ هێزو یاساو دەستوورێک باڵاتر لەو نییە. یەعنی یاسادانان و حوکمڕانیی و داوەرییکردنی نێوان خەڵکی بە ئاڕاستەو بڕیارو ئەحکامەکانی شەرع دەبێت، کە سەروەرێتییەکەی لە خوایەتیی خواوە هاتووە. قبووڵکردن و پابەندبوون و جێبەجێکردنی شەریعەتەکەی خوای گەورە، پێش هەموو شتێک رەفزکردنی ئیعترافکردنە بە غەیری خوای گەورە، بڕیارنەدانی خوایەتیی و پەروەردگارێتیی و دەسەڵاتدارێتیی و کارگێڕیی و حاکمێتییە بۆ غەیری خوای گەورە، کە هیچ کەس هاوبەشی خوای گەورە نییە لەم ماف و رەفتارانەدا، بە هیچ شێوەو بڕو رادەیەک. ئەم ئیعترافنەکردن و رەفزکردنەی خوایەتیی غەیری خوای گەورە دەشێت بە زمان بێت، هەر وەکو کە دەشێت بە کردار بێت، جیاوازیان نییە. گرنگ نییە رەفزکردنێتی لە دیدو رەفتاردا، ئینجا سەلماندنی لە بزات و رەوتدا، هەروەها لە یاساو رێساو دەستووردا، لە یاسادانان و حوکمڕانیی و داوەرییدا.

دووەمین هۆی گرنگی ئەم حاکمێتییە: حاکمێتیی و باشێتیی و پەسەندێتییەتی، ئەمەش تەئکیدو حەتمیە، ئەمانە وەسفی پڕاوپڕی حاکمێتیی خوای گەورەن، چونکە حاکمێتیی خوای گەورە لە حاکمێتیی غەیری ئەو چاکترە: (أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ)المائدة/٥٠؛ چما حوکمی جاهیلییەتییان دەوێت (ئەویان پێ چاکترە؟!) حاکمێتیی کێ لە حاکمێتیی خوای گەورە

چاکترە بۆ خەڵکانێک کە باوەڕیان گەیشتۆتە پلەی دڵنیایی لە حەقیقەتەکانی ئەم دینەو هاتنی لە خوای گەورەوە؟.

ئیعترافکردنی تەواوو بڕیاردانی تەواو لەسەر ئەوەی کە (مەنهەج)ی خوای گەورەو (حاکمێتی) ئەو چاکترین و باشترین و پەسەندترینی هەموو کات و شوێن و نەوەیەکی مرۆڤایەتییە، لە هەموو حاڵەتێکیاندا، ئەمیشیان دیدو هەڵوێستێکی چارەنووسسازە، چونکە حوکمی (ئیمان) یان (کوفر)ی لەسەر دامەزرێت. چونکە مرۆڤ ناتوانێت لاف و گەزافی ئەوە لێبدات کە کەسانێک مەن ماف و دەسەڵاتی حاکمێتییان _دوور لە دینی خوای گەورە_ هەیە، چجای ئەوەی بڵێن یاساو رێبازو دەستوورو حوکم و داوەریی غەیری خوای گەورە چاکترو باشترو پەسەنترە، لە حاکمێتیی خوای گەورە! کەس بۆی نییە ئەمە بڵێ. نابێ ئەمە دیدو هەڵوێست و رێبازی هیچ مرۆڤێک بێت، لە هیچ قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتییدا کەس ئەم ماف و دەسەڵاتەی نییە. هەرکەسێک بڵێ من هەمە، یان فڵان دەستە مرۆڤ یان حزب یان چین و ئوممەت هەیانە، ئەوە موشریک و کافرو جاهیلییەو مومکین نییە لە بازنەی (ئیمان) و (ئیسلام)دا بمێنێت، مەحاڵە. چونکە ئەوە لافلێدانە (وەکو لافلیدانەکەی ئیبلیس) کە گوایە لە خوای گەورە زاناترەو یاساو رێساو دەستوورو حوکمڕانیی و داوەرییەکەی خۆی (یان هی فڵان دەستەی مرۆڤ یان حزب و چین و ئوممەتەکەی) لە حاکمێتیی خوای گەورە چاکترو باشترو پەسەندترە، راسترو رەوانترە! گوایە لەبەر ئەوەی ئەم (یان ئەوان) پەی بە پێداویستییەکانی کات و شوێن و نەوەی نوێ دەبەن!! چما خوای گەورە بێئاگابوو لە هاتنی زەمان و پێداویستییەکانی کات و شوێن و نەوە نوێکان؟! یان ئاگادار بوو، دەیزانی کە زەمانێکی وا دێت بەڵام ئیهمالیکردو یاساو رێسای بۆ دانەنا! ئەمە رەفتارێکی ناقوڵاو دزێوە، تانەو تەشەرو توانجێکی راستەوخۆیە لە زانستی خوای گەورە، لە زانایی و

دانایی ئەو، ئەوە بە زمان بوترێت یان بە کردەوە نیشانبدرێت، هەر کوفرو شیرک و جاهیلییەتەو لە بازنەکانی (ئیمان) و (ئیسلام) دا جێیان نییە.

بۆچی حاکمێتیی خوای گەورە چاکترە؟!

زۆر زەحمەتە پەی بە هەموو لایەن و رەهەندێکی چاکێتیی و باشێتیی و پەسەندێتیی حاکمێتیی خوای گەورە ببرێت، چونکە حیکمەتی ئەحکامەکانی شەرع وەکو لایەنەکانی تری (عەقیدەت) و (عیبادەت) بۆ هەموو خەڵکی رووننابنەوە، خەڵکیش جۆرو ئاستیان جیاوازە. خۆ مرۆڤیش یەک نەوە نییە. دەشێت حیکمەتی برگەیەکی دینی لەم سەردەمەدا بۆ خەڵکانێک، یان بۆ هەموو خەڵکی روونبووبێتەوە، کە لە نەوەکانی پێشتر شاراوە بووبێت، ئەو لایەنانەش کە ئێستا بۆ ئێمە کەشفبوون زۆرن و ناتوانرێت لێرەدا هەموویان باسبکرێن. بەڵام دەشێت هەندێک تێبینی لەسەر حیکمەتی شەریعەتی ئیسلام لە ئەحکامەکانیدا بخەینەروو[1]:

١ _ شەریعەت بەرنامەیەکی گشتگیرە:

شەریعەتەکەی خوای گەورە بەرنامەیەکی گشتگیرە، هەموو لایەنێکی ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتە. رێکخستن و ئاراستەکردن و گەشەکاریی و پێشبردی هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتییە. چونکە حوکمی هەموو حاڵەتێکی کات و شوێنی مرۆڤی تێدایەو ئاراستەی هەموو شێواز و چۆنیەتییەکی بزاوت و سرەوتی تاکوکۆیە. شەریعەتی ئیسلام بەرنامەیەکی زانستیانەیە، چونکە لە زانین و پەیبردنی واقیعییانەی

---

١ بزانە کە سەید رحمەاللە زاراوەی شەرع یان شەریعەت بە پێناسەکەی سەلەف بەکاردەهێنێت کە بە مانای هەموو دینەکەیە، نەک بە مانا زاراوەکەی سەدەکانی دوایین کە تایبەتکرا بە ئەحکامەکانی فیقهـ

شت و رووداوو حاڵەتەکانەوە هاتووە. حەقیقەتی شتەکەو چۆنیەتیی و پێداویستییەکەی درکپێکردووە، کە وەسفی زاتی پێداویستییەکانی مرۆڤن. ئینجا بە رەچاوکردنی پارسەنگانەی هەموویان، حوکمێکی شەرعی گشتیی لەسەر دەرکردووە، کە قابیلیەتی بەردەوامێتیی تێدا بێت، بۆ کات و شوێنیتریش، کە حاڵەتی پێویستییەکەیان تێدا دوپاتدەبێتەوە. ئەمە خاڵێکی سەرەکی ئاسانێتیی ئەحکامی شەرعە.. شەریعەتی ئیسلام لە زانستییەکی حەقیقیی واقیعەکەوە هاتووە، حەقیقەتی گەردوون و ژیانی مرۆڤەکانی ناوی، سروشتی پێکهاتەی موفرەداتەکانی گەردوون، کە بە دەوری مرۆڤەکەوەن، لەگەڵ پەیبردن بە حەقیقەتیی مرۆڤەکە، لە هەموو لایەنێکی فیکریی و جەستەیی و دەروونییەوە، بۆیە ئەحکامە شەرعییەکان وەکو رێسا گەردوونییەکانن، لەسەر خولگەی سروشتی شیاوو سازاوی خۆیان دەڕۆن و کات و شوێن کاریگەریی لەسەر ئەسڵی رێساکان ناکات. لەبەر ئەمەیە کە هیچ ئەحکامێکی دینەکە نابینرێت پێچەوانەی سروشتی گەردوون و ژیان بێت، هیچ ئەحکامێکی شەرعیی نییە وا ئاڕاستەبکرێت ئەمان و چالاکیی و گەشەکاریی مرۆڤ تێکدات. بە پێچەوانەوە، پارسەنگیی لە هەموو پەیوەندییەکاندا رادەگرێت، پەیوەندی مرۆڤ بە گەردوون و ژیانەوە، پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، پەیوەندی مرۆڤ و کۆمەڵگە، کۆمەڵگە و کۆمەڵگەکان، هەروەها تاک و دەوڵەت و دەوڵەت و دەوڵەتان، هەمووی بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو خێرخوازانە رێکخستووەو بەرەو چاکسازیی لە هەموو شتێکدا ئاڕاستەدەکات. ئەوە لە هیچ بەرنامەو دەستوورو ئاڕاستەیەکیتردا نابینرێت، چونکە بەرنامەکانی مرۆڤ کە خۆی دایڕشتوون، هەر حسابی بۆ کیانە ئاشکراکەی مرۆڤ کردووە، کە جەستەیەتی، چونکە نەیتوانیووە جەستە و دەروون و دیدو فیکر پێکەوە ئاڕاستەبکات (بۆیە دەشێت کەسێک زۆر دوژمنانە رەفتار لەگەڵ مرۆڤیتردا بکات و نەهێڵێت یاسا بیگرێتەوە!) یاساو ئاڕاستە بەشەرییەکان لەوانەیە بۆ رەفتاری

کۆمەڵێک کەس لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەرامبەر شتێکی دیاریکراو گونجاوبێت، بەڵام زوو کاریگەری نامێنێت و نوێکردنەوە دەخوازێت[١].

یاساو رێساو دەستووورە بەشەرییەکان چونکە ناتوانن جیاوازی کەسایەتییەکان رەچاوبکەن، دەبینیت یاسایەک بۆ دیاردەیەک دادەنێن کە هەندێک چالاکی لە هەندێک کەسدا _لە ترسی سزا_ دەوەستێنێت، بەڵام کە چاوی یاساو چاودێرانی لێ غافڵدەبێت وەکو گورگی برسی لی دەێت!.

لە یاساو رێسا بەشەرییەکاندا، چونکە هەموو کیانی کەسەکان و چاودێریی زاتیی و دەروونیی جیاوازو تێکچرژان و پێکداکێشانی دیاردەو کێشەو بەرژەوەندییەکان زەقدەردەکەون، بەرژەوەندیی تاکوکۆو کۆمەڵگەو دەوڵەتان زۆر تێکدەچرژێن و وزەی زۆریان لە کێبڕکێی یەکتردا بەهەدەردەچێت، مرۆڤدۆستیی یاسادارێژو راپەرێنران و خەڵکەکە بەراوردناکرێن بە (ئیمان و تەقوا)ی دیندارانە. مرۆڤدۆستییەکی ئێجگار کەم و سستە لە چاو کاریگەریی دینداریتییدا..

٢_ شەریعەت دادپەروەرییەکی نموونەیی لەخۆگرتووە:

ئەم دینە چونکە لە خوای زاناو داناو دادپەروەرەوە هاتووە، کە رۆزییدانی هەموو زیندەورێکی گرتۆتەخۆ، هەروەها پاراستنیان، گەشەو نەشونماو زیادکردنیان، ئینجا

---

١ وەکو یاساو ئاراستەکانی دژ بە جگەرەو شەراب و مادە بێهۆشکەرەکان، کە هەرچەند یاسا توندە لەسەریان، بەڵام چونکە چاودێری زاتیی (ئیمان و تەقوا) نییە، کاریگەری یاسایی هەر بە ترساندنێکەو بەس، دیاردەکە نەک چارەسەر ناکات، بەڵکو ناتوانێت رێ لە تەشەنەکردنیشی بگرێت!

ئاڕاستەکردنی قەدەریانەی خۆی بۆ هەریەکەیان، هەمووشیان یەکسانن لای خوای گەورە، بۆیە کە ئەحکامی شەریعەتەکەشی بۆ دیاریکردوون خاترو خۆتری بۆ کەس رەچاو نەکردووە. رۆزی پێغەمبەرێک و کافرێکی شەڕانی وەکو پێویستیی خۆیان داوە، نەخۆشی تووشی هەردوولایان دەبێت، چارەسەری هەردووکیشیانی ئاسان خستۆتەبەردەست، چارەسەری بۆ پێغەمبەرەکە دیارینەکردووەو کافرە شەڕانییەکەی لێ مەحروم کردبێت. نا، حاشا وەلیلا.

له لایەکەوە خوای گەورە _چونکە دەزانێت مرۆڤ پێویستی بە چیە- لە لایەکیتریشەوە، چونکە دادپەروەرە، بێگومان خوای گەورە دەزانێت کە دادپەروەرێتیی چەندەو چۆنەو چۆنیش بۆ هەمووان دەستەبەر دەبێت. لە لایەکیتریشەوە خوای گەورە کە کردگارو خاوەن و پەروەردگاری هەموو مرۆڤەکانە، حەتمەن بە دادپەروەرێتیی خۆی رەفتاری یەکسان لەگەڵ هەمووانیاندا دەکات. بۆیە ئەحکامە شەرعیەکانیشی ئەم سیفەتی زانست و دادپەروەرییە لەخۆدەگرن. لەبەر ئەوەش کە خوای گەورە پاک و بڵندەو ئاشتیی و ڕێزی مرۆڤایەتیی و هاوکارییکردن و یارمەتییدانی یەکترییانی پێ خۆشە، ئەحکامەکانیشی هەر ئەوە عەکسدەکەنەوەو دوورن لە هەڵەو ستەم و دەستدرێژیی و چەواشەکاریی، دوورن لە هەواوهەوەس و حەزی لارووێرو ئارەزوومەندی سەرکەش، دوورن لە نەزانیی و کەمتەرخەمیی و کورتهەڵهێنان، هەر وەکو کە دوورن لە توندوتیژیی سەختگیریی. ئەمانە بە دەیان شێوەی جیاواز لە یاساو رێساو دەستوورە بەشەرییەکاندا دەردەکەون، چونکە مرۆڤەکان ناتوانن لە حەزو بەرژەوەندیی و ئینفیعالاتی خۆیان و لایەنگران و کاربەدەستانیانەوە دووربن. مرۆڤەکان هەر چەند زاناو زیرەک و هۆشیار بن هەر لە ئاستی داڕشتنی بەرنامەو دەستووردا نەزان دەمێننەوە، نەزان بەو مانایەی کە ناتوانن بە تەواویی پەی بە راست و رەوایی ئاڕاستەکردنی تاکوکۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی ببەن، با یەک کەس نەبێت،

دەیان کەس بێت (وەکو پەرلەمانەکان)، یا سەدان نەبن، هەزاران بن، (وەکو پارتەکان)، یا بە ملیۆن بن (وەکو چین و میللەتان)، هەر وان لە ژێر رادەو ئاستە جیاوازەکانی نەزانین و لاسەنگییەکانی ئینفیعالات و بەرچاوتەنگیی بەرژەوەندیی خواستنەکانی خۆیان و لایەنگرانیاندا، کە تەنانەت زەحمەتە دیدو پێناسەو حەزو ئینفیعال و بەرژەوەندیی و هەڵوێستی ئینتیمایەکیان رێکبخرێت، چجای بکرێنەیەک! (ئەمە لە پەرلەمانێکدا زەحمەتە، چجای حزبێک، لە حزبێکدا سەختترە وەک لە چینێک، لە چینێکی گەلدا زەحمەتترە وەک لە میللەتێکدا، خۆ مرۆڤایەتیش گەل و میللەتێک نین، تەنانەت نەوەیەکی مرۆڤایەتییەکەشی نین)[١].

٣_ شەریعەت رێکخراوو سازاوە: ئەم شەریعەتەکەی خوای پەروەردگار شەریعەتێکی گەردونییە، ئەحکامەکانی لەگەڵ بزاوتی گەردووندا سازاوە (برگەیەکی تێدا نییە دژی ئاو، دژی هەوا، دژی ژینگە بێت) چونکە لە خوای زاناو بە بەزەیی و کارگێڕی وجوودەوە هاتووە، کە خۆی گەردوونی خەلقکردووەو رێسای بزاوت و کارکردنی بۆ دیاریکردووە، هەر وەکو کە خۆی مرۆڤی خەلقکردووە و بەرنامەی بزاوت و سرەوتیشی بۆ

---

١ هەرکەسێک وردەکارانە دیراسەی مێژووی فکرو یاساو سیاسەت بکات دەبینێت بە دەگمەن فیکرێک یان فەلسەفەیەک یان برگە یاساو رێسایەک یان سیاسەتێک هەیە کە لە سەد ساڵ تێپەڕ بووبێت. تۆ ئێستا لە (مەدرەسەی فەلسەفی) ئەڵمانیای نوێدا ئاسەوارێکی فەیلەسوف فیختەو نیچە لە سەردەمی شۆبنهاوەرو هیگڵدا نابینیت. بسمارکی سەرکردەی گەورەی ئەڵمان بڕیاریدا فەلسەفەی هیگڵ لە خوێندنگاکانی ئەڵمانیادا بخوێنرێت. کەچی کە کارل مارکس هات فەلسەفەی پێش خۆی رادا! کە ویلیەم جیمس فەلسەفەی پراگماتیزمی هێنا، مارکسێتی هەرەس پێهێنا! ئەبرهام ماسلۆ کە لە (١٩٤٣)دا تیۆرەکەی خۆی ڕاگەیاند، ویلیەم جیمسی سڕییەوە! لە هەر یەکێک لەم دیدو بۆچوون و تێڕوانین و پێناسانەشەوە داب و نەریت و سیستەم و دەستوری تایبەت بەخۆی هەبوو.. کوان؟ ئێستا کار بە هیچیان ناکرێت!

دیاریکردووه. بۆیه خوای گەورە مرۆڤیشی وا خەلقکردووه بتوانێت سوود لە گەردوون وەربگرێت و بۆ خێرو خۆشی مرۆڤایەتیی بەکار بهێنێتەوه. گەردونیشی وا خەلقکردووه لەبەردەست مرۆڤدا دەستەبەر بێت، بەڵام مەرجە هەردوو لایەن بە پێی بەرنامەو یاساو ڕێسای خوای گەورە بجوڵێن و هاوکاریان لە نێواندا هەبێت، نەک مرۆڤ لە شەڕخوازیی و ئەنانێتیی و هەواوهەوەسی خۆیدا توانا گەردوونییەکان بەکاربهێنێت. لەبەر ئەمەیە کە خوای گەورە کە مرۆڤی دروستکردووه، هەروا لێی نەگەڕاوە خۆی ڕێبازو بەرنامەو دەستووری بزاوت و ڕەوت بۆ خۆی دابڕێژێت، بەڵکو بە پێغەمبەرە عەزیزەکانی خۆیدا _لە فریشتەو مرۆڤ_ پەیامی خۆی بۆ بەرچاوروونیی و چۆنیەتیی ڕەفتارکردن بۆ ناردووه.

لەم ڕوانگەیەوه کە بزاوت و ڕەوتی مرۆڤ لە پێکهێنانی کۆمەڵگەو دەوڵەتدا، لە حاکمێتیی دەستوورو ئیدارەیدا، پێویستە بەپێی (مەنهەج)ەکەی خوای گەورە ڕەفتاربکات، تا ڕەفتارەکانی شەرعیی بن و خوای گەورە لێیان ڕازیی بێت، لەولاشەوه گەردوونیانە بن و بە بزاوتی گەردوون نە کێشرێن و ببنە مایەی وێرانکاریی و خراپەو شەڕخوازیی، ئەگەر وای نەکرد بەدڵنیایەوه ڕەفتارەکانی لەگەڵ بزاوت و سروشتی گەردووندا ناسازێن و دەبێتە مایەی تێکدانی ئاووهەواو ڕووەک و کانزاو موفرەداتەکانیتری سروشت، چونکە لە ئەنانێتیی خۆیدا هەموویان خراپ بەکاردەهێنێت[١]. هەر لەم ڕوانگەیەشەوه دەتوانرێت بوترێت کە چەسپاندنی دینەکەی

١ وەکو دزە سەرمایەدارە زەبەللاحەکانی ڕۆژئاواو تاڵانکردنی نەوت و غازو ئەڵماس و یۆرانیۆم و خراپکردنی سەدان دارستانی ئەمازۆن و ئەفریقاو باشووری ئاسیاو فەوتاندنی ئۆزۆن و ژەهراییکردنی دەریاکان و.. هتد!

خوا بەهێنانەد حاکمێتیی شەیعەتەکەی رزگارکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە لە دەیان دژواریی کە مرۆڤە دڕندەو شەڕخوازە شڕەخۆرەکان دروستیانکردووە[1].

٤_ شەریعەت رێبازی ئازادی مرۆڤە:

ووتمان کە ئەم دینە تاکە بەرنامەی رزگارکردنی مرۆڤە، لە عەبدێتیکردن بۆ غەیری خوای گەورە،کە لە هەموو دیدو رێبازو بەرنامەیەکیتردا ئەو عەبدێتییەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ وەکو خۆی ئاسان دەبینرێت، با ناونیشانیشیان گۆڕیبێت. تەنها لە دینەکەی خوادایە کە مرۆڤ عەبدی خوای گەورەن و بەس، چونکە ملکەچیی بۆ غەیری خوای گەورە دەرنابڕن و تەنها دینەکەی خوا مافی پابەندکردنیانی بە ئەحکامی خوای گەورەوە هەیە.. ئاوا ئیسلام خەڵکی لە مرۆڤپەرستیی و عەبدێتیی بۆ غەیری خوا ئازاددەکات و دەیانکاتە عەبدی خوای تاکوتەنهاو بەس.. کە لە هیچ سیفەتێکدا وێنەی نییەو لە هیچ دروشمێکی پەرستن و رێسایەکی حاکمێتییشدا هاوبەشی نییە.. هەر وەکو چۆن چەندین جار جەختمان کردەوەو ووتمان کە حاکمێتیی لە سیفەتە تایبەتمەندییەکانی خوایەتیی خوای گەورەیە، هەر کەس و کۆمەڵێک لقێک لەم مافی حاکمێتیە (لە یاسادانان یان لە حکومڕانیی یان لە داوەرییدا) بداتە کەسانیتر، یان بۆخۆی زەوتبکات، مانای وایە کە خەڵکی کردۆتە عەبدی ئەو کەسانە، یان عەبدی خۆی. چونکە ئەو کەسانەی _یان خۆی_ لە مەتریلەی خوای گەورە داناوە، خۆیان و شوێنکەوتووانی یاساو رێساو دەستوورەکانیان لە دینی خوادا نەماون و چوونەتە سەر دینی ئەو یاسادانەرو حکومڕان و داوەرانەی بە غەیری شەرع حوکمدەکەن.. ئەمەش لە هەموو شێوەکانییدا لە ئیسلامدا شیرک و کوفرو جاهلییەتە.

---

١ کە لە سایەی سەرمایەدارییەکەیاندا لە کۆی شەش ملیارو نیو مرۆڤی سەرزەمین یەک ملیاریان رۆژانە تاکە دۆلارێکیان پێ پەیداناکرێت!

ئیسلام کاتێک رایگەیاند کە حاکمێتیی دەبێت بۆ خوای گەورە بێت و بەس.. ئەمە راگەیاندنی (بەیان)ی رزگاریی مرۆڤ بوو، لە عەبدێتیی غەیری خوای گەورە، تا بەرەو عەبدێتیی سەرڕاستانەی خوای گەورە بێنەوە.. ئیسلام راشکاوانە ئەم (بەیان)ەی بۆ سەربەستبوونی مرۆڤ دەرکرد.. کە لە راستیدا راگەیاندنی لەدایکبوونی مرۆڤ بوو.

ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە لە دژوارترین و گرنگترین و کاریگەرترین کێشەی عەقیدەیە.. چونکە کێشەی خوایەتیی خوای گەورەو عەبدێتیی مرۆڤە، کێشەی سەلماندن و چەسپاندنی ئازادی و یەکسانییە، هەر وەکو کە کێشەی چەسپاندنی دادو چاکسازییە، کێشەی رزگاربوونی مرۆڤە، بگرە راگەیاندنی لەدایکبوونی نوێی مرۆڤە. لەبەرئەمەشە کە بۆتە کێشەی نێوان کوفرو ئیمان و جاهیلییەت و ئیسلام!.

جاهیلییەت قۆناغێکی مێژوو نییە هاتبێت و تەواوبووبێت.. جاهیلییەت حاڵەتە، بارودۆخە، دیدو بزاوتە، دابو نەریتە، سیستەم ودەستوورە. جاهلییەت لەگەڵ هەبوونی بنەماکانیدایە. کە ئەمانە هەبوون جاهیلییەتیش هەیە.. زەقترین سیفەتی جاهلییەت گێڕانەوەی مرۆڤە بۆ حاکمێتیی مرۆڤ، نەک بۆ عەبدێتیی خوای گەورە و بەرنامەکەی بۆ ژیان و شەریعەتەکەی بۆ ئاڕاستەی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتە.. جاهلییەت گێڕانەوەی خەڵکییە بۆ پەیڕەوکردنی هەواوهەوەس، جا هەواوهەوەسی تاکێک بێت یان کۆمەڵێک، هەواوهەوەسی حزبێک بێت یان چینێک، هەواوهەوەسی گەل و ئوممەتێک بێت یان نەوەیەکی مرۆڤایەتیی، جیاوازییان نییە، هەموویان هەر شیرک و کوفرو جاهیلییەتن، مادام بە پێی ئاڕاستەیەک رەفتاردەکەن کە پێچەوانەی شەرعەو لەو خەڵکە بۆتە دین و خواپەرستیی و عەبدێتیی.. ئارەزوو هەواوهەوەسی خۆی یان هی کۆمەڵێکی کردۆتە یاساو لەجیاتی شەریعەتی خوای گەورە کردوێتی بە دەستووری حاکمێتیی، چونکە بە حسابی خۆی دەیەوێت بەرژەوەندیی خەڵکی

بپارێزێت، کە لە پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی و دەستەو حزب و چینەکەیدایە، جا بڕیارو ڕێساکانی ناونابێت تەعلیماتی سەرۆکایەتی، یان رای زۆرینەی پەرلەمان، یان رای گەل! جیاوازی نییە، گرنگ ئەوەیە کە بەلای ئیسلامەوە ناشەرعییە.

ئەو یاساو دەستوورەی نوێنەرانی چینێک یان گەلێک لە پەرلەمانێکدا رەسمێتیی دەدەنێ، لە بەرژەوەندیی هەر کەس و تاقم و کۆمەڵێک بێت، رەفتارێک شیرک و کوفرو جاهلییە، مادام لە دیدو حەزو بەرژەوەندییەوە هاتووە، نەک لە شەریعەتی خواوە.. ئەوانەش کەندایانڕشتووە _کە مرۆڤن_ نەیانتوانیووە خۆیان لە نەزانین و هەواوهەوەسی خۆیان قوتاربکەن، چونکە یاساکەیان لە نەزانیی و هەواوهەوەسەوە هاتووە، لەدیدو بۆچوونێکی کەم و کورتەوە هاتووە، با بەناوی دەستوورو یاسای گەلیشەوە راگەیەنرابێت و ناوو پیرۆزیی شەرعییانەی پێدرابێت.. ئەمە نایکاتە شەرعیی.

کۆمەڵە خەڵکێک بەناوی گەلێکەوە یاساو رێسا دەردەکەن. ئەمە رەفتارێکی جاهیلییەو کارەکەشیان کوفرە. مادام بڕیارەو لە شەریعەتی ئیسلامەوە نەهاتووە.. با ناوو سیفەتی گەورەو گرنگیشی لێبنرێت، وەکو یاساکانی ئەمنی قەومیی و یاسای نێودەوڵەتیی و.. هتد. گرنگ ناوەکەی نییە، گرنگ ئەوەیە کە لە هەواوهەوەس و نەزانیی و کەم و کورتیی مرۆڤەوە هاتووە، نەک لە شەریعەتی ئیسلامەوە، کە وەحی خوای گەورەیە بۆ پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم ناردووە.

شەریعەتی ئیسلام (بەمانا بەرفراوانەکەی) فەرمانی خوای پەروەردگارە.. خوای کردگاری مرۆڤ و کردگاری کۆمەڵەکان، کردگاری ئوممەتان و نەوەکانیان.. بۆ هەموو مرۆڤایەتیی ناردووە، خاترانەی کەسی لەسەر حسابی کەسیتر تێدانییە. بەرژەوەندی تاک بەرچاوناگرێت لەبەرامبەر بەرژەوەندی کۆ، یان لە بەرژەوەندیی دەوڵەتدا.. بەرژەوەندیی نەوەیەک ناپارێزێت و هەقی نەوەیەکیتری نەبێت، چونکە خوای گەورە

خوای هەمووانەو هەموو مرۆڤایەتییشی لا یەکسانە.. خوای گەورە ئەم شەریعەتەی ناردووە خۆی دەزانێت کە مرۆڤ چیەو کێیەو بەرژەوەندیی و پێداویستییەکانی چین.. حەقیقەتی مرۆڤ دەزانێت و دەشزانێت چی چاکە بۆیان و چی خراپە، فەرمانی چییان پێبکات لە قازانجیانەو بەرهەڵستی چییان لێبکات کەلە زیانیانە، خوای گەورە هەمووی دەزانێت و هیچ لایەن و بەش و ڕەهەندێکی لێ بزرنابێت

لەبەرئەوە خوای گەورەو زانا بەرنامەی بۆ بزاوت و رەوتی مرۆڤایەتیی دیاریکردووە، بۆ هەموو مرۆڤێک، لە هەر شوێن و سەردەم و حاڵەتێکی تاکوکۆدا بژی، مرۆڤی هەموو کات و شوێنێک لای خوای گەورە یەکسانن، هەموویان خوا خەلقیکردوون و فەرمانی عەبدێتیی پێداون کە ملکەچ و گوێرایەڵی وەحیەکەی بن، ئەوانیش هەر وەکو کە خوا دەپەرستن، دەبێت هەر ئاواش بەرنامەکەی وەرگرن و پێوەی پابەند بن و بیچەسپێنن.. بۆیان نییە بەرنامەیتر بۆ خۆیان دارێژن، یان ملکەچ و گوێرایەڵی یاساو رێسای ناشەرعی بن، چونکە ئەوە یاخیبوونە لە عەبدێتییەکەو خۆڕاپسکانە لە دەسەڵات و دینی خوای گەورەو کافربوونە.. ئەمەش دژواریی زۆر لەسەر مرۆڤەکان دروستدەکات.. لەسەر هەموو مرۆڤ، هەروەها دژوارێتیی لەسەر گەردوون و ژیان دروستدەکات و دەبێتە مایەی خراپەکاریی و فەساد: (وَلَوِ اتَّبَعَ الْحَقُّ أَهْوَاءَهُمْ لَفَسَدَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ) المؤمنون/٧١؛ ئەگەر حەق شوینی هەواوهەوەسی ئەوان بکەوتایە، بە دڵنیاییەوە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچییەک کە تییاندایە. خراپدەبوون..

کەوابوو حاکمێتیی غەیری خوای گەورە (کە لە یاسادانان و حوکمکردن و داوەریکردندا دەردەکەوێت) سەرچاوەی خراپەکاریی و فەسادو شەڕخوازییە، جگە لەوەی دەرچوونە لە بازنەی (ئیمان) و (ئیسلام) و کافربوونە، وەکو دەقەکانی قورئان تەئکیدی لێ دەکەنەوە.

شەریعەتی خوای گەورە نوقسان نییە تا مرۆڤ تەواوییکات :

خوای پەروەردگار ئەو لایەنەیە کە مافی دیاریکردنی شەریعەت و فەرزکردنی یاسای هەیە: (فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ)المائدة/٤٨؛ بەوە حوکمی نێوانیان بکە کە خوای گەورە بۆی ناردوویتەتە خوارەوە، شوێن هەواوهەوەسیان مەکەوە، ئەوان دەیانەوێت ئەو حەقەی لە لای خوای خۆتەوە بۆت هاتووە، بخەیتە کەنارەوەو کاری پێنەکەیت! فەرمانەکە راستەوخۆ بۆ پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلم کە نەکەی بە قسەی (ئەهلی کتاب) بکەیت کە دێنە لات و دەیانەوێ داوەریی نێوانیان بکەیت (بەوەی کە خۆیان هەیانە).. بەڵام ئایەتەکە تایبەت نابێت بە هۆکاری هاتنەخوارەوەیەوەو هەر وەکو ئایەتیتر بە گشتیی دەمێنێت، تا رۆژی قیامەتیش هەروا دەمێنێتەوە.. حوکمێک کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم چەسپێنرابێت، ناگۆڕێت. چونکە بە وەحی چەسپاوەو وەحیش تازە نایات و پێغەمبەریتر لە دوای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم نایات.. پەیامێکیتر نایات تا گۆڕانکاریی بەسەر ئەحکامەکانی وەحییدا بهێنێت. دینەکە کامڵبووەو بەوەش نیعمەتی خوای گەورە بە تەواویی بەسەر موسوڵماناندا رژاوە. خوای گەورە رازییبوو کە ئەم دینە (مەنهەج)ی ژیانی موسوڵمانان بێت. (بە پێی عەقیدەو عیبادەت و شەریعەتەکەی دیدو تێڕوانین و رەفتارو رەوشت و بزاوت و رەوت و داب و نەریت و یاساو رێساو سیستم و دەستووری ژیانی تاکوکۆی خۆیان دارێژن و بانگەوازەکەی بەگەلانیتر بگەیێنن). دینەکە تەواو بووەو کەم و کورتی تێدا نییە، پێویستی بە گۆڕینی بڕگەیەک و ئیزافەو لێ لابردن نییە.. چجای کەنارخستن و دارشتنی (بەدیل) بۆی.. خوای گەورە

دەیزانی کە ئەوەی تا کۆتا ئایەتی قورئان کە ناردوێتی بەسە.. ئوممەتی موسوڵمان پێویستی بە زیاتر لەوە نییە.. زانی کە ئەوەی ناردوێتی گشتگیرو ئەحکامی ئاڕاستەکردنی ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو ئیدارەی دەوڵەتی تێدایە بۆیان و بۆتە سەرچاوەی خێرو خۆشیی بۆ هەموو نەوەکانی مرۆڤ، لە هەر کات و شوێنێکدا بژین.. تا قیامەت بەسیانە. بۆیە رازیبوو کە ببێتە دین و مەنهەجی ئوممەتەکە.. گۆڕانکاری لەهەر برگەیەکیدا _چجای لادانی_ کوفری ئاشکراو راشکاوەو بکەرەکەی لە دین و ئوممەت دەباتەدەرەوە.. چونکە سەلمێنراون کەبەڵگەنەویستی دینەکەن. هەر کەسێک دەستکاری هەر رێسایەکی نەگۆڕیی دینەکە بکات، چجای لادان و رادانی_ فڕی بەسەر موسوڵمانێتییەوە نامینیت، با هەزاران جاریش هاواربکات کە موسوڵمانە !! ئەگەر ئەو رەفتارە کوفر نەبێت ئەدی کوفر چییە؟ ئەگەر بەو رەفتارەی کافرنەبێت، ئەدی بەچی کافردەبێت؟ چی لەوە دژوارترە؟ موسوڵمانێتییەکەی کامەیەو چی دەگەیەنێت؟ ئەو بە کردەوە ئەحکامی ئیسلام لادەدات و بە قسە دەڵێ موسوڵمانم!! خۆ کرداری کوفرین راشکاوترە لە گوفتاری کوفرین.. چونکە لەمانا بەخشیندا کردەوە لە قسە بە هێزترە.

شەڕەقسەی بەرگریوان لەخۆی، لەم گۆڕین و لادانەی شەرعدا خۆدزینەوەیەتی لەو حوکمە ئاشکراو راشکاوو بنبڕو گشتگیرە، تەئویلکردن و کلکەماناکردن و خۆلادان لە رێسا بەڵگەنەویستەکانی شەرع، هەوڵدانی لادان و ئینحراف پێکردنی دەق و مانا ئەسڵیەکان، هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بڕیارە بنبڕەکەی قورئان نییە کە بەشێوەیەکی ڕۆشن و ئاشکراو راشکاو دەفەرموێ ئەو کەسەی حوکم بەوە نەکات کە خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە ئەوانە (کافرن، ستەمکارن، لاڕێن):

_ (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ)المائدة/٤٤؛ هەرکەسێک حوکمڕانیی بەوە نەکات کە خوای گەورە ناردوێتییەخوارەوە، ئەوانە کافرن.

ـ (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ)المائده ٤٥؛ هەرکەسێک حوکمڕانیی بەوە نەکات کە خوای گەورە ناردوێتییەخوارەوە، ئەوانە ستەمکارن.

ـ (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ)المائده ٤٧؛ هەرکەسێک حوکمڕانیی بەوە نەکات کە خوای گەورە ناردوێتییەخوارەوە، ئەوانە لە ڕێبازی خوای گەورە لایان داوە.

خوای گەورە دەیزانی خەڵکانێک خۆدەکەنە خاوەن عوزر بۆ پابەندنەبوونیان بە شەریعەتەکەیەوە، یان دەکەونە بیانووهێنانەوە بۆ طاغووت و کاربەدەستە مونحەریفەکان. دەیزانی کە چەواشەکارەکانیش دێن و هەوڵدەدەن خەڵکی فریووبدەن و حوکمە رۆشن و راشکاوەکەی خوای گەورەیان _لەبەرخاتری طاغووتان_ لێبگۆڕن و بڵێن ئەم ئایەتانە موسوڵمان ناگرێتەوە!! (دەیزانی کە طاغووتان و دەست و پێوەندەکانیان دێن و دەڵێن دەی خۆ دەشێت زۆرینەی ئەحکامەکان راپەرێنرێت و ئەوانیتر بۆ دواتر، یان راو بۆچوونی هەندێک شەرعناسی کۆن یان سەردەم دەهێنن و دەیخەنە شوێنی ئایەتە بنبڕەکانی وەحی)! خوای گەورە دەیزانی کە دەشێت هەندێک موسوڵمانی سەرراستیش لەژێر تین و فشاری بارودۆخدا هەندێ لایەنی شەرع لادەن و (کۆلکەی هاوبەش!) بدۆزنەوە کە لە نێوان خۆیان و بەرامبەرە موشریک و کافر و جاهیلییەکاندا هەیە.. بۆیە خوای گەورە هۆشداری دایە پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم و ئوممەتەکەی کە ووریابن لە راستەڕێ لانەدەن. ئاگاداربن نەکەونە ژێر کاریگەریی بڕیارو کردارو هەڵوێستیانەوە.. تەنانەت خوای گەورە هەڕەشەی سەختی لە

پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی صلى الله عليه وسلم کرد کە نەکەیت گوێ بۆ قسەیان شلبکەیت و هەڵوێستت نەرمبکەیت! بەدەمەوەچوونیانی ناونا (فتنة)[1] :

_(فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ)المائدة/٤٨؛ بەوە حوکمی نێوانیان بکە کە خوای گەورە بۆی ناردوویەتە خوارەوە، شوێن هەواوهەوەسیان مەکەوە، ئەوان دەیانەوێت ئەو حەقەی لە لای خوای خۆتەوە بۆت هاتووە، بخەیتە کەنارەوەو کاری پینەکەیت!

_ (وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ) المائدة/٤٩؛ بەوە حوکمیان بکە کە خوای گەورە ناردوێتییەخوارەوە، شوێن هەواوهەوەسیان مەکەوەو دیدو بۆچوونی ئەوانت پێ پەسەند نەبێت، هۆشت لە خۆت بێت لە هەندێک ئەحکامی حەقی دینەکەت لانەدەن..

_ (فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ) النور/٦٣؛ با ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی فەرمانی خوای گەورە ڕەفتاردەکەن، بەحەزەربن هۆشیان لە خۆیان بێت، دەنا دوایی تووشی فیتنە (لەدین لادان) دەبن و سزای زۆر بەژان دەیانگرێتەوە..

یەکەمین هەنگاوی جێ مەترسی لەم لەحەق لادانە ئەو ختورەیەیە کە بەدڵدادێت، کە موسوڵمان حەزدەکات خەڵکی لەسەر چەندین خاڵی هاوبەش کۆبکاتەوە، با دین و دیدو ڕێبازو ئینتیماشیان جیاوازبێت، خۆ هەموو مەر خەڵکی ووڵاتەکەن! ئینجا حەزو ویستی بێدەنگبوون لە هەندێک هەڵوێستی بەرامبەران، کە پێچەوانەی دین و شەریعەتەکەیە.. ئینجا مەیلکردن بە لای هەندێک ئەحکامدا کە ئاسانکاریی ڕەفتاری

---

١ کە لە قورئاندا بۆ لادانە لە ئیسلام، لادانی تەواوبێت کە هەڵگەڕانەوەو مورتەددبوونەوەیە، یان کەمبوونەوەی پابەندیی بە دین و کزبوونی دینداریی..

تێدایە، بە تایبەت کە لە شەرعناسانێکەوە هاتبن ناسراوبن.. ئەمانە دەشێت ببنە یەکەمین هەنگاوی (عوزرهێنانەوە)، کە ئەگەر داعی موسوڵمانان زۆرئاگایانە رەفتارنەکات بەدەمیەوە دەڕوات و (شلگیرانە دەکەوێتەوە موساوەمەوە تەنازول)!.

ئایا کەس هەیە ئەوەندە چاوقایم بێت بڵێ کە ئەو زاناترە لە خوای کردگاری خەڵکی؟ دەتوانێت بڵێ کە ئەو بەبەزەیترە بەرامبەر خەڵکی، وەک لە خوای کردگاری خەڵکی؟ ئایا دەتوانێت بڵێ کە ئەو چاکتر پەی بەبەرژەوەندیی خەڵکی دەبات وەک لە خوای زاناو داناو پەروەردگاری خەڵکی؟! ئایا دەتوانێت بەو جورئەتە بێئابڕوییەوە بڵێ خوای گەورە نەیدەزانی کە حاڵاتی نوێ و پێداویستیی نوێ بۆ مرۆڤایەتیی دێتەپێش و ئەحکام دەخوازێت، کە لە خوای گەورە شاراوەبووەو ئێستا لەم ئاخیرزەمانەدا خەڵکێک هەیە پەی پێدەبەن؟! ئایا کەس هەیە ئاوا بڵێ؟ لە کاتێکدا کە خوای کردگارو خاوەن دەسەڵاتدار، خوای زاناو داناو شارەزای هەر هەموو مەخلووقات، کۆتا پێغەمبەری خۆی بۆ هەر هەموو مرۆڤایەتیی ناردو قورئانەکەی خۆی پێدانارد، تا ببێتە کۆتا پەیامی خوایی بۆ ڕێنیشاندانی تاکوکۆی هەموو مرۆڤایەتیی. تا ژیانی واقیعی خۆیانی لەسەر دامەزرێنن.. بڕیاریشیدا کەشەریعەتەکەی بە نەگۆڕی هەتاهەتایی بمێنێتەوەو شیاوی هەموو کات و شوێن و نەوەیەکی مرۆڤایەتیی بێت.. ئایا مەعقوولە کە کەسێک بڵێ کە کەسانیتری نەفام و نوقسانی وەکو خۆی زاناترو شارەزاترن لە زانین و دابینکردنی بەرژەوەندیی خەڵکیدا، وەک لە خوای پەروەردگار؟ ئایە ئەمە شتێکی ژیریاری قبووڵە؟.

ئەو کەسەی کە شەریعەتەکەی خوای گەورە لە سەروەرێتیی دەخات و نامێڵێت حوکمی پێبکرێت و داوەرێتیی بێتەدیی، لە مەنجەت و بەهانەی ئەم رەفتارە دوژمنکارییەدا دەتوانێت چی بڵێت ؟ کە دینی خوای لە حاکمێتیی لاداوەو شەریعەتێکی

جاهیلیی هێناوەتەجێ.. حوكمی خوای كردگارو خاوەن و پەروەردگاری هەڵداوەتەكەنارو حوكمی جاهیلیی هێناوەتە جێ! هەواوهەوەسی خۆی كردووە بە ڕێبازو ڕێساو دەستوور، یان دیدو بۆچوون و فەلسەفەی گەلێكیتریان پێناسەكردووەو بەرنامەی نەوەیەكی مرۆڤایەتییان _كە لە قۆناغێكی مێژوودا ژیاوە_ كردووە بەسەرچاوەی دەستوورو حاكمێتیی وڵات.. ئەمە كە شیرك و كوفرو جاهلییەتی هێناوەتە شوێنی شەریعەتی پاكی خوای گەورە دەیەوێت چی بكاتە بەهانەی ڕەفتارە كوفرەكەی؟! بە تایبەتی ئەگەر پێشتر موسوڵمان بووبێت، یان ناوی موسوڵمانانەی هەیەو لەناو موسوڵماناندا دەژی؟! دەڵێ : بارودۆخەكە ناچاریكردم؟ دەڵێ ڕێبازو ڕێچكەو ڕێساكانم لێ تێكەڵبوو؟ دەڵێ: ئاخر گەلەكەم وایدەویست؟ دەڵێ : لەژێر تین و فشاری دوژمناندا بووم و لەترسان وامكرد؟.. ئەمانە و دەیان بیانوویتری بێدینانەی بەزیبوو.. چما خوای گەورە كە فەرمانی صارم و جیددیی و بنبڕی خۆی بەسەر موسوڵماناندا كە دەبێ حاكمێتیی وڵاتیان (یاسادانان و حكومڕانیی و داوەرییان) بەپێی شەریعەتەكەی ئەو بێت ئەمانەی نەدەزانی؟ مەگەر خوای گەورە نەیدەزانی موسوڵمانان دوژمنیان زۆرەو دەیانخەنە ژێر تین و فشار؟! مەگەر كاتێك ئەو فەرمانە توندەی پێدان كە (مەنهەج)ی خوای گەورە بچەسپێنن و سڵ لە هیچ نەكەنەوە، نەیدەزانی كە خەڵكانێكی زۆر هەن ئەمەیان قبووڵنییە؟ چما كە پێی فەرمون ئەم دین و شەرعە بەرنامەی هەتاهەتایی ژیانی تاكوكۆی كۆمەڵگەو دەوڵەتتان بێت، نەیدەزانی كە قۆناغی نوێی پێشكەوتن و زانیاریی و پێداویستیی نوێ دێتەپێشەوەو ئەحكامی شەرعیی دەخوازێت؟ مەگەر كاتێك خوای گەورە ئاوا توندو سەخت هۆشداریی دانێ و هەڕەشەی لێكردن كە نەكەن لە هیچ ڕێسایەكی وەحیەكەم لادەن، نەیدەزانی كە قۆناغی لاوازیی بەسەر موسوڵماناندا دێت؟ بەدیی، بە تەئكید دەیزانی؟

غەیری موسوڵمان چۆن وەڵامدەداتەوە کەیفی خۆیەتی، چۆن رەخنەدەگرێت ئازادە. بەڵام چۆن دەشێت موسوڵمان، یان ئەوانەی لافوگەزافی موسوڵمانێتی لێدەدەن ئەو بەهانانە بکەنە عوزری لادانی شەرعی خوای گەورە لەسەروەریی حاکمێتیی؟ چۆن وا دەزانن دینەکە لە حاکمێتیی بخەن، یان بەهانە بۆ ئەوانە بهێننەوە کە دینەکەیان لە حاکمێتیی خستوە، هێشتا هەر موسوڵمان ماون؟ چۆن؟ دیدو هەڵوێست وەرگرتن لەم کێشەیەدا دووڕێیانی هەڵبژاردنی کوفرو ئیمانە.. نە دەمەوەریی تێدا قبووڵە نە موناقەشەو ئاخرو ئۆخر.. یان ئیسلامی قبووڵە (بە عەقیدەو عیبادەت و شەریعەتیەوە، بە حاکمێتیی و سەروەرێتیی شەریعەتەکەی خواوە) یان جاهیلییەتی قبووڵە، بە هەموو شیرک و کوفرێکەوە کە تێیدایە.. یان (ئیمان) هەڵدەبژێرێت یان (کوفر).. حوکمی خوای گەورەی پێ قبووڵە یان حوکمی جاهیلییەت؟ ئەوانەی حاکمێتیی دینی خوای گەورە دەخەنەلاوە (لە یاسادانان و حکومڕانیی و دادوەریی و دووریدەخەنەوە) ئەوانە کافرن. ستەمکارن.. فڕیان بەسەر ئسلامەوە نەماوەو لەسەر رێبازو دینێکیترن.. ئەو خەڵکەش کە ئەوان و رەفتارە کوفرینەکانیان قبووڵە، موسوڵمان نەماون.

روون کردنەوەی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە ئەرکی سەرشانی موسوڵمانە:

پێویستە ئەم کێشە عەقائیدییە چارەنووسازە لە هزرو دەروون و هۆش و هەست و ئینتیمای موسوڵماندا رۆشن و جێگیرو قایم بێت، ناشێت دوودڵ و ڕاڕا بێت، لە روونکردنەوەو چەسپاندنیدا لە واقیعی خەڵکی سەردەمدا.. پێویستە بوێرانە خەڵکی لە روانگەی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییەوە ببینێت و _بە پێی دیدو هەڵوێستیان لە حاکمێتیی دینی خوا_ پۆلێنییان بکات. پێویستە دلێرانە حوکمە شەرعییەکە لەسەر دۆست و دوژمنی ئەم دینە بچەسپێنێت:

(أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ)المائدة/٥٠؛ چما حوکمی جاهیلییەتییان دەوێت (ئەویان پێ چاکترە؟!) حاکمێتیی کێ لە حاکمێتیی خوای گەورە چاکترە بۆ خەڵکانێک کە باوەڕیان گەیشتۆتە پلەی دڵنیایی لە حەقیقەتەکانی ئەم دینەو هاتنی لە خوای گەورەوە؟ تا ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە لە دڵ و دەروون و هزرو هۆش و هەست و ئینتیمای موسوڵماندا _وەکو قورئان دەیەوێت_ بەتەواویی نەچەسپێت، زەحمەتە هاوکێشەی موسوڵمان پارسەنگبوەستێت. زەحمەتە دیدی ساف و روون و تێڕوانینی راست و رەوا بێت. زەحمەتە بتوانێت حەق و باتڵ لێک جودابکاتەوە. زۆر زەحمەتیشە بتوانێت یەک هەنگاو بە ئاراستەی راستی خواویستییدا بڕوات و (قۆناغێکی رێبازی خەباتی ئەم دینە ببڕێت).. ئەگەر ئەم کێشە عەقائیدییە لە دیدو زەینی جەماوەردا بە لێڵی مایەوە، لە ویژدانیاندا مەیی، نابێت و ناشێت و ناکرێت لە دیدو زەینی ئەو کەسانەدا _کە دەیانەوێت موسوڵمان بن و شایانی ئەم وەسفە مەزن و بەرێزو پیرۆزە بن_ هەر وا لێڵ و مەیوو و چەقبەستوو بمێنێتەوە.. ناشێت بە هیچ کلۆجێک و لە هیچ بارودۆخ و حاڵەتێکیاندا ئەم کێشەیە بە لاوەکیی ببینین، یان بڵێن دواتر خۆی ڕووندەبێتەوە !!

کاتێک خەڵکی (دەسەڵاتداران و گەلەکان) کە لە ژیانی دنیایاندا بە یاساو رێساو دەستووری جاهیلییەت حوکمیانکردووەو داوەریی خۆیانیان بردۆتە لای غەیری شەریعەتی خوای گەورە، چاوەڕوانن لە قیامەتدا بە پێی چ شەرع و یاسایەک داوەرییبکرێن؟ ئایا بە پێی برگەی یاساو رێساو دەستووری جاهیلییەتەکەی مرۆڤ داوەرییدەکرێن و حوکمدەدرێن؟ ئایا بە پێی شەریعەتە ئاسمانییەکەی خوای گەورە دەبێت؟ کە لەدنیادا ئیهمالیانکردو خستیانەکەنارەوەو وەلیانکرد؟!

دەبێ خەڵکی لەوە دڵنیابن و بە هیچ کلۆجێک گومانیان لەوەدا نەبێت کە خوای گەورە لە قیامەتدا بە پێی دیدو هەڵوێستیان لە شەریعەت و دینەکەی داوەریياندەکات.. هەر بە پێی ئەحکامی ئەم شەریعەتەش کە بۆی ناردن و لەدنیادا خستبوویە بەردەستیان داوەریياندەکات، کە دەبوو ژیانیان بە پێی فەرمانەکانی ئەو رێکبخەن و رەفتارو مامەڵەی نێوان خۆیان و حاکمێتیی ووڵاتیان بە گوێرەی ئەحکامەکانی ئەم دینە بسازێنن. هەر وەکو کە دیدو تێڕوانینیان بە پێی عەقیدەی تەوحیدی ئەم دینە سازاندو خواپەرستییان بە پێی (عیبادەت)ی ئیسلامیی رێکخستبوو. دەبوو ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتیشیان بە پێی رێسا شەرعییەکان دارِشتایە، نەک لەملاوە باوەڕێکی ساردوسڕو خواپەرستییەکی غافڵانە ئەنجامبدەن و لێگەڕێن ژیانیان بە پێی یاساو رێساو دەستووری جاهلییەت لەسەر شیرک و کوفر رێکبخرێت!! هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەر هەموویان موحاسەبە دەکرێن و ئەم کێشە عەقائیدییەش _کە کرۆکی خوایەتیی خوای گەورەیە_ یەکەمین شتێک دەبێت کە لێپرسینەوەیان دەربارەی لەگەڵدا دەکرێت..

دەبێ ئەم خەڵکەی کە خۆیان بە (موسوڵمان) لەقەڵەمداوە، لەوە دڵنیابن کە خوای گەورە زۆر ووردەکارانە حساباتیان لەگەڵدا دەکات، کە تا چ رادەیەک تەوحیدەکەیان وەکو خۆی بە حەقیقەتە عەقائیدییەکانییەوە بەڵگەنەوویستانە وەرگرتبوو، چۆنیان رەفتار لەگەڵدا کردو یەکخواناسییان چەندە رەچاوکرد.. یان بە پێچەوانەوە چۆن و بۆچی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانەیان وەرنەگرت و باوەڕیان بە فرەخوایی هەبوو؟! بۆچی قەناعەتیان وا بوو کە خوای گەورە خوای ئاسمانەو چەندین کەس و مێژو مەخلووقیان لەسەر زەمیندا دانا، کە گوایە ئەمانەش خوان و هاوبەشی خوای گەورەن لە پەرستن و حاکمێتییدا؟

بەدڵنیاییەوە هەر هەموویان هەموو دیدو هەڵوێستێکی توندو تۆڵ، یان شلوشێوێنراوی عەقیدەکەیان بە تەرازووی دادی خوایی بۆ دەکێشرێت و رەفتارەکانیان هەڵدەسەنگێنرێت، تا بزانرێت کە ئایا چۆن و چەند لەگەڵ تەوحیددا سازاوبوو؟! کە بۆچی و بە چ هەق و بەڵگەیەک دینی خوایان لە (عەقیدەو عیبادەت)دا وەرگرتبوو؟ کەچی ئەحکامی (شەریعەت)ەکەیان خستبوە لاوەو سیستمی سیاسیی و رێسای ئابووریی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی و قانونی سەوداو مامەڵەو بازاڕیان لە غەیری شەریعەتی خواوە وەرگرتبو؟! لێیان دەپرسێتەوە کە بۆچی پەیوەندییەکانیان لە روانگەی دینەکەوە بە پێی هەڵوێست لە حەقیقەتی عەقائیدییەکان وەرنەگرت؟ بۆچی لەم هەموو لایەنانەدا هاوبەشیان بۆ خوای گەورە دادەنا؟ لە کاتێکدا خوای گەورە پێی راگەیاندبوون کە هاوبەشی لە هیچ سیفەتێکدا نییەو نابێت لە خواپەرستیی و حاکمێتییشدا هاوبەشی بۆ دابنێن. مەگەر راشکاوانە لە دنیادا لە قورئانەکەی خۆیدا پێی رانەگەیاندبوون کە (شیرک)ی بە هیچ شێوەو چۆنیەتیی رادەو بڕێک قبووڵنییە؟ (إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ) النساء/٤٨؛ خوای گەورە لەوە خۆشنابێت کە هاوبەشی بۆ دابنرێت، ئەمما لە غەیری ئەوە، لە هەر کەسێک خۆشدەبێت کە خۆی بخوازێت..

ئاوا خەڵکەکە (دەسەڵاتداران و گەلەکان) دەچنەوە حزووری خوای گەورەو ووردەکارانە حساباتی خۆی وەل هەموو کەسێکدا دەکات.. کەسیش دەسەڵات و حوکم و داوەریی لە دەستدا نامێنێت، تەنها خوای گەورە خۆی دەبێت، لە موحاسەبەکردن و لێپرسینەوەی هەموانیشدا خێرایە: (أَلَا لَهُ الْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ الْحَاسِبِينَ) الانعام/٦٢.